


# ڕەهەند

تیۆر کولتوور ڕاڤەکردن

هەواڵنامەی کتێب
&
KURD ARSHIV

١٩٩٦/١

# ڕەهەند

## تیۆر کولتوور ڕاڤەکردن

هەواڵنامەی کتێب
&
KURD ARSHIV

دەستەی نووسەران

ئاراس فەتاح
بەختیار علی
بەرزان فەرەج
فاروق ڕەفیق
ڕێبوار سیوەیلی
ڕێبین ئەحمەد هەردی
مەریوان وریا قانع
هەڵکەوت عەبدوڵڵا

١٩٩٦ / ١

# ناواخن

## شەڕی ناوخۆی کوردستانی باکوور


| | |
|---|---|
| **هەڵوەستەیەک** | ٣ |
| ڕیبین ئەحمەد هەردی | |
| **شەڕ - حیزب: سڕینەوەی کۆمەڵگای شارستانی** | ٦ |
| مەریوان وریا قانع | |
| **شەڕی ناوخۆ: خێڵ - حیزب - سیاسەت** | ١٧ |
| هەڵکەوت عەبدوڵلا | |
| **هەڵوەستەیەک لەئاست شەڕی نێوخۆی کوردستاندا** | ٥٦ |
| بەختیار عەلی | |
| **کۆمەڵگای پرسە** | ٦٦ |
| خەلات عومەر | |
| **گفتوگۆیەکی سارد لەمەڕ جەنگێکی گەرم** | ٩٩ |
| ڕێبوار سیوەیلی | |
| **کولتووری تەور** | ١٠٨ |
| ئاراس فەتاح | |
| **نەتەوە و گروپە ستراتیژییەکانی** | ١٢٩ |
| فاروق ڕەفیق | |
| **پۆست مۆدێرنیزم** | ١٧٦ |
| چەند نووسەرێک | |
| **ڕانان و هەواڵی ڕۆشنبیری** | ٢٠٢ |



**ناونیشان**

**RAHAND**
Post Box 227
1502 Kbh. V
Danmark

**نرخی گۆڤارەکە**

نرخی گۆڤارەکە (٦٠) کرۆنی دانمارکیە
ئەندامێتی ساڵانە (٢٤٠) کرۆنی دانمارکیە
لەکاتی ژمارەی تایبەتیدا ٥٠٪ نرخەکەی زیاددەکات

ڕووبەرگی گۆڤارەکە تابلۆی هونەرمەندی شێوەکاری کورد (مالقە)یە بەناوی «هاوار»ەوە

# هەڵوەستەیەک

ئاشکرایە لەم سالانەی دواییدا ژیانی ڕۆشنبیریمان پەرتوبڵاوییەکی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە، یەکێک لە دەرکەوتەکانی ئەم واقیعە ڕۆشنبیرییەش؛ لەدایکبوون و مردنی کتوپڕی ژمارەیەکی دیاری گۆڤار و ڕۆژنامەی بەرهەمهێناوە، دوور لە هەموو هەڵسەنگاندنێکی فیکری بۆ ناوەڕۆک و ئاستی ڕۆشنبیری و ڕێبازی ئەو بڵاوکراوانە، دەتوانین بڵێین جگە لەو چاپەمەنییانەی حیزب و ڕێکخراوەکان دەریدەکەن، هیچ یەکێک لەو کۆششە ڕۆشنبیرییە سەربەخۆیانەی دی نەیانتوانیوە بەپێی بەرنامەیەکی داڕێژراو و پشتبەستوو بە زەمینەیەکی پتەو، بەشێوەیەکی گونجاو دەربچن و بەردەوامبوونی خۆیان بپارێزن. هەڵبەتە لەپاڵ چەندان هۆی ڕۆشنبیری و دارایی و سیاسی، کە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی کوردی پێوەی دەناڵێنن، ڕستێک هۆکاری دیکەش هەن کە یەکانگیریی ناوەکی ناو ڕۆشنبیریی کوردی دەخەنە بەر مەترسییەوە؛ لەوانە کۆچی ژمارەیەکی لەبەرچاوی توانا و بەهرە ڕۆشنبیرییەکان بۆ دەرەوەی کوردستان و بوونیان بە بەشێک لە بزووتنەوەی ڕۆشنبیریی دوورەوڵاتی. ئەم هەلومەرجە تازەیەی ناو واقیعی ڕۆشنبیریشمان بەپێویست دەرکەوت و دیاردەی ڕۆشنبیریی تایبەت بەخۆی دروستدەکات.

گومانی تێدا نییە بوونی زیاد لە گۆڤارێک و پتر لە سەکۆیەک (منبر)، نیشانەیەکی پۆزەتیڤانەیە (ئیجابییە) لە ڕەوتی هەر ڕۆشنبیرییەکدا؛ بەڵام لەو هەلومەرجە سەختەی ڕۆشنبیران و ڕۆشنبیریی کورد ئێستا ڕووبەڕوویبوونەتەوە، ڕەچاوی ئەوە دەکرێت کە یەکێک لە ئامانجە هەرە سەرەکییەکانی پڕۆژەیەکی ڕۆشنبیریی نوێ، کۆکردنەوەی هەوڵ و کۆششە جیدییەکانی ناو پانتایی ڕۆشنبیریمانە لە یەک یەکە و لە یەک پرۆژەی بڵاوکردنەوەدا کە سیما و کاراکتەر و دەنگی تایبەت و سەربەخۆی خۆی هەبێت.

دیارە هەردوو گۆڤاری (ئازادی) و (یەکگرتن)یش، وەکو دوو دەرکەوتەی ڕۆشنبیریی کوردی لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان بێبەش نەبوون لەو گرفت و تەنگوچەڵەمانەی ناو ڕۆشنبیریی کوردی، بەڵکو دەتوانین بڵێین تەنگوچەڵەمەی چاپکردن و بڵاوکردنەوەی ئەو دوو گۆڤارە لە تەنگوچەڵەمەی هەندێ گۆڤاری دیکە گەورەتر و بەرچاوتربووە. چونکە سەرچاوەی سەرەکی ڕاپەڕاندن و داراییکردن و بڵاوکردنەوەیان، هەر خودی نووسەران و خوێنەرانی هەردوو گۆڤارەکە بوون.

ئاشکرایە گۆڤارێکی وەکو (یەکگرتن) لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە شوێنی لە ڕەوتی ڕۆشنبیریی کوردیی دوورەوڵاتیدا، شوێنێکی بەرچاوە. چاوخشاندنێک بەو ژمارانەی لەم سالانەی دواییدا دەرچوون سەلمێنەری ئەوەیە (یەکگرتن) کۆکەرەوەی جیدیترین ئەو قەڵەمانە بووە کە لە کایەی ڕۆشنبیریی دوورەوڵاتیدا کاری ڕۆشنبیرییان ئەنجامداوە. گۆڤاری (ئازادی)یش لە ڕاپەڕیندا و دوای ڕاپەڕین دەنگێکی تایبەتی و دیاربووە و نووسەرەکانیشی بە تەنیا لەسەر لاپەڕەکانی (ئازادی)یەوە نەهاتوونەتە قسە، بەڵکو چالاکییەکانیان لە سازدانی چەندەها هەفتەی ڕۆشنبیریی و سیمیناریشدا خۆی بینیوەتەوە.

ئەمڕۆ، لەپاش نیشتەجێبوونی زۆربەی ئەندامانی دەستەی نووسەرانی (ئازادی) لە ئەوروپا، لە دوای نزیکبوونەوەیەکی ڕوون لە میتۆدە (منهج) و ویستی ڕۆشنبیرییەوە؛ بە مەبەستی زاڵبوون بەسەر ئەو گرفت و

تەگەرانەی رووبەڕووی هەردوو گۆڤارەکە بوونەتەوە و بە مەبەستی بەردەوامبوون و ئامادەبوونێکی ڕۆشنبیرییانە، چ لە ناوەوە و چ لە دەرەوەی وڵات و پێکەوە گرێدانی هەوڵەکان، دوو دەستەی سەر بە هەردوو گۆڤارەکە لە سەرەتای مانگی (١٢)ی ساڵی ١٩٩٥دا، بە مەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر باری ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لە دوورەوڵاتی، کۆبوونەوەیەکی تایبەتیان لە شاری (فرانکفۆرت)ی ئەڵمانیا سازدا. لە دەرئەنجامدا ویستەکان لەسەر ئەوە گیرسانەوە کە گۆڤارێکی نوێ بەناوی (ڕەهەند)ەوە [بعد ـ Dimension] دەربکرێت، نەک بۆ ئەوەی بەتەنیا وەکو ناوێکی نوێ بچێتە بری هەردوو گۆڤاری ناوبراو؛ بەڵکو ببێتە سەرەتایەکی نوێ بۆ بەرهەمهێنانی پرۆژەیەکی ڕۆشنبیریی نوێ. ئاشکرایە ئاراستەی هەردوو گۆڤارەکە لەمەوبەریش کارکردنێک بووە بەرەو ئەو پرۆژە ڕۆشنبیرییە نوێیە. ئەمەش لە ژمارەکانی ڕابردووی هەردوو گۆڤاردا ڕەنگیداوەتەوە.

شتێکی بەڵگەنەویستە ئامانجی هەموو پرۆژەیەکی ڕۆشبیریی نوێ، کاتێک چرکەساتی بوونی خۆی بە جیهانی دەرەوە ڕادەگەیەنێت، کارکردنە لە کایە ڕۆشنبیرییەکاندا و لەوێشەوە دیاریکردنی ڕەهەندێکی ڕۆشنبیرییە کە دەشێ تا ساتەوەختی دەرچوونی خۆی، پانتاییەکی پڕنەکراوەبێت. ئا لێرەدا ئامانجی (ڕەهەند) ئەوەیە ببێتە گۆڤارێکی سەربەخۆ و کراوە بۆ هەموو دەقێکی جیدی و تەقەلای تیۆری و وەرگێران، ئەمانەش لە بوارە فەلسەفی و سۆسیۆلۆژی و سیاسی و ئەدەبییەکاندا.

بەمانایەکی تر، (ڕەهەند) گەرەکێتی لەسەر بنەمای «کاری پێکەوەیی» پێکهاتەیەکی نوێ دروستبکات، پێکهاتەیەک کە هەمەڕەنگی و جیاوازی لەخۆدەگرێت، لێرەشەوە یەکێکلە مەبەستەکانی دروستکردنی ڕەوتێکی ئەپساوە کە بڕوای نووسەران و خوێنەران بۆ خۆی بەدەستبهێنێت، تا لەسەر ئەو بنەمایە زەمینەیەک لە داهاتوودا بۆ دامەزراندنی نێوەندێکی ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوە بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی برەخسێنێت، ئەمەش بۆ خۆی ببێتە دەروازەیەک بۆ ناسینی جیهانی ڕۆشنبیری و خۆناساندنیش بەو جیهانە، ببێتە دەزگایەک بۆ ڕزگارکردنی بەرهەمگەلێکی چاپنەکراوی گەلێ زۆر لە فەوتاندن و لەیادچوون و ئاگادارکەرەوەیەکی چالاکی جیهانی ڕۆشنبیری لە دۆخی ڕۆشنبیر و ڕۆشنبیریی کورددا، کە بۆ خۆی ئەرکێکی ئەخلاقی و سیاسیی هەموو پرۆژەیەکی ڕۆشنبیرییە. بۆیە هیوادارین هەموو ئەو نووسەر و خوێنەر و دەزگایانەی بڕوای خۆیان بە (یەکگرتن) و (ئازادی) بەخشیووە، بەدڵنیاییەوە بڕوای خۆیان ببەخشنەوە بە (ڕەهەند) و بە پرۆژەیەکی نوێی خۆیانی بزانن. هەروەکو چۆن ئومێدمان وایە ئەم هەنگاوە گوڕێک بێت بۆ کەنالیزەکردنی زیاتری هەوڵەکان و ڕزگارکردنیان لە پەرشوبڵاوی و کۆکردنەوەی توانای ڕۆشنبیریمان و چەقبەندکردنی لەم پرۆژەیەدا.

(ڕەهەند) دەخوازێت وەکو گۆڤارێکی وەرزی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی تیۆری و کولتوور و ڕافەکردن خۆی بناسێنێت، گۆڤارێک کە بایەخی تەواو دەدات بە هەوڵی قەڵەمە کوردییەکان بۆ خوێندنەوەی واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەدەبی و دەروونی لە کوردستاندا. واتە پرنسیپی سەرەکی گۆڤارەکە، کردنەوەی دەرگایە لەسەر ئازادیی خوێندنەوەی زانستیانەی کورد بۆ خۆی، بەبێ هیچ تابۆیەکی سیاسی یان ئایینی یاخود ئایدیۆلۆژی.

(ڕەهەند) خوازیارە ئاوێنەی ئەو هەڵوەستەیە بێت کە لە ڕێگایەوە قەڵەمە کوردییەکان لە بوونی خۆیان دەڕوانن، ئەمەش لە کاتێکدا لەبەر دەرگاکانی سەردەمێکی نوێدا دەوەستن و واقیعی خۆشیان لە بارێکی فەلاکەتباردا دەبینن؛ کە لە سەختترین ساتی دارمانی سیاسی و فەرهەنگیی خۆیدا دەژی.

بۆ پێکۆڵکردنی ئەم واقیعە، بەتەنیا ناساندنی فیکری خۆرئاوا و خۆرهەڵات لە بوارە زانستییە جۆربەجۆرەکاندا نابێتە ویستی ڕۆشنبیریی (ڕەهەند)، بەڵکو هەوڵدان بۆ پەڕینەوە لە ئاستی خستنەڕووی نێگەتیڤانەی ئەو تیۆری و میتۆدانە بۆ خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەتر و خوێندنەوەی تایبەتی نووسەری کورد بۆ خۆی و بۆ جیهان و بەشداربوون و ئامادەبوونی لەو دیالۆگە فیکرییانەدا کە ئەمڕۆ جێگای شەڕی فیکرین و دیاریکردنی شوێنەواری خۆی تیایدا، دەبێتە داوایەکی میتۆدیی و ناوەڕۆکی لە (ڕەهەند)دا. بۆ ئەم مەبەستەش (ڕەهەند) بایەخێکی تەواو بە خوێندنەوەی نووسەرە کوردەکان لە کایە زانستییە جیاجیاکان بۆ واقیعی کوردستان و جیهان دەدات، لەگەڵ ئاوڕدانەوەی بەردەوام بۆ ئەو قەڵەمە نوێیانەی بەرهەمەکانیان بە بێدەنگ دەچنە پەراوێزی لەبیرچوونەوە و مافی

خۆیان لە ناساندن و دیالۆگ و ڕەخنەدا وەرناگرن. لەپاڵ ئەم ویستەدا، تەرخانکردنی بەشێکی تایبەت بە وەرگێڕان و خوێندنەوەی فیکری خۆرئاوا و خۆرهەڵات و لە تەنیشتیەوە فەرامۆش نەکردنی ڕۆشنبیریی کوردی (دێرین و نوێ) و دەستکردن بە خوێندنەوەی نوێیان.

(ڕەهەند) دەیەوێت لە داهاتوودا لە مەیدانی گرنگی ڕۆشنبیریدا و لەو چالاکییە ڕۆشنبیرییانەی کاریگەریی خۆیان لە ڕۆژئاوادا بەسەر فیکر و سیاسەتەوە بەجێدەهێڵن، ئامادەبێت و ڕیپۆرتاژ و فایلی تایبەت بۆ خوێنەری کورد ئامادەبکات. لەپاڵ ئەم ناساندنەی چالاکییە ڕۆشنبیرییەکاندا، (ڕەهەند) پەنجەرەیەکی تایبەت لەسەر بڵاوکراوە و کتێبە نوێ چاپکراوەکان لە خۆرهەڵات و خۆرئاوا دەکاتەوە و بەشێوەی ڕانانێکی خێرا بە خوێنەرانی کوردیان دەناسێنێت.

بۆ ئامادەبوون لەناو پانتایی دیالۆگ سەبارەت بە ڕووداوە نوێکان، (ڕەهەند) هەڵدەستێت بە سازدانی چاوپێکەوتن و مێزی گرد و ڕاپرسی، بەشێوەی گفتوگۆ لەگەڵ نووسەران و ڕۆشنبیران و شارەزایان و بەستنەوەی ئەم دیالۆگەش لەگەڵ واقیعی ئاکتوێلی کوردستاندا، بەپێی کەسی بەرامبەری گفتوگۆ لەگەڵدا کراو.

ئێمە لەم هەلومەرجە سەختەدا کە واقیعی ڕۆشنبیریی کوردی ڕووبەڕووی بووەتەوە، لەو بارەدا کە تەنگوچەڵەمەی دارایی و دژواریی کەناڵەکانی بڵاوکردنەوە و پەرتەوازەبوونی ڕۆشنبیران بوونەتە دەرکەوتێکی نوێ لەناو جیهانی ڕۆشنبیریماندا، ئەمانە هەموو پێکڕا بەرەیەکی کوشندەن بۆ پەککەستنی هەر گۆڤارێک. بۆیە وای دەبینین کە دەرکردنی دوو گۆڤار لە ئەمڕۆدا، نەک بەتەنیا کارێکی قورسە، بەڵکو دەشێ بۆ نووسەران و لێپرسراوان و بەرهەمهێنەران و تەنانەت خوێنەرانی گۆڤارەکان ئەستەمیش بێت. ئەمە جگە لەوەی پەرشوبڵاوبوونەوەی هەوڵە فیکرییەکان بە پتر لە کەناڵێکدا زۆرجار وادەکات ئەو هەوڵانە لە ساتێکدا دەربکەون کە کاراکتەرێکی پێکەوەیی دروست نەکەن و نەبنە دەنگێکی دیار کە لەپاڵ هەمەڕەنگییاندا خەسڵەتی هاوبەشیان و ویستی هاوبەشیان و ئاڕاستەی میتۆدەیی و زانستی هاوبەشیان دەربکەوێت. بۆیە مەبەستی سەرەکی (ڕەهەند) گەیشتنە بە پرۆژەیەکی ڕۆشنبیریی بەردەوام و هەوڵدانە بۆ بەرهەمهێنانی پرۆژەیەک کە بتوانێت وەرزیبوونی ژیانی خۆی بپارێزێت و بەشێوەی درێژ نەکەوێتە نێوان هەنگاوەکانییەوە، هەڵبەت ئەمە بۆ گۆڤارێک کە سەرچاوەی داراییەکەی هەر خوێنەرەکانی بێت، کارێکی ئاسان نییە، ئەمە جگە لەوەی بنەمای سەرەکی ئەم گۆڤارە کۆکردنەوەی هەموو هەوڵە زانستییەکانە لە پرۆژەیەکدا، لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان، کە نوێگەری و کردنەوەی پانتایی تازە و تەقاندنەوەی پرسیار و شیکار و ڕاڤەی نوێ و لێکۆڵینەوە و ناساندنی کایە ڕۆشنبیرییە نوێکان ئامانجی بێت. بۆ ئەم مەبەستە و بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، (ڕەهەند) دەخوازێت ئامێرێکی کراوەبێت بۆ هەموو پێکەوە کارکردنێک لەگەڵ ئەو کەس و دەزگایانەدا کە لە بواری زانستی و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیدا کاردەکەن و دەنووسن و وەردەگێڕن و پارمەتیدەرن.

# شەڕ ـ حیزب
# سڕینەوەی کۆمەڵگای شارستانی

## ڕێبین ئەحمەد هەردی

شەڕی ناوخۆ بۆ؟ پرسیارێک کە دەمانەوێت لە ئاستێکی قووڵتردا تێی بڕوانین و ئاستە نادیارەکانی ئاشکرابکەین. واتە هەر لەسەرەتاوە دەستبەرداری ئەو هۆکارانە دەبم کە لایەنەکانی شەڕ بۆ هەڵگیرساندنی دەیهێننەوە. بێ ئەوەی مەبەستم لەم دەستبەرداربیە ئەوەبێت کە ئەو هۆکارانە خۆیان شتێک لەڕاستییان تێدانەبێت، بەڵکو بەو مانایەی هەوڵبدەین لە ئاستێکی گشتی و قووڵتردا بۆ فرمان و ئەرکەکانی شەڕ بگەڕێین و ئەو لایەنە شاراوە و نادیار و دانپیانەنراوانەش بدۆزینەوە کە لەناو شەڕدا خۆیان حەشارداوە، چونکە لەڕاستیدا هەرگیز شەڕ ڕووداوێکی کتوپڕ و تایبەت نییە لەبڕ خۆی فڕێدابێتە مێژووی ئێمەوە. مێژووی ئێمە ئەوەندەی مێژووی شەڕی براکانە، ئەوەندە مێژووی شەڕی داگیرکەران نییە.. لە جەنگی میرنشینەکاندا، لەناو خۆیان و لەگەڵ یەکدا، بۆ شەڕی براکان لە هەشتاکانی ئەم سەردەمەدا، تاشەڕی ئێستای هەردوو حیزبی سەرەکی کوردستان، ئێمە بەردەوام لە جەنگێکی خوێناویدا بووین کە جەستەی براکانی کردۆتە نیشانە.

لەم ئاستەدا و لەناو ئەم شەڕە ڕەگ داکوتاوەدا، ئیتر ئەستەمە بۆ تێگەیشتن لە هۆکارەکانی تەنها گوێ لە دەنگی شەڕکەران بگرین و دادوەری بکەین، بەڵکو پێویستە بەچاوێکی تروە تەماشای شەڕ بکەین و هەوڵبدەین بناغەکانی بوونی لەناو ژیانی سیاسیدا بخوێنینەوە. بۆ ئەمەش پێویستە بزانین شەڕی ناوخۆی ئێمە دەکەوێتە کوێی ئەو شەڕە ناوخۆیانەوە کە لە مێژوودا ڕوویانداوە.

با لەسەرەتاوە دەستپێبکەین ..ئەو کاتەی قابیل هابیلی کوشت.. لەڕاستیدا، ئەو کاتەی قابیل بڕیاری کوشتنی هابیلی دا، هەرگیز بیری لەوە نەکردەوە کە ئەم ڕەفتارە دەبێ بە سەرەتا بۆ مێژوویەکی خوێناوی، کە پێیدەوترێت (براکوژی). چەندە جەنگەکانی سەربەخۆیی و ئازادیی لە داگیرکەران لە مێژوودا فراوانن، ئەوەندەش مێژووی شەڕی براکان. مێژوو هەرگیز بێ شەڕی براکان نەبووەو ئێمەش نە یەکەم نەتەوە و نە دووانەتەوەین تووشی شەڕی براکان دەبین.

ـ ئەمەریکا لەئەنجامی جەنگێکی خوێناوی ناوخۆوە بوو بەو دەوڵەتە بەهێزەی ئێستا گەورەترین زلهێزی دنیایە.

ـ ئیسپانیا.. ئەگەرچی شەڕی ناوخۆ جەنراڵ فرانکۆی لەناونەبرد، بەڵام یەکێ لەئەنجامەکانی ئەو شەڕە ئەو گوشارە بوو کە خرایە سەر (خوان کارلۆس) بۆ ئەوەی هەندێ هەنگاو، ئەگەرچی ڕووکەشیش بێت، بۆ دیموکراسیەت هەڵبێنێ.

ـ پرۆتستانتەکان لە زۆربەی وڵاتەکانی ئەورووپادا و لەشەڕێکی توندوتیژی بێ وێنەدا توانیان کاتۆلیکەکان فێری ئازادیی مەزهەب بکەن.

لێرەوەیە دەوترێت «شەڕ فاکتەری سەرەکیی پێشکەوتنە». ئایا پێشکەوتن هەیە بێ شەڕ و کوشتار بەدەستبێت؟ ئەی ناوترێت «شەڕ مووزەخەی مێژووە» و «بزوێنەری پێشکەوتن تەقەنیە». چونکە بۆ ئەوەی «بەرهەمهێنان لە شوێنێکدا هەبێت، دەبێت لەناوبردن لە شوێنێکی تردا ڕووبدات» [نقد العقل السياسي - ريجيس دوبريه. ت: د. عفيف دمشقيه، ص ٤١٦، دار الادب - الطبعة الاولى ١٩٨٦]. کەوابوو بۆ نائومێدبین.. کاتێ شەڕ ئەو پردەبێت کە بەرەو پێشکەوتن و دۆخێکی نوێمان دەبات، ئیتر چ باک و پێویست ناکات ئەوەندە لەشەڕ بترسین و لەئەنجامەکانی سڵ بکەینەوە؟!

بەڵام بەداخەوە ئەم تێڕوانینە خۆشبینە، لە بچووکترین سەرنجی ورددا لە شەڕی ناوخۆی کوردستان، هەرەس دێنێ. چونکە لێرەدا شتێکی گرنگ هەیە فەرامۆشکراوە، ئەوەش ئەوەیە کە هەموو ئەو شەڕانەی نموونەمان بۆ هێنانەوە لە ئەنجامدا دۆخێکی پێشکەوتووتر و مەزنتریان دەهێنایەگۆڕێوە.. باهەر لەسەرەتاوە دەستپێبکەین:

ـ ئەو کاتەی قابیل هابیلی کوشت و بەسەریا سەرکەوت، سەرکەوتنی قۆناغێکی بالاتر لە ژیاری بەسەر قۆناغێکی دواکەوتووتردا ڕادەگەیاند. (قابیل نوێنەری کۆمەڵگای کشتوکاڵی و هابیل نوێنەری کۆمەڵگای شوانکاری بوو).

ـ کاتێ لەشکرەکانی باکوور دوا سەنگەری باشوورییەکانیان ڕووخاند، نوێنەری ئەو هێزە دیموکراسی خوازەبوون کە دەیانویست نەریتی کۆیلایەتی لە دەستووری ئەمریکیدا بسڕنەوە.

ـ پرۆتستانتەکان نوێنەری ئەو هێزە پێشکەوتووخوازانە بوون لە دیندا کە دەیانویست پەیوەندیی مرۆڤ بەخواوە لە دیکتاتۆری دەزگا سواوەکانی کڵێسا ڕزگاربکەن، بەمەش هەموو ئەو نەریتە بسڕنەوە کە لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە دەبوونە هۆی هەرچی زیاتر ملکەچکردنی تاکەکەس وهەرچی زیاتر لەدەستدانی ئازادی.

واتا لە هەموو ئەو شەڕانەدا شتێکی نوێ لەگۆڕێبووە کە شایەنی کوشتار و خوێنڕشتن بووە. بەڵام کارەسات لە شەڕی ناوخۆی ئێمەدا ئەوەیە «وەک شەڕکەران خۆیان دەیڵێن» بۆ جێبەجێکردنی ڕێکەوتن نامەیەکە کە پێشتر هەردوولا لەسەری ڕێکەوتوون و داوای جێبەجێبوونی دەکەن. لەم ئاستەشدا، شەڕی ناوخۆی کوردستان یەکێکە لەو کەمە شەڕانەی هۆکارەکانی نەک لەپێش خۆیەوە، بەڵکو لەپشت خۆیەوەیە. شەڕێک کە بۆ هاتنە گۆڕێی قۆناغێکی نوێ و ئاستێکی بالاتر لەژیان نییە.. بۆ هاتنە گۆڕێی شێوەیەکی تر لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و سیاسی نییە.. بۆ تازەکردنەوە و نوێکردنەوەی تێڕوانینە سیاسییەکان و هەیکەلە کۆمەڵایەتییەکان نییە، بەڵکو بۆ گەڕانەوەیە بۆ دۆخێکی پێشتر کە هاوسەنگی لە نێوان هێزەکاندا ڕاگرتبوو.. کە ئەمەش خۆی هەمان دۆخی کۆمەڵگا سەرەتاییەکانە، چونکە وەک ئەنترۆپۆلۆژی بەناوبانگ (بیار کلاستر) دەڵێت: زۆرجار شەڕ لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا بۆ پارێزگاری بارودۆخ و بەرگریکردنی گۆڕانکاری دێت «جەنگ کە سیاسەتی دەرەوەی کۆمەڵی سەرەتاییە، پەیوەستە بە سیاسەتی ناوخۆوە، کە دەتوانرێت ناوی بنێین ـ سیاسەتی پارێزگاری» [اثرات العنف او الحرب في المجتمعات البدائية ـ بيار كلاستر. ت: علي حرب ـ مجلة فكر العربي. العدد ٣٢ـ٣٤].

دیارە لێرەدا دەپرسرێت، ئاخۆ شەڕی ناوخۆی لوبنان و ئەفغانستان دەکەوێتە کوێی ئەم شیکارییەوە؟ چونکە شەڕی ناوخۆ لەو جێگایانەش بۆ هاتنەگۆڕێی قۆناغێکی بالاتر بەرپانەبووە و هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ شەڕی ناوخۆی کوردستاندا نییە.

ئەگەرچی ئەم بۆچوونە لەسەرەتادا لۆژیکی دەردەکەوێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازی گرنگ لەنێوان شەڕی ناوخۆی کوردستان و شەڕی ناوخۆی لوبنان و ئەفغانستاندا هەیە، کە ناکرێت فەرامۆشیبکەین. شەڕ لە لوبنان و ئەفغانستاندا ئاستێکی ئایدۆلۆژی و فکری ئاشکرا داگیردەکات.. لایەنەکانی شەڕ لەو دوو وڵاتە (بەتایبەتی لوبنان) ئەوەندە لە ڕووی ئایدۆلۆژی و ستراتیژی و دروشمەکانەوە لەیەکەوە دوورن کە دەتوانین تێبیگەین بۆچی ناکرێت پێکەوە بگونجێن. بەڵام کارەسات لە شەڕی ناوخۆی کوردستاندا لەوەوە دێت لە نێوان دوو هێزدا ڕوودەدات کە بەهیچ شێوەیەک لەڕووی ستراتیژی و ئایدۆلۆژی و دروشمەکانەوە ئەو جیاوازییە کوشندەیە بەدیناکرێت کە وامان لێبکات بڵێین ئەم دوو هێزە بەرەو شەڕکردن دەبات، هەردوولا بڕوایان بە فیدراڵی، وەک ڕێگا چارەیەک بۆ کێشەی

کوردستانی عێراقی، هەیە.. هەردوولا بڕوایان بە ڕێگای وتووێژ هەیە بۆ چارەسەری کێشەی کورد لەگەڵ ڕژێمدا.. هەردوولا بڕوایان بەدەستێوەرنەدانی کوردستانەکانی تر هەیە و کوردستانەکانی تر بەکێشەی ناوخۆی دەوڵەتە دراوسێکان دەزانن.. هەردوولا بڕوایان بەیەک پارچەیی خاکی عێراقی هەیە (لە ڕابردوویەکی نزیکدا هەردوولا پێکەوە دەچوونە بەغداو پێکەوە شەڕی P.P.K یان دەکرد و بەیەک دەنگ بەشداریی کۆنگرەی نیشتمانیی عێراقیان دەکرد و بەرگریان لەیەک چارەسەر دەکرد). لێرەدا ئەم شەڕە نەک لەبەر جیاوازی، بەڵکو لەبەشێک لەبەشەکاندا ڕەنگە بۆ دروستکردنی جیاوازیبێت(١)، چونکە لەو کاتەدا کە دوو حیزب لە زۆر ڕووی ئایدۆلۆژی و هەڵگرتنی دروشمەکانەوە لەیەک دەچن، هیچ لە ڕێگادا نامێنێ دۆزینەوەی ڕێگای تر نەبێ بۆ (جیاوازیکردن).

کاتێک ستراتیژەکان لەیەک دەچن، دروشمەکان وەکویەکبن و فکر نەتوانێت ئەو جیاکارییە لەنێوان هێزێک و هێزێکی تردا دروستبکات، ئەوا هەوڵدەدرێت ئەم ئەرکە «واتە جیاوازیکردن» بەجەستە بسپێرێت. لە دوو ڕێگاوە جەستە لەواقیعی ئێمەدا بەئەرکی جیاوازیکردن هەڵدەستێت: یەکەم لەڕێگا هەڵگرتنی جلوبەرگ و ڕەنگی جیاوازەوە. دووەم، کە ڕێگایەکی کوشندەترە، لە ڕێگای ڕشتنی خوێنەوە. چونکە ئەو کاتەی خوێن دەکەوێتە نێوان دوو هێزەوە، ئیتر جیاوازیکردن زۆر ئاسانە و پێویست بە هیچ ڕەهەندێکی ئایدۆلۆژی و ستراتیژی ناکات، بۆ ئەوەی بەرەکانی دژی یەکتری دەستنیشان بکات. «من تۆ دەکوژم لەبەرئەوەی لە تۆ جیاوازم» نەک «لەبەر ئەوەی لە تۆ جیاوازم، تۆ دەکوژم».

لەڕاستیدا، ئەم ئیشکردنەی حیزب لەسەر «خوێن»، بیری پێکهاتەیەکی ئەنترۆپۆلۆژیمان دەخاتەوە کە ئەویش دووبارە لەسەر «چەمکی خوێن» ئیشدەکات، ئەویش «خێڵە»، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازی گەورە لەنێوان ستراتیژی ئیشکردنی خوێن لە هەردوو پێکهاتەکەدا هەیە، بێهودەنییە هەندێکی دەستنیشانبکەین:

ئەگەر خێڵ لە ڕێی خوێنەوە دەستنیشانی تاکەکانی ناوەوەی بکات، ئەوا حیزب لە واقعی ئێمەدا لە ڕێی خوێنەوە دەسنیشانی جیهانی دەرەوەی دەکات. واتە ستراتیژی خێڵ گەڕانەوەیە بۆ بنەڕەتی یەکخوێنی، لەکاتێکدا ستراتیژی حیزب گەڕانەوەیە بۆ دوژمنی دەرەکی. خوێن لە جیهانبینی خێڵدا پۆلبەندیی ناوەوە دەکات پاشان دەرەوە، لەکاتێکدا خوێن لە جیهانبینی حیزبدا پۆلبەندیی دەرەوە دەکات پاشان ناوەوە.

لێرەدا هەمیشە یەکێک لە فرمانەکانی شەڕ، تەلبەندکردنی سنوورەکان و هەڵچنینی دیوارەکانە لەبەرامبەر ئەوی تردا. ئەمەش خۆی کارەساتی گەورەی شەڕی ناوخۆی کوردستانە. شەڕ بۆ ئەوە بەرپانەبووە جیاوازییەکی بنەڕەتی لە ئایدۆلۆژیاو ستراتیژدا یەکالا بکاتەوە، تا لەئەنجامدا چارەڕێی دۆخێکی بالاتربین لە ژیار، بەڵکو بەداخەوە هەموومان دەزانین کۆتایهاتنی شەڕ نەک بەرەوپێشچوونە، بەڵکو گەڕانەوەیە بۆ دۆخی هاوسەنگییەکان و جێبەجێکردنی پەیمان و ڕێکەوتننامە ئیمزاکراوەکان.

دەشێ لێرەدا بپرسین بۆچی ئەم سووربوونە لەسەر جیاوازی؟ لەڕاستیدا لەبەر ئەوەی حیزب دەیەوێت بوون و پێکهاتەی خۆی لە واقیعدا بەسەقامگیری بهێڵێتەوە. ئەوەش تەنها جیاوازییەکە ڕەوایەتیبوونی چەند حیزبێک دەدات لەیەک ساتەوەختدا، ئەو کاتەی کە لەیەک دەچین و ناتوانین پێکەوە شەڕبکەین، لەژێر گوشارێکی گەورەداین بۆ یەکگرتن « حاڵەتێک کە حیزبە بچوکەکان لە کەرنەڤاڵەکانی یەکگرتندا تووشیبوون»، بەڵام ئەو کاتەی لەیەک دەچین و شەڕدەکەین کە وابوو دەتوانین پێکهاتەی خۆمان لەناو واقیعدا بەسەقامگیری بهێڵینەوە. (هەر ئەم حاڵەتی لێکچوونەشە وادەکات هەرکاتێ ئاشتی دەکەوێتە نێوان ئەم دوو حیزبەوە، گوێمان لەو دەنگانە دەبێت کە داوای یەکگرتن لە دوو حیزبەکە دەکەن). بەڵام حیزبەکانی ئێمە هەمیشە جیاوازن، چونکە دەریایەک خوێن دەکەوێتە نێوانیانەوە.. دەریایەک خوێن کە دێت بۆ ئەوەی هەیکەلەکان بپارێزێت.. دەریایەک خوێن کەدێت و ئەم پەیامە شاراوەیەمان بۆ دێنێ: حیزبەکان ماون.. بۆ هەمیشە ماون.. بەمیلیشیاکانیانەوە.. بەدەسەلاتەکانیانەوە و بە تەحەکومکردنیان بە چارەنوسی نەتەوەوە. بۆ هیچ کەس نییە لەدەرەوەی حیزبەکان بیر لە هیچ هەڵبژاردن و ڕێگایەکی تر بکاتەوە. بێهودەنییە ئەو پۆلینکردنە حیزبییەی بۆ هەموو ئەو کەسانە دەکرێت کە قسەیەکی خێر بۆ ئەم حیزب یان ئەو حیزب دەکات. هەموومان دەزانین هەر هەڵوێستێک وەربگرین و بڵێین لەم مەسەلەیەدا ئەم حیزب

ڕاستەکات، خێرا پۆلبەندکراویت و پێناسی حیزبێکت پێوەدەلکێت.. زۆر هەڵەیە وابزانین ئەم پۆلینکردنە بێگوناه و بێتاوانە، بەڵکە لەپشت ئەم پۆلینکردنەوە ئەو پەیامە جەهەنمیە هەیە کە دەیەوێت هەموو جیهان.. هەموو بڕواکان.. هەموو ڕایەکان لە پاکی و بێلایەنی خۆی داماڵێ و بەرگی حیزبێکی لەبەربکات.. بۆ ئەوە دێت هەموو هۆشیاریمان بە حیزبەکان تەلبەندبکەن و بە ناڕاستەوخۆ پێمان بڵێن: چی دەکەیت؟ لەدەرەوەی حیزبەکان.. لەدەرەوەی هەیکەلەکان هیچ پانتاییەک نییە تیایدا بوەستی. ئەمەش خۆی پەردە لەسەر خەیاڵپلاویی گەورەترین دروشمی هەردوو حیزبەکە دادەماڵێ، ئەویش: دیموکراسیەتە!

لەڕاستیدا، هیچ کات دیموکراسیەت ئازادیی بڕوا و لایەنگری نییە، لەو کاتەدا کە هاوسەنگییەک لە هێزدا هەیە، بەڵکو بەپێچەوانەوە دیموکراسیەت ئەو کاتە هەیە کە تەحەمولی تێکچوونی هاوسەنگییەکان بکەین «ناتوانین ئەو سیستەمە بە دیموکراسی بزانین کە جۆرێک لە هاوسەنگیی هێز و بوونی دوژمنێکی دەرەکی هاویەش، جۆرێک پێکەوە ژیانی لە نێوان چەند حیزبێکدا دروستکردووە، بەڵکو ئەمە زۆرتر لە پەیمانێک دەچێت کە بەبچووکترین گۆڕان لە هاوسەنگیی هێزدا لەناودەچێت» [نهاية التاريخ - فرانسيس فوكوياما. ت: د. علی شيخ - دار العلوم، بيروت].

دیموکراسیەت چەند ڕەگی لە فەلسەفەی سیاسیدایە، ئەوەندەش ڕەگی لە فەلسەفەی ئەخلاقدایە. ڕێزگرتن و حیسابکردن بۆ ئەویتری جیاواز ئەوەندەی دەلالەت لە ئەخلاقی سیستەمێک دەکات، ئەوەندە دەلالەت لە سیاسەتی ناکات. ئەگەرچی یاری سیاسی بەدوور لەپێوەرە ئەخلاقیەکان ئەنجامدەدرێت، بەڵام لە چەمکی دیموکراسیدا ئەم دوو بوارە تێکەڵ بەیەک دەبن و لەیەک جیاناکرێنەوە. هەر ئەمەشە وایکردووە دیموکراسیەت پابەندبێت بەو فەرهەنگانەوە کە تاک وەک ترخێکی باڵا تیایدا لەدایکبووە. چونکە لە بنەڕاتدا دیموکراسیەت بۆ پاراستن و فراوانکردنی ئازادییەکانی تاکەکەس دێت لەبەردەم دەستدرێژی و شەڕانگێزی کۆمەڵدا. ( هەر ئەمەشە جیاوازی بنەرەتی لەنێوان شورای ئیسلامی و دیموکراسیەتدا. چونکە دیموکراسیەت ڕەگی لە پاراستنی ئازادیی تاکەکەسدایە و چەمکی شورا ڕەگی لە پاراستنی کۆدایە لەبەرامبەر تاکەکەسدا).

تەنگوچەڵەمەی دیموکراسیەت لەواقعی ئێمەدا لەسەر دوو ئاست خۆی دەردەخات:

١- لە ونکردنی تاکەکەسدا و هەوڵێکی بەردەوام بۆ ئەوەی لە حیزبدا بتوێتەوە.. دەبێ لە فلان ڕۆژنامەدا نەنووسین.. دەبێ فلان هەڵوێستمان هەبێت.. دەبێت بڕیارەکانی حیزب بە بڕیاری خۆمان بزانین. لێرەوە بەردەوام تاکەکەس دەخرێتە بەر گوشار بۆ ئەوەی هیچ ئیرادە و ئازادییەکی نەمێنێت.

٢- ئاستێکی تر لەسەر پەیوەندیی نێوان حیزب و حیزب خۆی دەردەخات. کاتێک شەڕ یەکێک لەهۆکارەکانی جیاوازیکردن بێت، ئیتر هیچ مانایەک بۆ دیموکراسیەت نامێنێتەوە.

ئاتێرە هەندێ لە سیما تایبەتیەکانی شەڕی ناوخۆی کوردستانمان باسکرد، ئێستا پێویستە بزانین حیزب چۆن لە کۆمەڵگای شارستانیدا (مدنی) ڕەفتاردەکات.

## حیزب و کۆمەڵگای شارستانی

یەکێ لە سیما سەرەکییەکانی کۆمەڵگای شارستانی تەندروست هەبوونی کۆمەڵگای یاسا دەرەکییەکانە. واتە ئێمە ناتوانین کۆمەڵگایەکی شاستانی تەندروستمان هەبێت، بێ ئەوەی کۆمەڵێ یاسای دەرەکیمان هەبێت، کە بۆ کەس نەبێت لەو یاسایانە دەرچێت بێ، ئەوەی زیان بەخۆی بگەیەنێت. کانت لە «سەرەتایەک بۆ مێژووی جیهان»دا دەیگووت: «تەنها ئەو کۆمەڵگایانە بەهێزن کە هەمیشە ئازادییەکانیان لە ژێر کۆنترۆڵی یاسا دەرەکییەکاندایە» [وەرگیراوە لە -« نهاية التاريخ - فرانسيس فوكوياما].

ئەگەر لێرەوە سەیری واقعی کوردستانی باشوور بکەین، ئەوا دەتوانین بڵێین کێشەی ئێمە لەو کاتەوە دەستپێدەکات کە ئازادیی حیزبەکان بەهیچ شێوەیەک لە ژێر کۆنترۆڵی یاسا دەرەکیەکاندا نییە. بۆ ئەوەی تووشی

سەرلێشێوان نەبین سەبارەت بە چەمکی یاسای دەرەکی، با هەر لە سەرەتاوە بڵێین مەبەست لە یاسای دەرەکی ئەو یاسایەیە کە دەزگا ڕەواکانی کۆمەڵگای شارستانی دەریدەکەن.. ئەو یاسایانەی لە پاش وتوێژ لە کۆبونەوەیەکدا دێنەدەرێ و داوا لە خەڵک دەکرێت پەیڕەویان بکات، ئەوەی پەیڕەویشیان نەکات سزادەدرێت. وەکو ئەو بڕیارەی تەحریمکردنی براکوژی کە پەرلەمانی کوردستان لەپاش شەڕی یەکەم دەریکرد و هێشتا مرەکەبەکەی وشک نەبوبۆوە، شەڕ لەهەموو شوێنێ دەستیپێکردەوە.

لە کۆمەڵگایەکی شارستانی تەندروستدا یاساکان هەر نووسینی سەر کاغەز نین، بەڵکو هاوکاتن لەگەڵ ناچارکردن و زۆرکردندا. ئەم ناچارکردنەش دەزگا ڕەواکان پێیهەڵدەستن.. ئەم دەزگایانەش لەواقعی ئێمەدا جگە لە پەرلەمان و دەوڵەتی هەرێم هیچ دەزگایەکی ترنییە. بەڵام ئاشکرایە پەرلەمان و دەوڵەتی هەرێم ناتوانن بەم ئەرکە هەستن. چونکە هەردووکیان دەستنیشانکراوی حیزبەکانن و دەنگ و ڕەنگ و ستراتیژی حیزبیان هەڵگرتووە. پەرلەمان ئەوەندەی شانۆی ململانێی حیزبییە، ئەوەندە ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگای شارستانیی کوردی پێوە دیارنییە. هەر ئەم حیزبیبوونەی پەرلەمانیشە وایکردووە هەرکاتێ شەڕ هەڵدەگیرسێ پەرلەمانیەکان خاوەن هۆشیارییەکی ئەشکەنجەدراوبن.. لەلایەک خۆیان بە نوێنەری جەماوەر دەزانن و دەیانەوێت هەڵوێستێکی توند بەرامبەر شەڕ وەربگرن (وەک چۆن بەیاننامەی یەکەمی پەرلەمان بەیاننامەیەکی یەکجار توندبوو و چاوەڕواندەکرا هەنگاوی تری بەدواوەبێت، بەڵام دیارە نەهات!!). لەلایەکیشەوە لەبەر ئەوەی سەر بەحیزبەکانن، ناتوانن هیچ شتێک ئەنجامبدەن. هەر ئەم هوشیارییە ئەشکەنجەدراوەش بوو بووە هۆی ئەوەی هەندێ پەرلەمانی مانبگرن (کە ڕەنگە مانگرتنیش گەورەترین دەسەڵاتی جێبەجێکردنی پەرلەمان و دەوڵەتی هەرێم بێت). لێرەدا پرسیارێک دێتەپێشێ، ئەویش ئەوەیە ئەگەر پەرلەمان نوێنەری حیزبەکانە و بەخواست و ویستی ئەوان بڕیار دەردەکات، ئەی بۆچی یاسایەکی وەک تەحریمی براکوژی کارپێناکرێت؟ بۆچی حیزبەکانی ئێمە یاسایەک دێننەئاراوە کە ناتوانن پەیڕەوی لێبکەن؟ ئایا حیزبەکانی ئێمە پەیڕەوی لەهیچ یاسایەک ناکەن؟ لەڕاستیدا نەخێر.. حیزبی کوردی زۆر پابەندی یاساکانە، بەڵام جۆرێک لە یاسای تایبەتی کە بەدەرە لە یاساکانی کۆمەڵگای شارستانی، کە لێرەدا هەوڵدەدەین ئاشکرایبکەین.

بۆ ئەوی لەم قسەیە تێبگەین، پێویستە لە سەرەتاوە تێڕوانینمان بۆ چەمکی یاسا بگۆڕین. یاسا هەمیشە هەڵگری مانایەکی شەڕانگێزییە. کە ناوی یاسا دێت بیری ئەو ناچارکردن و زۆرکردنەمان دێتەوە کە ئازادنین لە ڕەتکردنەوەیدا بێ ئەوەی زیانێک بەخۆمان بگەیەنین. «یاسا هەمیشە شتێکی نووسراوە» و نووسراویش بیری یاسامان دەخاتەوە، «بەجۆرێک ئەم دووانە بەیەکەوە گرێدراون ک ەناتوانین بیر لەیەکێکیان بکەینەوە بێ ئەوەی ئەویترمان بەخەیاڵدا نەیەت». «هەموو یاسایەک نووسراوە و هەموو نووسراوێکیش ئاماژە بۆ یاسا دەکات» [مجتمع اللادولة - بيار كلاستر، ت: د. محمد حسين دكروب - المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع]. بەڵام ئاشکرایە فەرهەنگی جیاواز شکڵ و شێوەی جیاوازی هەیە بۆ نووسینی یاساکانی، فەرهەنگمان هەیە یاساکانی لەسەر کاغەز دەنووسێتەوە و پەیڕەویاندەکات.. فەرهەنگمان هەیە لەسەر پێستی مەڕ دەیاننووسێتەوە و فەرهەنگیش هەیە لەسەر بەرد یاساکانی خۆی دەنووسێتەوە. هەندێک فەرهەنگیش یاساکانی خۆی لەسەر (جەستە) دەنوسێتەوە، زۆرجار جەستە دەبێت بە پانتاییەک بۆ نووسینەوەی یاساکان. ئایا ئەشکەنجەی جەستەی زینداتیەکان یان گوللەکانی سەر سنگی مرۆڤێکی حکومدراو بە لە سێدارەدان، بۆ نووسینەوەی یاسا نایەت لەسەر جەستەیەک؟! دیارە لەم دوو بارەدا دەبێ ئەوەمان لەبیربێت کە پێشتر بڕیارێکی سەر کاغەزمان هەیە ڕێگا بە کارپێکردنی ئەشکەنجە و لە سێدارەدان دەدات. بەڵام دۆخی واشمان هەیە کە نوسراوی سەر کاغەزمان نییە و تاکە مەرجەعی گەڕانەوە هەر جەستەیەو هیچی تر. وەک نموونە، ئەو تەقسە تەقلیدیانەی (بیار کلاستر) لە کۆمەڵگا سەرەتایەکاندا دەیانهێنێتەوە.

کلاستر سەرنجیداوە لە زۆر لە خێڵە سەرەتاییەکاندا و کاتێ منداڵ گەورەدەبێت و پێدەنێتە تەمەنی باڵقبوونەوە، دەبێ بەتەقسێکی تایبەتیدا تێپەڕێت کە پێی دەڵێن «تەقسی تێپەڕین». هەندێ خێڵ تەقسی تێپەڕین بەکۆمەڵێ ئەشکەنجەی کوشندە لەسەر جەستەی لاوەکان بەئەنجامدەگەیەنن، وەک کونکردنی بەشێک لەلەش یان لێکردنەوەی

پارچە گۆشتێک یاخود داخکردنی لەش بەئاسنێکی سووورکراوە. بۆ لێکدانەوەی ئەم تەقسە ترسناک و پڕ ئەشکەنجەیە، کلاستر بڕوای وابوو مەبەست لەم تەقسە بیرهێنانەوەی بەردەوامی کەسی ئەشکەنجەدراوە کە سەر بەخێڵێکی دیاریکراوە. کاتێک ئازاری ئەشکەنجە تەواودەبێت، ئەوا نیشانەکانی ئەشکەنجە لەسەر جەستەی لاوەکە دەمێننەوە و بۆ هەمیشە بیریدەخەنەوە کە سەر بەخێڵێکی دیاریکراوە.

بەبڕوای کلاستر، تەقسی تەلقین خۆی زانستێکی پەروەردەکردنە کە لە کۆمەڵەوە دەگاتە تاکەکەس. بریتیە لە پەروەردەکردن، چونکە لەسەر تەلقینکراوەکانە لە کاتی ئەشکەنجەداندا بێدەنگبن.. بێدەنگیش مانای ڕازیبوونە، واتە لاوەکان ڕازین بەوەی بەشێکن لەخێڵ «ئەمە ئەو نهێنییە کە تەلقین دەیەوێت فێری لاوەکانی بکات».

فرمانێکی تری ئەم تەقسە ئەوەیە بە لاوەکان بڵێت: ئێوە بەشێکن لە ئێمە، نە گەورەترن نە بچوکتر.. نە لاوازترن نە بەهێزتر. بۆ ئەوەی لەم ڕێگایەوە خێڵ هەر لەسەرەتاوە هەموو ئەو خولیایە لە لاوەکاندا بکوژێت کە ڕەنگە ڕۆژێ بەدەسەلاتگرتنەدەست و زۆرداریيەوە، بیبینێ. [بۆ تێگەیشتن لە بڕواکانی کلاستر بگەڕێوە بۆ- مجتمع اللادولة، ت: د. محمد حسین دکروب،المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر].

ئەگەر واز لەو پانتاییە ئەنترۆپۆلۆژییە بهێنین کە کلاستر باسەکەی تێدا دارشتووە.. ڕەنگە تائێستاش ئەم چەمک و تێگەشتنانە بتوانن هەندێ سیمای واقعی ئێستامان بۆ ئاشکرابکەن. کلاستر دەڵێت: «ئەو یاسایانەی لەسەر جەستە دەنووسرێنەوە بەهیچ شێوەیەک بیرناچنەوە]. لێرەوە جەستە پانتاییەکی ترسناکە بۆ هەڵگرتنی یادوەری و بۆ بیرهێنانەوەی یاساکان. کلاستر دەڵێ «لەش خۆی بریتیە لە بیرەوەری»[هەمان سەرچاوەی پێشوو]. ئەگەر حیزب لە واقعی ئێمەدا بەو ئاوەندە بشوبهێنین کە پێشمەرگە و ئەندامەکانی جەستەی پێکدەهێنن، ئەوا هیچ سەرسوڕمانێک لەو قسەیەدا نامێنێت کە ووتمان: «حیزبەکان پەیرەوی یاساکان دەکەن». هەر یەک لەو حیزبانە لە جەستەی خۆیدا گەلێ برین و نیشانە و ئاماژەی خوێناوی هەڵگرتووە کە بەردەوام بیریدەخەنەوە ئەوی دی دوژمن لەو جیاوازە و نیەتی خراپی بەرامبەری هەیە. ئەمەش خۆی تراژیدیایەکی ترە، چونکە ئەگەر مرۆڤی سەرەتایی (وەک کلاستر دەڵێت) ئاماژەکان لە جەستەیدا هەڵگرێت بۆئەوەی بیرینەچێت سەر بەخێڵ و کۆمەڵێکی دیاریکراوە، ئەوا ئاماژەی سەر جەستەی حیزبەکانی ئێمە بۆ ئەوە دێت کە بیریبخەنەوە ئەوی دی جیاواز و دوژمنە. ئەگەر ئاماژەی سەر جەستەی مرۆڤی سەرەتایی بۆ ئەوەبێت بیری یەکپارچەیی دەسەلاتی لە خێڵدا بیربخاتەوە، ئەوا ئاماژەی سەر جەستەی حیزبەکانی ئێمە بۆ ئەوە دێت هەر لەسەرەتاوە بڵێن دەسەلات دەسەلاتێکی دابەشبووە.

بەکورتی لە ئەستی سیاسیی حیزبەکاندا یادوەری جەستەی برینداریک هەیە کە خۆی هەڵگری کۆمەڵێ یاسای تایبەتە کە جۆرێک ئەدگار و ڕەفتاری شەڕانگێزانە بەرامبەر حیزبی ڕەقیب دەسەپێنێ. لێرەوە دەبینین چەند حیزبەکان لە ڕێکەوتن و پەیمانەکاندا لەیەک نزیکدەبنەوە، دەئەوەندەش لە یادوەریی جەستەی برینداردا لەیەک دووردەکەونەوە. چونکە یادوەرییەکانی جەستەی برینداری حیزب زۆر بەهێزتر و کوشندەترن لە هەموو ئەو بڕوا عەقڵیانەی هەردوولا بۆ ڕێکەوتن دەیانهێننەوە. بێهودەنییە تاکە پانتاییەک تائێستا و هەرگیز لە نێوان دوو حیزبەکەدا یاسەنەکرابێت، گێڕانەوەی ئیعتباری دوولایەنەکەیە بۆ ئەو شەهیدانەی بەدەستی یەک کوژراون. تاکە هەنگاوێکی ڕاستەقینە (ڕەنگە نائیرادیانەش) لەم مەسەلەیەدا نرابێت، لە کاتی هێناناوەی تەرمەکەی بەهەشتی مەلا موستەفادا بوو، چونکە هەڵوێستی یەکێتی و سکرتێری یەکێتی لە هێنانەوەی تەرمەکەدا گەورەترین و تەنیاترین هەنگاوی ئیجابی بوو بۆ سڕینەوەی ئەو یادوەرییە، وە بینیمان چۆن ئەم هەنگاوە سەد ئەوەندەی هەموو ڕێکەوتننامەکان ووزەی دا بەپەیوەندیی نێوان یەکێتی و پارتی و بۆ ماوەیەک ئاسۆیەکی ڕووناکی لەپەیوەندیی نێوان ئەو دوو حیزبەدا کردەوە «ئاسۆیەک کە شەڕی ئیسلامیەکان لێلیکرد و ڕووداوەکانی ڕانیە کوژاندیەوە».

بەلام بەداخەوە نەکرا بە ستراتیژێک و هەنگاوی تری بەدوادا نەهات. هۆی ئەمەش ناگەڕێنمەوە بۆ ئەوەی لەهۆشیاریی سیاسیی ئێمەدا هۆشیارییەک بە جەستە و ئازارەکانی نییە، بەڵکو دەیگەڕێنمەوە بۆ ئەوەی حیزبەکانی ئێمە دەیانەوێت بە جیاوازی بمێننەوە و بوونی خۆیان لە واقعدا بپارێزن.. بەوەشدا کە یادوەریی جەستەی برینداری حیزب کۆگایەکی گەورەیە بۆ پاراستنی ئەو جیاوازییە، لەبەر ئەوە هەرگیز ئاوڕی لێنادرێتەوە.

بێهودەنییە کاتێ شەڕ هەڵدەگیرسێ چەند هەوڵدەدرێ بۆ باسکردنی هۆ عەقڵانییەکانی شەڕ، ئەوەندەش یادوەریی ئەو شەهیدانە زیندوودەبنەوە کە لە شەڕی یەکدا کوژراون.. چەند هەوڵدەدرێت باس لە ئێستا و ڕووداوەکانی ئەم سێ ساڵەی دوای ڕاپەڕین بکرێت، سەد ئەوەندەش لاپەڕەکانی ئەرشیفەکانی شەستەکان و حەفتاکان هەڵدەدرێنەوە.

گەڕانەوە بۆ ئەرشیفەکان، بۆ کارەساتە مێژووییەکان بەئاشکرا دەریدەخات حیزبەکانی ئێمە چ یادوەرییەکی ئەشکەنجەدراو و سەرکوتکراویان هەبووە کە توانیوێتی ئەم سێ ساڵە خۆی ڕابگرێت. کاتێ حیزبەکان ئەرشیفەکان هەڵدەدەنەوە، بەئاشکرا پێمان دەڵێن هۆکانی شەڕ نەک بۆ ئێستا، بەڵکو بۆ ڕابردوویەکی دوور دەگەڕێتەوە. سەیر لەوەدایە، ئەوان هەمیشە داوای هەڵوێست بەرامبەر دۆخی ئێستامان لێدەکەن. پێمان دەڵێن تاوانبار دیارە بۆ بێدەنگن؟ گوشار دەکەن بۆ ئەوەی تاوانبار دەستنیشان بکەین، بەڵام هەرگیز لەخۆیان ناپرسن ئێمە چۆن هەڵوێست بەرامبەر ئێستا وەربگرین لەکاتێکدا حیزب شەڕی ڕابردووی هەڵداوەتەوە.. تاوانباری چی بکەین، کاتێ حیزب ناتوانێت خۆی لە ڕابردوو ڕزگاربکات و کوڕی دۆخی ئێستابێت و مامەڵەی واقیعیانەی لەگەڵدابکات. لەڕاستیدا ئێستایەک لە واقیعی ئێمەدا نەماوە تامامەڵەی لەگەڵ بکەین.. ئێستایەک کە پڕکراوە بەدنیایەک مەدلولی مێژووی. حیزبەکان بەگەڕانەوەی بەردەوامیان بۆ ئەشیفەکان کارێکیان کردووە هەموو تاوانبارکردنێک لە ئێستادا خۆی تاوانبارکردنی مێژوویەکیش بێت (کارێک کە بڕواناکەم جگە لە حیزبەکان کەس ئامادەبێت پێیهەڵسێ). خۆ دەشێت ئەو ڕابردووە جێگای تاوانبارکردن بێت، بەڵام نەک لە هەڵوێستێکی حیزبیدا، بەڵکو لە هەڵوێستێکی فکری و ڕۆشنبیریدا. ئێمە هەڵوێست لەچی وەربگرین و تاوانباری چی بکەین، لەکاتێکدا حیزبەکان خۆیان ناتوانن سیمای یەکتری لەئێستادا ببینن و مامەڵەی واقیعی لەگەڵ بکەن و هەریەکەیان جگە لە ڕابردوو هیچ شتێکی تر لەسیمای ئەوی تردا بەدیناکات.

دیارە گەڕانەوە بۆ ئەرشیفەکان گەلێ مانای لەخۆگرتووە کە پێویستە سەرنجی لێبدەین: سادەترین و ئاشکراترینی ئەو مانایانەیە کە تائێستاش لە هۆشیاریی حیزبەکاندا ڕابردوو سەرچاوەی بێ خەوشی ڕاستییەکانە. ڕاستییەکان هەمیشە لە ڕابردوودان و ئێستاش هیچ نییە جگە لە زیندووبوونەوەی هەمان ڕابردوو بەهەمان جلوبەرگەوە. واتە حیزبەکان بەردەوام لەیادوەریدا دەژین و ناتوانن و نایانەوێت دەستبەرداری ئەو ڕابردووەبن. ئەمەش لەم شێوە تێڕوانینەدا جگە لە دووبارەبوونەوەی ساتەوەختەکانی پێشوو هیچی ترنییە و هەڵگری هیچ ڕەگەز و گۆڕانێکی نوێ نییە. ئەوکاتەی حیزبەکان ئەرشیفەکان هەڵدەدەنەوە دەیانەوێت پێمان بڵێن: هیچ شتێک نییە لە دنیادا گۆڕابێت.. هەموو ڕاستییەکان، هەموو سەرەتاکان لە ڕابردوودا ڕوویانداوە و هەر لەوێشەوە لێکدانەوەی خۆیان وەردەگرن. ئاشکرایە گەڕانەوەی بەردەوامی حیزبەکان بۆ ڕابردوو گەڕانەوەیەکی بێگوناە و بێلایەن نییە کە دەیەوێت ڕابردوو لە جوانی و ناشیرینی خۆیدا ڕاوبکات، بەڵکو بەتەواوی فرمانێکی ئایدۆلۆژی و حیزبی ڕوونی هەیە: ئەگینا چ لۆژیکێکی تیایە هێنانەوەی وێنەی بەهەشتی مەلا مستەفا و بەراوردکردنی بە سەرکردەکانی ئێستای پارتی... چ لۆژیکێکی تیایە هێنانەوەی وێنەی مام جەلال لە شەستەکاندا و بەراوردکردنی بەوێنەی لە نەوەدەکاندا.. ئەوە چ کوێربوونێکی ئایدۆلۆژی گەورەیە کە ناتوانێت لە دەموچاوەکاندا، لەسەردەم و قۆناغە جیاوازەکاندا، جیاکارییەکان ببینێ و مامەڵەی واقیعیان لەگەڵدا بکات.

دیارە کاتێکیش بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ ڕابردوودا دەکرێت، هەموو حەقیقەتێک وندەبێت و دەشارێتەوە. لێرەوە دەبینن لەگەڵ ئەم هەموو گەڕانەوەیەدا بۆ ڕابردوو کەچی هیچ هەستێکی مێژوویی لای حیزبەکان بەدیناکرێت. هەستی مێژووی بینینی گۆڕاوەکانە بە درێژای مێژوو بۆ ئەوەی دەرفەتەکانی دەستکاریکردن لە ئێستادا دەستنیشانبکرێن، کارێک کە بەتەواوی لە ستراتیژو ڕەفتاری حیزبەکان بەدوورە.

تائێرە هەندێ لە مانای گەڕانەوە بۆ ئەرشیفەکانمان باسکرد، ئێستا پێویستە فرمانی ئەم گەڕانەوەیە دەستنیشانبکەین. گرنگترین و سەرەکیترین فرمانی گەڕانەوە بۆ ئەرشیفەکان ئەوەیە کە یادوەریی جەستەی برینداری حیزب و جەستەی برینداری کۆمەڵگا پێکەوە گرێبدەن. حیزب دەیەوێت یادوەریی جەستەی بریندار

کۆمەڵ لەیادوەری تایبەتی خۆیدا بتوێنێتەوە و وای پیشانبدات جەستەی بریندداری کۆمەڵ جەستەی بریندداری حیزب خۆیەتی. ئەگەر حیزب لە کاتی ئاشتیدا هەموو دەزگاکانی بخاتەگەڕ بۆ ئەوەی پیشانیبدات کە ئامانجە تایبەتیەکانی خۆی ئامانجی گشتی کۆمەڵە (وەک هاوڕێی بەڕێز بەختیار علی لەڕۆژی ١٩٩٤/٦/٦دا لە کۆڕی شەڕ و ئاشتیدا لە هۆڵی رۆشنبیریی سلێمانی پێشکەشیکرد) ئەوا لەکاتی شەڕدا بە هەمان پرۆسە هەڵدەستێت بەدوو ئەرکی تایبەتی:

١- دەیەوێت دەربخات یادوەریی جەستەی بریندداری کۆمەڵ یادوەری جەستەی بریندداری حیزب خۆیەتی، بەمەش رەوایەتیی نوێنەرایەتی بەخۆی بدات.

٢- دەیەوێت حیزبی رەقیب وەک دوژمن پیشانبدات و لە سەرچاوەی رەوایەتی دابڕێ.

بێگومان لەم ئاستەشدا رۆڵی دەزگاکانی راگەیاندن لە هەموو ئۆرگانەکانی تری حیزب بەهێزتر و کاریگەرترە. بێهودەنییە هیچ یەک لە حیزبەکان ئامادەنەبوون دەزگایەکی راگەیاندنی سەربەخۆ بە دەوڵەتی هەرێم ببەخشن. بەپێچەوانەوە دەوڵەتی هەرێم تەواو وەک حیزبێکی رەقیب مامەڵەی لەگەڵدا کرا کە تەنها شایەنی رۆژنامەیەکی هەفتانە و کاتژمێرێکی تەلەفزیۆنیە و هیچی تر. چونکە هەرچەندە دەوڵەتی هەرێم دەوڵەتی حیزبەکانە، بەڵام دەوڵەتێکی ئیئتلافیشە کە ناتوانێت بەو دراوە راگەیاندنانەوە کاربکات کە حیزبەکان مەبەستیانە، نەبوونی دەزگایەکی راگەیاندنی سەربەخۆشە کە رێگا لە دروستبوونی رایەکی گشتی دەگرێت.. رایەکی گشتی کە وەک چاودێر و هێزێکی سێهەم بتوانێت لە ساتەوەختە تەنگوچەڵەماوییەکاندا رۆڵێکی چارەنوسساز ببینێ.

لەڕاستیدا نەبوونی رای گشتی ئەوەندە خاڵێکی لاوازنییە بتوانین بەسەریدا تێبپەڕین. چونکە رای گشتی گرنگترین و کاریگەرترین رەگەزی کۆمەڵگای شارستانیە و بێ رای گشتی کەموکوری چارەسەرنەکراومان لە جەستەی کۆمەڵگای شارستانیدا دەبێ. خۆدزینەوەی حیزبەکان لە دامەزراندنی دەزگایەکی راگەیاندنی سەربەخۆدا بەئاشکرا دەریدەخات کە حیزبەکانی ئێمە لەگەڵ دروستبوونی کۆمەڵگایەکی شارستانی تەندروستدانین و لەهەموو ئەو هۆکارانە بێبەشیدەکەن کە دەبنە هۆی بەهێزبوونی.

بەڵام دروستبوونی رای گشتی تەنها پەیوەست نییە بە حیزبەکانەوە، بەڵکو پەیوەستە بە رۆڵی دەستەبژێرەکان (نخبة) و بوونیان لە کۆمەڵگای شارستانیدا، لێرەوە ناچارین باس لە دەستەبژێرەکانیش بکەین:

### دەستەبژێر (نخبة)

چەند کۆمەڵگای شارستانیی تەندروست، کۆمەڵگای یاسا دەرەکیەکانە، ئەوەندەش کۆمەڵگای دەستەبژێرەکانە. زۆرجار دەستەبژێر دەبێت بە پێوەرێک کە لە رێیەوە دەتوانین هەندێک سیمای کۆمەڵگاکە دەستنیشانبکەین، چونکە سیمای سەرەکی رژێمێکی سیاسی زۆرجار خۆی لە رەفتار و هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەستەبژێردا خۆی دەردەخات، ئەگەر لە کۆمەڵگای شارستانیی تەندروستدا دەستەبژێرەکان بتوانن تارادەیەک سەربەخۆیی خۆیان لە دەزگاکانی دەوڵەت بپارێزن، ئەوا سادەترین سەیرکردن بۆ واقعی کوردستان دەریدەخات کە ناتوانن ئەو سەربەخۆییەیان هەبێت و بەردەوام لەلایەن حیزبەکانەوە دابەشدەکرێن. دابەشبوونی زۆربەی دەستەبژێرەکان بەسەر دوو حیزبەکەدا خۆی بەڵگەیەکی ئاشکرای ئەم بارەیە: دابەشبوونی دەستەبژێری قوتابیان، دەستەبژێری رۆشنبیران، دەستەبژێری مامۆستایان، دەستەبژێری موچەخۆران، کە ترسناکترینیان بۆ کۆمەڵگایەکی شارستانی دەستەبژێری موچەخۆرانە. چونکە هەرکاتێک شەڕ هەڵگیرسێت ئەو دەستەبژێرانە لە فەرمانگەکان دەچنە دەرێ و سەرجەم دەزگاکان ئیفلیجییان تێدەکەوێت (وەک لەشەڕی ئەم جارەدا لە هەولێر رویدا و دەزگای زانکۆ بۆ ماوەیەکی درێژ پەکیکەوت).

دیارە هەندێ دەستەبژێری تر هەن لە دەرەوەی حیزبەکان کاردەکەن، وەک «لیژنەی ئاشتی و برایەتی، لیژنەی پیاوانی ئایینی و لیژنەی پیاوماقوڵان!! بەڵام ئەم دەستەبژێرانەش لەبەر سێ هۆی سەرەکی ناتوانن هیچ رۆڵێکی ئەوتۆ ببینن.

١ـ لەبەر هەژاریی فیکری و تیۆری ئەم دەستەبژێرانە.

٢ـ لەبەر نەبوونی کەناڵەکانی پەیوەندی ئەم دەستەبژێرانە بەجەماوەرەوە.

٣ـ لەبەر سەقامگیرنەبوونی ئەم دەستەبژێرانە. هەندێک لەم دەستەبژێرانە تەنها لە کاتی شەڕدا پەیدادەبن و لەکاتی ئاشتیدا هەموو چالاکیەکانیان دەوەستێت. واتە دەستەبژێرێک نین بەردەوامبن و دەربڕی بەرژەوەندی و بڕواکانی کۆمەڵێکی دیاریکراوبن.

ئەگەر ڕۆڵی دەستەبژێر لە کۆمەڵگایەکی شارستانیی تەندروستدا ئەو ئەرکە ئایدۆلۆژی و فیکرییە گرنگە بێت کە زۆرجار دەبنە هۆی دروستبوون یان بارمەتیدانی ئەو گروپانەی بە زمانی سۆسیۆلۆژەکان پێیان دەوترێت «گروپەکانی گوشار»، ئەوا دەستەبژێرەکان لە واقعی ئێمەدا نەک هەر لاوازترن لەوەی گوشار دروستبکەن، بەڵکو لەلایەن حیزبەکانەوە دەخرێنە بەر گوشار بۆ ئەوەی خۆیان یەکلابکەنەوە. ئەوەی ئەم پرۆسەیەی کوشندەکردووە ئەوەیە کە هەموو کەناڵەکانی پەیوەندیکردن بەدەست حیزبەکانەوەیە و تەنها بۆ چەند ساتێک دەدرێ بە دەستەبژێرەکان کە حیزب پێویستی پێیانە.

لەم ئاستەدا ئیتر لە ڕووی پراکتیکییەوە ئەوەی گوشار دروستدەکات حیزبە بۆ سەر دەستەبژێر، نەک دەستەبژێرە بۆ سەر حیزب. ئالێرەدا من پێم وایە پێویستە گومان لە ناسنامەی دەستەبژێر لە واقعی خۆماندا بکەین. چونکە گەر دەستەبژێر ئەو پێناسە سۆسۆلۆژییە بێت کە هەندێ فرمانی تایبەت دەبینێ، ئەوا لەواقعی ئێمەدا هیچ یەک لەو فرمانانە ناتوانێ ببینێ. لێرەوە ڕەنگە نەتوانین بڵێین ئێمە دەستەبژێرمان هەیە، بەڵکو ڕەنگە خەیاڵپڵاوی دەستەبژێرمان هەبێت.

لەناو هەلومەرجێکی وادا کە نەدەسەلاتی یاسا دەرەکییەکان هەیە، نە لە دەرەوەی حیزبەکان هیچ ئۆرگانێکی زیندوو هەیە، نە دەستەبژێرەکان فرمانی خۆیان جێبەجێدەکەن، هیچ دەرفەتێک بۆ باسکردنی کۆمەڵگایەکی شارستانیی تەندروست نییە. حیزبەکان (بەویست یان بەناویست) کۆمەڵگای شارستانی دەسڕنەوە و لە هەموو هۆکارەکانی بەهێزبوون و سەقامگیر بێبەشیدەکەن. «حیزب دەیەوێت جەستەی خۆی جەستەی کۆمەڵگای شارستانی بێت، بڕیارەکانی بڕیاری کۆمەڵگای شارستانی بن» [بەختیار علي: دەسەلات ـ کۆمەڵگای شارستانی ـ دەوڵەت، خوێندنەوەیەک لەناو سەرچاوە و مانا سۆسیۆلۆژی و فەلسەفیەکاندا/ دەستنووس]. ستراتیژی حیزب لە واقعی ئێمەدا دروست لە ستراتیژی ئەو حیزبانە دەچێت کە (داونز) لە «تیۆرەی ئابووری و دیموکراسی»دا باسیدەکات: «حیزبەکان لە سیاسەتێکی دیموکراسیدا لەو مقاولانە دەچن لە ئابورییەکدا کە ئامانجیان قازانجە.، وەک چۆن مقاولەکان ئامادەن هەموو کالایەک بەرهەمبهێنن کە دەبێتە هۆی زۆرترین قازانج، حیزبەکانیش هەموو سیاسەتێک دەگرنەبەر بۆئەوەی زیاترین دەنگ کۆبکەنەوە» [وەرگیراوە لە ـ النخبة والمجتمع ـ ت. بوتومور، ت: جورج جما ـالمؤسسه العربیة لدراسات والنشر. طبعه الثانية ١٩٨٨ـص ١١٧ـ١١٨]. بەلام کارەسات لەوەدایە کە حیزبی کوردی لەناو ئیزامێکدا بەم ستراتیژە گشتگیرەوە کاردەکات کە کۆمەڵگای شارستانی لاوازترە لەوەی سنوورێکی بۆ دابنێ و هێڵێکی بۆ دەستنیشانبکات و دواجار لە چوارچێوەی یاسادا لە قاڵبیبدات.

لەهەلومەرجێکی وادا کە حیزبەکان بەم ستراتیژە گشتگیرەوە لەناو کۆمەڵگایەکی وا لاوازدا دەکەونە ململانێوە، کۆمەڵگا هەمیشە ئامادەیە بگەڕێتەوە بۆ دۆخی «جەنگی هەموو دژی هەموو» کە سەردەمێک هۆبز بە « دۆخی سروشتی» ناویدەبرد. ئەگەرچی ئەمە پێچەوانەی دەستپێکردنەکەی هوبزە. چونکە لای هوبز دۆخی جەنگی هەموو دژی هەموو میکانیزمی گواستنەوەیە لە دۆخی سروشتیەوە بۆ کۆمەڵگای شارستانی، لەکاتێکدا دۆخی جەنگی هەموو دژی هەموو لەم بارەدا میکانیزمی گواستنەوەیە لە کۆمەڵگای شارستانیەوە بۆ دۆخی سروشتی (دیارە لای هۆبزیش دۆخی سروشتی تەنها ئەگەرێکە کە لەپاش داڕمانی کۆمەڵگای شارستانی وێنادەکرێت). لەڕاستیدا ئەگەر ووردبینەوە گەلێ لەو نەریت و ڕەفتارانە دەبینینەوە کە سروشتی مرۆڤەکانە لە دۆخی سروشتیدا، وەک هۆبز دەستنیشانیکردووە: جەنگ تادوا سنوورەکانی پەکخستنی بۆ هەرچی زیاترکردنی قازانج و دەسەلات، لای هۆبز هەر ئەم بارەیە وا لە شەڕکەران دەکات بۆ پاراستنی گیانی خۆیان لە خراپکاری یەکتر، مل بۆ پەیمانی کۆمەلایەتی

بدەن کە دەبێتە هۆی دروستبوونی کۆمەڵگای شارستانی. چونکە ئەگەر ئەم دۆخە بەردەوامبێت دەبێتە هۆی لەناوچوون، بەوەشدا کە غەریزەی مانەوە گەورەترین و بەهێزترین غەریزەی مرۆڤە، شەڕکەران ناچارن بۆ قازانجی خۆیان دەست لە دۆخی سروشتی و ئازادییەکانی هەڵگرن وپێبنێنە ناو کۆمەڵگای شارستانییەوە.[بۆ زیاتر تێگەیشتن لە بیرۆکەی هۆبز، بگەڕێوە بۆ: خداوندان اندیشه سیاسی.ت. و. ت. جونز ت: علی رامین. جلد دوم، قسم اول ـ انتشارات امیر کبیر].

ئەگەر لەم تیۆرەیە وردبینەوە، ئەوا دەبینین لەسەر بەڵگەنەویستێک دامەزراوە ـ کە سەرجەم تیۆرەکەی لەسەر دامەزراوە ـ ئەویش ئەوەیە مرۆڤ بوونەوەرێکی عاقڵە و دەزانێ قازانج و زیانی لە کوێدایە، واز لەئازادییە سروشتییەکانی خۆی دێنێ، بۆ ئەوەی مانەوەی خۆی مسۆگەربکات... (ئەگەرچی هۆبز خۆی پێیوایە کە ئەم گواستنەوەیە نەک بەهۆی عەقڵ، بەڵکو بەهۆی غەریزەوە ڕوودەدات، بەڵام دواجار لەپشت غەریزەی مانەوەشەوە عەقڵێک هەیە کە دەزانێ زیان و قازانجی خۆی لە کوێدایە). لەکاتێکدا لە شەڕی ناوخۆی کوردستاندا هیچ هێزێکی عەقڵانی بەدیناکرێت، ئەگەر گوشارێک لەجیهانی دەرەوەش نەبێت ئەوا ڕەنگە تا دووا سنوورەکانی پەکخستن بەردەوامبێت. لەگەڵ ئەوەشدا کە هەردوو حیزب زۆرچاک دەزانن هیچ شتێک هێندەی ئەم شەڕە زیانیان پێناگەیەنێت.

دەشێت لێرەدا بپرسین: بۆچی حیزبەکان لە شەڕێکدا بەردەوامدەبن کە خۆشیان دەزانن جگە لە زیان هیچ ئەنجامێکی تری نییە؟ ئەگەر لە پشت دەستپێکردنی شەڕەوە میکانیزمی جیاوازیکردن و یادوەریی جەستەی بریندار هەبێ، ئاخۆ لەپشت بەردەوامبوونی شەڕەوە چ نهێنییەک هەبێ؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێت هەر لەسەرەتاوە ئەوەبڵێین کە حیزبەکانی ئێمە، حیزبی شارستانی نین، ئەو حیزبە دەست سپیانەنین کە دەیانەوێت لە ڕێی تیۆرە و ئایدۆلۆژیا و ستراتیژەکانیانەوە لە دەرگای کۆمەڵگای شارستانی بدەن، بەڵکو هەردووکیان حیزبی شۆڕشن.. ئەو حیزبە شۆڕشیانەی کە هەڵگری پەیامی ئازادین لە کاتی داگیرکردندا. ئەوان لەبەرامبەر جیهانی دیکتاتۆری و دیلیدا مژدەی ئازادیمان بۆ دێنن، وڵات لە تاریکستانی دواکەوتنەوە بەرەو پێشکەوتن دەبەن. ئەو شەونوخونیانەی لەپێناو ئێمەدا دەیچێژن ئەو قوربانیانەی لەپێناو ئێمەدا دەیبەخشن، هەموو ئەمانە وادەکەن هەمیشە خەرمانەیەک لە پیرۆزی بە دەوری حیزبی شۆڕشدا بکێشرێت. لێرەوە ڕەوایەتی حیزبی شۆڕش لە هەڵبژاردنی ئازادەوە نایەت، بەڵکو ڕەوایەتیان لە ئەنجامی هەلومەرجێک دروستدەبێت کە بەتەواوی دەرەکییە. دەتوانین بڵێین کە ڕەوایەتی حیزبی شۆڕش ڕەوایەتییەکی کاریزمییە (ئەگەرچی کاریزمیەت هەمیشە پابەندە بە ڕابەرێکی دیاریکراوەوە، بەڵام هەمیشە پیرۆزیی ڕابەر حیزبیش پیرۆز دەکات). بەوەشدا کە بواری پیرۆز سەردەکات بە ئیماندا نەک بەبڕوا و عەقڵ. لەبەرئەوە هیچ حیزبێک ئامادەنییە هیچ ڕێگرێک لەبەردەمی خۆیدا ببینێ. ئەوەی لەگەڵمە و هەڵگری پەیامی پیرۆزمە، دۆستمە و ئەوەی لەگەڵ پەیامی پیرۆزم نییە، دوژمنمە یان پرۆژەی بوون بە دوژمنمە (لێرەوە لەو تاوانبارکردنە دوولایەنەیە تێدەگەین کە هەردوو حیزب بەردەوام دووپاتیدەکەنەوە: ئەم دەڵێ ئەو بۆ لەناوچوونی من هاتۆتەگۆڕێ و ئەمیش دەڵێ ئەم بۆ تێکدانی پرۆژەکەی من سەریهەڵداوەتەوە). کاتێک ئێمە پێدەنێینە ناو بازنەی پیرۆزەوە، ئیتر پێمان ناوەتە ناو پۆلینکردنی جیهانەوە بە سەر ئیماندار و کافردا، کە بێگومان لەم ئاووهەوایەشدا هیچ دەرفەتێک بۆ پێکەوەژیانێکی ڕاستەقینە نییە. بەڵام بە داخەوە مێژوو پێماندەڵێت حیزبی شۆڕش چەند پشتیوان و سەنگەری جەماوەرە لەکاتی داگیرکردندا، ئەوەندەش دژ بە جەماوەر و دیکتاتۆرە لەکاتی حوکمکردندا «نموونەش لە مێژوویەکی دووردا شۆڕشی فەرەنسی و لە مێژووی نزیکیشدا بەلشەفیەکانە لە شورەوی و حیزب اللەیە لە ئێران». بەڵام ئەوەی باروودۆخەکەی لای ئێمەی سەختکردووە ئەوەیە کە لەلایەک ئێمە فرەحیزبی شۆڕشمان هەیە و لەلایەکیش شۆڕش هێشتا بەمانای خۆی نەک کۆتاییپێنەهاتووە، بەڵکو دەستیشیپێنەکردووە!!. بارێک کە بەتەواوی لە هۆشیاریی سیاسیی کورد وونبووە.

بەبڕوای من لەپاش دروستبوونی پەرلەمان و تێپەڕبوونی دوو کابینەی حکومەت، قۆناغی حیزب و شۆڕش کۆتاییپێیهات، نەک بەو مانایەی شۆڕش کۆتاییهاتبێت، بەڵکو بەو مانایەی دەزگایەکی ڕەوای تر هەیە دەتوانێ بە

هەموو ئەو ئەركانە هەڵسێت كە حیزبەكان دەیانەوێت پێیبهەڵسن. لێرەوە پێویستە حیزبەكان نەک هەر سەرباز و میلیشاكانیان فڕێبدەن، بەڵكو پێویستە ئەو خەرمانە پیرۆزەش لە خۆیان بكەنەوە كە لە سەردەمێكی دیاریكراو و هەلومەرجێكی تایبەتدا پێیان بەخشرابوو. چونكە ئێستا تەنیا پەرلەمان و دەوڵەتی هەرێم ڕەوایەتیان هەیە و هیچ یەک لەو حیزبانە ئەو ڕەوایەتیەیان نەماوە كە سەردەمێک كربیوونیە ڕابەر و پێشڕەوی كۆمەڵگا. بەلام ئاشكرایە نەک هەر خۆیان لەگەڵ ئەم گۆڕانكاریانەدا ناگونجێن، بەڵكو ڕەنگە یەكێک لە فرمانەكانی شەڕ ئەوەبێت پێمان بڵێت، هیچ ڕەوایەتیەک جگە لە ڕەوایەتی حیزبی شۆڕش نییە.. ئەمەش خۆی تراژیدیایەكی تری شەڕی ناوخۆی كوردستانە: حیزبەكان دەیانەوێت بەهەمان جلوبەرگ و سیمای سەردەمی شۆڕشەوە بمێننەوە، لەو پێناوەشدا ئامادەن هەموو ڕێگایەک بگرنە بەر، تەنانەت ئەگەر ئەو ڕێگایەش ببێتە هۆی لەناوچوونی خەونی مێژوویی میللەتێک.

لەراستیدا ئەم جەنگە زۆر لەو جەنگە دەچێت كە براكان لەپاش كوشتنی باوكەوە بەرپای دەكەن. لەكاتێكدا فرۆید بڕوای وابوو براكان لەپاش كوشتنی باوكەوە وێنەی باوكێک هەڵدەبژێرن بۆئەوەی یەكگرتن و یەكپارچەییان نەشێوێت، نەیدەزانی و بڕوای نەدەكرد لە كۆتاییەكانی سەدەی بیست و لە جوگرافیایەكی دوورەدەستدا نەتەوەیەک هەیە كە براكانی نەک هەر ئامادەنین هیچ وێنەی باوكێک دروستبكەن، بەڵكو ڕێ لە دروستبوونی دەگرن و كوشتاردەكەن لەگەڵ یەكدا تائەوكاتەی باوک بەخۆی و قامچیەكانیەوە، بەخۆی و زنجیرەكانیەوە دەگەڕێتەوە، تا دواتر دەركەوێت ئەوە نە باوكە كوژراوە و نە براكانی شۆڕشیانكردووە و ئەوەی كە بووە جگە لە خەونێک هیچی تر نەبووە.*

## پەراوێزەكان

١ـ هاوڕێی بەڕێزم بەختیار علی بەر لە من لە سیمینارێكدا بەناوی « دەسەلات ـ كۆمەڵگای شارستانی ـ دەوڵەت) ئاماژەی بەوەداوە كە دەكرێت جیاوازی یەكێک لە میكانیزمەكانی شەڕی ناوخۆ بێت.

* دەقی ئەم نووسینە لە ڕۆژی ١٩٩٥/٢/٢ دا لە هۆڵی ڕۆشنبیری لە سلێمانی پێشكەشكرا.

# شەڕی ناوخۆ

## خێڵ ، حیزب ، سیاسەت

## مەریوان وریا قانع

### بەشی یەکەم

### (١)

ئایا شەڕی ناوخۆ، شەڕی وێرانکردنی ماڵی خۆمان بە دەستی خۆمان، شەڕی خوێن ڕشتنی برا بۆ برا، دراوسێ بۆ دراوسێ، شار بۆ شار، ناوچە بۆ ناوچە لەکوێوە دێت؟ ئەم (با) ئەهریمەنییە لەکوێوە هەڵدەکات و فوو بە چرای داگیرساوی ناو ڕەفە و تاقەکانی مێژوومانەوە دەکات؟ ئەم ووزە تێکدەرە چییە لە هەناوی مێژووی ئێمەوە، بەردەوام دێتەدەرەوە و پرۆژەکانی خۆمان بە دەستی خۆمان، بەر لە دەستی دوژمنەکانمان وێراندەکات؟ چییە ئەم نەگۆڕە کە ساڵ دوای ساڵ و ڕۆژ دوای ڕۆژ لەگەڵمان دێت و لە مێژووماندا دووبارە و چەندبارە دەبێتەوە؟

لەکوێوە دەست بەوەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە بکەین؟ لە تاوانبارکردنی دوژمنە دراوسێکانمانەوە، یان لەبێ متمانەیی هێزە ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکانەوە؟ ئایا بۆ تێگەیشتن لە جەنگی ناوخۆ ئەوەندە بەسە بڵێین لەپشت ئەم جەنگەوە ( بەغدا و ئەنقەرە و تاران و دیمەشق) وەستاون و، عەرەب و تورک و فارس لێناگەڕێن ماڵی خۆمان وەک چۆن خۆمان دەمانەوێت ڕێکخەین و لەناویدا وەک زۆربەی گەلانی دیکەی سەر ئەم ئەستێرەیە بە ئاسودەیی بژین؟ ئایا تەنیا دەستی (سەدام حوسەینەکان، ڕەفسنجانیەکان، تشیلەرەکان)و ئەوانی دی خۆشکەری ئاگری ئەم جەنگەن؟

لە ماڵی خۆشماندا، ئایا ئەوەندە بەسە کە یەکتری بە تاوانی هەڵگیرساندنی جەنگ مەحکومبکەین؟ ئایا جەنگ بڕیاری ئەم سەرکردە یان ئەو سەرکردە بە تەنیا، ئەم حیزب یان ئەوی دی، بەرژەوەندیی ئەم گروپی سیاسی یان هی ئەمەی دیکە، دەیخوڵقێنێت؟ بەمانایەکی دیکە، ئایا جەنگ تەنها بڕیاری ئەم بوونەوەرە نەخۆش و کاڵفامەی ناوی (سیاسیی کورد)ە دەیخولقێنێ، یان دەشێ خودی ئەو بوونەوەرە و بڕیارەکانیشی ڕەگەزێ بن لەڕەگەزەکانی ناو بونیادێکی سۆسیۆسیاسی و پێکهاتەیەکی ڕەوشتی و فکری نەخۆش، کە کۆی کارکردنی ئەو بونیادە بەسەریەکەوە، جەنگ وەک بەرهەمێ لە بەرهەمەکانی توڕداتە ناو دنیای تراژیدیانەی ئێمەوە؟

ئایا ناشێ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئێمە و بونیادی پەیوەندی هێزە سۆسیۆلۆژییەکانی ناویی فاکتەرێکی گرنگی بەرپابوون و تەقینەوەی جەنگ و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی بێت، لە خێزانەوە بۆ حیزب؟ ئایا ناشێ کولتووری ئێمە، مەبەستم چەند ڕەهەندێکی دیاریکراوی ئەو کولتوورە، لە پرۆسەی پێناسەکردنیدا بۆ کۆمەڵێ تێرمی گرنگ و کاریگەر (وەک تێرمەکانی «جیاوازی» و «لێبوردن»)، کە هاوسەنگی پەیوەندییەکان و ئارامبوونیان ڕادەگرێ و شێوازێک لە بەها و فۆرم و ئەخلاقیەت بەرهەمدەهێنێت، وەک فاکتەرێکی دیکەی گرنگی بەرپابوونی جەنگ تەماشابکەین؟ ئایا ناگرێ «فەزای سیاسیی کوردیی» خۆی، لە ڕۆژگاری دروستبوون و ئامادەگییەوە بەدرێژایی قۆناغە جیاجیاکانی، لە سەرەتاوە بۆ ئێستا، هۆکارێکی دیکەی تفەنگ بەسەر دڵی یەکدییەوە نەنابێت؟

بە کورتی ئایا جەنگ لەدەرەوەڕا دێت و بەسەر جەستەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فیکری ئێمەدا بڵاودەبێتەوە یان دەشێ خودی ئەم جەستەیە، وەک پێکهاتەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سایکۆلۆژی، هەڵگری ڤایرۆسی جەنگ و ڤایرۆسیماڵی یەکدی وێرانکردن و ڤایرۆسی ڕەتکردنەوەی پرۆژە کۆییەکانی ئێمەبێت؟ ئایا ناشێ ئەو دەستە نادیارانەی لەهەناوی مێژووی خۆمانەوە دێنەدەر، بەهەمان ئەندازەی دەستە پیلانەوییە دەرەکییەکان، تێکدەر و جەنگهێنەربێت؟ تەواو سادە بدوێین دەپرسین: ئایا جەنگ بەری پیلانە دەرەکییەکانە بەتەنیا، یاخود دەشێ لەسەرێک لەسەرەکانەوە بەرئەنجامی پیلانە ناوەکییەکان بێت؟

* * *

لەڕاستیدا ئاسانترین و نامەسئولترین وەڵام بە پرسیاری (جەنگ لەکوێوە دێت؟) ئەمەیە کە تەنیاو تەنیا (ئەوانی دی)، تەنیا دوژمنەکان و دنیای دەرەوە بەهۆکاری تەقینەوەی ناکۆکییەکان، بۆ ئاستی فیشەک بەیەکدییەوەنان، تێبگەین. ڕاستە دوژمنان هەمیشە و هەردەم لەودیوو پەنجەرەکانەوە وەستاون و بۆن بەماڵەکانمانەوە دەکەن. ڕاستە ئەوان لەودیوو دەرگاکانەوە سەرقاڵی پیلانڕێژی و ئاژاوەگەرایی و خۆئامادەکردنن. ڕاستە ئەوان چاوەڕێ و خەریکی کردنەوەی دەرگاکان، پەنجەرەکانن. عەودالی دۆزینەوەی کونێک، کەلەبەرێک، درز و شەبەنگێکن، بۆ هاتنە ژوورەوە و جێبەجێکردنی پیلانە هەمیشەییەکانیان - قەلاچۆکردنی ئێمە و جینۆسایدکردنمان - ڕاستە ئێمە لەناو کۆمەڵێ هاوکێشەی سیاسی و ناوچەیی و نێودەوڵەتیی ئێجگار سەخت و ئاڵۆزدا دەژین و لە دنیایەکدا بەدوای ئازادی و مافی خۆماندا دەگەڕێین، کە دەستە نەوتاویەکانی (سەدام حوسێن) و ڕیشی (ئایەتوڵا خومەینی) لەخوێنی منداڵانی ئێمە و، خوێنی مێژوو، خوێنی نیشتمانی هەنجن هەنجنکراوی ئێمە، بەنرختر و گرانبەهاترن. بەڵام هەموو ئەمانە بەرپرسیاری خۆمان، بەرپرسیارییەکی گەورەش، لەبەرپابوونی جەنگە ناوخۆیی و بەردەوامەکانی خۆمان و ئامادەکردنی زەمینەی بەردەوامی تەقاندنەوەی ناکۆکییەکان و خولقاندن و بەخشینی فرسەتی سووک و ئاسان و کاڵفامانە بەدوژمنەکانمان ناشارێتەوە.

بە بۆچوونی من، بۆچوونێ کە لەدرێژایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا لایەنە جیاجیاکانی ئاشکرادەبێ، جەنگ لە دنیای ئێمەدا چەند لە دەرەوەڕا و لە ڕێی پیلانی دوژمنان و هێزە ئەنتی کوردییەکانەوە دێت، ئەوەندەش لە ناوەوەڕا بونیاد و ژینگەیەکی سیاسی و فکری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سایکۆلۆژی هەیە، کە نەک دژی ئەو مۆتیڤە دەرەکیانە کارناکەن و هەوڵی پەکخستنیان نادەن، بەڵکو بەپێچەوانەوە وزە و توانا و زەمینەیەکی لەباریشیان بۆ دەرەخسێنن و پرۆسەی جێبەجێکردن و پیادەکردنیان خێراتر و ئاسانتر و هەمەلایەنتردەکەن.

پیلانەکان لە دەرەوەڕا دێن، لە بەغدا و ئەنقەرە و تاران و شوێنانی تروە پۆستدەکرێن، بەڵام گرفتی سەرەکی لەمەدایە کە دنیای ئێمە، لە ئاستی جیاجیادا، لەکولتوورەوە بۆ سیاسەت، لە بونیادی پەیوەندییەکانەوە بۆ بونیادی زەین، لە مەعریفەوە بۆ دەسەڵات، پڕن لەو پۆستەچیانەی ئەو پیلانانە بەسەر هەموو جەستەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێمەدا بڵاودەکەنەوە. ئەڵبەتە ئەو پۆستەچیانە بەتەنیا کۆمەڵێ مرۆڤی بەکرێگیرا و خۆفرۆش و لایەنی سیاسیی ترسنۆک و سازشکەرنین، بەڵکو لەپێش هەموو شتێکەوە کۆمەڵێ کۆنسێپت و میکانیزمی کولتووری و بونیادێکی سۆسیۆلۆژی و فەزا و عەقڵیەتێکی سیاسی و تێگەیشتنێکی دیاریکراو بۆ چەمکەکانی دەسەڵات و مەعریفە و پێکهاتەیەکی سومبولی و فەنتازیایی و سایکۆلۆژییە بەسەریەکەوە، کە خودی ئەو کەسە خۆفرۆش و لایەنە ترسنۆک و سازشکارانە. ئاستێک لە ئاستەکانی کارکردن و دەرکەوتێک لە دەرکەوتەکانی کۆی کارکردنی ئەو پێکهاتە نەخۆشەن بەسەریەکەوە.

بەکورتی بۆ ئەوەی لە جەنگی ناو ماڵ و شار و ناوچەکانی خۆمان تێبگەین، ئەمە بەس نییە تەنیا دوژمنە دەرەکییەکانمان تاوانباربکەین، تەنیا پیاوانی ئەودیوو پەنجەرەکان و پیلانە هەمیشەییەکانیان بە تاقە بکەر و تاقە فاکتەری بەرپابوونی جەنگ بزانین. بەڵکو کاری سەرەکی ئەوەیە فاکتەرە ناوەکییەکانی جەنگ، ئاستە جیاجیاکانی بەرهەمهێنانی، جوومگە تاریک و نەناسراوەکانی، بە کورتی ڤایرۆسەکانی ناو واقعی کوردی خۆی بدۆزێتەوە، تاهیچ نەبێت بتوانین ژینگەیەکی ناوەکی نەندروستی وا دروستبکەین کە پیلانە دەرەکییەکان نەتوانن لە ناویدا بژین

و ئازادانە هەناسەبدەن. خولقاندنی ئەو ژینگەیە کە یەمین هەنگاوی ڕاستەقینەی ئێمە دەبێ بە ڕووی قەبراندنی جەنگی ناوخۆ و دەرئەنجامە کوشندەکانیدا. دەنا هەموو ڕێکەوتنە سەرزارەکییەکان، هەموو ماچە درۆزنەییەکان، هەموو ئێمزا نائومێدەکانی سەر ڕێکەوتنامە وەهمیەکان، جگە لە سوڕانەوەیەکی بێ سەمەر بە دەوری پیلانەکانی جەنگدا، جگە لە خۆڵەمێش بەچاوی یەکدیدا کردن شتێکی دیکە نییە و شتێکی دیکەشی لێ چاوەڕوان ناکرێت.

(٢)

کە دەڵێین فاکتەرە ناوەکییەکانی جەنگ کۆمەڵێ کۆنسێپت و میکانیزمی فیکری و کولتوری و بونیادێکی سۆسیۆلۆژی و فەزا و بونیادێکی عەقڵی و مەعریفی و پێکهاتەیەکی سومبولی و فەنتازییە، ئەمە بەو مانایە نییە کە ئەم فاکتەرانە، کۆمەڵێ بونیادی سەددەرسەد سەربەخۆن و بەتەواوی لە دەرەوەی دەسەڵات و هوشیاری و ئەزمونەکانی مرۆڤدان. واتە مەبەستم نییە بڵێم ئەم فاکتەرانە کۆمەڵێ فاکتەری بابەتین و دواجار جەنگ لەو دنیا بابەتیەوە دێت و بڵاودەبێتەوە و کاری شوێنەرانەی خۆی لە دنیای ئێمەدا پیادەدەکات. نەک لە کۆمەڵێ بڕیاری تایبەت و ویستی دیاریکراوەوە کە ئەم سەرکردە یان ئەوی دی، ئەم گروپ یان ئەوی دی دەریدەکەن. ئاشکراتر دەڵێم، بە بونیادگەراکردنی کێشە و گرفتەکان بەو مانایە نییە کە بونیادەکان تەواو سەربەخۆ و ئۆتۆنۆم، لەدەرەوەی وشیاری و ویست و ئیرادەی کەسەکان، کاردەکەن. سونەتێ کە بونیادگەری لە چاپە (شتراوس)یە (لاکان)یە (ئەلتۆسێر)یەکەیدا پێشنیاریدەکات. بەڵکو مەسەلەی بەبونیادگەراکردنی ئەم کێشانە لەوێوە سەرچاوەهەڵدەگرێ کەجەنگ وەک دەرئەنجامی کۆمەڵێ پەیوەندی دیاریکراو لە نێوان زیاد لە ڕەگەزێک و زیاد لە ئاستێکدا ببینین. شێوازی ئەو پەیوەندییانە و فۆڕمی ڕیزبوونی ئەو ڕەگەزانە بەسەریەکەوە میکانیزمێ پیادەدەکەن کە کارکردنی کۆیی و پێکەوەییان، لەچوارچێوەی ئەو میکانزمەدا، جەنگ وەک بەرهەمێک لە بەرهەمەکان و دەرکەوتێک لە دەرکەوتەکانی کارکردنی ئەو بونیادە دەسەپێنێ. بەڵام لێرەدا دەبێ ئەوەش تەواو ئاشکرابێت کە گەڕانەوە بۆ ویست و ئارەزووی کەسەکان و دیتنیان وەک دواهەمین هۆکار بۆ تەقاندنی تفەنگەکان و بەرپاکردنی جەنگ، گەڕانەوەیەکی فینۆمینۆلۆژیانە نییە. واتا ناتوانین جەنگ بەتەنیا وەک مەبەستگەرایی تاکێک یان کەسێک تەماشاکەین و هەموو ئەو ڕەگەزە بونیادیانە فەرامۆشکەین کە نادیارانە ئاگری جەنگ لە نیشتمانی ئێمەدا خۆشدەکەن. ناکرێ جەنگ تەنیاو تەنیا بەمەستگەرایی کەسێک یان گروپێک یان حیزبێکەوە گرێبدەین و هەوڵدەین لەوێوە بیناسێنین و ڕاڤەیبکەین و شیبکەینەوە. بەمەبەستگەرایکردنی جەنگ دەشێ هەندێک ڕاستی و ڕوویەک لە ڕووەکانی جەنگ و ڕەهەندێک لە ڕەهەندەکانی ئاشکراکات. دەشێ پێمان بڵێت ئەم حیزب یان ئەوی دیکەیان، لەفلانە مەسەلە و لە فلانە ڕۆژ و لە فلانە پێکداداندا خەتابارتر و تاوانبارترە لەوی دیکە. دەشێ بڵێ فلان ڕووداو فلانە کەس یان گروپ یان حیزبە کەم تازۆر بەو ناوەڕۆکەوە کە لەوساتەدا لەخۆی دەگرێ، لێی بەرپرسیارترە تافلان یا فیسار حیزب..هتد.. بەڵام ئەم مەبەستگەراییە هەرگیز ناتوانێ کۆی ئەو فاکتەرە نادیارانە ببینێ کە لە ناوەوەڕا مەبەستەکان بەرهەمدەهێنێت و پیلانەکان دەچێنێت و زەمینەی جەنگ و تەقاندنەوە هەمیشەییەکان دووبارە و دەبارە خۆشدەکاتەوە.

بەداخەوە مەبەستگەراییکردنی جەنگ و دیتنی لە دیدێکی فینۆمینۆلۆژییەوە، تاقە لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی باڵا دەستی ئەم دیاردەیە، هەم لەناو ڕۆشنبیرانی ئێمەدا و هەم لەلایەن حیزبە سیاسییە کوردییەکان خۆیانەوە. کە بە بۆچوونی من لە هەردوو باردا لێکدانەوەیەکی نوقسان و ناتەواو ناڕاستە و، هیچ کامیان نەیانتوانیوە زۆربەی ڕاستیەکانمان پێ بڵێن و جەنگ وەک بەرهەمی بونیادێک، لە پەیوەندیدا بەکارکردنی مرۆڤەکانەوە لەناویدا، بناسێنن و میکانیزمەکانی بەرپابوون و تەقاندنەوەی دەستنیشانکەن.

خاڵێکی دیکەی مەسەلەی بەبونیادگەراکردنی ئەو کێشانە مەسەلەی دووبارەبوونەوەی بەردەوامیانە لە مێژووی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئێمەدا. دووبارەبوونەوەیەک کە وامان لێدەکات قسە لەکۆمەڵی «نەگۆڕ» بکەین، کە جەنگ وەک دەرەنجامی مانەوەی ئەو «نەگۆڕ»انە بسەپێ و مێژووی ئێمە ملکەچی جەبر و قورساییە ترسناکەکانی بێت.

وەک ووتمان ئەگەر بونیاد، یان بەبونیادگەرا کردنی کێشەکان بەو مانایە نەبێ کە ڕۆڵی خود و کەسەکانی

لەبلەی تەقاندنەوە گەیاندنی کێشەکاندا بسڕێتەوە؛ واتا بەو مانایە نەبێت کە (ئالتۆسێر) باس لە «لەبەرکردنی تاکەکەس بۆ بونیادەکان» دەکات و تاکەکان بەتەواوی دەیدات بە جەبری بونیادەکانەوە، یان بەو مانایەی کە «مێژوو لەدەرەوەی زاتەکان دروستدەبێ) و خودی زاتەکان جگە لە قبوڵکردنی یاسا و جەبری بونیادەکان چ ڕۆڵێکی دیکەیان نییە. ئەوکات دەشێ بەساکاری بپرسین ئەی باشە بەنەگۆڕ، ماتەوەی فاکتەر و مۆتیڤەکانی جەنگ بەچ مانایەک؟ ئەگەر جەنگ لە سەردەمانێکی دوورەوە، کە دەشێ بە شەڕی نێوان میرنشینە کوردییەکانی سەدەی نۆزدە دەستپێبکەین، بەشێکی «نەگۆڕ» بوویێت لە مێژووی ئێمە، ئایا ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە کەسەکان لێی بەرپرسیارنین و بونیادەکان دەیخوڵقێنن یان دەیسەپێنن؟ ئایا ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە خودی ئەو کەسانە قوربانیەک لە قوربانیەکانی بونیادەکانن و جەبرێک، جەبری مێژوو، لە دەرەوەرا تفەنگەکانیان پێدەتەقێنێ؟ ئەڵبەتە وەک پێشتریش هێمامان پێکرد و چەمکی بونیاد و مەسەلەی بەبونیادگەراکردنی کێشەکان لەم باسەدا بەم مانایە بەکارنەهاتووە و هەرگیز ناکرێ لەژێر بەهانەی بەبونیادگەراکردنی ئەو کێشانەدا، مەسەلەی بەرپرسیارێتی ئەو (سەرکردە) و کەس و گروپانە فەرامۆشکرێت کە خاوەنی دواهەمین بڕیاری بەتەقە خستنی تفەنگەکانن.

مەسەلەی «نەگۆڕ»ی و «جێگیری»ی ڕەگەز و بونیادەکان، مەسەلەی «دووبارەبوونەوە» و بەردەوامبوونیان لە مێژوودا، مەسەلەی بەبونیادگەراکردنیان لەم باسەدا بەمانای «سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەیانە لەزەمەندا». واتا مەسەلەی ئامادەگی کۆمەڵێ هێز و تێڕوانین و عەقڵیەتە کە کێشەکانی دوێنێ لەمڕۆکەدا بەهەمان شێوە و بەهەمان مانا و بەهەمان ئاڕاستە بەرهەمدەهێننەوە. واقعێک دووبارە و دەبارەدەکەنەوە کە کاری سەرەکی ئەوان گۆڕین و تێپەڕاندنی ئەو واقیعە و تێکشکانی ڕەگەزە «نەگۆڕ» و دووبارەبووەکانیەتی. بەبونیادگەراکردنی ئەو کێشانە مانای پیواری (غیاب) عەقڵیەتێکی گۆڕانخوازە، پیواری ڕەخنەیەکی ڕادیکاڵ و ئاساندنێکی ڕادیکاڵی کێشەکان و بەرنامەیەکی ڕادیکاڵە بۆ گۆڕینیان. واتای ڕەتکردنەوەی زەمەنە لە ڕێگای بەرهەمهێنانەوەی دوێنێ لەناو ئێستادا، مانای دۆڕاندنی ئێستاییبوون و ئامادەگی وشیارانەیە لەناو ڕووداو و پەیوەندی و ئاڵۆزییەکاندا.

بەمجۆرە ناکرێت ڕۆڵی کەسەکان و گروپەکان لەناو میکانیزم و کارکردنی بونیادەکاندا لەبیربکەین و ئەوە لەیادبەینەوە کە دواجار مرۆڤەکان جوولە و ئاڕاستە بە بوونیادەکان دەدەن. گەرچی خودی بونیادەکانیش هەڵگری جەبر و ناچاری تایبەتن و دواتر سنورێک یان چوارچێوەیەکی دیاریکراو بۆ ئیرادە و کاری ئیرادەگەرانە دەکێشن. دەکرێت لێرەدا ئەو قسەیەی (مارکس) کەدەڵێت: «مرۆڤەکان مێژوو دروستدەکەن، بەڵام لە چوارچێوەی هەلومەرجێکی دیاریکراودا» پێچەوانە بکەینەوە و بڵێین: «ڕاستە هەلومەرجەکان ئامادەن و سنوردادەنێن بۆ کارە ئیرادەگەرییەکانی مرۆڤ، بەڵام دواجار ئەوە مرۆڤە کە ئەو هەلومەرجانە دەگۆڕێت و مێژوویەکی دیکە دروستدەکات».

بۆ ئەوەی ئەم مەسەلەیە زیاتر ڕوونبکەینەوە و بۆ ئەوەی هیچ گومانێ بەرامبەر بەبونیادگەراکردنی جەنگ دروستنەبێ، هەوڵدەدەم لە ڕووی دوو زاراوەی (ئەرستۆ)وە جارێکی دی ئەم مەسەلەیە ئاشکراتر و ئاسانتر بخەمەڕوو ومەبەستەکانم بە خوێنەر بناسێنم.

(بونیاد) لەم باسەدا زیاتر لەو جۆرە بوونە دەچێ کە (ئەرستۆ) ناوی دەنێ «بوونی بەزەبر- الوجود بالقوة »، بەڵام (جەنگ) وەک ڕووداو ئەو شێوازەی بوونە کە ناوی «بوونی بەکردەوە ـ الوجود بالفعل»ی لێنراوە. وەک چۆن گواستنەوە لە(بوونی بەزەبرەوە) بۆ (بوونی بەکردەوە) لای ئەرستۆ بەناو چالاکیە مرۆڤییەکاندا تێدەپەڕێ. ئاواش بەهەمان شێوە گواستنەوە لە(بونیاد)ەوە بۆ (ڕووداو)، گواستنەوەیەکە بەبێ چالاکی و جوولە مرۆڤییەکان دروستنابێت. لێرەوە ئەگەر (جەنگ) بوونێکی بونیادانەی هەبێ لە دنیای ئێمەدا، ئەوکات ئەوەی دەیکاتە (ڕووداو) خودی کارکردنی بونیادەکە نییە وەک بونیاد، بەڵکو کۆی ئەو بڕیار و چالاکییە مرۆڤیانەیە، کە لەناو بونیادەوە، جەنگ، بۆ ناو مێژوو پەلکێشدەکەن. لە(بوونی بەزەبرەوە) دەیکەن بە(بوونی بەکردەوە)، لە مەتبوونەوە دەیگۆڕنە سەر جوولە. بۆیە هەرگیز ناکرێ بەبەهانەی بەبونیادگەراکردنی ئەم کێشەیە بەرپرسیاریەتی مرۆڤەکان لەبەرپاکردنی جەنگدا لەبیربکەین و کارەساتەکان بخەینە ئەستۆی بونیادەکان نەک بڕیارەکان.

ئەگەر ئەو بۆچوونانەی سەرەوە ئەوەی تائێستا باسکراوە کورتبکەمەوە دەکرێ بڵێم: جەنگ دیاردەیەکە کۆمەڵێ ڕەگەزی بونیادیانەی «ئەگۆڕ» ئامادەیدەکەن و زەمینەیەکی لەبار و بەپیتیش بۆ تەقاندنەوە و بەرپابوونی بەرهەمدەهێنن. بەڵام هەمیشە کۆمەڵێ «بڕیاری سیاسی» دێت و ئەو ئامادەگییە بونیادییە، لەناو پراکتیک و هەڵسوکەوتی ڕۆژانە و دنیای واقیعدا دەکاتە ئامادەگییەکی ژیاری (حەیاتی) و جەنگ لە (زەبرەوە) بەرەو (کردەوە) یان لە (بونیادەوە) بەرەو (ڕووداو) پەلکێشدەکات. هەر ئەم ڕاستییەشە وامان لێدەکات بۆ قسەکردن لەسەر جەنگ نە مەنهەجیەتی بونیادگەریی بەتەنیا و نە مەنهەجیەتی فینۆمینۆلۆژی بەتەنیا بەڕاست بزانین و بەدوای ڕوانینێکی فراوانتردا بگەڕێین کە لەیەک کاتدا هەم ڕەگەزە بونیادییەکان و هەم ڕەگەزە تاکییەکان (فردی)، هەم جەبری واقیع و کولتوورو هەم ئیرادەی سیاسی، هەم خودی مێژوو هەم خودی ئەو عەقڵەی لەگەڵ مێژوودا دەدوێت، هەر هەموویان بەسەر یەکەوە، لە گشتێتیەکی تایبەتدا، بە هۆکار و سەرچاوەی جەنگە بەردەوامەکانی خۆمان بزانین.

## (٣)

ئەو هەڵوێستەی سەرەوە بەرەو ئەوەمان دەبات وەک خاڵی سەرەتا هەوڵدەین تۆپۆگرافیای جەنگ لەناو پێکهاتەی هێزە سۆسیۆلۆژییەکان و لەناو پێکهاتەی مرۆڤەکاندا، دەستنیشانکەین، واتا ئەو شوێن و جێیە بدۆزینەوە کە جەنگی لێوە هەڵدەقوڵێت و بەسەر جەستەی کۆمەڵایەتیدا بڵاودەبێتەوە. ئەو زەمینە پێشینەیە، ئەو ناوەندە، کە بوونی بەزەبری جەنگ، بوونی بونیادانەی هەم دەگرێتە خۆی و هەم وەک خاڵی سەرەتاش دەبێتە دەروازەی پەڕینەوەی بۆ ناو واقیع و مێژوو.. واتە ئەو هەڵقەیە بدۆزینەوە کە بوونی بەزەبر و بوونی بونیادیانە، دەبەستێتەوە بە بوونی بەکردەوە و بوونی ڕووداویانەی، جەنگەوە. هەڵقەیەک کەهێندە پەنهان و وزە نادیارەکان دەگۆڕێتە سەر وزە و هێزی دیار و ئامادە، وێناکردنەکان دەکاتە کردەوە، ئامادەگیەکان دەگۆڕێت بە پراکتیک، هێزە سایکۆلۆژییەکان دەکاتە جووڵەی ڕەوشتی. بەکورتی ئەو هەڵقەیە نادیارانە پراکتیکەکان ئاراستەدەکات و یاساکانی خۆی دەسەپێنێ و فیکر و بۆچوونەکان دەگۆڕێتە سەر جووڵە و هەڵسوکەوت.

دەشێت لێرەدا سود لەزاراوەی (هەبیتۆس) Habitusی سۆسیۆلۆژی بەناوبانگی فەرەنسی (بیار بۆردیۆ) ببینین و لەوێوە بچینە ناو ئەو ناوەندەی هێنامان بۆ کرد.

(هەبیتۆس) لای بۆردیۆ، ئەو ناوەندەیە کە جووڵە و پراکتیکەکان ئاراستەدەکات و ناوەندێکە (وێناکردنەکان)ی مرۆڤەکان دەگرێتە خۆی، ئەو وێناکردنانەی کە دواتر ئەوانن هێڵە گشتیەکانی ڕەوشت و هەڵسوکەوت دەستنیشان و کۆنترۆڵدەکەن. لێرەوە (هەبیتۆس) ژێرخانی پراکتیک و ئامادەگیە گشتیەکانی ئینسانە. بۆردیۆ دەڵێت: هەبیتۆس «ئەو ئامادەگیە گشتیەیە کە کۆمەڵێ وێناکردنی تایبەت بەرهەمدەهێنێ کە دەشێ لەمەیدانە جیاجیاکانی فیکر و کارکردندا پراکتیک بکرێت»، واتە (هەبیتۆس) ئەو ئامادەگیە گشتیەیە کە جۆنیەتی تێڕوانینەکانی مرۆڤ دەستنیشاندەکات، ئەو تێڕوانینانەی کە دواتر لەناو کایە جیاجیاکاندا، لەناو ڕەهەندەکانی فیکر و لەناو ڕەهەندەکانی پراکتیکدا، دەشێ هەم ببێ بە فیکر و بەرهەمهێنانی فکری، واتە هەم مەعریفە و ئایدۆلۆژیا، هەم بەجووڵە و هوڵسوکەوت، واتە ڕەوشت و هەڵوێستومرگرتن.

(بۆردیۆ) ئەم زاراوایە دەداتە پاڵ چینە کۆمەڵایەتیەکان، وە قسە لەسەر هەبیتۆسی چینایەتی دەکات. ئەو پێی وایە هەر هێزێکی کۆمەلایەتی (هەبیتۆس)ی خۆی هەیە، کە ئامادە گشتیەکان و وێناکردنەکانی ئەو هێزە نیشاندەدات. هەم لەئاستی فیکر و هەم لەئاستی پراکتیکدا مەسەلەی سەرەکی لای (بۆردیۆ) گۆڕانی ئامادەگییە گشتیەکانە بۆ پراکتیک، لەڕێی (وێناکردن)ەکانەوە. بەمانایەکی دی، ئەو لەوە دەکۆڵێتەوە چۆن ئامادەگییە گشتیەکان کۆمەڵێ وێناکردنی تایبەت بەرامبەر بەدیاردەکانی دەرەوە و بەرامبەر دەزگا و دامەزراوەکان و بەرامبەر بە(ئەوانی دی) و کۆی پەیوەندییەکان، بەرهەمدەهێنێت. کە دواتر دەبنە بنەمای ڕەوشت و هەڵسوکەوتەکان.

(بۆردیۆ) دەڵێ: منداڵێکی سەر بەچینی کرێکار لەگەڵ (هەبیتۆس)ێکدا مامەڵەدەکات، کە بۆ نموونە پێیدەڵێت

قوتابخانه زۆر گرنگ نییه و مرۆڤ تا زووتر پیشەیەک فێربێت باشترە. لێرەدا (ئامادەگی گشتی) لەئارادایە وا لەو منداڵە دەکات وێناکردنێکی تایبەتی بۆ قوتابخانە و بروونامەی خوێندن و هەموو سیستەمی پەروەردەیی هەبێت، لەکاتێکدا منداڵێکی سەر بەچینەکانی سەرەوە لەگەڵ (هەبیتۆس)ێکی دیکەدا مامەڵە دەکات، کە قوتابخانە بەبناغە و بنچینەی سەرکەوتن لە ژیاندا دەزانێ. لێرەوە ئەم منداڵە وێناکردنێکی دیکەی بۆ قوتابخانە و سیستمی پەروەردەیی هەیە و جۆرێکی دیکە لە ڕەوشت و هەڵوێست و تێگەیشتن بەرامبەر بە قوتابخانە و سیستمی پەروەردەیی دەنوێنێ. لێرەوە (بۆردیۆ) ئەنجامگیریدەکات و (هەبیتۆس) وا دەناسێنێ: ئەو «کۆمەڵە بنەمایانەیە کە بەرهەمهێنی پراکتیکەکانە».

ئەوەی من لەم زاراوەیەی (بۆردیۆ)، لە پەیوەندیدا بە دنیای ئێمەوە، دەبینم لەوەدا نییە بە دوای (هەبیتۆس)ی چینایەتی «چینە» جیاجیاکانی کوردستاندا بگەڕێین و وێناکردن و تێگەیشتنە «چینایەتیە» جیاجیاکانی ناو واقیعی کۆمەلایەتی کوردی پێ بخوێنینەوە، وەهەمێک کە دەشێ بکەوینە ناویەوە و دووبارەکردنەوەی هەمان ئەو دۆگمایانە بێت کە چەندان ساڵە واقیعی فیکری و سیاسیی ئێمە بەدەستیەوە دەناڵێنێ.

ئەلبەتە (جەنگ) لەدنیای ئێمەدا پێکدادانی دوو (هەبیتۆس)ی جیاوازنییە، ئەمە خاڵێکە دەبێت تەواو ئاشکرا و بەرچاوبێت. واتە جەنگ، شەڕی نێوان هەبیتۆسەکان نییە، شەڕی نێوان (ئامادەگیە گشتییە) جیاجیاکان نییە، شەڕێ نییە دوو (وێناکردنی) جیاوازی لەپشتەوە بێت. وێناکردنی دنیا و دەوروبەر، خود و ئەوانی دی، دۆست و دوژمن.. هتد.. ئەوەی من لەم زاراوەیەی (بۆردیۆ)دا، لەپەیوەندیدا بەجەنگەوە لەدنیای ئێمەدا، دەیبینم مەسەلەی تۆپۆگرافیای جەنگە. شوێن و شوێنەواری جەنگ.. واتە دەستنیشانکردنی ئەو زەمینەیەی جەنگی لێوەدێت.

سەرەتا پێمان لەسەر ئەوە داگرت کە جەنگ بەتەنیا لە دەرەوەرا نایەت و بەتەنیا لەوێوە بەسەر جەستەی کۆمەلایەتی و سیاسی ئێمەدا ناسەپێنرێ. ئەوەشمان ووت کە جەنگ لە ناوەوەرا شوێن و جێی هەیە و، تارادەیەکی زۆریش لەوێوە هەڵدەقوڵێت. ئێستا لەپاڵ (بۆردیۆ)دا دەکرێت بڵێم، جەنگ لە دنیای ئێمەدا بوونێکی هەبیتۆسانەی هەیە، واتە چیدی ڕووداوێکی لابەلا و سەرپێی و لاوەکی نییە و هەروا بەتەنیا ناکۆکییەکی سیاسی نایخولقێنێ، بەلکو لەڕاستیدا بۆتە بەشێک لە (هەبیتۆس)ی سیاسی و لەوێشەوە کۆمەلایەتی ئێمە، بۆتە بەشێک لە پرۆسەی (وێناکردنەکانی) ئێمە بۆ دنیا و دەوروبەر و پەیوەندییەکان. بۆتە بەشێک لەوێناکردنمان بۆ دەسەلات، بۆ کۆمەڵگا، بۆ نیشتمان، بۆ حیزب. بۆ خودی کورد و پرۆسەی کوردبوون خۆی. بە هەبیتۆسبوونی جەنگ مانای لەئارادابوونی ئامادەگییەک کە ئەو وێناکردنانەی سەرەوە لەڕێگەی جەنگەوە پراکتیزەبکات. بۆ نموونە وێناکردنی کوردستانی خواروو وەک دوو ناوچە (سۆران/ بادینان)، لەوێشەوە وێناکردنی (پارتی و یەکێتی) وەک دوو دەسەلاتی مۆنۆپۆل لە هەریەکێک لەو دوو ناوچەیەدا، دواتر وێناکردنی خودی (کوردبوون)، کوردی ڕاستەقینەبوون - دیارە لەدیدی ئەو وێناکردنە دوالیزمەوە بەپێی ئەو دابەشکردنانەی سەرەوە هەموو ئەمانە بەناچاری جۆرێک لە پراکتیک دەخەنەوە، کە ناتوانن پراکتیکی دیالۆگی، پراکتیکی دیموکراسی، پراکتیکیکی یەکدی قبولکەر بێت، بەلکو پراکتیکیکی یەکدی ڕەتکەرەوە، شەڕانگێز، توندڕەو دەبێت. بەلام خودی ئەم ڕەتکردنەوەیە، مانای ئەوەنییە، کە شەڕی کوردی شەڕی دوو هەبیتۆسە وەک پێشتر هێمامان پێکرد. یان دوو وێناکردنی جیاواز بۆ دنیا، بەلکو لەڕاستیدا شەڕێکی (هەبیتۆس)ە، بەلام لەناو سنوورەکانی یەک (هەبیتۆس)دا. لێرەدایە جەوهەری عەبەسیانەی ئەم شەڕە زیاتر ئاشکرادەبێت و لەوەمان ئاگاداردەکاتەوە کە ناتوانێ هیچ دەرەنجامێکی مێژوویی گرنگ بدات بەدەستەوە.

بەکورتی بە(هەبیتۆس)بوونی جەنگ بەمانای پەڕینەوەی جەنگە لە کایەی سیاسەتەوە بۆ ناو هەموو کایە کۆمەلایەتیەکانی ئێمە، لە حیزبەوە بۆ کۆمەڵگا و لە کۆمەڵگاشەوە بۆ تاکەکەسەکان، دواتریش لە ڕێگای جوولەیەکی پێچەوانەوە جارێکی دی لە تاکە کەسەکانەوە بۆ ناو حیزب و بەمجۆرە. ئەم بازنە داخراوە ئەو کارەساتە نوێیەیە کە کۆمەڵگای ئێمە لە دوای ڕاپەڕینەوە وە لەژێر کاریگەریی کاری وێرانکارانەی حیزبە کوردییەکاندا وەک تاقە بکەرێکی کۆمەلایەتی، بکەرێکی مۆنۆپۆل، کەوتۆتە ناوی وئێستا لە هەموو کات زیاتر، ئاسۆی گۆڕین و تێپەڕاندن و چارەسەری وون و نابینا و نائامادەیە.

ساکارتر بدوێین، دەکرێت بڵێین شەڕ لە دنیای ئێمەدا، لە شەڕ لە سەر دەسەڵاتی سیاسییەوە بۆتە شەڕ لەسەر هەموو دەسەڵاتەکانی دیکە، لە مۆنۆپۆڵکردنی یەکلایەنەی پەیوەندیی نێوان دەزگاکانی حیزب و دەزگاکانی کۆمەڵگاوە، پەرپوەتەوە بۆ داگیرکردن و کۆنترۆڵکردنی خودی کۆمەڵگا. هەر ئەم پرۆسەی فراوانبوونەش وایکردووە جەنگ بوونێکی هەبیتۆسانەی هەبێت و لە سیاسەتەوە دارژێتە ناو ژیانی خۆی، لە ڕەهەندی سیاسیی کەسایەتی مرۆڤی ئێمەوە بگواسرێتەوە بۆ هەموو ڕەهەندەکانی دیکەی. لە «جیاوازی» نێوان دوو دیدی سیاسییەوە، «بکرێت» بە جیاوازی نێوان دوو مرۆڤ لەیەکدی، ئەم پرۆسەی گۆڕانە پرۆسەیەکە لەئاستێکی غەیبانی سەددەرسەددا ڕوودەدات و هەڵگری هیچ ڕەهەند و مەودایەکی مەعریفی و فیکری قووڵ و ساکاریش نییە بۆ یەکێ لە عەبەسیترین جەنگەکانی مێژووی ئێمەیە.

بەکورتی، لەڕاپەڕین بەدواوە، جەنگ لە دنیای ئێمەدا سیفەتی بە تەنیا سیاسیبوونی خۆی لەدەستداوە و بۆتە خەسڵەتێ لە خەسڵەتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای ئێمە، قووڵ بە هەناوی کۆمەڵگای ئێمەدا ڕۆچووە و بنەما سایکۆلۆژییەکانی مرۆڤی ئێمەی پەرژینڕێژکردوە. ڕەنگە ئەم پرۆسەیە، مەبەستم پرۆسەی پەڕاندنەوەی جەنگە لە کایەی سیاسەتەوە بۆ ناو هەناوی کۆمەڵگا و لە ڕووداوێکی دەرەکیەوە بۆ ناو (هەبیتۆس) پرۆسەیەک نەبووبێت حیزبە کوردییەکان بە ئەنقەست و وشیارانە کاریان بۆ کردبێت، بەڵکو دەشێ دەرەنجامی ململانێیەکی نابەرپرسیارانە و مەترسییەکی دەرکپێنەکراو و زنجیرەیەکی بەردەوامی کاری هەڵە و کوشندەبێت، کە حیزبە کوردییەکان نائاگایانە و بەدەر لە ویستێکی وشیار و بەدەر لە چاوەڕوانکردنی دەرەنجامە کوشندەکانی ئەنجامیاندابێت. واتە پراکتیزەکردنی سیاسەتێکی کوێرانە لە دەرەوەی هیچ توێژینەوە و تێگەیشتنێکی مەعریفیانەوە بۆ کۆمەڵگا و مرۆڤ و شێوازەکانی کارکردنی دەسەڵات و دەرەنجامەکانی لە کۆمەڵگایەکی لە شێوە کۆمەڵگای ئێمەدا. سیاسەتی ڕووت بەبێ مەعریفە لێرەشەوە بەرهەمهێنان و خولقاندنی کێشە و گرفتی گەورە بەبێ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەک بۆ چارەسەرکردنی.

## (٤)

کاری کوێرانەی سیاسەت، لە پیواری مەعریفە و توێژینەوە و تێگەیشتنی زانستیانەدا، دواجار ناوەند یان ڕەهەندێکی سیاسی دروستدەکات، لەباتی چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و ڕزگارکردنی کۆمەڵگا لە کاریگەرە کوشندەکان خۆی دەبێتە ڕێگرێکی کۆمەڵایەتی، دەبێتە قەیدێکی گەورە بەسەر گەشە و بەرەو پێشەوەچوونی کۆمەڵگا و کردنەوەی سنورەکان و ئیمکانەکانی ئایندە. «کایەی سیاسی» بە گۆڕانی لە کایەی چارەسەری کێشەکانەوە، بۆ کایەی خولقاندنی کێشەی نوێ و کایەی قوڵترکردنەوەی کێشە گەورەکان، هەموو ئەو مانایانە لەدەستدەدات کە سیاسەت بە هونەری بنیادنانی ئایندە، زانستی ئۆرگانیزەکردنی کۆمەڵگا، کردنەوەی ئەگەرە داخراوەکان، یەکساندەکات.

«کایەی سیاسی» نەخۆش، نەک تەنیا خودیی سیاسییەکان نەخۆشدەخات، بەڵکو هەموو یەکە کۆمەڵایەتیە جیاجیاکان بە ڤایرۆسەکانی خۆی نەخۆشدەخات. ئەو کۆمەڵگایەی (سیاسەت) لەناویدا کوێرانە کاربکات، زەحمەتە یەکە کۆمەڵایەتیەکانی دیکە توانای چاوکردنەوەیان هەبێت و دنیا لە حەقیقەتی خۆیدا ببینن. لە کۆمەڵگایەکی لە بابەتی کۆمەڵگای ئێمە، کە فەنتازیا و سیاسەت، سەرمایەی ڕەمزی و ڕەهەندە مەعنەویەکان، کاریگەرترن لەسەر جەستەی کۆمەڵایەتی تا ئابووری و چەمکە ماتریاڵەکانی، ئیفلیجبوونی سیاسەت، مانای ئیفلیجبوونی خودی کۆمەڵگایە و داخرانی دەرگاکانی ئایندە لەبەردەم سیاسەتدا، مانای داخستنی ئەگەرەکانی ئایندە لەبەردەم کۆمەڵگادایە. ئەگەر سیاسەت سەرەتا و کۆتایی ئەو توانایانەبێت کە دەیانەوێت لە دنیای ئێمەدا فۆرمێ بەکۆمەڵگا و بەمێژوو بدەن، لەبەر پیواری تواناکانی دیکە، یاخود تواندنەوە و کۆکردنەوەیان لەناو سیاسەتدا، وەک تاقە ڕێگای خۆدەربڕین، ئەوا ئەو کات قەیرانی سیاسەت، مانای قەیرانی هەموو توانا و وزە کۆمەڵایەتیەکانە، قەیرانی سەرتاسەری کۆمەڵگا و نوقمبوونە لەعەبەسێکی بێ سنوور و بێکۆتاییدا.

ئەگەر بمانەوێ وەسفێکی گشتی فەزای سیاسیی باڵادەست لە کوردستاندا بکەین، بەو پێیەی ئەم فەزایە یان ئەم کایە سیاسییە کە مێژووی کورد لەناویدا دەبزوێت و سەری بە دیوارەکانی ڕابردوو و ئایندەدا دەکێشێت و لێرەوە بڕیارەکان دەردەچن و وێناکردنەکان بەرهەمدەهێنرێن و مێژووی ئێمە ئەزموون دەکرێت. ئەوا ئەوکات ئەم وێنەیەی خوارەوەمان لادروست دەبێت:

فەزای سیاسیی کوردی لە حاڵی حازردا فەزایەکی دوژمنکارانەی وایە کە بچوکترین ناکۆکی تێیدا قابیلە بۆ ئەوەی زۆر بەتوندی بتەقێتەوە و پەرەبستێنێ بۆ جەنگێکی گەورە و گشتگیر. دووڕای جیاواز لەسەر مەسەلەیەکی تایبەت قابیلە ببێتە شەڕی نێوان دوو حیزب یان دوو تاقم و دواتر شەڕی نێوان ئەو لایەنگر و هەوادار و بنکە کۆمەلایەتیانەی ئەو دوو دەستە و تاقمە لە هەناوی کۆمەڵگای کوردیدا بەدەستیانهێناوە.

فەزای سیاسیی کوردی، فەزایەکە بێ مەعریفە، بێ زانست، بێ کادیری لێزان، بێ دیبلوماتی شارەزا. هەموو مێژووی سیاسیی کوردی تائێستا یەک دیبلۆماتی پلە سێ و چواریشی پێ دروستنەکراوە، فەزایەکە بێ لێکۆڵینەوە بێ ناسین بێ هیچ ئێز و تیۆرەیەک کاردەکات. فەزایەکە چەند قەرنێ لە دوای سەرەتاگە سەرەتاییەکانی میکاڤیلیەت و سەرەتاکانی لەدایکبوونی سیاسەتە وەک زانست.

فەزای سیاسەت لە کوردستاندا فەزایەکی بارگاویە بەسومبولەکانی جەنگ، بەتوندوتیژی ئاشکراو ڕەمزی - بە دابەشبوون، بە ناکۆکی و ململانێی خێڵەکانەوە و بە نەرجسیەتی دەسەلات و بە دەسکەوتی کاتی. فەزایەکە پڕکراو لە سومبولەکانی عەشیرەت، ناوچە، جیاوازی ڕەنگ، جیاوازی دیالێکتەکانی زمان، جیاوازی هاوپەیمانێتی، فەزایەکە هەنجن هەنجن بە هەڵەکانی ڕابردوو، بە هەڵەکانی ئێستا، بە دەستیوەردانی شوێنەوارانەی داگیرکەران، بە پەیوەندیی نهێنی و ژێربەردەی حیزبەکان. بە کرینی خەلک، بە باڵەوانکردنی خائینەکان، بە دروستکردنی سومبول و قارەمانی وەهمی، بە بەخشین و بلاوکردنەوەی لێکدانەوەی هەڵە، بە درۆکردن لەگەڵ خود و لەگەڵ خەڵک و لەگەڵ دنیادا.

ئەلبەتە ئەم فەزا سیاسییەی ئێستا و لەم کاتەدا بەم ناوەڕۆک و ڕەگەزانەوە لەئارادایە و خۆی بەسەر ژیانی سیاسیی کوردیدا سەپاندوە، فەزایەک نییە هەروا لە پڕێکدا و ناکاوانە لەدایکبووبێت. بەپێچەوانەوە ئەم فەزایە مێژوویەکی درێژی هەیە، مێژوویەکی درێژی پڕناکۆکی سیاسی چارەسەرنەکراو و کەڵەکەبوو بەسەر یەکدا، مێژووی درێژی بێ بەرنامەیی و هەڕەمەیی لە کاری سیاسیدا، مێژوویەکی درێژی پەیوەندیی دوژمنکارانە و خوێناوی، مێژوویەکی درێژی تێگەیشتنی هەڵە لە واقیعی کوردی و هێزە سۆسیۆلۆژی و بونیادە فەنتازی و سومبولیەکانی مرۆڤی ئێمە، مێژوویەکی درێژی تێگەیشتنی هەڵە لە دراوسێ و فەسایەکانمان، لە هێزە ناوچەییەکان، لە دنیا و ئاراستە جیهانییەکانی سیاسەت، مێژوویەکی درێژی تەماحی قەدەری و نەرجسیەتی سەرکردەکان.

بەکورتی فەزای سیاسیی ئێمە، بەو پێکهاتەیەی لە سەرەوە هێڵە گشتیەکانیمان دەستنیشان کرد، فەزایەکی تا سەر ئێسقان نەخۆش، تاسەر ئێسقان ئیفلیج، تاسەر ئێسقان عەبەس، فەزایەکە بۆتە کارخانەی بەرهەمهێنانی بێهیوایی و بەرهەمهێنانی سیاسیی ئیفلیج و سەرکردەی نەخۆش و لەوێشەوە بۆتە هۆکارێک بۆ بەرهەمهێنانی کۆمەڵگایەکی نەخۆش. کۆمەڵگایەکی ئیفلیج، کۆمەڵگایەکی بێ هیوا، ئەم فەزایە نەک فەزای ڕزگارکردن و ئازادی نییە، بەڵکو فەزای قەبراندنی ئازادی و تیرۆرکردنی ڕزگارییە.

ڕۆژگارێکی درێژە سیاسەت لە وڵاتی ئێمەدا پابەستی کۆمەڵێ ناوی دیاریکراو و حیزبی دیاریکراوە، کە خودی ئەو ناوانە مێژوویەکی درێژی ململانێی دەسەڵات، بەمانا خێڵەکی و فەردیی و پاتریارکیەکەی بە یەکیانەوە دەبەستێتەوە. کارەساتە گەورەکان نەبێ، وەک کارەساتی (ئەنفال)، ئەوانە لە هیچ کاتێکی دیکەدا پەیوەندییەکی ئاشتیئامێز و هاوسەنگیان لەگەڵ یەکدیدا نەبووە. فەزای سیاسیی ئێمە لە ناوەڕاستی شەستەکانەوە فەزایەکی دابەشبووە بەشێوەیەکی ئاشکراو بەرچاو. بەسەر دوو بزاوتی سیاسیی سەرەکی و یەکدی ڕەتکەرەوەدا، کە لەپاڵیاندا کۆمەڵێ گروپ و ناو و کەسانی دیکەی پەراوێزی و لاوەکیش لە ئارادابوون، کە لە هیچ کاتێکی مێژووی سیاسیی ئێمەدا نەیانتوانیوە کاریگەرییەکی ڕاستەقینەیان لەسەر واقیعی سیاسی و کۆمەلایەتی ئێمە هەبێ،

وەنەیان توانیوە لە دەرەوەی ئەو دوالیزمەدا وەک هێزێکی کاریگەر و ئۆتۆنۆم دەسبەکاربن. کارەساتی سەرەکیش لەوەدابووە، ئەم دوالیزمە بەردەوام بارگاویبووە بەململانێی دەسەلات، بەناکۆکی توندو تیژ، کە تێیدا بەردەوام ئەگەریی جەنگ و پێکدادان، بە درێژایی ئەو مێژووە، ئەگەرێکی کراوە و زیندوو بووە و هەمیشە جەنگ لەنێوان ئەو دوو هێزەدا، لەئاشتی ڕاستەقینەتر و واقیعیتربووە.

## (٥)

بەبڕوای من خۆراکی سەرەکیی بەردەوامیی ئەو دوالیزمە و بەرهەمهێنانەوەی توندی بەو فۆرم و ناوەڕۆکەی سەرەوە، لە سەرێک لە سەرەکانەوە وابەستەی ئەو دوالیزمە ئەنترۆپۆلۆژییە زیهنیسەیە کە زەینی ئایینی هەڵگریەتی. ئەو دوالیزمە ئایینییەی دنیا دوولایەتانە دابەشدەکات بۆ لایەنی خێر و لایەنی شەڕ، لایەنی باش و لایەنی خراپ، لایەنی بەموتڵەقی لەسەر هەق و لایەنی بەموتڵەقی ناهەق. ئەم شێوە ئاینییەی دابەشکردنی دنیا، کۆنترین شێوەی دابەشکردن و سەرەتاییترین و ساکارترین هەوڵدانی پۆلێنکردنی دنیایە. پۆلێنکردنی ئەو هێزانەی دەشێ لەپاڵیاندا کەسە جیاجیاکان ڕەوت و ئاڕاستەیەک بە ژیان و ئێستا و ئایندەی خۆیان بدەن.

پۆلێنی ئایینیانەی دنیا پۆلێنێکی جەبری و تاک ڕەهەندە. ڕاستە هەموو پرۆسەی پۆلێنێک هەڵگری جۆرێک لە جەبر و ناچارییە، بەڵام ئەوەی پۆلێنی ئایینی لە پۆلێنەکانی دیکە جیادەکاتەوە سنورداربوون و تاک ڕەهەندییەتی. تاک ڕەهەندی بەو مانایەی جگە لەیەک حەقیقەت، یەک ستێنتەر، یەک ئاڕاستە زیاتر شتێکی دیکە لەئارادا نییە، وەهەموو لادانێک لەو حەقیقەت و ستێنتەر و ئاڕاستەیە، کەوتنە ناو وەهم و ناڕاستی و بێ شوێنییە، کە تەرجمە سیاسییەکەی کەوتنە ناو خانەی خیانەت و ناپاکییە. پۆلێنی ئایینی دنیا پۆلێنێکی ئەخلاقیە، پۆلێنێکە بارگە ڕەوشتیەکانی دەستنیشانی ئەو ناوەندە ئەخلاقیە دەکات کە مرۆڤ بە ناچاریی لەناویدا دەبێ ببزوێ و ژیانی ئۆرگانیزەبکات. دوولایەنەی باش بەرامبەر خراپ، لە جەوهەردا هەوڵدانێکی ئەخلاقیە بۆ ئۆرگانیزەکردنی کۆمەڵگا و ساکارکردنەوەی ڕاڤەکردنەکانی مرۆڤ بۆ دنیا، بۆ ئەوەی بکرێ شێوازێک لە ڕەوشت و ئاکار بەرهەمبهێنرێت، کە ئەخلاقیەتی باڵادەست لە کۆمەڵگادا بتوانێ شێوازەکانی دیکە و ئەگەرەکانی دیکەی ئەخلاقی پێ کۆنترۆڵ و جڵەوبکات، لەژێر چاودێرییەکی توندا جێگیریکات بە جۆرێ کە گۆڕان و لابردنی ئارادەی مەحاڵ بەرزبکاتەوە. دیارە بەخشینی ئەم بارگە ئەخلاقیە بەپۆلێنە ئایینیەکان هەوڵدانێکی سەرەتاییە بۆ ئەوەی کۆمەڵگا لە دەرەوەی دەزگا و لە ڕێی فۆرم و بەها ئەخلاقیەکانەوە کۆنترۆڵبکرێ و پرۆسەی کۆنترۆڵ بەسەر هەموو جەستەی کۆمەلایەتیدا ببەخشرێتەوە. بەلام سیاسەت هیچ نەبێ لە زەمانی مایکافیلیەوە، بەوەی کە ئەخلاقی تەلاقداوە، ئیدی کەوتۆتە ناو زەمین و ناوەندێکەوە کە ئەو دابەشکردنە ئایینییە دوالیزمیە لەناویدا لاوازبووە و دنیا لەباتی یەک ڕەهەندی هەبێت، بۆتە هەڵگری چەندان ڕەهەند، لەباتی مۆنۆلۆژێکی ناوەکی داخراو بۆتە دیالۆژی هێزە جیاجیاکان لەگەڵ یەکدیدا. لە ڕاستیدا هاتنی (سیاسەت)، بەبێ لاوازبوونی ئاین و بەبێ چوونە شوێنی ئاین کارێکی مەحاڵە، وە هیچ ئەزموونێکی مێژوویی تەندروست لەبەردەستدانییە بتوانێ ئەم دووانە لە هاوکێشەیەکی تەندروستدا بەیەکەوە کۆبکاتەوە.

بەلام ئەم ڕاستییەی سەرەوە، مانای ئەوەنییە کە زیهنیەتی ئایینی لە تەواوی چۆنیەتی کارکردن و نزیکبوونەوەیدا لە دنیا شوێنی خۆی لەدەستداوە و بەتەواوی ماڵئاواییکردووە. گرفتی سەرەکی لەوەدایە کە لەدایکبوونی سیاسەت، بەتایبەتی لە پیواری پرۆژەیەکی فیکری و مەعریفی و کۆمەلایەتی بەرفراواندا لە شێوەی پرۆژەی ڕێنیسانسی خۆرئاوایی کە بتوانێ عەقلیەتی ئایینی و بنەما ئەپستمۆلۆژییەکانی وەبەر ڕەخنەیەکی ئەپستمۆلۆژی بدات، (لەدایکبوونێکی ئایینیی)بووە. لەدایکبوونی ئایینیی بە مانای گواستنەوەی هەمان میکانیزم و بنەما ئەپستمۆلۆژییەکانی تەماشا و ڕاڤەکردنی ئایینیانەی دنیا بۆ ناو سیاسەت، وەبەرهەمهێنانەوەی هەمان سیستەم لەناو سیاسەتدا. بەمجۆرە سیاسەت هاتووە و شوێنی ئایینی گرتۆتەوە، بەلام قولاییە ئەپستمۆلۆژییەکانی ئایینی تیرۆرنەکردووە. سیاسەت جل و پۆشاکەکانی ئایینی داکەندووە، بەلام لۆژیکی ئایینی نەگۆڕیوە. سورەت و ئایەتەکانی لابردووە، بەلام دابەشکردنەکانی ئاین بۆ دنیا و بۆ مرۆڤ و بۆ مێژوویی بۆ لانەبراوە. بێگومان گۆڕینی

عەقلیەتی ئایینی بەعەقلیەتێکی مۆدێرن پرۆژەیەکە تەنیا گواستنەوەی ئایین بۆ سیاسەت ناتوانێ بیخولقێنێ، بەڵکو یەکلایەنەکردنەوەیەکی هەمەلایەن، لەئاستی مەعریفەوە بۆ سایکۆلۆژیا، لە ئۆرگانیزەکردنی ژیانی تاکەکەسەوە بۆ ئۆرگانیزەی هەموو کۆمەڵگا، مەرجی سەرەکی ئەو گواستنەوە عەقلیە گرنگەیە، کە دواجار هەم (ئایین) لەشوێنی حەقیقی و قەبارەی حەقیقی خۆیدا ڕادەگرێ و، هەم کۆمەڵگاو مرۆڤیش لە شوێنی شیاوی خۆیاندا. تەنیا لەم بارەدایە دەشێ قسە لە مێژوویەکی تەندروست بکەین، مێژوویەک کە هاوسەنگانە بەرەوپێشبچێ و بکرێ ئیرادە لەناویدا دەستبەکاربێت. دابەشکردنەکانی ئایین، باش/خراپ، حەڵاڵ/ حەرام، ئیماندار/ کافر، لە پیواری ئەو پرۆسە مەعریفی و کۆمەڵایەتیەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد، ڕاستەوخۆ دەبنە دابەشکردنەکانی سیاسەت و شەحناتە دینیەکانیان دەگۆڕێتە سەر شەحناتی سیاسە. لێرەوە ئیمانداریی ئایینی دەبێتە ئیمانداریی سیاسی، بەڵام نە بەتێرمەکانی ئایین وەک (موسڵمان) یان (مەسیحی) یان (جوولەکە)یەکی ئیماندار، بەڵکو بەتێرمەکانی سیاسەت وەک (نیشتمانپەروەر)، (حیزب)یەکی ڕاستەقینە، دڵسۆز...هتد. حەڵاڵ و حەرامی ئاین، دەبنە حەڵاڵ و حەرامی ئایدۆلۆژیای سیاسی، باش و خراپیش، دەبنە پێشمەرگە، یان دڵسۆزی وڵات بەرامبەر خائین، جاش، خۆفرۆش.

سادەترین و بەڵگەنەویسترین دابەشکردنی سیاسی لە دنیای ئێمەدا ئەم دابەشکردنەیە بۆ نیشتمانپەروەر/ خائین، دابەشکردنێ کە هەر گروپ و هێزێکی سیاسی لەلای خۆیەوە پیادەیکردووە و کۆمەڵگای لە ڕێگاوە خانەڕیزیکردووە، ئەم دابەشکردنە سەرەکییە بەئامادەبوونی ئایدۆلۆژیا سیاسییەکان ڕەهەندێکی دیکەی لەخۆگرتووە و دەلاقەیەکی نوێی کردۆتەوە، ئەویش دابەشکردنی هێزەکان بووە بۆ پێشکەوتنخواز/ کۆنەپەرست، کە لە زۆر ساتەوەختی مێژووی ئێمەدا (کۆنەپەرست) بەخائین ناونووسکراوە و ناکۆکی نێوان پێشکەوتنخواز و کۆنەپەرست بە سەرەکیترین ناکۆکی زانراوە.

ئەوەی ئەو دابەشکردنانەی سەرەوەش لە ئاستی هەڵسەنگاندن و ناونانی ئایدۆلۆژییەوە بۆ ئاستی پراکتیک و واقیعی ڕۆژانە و، وردەکارییەکانی ناو مێژوو دابەزاندوە، ئەو دوو شێوازە جەنگاوەرەن کە مێژووی ئێمە لە ژێر جووڵە و هەڵسوکەوت و پلانەکانی ئەواندا بیری لە پرۆژە ئایینیەکانی کردۆتەوە، مەبەستم لەو دوو جەنگاوەرەش پێشمەرگە و جاشە. ئەم دوالیزمە (پێشمەرگە/ جاش) ئەو دابەشکردنانەی سەرەوەی توندتر و سەختترکردۆتەوە، توندتر بەو مانایەی بارگاویکردوون بە کۆمەڵێ شەحناتی ڕەمزی، دەریکردون بەوەی لەبوونی واقعیانەی خۆیاندا تەماشابکرێن و بوونێکی ماهەویی پێبەخشیون. ئەو دوالیزمە وایکردووە نەکرێ واقیع لە دەرەوەی سومبولەکانی تەماشابکرێت، لە دەرەوەی خوێندا، لە دەرەوەی فیداکاریدا، لە دەرەوەی جەستەدا، ئەگەر شەهیدەکان ئەو سومبولە مەزنانەبن کە مێژووی ئێمە بەرهەمیهێنابن، ئەو ڕۆحە گەورانەی کە هەوڵیاندابێ مێژوو نیشتمانی ئێمە بە قەبارەی کراوەیی و گەورەی ڕۆحی خۆیان کراوە و گەورەبکەن، ئەوا لەهەمان کاتدا، لە ڕێگەی ئەو جەبرانەوە کە لەناو واقیعی سیاسیی کوردیداو، لەناو دنیای ڕەمزی و فەنتازیای ئێمەدا پیادەیانکردووە جەبرێ کەئەوان نەیانویستووە پیادەیکەن ئەوەندەی مێژووی ئێمە و واقیعی فیکری و مەعریفی ئێمە پیادەیکردووە.. زەمینەی خوێندنەوەی واقیعیان سەختتر و زەحمەتتر و دوورترکردۆتەوە.

بەکورتی بەرهەمهێنانەوەی دوالیزمە ئایینیەکان لەناو سیاسەتداو، بەسومبولکردنی ڕووداوەکان و، بەجەبریکردنی دابەشبوونەکان، شەهادەی لەدایکبوونی سەقەتی سیاسەتە لە دنیای ئێمەدا، لە دایکبوونێ کە دواجار (جەنگ)و (ڕەتکردنەوەی موتڵەق)ی بەتاقە سەرچاوەی چارەسەری کێشەو گرفتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان زانیوە و لەدەلاقەی ئاین وگریمان و دابەشکردنەکانیەوە.. تەماشای سیاسەت و کۆمەڵگا و مێژووی کردووە.

ئەو دابەشکردنانەی سەرەوە بە ڕاست و بە درۆ، لە هەموو بۆنە و مەسەلەیەکدا، لە هەموو پرۆسەیەکی ناونان و پێناسەکردندا، لەبەردەم هەموو پرۆژەیەکی نوێدا، بەکارهێنراون و چەندبارەکراونەتەوە. شوناسی خود و شوناسی (ئەوی دی) لەپاڵ ئەو دابەشکردنانەدا دەستنیشانکراوە.

دیارە فەزایەکی لەو بابەتە هەر لە بنەڕەتەوە هەڵگری هیچ بونیادێکی دیالۆگی نییە و پرۆسەی خوبەموتڵەقکردن پرۆسەی هەرەبالادەست و هەرەبەهێزە لە ناویدا. ئەمەش وایکردووە هەر لە سەرەتاوە نەکرێ گوێمان لە زیاد لە نەغمەیەک ببێت، ئەگەرچی وەک ووتم دەشێ سیاسەت نەغمە ئایدۆلۆژییەکانی خۆی خستبێتە جێی نەغمەی سوورەت و سرودە ئایینیەکان.

ڕاستە سیاسەت لە دنیای ئێمەدا لە دوای تەریککردنی ئایینەوە، وەک ئایدۆلۆژیای بالادەست هاتۆتەکایەوە. واتە لەو کاتەوە کە ئایین چیدی نەیتوانیوە ئێمە بە (پەیمانێکی ئایینی) بە(برا دینیەکانمانەوە) گرێ بدات و لە شوێنی ئەو (پەیمانە ئایینییە) پێشنیاری (پەیمانێکی سیاسی) کردووە، کە مێژووی دوای ڕوخاندنی (میرنشینی بابان)و هەوڵەکانی ئێمە لەوکاتەوە تائێستا گەڕانێکی بەردەوامە بەدوای ئیمزاکردنی ئەو (پەیمانە سیاسییەدا) لەگەڵ (دراوسێکانمان)دا. دەڵێم ڕاستە ئەم جێگۆڕکێیە ڕوویداوە، بەلام مەسەلەکە لەوەدایە کە نە پرۆسەی گەڕان بەدوای ئەو پەیمانەدا، واتا خودی خەباتە بەردەوامەکانی ئێمە، نە گۆڕینی ناوەڕۆکی ئەو پەیمانە لە (پەیمانێکی ئایینی)یەوە بۆ (پەیمانێکی سیاسی) توانای ئەوەی نەبووە کە جەبری بونیادییانەی زەینیەتی ئایینی و چۆنیەتی فەنتازیاکردنی دنیا لە ئاستی میکانیزە ناوەکییەکاندا بگۆڕێت. مەسەلەیەک کە لێرەدا و لە توانای ئەم باسەدا نییە هۆکاری مەعریفی و کۆمەلایەتی و ڕەمزییەکانی بناسێنین، بەلام دەشێ دەرەنجامە ئاشکراکانی ببینین و کەم تازۆر کاریگەرییەکانیشی لەسەر واقیع و مێژووی ئێمە دەرکبکەین و هەوڵدەین سەرەتاگەیەک بۆ خوێندنەوەی دەستپێبکەین.

(٦)

ئێمە ووتمان جەنگ بوونێکی هەبیتۆسانەی هەیە و ووتمان ئەو بوونەش ناچارماندەکات بکەوینە ناو ئەو وێناکردنانەی مرۆڤی ئێمە بۆ دنیا و دەوروبەر و دۆست و دوژمن و سیاسەت، مێژوو، کۆمەڵگا... هتد هەیەتی. وەک هەنگاوی یەکەمیش ئەوەمان ووت کە زەینیەتی ئایینی زەینیەتی بالادەست و دەستبەکارە لە دنیای ئێمە و سیاسەت لەناو ئەو زەینیەتەدا دەژی و وەلامەکانی بۆ دنیاو مێژوو و کێشە کۆمەلایەتیەکانی ئێمە لەوێوە بەرهەمدەهێنێ. هەروەها پەنجەشمان بۆ ئەوە ڕاکێشا کە دوالیزمە ئایینیەکان (باش/ خراپ - حەلال/ حەرام - ئیماندار/ بێ ئیمان) لە کایەی سیاسەتدا بەهەمان مانا و هەمان لۆژیکی ناونان، دوالیزمەکانی (نیشتمان پەروەر/ خائین - پێشکەوتوخواز/ کۆنەپەرست، پێشمەرگە/ جاش)ی بەرهەمهێناوە.

خاڵی ناوەندی لەو بۆچونەی سەرەوەدا ئەوەیە کە (وێناکردنە) سیاسییەکانی ئێمە لە جەوهەردا وێناکردنێکی ئایینین. پرۆسەی بەرهەمهێنانی وێناکان، پرۆسەی ناونانی دیاردەکان، مەبەستم وێنەو ناونانە سیاسیەکانە، بە هەمان لۆژیک و هەمان ئامرازە ئایینیەکان کاردەکەن. وەک ئاشکراشە فیکری دینی فیکرێکە پابەستی فەنتازیاکانی مرۆڤە، پابەستی ڕەهەندە غەیبیەکان، پابەستی (توانایەکی فیکری) کە دەکەوێتە ئەودیوی سنوورەکانی عەقڵ و لۆژیکی عەقلانیەوە. (خەیاڵ) سەروەری یەکەمە لە پانتاییە دینیەکانی فیکردا. (وێنە) دواهەمین بەرهەمە نەک دەرەنجامی عەقڵی و مەعریفیەکان. بۆ فکری دینی ناسینی دنیا گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە (ئاسمان) بناسین، ناسینی دنیا دەبێ بۆ مەبەستی ناسینی ئاسمان بێ، خودی دنیا خۆی ئاماژەیەکە بۆ ئاسمان و هیچی دی. لێرەوە کاتێ سیاسەت ئەم وێناکردن و میکانیزانە قبوڵدەکات و دەیانکاتە بنەمای کارکردنی خۆی لەسەر دنیا و بنەمای کارکردنی خۆی بۆ ناسینی واقیع و کێشەکانی، ئەوکات جگە لە نائومێدییەکی مەعریفی بەهیچ دەرەنجامێکی مەعریفی ناگات.

سیاسەت دێت بۆئەوەی دنیا شیبکاتەوە، زۆرجاریش دژ بەڕاڤەکردنەکانی ئاسمان، دنیا بناسێنێ جۆرێک لە پراگماتیزم پیادەبکات، بچێتە ناو ململانێکانی سەر زەویەوە، نووقمبێت لەناو کێشە و دەرەنجامەکان و ساتەوەختیەکانیدا، لەناو سیاقەکاندا مەلەبکات، گوێ لە دڵی زەمەن بگرێت، دەستبخاتە سەر نەبزی مێژوو، یە کورتی کۆمەڵێ کار جێبەجێبکات کە (ئایین) و لۆژیکی ئایینیی کەم نرخ و بێبایەخیان دەکات. بەم مانایە سیاسەت بە درێژایی خەت دژبە ئایین و لۆژیکی ئایینیە. بەلام وەک ووتم، سیاسەت لە دنیای ئێمەدا ئەم کارەی بۆ

ئەنجامنەدراوە، لەدایکبوونی خۆی مانای کۆتایی (ئایین) نەبووە، وەک ووتیشم وێناکردنە سیاسییەکانی ئێمە لە جەوهەردا وێناکردنی دینیین، بەڵام دەبێ ئەو خاڵە تەواو ئاشکرابێ، کە سومبول و ڕەگەزەکانی ئەو وێناکردنانە جیاوازن، بە مانایەکی دی وێناکردنەکانی سیاسەت بۆ دنیا و کێشەکان، وێناکردنێکی ئایینین بەڵام لە پیواری سومبول و ڕەمزە ئایینیەکاندا، واتە لە پیواری موفرەداتەکانی (خودا، شەیتان، فریشتە، بەهەشت)و جێگرتنەوەیان بە موفرەداتەکانی (نیشتمان، سەرۆک، حیزب، پێشمەرگە) هتد... بەڵام داخۆ خودی ئەم گۆڕانە چ کاریگەریی و دەرئەنجامێکی لەسەر مێژووی ئێمە بەگشتی و لەسەر مێژووی سیاسیمان هەبووە؟

بەبۆچوونی من، یەکێ لە گرنگترین دەرەنجامەکانی ئەو کاریگەرییە دابەشکردنی دوالیزمانەی ژیانی سیاسیی کوردە بەسەر دوو لایەندا، کە هەر یەکێکیان لەدەلاقەی ڕەتکردنەوەوە تەماشای ئەوی دی و تەماشای هەر هێزێکی دیکەی ئایندەیی دەکەن. کاریگەرییەکی دیکە ئەم وێناکردنە ئایینیانە، لە گواستنەوەیدا بۆ ناو سیاسەت و پراکتیکی سیاسی، دروستنەبوونی (ئیجماعی سیاسییە). ئەگەر لە سەدەی نۆزدەهەمدا (ئایین) (ئیجماعی فەرهەنگی)، یان هیچ نەبێ ئیجماعێکی بەهێزتری لەئیجماعی سیاسی خوڵقاندبێت و میری میرنشینێک یان شێخێ لە شێخەکانی تەریقەت لەسەر بنەمای ئەو (ئیجماعە ئایینیە) ڕێژەییە توانیبێتی ژمارەیەکی بەرچاویی خێڵە جیاجیاکان و کەسانی سادەی ناو گوند و شارە کوردییەکان بەیەکەوە کۆبکاتەوە و حوکمیانکات، ئەوا لەم سەدەیەدا، واتە لەو کاتەدا کە سیاسەت چۆتە شوێنی ئایین، کێشەی سەرەکی ئەوەیە کە ئیجماعی سیاسی نەیتوانیوە بچێتە شوێنی ئەو (ئیجماعە ئایینیە)و حیزبە کوردییەکان نەیانتوانیوە ئەو پرۆسەیە جێبەجێبکەن کە میرنشینە کوردییەکانی سەدەی نۆزدەهەم کەم تازۆر جێبەجێیاندەکرد.

(ئاین) بەوەی وێناکردنێکی، گشتی تر و هاوبەشتر و ئاسانتر بۆ سومبولە سەرەکیەکانی دەخوڵقێنێ. مەبەستم وێناکردنەکانی (خودا، بەهەشت، جەهەنم، فریشتە، شەیتان هتد...) هەروەها ڕەهەندێکی ئەبەدی و ئەزەلیشیان پێدەبەخشێت و لەهەمان کاتدا مێژوویەکی درێژتریشیان هەیە، بۆیە ئاسانترە کەسانێکی زۆر لە ژێر چەتری ئەو وێناکردنانەدا کۆبکاتەوە و وایان لێبکات خۆیان وەک هاوڕەگەز و هاوچارەنووس ببینن. ئەمە جگەلەوەی فیکرەی (مردن) و لێپرسینەوە، هەمیشە خستونیەتە بەردەم پرۆسەی لێکدببوردن و گەردن ئازادیەوە. ترادیسۆنێ کە بەتوندی لە دنیای ئێمەدا ئامادەیە. هەرچی سیاسەتە بۆی نەکراوە ئەم پرۆسانە جێبەجێ بکات و ئەو وێناکردنانەی سیاسەت بەرهەمیهێناون لە گشتێتی خۆیاندا نەیانتوانیوە بگەنە ئاستی گشتێتی وێناکردنە ئایینیەکان و هەمان هێزی وێناکردنە ئایینیەکانیان هەبێت. بۆ نموونە هەرگیز مەسەلەی بوونی (یەک کوردستانی گەورە)، وەک ناوەندیترین سومبولی سیاسیی ئێمە نەیتوانیوە بچێتە شوێنی (بوونی یەک خواوەند) یان هیچ نەبێت هەمان هێز و مۆتیڤی ویژدانی هەبێت. هەرگیز وێناکردنەکانی (بەهەشتی ئەو دنیا) شوێنی خۆی لە خەیاڵ و ویژدانی مرۆڤی ئێمەدا نەداوە بە(بەهەشتی وڵات)، هەرگیز (حیزب) نەچۆتە شوێنی (فریشتەکان). لێرەدا سیاسەت لە ئاستی ویژدانی و سایکۆلۆژی و زەینیدا، واتا لەئاستی ڕەمزی و فەنتازیدا نەیتوانیوە هاوبەشێکی کۆمەڵایەتی، ویژدانی، سایکۆلۆژی، فەنتازی بەرفراوان بەرهەمبهێنێت و هەمیشە بەدەست ئەو کەموکورییە کوشندەیەوە ناڵاندوویەتی، هەر ئەمەشە قەیرانی ناسیۆنالیزمی کوردی لە ئاستە ویژدانی ورۆحیەکەیدا نیشاندەدات و هێما بۆ بۆشاییەکی ڕۆحی نەتەوەیی دەکات کە تائەم ساتەی ئێستاشمان بەتاڵە و بەهیچ بارگەیەکی ویژدانی پڕنەکراوەتەوە.

دوالیزمی دینی لە سیاسەتی ئێمەدا بۆتە هۆی دابەشبوونێکی شاقوڵیانەی هێزەکان، کە ئەمیش بە ڕۆڵی خۆی هۆکارێکی گرنگی دروستنەبوونی ئیجماعی سیاسییە. مێژووی ئێمە، بەتایبەتی مێژووی سیاسیمان، هەرلەسەرەتاوە هەڵگری ئەم دابەشبوونە شاقوڵیە بووە، بۆ نموونە دابەشبوون و ململانێی دوولایەنەی نێوان (ئەفسەرەکان) و (پادشاکان) لە گروهی (تعالی و تەرەقی)دا. (شێخ مەحمود) و خوێندەوارانی زەمانی خۆی، پارتی دیموکراتی کوردستان و بوونی بەدوو باڵ لەناویدا و دواجار دابەشبوونی لە ناوەڕاستی شەستەکاندا.

ڕاستە دەشێ زیاد لەهۆکارێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەسێتی بۆ ئەم دابەشبوونانە لەئارادابن، بەڵام لە هەموو بارێکدا ناکرێت کاریگەرییە کوشندەکانی شێوە بیرکردنەوە و خیبراندنی ئایینیانەی دنیا و، دابەشکردنە

شاقولّی و ناکۆک ئامێزەکانی، لەسەر پیواری ئیجماعی سیاسیی کوردی لەبیربکەین. پیواری ئیجماعی سیاسی لە هەمان کاتدا هێما بۆ پیواری ئیرادەیەکی گشتی یەکگرتوو دەکات. ئیرادەیەک کە وێناکردنە جیاجیا دژبەیەکەکان پارچە پارچە و هەنجن بەهەنجنیکردوە و نەیهێشتووە مێژووی ئێمە تەنانەت کارەساتەکانیشی بەرۆحیەتێکی گشتی و ئیرادە و ئیجماعێکی گشتیەوە بژی.

بەدروست بوونی ئەحزابی جیاجیاش لەسەر ئەو بنەما ئایینیەی ئاماژەمان بۆ کرد، واتە لەسەر بنەمای رەتکردنەوەی موتڵەقی یەکدی. ئەو برەش لە ئیرادە کە لە مێژووی ئێمەدا داینەمۆی رووداوەکان بووە، ئەویش دابەشبووە بەسەر حوزوری حیزبە سیاسییە جیاجیاکاندا. لێرەوەیە کە دەکرێ قسە لە پیواری (ئیرادەی گشتی) بکەین و بڵێین ئێمە مێژوویەک ژیاوین لە پیواری ئیرادەیەکی گشتیدا. مێژووی ئێمە لەباشترین باردا نیشاندەری کۆمەڵێ ئیرادەی دەستەبژێرانەیە، کە نەیانتوانیوە بەیەکەوە بژین و کاربکەن، ئیرادەیەکی دەستەبژێرانە کە دەشێت بەسەر دوو دەستەبژێردا دابەشیانکەین: یەکەم: دەستەبژێری تەقلیدی، دووەم: دەستەبژێری نوێ.

## (٧)

(حیزب) پێشنیاری دەستەبژێرە (نخبة) کوردییەکان و دەستپێشخەری ئەوانە بۆ وەڵامدانەوەی کێشە مێژووییەکانی ئێمە. (حیزب) تاقە دەزگای سیاسی کوردییە، کە ئیرادەی دەستەبژێری کوردی دەردەبڕێ. بۆ گەران بە دوای چارەسەرێکی سیاسییانەی مەسەلەی کورددا، دەکرێت پێداگرین و بڵێین (حیزب) تاقە دەزگایەکی ناخۆرسکە کە وشیاریی مرۆڤی ئێمە ناسیبێتی و ویستبێتی کاریپێبکات. لە کۆمەڵگای ئێمەدا دوو دەزگای کۆمەڵایەتی دیکە، بەر لە ئامادەبوونی حیزب لە ئارادابوون و رۆڵی سەرەکیان بینیوە لە سیستماتیزەکردنی هەوڵ و چالاکییەکانی مرۆڤی کورد و بەرنامەرێژیی پرۆژەکانیدا. بەڵام سیفەتی سەرەکی ئەو دوو دەزگایە و جیاکەرەوە بنەرەتیەکانیان لەوەدایە کە دوو دەزگای (خۆرسک)ن و زیاتر دەربڕی پیواری ئاگایین و هێمان بۆ کاری خۆرسکانەی مرۆڤی ئێمە لەسەر مێژوو. مەبەستم لەو دوو دەزگایەش (مزگەوت)و (خێڵە)، مزگەوت و خێڵ، دوو دەزگان کە مرۆڤی ئێمە بەردەوام خۆی لەناویاندا دۆزیوەتەوە و بەپێی فۆرم و یاسا و داواکارییەکانیان رەوشت و هەڵوێستی نواندوە و لەوێدا ژیاوە و هەر لەوێشدا مردووە. ئەگەر (مزگەوت) نوێنەری (وشیاری ئایینی)بێت، وشیاریەک کە بەهیچ جۆرێک دەربڕی ئیرادەی مرۆڤی ئێمە نیبە. ئەوەندەی دەربڕی پیواری ئەو ئیرادەیە و خۆبەدەستەوەدانی وشیارییە بە هەمەلومەرجە دەرەکیەکان. ئەوا ئەم سیفەتە وامان لێدەکات، لە پەیوەندیدا بە مەسەلەی سیاسەتەوە، هیچ جیاوازییەکی چۆنایەتی لەنێوان مزگەوت و خێڵدا نابینین و هەردووکیان بە درێژکراوەی یەکدی و بە تەواوکەری یەکدی بزانین. (مزگەوت) لەئاستی ئایدۆلۆژی و فەنتازیادا، خێڵی بەرهەمهێناوەتەوە و (خێڵ)یش لەلایەن خۆیەوە، بنەما ماتەرییەکانی بەردەوامبوونی مزگەوتی فەراهەمکردووە. هەردووکیشیان بەسەریەکەوە دوو سنوری ئەستوور و پۆلایین بوون کە کۆمەڵگای کشتوکاڵیی کوردیان پەرژینرێژکردووە و نەیانهێشتووە سنوورەکانی فراوانببێتەوە..

پرسیاری ئێمە لێرەدا ئەوەیە ئایا چ جۆرە پەیوەندییەک لەنێوان (حیزب) وەک دەزگایەک کە ئیرادەی دەستەبژێری لەپشتەوەیە وە (عەشیرەت) وەک (دەزگایەکی سروشتی) کە هێزە کۆمەڵایەتیەکانی ئێمەی ئۆرگانیزە و سیستماتیزەکردوە، لەئارادایە و بەچ شێوەیەک کاریان لەیەکدی کردوە؟ ئایا (حیزب) خێڵی راکێشاوەتە ناو (کایەی سیاسی)یەوە و لەوێوە یاساکانی ئەو کایەی بەسەردا سەپاندوە، یاخود بەپێچەوانەوە (خێڵ) حیزبی ناچارکردوە لەناو پێکهاتەی سروشتی ئەودا و لەناو دنیای سنووردار و ئینتما بچووکەکانی ئەودا نووقمبێت؟ بەمانایەکی دیکە ئەگەر (حیزب) سومبولی وشیاری بێت و (خێڵ)یش سومبولی واقیع، ئایا چ جۆرە پەیوەندییەک لەنێوان ئەو دوولایەنەدا هەبووە؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە و لەپەیوەندیدا بەبوونی دوو دەستەبژێری جیاوازەوە، سەرەتا وای بەباش دەزانین کە قسە لە پەیوەندیی هەر یەکێ لەو دەستەبژێرانە بە تەنیا لەگەڵ حیزب و لەگەڵ عەشیرەتدا بکەین و دواتر بێینە سەر کاریگەریی (کایەی سیاسی) لەسەر (خێڵ) و پەیوەندییەکانی نێوانیان.

ئێمە هێنامان بۆ ئەوە کرد کە (حیزب) هەڵگری ئیرادەی دەستەبژێر و پرۆژەکانی دەستەبژێرە، هەروەها ئەوەشمان ووت کە دنیای ئێمە دوو جۆر دەستەبژێری بەخۆیەوە دیوە، دەستەبژێری مۆدێرن و دەستەبژێری تەقلیدی. هەروەها دەکرێ وشیاریش بەپێی دەستەبژێرەکان بۆ دوو جۆر وشیاری (وشیاری تەقلیدی)و (وشیاری نوێ) دابەشکەین. مەبەستم لە(وشیاری تەقلیدی) کە شوناسی (دەستەبژێری تەقلیدی) دیاریدەکات، کۆی ڕەوش و فەنتازیاکانی ئاین و سومبولە تەقلیدییەکانی ناو واقیعی کوردە، ئەو سومبولانەی کە هالاوی ئایینیان لێ هەڵدەستێ و هەر لەسەر زەمینی ئایینیشەوە هاتونەتە ناو مێژووی ئێمەوە.

دەستەبژێری تەقلیدی لەپاڵ ئەو وشیارە تەقلیدییەدا ڕاستەوخۆ شانی داوەتە سەر ئەو (سەرمایە ڕەمزییەی) کە شارەزایی و ئاگایی ئاین و تەقلیدی بۆی فەراهەمکردوە، (سەرمایەیەکی ڕەمزی) کە پەیوەندییەکی پتەوی هەیە بەو دنیا ڕۆحی و ڕەهەندە ئایینیەوە کە سەرلەبەری کەسایەتی مرۆڤی کوردی داگیرکردوە و ماناکانی بوون و مێژوو، دنیا، مرۆڤ و مەبەستەکانی دیکەشی بۆ پێناسە و دەستنیشاندەکات.

ئەم (سەرمایە ڕەمزییە) کە بزوێنەری سەرەکی و داینەمۆی وەگەڕخستنی مرۆڤی ئێمە و هێزە کۆمەلایەتیەکانمان بووە، ئەو هێز و دەسەلاتەی بەخشیوە بە هەڵگرانی کە بتوانن واقیعی سیاسی و کۆمەلایەتی ئێمە کۆنترۆڵبکەن و شوێنی خۆیان لە لووتکەی هەرەمیی کۆمەلایەتیدا دەستنیشانکەن. دیارە ئەم هەڵوێست و شوێنە کۆمەلایەتیە، لەیەک کاتدا خاوەنەکانی هەم وەک سەرکردەی ڕۆحی و هەم وەک سەرکردەیەکی دنیایی ناساندووە، لێرەوە ئاسان بووە ئەم سەرکردانە خودی ئەو (سەرمایە ڕەمزییە) بگۆڕن بە سەرمایەیەکی ئابووری و کەڵەکەبوونی (سەرمایەی ڕەمزی) بگۆڕنە سەر کەڵەکەبوونی سەرمایەی ئابووری. ئەگەر زیاتر ئەم پرۆسەیە قووڵبکەمەوە دەتوانم بڵێم (کەڵەکەبوونی یەکەم)ی سەرمایە لە دنیای ئێمەدا لە پەیوەندیی نێوان ئەو دوو سەرمایەوە دروستبووە، نەک لە کاری سەربەخۆی سەرمایەی ئابووریی خۆیەوە. ئەمەش پرۆسەیەکە کاریگەریی گەورەی هەبووە بۆ سەر ژیانی سیاسیی ئێمە بەتایبەت بۆ سەر دەستنیشانکردنی بڕی تواناکانی (دەستەبژێری نوێ)، کە لە هەلومەرجێکدا خۆی دۆزیوەتەوە، کە دەبوایە دژ بەهەردوو شێوەکەی سەرمایە کاربکات.

دەستەبژێری تەقلیدی، لەپاڵ ئەو هاوکێشەیەی سەرەوەدا، واتە هەڵگرتنی هەردوو سەرمایەکە و گۆڕانی بەردەوامی سەرمایە ڕەمزییەکەشی بە سەرمایەی ئابووری و دواتر کەڵەکەبوونی بەردەوامی سەرمایەی ئابووری، بۆتە خاوەنی هەڵوێستێکی کۆمەلایەتی هێجگار پتەو بەهێز. هەر خودی ئەم پرۆسەیەش کە لەپشتیەوە وشیارییەکی تەقلیدی لەئارادابووە، پرۆسەیەک بووە هەموو شتێکی کردووە بۆ خۆبەرهەمهێنانەوە و خۆنوێکردنەوە و بەردەوامی خۆی. لێرەوە هەنگاوی یەکەمی (دەستەبژێری تەقلیدی) بریتیبووە لەپاراستنی ئەو هاوکێشەیە و پاراستنی وشیاری تەقلیدی. ئەمەش مانای پاراستنێکی سەرسەختانەی (سەرمایەی ڕەمزی)ی تەقلیدی، داینەمۆیی ژیانی ئابووری و لەوێشەوە سیاسی و کۆمەلایەتی (دەستەبژێری تەقلیدی)یە.

وەک ئاشکراشە زۆربەی هەرە زۆری سەرکردە سیاسی و کۆمەلایەتیەکانی ئێمە، سەر بەم دەستەبژێرە بوون و لەپاڵ ئەو هاوکێشە سیاسی و فیکری و کۆمەلایەتیەکاندا دەستبەکاربوون، زۆربەی هەرە زۆریان لەیەک کاتدا هەم (شێخ) بوون، واتە هەڵگری سەرمایەیەکی ڕەمزی گەورە و هەم (سەرۆک خێڵ) واتە هەڵگری سەرمایەیەکی ئابووریی گەورەش. لە (عوبەیدوڵای نەهریەوە) بۆ (شێخ مەحمود) بۆ (قازی محەمەد) بۆ (بارزانی)، سەرکردە سیاسییەکانی کورد دەربڕێکی ڕاستگۆی ئەو پرۆسەیەن کە باسمانکرد.

(دەستەبژێری تەقلیدی)، لە دوای دامەزراندنی حیزبەوە، لە یەک کاتدا هەڵگری سێ شوێنی کۆمەلایەتی گرنگ بوون. یەکەمیان شوێن و شوێنەواریان لەناو پێکهاتەی (خێڵ)دا، وەک سەرەک خێڵ و خوێندەوار و پیاوانی ڕیزی یەکەمی خێڵ. دووەمیان، شوێنیان وەک پیاوانی ڕۆحی و ئایدۆلۆژیستی (خێڵ) لە لووتکەی هەرەمی ڕۆحی خێڵ و دنیا فەنتازییەکەیدا. سێیەمیشیان، شوێن و شوێنەواریان لەناو دەزگاکانی حیزبدا وەک سەرکردە و پیاوانی پایەدار و خاوەن دەسەلات و خاوەن بڕیار.

ئەوەی لێرەدا شوێنی پێ لەسەرداگرتن بێت ئەوەیە، ئەم سێ شوێنە هەرگیز لای دەستەبژێری تەقلیدی لەیەکدی

جیانەکراونەتەوە و بەردەوام سنوورەکانیان کراوێ بەناو یەکدیدا. (حیزب) لەم هاوکێشەیەدا شتێ نەبووە دابڕاو و جیا لە جەستەی خێڵ، دەزگایەک نەبووە ئۆتۆنۆمی خۆی هەبێت و یاسا و میکانیزمی کارکردنی تایبەتی خۆی هەبێت. ئایدۆلۆژیستەکانی حیزب، ئایدۆلۆژیاو دنیا فیکرییەکەی حیزبیان لەو دنیا ڕۆحیە بۆ جیانەکراوەتەوە کە لەناو (خێڵ)دا بەرقەراربووە. حیزب بۆتە ماڵی عەشیرەت و، عەشیرەتیش بە ماڵی حیزب. حیزب بۆتە درێژکراوەی عەشیرەت لەناو جەستەی کۆمەڵایەتیدا و عەشیرەتیش بۆتە درێژکراوەی جەستەی حیزب لەناو جەستەی عەشیرەت خۆیدا. بەمجۆرە (عەشیرەت) میکانیزمەکانی خۆی بە(حیزب) داوە و (حیزب)یش لەناو ئەو میکانیزمانەدا هەوڵیداوە هەرمۆنیەتێک دروستبکات، کە بێ تێکشکان و ڕەتکردنەوەی میکانیزمە سەربەخۆکانی خۆی، کارێکی مەحاڵ بووە. بەمانایەکی دی، لەم هاوکێشەیەدا دەستەبژێری تەقلیدی، لەلایەکەوە سنوورەکانی عەشیرەتی بە هەمان لۆژیکی عەشیرەتەوە لەژێر هەمان میکانیزمدا و لەڕێگای حیزبەوە فراوانکردووە، لەلایەکی دیشەوە سنوورەکانی حیزبی، بەپێی هەمان لۆژیک، بەرتەسککردۆتەوە و لەناو عەشیرەتدا سنووربەندیکردوە.

یەکەمین دەرەنجامێ لەو پرۆسەیەی سەرەوە بەدەستیبهێنین، گۆڕینی حیزبە لە دەزگایەکی ئیرادەگەرەوە، لەدەستگایەکەوە کە ئاگایی دروستیکردوە بەدەزگایەکی سروشتی، دەزگایەکی خۆڕسک. دەزگایەک کە بەشێکە لە دنیای تەقلیدی، لە فیکری تەقلیدی، لە سەرمایەی ڕەمزی تەقلیدی و بەتاڵکردنەوەی لە هەر گوڕ و توانا و ڕەهەندێکی نوێکەر و ئایندەیی. دەرەنجامی دووەم بریتیە لەبەتاڵکردنەوەی کاریگەریی وشیاری لەسەر واقیع و دابڕینی واقیع لە هەموو بەرهەمهێنانەوەیەکی لە ئاستی فیکر و وشیاریدا و لە هەموو هەنگاوێک بە ئاراستەی گۆڕین و تێپەڕاندنی. بەمانایەکی دی فرتاندنی ئەو پەیوەندییانەی دەشێ وشیاری لە ڕێگەیانەوە کاریگەرییەکانی خۆی لەسەر مێژوو و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی پیادەبکات. دەرەنجامی سێیەم بریتیە لە کوشتنی دەزگا و عەقڵیەتی دەزگایی، ڕەتکردنەوەی دەزگا سەربەخۆکانی ئەودیو پێکهاتەی تەقلیدی، پرۆسەیەک کە حیزب دواتر، دوای ئەوەی سەردەکەوێ لەوەدا کە جەستەی خۆی لە جەستەی عەشیرەت جیابکاتەوە، بەتایبەت لای دەستەبژێری نوێ، لە بەرامبەر کۆمەڵگای شارستانیدا (مدنی) پراکتیکیدەکات. مەبەستم لەکوشتن یان داگیرکردنی حیزبە بۆ دەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنی. ئەم خاڵە دواتر دێینەوە سەر باسکردن و لێکۆڵینەوەی.

هەموو ئەمانەی سەرەوە وامان لێدەکات بڵێین، دەسەڵات لێرەدا شوناسێ وەردەگرێت کە بریتییە لە دەسەڵات لە پیواری وشیاری و لە پیواری دەزگادا. لە پیواری مەعریفە و لە پیواری کۆنترۆڵ و لێپرسینەوەدا. دەسەڵاتێکی سروشتی، هەڵقوڵاوی ناو دەزگا خۆڕسکەکان و جەبری سەرمایەی ڕەمزیی. دەسەڵاتێک لە دەرەوەی هەموو پەیمانێکی کۆمەڵایەتیدا، دەسەڵاتێ کە شانیداداوەتە سەر تەراتوبیەت و هیرارکیەتی ناو عەشیرەت و پەیوەندییەکانی خزم خواهی. دەسەڵاتێکی پاتریارکی کە لە لووتکەی هەرەمەکەدا سەرکردە و لە بنکەکەشیدا هەموو ئەوانی دیکە، لە لووتکەدا (شوان)ێک و لە بنکەدا (ڕەعیەت).

لێرەدا دەشێ، بەسوودوەرگرتن لەو ئارکیۆلۆژیایەی (فۆکۆ) بۆ دەسەڵاتی سیاسی لە کۆمەڵگای کۆندا کردویەتی، ئەو ڕاستیە دووپارەبکەینەوە، کە دەسەڵاتی سیاسیی لای ئێمە، لە ژێر کاریگەریی ئەو بنەما ئایینی و شوێنەوارە سۆسیۆلۆژی و سومبولیەی لە سەرەوە هێمامان بۆ کرد، بریتیە لە پەیوەندیی نێوان (شوان) و (ڕەعیەت)، شوانێک کە ڕانەمەڕێک دەلەوەڕێنێ و چاودێریشیاندەکات، (شوان)ی ناو حیزب کە هەمان (شوان)ی ناو عەشیرەتە. ئەگەر ئەو ڕایەی (برنارد بادی)شمان بەڕاست زانی کە دەڵێت لە دنیای ئیسلامدا تائێستاش (سەرزەمینی)و (ئاسمانی) لەیەکدی جیانەکراوەتەوە و بەتەواوی ڕژاونەتە ناو یەکدیەوە، ئەوا بە ئاسانی دەشێ شوێنەواری سەرزەمینی ئەو شوانە چ لەناو حیزب و چ لەناو عەشیرەتدا، بە شوێنەواری ئاسمانیانەی خوداوەند، لە وێناکردنەکانی مرۆڤی ئێمەدا بۆ (سەرکردە) بدۆزینەوە. هەر ئەمەش پاڵ بەئەندامێکی پەرلەمانی کوردییەوە دەنێ ڕایگەیەنێ کە فلانە سەرکردە لەوە پیرۆزترە بچێتە ناو پەرلەمانی کوردییەوە و پەرلەمان وەک باڵادەسترین دەزگای سیاسیی ئێمە، لە شوێنەواری ئەو وەک پیاوێکی پیرۆز کەمبکاتەوە. بەکورتی، (دەستەبژێری تەقلیدی) لە چوارچێوەی ئەو پەیوەندییانەی سەرەوەدا ناتوانێ جەستەی عەشیرەت و جەستەی حیزب، دەسەڵات لەناو عەشیرەت

و دەسەڵات لەناو حیزبدا، پەیوەندییەکانی ناو عەشیرەت و پەیوەندییەکانی ناو حیزب لە یەکدی جیابکاتەوە و حیزب دەکاتە بەشێک لە عەشیرەت و عەشیرەتیش بەشێک لە حیزب.

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بێینە سەر (دەستەبژێری نوێ)، ئەو دەستەبژێرەی کە ڕۆڵێکی سەرەکی بینیوە لە گۆڕینی (وشیاری ئایینی)دا بە(وشیاری سیاسی)، وە ئەو هەنگاوەی بە کۆمەڵگای ئێمە هەڵهێنا کە (سیاسەت)ی بە(ئایین) گۆڕیەوە. ئەم (دەستەبژێرە) هەر لە سەرەتاوە بەسیاسیانە لەدایکبوو، هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ کۆڕ و کۆمەڵەی ڕۆشنبیری و سیاسی، ڕۆژنامە و گۆڤار و، ئەدەب و نوسیندا هاتەکایەوە. دەستەبژێرێکە ئامادەگی ڕۆژئاوا لە دنیای ئێمەدا لە فاکتەرە هەرە بەهێزەکانی لەدایکبوون و چالاکبوونیەتی. هەروەها پرۆسەی (مۆدێرن)یزەکردنی کۆمەڵگای ئێمە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و چارەکی یەکەمی ئەم سەدەیەدا دەیهێنێتەکایەوە و لەناو نەخشەی سۆسیۆلۆژیی ئێمەدا شوێنەوارێکی پێدەبەخشێت. ئەم دەستەبژێرە (ڕەخنەگرانە) لەدایکدەبێ، (مۆدێرنانە) دەیەوێت بژی، بەڵام (ڕەخنە) و (مۆدێرنیزمێک) کە هەڵگری یۆتۆپیایەکی کۆنکرێت و ڕادیکاڵ نەبووە. مۆدێرنیزمێکی کورتکراوە بۆ کۆمەڵێ وەعز و ئامۆژگاری، بۆ بانگێشەکردن بۆ کۆمەڵێ گۆڕانی تایبەت لەناو پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئێمەدا کە زیاتر بەئاقاری پەروەردە و کێشەی چارەسەرکردنی نەخوێندەواری و بنیادنانی قوتابخانە و کۆمەڵە مافێکی سەرەتایی بۆ ئافرەتاندا تێدەپەڕیی. بەرنامە کۆمەڵایەتیەکەی ئەم دەستەبژێرە سنووری بەرنامەیەکی بەرتەسک و ڕیفۆرمیستیانەی سەرەتایی تێنەپەڕاندوە و بۆی نەکراوە بەرزبێتەوە بۆ ئاستی پرۆژەیەکی ڕەخنەیی قووڵی هەمەلایەن و لە ڕەخنە لە بونیادی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانەوە بۆ ڕەخنە لە عەقڵیەت و فەنتازیای باڵادەست بەرزبێتەوە. ڕەخنەیەکی گیرخوارد و لە نێوان خوێندنەوە و ناسینی هەڵەی واقیعی کوردی لەلایەک و ناسین و تێگەیشتنی هەڵەی تیۆرەکانیش لەلایەکی دیکە، ڕەخنەیەک لە دەرەوەڕا نەک لەناو بونیاد و پەیوەندییەکانەوە، ڕەخنەیەک لە دەرکەوتە بەرچاوەکانی دیاردەکان نەک لە ڕەگوڕیشە قووڵ و نادیارەکانی ئەم ئاستە ڕووکەشەی ڕەخنە، وادەکات دواجار (دەستەبژێری تەقلیدی) بەئاسانی و بەبێ گۆڕانێکی قووڵ و ڕادیکاڵ لە پێکهاتە و عەقڵیەت و بۆچوونەکانیدا، هێڵە گشتیەکانی ئەم ڕەخنەیە قبووڵکات و بیکاتە بەشێک لە پرۆژە و بەرنامەی کۆمەڵایەتی خۆی، بیکاتە پرۆگرامی بەرەنگاربوونەوەی نەحەدا کۆمەڵایەتیەکانی واقیعی کوردیی، بەڵام لە فۆرم و ناوەڕۆکێکی وادا کە هەم بنکە کۆمەڵایەتیەکانی خۆی پێ بپارێزێ و هەم ببێتە فاکتەرێکیش بۆ خۆنوێکردنەوە و خۆگونجاندن لەگەڵ هەلومەرجە نوێکانی واقیعی ئێمەدا. وردتر قسەبکەین، دەکرێ بڵێین بەرنامەی کۆمەڵایەتی دەستەبژێری نوێ ئەوەندە کەم خوێن و لاواز و بێ مەترسی بووە بۆ سەر واقیعی کۆمەڵایەتی ئێمە و شێوازی ڕیزبەستن و سیستماتیزەبوونی هێزەکانی ناوی، زیاتر لەوە دەچێ بەرنامەیەک بێ ئەم دەستەبژێرە بۆ ڕزگارکردنی دەستەبژێری تەقلیدی نووسیبێتی، نەک بەرنامەیەک کە دەربڕی شوناسی خۆی بێ وەک دەستەبژێرێکی نوێ، کە واقیع لەبەردەم پرسیاری گۆڕانی ڕادیکاڵ و بنەڕاتیدا ڕاگرێت و ناچار بەگۆڕانی بکات. ئەوەی ئەم کێشانەش خەستردەکاتەوە مەسەلەی بە(سیاسی)بوونی هەموو فەزای کۆمەڵایەتی و سەرلەبەری مێژووی هاوچەرخی ئێمەیە. بەسیاسیبوونی دنیای ئێمە لە ڕێی گەڕان بەدووای شوناسێکی نوێدا دوای پاشەکشێی شوناسی ئاینیانە، شوناسێک کە ساڵانێکی درێژ دەستنیشانی شوێن و جێی لەناو (ماڵی ئیسلام)دا، وەک «میللەتێکی باوەڕدار» و بەشێک لە «حیزبی خودا» دەکرد. ڕمانی خەلافەت و هاتنی ئاتاتورکیەت سەرەتای قەیرانێکی گەورەی شوناسە لە دنیای ئێمەدا، کە سەرەتا دەستەبژێری تەقلیدی دەستەبژێری نوێی وەک دوو هێز، دوو تەیاری دژبەیەک، دوو دنیادیتنی جیاواز نیشان دەدا. ئەگەر (دەستەبژێری تەقلیدی) لە دوالیکدانەوەدا دەستەبژێرێک بوو بێت، عەودالی گەڕانەوەی (خەلافەت) بووبێ، ئەوا دەستەبژێری نوێ «ئەفەندیەکان»ی وڵاتی ئێمە زیاتر لە پاڵ ئامادەگیی هێزە ئەنتی خەلافەتەکاندا بوون، لەپێش هەموویشیانەوە ڕۆژئاوا. ئەم بارودۆخە، کە سەرەتای قەیرانێک و سەرەتای ناکۆکیەکی دروستکرد، هەر زوو کۆتاییهات و ڕووناکیە لاوازەکانی کوژایەوە. لەسەرێکەوە وەڵامی بنەبڕانە و گومان هەڵنەگری (ئەتاتورک) بە خەلافەت و قەبراندنی یەکجارەکیی، لەلایەکی دیکەشەوە ئامادەیی سەخت و هەمەلایەنی ڕۆژئاوا لە دنیای ئێمەدا، دوو فاکتەری سەرەکی

کوشتنی ئەو ناکۆکیە بوون کە دەستەبژێری نوێ و دەستەبژێری تەقلیدی لەیەکدی جیاکردەوە. کۆتاییهاتنی ئەم ناکۆکیە، کە لەڕاستیدا دەشێ وەک ناکۆکی (دین) و (سیاسەت) تەماشایکەین، بە قازانجی (سیاسەت) و پاشەکشێی ئاین کۆتاییێهات. لەو ساتەوە ئەم دوو دەستەبژێرە لە پانتایی (سیاسەت)دا بەیەکدەگەن و لەوێدا درێژە بەبوونی خۆیان دەدەن. لەوێدا هەم تێکەڵ بەیەک دەبن ـ بەو مانایەی لە سەرەوە بە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی ئەم دوو دەستەبژێرە و بەرنامەکانیانمان دا. هەم لەیەکدیش دادەبڕێن، بەو مانایەی هەریەکێکیان دەیویست باڵادەستی لە کایەی سیاسەدا بە خۆی بدات و دواهەمین باڵادەستیی کۆمەڵایەتی بۆ خۆی بێت.

دەستەبژێری نوێ و دەستەبژێری تەقلیدی، پێکەوە لەدەرگای سیاسەت دەدەن و پێکەوە دەچنە ژوورەوە بۆ ناو دنیای حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان، بەڵام ئەم هاوکاتیە نەبۆتە هۆی بە(خاوەندار)بوونی دەستەبژێری نوێ بۆ ئۆرگان و ڕێکخراوەکان بەگشتی و حیزب بەتایبەتی، مەسەلەیەک کە وابەستەی توانا ڕەمزی و واقیعەکانی ئەم دەستەبژێرەیە، لە بەراوردکردنیان بە تواناکانی دەستەبژێری تەقلیدی. لێرەوە سەرەتای دابەشبوونێ دروستدەبێ کە دواتر، دوای ساڵانێکی درێژی پێکەوە ژیانێکی ناچارانە، لە ناوەڕاستی شەستەکاندا، دەبێتە هۆی دابەشبوونی ئەو ماڵەی پێکەوە کۆیکردبوونەوە، مەبەستم دابەشبوونی حیزبە. ئیدی لەو ڕۆژە بە دواوە ئەم دوو دەستەبژێرە ماڵ جیادەکەنەوە و بەئاشکرا دەکەونە ململانێ لەگەڵ یەکدیدا. سەرەتای ئەم ناکۆکیە دەستەبژێرانەیە، وەک ووتم، لە سەرەتای ئامادەبوونی سیاسەت خۆیەوە لە دنیای ئێمەدا دەستپێدەکات. لە ڕۆژگارە سەرەتاییەکانی دروستبوونی ئۆرگان و تەقینەوەی ناکۆکیەکانی نێوانیان کورد و «دراوسێ» قەسابەکانیانیەوە. لەناو گرووپی «تەعالی و تەرەقی»دا، ئەفسەرەکان ـ نوێنەرانی دەستەبژێری نوێ ـ و پادشاکانی ـ نوێنەرانی دەستەبژێری تەقلیدی ـ لەململانێیەکی سەختدا بوون. لەبزوتنەوەی (شێخ مەحمود)دا، ناکۆکی نێوان خوێندەواران و ئۆردوگای شێخ ناکۆکیەکی بەرچاو و سەخت بووە، لە خۆڕانیيە لەدایکبوونی چیرۆکی کوردی لە جەوهەردا دەربڕی خودی ئەو ناکۆکیە بێ کە شوناسی ئەو ڕۆژگارە دەستنیشاندەکات. دامەزراندن و گەشەکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان و مەسەلەی سەرکردایەتی لە ناویدا، دەربڕێکی زیندووی بوونی دوو مەیلی جیاواز و ئامادەبوونی دوو دەستەبژێری جیاوازە لەناو جەستەی حیزبدا.

بە بۆچوونی من، کێشەی هەرە سەرەکی دەستەبژێری نوێ نەبوونی ئەو (سەرمایە ڕەمزیە)یە، کە (دەستەبژێری تەقلیدی) هەڵگریبووە. سەرمایەیەکی ڕەمزی کە لە کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی وەک کۆمەڵگای ئێمەدا، کۆمەڵگایەکی خۆ سیستماتیزەکەر و دامەزراو لەسەر بنەمای (پەیوەندییەکانی خزم خواهی)، ڕۆڵێکی گرنگ و چارەنووسساز دەبینێ لە دەستنیشانکردنی ئەو هێزە کۆمەڵایەتیەی دەشێ باڵادەستیی کۆمەڵایەتی خۆی بسەپێنێ و سەرکردایەتی بگرێتەدەست.

لە ساتەوەختی گۆڕانی (ئاین) بە(سیاسەت) و لەدایکبوونی ئۆرگانە سیاسییەکانی ئێمەدا، دەستەبژێری تەقلیدی لەیەک کاتدا هەم هەڵگری سەرمایەیەکی ڕەمزی گەورە و هەم خاوەنی سەرمایەیەکی ئابووری گەورەش بووە، لە کاتێکدا (دەستەبژێری نوێ) بەدەست نەبوونی هەردوو سەرمایەکەوە ناڵاندویەتی و نائومێدانە خەونی بە سیاسەت و سەرکردایەتیەوە بینیوە. ئەم دۆخە یارمەتیدەرێکی باش و پایەیەکی بەهێزبووە بۆ (دەستەبژێری تەقلیدی) بۆ گرتنەدەستی جڵەوی حیزب و جڵەوی سەرکردایەتیکردنی.

ئەم کەموکورییە لەبێکهاتەی (دەستەبژێری نوێدا) کەموکورییەکی بونیادیە و ڕاستەوخۆ وابەستەی ستراکتۆری کۆمەڵگای کوردی وپێکهاتە کولتووری و ڕۆحی و ڕەمزییەکەیەتی. بێگومان چارەسەری ئەم کەموکورییە بونیادیە، بەبێ هەوڵدانێکی ڕادیکاڵانە بۆ گۆڕانی خودی ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتی و ڕەمزییە، جێگرتنەوەی بە پێکهاتەیەکی (نوێ) کارێکی مەحاڵە، بەبێ تێکشکاندنی ئەو کۆسپ و بونیادە ڕێگرانەی بەردەوام فوو بە ڕۆحی سەرمایەی ڕەمزی تەقلیدیدا دەکەن، هەر لە پێکهاتەی خێزان وپەیوەندیی نێوان گروپە کۆمەڵایەتیەکانەوە، تاپەیوەندی نێوان تاک و گروپ تاک و تاکدا دەکات، دەڵێم بەبێ تێکشکانی بنەماکانی ئەو پەیوەندیيانە کارێکی مەحاڵە بنەما کۆمەڵایەتیەکانی دەستەبژێری تەقلیدی لاواز و لێژکرێت و لە شوێنیدا بیر لە فۆرمی نوێ و ناوەڕۆکی نوێ

بکرێتەوە. بەبێ تێکشکاندنی پایە رۆحی و سایکۆلۆژییەکانی (سەرمایەی رەمزی) تەقلیدی، لە پایە و دەسەڵاتی ئایینیەوە بۆ کۆی ئەو تەرسانە فۆرم و بەها ئەخلاقی و رۆحیانەی ئەو پایانەی لەسەر راوەستاوە، ناکرێ بیر لە هیچ پرۆژەیەکی مۆدێرن و لاوازبوونی تەقلیدیەت بکەینەوە. گرفتی هەرە سەرەکی مێژووی ئێمەش لەوەدایە کە (دەستەبژێری نوێ) هەڵگری پرۆژەیەکی لەم بابەتە نەبووە. وەک نیشانیشمان دا بەرمانە کۆمەڵایەتیەکەی ئەم دەستەبژێرە هەڵگری قووڵیەکی رەخنەیی رادیکاڵ نەبووە، وە لەئاستی تەحەداکردنی پایە تەقلیدییەکان و بەناڕەواکردنی بوون و مانەوەیاندا نەبووە. بەمەش دەستەبژێری نوێ لە ناوەندێکا کاریکردوە کە نە ئێستاییبوونی ئەو ناوەندە و نەئایندەشی ئێستاییبوون و ئایندەییبوونی ئەو نەبووە، وە لە پێواری ستراتیژێکی رەخنەیی و شارستانی رادیکاڵدا، دواجار کەوتۆتە ژێر کاریگەریی پایە تەقلیدییەکانی کۆمەڵگای کوردیی و فۆرم و بەهاو دنیا سومبولیەکەی.

بەکورتی تێکشکانی پرۆژەی تەقلیدیەت، تێکشکانی دەسەڵاتی (دەستەبژێری تەقلیدی)، تەنیا و تەنیا بە کارکردنێکی وریا و وشیارانە لەسەر پێکهاتەی واقیعی کوردی و مرۆڤی کورد و کولتووری کوردی مەیسەردەبوو کە تێیدا هەم خودی واقیع و هەم خودی مرۆڤەکان لەو بازنە بچووک و بەرتەسکانە رزگارکرێن کە (دەستەبژێری تەقلیدی) نەخشەکانی خۆی لەسەر نەخشاندوە. لە تێکشکاندنی بونیادی خێڵەوە، بۆ بونیادی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان، لە ئینتمای بچووکەوە بۆ خێزان، خێڵ، ناوچە وە بۆ رۆحانیەتی ئایینی و مۆنۆپۆڵکردنی دنیا سومبولیەکەی مرۆڤی ئێمە.

بەڵام گرفتی سەرەکی لەوەدایە کە ئەم دەستەبژێرە دەرکی بەم فاکتەرە گرنگانە نەکردوە و واقیعی کوردی لەپاڵ نەخشە ئایدۆلۆژییە ئەرسۆزیسکیەکاندا خوێندۆتەوە و بەردەوام زنجیرە لەدوای زنجیرە ئەوهامی ئایدۆلۆژی بەرهەمهێناوە، نەک زانیارییەکی دروست دەربارەی واقیعی کوردی و دنیای رەمزی مرۆڤی ئێمە. بەکورتی (دەستەبژێری نوێ) لە دنیای ئێمەدا وەک ماشێنی بەرهەمهێنانەوەی دۆگما فیکرییەکان کاریکردوە. ئەو دۆگمایانەی کە نەک (دەستەبژێری تەقلیدی) لاوازنەکردوە و پرۆژەکانی تێکنەداوە، بەڵکو بەهێز و بەهێزتری کردوە و ئاوی حەیاتی بەجەستەیدا پرژاندوە.

لەم ناوەندەدا، دژایەتی ئەو دوو دەستەبژێرە بۆ یەکدی، بەوەی لەسەر بونیادێکی عەقڵی و بونیادێکی فەنتازیی ئایینی و هەموو ئەو دوالیزمانە دروستبووە کە ئایین بۆ پۆلێن و ناساندن و هەڵسەنگاندنی دنیا بەرهەمیاندەهێنێ، جگە لە رەتکردنەوەی موتڵەقی یەکدی و گوناهبارکردنێکی سەرتاسەریی هیچی دیکەی لێ دروستنەدەبوو. لێرەوە (دەستەبژێری تەقلیدی)، دەستەبژێری نوێ بە جاش و بەکرێگیراو و ئەفەندی و هتد... داوەتەقەڵەم و (دەستەبژێری نوێش) دەستەبژێری تەقلیدی بەکۆمپرادۆر و پیاوی ئیمپریالیزم و داردەستی کۆنەپەرستی و هتد... دەناساند. هەر هەوڵێکی دیکە و هەر جیاوازییەکی دیکەش بەهەر ئاراستە و رەهەندێکا و لەهەر شوێنێکی ناو دنیای فیکری و سیاسیی ئێمەدا لەلایەن رووە رەسمیەکانی ئەو دوو دەستەبژێرەوە بەخائین و ناپاک لەقەڵەمدەدران. یەک بەهەشت هەیە، ئەویش بەهەشتی «ئێمە»یە بەرامبەر بەجەهەنمی «ئەوان»، یەک فریشتە هەیە ئەویش «ئێمەین»، بەرامبەر بەشەیتانێ کە «ئەوان»ن، یەک نیشتمانپەروەر هەیە ئەویش «ئێمەین»، بەرامبەر بەخیانەتنامەی «ئەوان». دیارە ئەوەی ئەم لۆژیکە ئازادیی زیاتری پێداوە، (دەستەبژێری نوێ) بووە نەک تەقلیدی، چونکە (دەستەبژێری نوێ) لەناو پێکهاتەی کوردیدا بەحوکمی «نوێخوازی»ی خۆی، شوێنەواری لەقتر و لاوازتربووە. هەر ئەم لاوازییەشە دەستنیشانی چۆنیەتی کارکردنی ئەم دەستەبژێرە و تێگەیشتنی بۆ حیزب و شێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵیدا دەستنیشاندەکات. (دەستەبژێری نوێ) بەوەی هەڵگری (سەرمایەیەکی رەمزی) گەورە و بڕواپێکراو نەبوو، بۆیە هەم هەڵوێستی کۆمەڵایەتی و هەم هەڵوێستی لەناو حیزبدا هەڵوێستێکی لاوازبووە، لێرەوە تێگەیشتنی ئەم دەستەبژێرە بۆ حیزب هەمیشە بەو ئاراستەیەدا بووە کە حیزب وەک دەزگایەک و دوور راگیرێت لە کاریگەرەکانی (سەرمایەی رەمزی). لە رەهەندە تەقلیدییەکەیدا، (حیزب) دەبێ دەزگایەک بێ «پێشڕەوی چەوساوەکان» «نوێنەری کرێکاران» و «جوتیارانی شۆڕشگێڕ» بێت. بەکورتی حیزب دەشێ هەموو شتێ بێت، بەڵام گرێدراوی ئەو سەرمایە رەمزیە نەبێت

کە دەستەبژێری تەقلیدی هەڵگریەتی و لەڕێگەیەوە بۆ ناو یەکەیەکەی خانەکانی ناو تۆڕی کۆمەڵایەتی ئێمە دادەبەزێت. بەڵام نوشستی گەورە لەوەدایە ئەڵتەرناتیڤی (دەستەبژێری نوێ)، جگە لەدۆگما فیکرییەکان، بریتیبووە لە پراکتیکێکی پۆپۆلیزمیانە. پۆپۆلیزم لای ئەو دەستەبژێرە و لەم سیاقەدا شتێکی دیکە نەبووە جگە لە هەوڵێکی سەرسەختانەی ئەم دەستەبژێرە بۆ تێکشکاندن و هەڵوەشاندنەوەی سەرمایەی ڕەمزیی دەستەبژێری تەقلیدی. بەڵام ئەم پرۆسەیە لە واقیعێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی وەک واقیعی ئێمەدا پرۆسەیەکی مەحاڵ بووە، بەتایبەت لە پیواری دنیابینییەکی مەعریفی ڕەخنەیی ڕادیکاڵدا، چونکە واقیعی کوردی بەردەوام واقیعێک بووە پێویستی بە ڕەتکردنەوە هەبووە بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییە ئایدۆلۆژییەکانی. واقیعێکی گەمارۆدراو بە ئایین و ڕەمز و سومبولە ئەفسانەییەکان، واقیعێک لە دەرەوەی گەشەیەکی ئازاد و تۆتۆنۆمانەی دوور لە دەستێوەردانی شێوێنەرانەی داگیرکەراندا. لێرەوە هەوڵدانی دەستەبژێری نوێ بۆ مایەپووچ کردنی (سەرمایەی ڕەمزی) تەقلیدی پرۆسەیەک بووە لە سەرەتاوە هەڵگری هەموو مەترسییەکانی هەتیووکەوتنی کۆمەڵایەتی و بێ چەماوەری بووە، هەوڵدانی تێکشکانی فەزایەکی سومبولی بووە بەبێ پێشنیارکردنی فەزایەکی ئەڵتەرناتیڤ. بەمەش دەستەبژێری نوێ بۆ ڕزگاربوونی لەم دۆخە کۆمەڵایەتیە نالەبارە، کە لەئاستی (تەوفیقی) پرۆسەی مارەکردنێکی شەرمنانەی «تێزەی نوێ» لە(سەرمایەی ڕەمزی) تەقلیدی، کە دەرەنجامی ئەم پرۆسەیەش دیسانەوە بریتیبووە لەگەڕاندنەوەی حیزب بۆ ناو باوەشی (عەشیرەت)، بەڵام ئەمجارەیان عەشیرەت نە بەمانا سروشتیەکەی بە تەنیا، بەڵکو بەو مانایەش کە خودی (دەستەبژێری نوێ) خۆی بۆتە عەشیرەت و بەهەمان لۆژیک و میکانیزم کاریکردووە. لەڕاستیدا پێداگرتنی هەمیشەیی دەستەبژێری نوێ لەسەر خەباتی چەکدار دیسانەوە هەوڵدانێکی دیکەی ئەم دەستەبژێرە بووە بۆ بەدەستهێنانی (سەرمایەی ڕەمزی). هەوڵدانێ کە ئەمیش لە سایەی هاوکێشەی تەرازووی هێزەکاندا دیسانەوە بردویەتیەوە باوەشی خێڵ بە گەڕانەوەی حیزب بۆ ناو باوەشی عەشیرەت. لەڕێگای دەرگا و پەنجەرەی فیکریی و سومبولەکانی دەستەبژێری نوێوە دیسانەوە هەمان هاوکێشەی (شوان/ ڕەعیەت) دەبێتە شوناسی دەسەڵات. هەروەها بەوەی کە (دەستەبژێری نوێ) تائەم ساتەی ئێستاشمان هەڵگری پرۆسەی ڕەخنەگرتنێکی گشتی و سەرتاسەریی کۆمەڵگای ئێمە نییە و تێگەیشتنێکی دیکەی بۆ دەسەڵات پێشنیارنەکردووە. بۆ نموونە، بووژاندنەوە و بەهێزکردن و دروستکردنی (کۆمەڵگای شارستانی) کە تێیدا ئۆرگانەکانی ئەو کۆمەڵگایە سەربەخۆ لە ئۆرگانەکانی حیزب شێوازێک لە دەسەڵات پراکتیکبکەن. بەمانەیەکی دیکە مەبەستم دابەشکردنی دەسەڵاتە بەسەر زیاد لە دەزگا و هێز و ناوەندێکدا، بەجۆرێک ڕێگربێت لە کۆبوونەوە و چەقبەستنی دەسەڵات لە خاڵێکی دیاریکراو لە ڕووبەرێکی تەسکدا و بڵاوبوونەوەی بەسەر هەموو جەستەی کۆمەڵایەتیدا. دەڵێم دەستەبژێری نوێ بەوەی هەمان تێگەیشتنی تەقلیدی و هەمان وێناکردنی ئایینی (شوان/ ڕەعیەت) بۆ دەسەڵات دووبارەدەکاتەوە بەتەواوی لە ژێر جەبری کوێرانەی یاسای بونیادی کۆمەڵایەتی کوردیدا کاردەکات بەبێ دەرککردنی بەپێکهاتە و ڕەگەزەکانی ناو ئەو بونیادە و شێوازی پەیوەندی و چۆنیەتی کارکردنیان. بۆیە دەبینین هەمان ئەو دوالیزمە بەرهەمدەهێنێتەوە کە هەر لە سەرەتاوە مەعقولیەتی سیاسیی کوردی گیرۆدەیەتی و لە درێژەدان بەململانێکردنێکی دەسەڵاتکەرانە لەگەڵ دەستەبژێری تەقلیدیدا، دەستەبژێری نوێ هەموو ئەو پرۆژانە لەبیردەکات کە دەشێت دەرەنجامی هەنوکەییان نەبێت، بەڵام لەئاستی ستراتیژیدا دەرەنجامی ئایندەیی گرنگ بدەن بەدەستەوە و هەنگاوێکی ڕاستەقینە و ڕادیکاڵیش بن بۆ تێکشکاندنی نەگۆڕەکانی ئەو بونیادە و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی (هەبیتۆس)ی کۆمەڵایەتی ئێمە. بۆ ڕونکردنەوەی ئەم بۆچوونە من مەسەلەی هەڵبژاردنەکەی ساڵی ١٩٩٢و ڕووداوەکانی دوای ڕاپەڕین بۆ نموونە دەهێنمەوە، بۆ ئەوەی نیشانیبدەم کە چۆن کۆی کارکردنی هەردوو دەستەبژێرەکە نەک نەبووە هۆی خۆشنەکردنی زەمینەیەک بۆ خوڵقاندنی ئیجماعی سیاسی و ڕزگاربوون لە جەبری پڕوکێنەری دوالیزمە ئایینی و سەرسەختەکانی ناو سیاسەتی کوردی، نەک نەبووە هۆکاری باڵکردنەوە و ڕەهاکردنی هێزە نادیار و شاراوەکانی ناو (کۆمەڵگەی شارستانی) کوردی، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئاکاری ڕۆژانەی ئەو دوو دەستەبژێرە ڕۆژ دوای ڕۆژ وێناکردنە کۆنەکان و دوالیزمە دێرینەکانیان قووڵتر و بەهێزتر و پتەوتردەکرد.

(هەبیتۆس)ێکی دێرینەیان دەژیاندەوە کە دابەشکردنەکانی ناو واقیعی ئێمەی قووڵتر و فراوانتر و خوێناویتر دەکرد. بەرادەیەک خودی ئەو دوو دەستەبژێرە کەوتنە پەلاماردان و دابەشکردنی دوالیزمانەی سومبولە مێژوویيە نەتەوەییەکانیش، دەستدەبرا بۆ دابەشکردنی (فەنتازیای کۆمەلایەتی) ئێمە و فەنتازیای نەتەوەییمان لە ژێر زەبری دابەشکردنەکانی حیزبدا بەشبەش و پارچەپارچە دەکرا. بۆ نموونە، هەر لەو سەرەتاوە (پارتی) و (یەکێتی) شەڕیانبوو، شەڕێکی ڕەمزی، لەسەر مانا ڕەمزی و سومبولیەکانی (شێخ مەحمود). بەجیا پەیکەر و پۆستەریان بەناوی حیزبەکەیانەوە بۆ دروستدەکرد، هەردوولا هەوڵیاندەدا ڕەهەندە گشتیەکانی ئەو ڕەمزانە و ئاراستە نەتەوەییەکانی فەنتازیای کۆمەلایەتیمان بکەنە ڕەهەندی حیزبی و گشتێتیبوونی ئەو سەرمایە ڕەمزییە بکەنە مولکی تایبەتی حیزب. ئەنجامی هەڵبژاردنەکەش دووبارە بەرهەمهێنانەوەیەکی دیکەی هەمان دوالیزم بوو بەرادەیەک کار گەیشتە دابەشکردنی بەشە ناشیرین و دزێوەکەی مێژووی ئێمە، مەبەستم پیاوخراپان و خۆفرۆشە ڕاستەقینەکانە. فەسڵێکی دیکەی قووڵکردنەوەی ئەو دوالیزمە خۆکوشتنی حیزبە بچوکەکان و دابەشکردنی خۆیان بوو بەسەر دوو حیزبە گەورەکەدا. پاشانیش دابەشکردنی هەموو شتەکان بەنیوەیی (پەنجا بەپەنجا) وەک دەرەنجامێکی حەتمی ئەو بونیادە دوالیزمیە، لەڕووی واقیعیەوە بووە دابەشکردنێکی جوگرافیی کۆمەلایەتی کوردستانی خوارووکە جەنگ و ئەخلاقیەتی ڕۆژانەی کۆمەڵگای سیاسیی کوردی تا ئەم ساتەش ئەو دابەشکردنە فراوانتر و بەهێزتردەکەن و خەریکە لە یادەوەریی و ئاگایی خەڵکی ئێمەدا دەبێتە ئەمرێکی واقیع و ئەم بەشەی کوردستان لەئەنجامی ڕاپەڕینێکی جەماوەریدا دەبێتە دووبەش!!!

## بەشی دووەم

### (١)

ئەگەر جەنگ لە سادەترین پێناسدا سەپاندنی دنیابینیەک، وێناکردنێک، قازانج و دەسکەوتێکی تایبەت بێت بەسەر دنیابینیەک، وێناکردنێک، قازانج و دەسکەوتێکی دیکەی (جیاوازدا)، لەڕێی توندوتیژییەوە، یاخود پێکدادانی توندوتیژانەی دوو دنیابینی (جیاواز)بێت، یان هەڵنەکردنی دوو (جیاوازی) بێت بەیەکەوە، ئەوکات پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئایا کولتووری ئێمە چ پێناسێکی بۆ تێرمی (جیاوازی) هەیە، (جیاوازی) چ مانایەک دەبەخشێ، سنوورەکانی تاکوێ کراوەن و لەکوێدا داخراون؟ ئایا کولتووری ئێمە تا چەند ئەم تێرمەی لەناو دنیای واقیعی ئێمەدا بەگشتی و دنیای فیکری و سیاسیماندا بەتایبەتی پیادەکردوە؟ تا چەند دەبێت لەیەک بچین و کەی و لەکوێدا و چۆن لەیەکدی (جیاواز)بین؟

جیاوازی هەمیشە بەشێکە لە بوونی سروشتیانەی مرۆڤ. خودی سروشت خۆی چەندەها جیاوازی بەسەر مرۆڤدا دەسەپێنێ: جیاوازی سێکس (نێر/مێ)، جیاوازی لەش (گەورە/بچووک)، جیاوازی ڕەنگ (ڕەش/سپی/زەرد...)، جیاوازی ئاستی وریایی و زیرەکی و هتد... دواتر کولتوور دێت و یاسا بۆ ئەو جیاوازیان ەو دەیان جیاوازیی دیکە دادەنێت، ڕێسایەک بۆ کۆبوونەوە و پۆلێنکردن و سیستماتیزەکردنیان دادەنێت.

جیاوازی تێرمێکە لەهەناوی هەموو کولتوورێکدایە، ئەوەندەش گشتییە هەندێک کەس پێیان وایە ئەوەی شوناسی کولتوورێ یان تایبەتمەندییەکانی کولتوورێک دیاریدەکات لەوەدایە ئەو کولتوورە چ مانایەک بە تێرمی جیاوازی و خودی جیاواز دەبەخشێ. چۆن و بەچ شێوەیەک جیاوازی دەعەقڵێنێ، چۆن شتە جیاوازەکان کۆدەکاتەوە و هارمۆنییەتێکیان دەداتێ و بەڕێوەیاندەبات؟ تێرمی جیاوازی پەیوەندییەکی توند و بەهێزی بەتێرمی (شوناس)ەوە هەیە. ئایا تاکوێ من لەگەڵ (ئەویدی)دا وەک یەکم و پێکەوە (شوناس)ێکی هاوبەشمان هەیە. لەکوێدا جیاوازیەکانمان ئەوەندە گەورە و کاریگەرە ناکرێ لەژێر چەتری یەک (شوناس)دا کۆیبینەوە؟

ئەم پرسیارانە و دەیان پرسیاری دیکەی لەم بابەتە، سنووری ئەو زەمینە فیکرییە دیاریدەکەن کە دەبێ بەناویدا تێپەڕین بۆ ئەوەی بکرێ لەو پەیوەندییە ئاڵۆزە تێبگەین کە دوو بوونەوەری جیاواز بەیەکەوە گرێدەدات، دوو گروپ لە ناوەندی کولتوورێکدا بەیەکیەوە کۆدەکاتەوە، دوو دنیابینی جیاواز لە پەیوەندییەکدا بەرامبەر بەیەک ڕادەگرێت.

من لێرەدا هەوڵدەدەم زۆر گشتیانە ئەو مانا گشتیانە دیاریکەم کە تێرمی (جیاوازی) لە کولتووری ئێمەدا هەڵگرێین، بەڵام نەک وەک کۆمەڵێ مانای ڕەها، بەڵکو وەک شوێن و جێیان لە ڕێژەوێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا. شوێن و جێیەک کە لەوێدا ماناکانی ئەم تێرمە و دەلالەتەکانی بەرهەمدێن و بەناو دنیای کولتووری ئێمەدا بڵاودەبنەوە.

ئەوەی دەشێ وەک سەرەتا هەمووومان لەسەری تەبابین ئەوەیە کە (کۆ) یان (گروپ) لە کولتووری ئێمەدا شوێن و جێیەکی گرنگی هەیە و هەمیشە بەرز و بایەخدار نرخێندراوە. پەندی پێشینانی ئێمە، شیعری کوردی، لقە ئەدەبییەکانی دیکە، کولتووری زارەکیمان (شفوی) پڕن لەو وانە ئەخلاقیانەی باس لە گرنگیی گروپ و پیرۆزیی گروپ دەکەن. ئیسلام لەم ڕووەوە ڕۆڵێکی ئاشکرا و بەرچاوی گێڕاوە. ڕۆحی ئیسلام وەکو دین ڕۆحێکی گروپخوازە، چەمکی (ئوومە) لە ئیسلامدا، یەکێ لە بنەماترین و بنەڕەتیترین چەمکەکانە. (قورئان) لەبانگێشەکردنی باوەڕداراندا هەمیشە بە ڕاناوی (ئێوە) و لەناونانی بێ ئیماناندا بە ڕاناوی (ئەوان) قسەدەکات. لەبەرامبەر ئەمەدا (تاکە کەس) بەردەوام وەک بوونەوەرێکی تاق و تەنیا، لاواز، بێ دالدە، کەم بایەخ تەماشاکراوە. هەموو دەرکەوت و ڕووکارێکی تاکانە، هەموو دەنگێکی تاک، هەموو دەربڕینێکی تاکانە، ڕووکار و دەنگ و دەربڕینێکی نەفرەت لێکراوبووە. زیاد لەوەش هەمیشە (تاک) وەک هەڕەشەیەک لە (گروپ) و پڕۆژەی تاکانە وەک هەڕەشە لە پڕۆژەکانی گروپ تەماشاکراوە. کولتووری ئێمە تەنیا لەو شوێنەدا سەرنجی تاکەکەسی داوە و ئافەرینیکردوە کە توانیبێتی نوێنەرێکی بەوەفا و دڵسۆزی (گروپ) و بەرنامە (کۆ)ییەکان بێت، توانیبێتی ئاوێنەیەک بێت کە ئەرجسیەتی خۆی کوشتبێ تا شوێن بۆ ئەرجسیەتی گروپ بکاتەوە و توانیبێتی هەڵگری دەنگی (کۆ) و شوناسی (کۆ) و ئارەزووەکانی (کۆ) بوویێت.

بێگومان تاکەکەس، لەجەوهەردا دەربڕی (جیاوازی) و هەرخۆی بەرجەستەیەکی فەردیانەی (جیاوازی)یە. کۆ یان (گروپ)یش سڕینەوە و لابردن و لە باشترین باردا لاوازکردنێکی قووڵی (جیاوازی)یە. (کۆ) کاتێک دروستدەبێت کە تاکەکان جیاوازییەکانی خۆیان وەلانابێ و (تاک)یش کاتێ دروستدەبێ کە بەرگری لە جیاوازیەکانی خۆی بکات و بیسەلمێنێ.

جا ئەگەر کولتووری ئێمە، وەک ووتم کولتوورێ بێت، تەنیا (کۆ) و ڕووکارە کۆییەکان بەرز بنرخێنێ، ئەوا کارێکی لۆژیکییە ئەنجامگیری بکەین و بڵێین تێرمی (جیاوازی) لە کولتووری ئێمەدا باش نانرخێنرێت. ئەگەر (تاکەکەس) لە کولتووری کوردیدا ڕۆحلەبەرێکی شەرانی و نەفرەتلێکراوبێت و (گروپ) تا ئاستی پیرۆزی بەرزبکرێتەوە، ئەوکات ئەو ئەنجامگیرییەی سەرەوە بەهیچ جۆرێ نابێتە شوێنی گومان. بەڵام دەبێ خودی ئەو لۆژیکە و خودی ئەو ئەنجامگیرییە بەموتڵەقیی وەرنەگرین و وا نەزانین یاسایەکی ڕەهایە. چونکە (کولتووری) ئێمە جیاوازی لە نێوان دوو ئاستی دیاریکراوی جیاوازدا دەکات کە گرێدراوی پێکهاتەی سۆسیۆلۆژی ئێمەیە. دوو شێوەی جیاوازی کە وابەستەی شوێن و جێی ئەو تێرمەیە بۆ دەستنیشانکردنی دوو ئاستی جیاوازی پەیوەندی لە بونیادی سۆسیۆلۆژی ئێمەدا. ئەم خاڵە دواتر دێینەوە سەر شیکردنەوە و ئاشکراکردنی.

ئەگەر تاکە کەس هەڕەشەبێت لە پێکهاتەی کۆ، ئەوا جیاوازیش هەمان هەڕەشەی دووپارەوەبووە. ئەگەر کۆ بەرهەمهێنەری (شوناس)بێت، بێگومان (تاکەکەس) تێکدەری شوناسە. ئەگەر (کۆ) هێزبێت ئەوا (تاکەکەس) نوشووستیە. بەم مانایانە (جیاوازی) تێرمێکی هەڕەشەکەر یان تێکدەرە، تێرمێکە هارمۆنیەتی گروپ، دنیای ڕۆحی گروپ، پیرۆزیی گروپ دەشێوێنێت، بەڵام وەک ئاشکرایە نە تاکە کەس بەبێ (کۆ) و نە (کۆ)ش بەبێ تاکەکەس بوونیان هەیە. ئەم دووانە دوولایەنی دیالێکتین، هەم یەکدی دەسەلمێنن و هەم یەکدیش بەرجەستەدەکەن - دیارە لە نموونەیترین باردا، دەنا بە توندی ڕەتکەرەوەی یەکترین - پرسیاری ئێمە ئەمەیە: ئایا (تاکەکەس) و (کۆ) لەدنیای ئێمەدا لە کوێدا بەیەکدی دەگەن و لە کوێدا لە یەکدی جیادەبنەوە، وە ئایا (جیاوازی) چ مانایەک لەو ناوەندا وەردەگرێت؟

ئێمە ووتمان کولتووری ئێمە کولتوورێکی (کۆ)ییە و (تاکە کەس) باش نانرخێنرێت. کەوابوو فۆرمی ئەو

پەیوەندییەی دەبێ تاکەکەس بە(کۆ)وە گرێبدات دەبێت بتوانێت سنوور و مەوداکانی بەرهەمهێنانی جیاوازی بەرتەسک و بچووک بکاتەوە، فۆرمێ بێت ڕێگر لە بەرهەمهێنانی جیاوازی، ڕێگر لە جیابوونەوەی (تاکەکەس) و ئۆتۆنۆمبوونی لەبەرامبەر کۆدا، فۆرمێ تاکە کەس لە(کۆ)دا نووقمبکات و بیکاتە بەشێکی دانەبڕاو لە ماهیەت و جەوهەری کۆ. دیارە فۆرمێکی لەو بابەتە دەبێ فۆرمی (پەیوەندییەکی لێکداتوانەوەیی - دمجی)بێت. لێکداتوانەوە بەمانای سڕینەوەی هەموو جیاوازییەکان وتێکەڵکردنی هەموو تاکەکان بەیەکدی.

(پەیوەندیی لێکداتوانەوە) مەحکومکردنی تاکەکەسە بە سڕینەوەی هەموو ڕووکارە فەردییەکان، هەموو ڕووکارە ئۆتۆنۆم و هەموو ڕووکارە تایبەتەکانی خۆی، مانای گۆڕینی (تاکەکەس)ە بۆ بوونەوەرێکی بێ دەمووچاو، بێ کەسایەتی و بێ ڕۆح، بوونەوەرێکی بێ بڕیار، بێ دەسەڵات، بێ چارەنووس.

لە دنیای ئێمەدا، تاکەکەسی کورد مەحکومە بەوەی هەموو جیاوازییەکانی خۆی بچەپێنێ و یەکەیەکەیان ڕەتکاتەوە و هەوڵبدات بیاندۆزێتەوەو بەرزیانکاتەوە بە ڕووی دنیای دەرەوەدا. بۆ نموونە لە (خێزان)دا، پەیوەندی لێکداتوانەوەیی یاسای سەرەکی گرێدان و نووقمکردنی تاکەکەس لەناو خێزاندا و پاراستنی خێزان و یەکەمین گروپ و گرنگترین گروپ بونیادی چالاکی مرۆڤی ئێمە دیاریدەکات. قازانجی خێزان وەک گشتێک، ناوبانگی خێزان وەک (کۆ)یەک و مانەوەی خێزان وەک حەقیقەتێکی پیرۆزی کولتووری - بەهەمان بونیادی پاتریکیاریەوە- لە قانج و ناوبانگ و مانەوەی تاکەکەس گرنگترە. کولتووری ئێمە مەودای ئەوە بەتاکەکان نادات بوونی خۆیان، ناوبانگی خۆیان، مانەوەی خۆیان، ئۆتۆنۆمیانە لەهەمان ئاستی گرنگی و پیرۆزی خێزان و لە دەرەوەی ڕەهەندی خێزاندا بەرهەمبهێنێت و هێڵێک، ماوەیەک، فاریزەیەک لەنێوان خۆیان و ڕووکارە (کۆ)ییەکانی خێزاندا بکێشێن.

(لێکداتوانەوە) مانای دووبارەکردنەوەی هەموو ئەو بونیاد و پەیوەندییانەی جیاوازی دەکوژن و (وێک چوون) بەرهەمدەهێنن. (وێک چوون) لەسەر بنەمای کوشتنی کەسایەتیە جیاوازەکان و لێکدانەوە جیاوازەکان و پەیوەندییە جیاوازەکان. پەیوەندی لێکداتوانەوە لە خێزاندا مانای ئەوەیە نەوە نوێکان هەمان بەها و بابەت و هەمان وێنەی نەوەکانی بەر لە خۆیان دووبارەبکەنەوە، منالان دەبێ هەمان وێنەی (باوک)یان بەرهەمبهێننەوە، دەبێ ماناکانی باوک، بۆچوونەکانی باوک، بەهاکانی باوک، بە کورتی دنیای ڕەمزی و ڕۆحی باوک - کەلە واقیعی ئێمەدا دنیایەکی پاتریارکی ڕۆژهەڵاتی تۆقێنەر و چەپێنەرە- نەک وەک بەڵگە نەویستێک قبوولبکرێت، بەڵکو پیرۆزیشبکرێت. واتا بارگاوی بکرێت بەبونیادێکی سایکۆلۆژی ئایینی، کە تێیدا گومانکردن لەڕووە پیرۆزەکانی ئەو پێکهاتەیە و قبوڵنەکردنی، (تاکەکەس) تووڕدەداتە دەرەوەی پاترۆنی سەرەکی سروشتی کۆمەڵایەتی و نێگەتیڤانە بینرخێنێت.

ئەو منداڵەی جورئەتی ئەوە دەکات جیاوازییەکانی خۆی بە ڕووی سیستەمی خێزاندا، بەڕووی بەها و نرخ و هیرارکیەتی خێزاندا، بەرزبکاتەوە و بەرگری لە فەردیەتی خۆی بکات، بەرگری لە هەڵبژاردن و بڕیار و دنیای تایبەتی خۆی بکات و یاسای لێکداتوانەوە و وێکچوون نەسەلمێنێ، ئەوا وەک نەفرەتلێکراوێک دەنرخێنرێت. پەیوەندیی تاکی کوردی و نەفرەت پەیوەندییەکی بەرچاوە، حیکایەتێکە باس لە چارەنووسی پاڵەوانێکی تراژیدی دەکات، پاڵەوانێ کە هاوسەنگیی خۆی و دنیا هاوسەنگیی خۆی و فەزای ڕۆحی لەدەستداوە، پاڵەوانێ کۆمەڵگا تووڕیدەداتە ئەودیو سنوورەکانیەوە و لەلوتکەی پاڵەوانبووونیدا هەتیویدەخات.

بەمجۆرە تێرمی (جیاوازی) لە ئاستی خێزان و شوێنی کۆمەڵایەتی خێزاندا لەناو پێکهاتەی سۆسیۆلۆژی ئێمەدا هەڵگری هەموو ئەو مانا کۆمەڵایەتی و کولتوورییە نێگەتیڤانەیە کە کولتووری پاتریارکیەت لە دنیای ئێمەدا هێناویەتەکایەوە، تێرمێکە ناحەز و دژبە ڕیزبەستن و مانەوەی پەیوەندییەکان و هاوسەنگییەکان، تێرمێکە دەسەڵات دەخاتە ژێر مەترسیی پرسیاری گومانەوە.

لە دوای (خێزان)، (خێڵ) ئەو گروپەی دیکەیە کە تاکەکەسی کوردی خۆی لەهەناودا دەدۆزێتەوە. دەشێ گروپی دیکەش لەئارادابن، بەلام بەوەی دواجار بونیادی گروپ لەواقیعی ئێمەدا هەمان بونیادی خێزان و خێڵ دووبارەدەکەنەوە و بەهەمان فۆرم کاردەکەن، بۆیە لێرەدا زیاتر پێ لەسەر (خێڵ) وەک گروپی دوای خێزان دادەگرم. ئەمە جگە لەوەی (خێڵ) تائێستا بەهێزترین گروپی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێمەیە.

ئەگەر (خێڵ) لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە کۆبوونەوەی کۆمەڵێ خێزان و بەرەبابی جیاوازبێت لەناو دەزگایەکی گەورەتر لەدەزگای خێزاندا، ئەوا یاسای دروستبوون و کارکردن و بەردەوامبوونی ئەو یەکە کۆمەڵایەتییە لەسەر سڕینەوەی هەموو ئەو جیاوازیانە دروستدەبێت کە لەنێوان خێزانەکاندا دەشێ لەئارادابێت. خێڵ (کۆ)یەکی گەورەیە کە لەسەر بنەمای سڕینەوەی جیاوازییەکانی ناو (کۆ) چکۆلەکانی ناو هەناوی دروستدەبێت، بەرهەمهێنانەوەی هەمان بونیادی خێزانە، بەڵام لە ئاستێکی گەورەتردا. لێرەوەیە (مارکس) خێڵ بە «خێزانێکی گەورە» ناونووسدەکات. لێکداتوانەوە لە خێڵیشدا، وەک لە خێزاندا، پڕۆسەیەکی هەمەلایەنە. چونکە کاریگەریی ئەم پڕۆسەیە لە خێڵدا کۆمەڵێ دەرەنجامی کۆمەڵایەتی و ژیاری لێدەکەوێتەوە کە گرنگییەکی گەورەی هەیە بۆ پاراستن و مانەوەی خودی خێزان، خۆشی وەک ناوەندی سەرەکیبوونی تاکەکەس و ناوەندی مانەوە و پاراستن.

بێگومان مەرجی سەرەکی لێکداتوانەوە لە خێڵدا، لێکداتوانەوەی پێشینە لە خێزاندا، بەڵام دەرەنجامەکانی لێکداتوانەوە لە خێڵدا لە زۆر ڕووەوە لە دەرەنجامەکانی لێکداتوانەوە لە خێزاندا گرنگترە. پەیوەندی لێکداتوانەوەیی لەگەڵ خێڵدا تاکە پەناگایەکی ئەمین و دڵنیاکەربووە هەم بۆ خێزان خۆی و هەم بۆ تاکەکەسیش. ئاسایشی مرۆڤ لە دنیای ئێمەدا وابەستەی بڕی ئەو داکۆکیلێکردن و پاراستنە بووە کە خێڵ بۆی مەیسەرکردوە. پەناگای سۆسیۆلۆژی و سایکۆلۆژی و مرۆڤیی ئێمە ئەو هێزە بووە کە خێڵ هەم لە واقیعدا و هەم لە فەنتازیای ئەودا دروستیکردوە. لێرەوە لێکداتوانەوە لە خێڵدا و سڕینەوەی هەموو ئەو جیاوازیانەی کە دەشێت دڕزێکبکاتە پەیوەندیی نێوان تاکەکەس و خێڵ، یاسای سەرەکی مانەوە و ئاسایشی مرۆڤی ئێمە بووە. هەر تاکێکیش بۆ هەر هۆیەک لە هۆکان جیاوازی خۆی و فەردیەتی خۆی بەڕووی یاسا لێکداتوانەوەییەکانی ناو خێڵدا بەرزکردبێتەوە، ئەوا تاقە چارەسەر هەڵاتن و پەنابردنەبەر خێڵێکی دیکە بووە، هەڵاتن بووە لە (کۆ)یەک ڕووەو (کۆ)یەکی دیکە، سەندنەوەی مافی جیاوازبوون بووە لە شوێنێکدا بۆ دۆڕاندنی ل مشوێنێکی دیکەدا. کەلەپووری ئێمە پڕە لە نموونەی ئەو شێوە هەڵاتن و ناڕەزاییانە، بەڵام ئەوەی شوێنی سەرنجە ئێمە هەرگیز لە لێکدانەوەماندا بۆ ئەو ڕووداوە کەلەپووریانە قسەمان لەسەر فەردیەت و بەرگریکردن لە فەردیەت لای ئەو کەسانە نەکردوە، بەڵکو قسەمان لە (پاڵەوان)ێتی ئەوان کردوە. ئەوەی خێڵی بەجێهێشتوە و لە دژی ئەو هەڵوێستی وەرگرتوە لە کولتووری ئێمەدا وەک (تاکەکەس) نەناسراوە و لە باتی ئەوە شوناسی (پاڵەوان)ی پێدراوە. (پاڵەوان) بەو مانایەی بوونەوەرێکە لە دەرەوەی سیفەتە مرۆڤییەکان و لە دەرەوەی کات و شوێندا. بەم مانایەش نەک بەتەنیا لە فەردیەت دامانبڕیوە، بەڵکو لە وەشی کە مرۆییە.

بێگومان لێرەشدا و لە ڕەوتێکی لەم بابەتەدا دیسانەوە (جیاوازی) وەک خۆدەربڕینی (تاک) دیسانەوە چەمکێکی نەفرەتلێکراوە، چەمکێکی نائارام و شێوێنەرە، هەڕەشەیەکە و لە(خێڵ) دەکرێت. بۆیە تاقە چارەسەر یان خۆدانەدەستەوە و وازهێنانە لە فەردیەتی خۆی و گەڕانەوەیە بۆ ئامێزی (خێڵ) یان هەڵاتنە.

بەڵام ئەمە دواهەمین ماناو دواهەمین فۆرمی خۆدەربڕینی تێرمی (جیاوازی) نییە، ئەمە دواهەمین دەرکەوتێ نییە ئەم چەمکە لە دنیای ئێمەدا بیگرێتەخۆی. واتا تەنیا هەڵگری ئەو مانا نێگەتیڤانەی سەرەوە نییە بە تەنیا، بەڵکو لە ئاستێکی دیکەدا و بۆ مەبەستێکی دیکە کۆمەڵێ مانای پۆزەتیڤی هەیە کە وابەستەی ئەو (شوێنەیە) تێیدا جێگیرە. ئەو ئاستەش ئاستی پەیوەندییەکانی خێڵە لەگەڵ دنیای دەرەوەیدا.

ئەگەر تاکەکەس لە ئاستی خێزان و خێڵدا ناچاربێت دەموچاوی خۆی وونکات بۆ ئەوەی ڕووخساری خێزان و خێڵ بباتەوە، شوناسی خۆی وەک فەردێ بدۆڕێنێ بۆ ئەوەی شوناسی خێڵ بباتەوە، ئەوا لە ئاستی پەیوەندییەکانی دەرەوەی خێڵدا دەبێ (جیاوازی) خۆی وەک (ئەندامی خێڵ)ێک بەڕووی خێڵەکانی دیکەدا بەرزبکاتەوە، شوناسی خۆی وەک کوڕی خێڵێ لە خێڵەکان لە شوناسی خێڵەکانی دیکە جیابکاتەوە. لێرەدا تاکەکەس ئەو جیاوازییەی لە ئاستی یەکەمدا ناچارە بیچەپێنێ و ڕەتیکاتەوە، دەبێ لە ئاستی دووهەمدا بەڕووی دنیای دەرەوەی خێڵدا بەرزیکاتەوە و بیپارێزێ. بەمانایەکی دیکە، تاکەکەسی ئێمە دەبێ گەمەیەک بکات کە یاساکانی سەرتاپا دژبە یەک و ناکۆکن لەگەڵ یەکدیدا.

بێگومان لێکدابڕانەوەی تاکەکەس لە ناو خێزان و خێڵدا، بەو شێوەیەی لە سەرەوە هێڵە گشتیەکانیمان دیاریکرد، ئامادەکردنی تاکەکەس نییە بۆ لێکدابڕانەوە لە نێو پەیوەندییە دەرەکییەکانی ئەودیو خێڵدا. واتە خێڵ لە کەمەی لێکدابڕانەوەی تاکەکەس لە ئامێزیدا، ئەو ئامادەگییە گشتییە لە تاکەکەسدا دروستناکات کە وای لێبکات لەگەڵ ئەو پێکهاتانەی دیکەدا، کە دەکەونە ئەودیو خێڵەوە و فۆرمێکی دیکە لێکدابڕانەوە دەخوازن، پەیوەندییەکی تەندروستی هەبێ. ئەو ڕووخسارەی تاکەکەس دەیدۆزێتێ بۆ ئەوەی ڕوخساری خێڵی بباتەوە، ڕووخسارێکە نیشانەکانی خێڵ و یاساکانی خێڵ سنوورەکانی بۆ نەخشاندوە و شیاو و نەشیاوەکانی بەوردی بۆ دەستنیشانکردوە. ئەم میکانیزمەیەش هۆیەکی سەرەکیی گەشەنەکردنی خێڵە ڕووەو (چین)، ڕووەو بەرهەمهێنانی ئەو پێکهاتە گەورەیەی ناوی (نەتەوە)ی لێنراوە.

ئەنترۆپۆلۆژەکان ئەو شێوە پەیوەندییە بە(پەیوەندییەکانی خزم خواهی) ناودەبەن کە لەسەر بنەمای (پەیوەندییەکانی خوێن) دروستدەبێت، بەڵام وەک هێمامان پێکرد، تێکەڵبوونی خوێنی تاکەکەس بە خوێنی خێزان و خوێنی خێڵ مانای تێکەڵبوونی ئەو خوێنە نییە بە خوێنی ئەو پێکهاتەی دەکەونە ئەودیوی سنوورەکانی خێڵەوە. بەم مانایە مرۆڤی ئێمە لەئاستی ناوەکیدا فەردیەتی خۆی دەدۆزێتێ بۆ ئەوەی (کۆ)ییبوونی خێزان و خێڵ بباتەوە، بەڵام لە ئاستی دەرەکیدا (کۆ)ییبوونی ئەودیوی سنوورەکانی (خێڵ) دەدۆزێتێ بۆ ئەوەی (فەردیەتی خێڵ) بباتەوە. بەمجۆرە مرۆڤی ئێمە لە دواهەمین ئەنجامدا هەم فەردیەتی خۆی وەک تاکێکی سەربەخۆ دەدۆڕێنێ و هەم هەمان ئەو گشتە گەورانەش دەدۆڕێنێ کە لەودیوی خێڵەوە دروستدەبن. لێرەوە لە دنیای ئێمەدا چەندە فەردیەت وونە، بەهەمان ئەندازەش ڕۆحی نەتەوەیی وونە. چەندە تاکەکەس وونە بەهەمان ڕادەش خودی نەتەوە خۆی وونە. ڕێکەوتیش نییە لە ئەزموونی ڕۆژئاوادا فەردیەت و ناسیۆنالیزم، تاکەکەس و نەتەوە بە یەکەوە لەدایکبوون و هەردووکیان یەک پرۆسە هێناونی، پرۆسەی مۆدێرنیزم.

## (٢)

لاوازیی ئامادەگی چەمکی (جیاوازی) لە کولتووری ئێمەدا پێکهاتەیەکی سایکۆلۆژی تایبەت دەخولقێنێ کە خاڵی ناوەندی تێدا لاوازی و بچووکی (من Ego)ـە لە بەرامبەر دەسەڵات و جەبەروتی (بەرزەمن)دا. لە دنیای ئێمەدا ئەم پرۆسەیە ئەوەندە سەختە کە پانتایی (من) بەڕادەیەکی ترسناک بچووک و پانتایی (بەرزەمن) بەهەمان ڕادەی ترسناک گەورەیە. ئەمەش دیاردەیەکی سایکۆلۆژی و ڕۆحی بەرهەمدەهێنێت دەکرێ ناوی بنێین (بچووککەرایی). بچووکی مرۆڤی ئێمە لەبەردەم سەرکردەکاندا، بچووکی منداڵان لەبەردەم باوکاندا، بچووکی ئەندامان لەبەردەم خێزاندا، بچووکی هاووڵاتیان لەبەردەم دەزگاکاندا، بچووکی نەوە نوێکان لەبەردەم نەوە کۆنەکاندا. ئەم دیاردەیە لەپاڵ هەڵسەنگاندنەکانی کولتووری ئێمەدا بۆ تاکەکانی تا دێت سەختتر و نایەکسانتردەبێت، تادێت (من) بچووک و بچووکتردەبێتەوە و دەرکەوتە (کۆ) ییەکانیش گەورەتر. ئەڵبەتە سیاسەت و لۆژیکی حیزب لەم ڕووەوە ڕۆڵێکی گەورە و بەرچاویان گێڕاوە و دەگێڕن.

(من) لە کولتووری ئێمەدا سومبولی خۆپەرستیە. ئەو دەنگەی کە دەڵێ (من) و ناڵێ (ئێمە) دەنگێکی تاوانبارە، تەنانەت ئەدەبی ئێمە تا ساتی ئێستامان هەڵگری نویرەکانی دەنگی (ئێمە)یە نەک دەنگی تاکەکەس، (من) لەوێشدا بوونەوەرێکی نەفرەتلێکراوە. لە فەزایەکی کولتووریی لەو بابەتەدا مرۆڤی ئێمە ناتوانێت بەشێوەیەکی سەربەخۆ و بەربڵاو پەیوەندیی خۆی بەدنیا و دەوروبەرەوە دەستنیشانکات، ناتوانێ ئەزموونی خۆی، ڕاڤەی خۆی، مانای خۆی بۆ دیاردەکان هەبێت. لەو دۆخەدا مرۆڤی ئێمە لەژێر جەبری واقیعی و ڕەمزی بەها و نرخ و سومبولەکانی ناو (بەرزەمنی کۆمەڵایەتی)دا بۆتە بوونەوەرێکی بێدەنگ و ترساو، بوونەوەرێکی گوێڕایەڵ، خۆبەدەستەوەدەر بۆ ئەو یاسا پاتریارکیانەی لە منداڵیەوە هەموو ڕۆحێکی ئۆتۆنۆم و جیاوازخوازی تێدادەکوژن، هەر لە منداڵیەوە فێردەکرێت ڕاڤەکردنەکانی کۆ، وەڵامەکانی کۆ، هەڵوێستەکانی کۆ بکاتە ڕاڤە و وەڵام و هەڵوێستی خۆی. هەر لەمنداڵیەوە (من) سەرکوتدەکرێت و دەچەپێنرێت، لە کۆتایشدا هەموو ئەو سەرچڵییە فیکریی و ڕۆحیی و ژیارییانەش دەچەپێنرێ کە

دەشێ (من) لە ئەزموونی خۆیەوە بۆ دنیا و لەراڤەکردنی ئەو ئەزموونانەوە بەدەستیانبهێنێ و مانایەک بەرهەمبهێنێ جیاواز لە ماناکانی (کۆ). هەر ئەمەشە وادەکات مرۆڤی ئێمە بەئاسانی ببێتە گەمەی دەستی (کۆ) جیاوازەکانی دنیای ئێمە. هەر ئەمەشە وادەکات (حیزب) وەک (کۆ)یەک بتوانێ بە بڕیارێک هەزاران کەس ڕووبەڕووی جەنگێکی خوێناوی بکاتەوە، یاخود سەرۆکی (خێڵ)ێک بتوانێ لەباتی هەموو خێڵەکەی بڕیاربدات و (پیاوەکان)ی بەو ئاراستەیەدا ببات کە خۆی دەیەوێت.

مۆراڵی ئێمە لە تەماشاکردن و نرخاندنی تاکەکاندا عەوداڵی ناسینی ئینتمای (کۆ)ییەکانی تاکە کەسە. (سەربە چ خێزان، خێڵ، حیزب، ناوچەیەکی؟) ئەمە پرسیاری سەرەکی شوناسە لە کولتووری ئێمەدا، ئەمە فەزای نرخاندنە کۆمەڵایەتیەکانە.

بێگومان لە ڕۆژگاری ئێستاماندا گرووپی هەرە گرنگ و ڕووکاری (کۆ)ی باڵادەست، حیزبە. حیزبە دەتوانێ گرووپەکانی دیکە بنرخێنێ. حیزبە شوناسەکان دابەشدەکات، حیزبە ئەرێ و نەرێکان بەرهەمدەهێنێت، (حیزب)ە لەناو (بەرزەمن)دا جێگیرە، (حیزبە) پەیوەندیی نێوان (ئەستی کۆ)و (من)ی کۆمەڵایەتیدا دەسنیشان و کۆنترۆڵدەکات، (حیزبە) پرۆسەکانی تەماهیکردن بەڕێوەدەبات و چاودێریشیاندەکات. بەکورتی دەکرێ قسە لە عوسابێکی کۆمەڵایەتی گشتی بکەین کە حیزب سەرچاوە و ئامرازی هەرە سەرەکی ئەو عوسابەیە، عوسابێک کە بەجەنگ خۆی دەردەبڕێ.

## (٣)

چی ئەو پێکهاتەی سەرەوەی ڕاگرتوە؟ چییە وادەکات مرۆڤی ئێمە هەڵگری ڕووخساری خۆی نەبێت؟ چییە نەرجسیەتی تاکی کورد دەکوژێت و لە گروپێکی وەک خێزان، خێڵ، حیزبدا بەندیدەکات؟ چییە وادەکات ئەم مرۆڤە ببێتە ئامرازێک بۆ پیادەکردنی ئەو ئارەزوو و پلانانەی دەکەوێتە دەرەوەی خۆیەوە؟ چییە وادەکات مرۆڤی ئێمە ئازادی خۆی، فیکری خۆی، ژیانی خۆی، بداتە دەست باوکە جیاجیاکانی، لە باوکی بایەلۆژییەوە بۆ باوکی سیاسیی؟

بێگومان بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە زیاد لە فاکتەرێک و زیاد لە مۆتیڤێک لەئارادان، بەڵام ئەوەی بەلای منەوە جێی سەرنجە و لەپەیوەندیدا بە جەنگەوە دەمەوێ پەنجەی بخەمە سەر فاکتەرێکە کە بەباوەڕی من لە هەموو فەزای کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەخلاقیدا ئامادەیە و ڕۆژانە کاری وێرانکارانەی خۆی لەسەر پێکهاتەی ڕۆحی و عەقڵی مرۆڤی ئێمە و لەسەر بونیادە کۆمەڵایەتی و هێزە جیاوازەکانی ناوی پیادەدەکات، ئەو فاکتەرەش فاکتەری (توندو تیژییە).

(توندو تیژی)، بەتایبەتی (توندو تیژی ڕەمزی)، ئەو فاکتەرەیە کە لە دنیای پەیوەندی و بەهاکانەوە دێت و بەتاکەکەسی کورد دەڵێ، کە بوونەوەرێکی لاواز و بێ داڵدە و پەنا، بێ نرخ و بێ داهاتووە، بەتاکە کەسی ئێمە دەڵێ تاقە پەناگای گەرم و هەقیقی، تاقە ڕێگای دەربازبوون، باوەشی (کۆ) و دنیای (کۆ)یە. توندوتیژی مرۆڤی ئێمە زەلیلدەکات و بونیادێکی سایکۆلۆژی وای پێدەبەخشێت کە هەموو ڕەگەزێکی ئۆتۆنۆمانە لەناویدا وێراندەکات. دەیکاتە بوونەوەرێکی پاشکۆ، پیاوێک هەمیشە لە دوای دواوە دەڕوات، لە دوای دواوە دەخوات، لە دوای دواوە تەماشادەکات. چاوەکانی خۆی لێدەسێنرێتەوە و دووربینێکی (کۆ)یی پێدەبەخشرێت. دووربینێ تەنیا ئەو دنیا ساکارە دەبینێ کە (کۆ)یەکی دیاریکراو، بەدژایەتیکردنی (کۆ)یەکانی دیکە، دروستیکردووە، دنیایەکی مۆنۆپۆلکراو و سنووردار.

(توندوتیژی) توانایەکی خنکێنەرە لە هەموو یەکە سۆسیۆلۆژییە جیاکانی کۆمەڵگای ئێمەوە دێتەدەرێ. لە خێزاندا توندوتیژی لە پەیوەندیی باوک/ مناڵ، گەورە/بچووک، نێر/ مێ دا لە چڵەپۆپەدایە. لە کۆمەڵگادا پەیوەندیی نێوان نەوە نوێکان و نەوەکانی پێشتر، سەرکردە و مرۆڤە سادەکان، دەزگاکان و هاووڵاتیان، گروپ و تاکەکەس، پەیوەندییەکە توندوتیژی چنیویەتی و توندوتیژی ڕایگرتووە. بونیادی خێزان، بونیادی خێڵ، بونیادی حیزب، بونیادی گروپەکانی دیکە، بەگشتی بونیادێکن بەبێ توندوتیژی، بەبێ کۆمەڵێ پەیوەندی ناهاوسەنگ، بەبێ

فەزایەکی فیکری و ئەخلاقی توندوتیژ، ناتوانێ مانەوە و بەردەوامیی خۆیان بپارێزن، ناتوانن درێژە بالادەستیی کۆمەلایەتی و بالادەستیی ئایدۆلۆژی خۆیان بدەن.

بێگومان توندوتیژی وەک حەقیقەتێک، وەک ئامرازێک بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگییە کۆمەلایەتیەکان، ناتوانێت هەمیشە توندوتیژییەکی بەرچاو و بینراوبێت، توندوتیژییەکی ماتریالی بەرجستە، توندوتیژییەکی فیزیایی بێت. دەسەلات گەمەی خۆی، توندوتیژییەکانی، حەقیقەتەکانی بەردەوام نابیناو نەدیتراودەکات. توندوتیژی بەرگی ڕەمز لەبەردەکات و دەبێتە سومبول، بەشێوەیەکی نادیار کاردەکات. توندوتیژی دەبێتە (توندو تیژییەکی ڕەمزی). لەم حالەدایە، کە دەسەلات گەمەکانی خۆی نابینادەکات و دنیا بەسومبول دادەپۆشێ. بەلام ئەم ئامادەگییە بەرفراوانەی توندوتیژی، بەئاسانی دەتوانێت بەرەو ئەوەمان ببات، کە پیواری دەیان چەمکی سیاسی و فیکری و ئەخلاقی گرنگ دەرکبێتبکەین. کۆمەلێ چەمک کە لەسەر بناغەی سنووردارکردنی توانا و دەسەلاتەکانی (توندوتیژی) دێنەکایەوە و لەسەر جلەوکردنیشی کاردەکەن. من لێرەدا تەنیا لە چەمکی (لێبوردن Tolevance) دەدوێم، بەو پێیەی ئەم چەمکە یەکێ لەکۆلەکە گەورەکانی هاتنەکایەی کۆمەلگای (مۆدێرن)ە و ڕاستەوخۆ پەیوەندییەکی پتەویشی بەتێرمەکانی (جیاوازی)، (ئەوی دی)، (ئازادیی بیرکردنەوە و ڕەوشت)، بەکورتی بەبنەماکانی ژیانی دیموکراسیانەوە هەیە. چونکە بەبێ ئەم تێرمە ناکرێ قسە لە ئاشتیەکی کۆمەلایەتی تەندروست و باوەڕپێکراو بکەین. ئەم تێرمە لەفیکری خۆرئاواییدا لە ڕێنیسانسەوە ئامادەیە و مێژوویەکی درێژی لەپشتەوەیە و تائێستاش بەچەند قۆناغێکی جیاوازی گۆڕان و گەشە و فراوانبوونی ماناکانیدا تێپەڕیوە. ئەم تێرمە قسە لەبڕی کرانەوەی سنوورە ئەخلاقی و کۆمەلایەتی و سیاسییەکانی ناو کۆمەلگایەک بە ڕووی مانای جیاواز، بیرکردنەوەی جیاواز، شێوەی ژیانی جیاواز و کەسایەتی جیاوازدا دەکات. ئامادەبوونی ئەم تێرمە خۆی لەخۆیدا هێمایە بۆ ئامادەبوونی کەسایەتیەکی داخراوی دەسەلاتگەر. بۆ دنیایەک کە (پەیوەندیکردن) بەو مانایەی (هامبرماز) بەم چەمکەی دەدات، تیا ئامادەنییە، پەیوەندیی بەو مانایەی کە دوولایەن یەکدی وەک دوو کەسایەتی سەربەخۆ و ئۆتۆنۆم تەماشاکەن و درۆ لەگەل یەکدیدا نەکەن وە هەردووکیان زۆر بەجیدی مامەلە لەگەل یەکدیدا بکەن و بەها و نرخ بۆ یەکدی دانێن.

لەڕاستیدا سەرهەلدانی تێرمی (لێبوردن) لە فیکری خۆرئاوایشدا، بەتەواوی هاوتای هەولدان بۆ وەستاندن و کۆتاپیپێهێنانی جەنگە ئایینیەکان بوو، بەتایبەتی لەسەدەی (١٦-١٧)دا. لێبوردن سەرەتا مانای «بێدەنگکردنی تفەنگ» بوو، بەلام دواتر و لە قۆناغێکی پێشکەوتووتردا، گۆڕینی بێدەنگی تفەنگ بوو بە «ئایدیالێکی مۆرالی». سەرچاوەی ئەم تێرمە، وەک زۆربەی تێرمە سیاسی و کولتوورییە هاوچەرخەکانی ڕۆژئاوا، سەرچاوەیەکی ئەنواریە و ڕەگەکانی لەناو بیرکردنەوەکانی فەیلەسووفانی «پەیمانی کۆمەلایەتی»دایە.

(جۆن لۆک) فیکرەی (لێبوردن) بەتوندی دەبەستێتەوە بەتوانای مرۆڤ بۆ گەیشتن بەڕاستی و حەقیقەت، بەتایبەتی حەقیقەتی ئەبستراکت و نەبینراو. (لۆک) پێی وایە تواناکانی مرۆڤ بۆ ناسین، توانایەکی سنووردار و دیاریکراوە. بۆیە کەس ناتوانێ هەلگری هەموو ڕاستییەکان و هەموو حەقیقەتەکان بێت بەسەریەکەوە. لێرەوە (لێبوردن) چارەسەرێکە بۆ داپۆشینی ئەو کەموکوڕییە مرۆڤیە. وە بەباوەڕی (لۆک) ئەم سنوورداربوون و کەموکوڕییە پێویستە خەلک بەرەو فیکرەی (لێبوردن) ببات.

ئەگەرچی فیکرەی (لێبوەرن) لەجەوهەردا، وەک ووتم پەیوەندی بەجەنگە دینیەکانەوە هەیە، بەلام هەم دواتر و هەم ئێستا ماناکانی ئەم چەمکە تەواو فراوانتر و گشتیتر بووە و بەتەنیا لێبوردنی دینی ناگرێتەوە. ئەلبەتە ئێرە شوێنی نیشاندان و کەوتنەدوای مانا جیاوازەکانی ئەم تێرمە نییە و خوێنەر خۆی دەتوانێ بگەڕێتەوە سەر ئەو هەموو سەرچاوە زۆرانەی چ لە ئێستا و لە ڕابردوودا ئەم تێرمەیان لە گۆشەنیگای جیاوازەوە لێکداوەتەوە. بەلام ئەوەی بەلای منەوە گرنگە پێی لە سەرداگرین و نیشانیدەین ئەوەیە، کە نابێت فیکرەی (لێبوردن) وەک لێبوردنی خێلێک، حیزبێک یاخود گروپێک بۆ حیزب و خێل و گروپێکی دیکە تێبگەین، بەلکو ئەم فیکرەیە دەبێت دابەزێنرێتە ئاستی پەیوەندییە ژیارییە ڕۆژانەییەکانەوە و ببێتە لێبوردنی تاکەکەسێک بۆ تاکەکەسێکی دیکە، لێبوردن دووڕای

جیاواز لە یەکدی. بەکورتی دەبێت ئەم تێرمە ڕزگارکرێت لە مانای لێبووردنی گشتی گرووپێ بۆ گرووپێکی دیکە وە دەرکرێ لە سنووردارکردنی بەمانا سیاسییەکان بە تەنیا و نەکرێ بە سومبولی سازشی دوو هێز لەگەڵ یەکدیدا. ئەم تێرمە دەبێ ببێتە تێرمێکی ژیاری، کەشێکی ئەخلاقی و ئیکریی، ببێتە سیستەمێ لە مامەڵە کردن بە مەرجێ هەموو ئەوانەی دەکەونە سنوورەکانی ئەو سیستەمەوە، لەژێر کاریگەریەکانیدابن. بەکورتی (لێبووردن) دەبێ ببێ بە بەشێک لە پراکتیکی ڕۆژانەی ژیان ل هەمموو ئاست و کایەکاندا، دەبێ ببێ بەمۆراڵ.

## بەشی سێیەم

### (١)

ئەگەر کولتووری ئێمە و کارکردنی کۆمەڵێ لە چەمکە تایبەتەکانی و پیواری هەندێ چەمکی دیکە تێیدا، یەکێ لە فاکتەرە ناوەکییەکانی ئامادەگی زەمینەیەکی ناوخۆی لەباربێت بۆ بەرپابوونی جەنگ، ئەوا ستراکتووری کۆمەڵایەتی کوردیش فاکتەرێکی دیکەی تەقینەوەی ناکۆکییەکانە بۆ ئاستی بەرپابوون و هەڵگیرسانی جەنگ. با هەوڵدەین ئەم بۆچوونە زیاتر شیبکەینەوە. سەردەمانێکی درێژ ئێمە نەخشەی سۆسیولۆژیی کۆمەڵگای کوردمان بەپێوەر و نەخشە تەقلیدییەکەی مارکسیزمی ڕەسمی دەپێوا. قسەمان لە ناکۆکی چارەهەڵنەگری نێوان «پرۆلیتاریاو بورژوازی کوردی» دەکرد و لەنێوان ئەو دوو «چینە سەرەکیەشدا» قسەمان لە «بورژوازییەکی بچووک» دەکرد کە «دڵەڕاوکێ» و هەڵبەز و دابەزی چینایەتیمان بەسەرەکیترین سیفەتی دەزانی. خۆنەگەر زۆر «لیبرال» بووینایە، دەمانگوت تائێستاش «دەرەبەگایەتی» پاشماوەی لە کوردستاندا ماوە و فیودالیزم هێشتاکە کەم تازۆر کاریگەریی لەسەر پێکهاتەی سۆسیۆلۆژی ئێمە و دیاردەکانی هەناوی ناو ئەو پێکهاتەیە هەر بەردەوامە و «جوتیار» لەژێر سەرکردایەتی «پرۆلیتاریا» و «حیزبە پێشڕەوەکەی»دا سۆسیالیزممان لە نێو شاخ و دەشتە بەیارەکانی کوردستاندا بۆ بنیاددەنێن. ئەم نەخشە سۆسیۆلۆژییە سادەیە ئەوەندە جێگای باوەڕ و متمانە بوو، ئەوەندە بەڵگەنەویستانە قبووڵ بوو کە هەموو گۆشەنیگایەکی دیکەی بۆ تەماشاکردن و خوێندنەوەی پێکهاتەی سۆسیۆلۆژی ئێمەی ڕەتدەکردەوە.

واقیعی ئێمە، کە واقیعێکی کشتوکاڵیی دواکەوتەی وابەستە و لە دەرەوەڕا کۆنترۆڵکراوە و پەیوەندیەکی خزم خواهی) تێیدا لەوپەڕی دەسەڵات و پایەداریدایە. واقیعێک کە (ئاین) تێیدا ئایدۆلۆژیای باڵادەست و (خێڵ) یەکەی سۆسیۆلۆژی بنەڕەتیە تێیدا، بەتەواوی لەلایەن ئەو نەخشە سۆسیۆلۆژییە ساکارەوە، دەرکرابووە دەرەوەی هەموو خوێندنەوەیەکی ڕاستەقینە.

ئەو ڕاستیەی کە سەرمایەداری سیستەمێکی گەردوونیە و شێوە بەرهەمهێنانی باڵادەستە لە ساتەوەختی ئێستای مێژووی مرۆڤایەتیدا، مانای ئەوەنییە خۆبەخۆ هەموو دنیا و هەموو کۆمەڵگاکان یەک پێکهاتەی سۆسیۆلۆژی و یەک تەوقیتی کۆمەڵایەتی و یەک جۆر ناکۆکی و کێشەیان هەیە. لەدنیای ئێمەدا سەرمایەداری شێوازێکی تایبەتی بەرهەمهێنانە کە نەیتوانیوە فۆرمی سەرەکیی پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکانی بەر لە سەرمایەداریی کۆمەڵگای ئێمە هەڵوەشێنێتەوە. مەبەستم لەو فۆرمەش فۆرمی (خێڵ)و فۆرمی (خێزان)ە. وە نەشیتوانیوە (پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان) بخاتە شوێنی (پەیوەندیەکانی خزم خواهی) و لەوێوە چەمکە ئابوورییەکان بخاتە شوێن چەمکە ئایدۆلۆژییەکان.

لەسەدەی نۆزدەهەمدا، ئەوەی هاسەنگیی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای ئێمە و هاوسەنگیی پەیوەندیی نێوان خێڵەکانی ڕادەگرت میرنشینە کوردییەکان بوو، میرنشینە کوردییەکان چەقی بەتاڵکردنەوەی بارگەکانی جەنگی نێوان ئەو خێڵانە بوو کە دەکەوتنە ژێر چەتر و دەسەڵاتی میرنشینەکانەوە. بەبێ ئەوەی ئەم کۆبوونەوە ناوچەییە ڕێگربێت لەبەردەم پەلاماردانی خێڵەکیانەدا بۆسەر میرنشینەکانی دیکە. بەمانایەکی دیکە میرنشینەکان ڕۆڵی فیدراسیۆنی کۆمەڵێ خێڵی تایبەتیان دەبینی لە بەرامبەر فیدراسیۆنی کۆمەڵێ خێڵی دیکەدا، بەڵام لەناو هەناوی پەیوەندییە خێڵەکیەکاندا. لەدوای ڕوخان و فەوتانی میرنشینەکان، ئیدی ئەو چوارچێوەیە بزردەبێ کە خێڵەکان

بەیەكدیەوە كۆدەكاتەوە، وە كۆمەڵگای ئێمە بەتەواوی دابەشدەبێتەوە بۆ كۆمەڵێ خێڵی بچووك و ناتەبا و ململانێكەر، ئەگەرچی هەوڵی (شێخەكان)، بەتایبەت شێخەكانی تەریقەت، بۆ خۆبەچەقكردن و كۆكردنەوەی خێڵەكان لەم ڕووەوە هەوڵێكی بەرچاوە. لەڕاستیدا ئەوەی ئەم بارودۆخە تایبەت و پڕ تەقینەوەیەی لەجەنگ و پەلاماری ناوخۆ ڕزگاركرد، دوو فاكتەر بوو: یەكەمیان ئامادەبوونی بازاڕی سەرمایەداری بوو وەك ناوەندێك بۆ كۆكردنەوەی خێڵەكان و كاڵا بەرهەم هێنراوەكانیان، دووەمیشیان ئەو هەلومەرجە سیاسییە نێونەتەوەیی و ناوچەییەی لەو ڕۆژگارەدا هاتەكایەوە.

(بازاڕی سەرمایەداری) بەبۆچوونی من، ئەو ڕۆڵەی بینی كە میرنشینەكان وەك فیدراسیۆنی خێڵەكان دەیانبینی، بازاڕی سەرمایەداری و ئاڵوگۆڕی كاڵا بەرهەمهاتووەكان بوونە ناوەندی ڕاگرتنی هاوسەنگییە ناوەكییە كۆمەلایەتیەكانی دنیای ئێمە، بووە ناوەندێ بۆ كۆكردنەوە و نیشتەجێكردنی خێڵەكان، بووە ناوەندێ بۆ ئاڵوگۆڕ، بووە ناوەندێ بۆ بەرهەمهێنانی كۆمەڵێ پەیوەندیی نوێ. بەلام ئەم هاوسەنگییە نوێیە، نەیتوانی خێڵ وەك فۆرمێكی سەرەكی و وەك شكڵبەندی كۆمەلایەتی، هەروەها پەیوەندییەكانی خزم خواهی، وەك پەیوەندی زاڵ و بالادەست لەدنیای ئێمەدا ، تێكشكێنێ.

بەدرێژایی ئەم سەدەیە (خێڵ) و پەیوەندییە خێڵەكیەكان، هەمیشە و بەردەوام فاكتەرێكی سەرەكیی ڕووداوەكانی دنیای ئێمە بوون، كە دواهەمین و بەرچاوترین و نزیكترینیان بەئێمە، هەڵبژاردنەكەی «پەرلەمانی كوردی»ی ساڵی ١٩٩٢ی دوای ڕاپەڕین بوو، كە بەئاشكرا ڕۆڵی دەستنیشانكەر و بڕیاردەری (خێڵ) و (پەیوەندییەكانی خزم خواهی) و هاوپەیمانێتی خێڵەكی لە لەدایكبوونی «مۆدێرنترین» دەزگای سیاسی و كۆمەلایەتی ئێمەدا بینی.

ڕاستە بازاڕ بووە شوێنی كۆبوونەوەی خێڵەكان و كالاكان بەیەكەوە، بەلام ئەم كۆبوونەوەیە نەبووە هۆی تواندنەوەی سنوورەكانی خێڵ و تێكەڵبوونیان بەیەكتری. خێڵ وەك یەكەیەكی كۆمەلایەتی داخراو لەناو خۆیدا و كەم تازۆر كراوە بەڕووی دنیای دەرەدا مایەوە و (پەیوەندییەكانی خزم خواهی) لەم ڕووەوە ڕۆڵێكی بەرچاو و گەورەیان بینیوە و پارمەتیدەرێكی گرنگی مانەوە و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی ئەم داخرانە سۆسیۆلۆژییە بوون. سەرمایەداری خێڵە كۆچەرییەكانی نیشتەجێكرد، ئاشتییەكی ڕێژەیی لە نێوانیاندا دروستكرد، هەندێ توێژ و گرووپی تازەی دروستكرد، كەمێك جەستەی خێڵی بچووككردەوە، بەلام بونیادی خێڵی بۆ تێكنەشكا، یاسا ناوەكیەكانی ئەو بونیادەی بۆ هەڵنەوەشایەوە. دەكرێ زۆر بەوریاییەوە بڵێم سەرمایەداری لە دنیای ئێمەدا زیاتر ڕۆڵی (تەوتەمێكی كۆیی) بینیوە تا ڕۆڵی كۆمەڵی میكانیزمی ئابووریی بەهێز كە كۆمەڵێ دەرەنجامی سۆسیۆلۆژیی ستراكتۆریی كاریگەر و گرنگی لێبكەوێتەوە. ئەم مەسەلەیەش لە سەرێكەوە پابەستی بونیادی كشتوكاڵیانەی ئابووریی كورد خۆیەتی و لەسەرێكی دیكەوە ستراتیژیەتێكی سیاسی ناحەزانەی داگیركەرانی كوردی لەپشتەوەیە، كە مانەوەی خێڵ و پەیوەندییە خێڵەكیەكان لە دنیای ئێمەدا و هێشتنەوەی ئەو پێكهاتەیە (بەكۆمەڵێ مەبەستی سیاسیی دیاریكراو)، بەكاری سەرەكی و بنەڕەتی خۆیان دەزانن.

بۆ ئەوەی زیاتر ئەو بۆچوونەی سەرەوە ئاشكراكەم، هەوڵدەدەم لێرەدا بەپشتبەستن بەچەند بۆچوونێكی (محمد عابد جابری) بۆ خوێندنەوەی عەقڵی سیاسیی عەرەبی ئەو بۆچوونانەی سەرەوە قووڵتر و وردتریكەمەوە. (خێڵ) وەك (جابری) بەپشتبەستن بە(ابن خلدون) دەڵێ، لەیەك كاتدا هەم دەركەوت و پێدراوێكی سایكۆلۆژییە، واتە واقیعێكە پەیوندیی بە دنیای ڕۆحی و ویژدانیی مرۆڤەوە هەیە، هەم دەزگا یاخود ڕێكخراوێكی كۆمەلایەتی و سیاسیشە، كە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە دنیای پراكتیك و هەڵسوكەوتەكانی مرۆڤەوە هەیە. لایەنی ناوەكیی خێڵ، مەبەستم لایەنە سایكۆلۆژییەكانی خێڵە، ئەو لایەنەیە لە ناوەوەڕا بەها و پێوەرە ڕۆحیەكان و مەیلی ئینتما و داكۆكیكردن و خۆدانە پاڵ خێڵ بەرهەمدەهێنێ، كە بە بۆچوونی من لە دنیای ئێمەدا و تائەم ساتەوەختەی ئێستاشمان، ئەم لایەنە توانیویتی تارادەیەكی زۆر بمێنێتەوە، بەردەوام خۆی بەرهەمبهێنێتەوە و یەكە سەرەكیەكانی خۆی بپارێزێ، كە بریتین لە كۆی ئەو پەیوەندییانەی لەناو خێزان و خێڵ و یەكە سۆسیۆلۆژییە بەرتەسكەكانی دیكەدا پایەدارە،

هەروەها هەموو ئەو بەها و نرخە فیکری و ئەخلاقی و سایکۆلۆژیانەش کە ئەو پێکهاتەیە دەپارێزن. بە بۆچوونی من (سەرمایەداری) لەدنیای ئێمەدا نەیتوانیوە ئەم هەڵقە ویژدانیە تێکشکێنێ و ئینیمای گەورەتر بۆ مرۆڤی ئێمە دروستکات.

لایەنی دەرەکی خێڵیش، مەبەستم ئەو لایەنە پراکتیکییە کە پەیوەندیی خێڵ بە دەرەوەی خێڵەوە دیاریدەکات و ڕێکدەخات، وە خێڵ وەک کۆیەک، وەک هێزو دەزگایەک لە بەرامبەر خێڵەکانی دیکەدا دەناسێنێ و ڕادەگرێ. لێرەدا (سەرمایەداری) توانیویەتی ئەو ناوەندە بخولقێنێ کە تێیدا پەیوەندییە توندوتیژ و شەڕئامێزەکان، کەم تازۆر کۆنترۆڵبکات بەبێ ئەوەی هەوڵی تەواوی لەناوبردنیان بدات. ئەمەش سەرچاوەی ئەو ئاشتییە ڕێژەییەیە کە ژیانی کۆمەڵگای ئێمە، لەناوەوەدا، بەبەراوردکرنی بەسەدەی ڕابردوو، هەڵگریبووە.

لێرەوە (خێڵ) لە دنیای ئێمەدا وەک کۆمەڵێ پەیوەندی یان فەزایەکی سایکۆلۆژی و وەک مەراتبیەتێکی ناوەکی، بەدرێژایی ئەم سەدەیە مانەوەی خۆی پاراستووە و بەردەوام لەپشتی هەموو ڕووداوەکانیشەوە ئامادەبووە و بەردەوام خۆشی بەرهەمهێناوەتەوە.

## (٢)

دیارە مەبەستمان لە (پەیوەندییەکانی خزم خواهی) تەنیا ئەوەنییە کە خەڵکان دەبێ خزم و کەسوکاری یەکدی بن. بەڵکو ئەم پەیوەندییە هەموو ئەو مانایانەش دەگرێتەوە کە باس لە ئینتیما بۆ گەڕەکێک، بۆ شارێ، بۆ ناوچەیەکی دیاریکراو، بۆ حیزبێک دەگرێتە خۆی. ئینتمایەک کە نەک لەسەر بنەمای پەیوەندییە ئابوورییەکان دروستببوبێ وەک (مارکس) پێشنیاریدەکرد، وە نە لەسەر بنەمای (ڕۆحی نەتەوە)ش وەک (هیگڵ) پێی وابوو، بەڵکو لەسەر بنەمای (هاو خوێنی) هاوخزمی بەو مانایەی لە سەرەوە باسمانکرد.

(مارکس) باس لەهێزی ئابووری دەکات لە دروستکردنی ئینتمایەکدا گەورەتر و فراوانتر لە ئینتما بۆ خێڵ و ناوچە هتد... بەڵام (هیگڵ) باس لە (هێزی کولتوور) دەکات، ئابووری (مارکس) بەرەو بڕیاردان لەسەر ڕۆحی چینایەتی دەبات بۆ بەیەکەوەگرێدانی هەموو ئەوانەی یەک هەڵوێستیان لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا هەیە، بەڵام کولتوور (هیگڵ) بەرەو (ڕۆحی نەتەوە) دەبات بۆ تێپەڕاندن و ڕزگاربوون لە پارچە ارچەبوون و هەنگاونان بەرەو یەکگرتن. جائەگەر سەرمایەداری نەیتوانیبێ خەونی (مارکس) لە واقیعی ئێمەدا بێنێتە دی، ئەوا هێزی کولتووریش بەهەمان شێوە نەیتوانیوە خەونی (هیگڵ) لە دنیای ئێمەدا بێنێتەدی. بەمانایەکی دیکە لەوکاتەدا کە بونیادی ئابووری لە کۆمەڵگای ئێمەدا زۆر لەوە لاوازترە کە بونیادی (خێڵ) و پێکهاتە سروشتیەکان تێکشکێنێ و چینە کۆمەڵایەتیەکان بەتەواوی دروستبکات، بەهەمان شێوە هێزی کولتووری ئێمە ئەوەندە لاوازە کە نەیتوانیوە ئەو ڕۆحی نەتەوەیەی (هیگڵ) باسی لێدەکات بەرهەمبهێنێ. لێرەوە هێزە کۆمەڵایەتیەکانی ئێمە نە دەتوانن وەک (چین) و نە دەتوانن وەک (نەتەوە)هەڵسوکەوتبکەن. بەپێچەوانەشەوە سەرتاپا لەناو پەیوەندییەکانی خێڵ و پەیوەندییەکانی خزم خواهیدا نووقمن.

بۆ زیاتر قوڵکردنەوەی ئەو بۆچوونەی سەرەوە، لێرەدا پێویستە لە(پەیوەندییەکانی خزم خواهی) وەک گرنگترین شێوازی پەیوەندی لە دنیای ئێمەدا، زیاتر ڕوونبکەینەوە و زیاتر مانا تایبەتیەکانی ئاشکرابکەین. بۆ جێبەجێکردنی ئەم مەسەلەیەش هەوڵدەدەم سوود لەو مانایانە وەرگرم کە ئەنترۆپۆلۆژی فەرەنسی (موریس غودولیە) بەم چەمکەی دەدات، بەڵام بەبێ ئەوەی هەموو پێشینە و دەرەنجامە تیۆرییەکانی بەکارهێنانی ئەم چەمکە لای (غودولیە) قبوڵبکەین. (غودولیە) پێی وایە کە (پەیوەندییەکانی خزم خواهی) لە کۆمەڵگاکانی پێش سەرمایەداریدا، لەیەک کاتدا هەم (ژێرخان)و هەم (سەرخان)ی کۆمەڵگا، بەمانا مارکسیەکەی، دەگرێتەخۆی. بەمانایەکی دیکە، ئەم پەیوەندییانە لەیەک کاتدا هەم ڕۆڵی (ژێرخان) و هەم ڕۆڵی (سەرخان)یش دەبینێ.

(غودولیە) ئەم بۆچوونە قووڵتردەکاتەوە و قسە لەوە دەکات کە (پەیوەندییەکانی خزم خواهی) لەیەک کاتدا لە هەناوی خۆیدا سێ شت بەیەکەوە کۆدەکاتەوە: «پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان، دەسەڵات، ئایدۆلۆژیا»، ئەمەش مانای ئەوەیە، ئەم پەیوەندییانە لەیەک کاتدا دەتوان هەم ڕۆڵی ئابووری و هەم ڕۆڵی سیاسی و هەم ڕۆڵی فیکری و

ئایدۆلۆژی ببینن. کۆکردنەوەی ئەم سێ ڕۆڵە، یاخود ئەم سێ ڕەهەندەش لەناو کۆمەڵێ پەیوەندیی تایبەتیدا مەسەلەی تێکشکاندن و تێپەڕاندنیان هێجگار زەحمەت دەکات. چونکە لێرەدا بەتەنیا مەسەلەی تێکشکان یاخود تێپەڕاندنی (پەیوەندییە ئابوورییەکان) بەس نییە بۆ ئەوەی خودی ئەو پەیوەندییە وەک گشتێک تێکشکێنرێ - مەبەستم پەیوەندییەکانی خزم خواهییە - بە هەمان شێوە تێکشکاندنی (دەسەڵات) یان گۆڕینی (ئایدۆلۆژیا) بە تەنیا، چارەسەری ئەم مەسەلەیە ناکات و وامان لێناکات لەو باوەڕەدابین کە تێکشکانی هەریەکێ لەوانە بە تەنیا کۆتایی ژیان و مانی (پەیوەندییەکانی خزم خواهی)یە. بەکورتی تێکشکاندنی ڕەهەندێکیان بەبێ تێکشکاندنی دوو ڕەهەندەکەی دیکە جگە لە پرۆسەیەکی مێژووی سەقەت و نیوەناچڵ کارێکی دیکە نییە.

بەبۆچوونی من (سەرمایەداری)، وەک لەپێشەوەش ئاماژەم پێکرد، بەتەنیا دەستکاری ڕەهەندی (ئابووری) نێوان ئەو پەیوەندییانەی کردوە و کەم تازۆر ئاستێکی دیکە و فۆرمێکی دیکەی پێداون. بەڵام (سەرمایەداری) هەرگیز نەیتوانیوە دەستکارییەکی ڕادیکاڵانەی دوو ڕەهەندەکەی دیکە، مەبەستم ڕەهەندی (دەسەڵات)و (ئایدۆلۆژی)یە، بکات. ئەو دوو ڕەهەندە بەدرێژایی ئەم سەدەیە تاڕادەیەکی زۆر زۆربەی هەرەزۆری ڕەگەز و توخمە ناوەکییەکانی خۆیان پاراستوە، هەر لە دەسەڵاتی سەرەک خێڵ و فۆرمە نوێکانی سەرەک خێڵ (بازرگانان و پارەدارانی شار و لادێکان)ەوە، تا بەو زەمینە ڕێزدانی و ڕۆحی و ئایدۆلۆژییە دەگات، کە لەدنیای ئێمەدا لە سەرەتای ئەم سەدەیەوە پایەدارە. ئەم دەرەنجامەش، بەتەواوەتی یەکانگیرە لەگەڵ ئەو دابەشکردنەی (جابری)دا، کە خێڵ بۆ ئاستی سایکۆلۆژی و ئاستی دەزگایی دابەشدەکات و پێشتر لە ڕەوتی ئەم باسەدا هێمامان پێکرد.

بەمجۆرە، ئەم ستراکتۆرە کۆمەڵایەتیە دیاریکراوە تائێستاش لە هەناوی کۆمەڵگای ئێمەدا ستراکتۆری باڵادەستە و هیچ پرۆژەیەکی مێژوویی و شارستانی دیاریکراویشمان نییە و نەبووە بۆ تێپەڕاندن و چارەسەرکردنی. ئەمە جگە لەوەی هەمیشە داگیرکەرانی کوردستان لە دەرەوەڕا ئاوی حەیاتیان بەم ستراکتۆرەدا پرژاندوە و بەردەوام بەرهەمیانهێناوەتەوە، بەڵام کارەساتی سەرەکی لەوەدایە کە (سیاسیی کورد) وە ئەزموونی حیزبە سیاسییە کوردییەکان، ئەزموونی ڕۆشنبیرەکانی ناو ئەو حیزبانە و هەموو ئایدۆلۆژیستەکانی دیکەش، ڕۆڵی بەرچاویان بینیوە لە قووڵکردنەوەی ئەو کێشانەدا، هەم لە ڕێگای خوێندنەوەی هەڵەی واقیعی کوردی و هەم لە ڕێگای ململانێیەکی کوێرانەوە لەسەر دەسەڵات و هەم لە ڕێگای پراکتیک و هەڵسوکەوتی هەڵەی ساڵەهای ساڵیانەوە. لێرە بەدواوە هەوڵەدەم ڕۆڵی (سیاسەت) بەگشتی و (حیزب) بەتایبەتی، بەتایبەتی لەدوای ڕاپەڕین و دروستکردنی پەرلەمان و «حوکمەت»ی هەرێمەوە، لەخۆشکردنی ئاگری شەڕ و تیژکردنەوەی ناکۆکییەکانی نێو ئەو ستراکتۆر و پێکهاتە کولتوورییە نیشانبدەم. نابکرێت لەوێوە لە فاکتەرە خۆییەکانی جەنگ تێبگەین. چونکە ئەگەر ئەوەی تائێستا لەم نووسینەدا باسمانکردوە، فاکتەرە بابەتیەکانی بەرپابوونی جەنگ بێت، مەبەستم ستراکتۆ رو هەندێ لایەنی کەلتوورییە، ئەوا ئەوەی ئەم زەمینە بابەتیە بارگاویە دەتەقێنێتەوە، بریتیە لەو فاکتەرە خۆییانەی پراکتیکی سیاسی و ئەزموونی حیزبی و بڕیاری سەرکردایەتیەکان و کێشمەکێشی دەسەڵات جەوهەرەکەی دەستنیشاندەکەن.

کۆمەڵێ فاکتەر کە لەباتی چارەسەرکردنی ئەو کێشە کولتووری و سیاسی و ستراکتۆریانە، لەڕێی دروستکردن و بەهێزکردنی کۆمەڵێ دەزگای تایبەت و پراکتیککردنی سیاسەتێکی فەرهەنگیی ڕادیکاڵانە و تێگەیشتن و پراکتیکی دیکەی دەسەڵاتەوە، لەپێش هەموویشیانەوە ئازادکردنی (کۆمەڵگای شارستانی)ی کوردی و داگیرنەکردنی لەلایەن حیزبەوە. نەبەستنەوەی هەڵقە ئابوورییە گرنگەکانی کوردستان بە دەغیلە تایبەتەکانی حیزبەوە، گەشەنەدانی سەرەتاییانە بە خودی حیزب خۆی وەک تاقە دەزگا و دانانی لە شوێنی هەموو کۆمەڵگا. ڕزگارکردنی دەسەڵات لە(جەستەی سەرکردەکان) و دۆزینەوەی میکانیزمێکی دیکە بۆ بڕیاردان. کارکردن بۆ بەرگرتن بەهەموو ئەو پرۆسێسانەی دەبنە هۆی قووڵترکردنەوەی دابەشکردنەکانی ناو کۆمەڵگای ئێمە. بەتایبەتی مەسەلەی ڕاگەیاندن و خوێندنگا هتد... دەڵێم لە باتی کارکردن بۆ ئەو مەسەلانە و دەیان مەسەلەی دیکەی لەو بابەتە، دەبینین بەپێچەوانەوە (حیزب)ی کوردی خۆی چووە شوێنی کۆمەڵگا و خۆی چووە بری نەتەوە و خۆی بووە خاوەنی

ئابووری و، خۆی بووە تاقە دەزگایەک کە مافی ئەوەی هەیە گەشەبکات. دەسەلات نەک بەدەزگایی نەکرا، بەڵکو زیاتر (جەستێنرا)، زیاتر بەجەستەی سەرکردەکانەوە گرێدرا. بەڕادەیەک لە پیواری جەستەیی (تاڵەبانی) و (بەرزانی)دا، پەرلەمانی کوردی بووە دەزگایەکی بێ رۆح و بێ ئیرادە. ئەو ژوور و ئاپارتمان و خانووەی جەستەی (بارزانی) و (تاڵەبانی) تێدایە، دەسەلات لەوێیە، نەک لەو دەزگا رەسمیانەدا کە «حکومەتی کوردی» دروستیکردبوون. بەجەستەییکردنی دەسەلات لەعێراقدا ئەزموونێکی بەعسیانەی کوشندەیە، کە «سەرکردە» کوردەکان ڕاستەوخۆ کۆپیانکرد. کۆکردنەوەی هەموو دەسەلاتەکان لە جەستەی (سەدام حوسەین)دا ئەزموونێکی تاکرەوانەی دەسەلاتە، کە دەربڕی خنکاندنی هەموو ئەو بازنانەی دەسەلاتە کە دەشێ بوونی مەعنەوی و بوونی دەزگاییان هەبێ و لەدەرەوەی جەستەی سەرۆکدابن، لەپێش هەمووشیانەوە دەسەلاتی دەزگاکانی (کۆمەلگای شارستانی) ئینجا دواتر دەسەلاتی دەزگا سەربەخۆکانی دیکە.

ئەزموونی دەوڵەتی کوردی دەبوایە گەشەی ئێمەی بەرەو بە(نەتەوە)بوونی تەواو، بەکاملبوون، بەئیجماعێکی سیاسی و نەتەوەیی بگەیاندایە و هەموو ئەو هۆکارانەی تێکبشکاندایە کە ڕێگرن لەبەردەم هەلسوکەوت و پراکتیکی ئێمەدا وەک نەتەوەیەک . چونکە وەک ئاشکرایە پرۆسەی بەنەتەوەبوون پرۆسەیەکە بەبێ دەوڵەت کارێکی مەحالە و لەم ڕووەوە بۆچوونەکانی (گرامشی) و (بۆلانتزاس) شتی گرنگمان پێدەڵێن. کەچی وەک دەبینین ئێمە لە باتی دروستکردنی دەوڵەت و بەهێزکردنی دەزگاکانی دەوڵەت، خەریکی بەدەوڵەتکردنی حیزب و دروستکردنی دەزگاکانی حیزب بووین. ئەمەش زیانێکی مێژوویی هێجگار گەورەی هەم بە خودی ئەزموونی دەوڵەت خۆی و هەم بەواقیعی کۆمەلایەتی و سیاسی و ئەخلاقی و فیکری کوردی گەیاند. بەمجۆرە لەباتی کۆتاییهێنان بە کۆی دابەشبوونە کۆنەکان و دەستکاریکردنێکی ڕادیکالانەی (ئامادەگیە گشتیەکانی) ناو (هەبیتۆس)ی مرۆڤی ئێمە و پێکهاتەی چەپێنەری گروپەکان ـ لەڕێگای ڕزگارکردنی مرۆڤی ئێمە لەو دنیا ڕۆحی و ئایدۆلۆژییە یەک ڕەهەندەی و توندڕەوەوە کە ئەگەری (شەڕ)ی بەردەوامی لەناودا دەچێنێ و (بوونێکی بەزەبری) پێدەدات ـ دەڵێم لەباتی پیادەکردنی ئەم مەسەلانە دەبینین لەیەک کاتدا هەم دابەشبوونە کۆنەکانمان قوڵتر و چارەهەڵنەگرترکرانەوە، هەم کۆمەڵێ دابەشبوونی نوێش لەپاڵ دەسەلاتی حیزبدا دروستکران. لە باتی شۆرینەوەی پێکهاتەی توندڕەوانەی سایکۆلۆژیا و (هەبیتۆس)ی مرۆڤی ئێمە و پاککردنەوەیان لە ئەگەری شەڕ، ڕۆحی مرۆڤەکان پڕکران لە موتیڤی توندڕەوی و شەڕانگێزی و گروپچێتی. بە جۆرێک سیاسەت دەبێتە هونەری بردنەوەی جەنگ نەک هونەری بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا.

## (٣)

یەکێک لەتایبەتمەندییەکانی کایەی سیاسیی کوردی بریتییە لە کورتکردنەوە و تەسککردنەوەی (کۆمەلگای سیاسی)ی کوردی بۆ حیزب و ئۆرگانەکانی حیزب. حیزبیش نە بەو مانایەی نوێنەر یان هەڵگری پڕۆژەی (نەتەوە) یان نەتەوەییە، بەڵکو بەو مانایەی نوێنەری ناوچە یان هاوپەیمانییەکی خێڵەکی دیاریکراو یاخود شارێ یان دوو شاری تایبەتە. لەڕاستیشدا هیچ یەکێ لە حیزبە کوردییەکانی دنیای ئێمە خولقێنەر یان هەڵگری شوناسێکی نەتەوەیی نین. شوناسێک وەک پێشتر لەپاڵ (هیگڵ)دا هێمامان پێکرد کە کولتوور نەیتوانیوە دروستیکات و، لەپاڵ (مارکس)یشدا وتمان ئابووری نەیتوانیوە بەرهەمیبهێنێت. بەمجۆرە پرۆسەیەک کە کولتوور و ئابووری نەیانتوانیوە بە کاملبوونی تەواوی بگەیەنن. دیارە لەبەر کۆمەڵێ هۆ کە ئێرە شوێنی باسکردنیان نییە، سیاسەت و کاری ئاگایانەی سیاسەتی کوردی وێڵی خولقاندنی (کۆمەلگایەکی سیاسی)ە کە ڕەهەندی نەتەوەیی یان حیزبی تێدا وونە، یان ڕاستتر بدوێین چەپێنراوە. ئەمەش وایکردووە پرۆژەکانی حیزب، وێناکردنەکانی، تەماشا و هەڵسەنگاندنەکانی، هەر هەموویان لەو سنوورانەدا بسوڕێنەوە کە دەکەونە پێش یان پاش سنووری نەتەوەوە، نەک ناو سنووری ئەتەوە خۆیەوە.

(کۆمەلگای سیاسی) دەشێ هەموو دەستەو گروپ و تاکەکەس و چالاکیانەش بگرێتەوە کە بەشێوەیەک لە

شێوەکان قسە لەسەر مەسەلەی دەسەڵات و حوکمکردن دەکەن و دەسەڵاتیان لە چەقی بیرکردنەوەی خۆیاندا داناوە و هەوڵی بەدەستهێنانیشیدەدەن.

بێگومان کورتکردنەوەی (کۆمەڵگای سیاسی) بۆ حیزب مانای بەرەهاکردنی دەزگایەکی دیاریکراو لەبەرامبەر چەندان دەزگا و چالاکی دیکەدا کە دەشێ سیاسەت چەق بێت لە پرۆسەی کارکردنیاندا. بە بۆچوونی من ئەم پرۆسەی خۆبەرەهاکردنەی حیزب لە بەرامبەر کۆی دەزگا سیاسی و شارستانیەکانی دیکەدا، هەمان بونیادی خۆبەرەهاکردنی خێڵە لەبەردەم نەتەوەدا. بەم مانایە دەڵێم میکانیزمی کارکردنی حیزب و میکانیزمی کارکردنی خێڵ هەردووکیان یەکن و لەسەر بنەمای یەک پرۆسەی خۆبەرەهاکردن کاردەکەن لە بەرامبەر بوونە دەرەکیەکانی دەرەوەی حیزب و خێڵدا.

ترسناکترین دەرەنجامی ئەم پرۆسەیە بریتییە لە گۆڕینی هەموو (باڵادەستییەکی کۆمەڵایەتیە) بە(باڵادەستییەکی خێڵ) و گۆڕینی (هەموو باڵادەستییەکی سیاسیش) بە(باڵادەستییەکی حیزبی). لێرەوە چەندە هەڵقە کۆمەڵایەتیە فراوانەکانی دەرەوەی خێڵ وونن (چین، نەتەوە) بەهەمان ئەندازەش هەڵقە فراوانەکانی ئەودیوی حیزب وونن (بەرەیەکی یەکگرتوو، پەیمانی فراوانی چەند هێزێ، دەوڵەت، دەزگا گشتیەکان).

بەمجۆرە سیاسەت کارێک جێبەجێدەکات، کە بریتییە لە ڕاکێشانی دنیای دەرەوە بۆ ناو حیزب، یان فراوانکردنی حیزب بۆ داگیرکردنی کۆمەڵگا. کارێک دژ بە داخوازییە بابەتی و مێژووییەکانی واقیعی کوردی.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم خاڵە و دواتریش بۆ زیاتر تێگەیشتن لە ڕوداوەکانی دوای ڕاپەڕین و بارگاوبوونی فەزای سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێمە بە مۆتیفەکانی جەنگ و پووچەڵکردنی دەسەڵاتی «دەوڵەتی کوردی» لە کوردستاندا وای بەباش دەزانم ئەزموونی دەوڵەت و دەسەڵات لە (عێراق)دا بخەمەڕوو، چونکە بەباوەڕی من ئەزموونی کوردی لەگەڵ دەوڵەتدا، دووبارەکردنەوەی هەمان ئەزموونی عێراقیە، بەڵام نە لە شێوە تراژیدییەکەیدا، بەڵکو لە فۆرمە کاریکاتۆریەکەیدا.

## (٤)

ئەزموونی (بەعس) لە عێراقدا لەسەر بنەمای پەیوەندییەکی تێرۆرئامێز و یەکلایەنە و ناهاوسەنگی نێوان ئەم سێ یەکە کۆمەڵایەتی و سیاسییە دروستبووە: ١) کۆمەڵگای سیاسی؛ ٢)دەوڵەت؛ ٣) کۆمەڵگای شارستانی(مدنی).

(کۆمەڵگای سیاسی) عێراقی نەک کورتبۆتەوە بۆ ئەزموونی تاقە حیزبی (بەعس) خۆی، بەڵکو خودی (بەعس) وەک حیزبێکی شێوە ستالینی کورتبۆتەوە بۆ ئەو دەستە چکۆلەیەی حوکمیان بەدەستە، کورتبۆتەوە بۆ دیکتاتۆرێک و ئەو بازنە تەسکەی بەدەوریدان. لە دەرەوەی ئەم سێ دەستەیە ناتوانین باس لە هیچ دەرکەوتێک لە دەرکەوتەکانی (کۆمەڵگای سیاسی) بکەین. مەگەر ئەو ئۆپۆزیسیۆنە کاریکاتێرییە ئاوارەیە نەبێت کە لە دەرەوەی وڵات و لە دەرەوەی کۆمەڵگای عێراقیدا دەژی.

(دەوڵەت)ی عێراقیش دەوڵەتێکە لە باری خۆبەدەستەوەداندایە بە(کۆمەڵگای سیاسی) عێراقی، بەو بازنە تەسکەی لە سەرەوە ئاماژەمان بۆکرد، واتە بە(دەستەی حاکم). دەوڵەت لە عێراقدا دەزگا یان پێکهاتەیەکی ئۆتۆنۆم نییە، دەربڕی ئەو هێزە کۆمەڵایەتیە جیاجیایانە نییە کە نەخشەی سۆسیۆلۆژی کۆمەڵگای عێراقی پێکدێنن. دەوڵەت دامەزراوێک نییە کە جەوهەر و ناوەڕۆکی خۆی لە پەیوەندیی خۆیەوە بەیەکە کۆمەڵایەتیە جیاجیاکانەوە دیاریکات، لەو ئەرکانەوە کە دەبێ لە بەرانبەر کۆمەڵگادا و بۆ خودی کۆمەڵگای جێبەجێیان بکات. دامەزراوەکانی دەوڵەتی عێراقی کۆمەڵێ دامەزراوی ئیفلیجن، بەتایبەت دامەزراوە سیاسییەکانی، کۆمەڵێ دامەزراوی ژێردەستی بازنە تەسکەکانی حیزب. کۆمەڵێ دامەزراو کە حیزب نەک ڕەنگرێژیاندەکات بە بەرنامە و پرۆگرامەکانی خۆی، وەک لە ئەزموونی دەوڵەتانی دیکەدایە، بەڵکو هەر لە سەرەتاوە داگیریدەکات و دەستدەخاتە ناو فۆرم و ناوەڕۆک و شێوازی کارکردنیەوە و لە ئاڕاستەی کارکردنەوە بەرووی کۆمەڵگادا، وەریدەگێڕێت بە ئاڕاستەی کارکردن بە ڕووی حیزبدا، لێرەوە دەوڵەت نە بۆ کۆمەڵگا بەڵکو بۆ حیزب کاردەکات. بەکورتی دەوڵەت لە عێراقدا «بەرجەستەکردنی ناوەڕۆکی مێژوو» نییە وەک (هیگل) دەڵێ، یاخود (دەربڕی) «ئیرادەی گشتی» وەک (ڕۆسۆ) پێی وابوو. یان «ئامرازی

بالادەستیی چینێک بەسەر چینێکی دیکەدا، وەک (مارکس) و (ئەنجلس) بۆی دەچوون، بەڵکو کیانێکی لاواز و بێ ئیرادەی ژێر دەسەڵاتی (کۆمەڵگای سیاسی) عێراقیە و دەربڕی ئارەزوو و ویست و قازانجەکانی ئەو (بازنە تەسکە)یە کە لە سەرەوە لێی دواین.

(کۆمەڵگای شارستانی)، بەمانای کۆی ئەو دەزگا و دامەزراو و پێکهاتانەی دەکەونە نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگاوە. یان وەک (گرامشی) پێشنیاریدەکات (کۆمەڵگای شارستانی = کۆمەڵگا- دەوڵەت). واتە کۆی ئەو یەکە کۆمەلایەتیانەی لە دەرەوەی دەوڵەتدان و بەشێوەیەک لە شێوەکان ئازادانە خۆیان سیستماتیزەکردوە و داکۆکی لە سوود و قازانج و داواکارییە کۆمەلایەتی و فیکرییەکانی خۆیان دەکەن، چ وەک تاک و چ وەک گروپ. بیری سەرەکیی (کۆمەڵگای شارستانی) و ئەرکەکانی لە جەوهەردا هەوڵدانی دابەشکردنی دەسەڵات و ڕێگرتنە لە کۆبوونەوەی لە ناوەند و بازنەیەکی تەسکدا. سەربەخۆبوونی ئەم کۆمەڵگایە و بەهێزبوونی مانای بوونی، تەوەرێکی دیکە بۆ دەسەڵات ک ەدەکەوێتە دەرەوەی دەسەلاتی دەوڵەت و دەسەلاتی (کۆمەڵگای سیاسی)یەوە. وەک ئاشکراشە تیۆرەی (کۆمەڵگای شارستانی) بەشێکە لە تیۆرەی (دیموکراسیەت) و لەنێوان (کۆمەڵگای شارستانی) و بەرقەراربوون و دامەزراندنی دیموکراسیەت و دیموکراتیزەکردنی ژیانی کۆمەلایەتیدا پەیوەندییەکی پتەو و بەرچاو هەیە.

ئەوەی ئەو سێ لایەنەی لە عێراقدا بەیەکەوە گرێدەدا، مەبەستم (کۆمەڵگای سیاسی) و (دەوڵەت) و (کۆمەڵگای شارستانی)یە، وەک لەسەرەتاشەوە ووتم پەیوەندییەکی توندوتیژ و یەک مەودا و لاسەنگە. ئەمە سەرەڕای کورتکردنەوەی هەریەکێ لەو سێ لایەنە بەشێوەیەکی بەرفراوان.

سەرەتا کورتکردنەوەی (کۆمەڵگای سیاسی) بۆ دەسەلاتی تاقە حیزبێک و کورتکردنەوەی خودی حیزبیش بۆ (دەستەی حوکم) کورتکردنەوەی (دەوڵەت) بۆ کۆمەڵێ دەزگای کۆنترۆڵکراوی ژێر دەسەلاتی حیزب، کورتکردنەوەی (کۆمەڵگای شارستانی) بۆ کۆمەڵێ دەزگای ئیفلیجی بەتاڵ لە هەموو وزە و توانایەکی ڕەخنەیی سەربەخۆ. ئەزموونی عێراقی بریتییە لە داگیرکردنی (دەستەی حاکم) بۆ (حیزب) و دواتریش داگیرکردنی (حیزب) بۆ (دەوڵەت) و لەپێشەوە داگیرکردنی (دەوڵەت) بۆ (کۆمەڵگای شارستانی). بەمجۆرە پرۆسەی داگیرکردن لە سەرەوە بۆ خوارەوە لە ڕێگەی پووچەڵکردنەوەی هەموو دەزگا و دامەزراوە سیاسی و کۆمەلایەتی و فەرهەنگیەکانی دەرەوەی دەسەلاتی (حیزب)ەوە و بە یارمەتی فەزایەکی ئایدۆلۆژی بارگاوی بەسومبولی نەتەوەیی و ئایینی و سۆسیالیستی لەلایەکەوە و، بەیارمەتی (سویا)یەکی لەڕادەبەدەر گەورە و ئامادە بۆ کۆڕکردنی هەر نارەزاییەکی سیاسی و کۆمەلایەتی لەلایەکی دیکەوە، بەتوندی لەئارادایە، کە دەرئەنجامەکەی بەرهەمهێنانی یەکێ لە تۆقێنەرترین و هارترین دیکتاتۆریەتەکانی مێژووە.

لە عێراقدا، لە سایەی ئەو هاوکێشەیەی سەرەوەدا، دوورخراوەی یەکەم (کۆمەڵگای شارستانی)یە، کە هەموو هێز و توانا و وزە ڕەخنەییەکانی لێسەندراوەتەوە. بەم پرۆسەیەش ئیدی (دەوڵەت) هیچ هێزێکی کۆمەلایەتی شێلگیری لەبەردەمدانەماوەتەوە بۆ ڕەخنەلێگرتن و چاودێریکردنی کاروبارەکانی. هەر ئەم مەسەلەیەش وادەکات چاوەڕێی هیچ مەترسییەکی جیدی بۆ سەر (دەوڵەت) لە دەرەوەی خودی دەوڵەت خۆی نەکەین و (کۆمەڵگای شارستانی) عێراقی زەمینەی ئەوەمان بۆ خۆشناکات چاوەڕێی بەرامبەر وەستانی (دەوڵەت)ی لێبکەین.

داگیرکردنی (کۆمەڵگای سیاسی)یش بۆ (دەوڵەت) پرۆسەی قووڵترکردنەوەی تێکدانی پەیوەندیی هاوسەنگیی نێوان (دەوڵەت) و (کۆمەڵگای شارستانی) گەورەترکردوە. ئەم پرۆسەیە وایکردوە (دەوڵەت) بەئاراستەی (کۆمەڵگای سیاسی)دا کاربکات نەک بەئاراستەی (کۆمەڵگای شارستانی)دا. هەر ئەمەشە وامان لێدەکات لەگەڵ ئەوەشدا (دەوڵەت)ی عێراق دەوڵەتێکی ئامادەبوو لە زۆربەی کایەکانی ژیان و پێکهاتەی کۆمەلایەتیدا و ڕاستەوخۆش دەستی جەهەنمیانەی خۆی خستۆتە ناو ژیان و فەزای کۆمەلایەتیەوە، هێشتا (دەوڵەت)ی عێراق وەک (دەوڵەت) لاواز و ئیفلیج ببینین. دەوڵەت لەعێراقدا پایەکانی لەناو کۆمەڵگای عێراقی و پرۆسە مێژووییەکانیدانییە، بەڵکو لەناو زەمینەی (دەستەی حاکم) دایە و دەزگاکانی دەوڵەت ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هەوای ژیانیان لەو

دەستـیەوە وەردەگرن، نەک لە کۆمەڵگای عێراقی و پرۆسە کۆمەڵایەتیەکانەوە. لێرەوەیە دەکرێ باس لە لاوازی بونیادیانەی (دەوڵەت) لە عێراقدا بکەین و ئەزموونی دیکتاتۆریەت لەم وڵاتەدا، نەک وەک ئەزموونی دەوڵەت، بەڵکو وەک ئەزموونی حیزب تەماشابکەین.

(٥)

بەڵام ئایا لە کوردستـانی ئێمـەدا چی ڕوویداوە و ئەزموونی (کۆمـەڵگای سیـاسی)و (دەوڵەت)و (کۆمـەڵگای شارستانی) لە دنیای ئێمەدا بە چ جۆرێکە، چ میکانیزمێ لەئارادایە و ئەو سێ لایەنە چۆن کاردەکەن و شێوازی پەیوەندیی نێوانیان چ فۆرمێکی گرتۆتەخۆی.

ئەگەر بمەوێت بەڕستەیەک ئەزموونی ئێمە، لەچەند ساڵی ڕابردوودا کورت بکەمەوە ئەتوانم بڵێم، ئەزموونی ئێمە بریتیە لەهەوڵدانی بەردەوامیی (حیزب) بۆئەوەی (دەوڵەت) لەدەزگایەکی (بان حیزب)یەوە بکاتە دەزگایەکی حیزبی و(کۆمەڵگای مەدەنیش) لەکۆمەڵگای ئۆتۆنۆم و سەربەخۆوە، بکاتە پاشکۆیەک لەپاشکۆکانی حیزب؟

ئەگەر ئەزموونی سیاسی (بەعس) لە عێراقدا بریتی بێت لە داگیرکردنی (حیزب) بۆ (دەوڵەت) و لەوێشەوە داگیـرکـردنی (دەوڵەت) بۆ (کـۆمـەڵگای شـارستـانی) ئەوا ئەزمـوونی کـوردی هـەوڵدانی لاسـاییکردنەوە و دووبارەکردنەوەی هەمـان ئەزموونی عێـراقیـە، بەڵام بەبێ بوونی وزە و هێز و ئیمکاناتی تەواو بۆ ئەو پرۆسـەی لاسایی کردنەوەیە. بۆیە ئەگـەر ئەزمـوونی سیـاسی (بەعس) ئەزموونێکی تراژیدی بێت، ئەوا ئەزمـوونی کـوردی ئەزموونێکی (کاریکاتۆریە).

خاڵی هاوبەشی نێوان ئەزموونی کوردی و ئەزموونی (بەعس)، بەرەهاکردنی حیزب و بەرزکردنەوەیەتی وەک دەزگایەکی بالادەست بەسەر دەوڵەت و دەزگاکانیدا لەلایەک و بەسـەر هەموو پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا لەلایەکی دیکەوە. بەڵام ئەو خـاڵەی ئەزمـوونی کوردی لە ئەزموونی (بەعس) جیـادەکـاتەوە ئەوەیە، (حـیزب) لـە ئەزمـوونی (بەعس)دا، دوای داگیـرکـردنی (دەوڵەت) و لەڕێگای ئـەوەوە (کۆمـەڵگای شـارسـتـانی) داگیـردەکـات، دوای ئەوەی دەوڵەت دەست بەسـەر ژیانی ئابووریی کوردیدا دەگرێ و مۆنۆپۆلیدەکات، هەموو کۆمەڵگا ناچاردەکات بچنە ژێر چەتری ئەوەوە، بەڵام لەئەزموونی کوردیدا (حیزب)ی کوردی (کۆمەڵگای شارستانی) کوردی داگیرکرد بەبێ ئەوەی بەهەڵقـەی (دەوڵەت)دا تێپـەڕێت، ئەڵبەتە دوای ئەوەی (حـیزب) دەست بەسـەر ژیانی ئـابووریی کـوردیدا دەگرێ و مـۆنۆپۆڵیـدەکـات و هەمـان ئەزمـوونی بەعس دووبارەدەکـاتەوە، بـەڵام لەناو خـودی خـۆیدا نەک لەناو دەوڵەتەوە، هەرئەمـەشـە وادەکـات (دەوڵەت) لە ئەزمـوونی (بەعس)دا، ئارادەی پیرۆزی و تـەقدیس، پیـرۆزکرێ و لە ئەزمـوونی کوردیدا، لە هـەموو شتێ بێ نرختر و پووچەڵتربێت. ئەگەرچی ئەوەتەی هەین، چ وەک تاک و چ وەک نەتەوە، خەون بە دامەزراندنی دەوڵەتەوە دەبینین.

(حـیـزب)ی کـوردی ڕاسـتـەوخـۆ کـەوتە هـەنجن هـەنجنکردن و پارچەپارچەکردنی دەزگـاکـانی (کـۆمـەڵگای شارستانی) لەڕێگای فراوانکردنی سنوورەکانی خۆیەوە، بەبێ ئەوەی پێویستی بە (دەوڵەت)بێت بۆ ئەنجامدانی ئەم کارەی. چونکە دەوڵەت، گەر بە درۆ و ساختـەش بێت، پێـویستی بەئیـجمـاعێکی سیاسی هەیە بۆ ئەوەی بژی و دەستبەکاربێت، ئیجماعێ کە پیواری یەکەمە لە دنیای سیاسیی کوردیدا.

بەمانایەکی دیکە (حیزب) لە ئەزموونی کوردیدا، بەهۆی پێکهاتەی تایبەتی فەزای سیاسیی کوردییەوە، وەک لە سـەرەتای ئەم باسەدا هێڵە گشتیـەکانیمـان ئاشکراکرد، بەبێ ناوکۆیکردنی دەوڵەت و لەڕاستیدا تەنیا لە ڕێی ڕەتکردنەوەی دەوڵەتەوە دەیتوانی پرۆسەیەک ئەنجامبدات. کە لە ئەزموونی دیکتاتۆریانەی حکومەتەکانی (دنیای سێیەمدا) یان ئەوەی (تیۆرەی وابەستەیی) بە (دەوڵەتی کەناری)ی ناودەبات، ئەنجامدانی ئەو پرۆسەیە بە(دەوڵەت) سپێردرابوو و هەر ئەویش جێبـەجێ و پیادەیدەکرد. ئەمـەش ڕووی هەرە تراژیدیی ئەزمـوونی ئێمـەیە لەگـەڵ (دەوڵەت)دا کە ساڵەهای ساڵە خەونی نەوە نوێکان و نەوە کۆنەکانە بەسەریەکەوە.

(٦)

حـیـزبی کـوردی بەرەتکردنەوەی دەوڵەت، وەک دەزگـایەکی (بان حـیـزبی) و ئەگـەرێکی مـێـژوویی گـەورە بۆ

تەواوکردن و بەکامڵ گەیاندنی پرۆسەی بەنەتەوەبوونی ئێمە وەک نەتەوەیەکی سیاسی، ئەو ڕاستیەی سەلماند کە لەزەین و وێناکردنەکانی «سیاسیی کورد»دا حیزب لە هەموو شتەکانی دیکە، لە خودی خەڵک، نیشتمان، نەتەوە، گرنگترە. بەڕادەیەک لە نێوان پاراستنی حیزب و پاراستنی نەتەوەدا، پاراستنی حیزب و پاراستنی نیشتماندا، پاراستنی حیزب و بوونی حیزب بەپلەی یەکەم دێت و تا ئەو ئەندازەیەش وێرانکردنی نیشتمان بۆ پاراستنی حیزب، هەنجن هەنجنکردنی نەتەوە بۆ پاراستنی «یەکێتی» حیزب، برسیکردنی میللەت بۆ قەڵەوکردنی حیزب، خەتە گشتی و سەرەکیەکانی دیگای سیاسیی کوردی لە هەمووکات ئاشکراتر و بەرچاوتر نیشاندەدات.

من سەرەتا قسەم لەوە کرد کە واقیعی ئێمە نەخەونی (مارکس) و نەخەونی (هیگڵ)، هیچیانی بۆ نەهاتۆتەدی. واتە هێزە سۆسیۆلۆژییەکانی ناو مێژووی ئێمە نەیانتوانیوە پرۆسەی کامڵبوونی خۆیان وەک (چین) و وەک (نەتەوە)، لە ڕێی فاکتەرە ئابوورییەکان و فاکتەرە کولتوورییەکانەوە پیادەبکەن و ئەو پرۆسەیە تائێستاش بە ناکامڵی و لەناو تونە پێچاوپێچ و ئەهریمەنیەکانی مێژووی ئێمەدا گیریخواردووە و بەدەست ڕێگرە بونیادییەکانیەوە دەناڵێنێ. بەڵام من وای بۆ دەچم کە ئەزموونی ڕاپەڕین، هاتنەکایەی هەلومەرجێکی مێژوویی وابوو کە تێیدا (سیاسەت) وەک فاکتەرێکی خۆیی وەک جۆرێک لە پراکتیککردنی ئیرادەگەرێتی تایبەت و مامەڵەکردنێکی عەقڵانیانە و بەرپرسیار دەیتوانی پارمەتیدەرێکی گەورە و گرنگ بێت بۆ بەکامڵ گەیاندن و بەرەوپێشەوەبردنی ئەو پرۆسەیەی سەرەوە. (ڕاپەڕین) دەیتوانی سەرەتای بونیادنان و دروستکردنی (کۆمەڵگای شارستانی) بەهێز و پتەو باوەڕبەخۆبوو بێت، بەتایبەتی دوای ئەوەی مێژووی ئێمە لە سەردەمانی ڕاپەڕیندا خوێنێکی نوێ بە شادەمارەکانیدا دەگەڕا و وزەیەکی نوێ لەهەناوی مرۆڤی ئێمەوە دەهاتەدەر. لە ڕاپەڕیندا ئیرادەگەرێتی مرۆڤی ئێمە لە لوتکەی ئامادەگی و تەقینەوە مێژووییەکانی خۆیدابوو. دەکرا سیاسەتێکی عەقڵانیانە و وریا و ئاگا بەواقیعی کوردی و هەلومەرجی ناوەکیی دوای ڕاپەڕین ڕۆڵی ئەو (فاکتەرە) گرنگە ببینێ کە (ئابووری) و (کەلتوور) نەیانتوانیوە بیبینن. ئەمجارەیان واقیعی ئێمە نە لەپاڵ (مارکس) و (هیگڵ)دا خەونی خۆی نائومێدانە ببینێ، بەڵکو لەپاڵ (گرامشی)دا خەونێکی ئومێدەوارانە ببینێ. (سیاسەت)بێت و گوڕ و تەوژم هەم بە ئابووری و هەم بەکەلتووریش بدات و دەستی هێزە کۆمەڵایەتیەکانی ئێمە بگرێ و ئاسۆی گەشەکردنیان بۆ بکاتەوە.

تاقە دەزگایەکی سیاسیش ئەم پرۆژەیەی بۆ جێبەجێبکرایە، تەنیا دەزگایەکی (بان حیزبی) بوو، بەزگایەک بتوانێ لەودیو سنوورەکانی حیزب و عەقڵیەتی حیزبیەوە دیالۆگ لەگەڵ کۆمەڵگای کوردی و دنیای دەرەوەشدا دروستبکات. (دەوڵەت)، (پەرلەمان)، (بەرە)، ئامانە و دەزگای لەمجۆرە دەیانتوانی ئەو گیرخواردنە بونیادییە تێپەڕێنن و هەموو ئەو فاکتەرە کولتووری و ئابووری و فیکری و کۆمەڵایەتیانەی دابەشبوونی ئێمە لەناو خودی خۆماندا بۆ هێز و دەستە و گروپ و تاقمی جیاواز بەپێی لۆژیکی خێڵ و پەیوەندییەکانی خزم خواهی دابەشدەکەن، تێپەڕێنن و ئەو واقیعە پارچەپارچەییە تووشی کێشە و گرفتی کوشندەبکەن. لە هەمان کاتیشدا ئاسۆی گەشەکردنی ئێمە وەک (نەتەوە)، ئاسۆی گەشەکردنی هێزە کۆمەڵایەتیەکان وەک (چین)، کە هەڵگری ستراتیژێکی مێژوویی تایبەت بن بکاتەوە و هەنگاوێک دنیای ئێمە لەئایندەیەکی گەش نزیکبکاتەوە.

بەڵام وەک هەموومان دەزانین، ئەوەی ڕوویدا تەواو پێچەوانەی ئەم داخوازی وپلانە مێژووییانە بوو، حیزبی کوردی نەک دەرگای ئایندەی نەکردەوە، بەڵکو هەموو کلیلەکانی دەرگاکانی ئێستاشی قووتدا و مرۆڤی ئێمەی لەناو کێشە بونیادییە کۆنەکانیدا نووقمکرد و هیچ ڕێگایەک، دەربازێک، ڕەهەندێکی بۆ نەهێشتەوە، جگە لە جەنگ و کارەسات و برسییەتی نەبێت.

«سیاسی کوردی» لە جەنگی فیوداڵیانە ـ خێڵەکیانەی خۆیدا لەسەر دەسەڵات، نەک هەلومەرجی خوڵقاندنی (دەوڵەت)ی پیادەنەکرد، بەڵکو ئەو تاقە دەزگا بان حیزبیەش، کە ڕۆژگاری تاڵی پرهەرەس و نائومێدی، لەژێر قورسایی تێکشکانی دەزگاکانی حیزب و وجودی حیزب خۆیدا، دروستببوو، مەبەستم (بەرەی کوردستانیە) ئەویش تێکشکێنرا و بەتاڵکرایەوە لە هەموو توانا و وزەیەکی جیدیی کارکردن و جێبەجێکردنی داخوازی و پێویستییە

مێژووییەکانی ئێمە. ئەم بەئاسانی لەناوبردنەی (بەرەی کوردستانی) وامان لێدەکات (بەرەی کوردستانی) وەک هێمای کارکردنی پێکەوەیی حیزب و سەرۆکە فیوداڵە سیاسییە کوردییەکان نەبینین و بەکارێکی ئیرادەگەرانەی گشتیی تێنەگەین، دەنا چۆن وابەئاسانی لەناو دەچوو.

بە بۆچوونی من، (بەرەی کوردستانی) ئەو دەزگایە بوو کە هێمای بۆ مەرگ و لاوازبوونی (حیزب) دەکرد وەک کیانێک بتوانێت بەتەنیا و ئۆتۆنۆم لۆژیکی خێڵکیانەی خۆی پیادەبکات. (بەرەی کوردستانی) ڕەمزی سەرەمەرگیی حیزب بوو، ڕەمزی بەرەو فەوتان و لەناوچوونی، ڕەمزی لاوازبوونی تا ئاستی مردن و ماڵئاوایی لە مێژوو. (بەرەی کوردستانی) تێپەڕاندنی لۆژیکی خێڵ و لۆژیکی ناوچە و لۆژیکی پەیوەندییەکانی خزم خواهی نەبوو، بەڵکو ناوەندێک بوو بۆ کاری بە زۆر پێکەوەیی، لەڕۆژگارێکدا کە مێژووی ئێمە لە خوێن و بای ژەهراویدا نووقمبوو. مەرگی مێژووی ئێمە، ئیفلیجکردنی هێزە کۆمەڵایەتیەکانمان، وێرانکردنی جوگرافیای کوردستان، شێواندنی گەشەی دیمۆگرافیی کوردی، زەوتکردنی ئیرادەی مرۆڤی ئێمە، تووڕدانی بەشی هەرە زۆری واقیعی کۆمەڵایەتی ئێمە بۆ دەرەوەی مێژوو و پرۆسە مێژووییەکان، لەڕێگای کۆکردنەوەی بەهەزاران هەزار گوندنشین لە ئۆردوگاکاندا. ئەمانەو دەیان فاکتەری دیکە، وە لەپێش هەمووشیانەوە مەترسیی (مەرگی حیزب) خۆی دوای ئەو هەموو کارەساتانە، ئەمانە بوون زەمینەی دروستبوونی (بەرەی کوردستانی) نەک وشیارییەکی سیاسیی دیاریکراو، نەک ئیرادەگەریەتێکی سیاسیی هۆشمەند.

بە بۆچوونی من (بەرەی کوردستانی) زیاتر ڕۆڵی (دەوری نەقاهەی) دەبینی بۆ ڕزگارکردن و زیندووکردنەوەی (حیزب) خۆی، زیندووکردنەوەی ئەو (نەخۆشە) کە ڕووداوەکانی کوردستان لەسەر خوانی مەرگی دانابوو، زیندووکردنەوەی ئەو نەخۆشەی کە دواتر ئامادەیە خودی ئەو شوێنەی تێیدا چاکبۆتەوە وێران و خاپووربکات، مەبەستم بەرەی کوردستانی خۆیەتی. بەکورتی (بەرەی کوردستانی) زیاتر خەستەخانەیەک بوو بۆ حیزبە نەخۆشەکانی کورد، بەلام دوای ئەوەی (ڕاپەڕین) ئەو دەرمانە سیحرییەی بەخشییە حیزبەکان بۆ زیندووبوونەوە و ڕزگاربوون و هاتنەوەکایە، کاری یەکەمیان لەناوبردنی ئەو خەستەخانەیە بوو کە ڕۆژگارێک هەموویان وەک پەککەوتە لەناویدا کۆببوونەوە. لێرەوە دامەزراندن و چارەنووسی (بەرەی کوردستانی) قسە لە حیکایەتی کۆمەڵێ نەخۆش و پەککەوتە دەکات کە چاوەڕێی چابوونەوەن، بۆ ئەوەی دواتر سەرلەنوێ یەکتری پارچەپارچەبکەنەوە. حیکایەتی کۆمەڵێ خێڵ و جەنگاوەری سەرەتاییە، کە مەترسییەکی دەرەکیی تایبەت، بۆ ماوەیەکی کورت ناچاریاندەکات، گەر بەیەکیشەوە کارنەکەن ئەوا پەلاماری ڕاستەوخۆی یەکدی نەدەن، بەلام هەردوای ڕەواندنەوە و بەسەرچوونی مەترسییەکە، ئیدی جارێکی دی ڕم و شمشێرەکانیان بەسەر دڵی یەکدیدا دەچەقێنن.

## (٧)

ئەگەر ئەزموونی چوار ساڵی ڕابردووی ئێمە، وەک ووتم بریتیبێت لە داگیرکردنی حیزب بۆ کۆمەڵگای شارستانی لەڕێگای تێنەپەڕین بەهەڵقەی دەوڵەتدا، ئەوا ڕەوایە بپرسین چوونە شوێنی (حیزب) بۆ (دەوڵەت) و هەوڵدانی گۆڕینی دەوڵەت بە(دەوڵەتی حیزب) یان بە دەزگایەک لە دەزگاکانی حیزب، چ ئەنجامێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەخلاقی خستۆتەوە؟ وە ئایا کۆی ئەو دەرەنجامانە بەسەریەکەوە چ ڕۆڵێک لەبەرپاکردنی جەنگدا دەگێڕن؟

وەلامدانەوەی ئەم پرسیارانە گرنگییەکی گەورەی هەیە، چونکە گۆڕینی دەوڵەت بۆ (دەوڵەتی حیزب) کارێکە ئیرادەگە رو لە پشتیەوە ویستێکی سیاسیی تایبەت و مەبەستێکی دیاریکراو لەئارادایە کە دەیەوێ مۆنۆپۆڵی هەموو دەسەلاتەکان بکات و کێشەی واقیعی ئێمە لە کێشەی (تەواوکردنی پرۆسەی بەنەتەوەبوون)ەوە بگۆڕێتە سەر کێشەی (مۆنۆپۆڵیکرنی دەسەلات) و کۆکردنەوەی لە جەستەی سەرکردەیەک و حیزبێکدا، دیارە لەناو واقیعێکی کۆمەلایەتیدا کە هیچ هێزێکی کۆمەلایەتی ناو ئەو پێکهاتەیە توانای سەرکردایەتیکردنی هەموو کۆمەڵگای بەتەنیا نییە و زەمینەی ئەو سەرکردایەتیکردنە دابیننەبووە و هیچ هێزێکی کوردیش بە تەنیا بۆی دابینناکرێت. ئەمە جگە لەوەی واقیعی کوردی و بارودۆخی دوای جەنگی کەنداویی کوردستان واقیع و بارودۆخێکە هیچ هێزێکی نەدەتوانێ

بیبارێزێ و نەدەشتوانێ چالاکانە ڕۆڵ و کاریگەری هەبێ لە هێشتنەوە و بەردەوامبوونیدا. لێرەوە کێشەی دەسەڵات لە دنیای ئێمەدا بۆتە شەڕێکی خوێناوی لەسەر دەسەڵاتێک کە هیچ یەکێ لە هێزە کوردییەکان توانای پاراستنیان نییە و لە گەشبینترین باردا، دەسەڵاتێکی کاتیە و وابەستەی هاوکێشە ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکانە، نەک تواناکانی کورد خۆی وەک نەتەوەیەک. کە بەبۆچوونی من هێشتاکە و تا ئەم ساتەی ئێستامان ئەو پرۆسەیە، مەبەستم پرۆسەی بەنەتەوەبوونە، کۆتاییپێنەهاتووە.

دەڵێم وەڵامی ئەو پرسیارانە گرنگە، چونکە ڕاستەوخۆ ئەمانباتە بەردەمی ئەو بەشەی خەڵک و کارەساتەکان کە دەستکردی ئیرادەی سیاسەت وسیاسییەکانە، نەک بونیادەکان.. وە لە سیاسەتەوە هەڵدەقوڵێت نەک لە کولتوور و پێکهاتەی کۆمەڵایەتیەوە.

پاڵەوانی ئەم بەشەی شەڕ ئەو بوونەوەرە نەخۆش و زەلیلەیە کە ناوی (سیاسیی کورد)ە، ئەو پیاوەی «نیشتمان وەک خاڵێکی گوومرگ تەماشادەکات» و شوناسی خێزان و کەسوکاری لە شوێنی شوناسی نەتەوە دادەنێت. (سیاسی کورد) ئەو پیاوە نەخوێندەوارەی سەر لەئەلفبای ئەم سەدەیە و ئەلفبای سیاسەت و ئەلفبای مفاوەزات و ئەلفبای پەیوەندی و ئەلفبای لێکدی جیاکردنەوەی دۆست و دوژمن و ئەلفبای ناسینی واقیعی کوردی و ئەلفبای ناسینی دنیا و ناوچەکە و مێژووی کورد خۆی دەرناکات.

کە دەڵێین حیزب کۆمەڵگای شارستانی ڕەتکردۆتەوە، مانای ئەوەیە حیزب ڕێی لە هەموو دەستپێشکەرییەکی فەردی و کۆمەڵایەتی داهێنەر دەگرێت گەر هاتوو ئەو دەستپێشکەرییە بە دەرگا و ماڵەکانی حیزبدا تێنەپەڕێ و لەوێوە نەهاتیە ناو دنیا و واقیعی مێژوویی ئێمەوە. ڕەتکردنەوەی کۆمەڵگای شارستانی مانای پەککخستنی دینامیکیەتە ناوەکیەکانی کۆمەڵگا و وێرانکردنی ئەو وزە و توانا کۆمەڵایەتیانەی دەشێ فۆرم و ناوەڕۆکێکی دیکە بەپەیوەندییەکان و ئینتماکان و سیستماتیزەبوونەکان بدات. ڕەتکردنەوەی کۆمەڵگای شارستانی بە تەنیا ڕێگەگرتن لە چەند کەسێک یان گروپێکی دیاریکراو نییە، یاخود هەوڵدانی کۆکردنەوە و لێکداتوانەوەی چەند تاکە کەسێک و گروپێک نییە لەناو سەرزەمینە خێڵەکیانەکەی حیزبدا بەتەنیا. بەڵکو لە ڕاستیدا خولقاندنی فەزایەکە: فەزایەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، سایکۆلۆژی، کە تێیدا مرۆڤ هەست بەبوونی ئازادانە و ئۆتۆنۆمیانەی خۆی نەکات و هەست بەبوونی وەک بوونەوەرێکی عاقڵ، خاوەن ئیرادە، خاوەن هەڵبژاردنێکی ئازاد نەکات، هەست بەبوونی وەک هاوولاتیەک، وەک بەهایەکی مرۆڤی، وەک مافێکی زیندوو لە بەرامبەر مافەکانی دیکەدا نەکات. ڕەتکردنەوەی کۆمەڵگای شارستانی لە دنیای ئێمەدا، ئەو فێڵەی دەسەڵاتە کە دەیەوێ مرۆڤی ئێمە لە هاوولاتیەوە بکات بە(دەستوپێوەند)، سەرکردەکانیش لە پیاوانی خاوەن ئەرک و بەرپرسیارییەوە لەبەردەم دەزگا و یاسادا بکات بە(شوان).

ڕەتکردنەوەی کۆمەڵگای شارستانی واتا ڕەتکردنەوەی ئەو مەرجە (کانت)یانەی بنەمای کۆمەڵگایەکی لیبراڵ و تەندروستن: (فەردی ئازاد، خاوەن هەڵبژاردن، عەقڵانی)، بەدەستوپێوەندکردنی فەردی ئازاد و ئۆتۆنۆمانەی (کانت)یی. ئەو بونیادەی دەسەڵات نیشاندەدات، کە(فۆکۆ) دەیگەڕێنێتەوە بۆ زەمانی (فیرعەون) و بابلیەکان. بەمانایەکی دیکە گۆڕینی (فەردی ئازاد) لە هاوولاتیەوە بە(دەستوپێوەند) کە تێگەیشتنێک و وێناکردنێکی تایبەتی لەپشتەوەیە، کە سەر بەمەعقولیەتی سیاسیی سەردەمانی فیرعەون و بابلیەکانە. بەم مانایەش مەعقولیەتی سیاسیی کوردی لەدواهەمین ساڵەکانی سەدەی بیستەمدا بستێک ئەمدیوتر نەهاتووە لە مەعقولیەتی سیاسیی سەردەمانی بابلیەکان. خۆ ئەگەر کاریزمای (ئاشوربانیپاڵ) و (حامورابیش) لەبەرچاوبگرین، لەچاو داماوی و نەخوێندەواری و بێ کاریزمیی سەرکردە کوردەکاندا ئەو کات لە قوڵایی ئەو کارەساتە تێدەگەین کە (سیاسیی کورد) واقیعی کوردی پێگیرۆدەکردوە، وە لەو قوفڵە مەعریفی و فیکری و سیاسییە ئەستورانە تێدەگەین کە ئەم بوونەوەرە نەخۆشە لە دنیای ئێمە و مێژووی ئێمەی داوە و ڕازی نییە بیکاتەوە.

کە دەڵێین حیزب (کۆمەڵگای شارستانی) ڕەتکردۆتەوە، ئەوە بەو مانایەیە کە حیزب هەموو پرۆسەیەکی بەشداریبوون لە دەسەڵات و پراکتیککردن و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەیدا دەکوژێت. بیرۆکەی (کۆمەڵگای

شارستانی) وەک پێشتریش ئاماژەم پێکرد بیرۆکەیەکە لە جەوهەردا بۆ ڕێگەگرتن لە کۆبوونەوە و چەقبەستنی دەسەڵات لە تاقە خاڵێک یان کەسێک یان دەزگایەکدا، لەدایکبووە. دروستکردنی زیاد لە تەوەرێک بۆ دەسەڵات، دروستکردنی زیاد لەبەرپرسیاریەتیەک، دروستکردنی زیاد لەدەزگایە. ئەبەستنەوەی مێژوو بە بڕیاری «سەرکردە» فەردییە فیوداڵەکانەوە. ڕێگادان بە کۆمەڵگا بۆ دەربڕینی خودی خۆی، پیادەکردن و مسۆگەرکردنی کاریگەریی کۆمەڵگا لەسەر بڕیارە سیاسییەکان. سەندنەوەی کۆمەڵێ لە بڕیارەکان لە سیاسییەکان و بەخشینەوەی بە دەزگاکانی (کۆمەڵگای شارستانی). بەمجۆرە دەبینین ڕەتکردنەوەی (کۆمەڵگای شارستانی) لە جەوهەردا بریتییە لە ستراتیژیەتی دەسەڵاتی فیوداڵی لە دەستی دەزگاو سەرکردە و بازنەیەکی بەرتەسکدا، کە لە ئەزموونی کورددا بریتییە لە(حیزب)ـ بەتایبەتی لەدەستەی حاکم لەناو حیزبدا۔ و لە ئەزموونی زۆربەی میللەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بریتییە لە(دەوڵەت) یان دەستەی حاکم لە دەوڵەتدا. ئەم کۆکردنەوەیە لەژێر چەتری پێناسەی (شوان/ دەستوپێوەند)دا، سەرکردەکان دەکاتە ئاغای خەڵک و خەڵکیش بەو مسکێنانەی ئیفلیج و بێ ئیرادە، کە لەبەر ڕەونەقی سەرکردەکاندا دەبێ چەپڵە و هەلهەلە بکێشن.

کە دەڵێین (حیزب) کۆمەڵگای شارستانی ڕەتکردۆتەوە، قسە لە ڕەتکردنەوەی کۆمەڵێ دەزگای شارستانی دەکەین کە دەکرا دروستبوون و گەشەکردنیان لایەنە پۆزەتیڤ و گەشەکانی کولتووری ئێمە و ڕەهەندە ڕووناک و بنیادنەر و شارستانیەکانی ژیانی گەشەپێبدایە و دنیایەکی نوێ و جیاوازی لەدنیای(خێڵ) و (حیزب)ی بۆ دروست بکردایە. ئەمەش هەنگاوێکی گرنگ و سەرەکی دەبوو ڕووەو خوڵقانی ئینیمایەکی نوێ و گەورەتر لە ئینتما بچووک و بەرتەسک و ناوچەییەکانی مرۆڤی ئێمە. ئینتمایەکی نوێ کە بەبێ دروستبوونی مەحاڵە بتوانین قسە لەبوونی خۆمان وەک (میللەتێکی سیاسی) یاخود قسە لەسەر مانا سیاسییەکانی خۆمان وەک میللەتێک بکەین.

ڕووکارێکی دیکەی داگیرکردنی حیزب بۆ (کۆمەڵگای شارستانی) و چوونە شوێن حیزب بۆ دەوڵەت بریتییە لە دروستبوونی توێژێکی کۆمەڵایەتی نوێ، گروپێک، کە تواناى بڕیاردان و داوەریکردن و هەڵبژاردنەکانیان مۆنۆپۆڵکردوە و، لەڕێگای دەزگاکانی حیزبەوە لایەنە جیاجیاکانی ژیانی کۆمەڵایەتی ئێمەیان کۆنترۆڵکردوە، لە ئابوورییەوە بۆ فەرهەنگ، بۆ سوپا، بۆ پەروەردە و داوەری. ئەمانە، (بیرۆکراتەکانی حیزب)، ئەو توێژە نوێیەن کە دەستنیشانی چالاکیە جیاجیاکان دەکەن. ئابووریی وڵات و ئاسایش لەژێر دەسەڵات و باڵادەستیی ئەماندایە. شادەمارەکانی کۆمەڵگای ئێمەیان کۆنترۆڵکردوە. تۆڕێکی گەورەیان لە قازانج و سوودی تایبەت بەسەر هەموو ژیانی کۆمەڵایەتیدا بڵاوکردۆتەوە، تۆڕێک کە ڕۆژ بەڕۆژ دنیای ئێمە هەژار وهەژارتر، لە هەمولایەنەکانەوە دنیای ئەو توێژە دیاریکراوە دەوڵەمەند و دەوڵەمەنتردەکات. ئەم تاقمە لە شوێنەوارێکی دەسەڵاتی وا گرنگدان کە دواجار هەموو چالاکییە ئابووری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیەکان دەبێ بەژێر ڕەحمەتی بڕیارەکانی ئەواندا تێپەڕێت. ئەمەش وای لێکردون خاوەنی بەهێزترین پایەی ئابووری بن لە کۆمەڵگای ئێمەدا. وە هەر یەکێکیان لەپاڵ ئەو پایە ئابوورییەدا ببێتە شوێنەوارێکی بەهێز و پتەوی دەسەڵاتیش. دەسەڵاتێ کە زیاتر شوناسێکی (مافیایی) هەیە تا هەر شوناسێکی دیکە. دەسەڵاتێ لە دەرەوەی هەموو موحاسەبە و لێپرسینەوەیەکدا.

بێگومان درێژەپێدانی شەڕ و ڕێکنەکەوتن و چارەسەرنەکردنی کێشەکان و هێشتنەوەی بارودۆخی وڵات لە هەلومەرجی ئێستایدا. ئەو مەرجە پێشینانەن کە یارمەتی مانەوەی ئەو شێوە دەسەڵاتە ئابووری و مەعنەوییە مافیاییەن کە ئەم توێژە لە لووتکەی هەرەمی کۆمەڵایەتی ئێمەدا دەهێڵێتەوە. لێرەوە جەنگ لە قازانجی ئەوان و زەرەری هەموو خەڵکی کوردستاندایە. جەنگ مەرجی مانەوە و گەشەکردنی ئەوان و فەوتان ولاوازی و بێ ئیرادەیی گشت خەڵکە. جەنگ سەرچاوەی کەڵەکەبوونی ئابووریی ئەوان و ڕووتاندنەوەی ئابووریی کوردستانە. جەنگ گەنجینەیە بۆ ئەوان و کارەساتە بۆ خەڵک.

* * *

لەکۆتایدا خوێنەر وەک دەبینێ من لەم لێکۆڵینەوەیەدا قسەم لەو پەیوەندییە ژێربەردەیی و نادیارانە نەکردوە کە ئەم لایەنی سیاسی یان ئەوی دی، لەگەڵ ئەم دەوڵەتی دراوسێ یان ئەوی دیان دروستیدەکات و کەم تازۆر،

بەخۆشی بێت یان بەزۆر، دەبێ (بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی) ئەوان بپارێزن. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە حیزبە کوردییەکان هیچ کاتێ خاوەنی تێڕوانینێکی ئاشکرا و بەرچاو نەبوون بۆ ئەو هاوپەیمانییە ناوچەییانە و، لەشەو ڕۆژێکا تەوەرەکانیان گۆڕیوە. ئەگەر ئێستا دوو تەوەری ئاشکرا لەناوچەکەدابێت، یەکەمیان تەوەری (ئەنقەرە ـ بەغداد)بێت، ئەوا تەوەری دووەمیان (تاران ـ دیمەشقە). ئەگەر لە ئێستادا (پارتی) سەر بە تەوەری (ئەنقەرە ـ بەغداد)بێت و (یەکێتی) لەپاڵ تەوەری (تاران ـ دیمەشق)دا بێت، ئەوا هیچ زامنی ئەوە ناکات سبەینێ لایەنەکانی ئەو تەوەرە نەگۆڕێن و دابەشکردنی نوێ ناهێنن و ئەمجارە بەشێوەیەکی دیکە حیزبە کوردییەکان بەسەریاندا دابەش نەبن.

خاڵی سەرەکیش لێرەدا لەوەدایە، کە فەزای سیاسیی کوردی فەزایەکی دابەشبووە، فەزایەکە لە پیواری بچووکترین و بەرتەسکترین (ئیجماعی سیاسی)دا کاردەکات. بۆیە ئاسانە هەموو هاوکێشەیەکی دەرەکی ڕیزبەستن و پۆلێن و دابەشکردنێکی ناوەکی بخاتەوە، کە کێشەکان قووڵتروقوڵتریکاتەوە. هەموو هاوپەیمانییەکی دەرەکیی نێوان هێزە ئەنتی کوردییەکان و هەموو دابەشکردنێکی ڕۆڵ لە نێوانیاندا، دوو تەوەری جیاواز لەناو (ماڵی کورد) خۆشیدا دروستبکات.

بێگومان ئەگەر (ماڵی کورد) خۆی لەناو خۆیدا ماڵێکی ڕێکخراو و پتەو بوایە، وە فەزایەکی سیاسیی تەندروست لەئارادابوایە، ئەوا ئەو هاوکێشەیە دەرەکیانە وا بەئاسانی لەناویدا نە دەژیان و درێژەکراوەی خۆیان لە(ماڵی کورد)دا بۆ پیادەنەدەکرا.

بۆیە وەک لە سەرەتاوە ئاماژەمان بۆ کردوە، کاری سەرەکیمان ڕێکخستنی ماڵی خۆمان و چاککردنەوە و پاککردنەوەیەتی، لەماڵێکی پاکدا زەحمەتە ڤایرۆسە دەرەکییەکان بژین.

هۆڵەندا ١٩٩٥

## تێبینییەک

* ئەم باسە ڕۆژی ١٩٩٥/٩/١ لە (مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردی) لە ئەمستردام پێشکەشکرا.

## سەرچاوەکان


١ـ بۆ پێناس و زانیاریی زیاتر دەربارەی چەمکی (هەبیتوس) بروانە:

Kevin Olson: Habitus & body langaug, toward a critical theory of symbolic power. Philosophy & social criticism, vol.21, no.2,pp23-49.

٢ـ بۆ پەیوەندیی شوان/ڕەعیەت بروانە: د. محمد عابد الجابری، العقل السیاسی العربی، محدداته و تجلیاته. ط١، بیروت/ مرکز دراسات الوحدة العربیة، ل ٣٩ـ٤٣.

٣ـ بۆ فیکرەی (جیاوازی) بروانە: د. علی الحرب: نقد الحقیقة، المرکز الثقافی العربی، ط١، ١٩٩٣، ل ٢٩ـ٥٤.

٤ـ بۆ ناسینی تێرمی (خێڵ) لای (جابری) و (ابن خلدون) بروانە: محمد عابد الجابری. هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٤٨ـ٤٩. هەروەها کتێبی (فکر ابن خلدون، العصبیة و الدولة: معالم نظریة خلدونیة فی التاریخ الاسلامی. ط٣، بیروت/ دار الطلیعة ١٩٨٢.

٥ـ بۆ فیکرەی (پەیوەندییەکانی خزم خواهی) لای (مۆریس غودولیە) بروانە: د. محمد دکروب: الانثروبولوجیا، الذاکرة و المعاش. ط١. بیروت/ معهد الانماء العربی، ١٩٨٤، ل١٣٢، ١٣٥، ١٣٨.

٦ـ بۆ شارەزایی زیاتر دەربارەی تێرمی (کۆمەڵگای شارستانی ـ مدنی) بروانە: المجتمع المدنی و دوره فی تحقیق الدیمقراطیة. بحوث و مناقشات الندوة الفکریة التی نظمها مرکز دراسات الوحدة العربیة. ط١، بیروت ١٩٩٢، بەتایبەتی ل ٤١ـ٦٥ لەگەڵ ل ٩١ـ١٠٢.

# هەڵوەستەیەک لە ئاست شەڕی نێوخۆی کوردستاندا

هەڵکەوت عەبدوڵڵا

نزیکەی دوو ساڵە شەڕی نێوخۆ لە کوردستان هەڵگیرساوەتەوە و هەتا ئێستاش، وێڕای تەقەبەستن و ڕاوەستانی پێکدادانی چەکداری، کۆتایی پێ نەهاتووە و چارەسەری بۆ نەدۆزراوەتەوە. ئەمەش جگە لە کارەسات و زیانە جۆربەجۆر و هەمەلایەنەکانی، شیاوی بوونی کوردستانی، وەک جەستەیەکی سەربەخۆ، خستۆتە ژێر نیشانەی پرسیارەوە و مەحاڵی هەبوونی ئەو جۆرە کوردستانەی زەقکردۆتەوە.

هەتا مرۆڤ لە کێشەی شەڕی نێوخۆ وردبێتەوە و بیەوێ وەک یەکێک لە کێشە گەورەکانی کۆمەڵگای کورد لێی نزیکبێتەوە، زیاتر هەست بەوە دەکات لێی دووردەکەوێتەوە. کاتێک لە کێشەکە نزیکدەبێتەوە کە بتوانێ هێما بۆ حەقیقەتەکەی بکات و دەرک بە توخمەکانی بکات. کاتێکیش لێی دووردەکەوێتەوە کە کێشەکە ، لەبەر گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕە خێرا و ناکۆکەکانی و کارلێکردنی پێکهاتەکانی، بەجۆرێک خۆی بنوێنێ کە شیکردنەوەی سەخت بێت. بێگومان لێرەدا مرۆڤ بەپێی پەیوەندیی لەگەڵ کێشەکە و شوێنەواری خۆی لە ململانێکاندا لە کێشەکە نزیک دەبێتەوە یاخود دووردەکەوێتەوە. بۆ ئەوەی بتوانین زیاتر لە کێشەکە نزیکبینەوە، بەباشی دەزانین چەند پرسیارێک بخەینەڕوو و هەوڵی وەڵامدانەوەیان بدەین: ئایا شەڕی نێوخۆی ئەمجارە کتوپڕ بوو یاخود چاوەڕوانکراو؟ شەڕەکە بۆچی هەڵگیرسایەوە و ئامانجی شەڕکەران چییە؟ ئەو توخمە ناوەکی و دەرەکیانە چین کە ڕۆڵیان لەم شەڕەدا بینیوە؟ ڕاستە ئەو شەڕە بۆ لایەنێک شەڕی پێشکەوتنخوازییە دژی کۆنەپەرستی و بۆ لایەنێکی دیکە شەڕە بۆ بەرگری و خۆپاراستن؟ ڕواڵەت و ئەنجامەکانی شەڕەکە کامانەن؟ چۆن و بۆچی هەردوولایەن ڕازیبوون بە تەقەبەستن و بۆ شەڕەکە هێشتا هەر بەردەوامە؟ هۆکارە سەرەکی و بڕیاردەری ڕاوەستانی شەڕ کامەیە؟ هەڵوێستی ڕۆشنبیران بەرامبەر شەڕەکە چیبوو؟

### شەڕی نێوخۆی کوردستان چاوەڕوانکراوبوو

لە کوردستانێکدا کە لەسەر هاوسەنگی حیزبی بنیاتنرابێت، بەهۆی هاوسەنگی نێوان دوو هێزی باڵادەست لەلایەک و بەهۆی سایکۆلۆژییەتی مێژوویی حیزبەکان، واتە خۆزانینی لایەنێک بە حیزبی دایک و دانانی حیزبەکەی دیکە بە زۆڵەحیزب و خۆدانانی حیزبەکەی دیکە بەو ئەڵتەرناتیفە هاوچەرخ و پێشکەوتنخوازەی هێزی عەشایەریی کۆنپارێز،لەلایەکی دیکەوە و لەبەر هەبوونی شیزۆفرینیای مات لەودیو ڕەفتار و تێڕوانینی هەر لایەنێکەوە، بەئاست و قووڵیی جیاواز، شەڕی نێوخۆی ئەم دوو ساڵەی دوایی ڕێکەوت نەبووە. بە پێچەوانەوە هەمیشە شیمانەیەکی دەربڕدراو بووە و دەرفەتی ڕوودانی بەپێی بزووتنەوەی هاوسەنگی هێزی نێوان حیزبیەکان زۆر یاخود کەم بووە. ئەوەی بڕوانێتە شانۆی سیاسیی کورد لە سەردەمی ڕاپەڕینەوە تاکو کاتی هەڵگیرسانەوەی شەڕی نێوخۆ، ئەو ناکۆکیە حیزبیانە بەدیدەکات کە لە گۆڕێبووە و ئەو شڵەژان و تەنگوچەڵەمانە دەبینێ کە لە ئارادابووە و چاوەڕوانی ئەوەی کردووە شەڕی نێوخۆ هەڵگیرسێتەوە. کاتێک وڵاتێکی وەک کوردستان لە فرەلایەنی حیزبی سیکتاریست پێکبێت، ئەوا خاوەنی یەکخستنی میللی نابێت، کاتێکیش هاوسەنگیی دیاریکراوی هێز ڕێگە بەلایەنێک بدات

بجووڵێ بۆ ڕاستکردنەوەی هاوسەنگیی باو تا بیگۆڕێ بە هاوسەنگییەکی گونجاوتر، ئەو کاتە تەقینەوە حەتمی دەبێت نەک ڕێکەوت.

## هۆکارەکانی هەڵگیرسانەوەی شەڕی نێوخۆ

لە واقیعدا دوو جۆر تێڕوانین و بۆچوونی باو بۆ هەڵگیرسانی شەڕی نێوخۆ لە ئارادایە: یەکێکیان پێ لەسەر توخمی ناوەکی دادەگرێ و پێی وایە شەڕەکە بەری تەقینەوەی ململانێی نێوان هێزە باڵادەستەکانی کوردستانە، ئەنجامی تێکچوونی هاوسەنگیی هێزی نێوانیان. ئەوی دیکەیان پێ لەسەر توخمە دەرەکییەکان دادەگرێ و پێی وایە شەڕەکە بەری پیلانی هێزە ناوچەییەکانی دوژمنی کوردە. لێکدانەوە و شیکردنەوەکانی ئێمە ناکەوێتە نێو سنووری هیچ کام لەو دوو تێڕوانین و بۆچوونەوەو ڕەچاوی هەردوو لایەنی مەسەلەکە دەکەین. چونکە ئەگەر ئێمە ڕەوتی یەکەممان قبووڵکرد، مانای وایە کاریگەریی توخمی دەرەکی وەلاوە دەنێین و بەشێک لە حەقیقەت ووندەکەین. ئەگەر ئەوەی دووەمیشمان قبووڵکرد، مانای وایە دووچاری دەردی شیکردنەوەی پیلانگێڕی دەبین بۆ مێژوو و دیاردەکان ، بەو جۆرەش واقیعی کۆمەڵایەتی نێوخۆ ناخەینە ژێر گومان لێکردن و ڕەخنە لێگرتنەوەو هێزە باڵادەستەکان لە بەرپرسیاریی مێژوویی قووتاردەکەین. بێگومان پێ داگرتن لەسەر هەردوو توخمی ناوەکی و دەرەکیی کێشەکە مانای دوورکەوتنەوە نییە لە ئاستی یەکەمی کێشەکە کە گرنگی پلە یەکی هەیە، مەبەست ئاستی ناوەکیی کێشەکەیە.

شەڕی نێوخۆی ئەمجارە لە بنەڕەتدا دیاردەیەکی کوردستانییە، بەری کۆمەڵگای ناشێلگیری کوردە کە پێکهاتووە لە چەندین گرووپی جیاوازی لەو جۆرەی ناسنامەی تایبەتی خۆیان زاڵکردووە بەسەر ناسنامەی نیشتمانی ـ گشتیدا و ڕێگەیان نەداوە یەکخستنی میللی بێتە ئاراوە و دەوڵەتێکی ناوەندی لەسەر بناغەی دیموکراتیەت و پشت ئەستوور بە کۆمەڵگای شارستانی جێگیربێت. کاماڵ نەبوونی یەکخستنی میللی لە کوردستان، واتە مانەوەی هێز و پێکهاتەی جۆراوجۆری دوژمن بەیەک (فرەدەسەڵاتی) و ڕەوتی کۆششکردن بۆ لەنێوبردن و کەنارگیرکردنی یەکتر و زاڵبوونی دەروەستی حیزبی بەسەر بیری هاونیشتمانیبووندا ، هۆکارێکی گرنگی هەڵگیرسانەوەی شەڕی نێوخۆ بووە. لێرەدا مەبەست لەو دەربڕینە ئەوە نییە کە فرەلایەنی بۆ خۆی هۆکاری هەڵگیرسانەوەی شەڕ بووە، بەڵکو مەبەست فۆڕمی سیاسیی دەربڕدراوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ فرەلایەنیدا . ئەگەر ئەو فۆڕمە نەیتوانی هەموو هێز و پێکهاتووە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان وا لێ بکات ئاشتیانە پێکەوە بەشداربن لە دەسەڵاتدا (وەک ئەوەی کوردستان) ئەوا دەرگای شەڕی نێوخۆ والادەبێت.

بەواتایەکی دیکە، پاش ڕاپەڕینە مەزنەکەی کوردستان و ڕزگاربوون لە دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس، یەکخستنی میللی، بەواتەی ئەو چنراوە سۆسیۆلۆژییەی کۆتایی بە ساختەکردن و پارچەپارچەیی و تایبەتکارییەکانی قۆناغی پێش میللەتبوون دێنێ و پێوەندییەکانی کۆمەڵگایەکی ئارام دادەمەزرێنێ، نەهاتە ئاراوە. بنەما کۆمەڵگاییەکانی کورد لەبەر چەندین هۆکاری سیاسی و سۆسیۆلۆژی و ناوچەیی نەگوێزرایەوە بۆ ئاستی کۆمەڵگایی نوێ و پێکهاتە تەقلیدییەکانی کۆمەڵگا، وەک عەشیرەت و حیزب بەشێوە باوەکەی، ڕەگ داکوتاو مانەوە و یەکخستنی میللیان پەکخست و نەیانهێشت ڕۆحی هاونیشتمانیبوون دروستبێ. واتە یەکخستنی میللی وەک جۆرێک لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لای هێزە باڵادەستەکان نەبووە پڕۆژەیەک بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی نێوخۆی میللەتی کورد و ئاراستەکردنی دەزگا و دامەزراوەکانی کۆمەڵگای کورد. هاونیشتمانیبوونیش (وەک هوشیاری مرۆڤ بەرامبەر بەوەی ئەندامی گرووپێکی کۆمەڵایەتیی داریکراوە کە دامەزراوەکانی نوێنەری هەموو دانیشتوانن و بۆ بەرژەوەندی گشت بێ جیاوازی کاردەکەن و ئەندامەکانی یەکسانن بەرامبەر ئەو یاسایەی دەربڕی ویستی میللەتە) ، کە بەردی بناغەی دامەزراندنی کۆمەڵگای نوێیە، لەدایک نەبوو. بێگومان کاماڵ نەبوونی یەکخستنی میللی ڕۆڵێکی نێگەتیڤانەی مەزنی بینیوە لە پێکهێنانی بنەمای سیاسیی کورددا و زۆرجار هێزە سیاسییەکانی کورد، هوشیارانە یاخود ناهوشیارانە، کەوتوونەتە داوی دەستوور و نەریتە تەقلیدییەکانی پێش میللەت بوونەوە. بەو جۆرە سیاسەت لە ململانێی نێوان بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتی ـ چینایەتیەکان و تێڕوانین و ئاقارە جۆراوجۆرە پێشکەوتنخوازو کۆنپارێزەکانەوە داخزاوەتە ئاستی ململانێی دەستەگەری و گرووپخوازیی تەسکەوە، بەو جۆرەش بۆتە درێژکراوەی ململانێ عەشایەری و ناوچەگەرییەکان.

سەرەڕای ئەوە، پرۆسەی بنیاتنانی دیموکراتیەت، کە ئامرازێک بوو بۆ یەکخستنی میللی و لەدایکبوونی هاونیشتمانیبوون و دامەزراندنی بناغەکانی کۆمەڵگای نوێ، لەبەر چەند کۆسپێک جێگیرنەبوو: یەکێک لەو کۆسپانەی ڕێگربوون لە بەردەمی پرۆسەی بنیاتنانی دیموکراتیەتدا، نەبوونی نەریتی فرەلایەنی بووە لە نێو کۆمەڵگای کورددا. دەستەخوازی و گروپخوازیی باوی نێو کورد هەمیشە ناکۆک بووە لەگەڵ دیموکراتیەتدا، کە لە بنچینەدا پشت بە سازش و چارەسەری نێوانەیی بیروڕا و بەرژەوەندییەکان دەبەستێ. ئەمە وێڕای ئەوەی دیموکراتیەت پشت بە بیرێکی زانستیی دنیایی دەبەستێ کە حەقیقەت وەک شتێکی ڕێژەیی دەبینێ کە دەبێ لەگەڵ هەموو گۆڕانکارییەکی نوێدا گۆڕانی بەسەردا بێت، لە کاتێکدا بنەمای تێڕوانینی کورد لەسەر بیرێکی ئیمانداریی دۆگماتیستانە دامەزراوە و حەقیقەت وەک شتێکی ڕەها دەبینێ کە بۆ دواجار یەکالاکراوەتەوە.

دووەمین کۆسپی بەردەمی پرۆسەی بنیاتنانی دیموکراتیەت، دابەشبوونە تەقلیدییەکانە کە جەستەی میللەت پارچەپارچەدەکەن. لە واقیعدا ململانێی نێو بنەما سیاسییە دیموکراتیەکان لەلایەکەوە ململانێی بەرژەوەندییەکانە و لەلایەکی دیکەوە لەبەر ئارامی بنەمای کۆمەلایەتی ـ سیاسی نابێتە هۆی تێکدانی یەکگرتوویی و توندوتۆڵی کۆمەڵگا. هەروەها جیاکردنەوەی دەسەڵاتە جیاوازەکان و سنووردانان بۆ دەسەڵاتی جێبەجێکردن، کە نیشانەی هاوبەشی هەموو ڕژێمێکی دیموکراتیە، لە خزمەتی دابەشکردنە تەقلیدییەکاندا نییە و نابێتە هۆی تێکدانی شێلگیری کۆمەڵگا، بەڵکو بەشداری فراوانی گەل لە سیاسەتدا مسۆگەردەکات. بەپێچەوانەوە، لە کوردستان لەبەر لاوازی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بۆتە هۆی سەرهەڵدانەوە و ژیانەوەی دابەشکردنە تەقلیدییەکان و زۆرجار ململانێی نێوان «بەرژەوەندییەکان»یان بۆتە هۆی پارچەپارچەکردنی کۆمەڵگا. وێڕای ئەوە بەشداری سیاسیی گەل لەسایەی دابەشکردنە تەقلیدییەکان و زاڵبوونی ململانێ تەقلیدییەکاندا دەربڕی بەرژەوەندییە ڕاستەقینەکانی توێژە کۆمەلایەتیەکان نەبووە. هێزە بالادەستەکانی کورد مەسەلەی یەکخستنی میللیان پشتگوێخستووە، ئەمەش نەک تەنیا وەک دەسپێکێکی پێویست بۆ گەشەکردن، بەڵکو وەک مەرجێکی گرنگ بۆ کاریگەرکردنی دیموکراتیەت. ئەم پشتگوێخستنەش ئەوە لێکدەداتەوە بۆچی هێزە تەقلیدییەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ سەرهەڵدەدەنەوە و ناوکی توخمە نوێکان لەناودەبەن. هەروەها ئەوە ڕووندەکاتەوە چۆن لەنێو جەرگەی هێزە بالادەستەکاندا دیاردەی عەشایەری و تایەفەگەری و ناوچەگەری بەزەقی خۆی سەپاندۆتەوە. شایانی باسە، دابەشبوونە تەقلیدییەکان وایانکردووە «دیموکراتیەتی» کوردی دەستەوەستاوبێت لەئاست گەشەپێدانی ڕاستەقینەی بنەمای سیاسی و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیریدا. چونکە ئەو «دیموکراتیەت»ە دیموکراتیەتی میللەتێک نەبووە کە چین و توێژەکانی لە ئەتمۆسفێرێکی سروشتیدا لە ململانێدان، بەڵکو دامەزراوی حیزبیی هاوبەش بووە، واتە دامەزراوێکی دابەشکراوبووە لە نێوان حیزبە بالادەستەکاندا و دەربڕی ململانێ و خەیاڵپلاوی و گەمژەیی سەرکردە سیاسیەکانیان بووە.

سێیەمین کۆسپی بەردەمی پرۆسەی بنیاتنانی دیموکراتیەت پاشەکشە و دوورکەوتنەوەی دانیشتوانە لە سیاسەت، ئەنجامی ئەوەش جەستەی سیاسیی کورد بچووک و لاوازبووە. بێگومان ئەم پاشەکشە و دوورکەوتنەوەیە هۆی مێژوویی خۆی هەیە و پاشکەوتوویی کورد زەمینەی بۆ چەسپاندنی خۆشکردووە و هێزە بالادەستەکانیش کاریان بۆ مانەوەی کردووە. ئەم پاشەکشە و دوورکەوتنەوەیە کەمارۆی جەستەی سیاسیی کوردی بچووک و لاوازی داوە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی ڕای گشتی نەخەملێ و قورسایی نەبێت و لە دوائەنجامیشدا وەرچەرخانی گەورە لە سیاسەتی کوردی و هەڵگەڕانەوەی خێرا لە ئاقار و بڕیارە سیاسییەکاندا هەبێ و کەسێک یان هێزێک سواری سەری دەسەلات ببێ و بە کەسێتی یان گروپی بکات. شایانی باسە، دیموکراتیەت بێ ژیانی سیاسی و ژیانی سیاسی بێ دیموکراتیەت نابێ. لە کوردستاندا سیاسەت بە واتا ڕاستەقینەکەی نەبووە، بەڵکو «سیاسەتی کۆشکەکان»، واتە ململانێی نێوان ئەو کەمایەتیانەی مۆنۆپۆڵی دەسەلاتیان کردووە و بێ گەل و دوور لە بەرژەوەندی و وستی دانیشتوان کاریان پێکردووە، لە گۆڕێ بووە. کاتێک گەل لە دەسەلات بەهێزتردەبێ و پەیوەندی زیندووی لەگەڵدا دەبێ، کاتێک دیموکراتیەت نابێتە دەروازەیەک بۆ ژیانەوەی کۆمەڵگای تەقلیدی و دابەشبوونە گروپی و دەستەییەکان، کاتێک فرەلایەنی دەبێتە تێڕوانینی بالادەست لە نێو کۆمەڵگادا، ئەو کاتە دەتوانین بڵێین گەل پراکتیزەی سیاسەت دەکات.

## هەڵوەستەیەک لەئاست سیاسەت کوردیدا

لەم دەرفەتەدا، ئەگەرچی تۆزێک لە مەسەلە سەرەکیەکە دووردەکەوینەوە، بەلام پێویستە هێما بۆ مەسەلەیەکی

گرنگ بکەین ، ئەویش ئەوەیە: بۆچی هەتاکو ئێستا پراکتیزەی سیاسەتمان نەکردووە؟ مەبەست لەم پرسیارەش ئەو سیاسەتە هاوچەرخەیە کە لە ڕووی بابەتیەوە لە خزمەتی میللەتدایە.

١ـ پێویستە سەرەتا هێما بۆ ئەو پاشینە و پاشماوە مێژووییانە بکەین کە کۆسپن لەبەردەمی سیاسەتی کوردی و دەوڵەتی کوردیدا. چونکە تێڕوانینی باوی نێو کۆمەڵگا، بەتایبەتی لای زۆربەی زۆری میللەت، ئەوەیە کە سیاسەت بە مەسەلەی دەسەڵاتداران دادەنێ، ئەمەش لەو تێڕوانینەوە دوورە کە هەموو تاکێک لە کۆمەڵگادا بە ئەندامێکی بەرپرسیار دەزانێ بەرامبەر سیاسەت و دەوڵەت، وێڕای ئەوە پاشماوەکانی وەک عەشایریەت و تایەفەگەری و ناوچەخوازی هەتاکو ئێستا بەهێز و ڕەگ داکوتاون و ڕێگرن لەبەردەمی دروستبوونی ڕایەکی گشتی چالاک لەلایەک و هوشیارییەکی گونجاو لەلایەکی دیکەوە. ئەوەی واش دەکات ئەو پاشینە و پاشماوانە بەردەوام و چەسپیوبن، نەبوونی دیموکراتیەتی هاوچەرخانە وکۆمەڵگای شارستانی و چینێکی ڕۆشنبیرانی هوشیاری کوردە کە تەبابێت لەگەڵ واقیعی ئیمرۆدا.

٢ـ ئەگەر دەوڵەت هاوشانی بزووتنەوەی عەقلانیکردنی ژیواری نوێ بووبێ، ئەگەر پرۆسەی عەقلانیکردنی سیاسی هاوشانی پرۆسەی عەقلانیکردنی بنەماکانی دیکەی کۆمەڵگا بووبێت، ئەو کاتە پاشکەوتوویی سیاسەتی کوردی شتێکە دەشێ تێبیگەین، بەلام ناکرێ بەهانەی بۆ بهێنینەوە. بۆ ڕەتکردنی ئەوەش پێویستە بزانین بۆچی گەلانی پاشکەوتووی دیکەش توانیان دەستپێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژی بۆ نوێکردنەوە سازبکەن و ئێمە نەمانتوانیوە. وردبوونەوەیەکی قووڵتر لە سیاسەت و بنەمای سیاسیی کوردی تووشی پەژارە و دڵتەنگیەکی زیاترمان دەکات، چونکە بۆمان دەردەکەوێ بنەما سیاسییەکان لەسەرجەمی بنەماکانی دیکەی کۆمەڵگا پاشکەوتووترن. ئەوەی ئەو پاشکەوتنەش سەرسەختتردەکات ئەوەیە کە کەمایەتیە بالادەستەکان تەنیا پاشکەوتوونین، بەڵکو بەدووریشن لە هەموو سانسۆرێکی ڕای گشتی. ئەمەش پاشکەوتنەکە قووڵتردەکاتەوە و پرنسیپەکانی سەرڕاستی و دەروەستی بە بەرژەوەندی میللەتەوە لاوازدەکات.

پاشکەوتوویی سیاسەتی کوردی لە تێڕوانینیدا بۆ خۆی و ڕابردوو و مێژوو و کەلەپوور دەردەکەوێ. لە هەڵوێستیدا بەرامبەر کۆمەڵگا و مرۆڤ ـ بەتایبەتی ژنان ـ و دەوڵەت و دامەزراوەکانی و ئەوی دی دەردەکەوێ. لە دەستەوەستاویدا بەرامبەر ئاراستەکردنی کۆمەڵگا بەرەو پێشکەوتن و بەکاربردنی چاکی سەروەت و سامانی نیشتمانی و نەبوونی ستراتیژیەتێکی عەقلانی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ جیهان و سەردەمدا دەردەکەوێ. لە پەنابردنی هەمیشەییدا بۆ چەک و سەربازیکردنی هەموو کایەکاندا دەردەکەوێ کە کۆمەڵگا و دەوڵەتی تووشی داخزان کردووە و زەمینەی بۆ توندوتیژی و دڕندەیی و ملکەچکردنی کوێرانە خۆشکردووە.

پاشکەوتوویی سیاسەتی کوردی سروشتێکی هەمەلایەنی هەیە و تەنیا کەمایەتیە دەسەڵاتدارەکان ناگرێتەوە، بەڵکو پەل دەهاوێژێت بۆ هەموو بنەمای سیاسی و لە هەموو ئاست و بازنەکاندا. بێگومان هێزە بالادەستەکان، بەحوکمی شوێنەواری چینایەتی و نقومبوونیان لە نێو تەقلیدیەتدا، پاشکەوتووترین بەشی بنەمای سیاسی کوردن و زۆرجار بەویست یاخود خۆڕسکانە گەمەیان بە بەرژەوەندیی گشتی کردووە و دەرگایان بەڕووی خیانەتی نیشتمانیدا کردۆتەوە. بەلام ئەگەر بەپێوانەی سیاسیی نوێی پشت ئەستوور بە عەقلانیەت و ڕۆشنیریی هاوچەرخ ڕوانیمانە مەسەلەکان، ئەوا هیچ لایەنێکی سیاسیی کوردی دیکە، وێڕای نیەتی خۆیی بۆ دەروەستبوون بە بەرژەوەندیی میللی و بانگداشەکردن بۆ پێڕەویکردنی ڕێبازی شۆڕشگێڕی و نوێخوازی، لەو پاشکەوتووییە بەدوورنابێ. لە واقیعدا کەم پایەیی هێزەکانی دیکە لە نێو کۆمەڵگای کورددا تەنیا ناگەڕێتەوە بۆ مۆنۆپۆلکردنی هێزە بالادەستەکان، بەڵکو دەشگەڕێتەوە بۆ کورتبینی هوشیاری دەستەوەستاویان لەئاست دۆزینەوەی کێشە گرنگ و بەرچاوەکان و چارەسەرە بنەڕەتیەکان و نوێکردنەوەی کۆمەڵگادا.

ئەم پاشکەوتوویەی سیاسەتی کوردی تەنیا نابێتە هۆی لاوازی و دەستەوەستاویی، بەڵکو وای لێدەکات سەرسم بدات و لە داخزانێکەوە بۆ داخزانێکی دیکە بچێ. بێگومان شیمانەی هەڵە لە سیاسەتە عەقلانیەکانیشدا بەدیدەکرێ. چونکە هەمیشە ئامانجی ویستراو وردبینانە بەهۆی چاوەڕوانی و حساب بۆکردنەوە بەدەست ناهێنرێ. دەشێ زۆر هۆکاری چاوەڕوان نەکراو و کۆسپ لە نێوان ئامانج و ئامرازدا هەبن و هەندێ جار گەمەکە تێکدەن. لێرەشدا ئەگەر شیمانەی هەڵە جیاکارەیەکی سیاسەتی هاوچەرخانە بێت، ئەوا داخزان برینی تەقلیدی و

هەمیشەیی سیاسەتی کوردە. کاتێکیش دائەخزان سروشتی جیاکارەی سیاسەتی کوردی بێت، ئیتر ڕاست نییە بە تەنیا قسە لەسەر هەڵە بکرێ.

هەواڵنامەی کتێب
&
KURD ARSHIV

## هۆکاری دەرەکی هەڵگیرسانەوەی شەڕی نێوخۆ

ئێستا دەگەڕێینەوە بۆ مەسەلە سەرەکییەکە. لە قسەکانی پێشوودا ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە شەڕی نێوخۆی کوردستان لە بنەڕەتدا دیاردەیەکی کوردستانییە. ئەم ناسنامە کوردییەی شەڕی نێوخۆ مانای ئەوە نییە شەڕەکە تەنیا شەڕێکی کوردییە و قووڵایی دیکەی نییە. ئەگەرچی شەڕکەران لەم شەڕەدا ناسنامەیەکی کوردیان هەیە، بەڵام ئامانجەکانی شەڕەکە بەگشتی کوردی نین و هێزی دەرەکیش ئامادەیی تێدا هەیە. هەمیشە دەوڵەتە ناوچەییەکانی دوژمنی کوردی بەرژەوەندییان لە دارمانی دەسەڵاتی کوردیدا بووە و بۆ کۆتاییهێنان بەو دەسەڵاتە بەردەوام کاریان بۆ ئەوە کردووە لە ڕێگەی لایەنی کوردییەوە زەمینە بۆ هەڵگیرسانەوەی شەڕی نێوخۆ خۆشکەن. ئەم دەربڕینە لەگەڵ ئەو بانگداشەیەدا یەک ناگرێتەوە کە هۆکاری سەرەکی شەڕەکە دەگێڕێتەوە بۆ توخمی دەرەکی، چونکە ئەو بانگداشەیە هەوڵدانێکی فێڵبازانەی پەردە لەڕوو هەڵماڵراوە بۆ خۆ ڕزگارکردن لە بەرپرسیاری بەرامبەر هەڵگیرساندنی شەڕەکە و مانای کورتبینی هوشیارییە بەرامبەر شەڕەکە. ڕاستە ئەو توخمە دەرەکیانە بەهۆی کەناڵی کوردییەوە هۆکارێکی هەڵگیرساندنی شەڕی نێوخۆ بوون، بەڵام ئەمە زۆر لەوە دوورە بڵێین شەڕەکە دەستکردی ئەوانە و ئەوان خوڵقاندویانە. چونکە هۆکاری دەرەکی تەنیا ئەو کاتە کەوتۆتە کارکردن کە هۆکاری ناوەکی لە کارکردندا بووە.

لێرەدا دەبێ هێما بۆ تێڕوانینێکی باو بکەین کە هەم زاڵە بەسەر هێزە باڵادەستەکاندا و هەم زاڵە بەسەر بەشێکی زۆری میللەتی کورددا و دەبێ بنەبڕبکرێ، ئەویش هەڵوێستی دەرەکییە بەرامبەرمان. ئەو تێڕوانینە تێکەڵێکە لە ئایدیۆلۆژیا و دراما. بەڵکو لەو ئایدیۆلۆژیایەشدا توخمی ئەفسانەیی هەیە ـ و دەڵێ: کورد هەمیشە ڕووبەڕووی ئەو پیلانانە دەبێتەوە کە دوژمنانی دەرەکی دەیگێڕن. بە بەردەوامبوونی دەستەوەستاوی کوردی، کە ڕۆڵی خۆی لە هاندانی پیلانگێڕان و زۆرکردنی دەرفەتی سەرکەوتنی پیلانەکەدا وەلاوەدەنێ، ئەفسانە هەڵدەناوسێ و ڕەنگ دادەکوتێ و دەبێتە ڕوانگەیەک بەهۆیەوە شەڕ و ململانێ و پێکدادانەکان «شیدەکرێتەوە». کاتێک وتمان لەو ئایدیۆلۆژیایەدا جۆرێک ئەفسانە بەدیدەکرێ، مەبەستمان ئەوە بوو شتێک لەخۆ دەگرێ کە دەکەوێتە کەناری حەقیقەتی واقیعیەوە: میللەتی کورد بەدرێژایی مێژوو دووچاری پیلان و هێرش بۆتەوە، بەڵام ئایا چاوەڕوانی هەڵوێستێکی دیکە بوون لە دوژمنەکانمان؟ ئینجا بۆچی وا بە ئاسانی ئەو پیلان و هێرشانە سەردەگرن؟ ئایا لەبەر ئەوە نییە کە ناوەکی ئەوەندە لاواز و لێک هەڵوەشاوەیە بەرگری لە خۆی پێ ناکرێ؟ بێگومان کەوتنە داوی پیلانی دەرەکییەوە هۆکاری لاوازی و پاشکەوتن و لێک هەڵوەشانەوە نییە کە دووچاری ناوەکی بووە، بەڵکو یەکێکە لە ئەنجامەکانی.

بیری سیاسیی کورد، لەبەر ئەوەی بیرێکی تەقلیدی و دۆگمایە، دەستەوەستاوە لە ئاست هەڵوێست وەرگرتنی ڕەخنەگرانە بەرامبەر بنەماکانی ئێستای کۆمەڵگای کورد و هەتاکو ئێستا عەقڵانیەتی مێژوو ڕەتدەکاتەوە. بۆیە واقیع لە ئاوێنەی ئەو بیرەدا بێ لۆژیکە و لە زنجیرەیەک ڕێکەوتی خراپ و بەختی ڕەش پێکدێت کە «خیانەتی ڕۆژگار» و «مێژوو» بۆ کوردیان هێناوە. لە واقیعدا ئەم هەستکردن بە تاوانکارییە ناماقوڵەی ڕۆژگار و مێژوو بەرامبەر کورد، بیری سیاسیی کوردی گیرۆدەی شلەژانێکی تراژیدی کردووە و وای لێکردووە دەستەوەستاوبێت لە ئاست بەدەستهێنانی هوشیارییەکی گونجاودا، کە دەستپێکێکی پێویستە بۆ دەربازبوونی کورد لە تێکشکانی درێژخایان. ئەم تێڕوانینە درامیە بەئاشکرایی لەو دەستەواژانەدا بەدیدەکرێت کە لە بواری سیاسیی کورددا بەکاردەبرێن: پیلان گێڕان، خیانەتکردن، بەکرێگیراوی، لادان، جاسوسیەت، نەخشەی بێگانە... هتد.

شایانی باسە، دەرەکی تا ئەو ڕادەیە ئەهریمەنە بۆ کورد کە پاشکەوتوویی و داتەپینی ناوەکی ڕێگەی پێ بدات. کاتێک دان بەم حەقیقەتەدا بنێین، ئیتر پەنا نابەینە هات وهاوارکردن دژی دەرەکی، بەڵکو ڕوودەکەینە نوێکردنەوە و گەشەپێدانی بنەمای ناوەکی و لەدوا ئەنجامدا گۆڕینی تەرازووی هێز بەرامبەر دەرەکی. ڕەتکردنی ئەو تێڕوانینەی جۆرێکە لە خۆیەدەستەوەدان دەبێتە هۆی ڕزگاربوونمان لە خۆیەکەم زانین بەرامبەر دەرەکی و

هەڵوەشانەوەی پیلانەکانی. ئەمەش پێویستی بەوەیە لە تێڕوانینماندا بۆ دەرەکی، واقیعی و ئایدیۆلۆژی لێک جیابکەینەوە. ئەم جیاکردنەوەیەش پێویستی بەوەیە لە هەڵسەنگاندنی هەستیارانە دووربکەوینەوە و جیاوازی لە نێوان حوکمی بەها و حوکمی واقیعدا بکەین.

## ڕووخساری شەڕەکە

شایانی باسە، شەڕی نێوخۆ لە بنچینەدا لەپێناو مۆنۆپۆلکردنی سیاسی و گۆڕینی هاوسەنگیی هێز و بەرژەوەندیی تایبەتیدا بووە، بەڵام ڕووخساری وەک «شەڕی نوێخوازی دژی کۆنپارێزی» و «شەڕی بەرگری لەخۆ کردن» و دیکەی پێ بەخشراوە و لەژێر دەمامکی تردا حەشاردراوە. ئەم دەربڕینە بەری ئەندێشەی خۆیی ئێمە نییە و دراوێکی واقیعییە. چاوخشاندنێک بە بڵاوکراوەکانی هەردوو هێزی شەڕکەر و قسەکانی سەرکردەکانیاندا (لە کاتی پێکدادانە سەربازییەکاندا) و وردبوونەوە لە دەقی ڕێکەوتننامەکانی نێوانیان و خاڵەکانی ڕێک نەکەوتنیان (بۆ نموونە مەسەلەی هەولێر و ئیبراهیم خەلیل) بەچاکی ڕاستی دەربڕینەکەمان دەردەخات و پێویست بەوە ناکات زیاتری لەسەر بڵێین. ئەوەی لێرەدا پێویستە هێمای بۆ بکەین، ئەو ڕووخسارانەیە کە هەردوولا دەیانەوێ بیدەنە شەڕەکە، واتە «شەڕی نوێخوازی دژی کۆنپارێزی» و «شەڕی بەرگری لەخۆ کردن».

یەکێک لە هێزە بالادەستەکانی کوردستان هەمیشە ئەوەی دووپاتکردۆتەوە کە شەڕەکەی دژی کۆنپارێزی و مانەوەی واقیعی باوە و لەپێناوی نوێخوازیدایە، بۆیە پێویستە هەر کەسێک خۆی بە نوێخواز بزانێ پشتگیری بکات و لە دژی هێزەکەی دیکە بجەنگێ. بۆ دەرخستنی چەوتی ئەم دەربڕینە، سەرەتا دەبێ بزانین نوێخوازی چییە. بێگومان لێرەدا مەبەست لە نوێ ئەوە نییە شتێک لە ڕووی کاتەوە نوێ بێت، بەڵکو ئەوەیە کە دابڕانی لەگەڵ کۆندا دروستکردووە و شتێکی جیاوازی لە ڕووی شێوە و ناوەڕۆکەوە هێناوەتە ئاراوە. نوێبوون ئەوە نییە لەڕووی کاتەوە پاش شتێکی دیکە هاتبێ، بەڵکو ئەوەیە لە ڕووی تێڕوانین و کارکردنەوە ئەوی دیکەی ڕەتکردبێ. نوێکردنەوەش مانای دارشتنی بەرنامەی نوێ و بانگاشەکردن نییە بۆ ڕێباز و ئاقاری نوێ، بەڵکو مانای جیابوونەوەی سیاسەت و ئەدەب و هونەرە لە ئایین، مانای جیاکارەکردنی ئەفسانە و حەقیقەت و بالادەستیی زانستە، مانای دامەزراندنی ڕژێمی سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیریی ئازادانەیە. پشت ئەستوور بەو سەرەتایە، چاوخشاندنێک بە تێڕوانین و پراکتیکی ئەو لایەنەدا ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئەگەرچی لە هەندێ ئاستدا جیاوازی لەگەڵ لایەنەکەی دیکەدا هەیە، بەڵام لەوە دوورە بەکردەوە نوێ و نوێخوازبێت. وێڕای ئەوە، نوێکردنەوەی کۆمەڵگا و تێکشکاندنی کۆنپارێزی پرۆسێسێکی کۆمەڵایەتی درێژخایانە و بە زەبری شەڕی نێوخۆ و بە زۆرەملێ و پێکدادانی چەکداری مەیسەرنابێ، بەپێچەوانەوە پێویستی بە ئارامی و تەبایی نێو کۆمەڵگا هەیە.

لایەنەکەی دیکەش بەردەوام ئەوەی دەربڕیوە کە شەڕەکەی دژ بە کۆدەتای لایەنەکەی دیکە و بۆ بەرگریکردنە لەخۆ، بۆیە دەبێ حەقی بدرێتێ و پشتی بگیردرێ. بۆ دەرخستنی شاشی ئەم دەبڕینە دەڵێین شەڕ درێژکراوەی سیاسەتە بە شێوەیەکی دیکە. واتە ململانێی نێوان هەردوو هێزە بالادەستەکە هەمیشە لە گۆڕێ بووە و لەکاتی گرژبوونێکی دیاریکراودا گۆڕاوە بۆ شەڕی نێوخۆ. واتە تۆباڵی تەقینەوەکە لە ئەستۆی هەردوولادایە. چونکە لێرەدا بەرپرسیاری شەڕەکە تەنیا لە ئەستۆی ئەو لایەنەدا نییە کە یەکەمین گوولەی تەقاندووە، بەڵکو لە ئەستۆی ئەوەشدایە کە بەرپەرچیداوەتەوە. گریمان لایەنەکەی دیکە یەکەمین گوولەی تەقاندووە، بۆچی ئەم لایەنە کەوتە داوی ئەو تەکتیکەی لایەنەکەی دیکەوە و بۆ ڕێگەی دا گیروگرفتێکی ناوچەیی، شڵەژانی سەرتاسەری دروستبکات؟ پێمان وایە ئەگەر ویستێکی ناوەکی بۆ شەڕ بۆ مۆنۆپۆلکردنی سیاسی لای ئەم لایەنە نەبووایە، گەمارۆی شڵەژانەکەی دەدا و بەڕێگەی ئاشتیانە و هەستکردن بە بەرپرسیاری چارەسەریدەکرد.

## دیمەنی ڕاستەقینەی شەڕی نێوخۆ

چاکترین شایەت و نیشانەی ڕاستەقینەی شەڕی نێوخۆ بریتیە لە کوشتنی بێ تاوانەکان (ئەوانی لە شەڕەکەدا بەشدارنەبوون) لەگەڵ تیرۆرکردنی سادیانە و تەفروتوناکردن و تاڵانکردن کە لەسەردەمی پێکدادانەکاندا لە

ئارادابوون، دەشێ بەهانە بۆ ئەوانە بهێنرێتەوە و بگوترێ شەڕ بۆ خۆی کارێکی شێتانەیە، بەڵام ئەم دەربڕینە هەموو دیاردەکە ڕوون ناکاتەوە. لە شەڕە ئاساییە هاوچەرخەکانی نێوان وڵاتەکان هەر لایەنێک ڕووەکانە لێدانی لایەنەکەی دیکە لە سنوورێکی دیاریکراودا و بۆ زاڵکردنی ویستی خۆی، بەڵام لە شەڕە نێوخۆکاندا خواستەکان بەرەو تەفروتوناکردنی لایەنەکەی دیکە دەچێ، ئەمەش شەڕە بەربەرییەکانی پێش مێژوومان وەبیردەهێنێتەوە.

ئایا ئێمە لێرەدا تەنیا بەرامبەر مەسەلە یان تەنگوچەڵەمەیەکی ئاکارین؟ بێگومان نە، ئێمە لێرەدا ڕووبەڕووی مەسەلەیەکی مرۆڤی و سیاسیش دەبینەوە. ئەوەی کەسێک دەکوژێ کارێکی نامرۆڤانە ئەنجامدەدات، ئەوەی کەسێکی مەدەنیش دەکوژێ ڕەفتارێکی نانیشتمانی پێڕەویدەکات. هەستکردنی قووڵ بە جیاوازی و دابڕان لەلایەن هەردوو هێزی باڵادەستەوە (کە لە بنچینەدا وەک یەکن، جا هەستی پێ بکەن یاخود نە) مەسەلەیەکی سیاسییە و خۆی لە کوشتنی بێ تاوانەکان و شەڕی ڕەوایەتی بەخۆداندا دەبینێتەوە. بێگومان «بەئەفسانەکردنی» واقیع و ڕووداوەکان ( نیشانەیەکی جیاکارەی عەقڵی تەقلیدی پاشکەوتوو)، کە لە کاتی شەڕەکەدا ڕوویدا، ڕۆڵی هەبوو لە ئاڵۆزکردنی شڵەژانەکاندا و هانی ڕەوتی تۆڵەسەندنەوەی دا و هەندێ جار گەیشتە ئاستی دڕندەیی، بەڵام مەسەلەکە لە ناوەڕۆک و بنچینەدا سیاسیشە.

سەبارەت بە تاڵانکردن، دەشێ زیاتر لەهەر دیاردەیەکی دیکەی شەڕی نێوخۆ نیشانەی داخزانی هوشیاری سیاسیی کورد بێت. لەوانەیە (دەڵێین لەوانەیە) کەسێک کەسێکی دیکە بکوژێ چونکە پێی وایە داکۆکی لە مەسەلەیەکی ڕەوا یان چارەنووسی گەلێک یان حیزبێک دەکات، بەڵام ناتوانین هیچ بەهانەیەک بۆ تاڵانکردن بهێنینەوە، بەتایبەتی ئەگەر بۆ گیرفان پڕکردن بێت؟ لێرەشدا ئێمە لە بەرامبەر مەسەلەیەکی ئاکاری نین، چونکە تاڵانکەران بەشداری شەڕیان کردووە بۆ داکۆکیکردن لە «مەسەلەیەک» و ئەنجامی «بڕیارێکی سیاسی» کارەکەیان ئەنجامداوە و وەک «دەستکەوتەکانی شەڕ» سەیریانکردووە. چۆن ئەم گوێزانەوەیە لە «بەرگریکردن لە مەسەلە و ئەرێنێکی دیاریکراو»ەوە بۆ دەستدرێژکردنە سەریان ڕووی دا؟ تاڵانکەری «سیاسی» سیاسی نییە، چونکە بێ گەیشتنە ئاستێکی هوشیاریی سیاسی، کە مرۆڤ بەهۆیەوە دەرک بەوە بکات ئەندامی کۆمەڵگایەکە و بەرپرسیارە بەرامبەری، بێ ئەوەی مرۆڤ لە مانای مافی گشتی و ئەوانی دیکە تێبگات، ناتوانێ سیاسی بێت بەواتا زانستیەکەی، چونکە ئەندامێتی کۆمەڵگا مەرجی یەکەمی سیاسیبوونە، لێرەشدا یان گۆشەگیری نێگەتیڤانە هەڵدەبژێرێ یان دەبێتە تاڵانکەرێکی دڕندە.

زۆرجار تاڵانکەران بەهانەیان بۆ تاڵانکردنەکەیان هێناوەتەوە و هەندێ جار گوتوویانە ئەوە دەربڕی تورەیی و ڕقی سیاسییە، هەندێ جاریش گوتوویانە هەڵوێستی خەڵکانی سادەی نائاگایە. ئێمە دەڵێین: ئەگەر تورەیی و ڕقی سیاسی ڕێگە بەوەش بدات تاڵانکردن ڕووبدات (وەک چۆن لە زۆر شوێنی دنیا ڕوویداوە) ئەوا بۆ بەرژەوەندی گشتی بەکاریدەبات و ڕێگە بەوە نادات بۆ مەبەستی تایبەتی و گیرفان پڕکردن بەکارببرێ. چونکە لە باری یەکەمدا بەرامبەر مەسەلەیەکی سیاسین، بەڵام لە باری دووەمدا بەرامبەر دزی و جەردەیین. هەروەها تێڕوانینی سادەیی و بێ ئاگایی خەڵک وەڵامی مەسەلەکە ناداتەوە و دوورە لە بیری یەکخستن و هاوکاری و هەستکردن بە بەرپرسیاری بەرامبەر کۆمەڵ و بەر لەوەی هێنانەوەی بەهانەبێت بۆ تاڵانکردن، تاوانبارکردنی هێزە باڵادەستەکانی کوردە کە نەیانتوانیوە خەڵک لە سادەیی و نائاگایی ڕزگاربکەن، چونکە حەقیقەتی هێزێکی سیاسی ئەوەندەی لای ئەندامە سادەکانی دەبینرێتەوە ئەوەندە لای سەرکردەکانی نابینرێتەوە.

## ئەنجامەکانی شەڕەکە

ئەنجامە تراژیدییەکانی شەڕی نێوخۆ تەنیا خۆی لەوەدا نابینێتەوە کە: توێژە ناوەندی و هەژارەکان ئەنجامی تەنگوچەڵەمەی ئابووری و بازرگانی تێکشکاون و توێژێکی دەوڵەمەندی ناوچەیی بەهۆی دەستکەوتەکانی شەڕ و بازرگانی چەک و دراوی قورسەوە پێگەیشتووە، بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکان بەهۆی دەست تێکەڵکردن لەگەڵ دەسەڵاتە ناوچەییەکان و چەکدارەکانیان و پێواری هەستکردن بە بەرپرسیاریی گشتی و زاڵبوونی بەرژەوندی گرووپی دووچاری ئیفلجی و بۆگەنی بوون، خزمەتگوزارییە پەروەردەیی و ڕۆشنبیری و تەندروستییەکان لێک هەڵوەشاونەتەوە و پەکیان کەوتووە، بەڵکو خۆیشی لە ئیفلیجبوونی تۆندوتۆڵیی کۆمەڵایەتی و تێکشکانی

ڕۆشنبیریی هاوبەش و نوێبوونەوەی بنەما و دابەشبوونە تەقلیدییەکان و هاتنەئارای شیمانەی مەحاڵیی هەبوونی کوردستـانـدا دەبینێتـەوە. بەواتایەکی دیکە، شـەڕی نێوخـۆی ئەمـجـارە برینی قـووڵـی لە جـەسـتـەی کـورددا دروستکردووە، بنەما تەقلیدییەکانی کۆمەڵگای بەزەقی زیاندۆتەوە و دڕندەتری کردوون، کومەڵگای کوردی لە ڕووی سۆسیۆلۆژی و دەروونی و سیاسییەوە پارچەپارچەکردووە و دەرفەتی بۆ دابەشبوونی ئیداری لەسەر بنچینەی تەقلیدی هێناوەتەئاراوە. ئەمەش زەمینەی بۆ شیمانەی مەحاڵی هەبوونی کوردستان (وەک کیانێک) خۆشکردووە، ئەمە ئەگەر ئێمە مەبەستمان لەو کیانە کیانێکی سەربەخۆی دیموکراتی بێت کە پۆزەتیڤانە دەکەوێتە کارلێکردنەوە لەگەڵ ژینگەی کوردی و ناوچەییدا، یان کیانێک بێت کە گروپە مرۆییەکان سەرەڕای جیاوازی بوون و تێڕوانینیان لە هاوئاهەنگیەکی توندوتۆڵدابن. چونکە ئیمرۆ لە سایەی شەڕدا کۆڵەکەکانی ئەو کیانە دارماون و دەسەڵاتی باوەڕپێکراو (یاسادانان و جێبەجێکردن) لە هەموو ئاستەکاندا هەڵوەشاوەتەوە. بێگومان ئەو مەحاڵییە تەنیا مەحاڵیی خۆیی نییە، بەڵکو هۆکاری هاوسەنگیی ناوچەیی و هێزی دەرەکیش کاریگەریی خۆیان هەیە، چونکە شیاوی هەبوونی کوردستان وەک کیانێکی سەربەخۆ و دیموکراتی ئەو هاوسەنگییە تێکدەدات و مەترسی بۆ هێزە ناوچەییەکان دروستدەکات، بەڵام دەبێ ئەوە لەیادنەکەین کە هۆکاری خۆیی زەمینە خۆشکەربووە بۆ ئەوەی مەحاڵبوونەکە ببێتە شیمانەیەکی واقیعی.

## بۆچی تەقەبەسترا و لەبەرچی شەڕ بەردەوامە؟

تەقەبەستن لە کوردستـان بەری بەخـۆداچوونەوە و عـاقـڵـبـوون و بڕوای هێـزە شـەڕکەرەکـان نەبوو، بەڵکو سـەرەنجـامی کـۆمـەڵێک هۆکـاری زەمـینەخـۆشـکەر و بڕیاردەر بووە. بۆ نموونە: ١/مـانـدووبوونی هەردوولا و هەستکردنی ناوەکی و نائاگایانەیان بە بێهودەیی شـەڕەکە. ٢/باوەڕهێنان بەوەی هەلومـەرجی نێوخـۆ ڕێگە بە گۆڕینی هاوسەنگیی هێز نادات و بەردەوامی پێکدادانەکان دەسەڵاتی تایبەتی هەردوولا دەخاتە مەترسییەوە. ٣/ هەستکردن بە مەحاڵیی بەدەستهێنانی سەرکەوتنی سەربازی بڕیاردەر. ٤/خۆسازدانەوە بۆ جەولەیەکی دیکەی پێکدادان لە هەلومەرجی شیاوتردا. ٥/ فشاری ناوچەیی و نێونەتەوەیی بۆ کۆتاییهێنان بەپێکدادانی چەکداری، ئەمەش لەترسی ڕەنگدانەوەی شەڕەکە لەنێو وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستاندا (لە ڕێگەی توخمی کوردییەوە) و شیمانەی زیادبوونی پایەی ئەم یان ئەو دەوڵەتی ناوچەیی لەسەر حسابی ئەوی دیکە.

سەرەڕای تەقەبەستن هێشتا شەڕی نێوخۆ کۆتایی پێ نەهاتووە و بارودۆخی «نە شەڕ نە ئاشتی» زاڵە بەسەر کوردستاندا. لێرەدا دەشێ بپرسین بۆچی سەرەڕای هەموو هەوڵدانەکان بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕەکە هێشتا شەڕ بەردەوامە؟ هۆی سەرەکی بەردەوامبوونی شەڕەکە بنەمای سیاسیی کوردییە، سروشتی دوو هێزە باڵادەستەکەی کوردستان و سووربوونیانە لەسەر کارکردن بۆ مۆنۆپۆلکردنی کوردستان و زاڵکردنی بەرژەوەندی گرووپی بەسەر بەرژەوەندی میللیدا. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە پێویستە هێما بۆ ئەوەش بکەین کە تەواوی جڵەوەکانی شەڕەکە بەدەست ئەکتەرە کوردییەکانەوە نییە و هێزە ناوچەییەکانیش ڕۆڵی خۆیان هەیە لە هێشتنەوەی بارودۆخەکە لە قۆناغی «نە شەڕ نە ئاشتی»دا، چونکە کۆتاییهاتنی شەڕ و سەقامگیربوونی ئاشتی و ئارامی دژ بە هاوسەنگیی و بەرژەوەندییەکانی ئەوانە.

## کۆتاییهێنان بە شەڕ

بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕی نێوخۆی کوردستان چەند ئەڵتەرناتیڤێک لە گۆڕێیە: یەکەم/ ئەڵتەرناتیڤی هێزە باڵادەستەکان. دووەم/ ئەڵتەرناتیڤی «هێزی سێ». سێیەم/ ئەڵتەرناتیڤی شارستانی. ئەڵتەرناتیڤی یەکەم، کە دەربڕی ویستی هەردوولایەنی شەڕەکەیە، هەمیشە یەک نەبووە و شێوازی جۆراوجۆری گرتۆتە خۆی. لێرەدا دەشێ هێما بۆ دوو شێوازی دیار و بەرجەستە بکەین: ١/شێوازی حوکمی هاوبەش، مەبەست گێڕانەوەی دەسەڵاتی هاوبەشی بەر لە شەڕەکەیە بە مەرجی جیاواز و گونجاو لەگەڵ هاوسەنگیی هێزی نوێدا. ئەم ئەڵتەرناتیڤە، ئەگەرچی کۆسپی زۆری لەبەردەمدایە، مانای پاراستنی بنەمای حیزبی ناکۆک و دژ بەیەکی کوردستان و

چەسپینی ناوەرۆکی نادیموکراتی سیاسەتی کوردییە و نەک نابێتە هۆی چارەسەرکردنی بنەڕەتیی شەڕەکە و گەشەکردنی کوردستان، بەڵکو لەبەر هاوسەنگیی هێز و سەرهەڵدانی تەنگوچەڵەمەی ئاشکرا و شاراوەی سیاسی و چەکداری هۆکاری بنەڕەتیی شەڕەکە دەپارێزێ و دەبێتە کۆسپی بەردەمی گەشەکردن. چونکە بوونی دوو شەریک لە بارودۆخی کوردستاندا کە نەریتی پێکەوە کارکردن و یەکتر قبووڵکردن وونە، هانی هەردوولایەنەکە دەدات کار بۆ بەدەستهێنانی «بەشی شێر» بکات لە دەسەڵاتدا. ٢/ شێوازی ئۆپۆزسیۆن، مەبەست ئەوەیە ئەگەر ئەو دوو هێزە نەتوانن پێکەوە حوکم بکەن، چاکتر وانییە هەڵبژاردنی نوێ بکرێت و ئەو هێزەی زۆرایەتی بەدەستدەهێنێ حوکم بگرێتەدەست و هێزەکەی دیکەش ئۆپۆزسیۆن بێت؟ ئەم ئەڵتەرناتیڤە، وێڕای ڕواڵەتی دیموکراتیانەی، چارەسەری بنەڕەتیی شەڕەکە نییە. چونکە چەمکی زۆرایەتی لای ئێمە واتایەکی تری پێدەبەخشرێ و لە واتا ڕاستەقینەکەی دووردەخرێتەوە. واتە لەبەر هەلەمەرجی کۆمەڵگای کوردستان و پێواری دیموکراتیەت، ئەو چەمکە لای هێزەکان ئەوە دەگەیێنێ کە هێزی زۆرایەتی مافی ئەوەی هەیە دەوڵەت و کۆمەڵگا بەو جۆرە بنیاتبنێتەوە کە دەیەوێ و دوور لە هەموو سانسۆرێکی ئۆپۆزسیۆن. ئەمەش مانای هەڕەشەکردنە لە بوونی هێزەکانی دیکە و بۆیاخکردنی کۆمەڵگایە بە ڕەنگێکی دیاریکراو. لەم بارەشدا شەڕی نێوخۆ نەک هەر هەڵدەگیرسێتەوە، بەڵکو لەبەر تواناکانی زۆرایەتی و بەکارهێنانی دەزگاکانی دەوڵەت بۆ خۆپاراستن، سەرسەختانەتر و خوێناویتر دەبێت.

ئەڵتەرناتیڤی دووەم دەربڕی ویستی ئەو لایەن و کەسانەیە کە بەهێڵی سێ ناودەبرێت و بریتییە لە سازشی نێوان هەردوو لایەنی شەڕەکە بە بەشداربوونی خۆیان بەشێوەیەکی فراوانتر بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی دوولایەنەکە و پاراستنی هاوسەنگیی نێوانیان. ئەگەرچی ئەم ئەڵتەرناتیڤە تا ئاستێکی دیاریکراو پێشکەوتووترە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو هێزانە خۆیان گیرۆدەی دەستی پاشکەوتووین و کاریگەرییان لەسەر هێزە باڵادەستەکان و ڕووداوەکان کزە، وە لەبەر ئەوەی ناتوانێ سنووری بنەمای حیزبی کۆمەڵگا ڕەتکات، بۆیە ناتوانێ چارەسەری بنەڕەتی شەڕی نێوخۆ بکات و هۆکارەکانی هەڵگیرسانی لەنێوبەرێت.

ئەڵتەرناتیڤی سێیەم دەربڕی ویستی کەسانی هوشیار و ڕۆشنبیری هاوچەرخی کوردە و بریتییە لە کۆتاییهێنان بە بنەمای حیزبی کوردستان و زەمینەخۆشکردن بۆ چەسپینی دیموکراتیەت و جێگیربوونی کۆمەڵگای شارستانی. چونکە بێ ئەوە کوردستان یان لە ئاگری شەڕی نێوخۆی سارد و گەرمدا دەژی یاخود بەرەو دابەشبوونی ئیداری یەکجارەکی و دروستبوونی میرنشینی تایبەتی دەچێت.

## هەڵوێستی ڕۆشنبیران بەرامبەر شەڕەکە

ڕۆشنبیری کورد چۆن ڕوانیە شەڕی نێوخۆ؟ ئەو تێڕامانانە چیبوو کە بەرامبەر شەڕەکە دەربڕی و تا چ ڕادەیەک جووتبوو لەگەڵ تێڕوانینی باوی سەر گۆڕەپانی سیاسیی باو و تا چ ڕادەیەک سەربەخۆبوون لێی؟ ئایا دەتوانین بڵێین ڕۆشنبیری کورد گوتارێکی جیاکارەی وای بەرامبەر شەڕەکە خەملاند کە کاریگەری هەبێت لەسەر واقیع؟ کاتێک بیر لە پێوەندیی ڕۆشنبیری کورد و شەڕی نێوخۆ دەکەینەوە، چەندین پرسیار خۆیان لە بەردەمماندا قووتدەکەنەوە، بۆ دروستکردنی وێنەیەکی کامڵ ـ لە سنووری تواناندا ـ سەبارەت بە توخم و وردەکارییەکانی پێوەندیی ناوبراو، هەموو پرسیارەکان لە دوو پرسیاری بەدوای یەکهاتوو و سەربەخۆدا کۆدەکەینەوە: یەکەم/ شێوازەکانی تێڕامانی ڕۆشنبیرانی کورد بۆ شەڕی نێوخۆ کامانەن؟ دووەم/ ئایا ئەو شێوازانە بەهایەکیان هەیە لە بواری بیر و ڕۆشنبیریدا و کاریگەرییان هەبووە لەسەر مەیدانی سیاسی؟ ئەگەر لە پرسیاری یەکەمەوە دەستپێبکەین، ئەوا دەشێ بۆ وەڵامدانەوەی ڕۆشنبیران بەپێی هەڵوێست و خوێندنەوەیان بۆ شەڕی نێوخۆ پۆلێن بکەین:

١/ ڕۆشنبیری دەروەست: (مەبەست ئەو ڕۆشنبیرەیە کە ڕاستەوخۆ یان نا ڕاستەوخۆ دەروەستبووە بە یەکێک لەلایەنەکانی شەڕەکەوە) تێڕامانی ئەم ڕۆشنبیرە لە بەرنامە و ستراتیژە سیاسییەکان سەربەخۆ نەبووە و لەپشتییەوە سیاسییەک هەبووە سنووری بیرکردنەوەی بۆ دیاریکردووە، ئەمەش وایکردووە زۆربەی دەربڕینەکانی بەرامبەر شەڕەکە، لە ڕەوتی گشتیدا، دەربڕینی بەهانەهێنانەوەبن ـ واتە پاش هەنگاوهەڵهێنانی سیاسی دابمەزرێن ـ وە لێکدانەوەی هەڵگەڕاوەی واقیع بن، لەپێناو هاوئاهەنگکردنی تێڕامانەکان لەگەڵ لایەنی

دەروەستیدا، وە بەرھەمهێنەری زیاترساختەکردنی ئێستاین تاکو هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەری. ئەم ڕۆشنبیرە لە بیرۆکەیەکەوە هەنگاوی هەڵهێناوە کە دەڵێ: «یان دەبێ لەگەڵ ئەملا بیت یاخود لەگەڵ ئەولا». ئەمەش ساکارکردنەوەی تێڕامانە بۆ واقیع، چونکە شەڕی نێوخۆ و ئەنجامەکانی زۆر لەوە ئاڵۆزترن لە نێوان «ڕەش» و «سپی»دا گیریان بکەین.

٢/ ڕۆشنبیری خرۆشێنەر: تێڕامانی ئەم ڕۆشنبیرە لەسەر بناغەی خوتبەدان دامەزراوە کە زیاتر پەنا بە وەسفکردن دەبات تاوەکو شیکردنەوەی زانستی، زیاتر ڕووداوەکاتە ئامۆژگاری و دەربڕینی ئەخلاق ئامێز. بۆیە دیلی هەست و سۆز، نالاندن، حوکمدانی پێش وەخت و چاوەڕوانیە و داوەرییەکانی پچڕپچڕ، ڕواڵەتکارانە، ماندوون و دەستەوەستاون لە ئاست تێگەیشتنی شەڕەکە و هەڵوێست وەرگرتنی ڕاستەقینەدا. پێویستە لێرەدا هێما بۆ ئەوە بکەین کە خرۆشاندنی سیاسی و ئابووری هەتاکو ئێستا زاڵە بەسەر گوتاری ڕەخنەگرانەی زانستیدا و زمانی خرۆشاندن زاڵە بەسەر زمانی عەقڵدا. چونکە ئاسان نییە خرۆشاندن دابڕین لە میتۆد و پێوانەکانمان و لەوەوبەر و ئێستاش بەشێکی سەرەکی کەلەپووری سیاسی و ئەدەبی و پاڵەوانبازیی کوردی پێکهێناوە. هەر ڕۆژێک زمانی عەقڵ توانی زاڵبێت بەسەر زمانی خرۆشاندندا، ئەو کاتە هەستی ڕەخنەگرانە تیاماندا دەبزوێ و تێڕوانینمان بۆ دنیا و کۆمەڵگای کورد دەگۆڕێ و لە ڕەوتی خۆبەدەستەوەدان و ئامۆژکاریکردن و خۆکوشتن ڕزگارمان دەبێ.

٣/ ڕۆشنبیری نائومێد: ئەنجامی شەڕەکە و ئەنجامەکانی بڕوایەک لای بەشێک ڕۆشنبیر دروستبوو کە بارەکە گەیشتۆتە کوێرەڕێگە و هیچ چارەسەرێک لە گۆڕێ نەماوە. ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەبوو لەسەر پراکتیکی ڕۆژانەیان و هەندێکی بەرەو کۆچکردنی دەرەکی و ناوەکی برد و هەندێکیشی بەرەو نێو زەلکاوی گەمەی سیاسەت و شەڕەکە برد. بەم پێیەش دەستیان لە بەهانەی بوونی خۆیان، واتە ڕەخنەگرتن و بەشداریکردن، لەدەست دا و زەمینە بۆ ئەوە خۆشبوو وەرچەرخانی مەترسیدار و گەورە بێنە ئاراوە و بێ بەربەستی تێپەڕن. بێ ئومێدی نیشانەی جیاکارەی تێڕامانی ئەم ڕۆشنبیرەیە و جوێندان و هات و هاوار و سستی و هەڵهاتن لە واقیع ئامرازی کارکردنیەتی.

بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری دووەم دەڵێین: سەرجەمی تێڕامانەکانی سەبارەت شەڕی نێوخۆ دەربڕاون، جگە لە هەندێ هەوڵدانی جیدی، تێڕامانی بێزراو و نەزۆک بوون و لە ئاستی ئەو ڕووداو و ڕووبەڕووبوونەوانەدا نەبوون کە شەڕی نێوخۆ دەریبڕیبوون و هیچ بەهایەکیان نەبوو بۆ بواری ڕۆشنبیری و سیاسی. بۆیە نەیانتوانی تێڕوانینێکی ڕۆشنبیرانە و ڕایەکی گشتی بەرامبەر شەڕەکە دروستکەن، بەو پێیەش کاریگەرییان نەبوو لەسەر ڕەوتی شەڕخوازی هێزە باڵادەستەکان و ڕێڕەوی شەڕەکە و وەک بڵقی سەر ئاویان لێهات.

## دوا وتە

لە کۆتاییدا دەڵێین: شەڕی نێوخۆ پێویستی بە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی دلێرانە هەیە نەک چاوەڕوانکردن، مەبەست لە دلێرانە ئەوە نییە فشار بۆ یەکتر بهێنرێ، بەڵکو ئەوەیە لەگەڵ خۆدا ڕاستگۆبین و پەنا بۆ بابەتێتی ڕووتی دوور لە پاشینە سۆزخوازەکان و پاشماوە بیرییە نەخۆشە باوەکان بەرین. کۆتاییهێنانی شەڕەکەش پێویستی بەوەیە پشت بە عەقڵ و زانست ببەستین بۆ بنیاتنانی بنەمایەکی کۆمەڵگایی نوێ کە مانا و چالاکی خۆی هەبێت بۆ زۆربەی کورد. لێرەوە دەستکردن بە خۆبنیاتنان وەک یەکەمین هەنگاوی بنچینەیی ڕێڕەوی دووروودرێژ و سەختی ئەو پرۆسەیە، کە کۆتایی بە کۆمەڵگای حیزب دەهێنێ و بەردی بناغەی کۆمەڵگای شارستانی دادەمەزرێنێ، گرنگ و پێویستە و ئەرکی سەرشانی هەموو مرۆڤێکی دڵسۆزی کوردە. بۆ ئەمەش دەتوانین سوود لە تاقیکردنەوەکانی خۆمان و دەستکەوتە بیریی و مێژوویییەکانی گەلانی دیکە وەربگرین.

# کۆمەڵگای پرسە

## هەوڵدانێک بۆ خوێندنەوەی سەرچاوەکانی مەرگدۆستی لەژیانی سیاسیماندا

### بەختیار عەلی

که شتەکان بەیەکدی دەشوبهێنین هەمیشە لە سەرچاوەیەکی سەرەکی رادەکەین، لە چاوگەیەکی بنەڕەتی هەڵدێین؛ دەمانەوێت خۆمان لە وێنە ڕەسەنەکان پاکبکەینەوە، هەموو شوبهاندنێک لەڕاستیدا هەڵهاتنە لە کانگایەکی سەرەکی. جیهان خۆی (لەدیدی ئەفلاتوندا) دەرەنجامی هەڵاتنە لە کانگا بڵندەکانی ئاسمان، هەتا زمان خۆشی جۆرێکە لە دوورکەوتنەوە لە حەقیقەت، شیعریش هەروەها هەڵاتنێکی دیکەیە.

بەڵام ئایا دەشێت بەپێچەوانەی ئەو تێڕوانینەی سەرەوە سەیربکەین؟ دەشێت شوبهاندن سەفەری گەڕانەوەبێت بۆ حەقیقەت؟ دەشێت مرۆڤ لە بنەڕاتدا ونبووبێت و لە ڕێگای زمان و شیعر و سیستمە ئاڵۆزەکانی شوبهاندنەوە بگەڕێتەوە بۆ حەقیقەت؟.

لەوە دەچێت ئەم گریمانەیەی دووەم تەواو لەبەردەم یەکێک لە سیستەمەکاندا هەرەسبهێنێت، کە ئەویش (مەرگە). لەبەردەم حەقیقەتی مەرگدا هەموو سیستەمەکانی شوبهاندن زیاتر و زیاتر ئاشکرادەبن. گەشتی خۆشاردنەوە لە مەرگ درێژترین گەشتە لەمێژووی فیکری مرۆڤدا. بەڕای من گەورەترین و قوڵترین و کاریگەرترین سیستمی ڕەمزی لەمێژووی مرۆڤایەتیدا، سیستمی شوبهاندنی مەرگە بە ژیان. ئایا دین بۆ خۆی سیستمێکی باڵای شوبهاندنی مەرگ نییە بە ژیان؟

ئاشکرایە ئایین سیستمی چوونیەککردنەوەی مەرگە لەگەڵ ژیاندا. بە بۆچوونی من کۆڵەکەی سەرەکی دینەکان چەندە لەسەر بیرۆکەی بوونی هێزێکی گەورەتر لە هێزی مرۆڤ بونیادنراوە، هێندەش لەسەر ئەو شوبهاندنە ڕاوەستاوە کە مەرگ چونیەکدەکاتەوە بە ژیان. ئاشکراشە ئەم بەیەکدی شوبهاندنەش چەند لە حەقیقەتمان دووردەخاتەوە هێندەش دەرگا لەبەردەم ئاسۆی ترسناکدا دەخاتە سەرپشت.. (شوبهاندن) لێرەدا بازێکە بەرەو ونبوون کە دواتر ئەستەمە مرۆڤ بە ئاسانی خۆی بدۆزێتەوە. سەفەریش بەو ئاسۆ ترسناکانەدا زیاتر و زیاتر ئاڵۆزی و بەیەکداچوونی ناو سیستمی شوبهاندنی مەرگ بەژیانمان بۆ ئاشکرادەکات. سیستمێک کە دەشێت زیاتر لەهەر شتێکی تر کاریگەری لەسەر ژیانمان جێبهێشتبێت، بەتایبەت کە ئەو یاری شوبهاندنە لە سنووری بازنەکانی ئیمانی سادە بە حوکمەکانی دین، یاخود لە سنووری گەمە ڕەمزییەکانی ئەدەب و هونەر دەردەچێت و دەبێتە بەشێک لەو کردارانەی مێژوو دروستدەکەن، واتە دەبێتە جەوهەری گەمەی سیاسیانەی ئایین و جەوهەری چالاکییە سیاسییەکانی دیکە.. بەڵام چۆن پرۆسەی شوبهاندنی مەرگ بە ژیان، ئەو شوێنە گرنگە داگیردەکات و بەچ مانایەک دەبێتە پرۆسەیەکی کوشندە؟.

ئایین لەسەر یەک بیرۆکە دروستبووە، ئەویش ڕەتکردنەوەی (نفی) مەرگە. پێناسەی ڕۆح لە زۆربەی ئایینە جیاجیاکاندا زۆر لە پێناسە کلاسیکییەکانی مادە دەچێت، کە دەڵێت شێوەکانی مادە دەگۆڕێت، بەڵام لەناوناچێت، ڕۆحیش لە سیستمی دینیدا شێوەکانی دەگۆڕدرێت، ژینگەکانی دەگۆڕدرێت، بەڵام لەناو ناچێت، لەگەڵ ئەوەشدا

بەردەوامیی ڕۆح بەردەوامییەکی مەرجدارە. لە ڕاستیدا هیچ شوبهاندنێک نییە بەبێ مەرج و هەموو شوبهاندنێک شوبهاندنێکی مەرجدارە؛ شیعر کە بەربڵاوترین و ئازادترین سیستمی شوبهاندنە بە چەندین مەرج ئابڵوقەدراوە، هەموو وێنەیەک کە بونیادکردنەوەیەکی جیهانە لە ڕێگای شوبهاندنەوە بە چەندەها مەرج بەستراوەتەوە کە لەکانگای جیاواز جیاوازەوە سەرهەڵدەگرن، کە ئەویش مەرجەکانی کولتوور و مەرجەکانی زمان و مەرجەکانی پاساکانی شیعرە.

بەڵام مەرجی شوبهاندنی مەرگ بەزیندەگی لەهەمان کاتدا مەرجیشە و باجیشە، مەرجە بەو مانایەی کە مەرگ هەر بەحوکمی پاساکانی شوبهاندن ناتوانێت کۆپیەکی دەقاودەقی ژیان بێت. مەرگ چونکە درێژکردنەوەیەکی ساختەی ژیانە، یان دەبێت جوانتربێت یاخود دزێوتر. ئەو دووڕیانێکی ڕەهایە لەنێوان بەختەوەریی پەتی و ئازاریی پەتیدا؛ بەو مانایەی کە خاڵی جیابوونەوەی بەهەشت و دۆزەخە. لەهەمان کاتدا باجیشە، چونکە قوورسای هەموو ئەفسانەکانی مەرگ دەکەوێتە سەرشانی ژیان.. باجێکە ژیان دەیدات ئەوەکو مەرگ، لەبەر ئەوەی لەم هاوکێشەیەدا دواجار ئایدۆلۆژیستەکانی مەرگ حوکمی خۆیان بەسەر ژیاندا دەسەپێنن، چونکە ئەگەرچی مەرگ لاساییکردنەوەی ژیانە، بەڵام دواجار ئێمەی ئەکتەران دەبێت هەموو ژیانمان پرۆڤەی ئەو کارەکتەرەبێت کە دوای مەرگ دەخوازین نمایشتییکەین: کارەکتەری شەیتان یان فریشتە، کارەکتەری دۆزەخنشین یان بێگوناهێکی بەهەشتنشین.

«ئایین» و «فەلسەفەی پوچی» و هەندێ لقی «بوونگەرایی ـ ئەگستنسیالیزم» لەوەدا یەکدەگرنەوە کە لای ئەوان «مەرگ» ژیان دیاریدەکات، ژیان بەبێ ڕەچاوکردنی تەواوکەرەکەی کە مەرگە مانایەکی نیوەناچڵی هەیە. (دین) بایەخێک بۆ ژیان ناهێڵێتەوە، چونکە پێشوبهاندن مەرگ بە زیندەگی کاریگەدەکات «پێشوبهێنراو» بایەخی خۆی وونبکات و یەکسانبێتەوە بە«پێشوبهاو»، لە (فەلسەفەی پووچیدا) مەرگ تەواوکەری ژیان نییە و هەرگیز مەرگ بەزیندەگی ناچێت. بەڵکو لەڕاستیدا کۆتایی زیندەگیە. دین و پووچگەرایی لەم خاڵەدا تەواو دژی یەکن، بەڵام لەدوائەنجامیشدا یەکتری دەگرنەوە، چونکە هەردووکیان ندان بەسەروەری مەرگدا دەنێن، سەروەری مەرگ لای پووچگەراکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کۆتاییە ڕەهایەی بۆ ژیانی دادەنێت. مەرگ چونکە کۆتاییە، هەموو ماناکان لەپێش دەمیا بێماتان، هەروەها دینیش لەسەر سەروەری مەرگ بەسەر ژیاندا دامەزراوە، بەڵام سەروەری مەرگ بەسەر ژیاندا لە تێڕوانینی دینیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە سەرەتایەکی نوێیە و سەرەتای ڕاستەقینەی ژیانێکی جاویدانە و هەتاهەتاییە. بەمانایەکی تر (مەرگ) لای پووچگەراکان فاکتەرێکی گرنگە، چونکە دواهەمین سنووری ژیان دیاریدەکات و ژیانیش بێمانایە، چونکە مەرگ دواهەمین سنووری بۆ دیاریدەکات، بەڵام لای دینیەکان ژیان پووچە، چونکە ژیانی ڕاستەقینە لە دوای مەرگەوە دەستپێدەکات.. لە هەردوو بارەکەشدا مەرگ مانای ئەو ژیانە دیاریدەکات کە ئێمە ئێستاکێ دەیگوزەرێنین. ئەوەی لەلای من گرنگە سەروەری خودی مەرگ و پووچی و بێمانایی ژیانە لە هەردوو تێڕوانینەکەدا، بەڵام خوێندنەوەی دەلالەتە دینیەکانی ئەو پووچیە لەم باسەدا بایەخێکی گەورەتری هەیە، چونکە هەر ئەو دەلالەتانەیە کە لە مرۆدا پەیوەندیی ئێمە بەمەرگەوە دیاریدەکەن.

بناغەی هەموو شوبهاندنێک لەسەر گرنگی پێشوبهێنراو بەندە، بەڵام دین لەسەر شکاندنی نرخی ژیان ڕاوەستاوە. لەگەڵ ئەم ئاوەژوویوونەوە سامناکەشدا، دین چەندە فێڵمان لێبکات، ناتوانێت ئەو ڕاستیە وونبکات کە بەردەوامیی ڕۆح بەردەوامیی خودی ژیانە و مەرگ لە دیدی ئایینییەوە هەر درێژکردنەوەی زیندەگیە بۆ مەودای دوورتر؛ مەرگیش چەندە شێوەکانی خۆی بگۆڕێت، ناتوانێ ئەو ڕاستییە وونبکات کە کۆپیەکی دیکەی ژیانە. ئەوەی زۆر مەبەستمە دیاریبکەم ئەوەیە، کە «مەرگ» وەکو «ژیان» و وەکو سەرەتای زیندەگیەکی نوێدەبێتە ئەڵتەرناتیڤی «مەرگ» وەکو «کۆتایی».. لەگەڵ ئەوەشدا ململانێی زیندەگی و مەرگ لەنێو ئاییندا ململانێیەکی ئاڵۆزە. مەرگ، کە خۆی بەئەڵتەرناتیڤی زیندەگیەکی دونیایی ڕاگوزار دەشوبهێنێ، هەر خۆشی لە خۆی هەڵدێت و بەددان چەمکەکانی ئەو زیندەگیە ڕاگوزارە دەگرێت. ئەگەرچی دین لای وایە مەرگ هەر بەردەوامی ژیانە و جۆرێکە لە گواستنەوە لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی تر، بەڵام تایشێت و تابگرێت دەبێت ئەم جێگا گۆڕکێیە دوابخرێت. لەناو ناخی ژیاندا بروانەبوونێکی قووڵ هەیە بەمەرگ، هەتا بڕوادارترین کەسیش ئەو گومانەی هەیە لەمەرگ، لەبەرئەوە لێخۆشبوون

لە مەرگ و پێبەخشینەوەی ژیان گەورەترین خەڵات و گەورەترین موعجیزەیە. با سەیری خودی دین بکەین و بزانین ئایا چ شتێک هەیە لەخەڵاتکردنەوەی ژیان گەورەتربێت؟ بەخشینەوەی ژیان بە ئیسماعیل گەورەترین خەڵات و زیندووکردنەوەی مەسیح بۆ مردووەکان گەورەترین موعجیزەیە، ئاخۆ باری ئیسماعیل بەڵگەی ئەوە نییە کە لەناو خودی دیندا قەدری زیندەگی زۆر گەورەترە لە مەرگ و مەرگ هەرچیەک بێت لە پێش دەمی زیندەگیدا تاڵ و تراژیدییە؟ دواجار بەهەشت خۆیش شوێنی گومانە و تەنانەت پێغەمبەرەکانیش لێی دڵنیانین. هاواری مەسیح لەسەر خاچ کاتێ دەڵێت:«خودایە، بۆ بەجێتهێشتم» ئاوێنەی ئەو گومانەیە، لێرەوە مەرگیش بۆ ئەڵتەرناتیڤی خۆی دەگەڕێت کە ژیانە. مەرگ، لە فیکری دینیدا، هەرچەندە بەردەوامیی ژیانە، بەڵام بەردەوام لە حەقیقەتی تاریکی خۆی رادەکات بەرەو ڕەمزاندنەوەی خۆی.

مرۆڤ ئاتەو ساتە مەرگی بەلاوە سەختە، کە مەرگی تایبەتی خۆی بێت و لە سنووری خۆیدابێت و لە دەرگای خۆی بدات. لێرەوە مرۆڤ بەردەوام بۆ ئەڵتەرناتیڤێک دەگەڕێت بۆ مەرگی تایبەتی خۆی؛ بیرۆکەی «قوربانی» فێڵاویترین ئەخشەی مرۆڤە بۆ دەربازبوون لە مەرگ. «قوربانی» جۆرێکە لە ڕێکەوتن لەگەڵ خودادا بۆ بەخشینەوەی ژیان بە مرۆڤ بەرامبەر پێشکەشکردنی زیندەگیەکی دیکە وەکو ئەڵتەرناتیڤی مەرگی خۆی. بەڕای من ژمارەی هەرەزۆری ڕەفتارە ئایینیەکان لە قوربانی پێشکەشکردنەوە بگرە تا پاڕاندنەوە و دەروێشیکردن، دەکرێت لەبەر ڕۆشنایی ئەو پەیوەندییە ئاڵۆزەی ژیان و مەرگدا لێکبدرێتەوە. ژیان لەبەردەم ئەرکە سەختەکانی ئاییندا و بۆ بەردەوامیی خۆی بۆ گەیشتن بەنەمری، ڕێگایەکی سەخت دەگرێتە بەر. قوربانی بەڵگەی ئەوەیە مرۆڤ نایەوێت بمرێت یاخود ڕاستتر وایە بڵێین ناخوازێ بە سروشتی ئێستاکێی خۆیەوە بمرێت و بەدوای لێبوردندا بگەڕێت؛ مرۆڤ عەودالّی جاویدانی بوونە، مرۆڤەکانی دیکە دەکات بە قوربانی خۆی، ئاژەڵ و ڕووەک و شتەکانی تر لەبری خۆی پێشکەش بە خوداکان دەکات. هەربۆیە لە تەوەری گەڕانی مرۆڤدا بەدوای ئەڵتەرناتیڤێک بۆ مەرگی خۆی سیستمێکی ڕەمزی ئاڵۆز خولقێنراوە تێیدا، ئیسلام و سەرەتاییترین دین بەپلەی جۆراوجۆر ئەو گەڕانەیان تێدا دەبینرێتەوە.

لەڕاستیدا فەلسەفەی قوربانیکردن لە عەشقی مرۆڤەوە بۆ ژیان هەڵقوڵاوە، بەڵام هەر زوو ئەو عەشقە لە مەبەستی خۆی لادەدات و بەتراژیدیایەکی گەورە کۆتاییدێت کاتێک مرۆڤ بۆ بەردەوامیی خۆی و بۆ پاککردنەوەی خۆی لە گوناه دەکەوێتە پێشکەشکردنی قوربانی مرۆڤی بۆ خوداکان و سومبولە پیرۆزەکانی تر. شایانی باسیشە، پێشکەشکردنی قوربانی مرۆڤی کە نەریتێکی بتپەرستانەیە (وثنی) بەڕێگا و شێوەی جۆراوجۆر و لە ژێر دەلالەتی جیاجیادا گوازراوەتەوە بۆ دیانەتەکانی دیکەش.

مەسیحیەت لە پێشکەشکردنی قوربانیەکی مرۆڤییەوە دەستپێدەکات کە خودی «مەسیح» خۆیەتی. مەسیح لە ڕێگای ئەو ئامێزکردنە شاعیرانەیەدا بەمەرگدا دەیسەلمێنێ کە لەدوای ئەڵتەرناتیڤی مەرگی خۆی ناگەڕێت و دەیەوێ مەرگی خۆی ئەڵتەرناتیڤی ئازار و گوناهەکانی مرۆڤایەتی بێت. مەسیح بەو جۆرە مردنە بنەمایەکی گرنگی ناو کولتووری بتپەرستی دووبارەدەکاتەوە کە پێشکەشکردنی قوربانی مرۆڤییە بە خوداکان و ئەو بەو کردارەی جارێکی تر قوربانیکردنی مرۆڤ بەشێوەیەکی بەربڵاو دەهێنێتەوە ناو مێژوو. ئیسلامیش هەرچەندە زیاتر لە مەسیحیەت پابەندی کولتووری ئیبراهیمیە، بەڵام قوربانیکردنی مرۆڤی یەکێکە لە کۆڵەکە و پایە سەرەکییەکانی. ئەگەر بەراوردی شەوی کۆچی «پێغەمبەر» بکەین لە مەکەوە و کاتێ «عەلی» لە پێخەفەکەی خۆیدا جێیدەهێڵێت، بەو خۆفیداکردنەی مەسیح جیاوازییەکی گەورە نابینین، ئەوەنەبێت «مەسیح» کەس ناکات بە ئەڵتەرناتیڤی مەرگی خۆی و خۆی لێپرسراوێتی مەرگی خۆی هەڵدەگرێت، بەڵام پێشکەشکردنی «عەلی» بە خەنجەری قورەیشیەکان لە ئاستی ڕەفتاردا «مەسیح» و «پەیامبەری ئیسلام» لەیەکتر جیادەکاتەوە. بۆ «مەسیح» بەو شێوەیە باوەش بە مەرگدا دەکات؟ ئەی بۆ «محەمەد» بەو شێوەیە ڕەفتاری لەگەڵ دەکات؟ «مەسیح» بە مەرگی خۆی، هاندەری پێشکەشکردنی قوربانی مرۆڤییە لەبەردەم میحرابەکانی خودادا، بەڵام «پێغەمبەر» لە باری گەڕاندایە بەدوای قوربانیەکی دیکەدا لەبری ئەو خۆی فیدابکات، ئەم بارەش هاندانی پێشکەشکردنی «قوربانیە» نەوەکو بۆ «خودا» و لەپێناو «خودا»دا بەتەنیا،

بەڵکو بۆ «پێغەمبەر» و هەموو ئەوانەی لەدوای ئەو دێن: خەلیفە و ئیمام و ڕابەرەکان یاخود ئەوانەی ئەهلی بەیتن. ئەمەش وادەکات مانای شەهادەت لە ئیسلامدا لە کاتی پەیامبەرەوە تا ئەمڕۆ لە ئەمومژدا بمێنێتەوە، بەڵام بۆشمان دەسەلمێنێ کە بەقوربانیدانی مرۆڤ پایەیەکی بنچینەیی ئیسلامە؛ شەهادەتیش ئەو بنەما ڕۆحییە کە مێژووی ئیسلام پەیڕەویدەکات.

شەهادەت بریتییە لە مەرگی مرۆڤ لەپێناو مرۆڤێک یا بیرۆکەیەک یان چەندەها مرۆڤدا. دەشێت بیرۆکەکە خودابێت وەکو لە باری ئیسلامدا دەیبینین، بەڵام ئەی مرۆڤەکان دەبێت کێبن؟ کاتێک «پێغەمبەر» «عەلی» دەکاتە قوربانی خۆی، نموونەیەک دەخاتە بەردەستمان کە دوای خۆی هەموو پیاوە دەسەڵاتدار و بەناو دینی و بەناو میوارەکەکان لەگەڵ ڕەعیەتەکانیاندا بە قازانجی خۆیان لێکیدەدەنەوە بە بەخشینی مانایەکی دینی بۆ بەکوشتدانی مرۆڤ لەپێناو ژیان و مانەوەی دەسەڵاتدارە میوارەکەکاندا. بەمجۆرە ئیسلام، لە پرۆسەیەکی گەورە و بەرین و بەربلاودا، هەردوو چەمکی «قوربانی» و «شەهادەت» تێکەڵاوی یەکتردەکات. قوربانی بەمانای حیکایەتەکەی ئیبراهیم، بریتییە لەوەی مرۆڤ لە پەیوەندیی خۆیدا لەگەڵ خودا دەکرێت دەستبەرداری ژیانی خۆی نەبێت و شتێکی جیاواز لە مرۆڤ و دوور لە مەملەکەتی مرۆڤ بکاتە ئەڵتەرناتیفی مەرگی خۆی. لەڕاستیدا ئەم یاسایەی پەیوەندیی مرۆڤ و خودا شایستەی ئەوەیە ملیۆنەها کەس ساڵانە جەژنی بۆ بکەن، بەڵام پێغەمبەرەکانی دوای ئیبراهیم هەر زوو ئەو ترادیسۆنە ئیبراهیمییە لە هەموو مانا ڕاستەقینەکانی خۆی خاڵیدەکەنەوە و پەیوەندیی خودا و مرۆڤ دەکەنەوە بە پەیوەندییەکی خوێناوی. ئیسلام بە حوکمی ئەو ژینگەیەی لەکاتی خۆیدا تێیداگەورەبووە، ژینگەی شەڕانگێزی و ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی دەسەڵاتدارانی دوورگەی عەرەب، دەبایە پێشکەشکردنی قوربانی مرۆڤی بکاتە پایەیەکی بنچینەیی بۆ خۆناساندن و بڵاوبوونەوە. بەڵام ئەم پایەیە لەگەڵ ڕۆژدا قەیرانێکی نوێ دەخاتەوە، چونکە شەهادەت نووشوستی مرۆڤە لەئاست دۆزینەوەی ئەڵتەرناتیفێ بۆ مەرگی تایبەتی خۆی. ئیسلامیش دێت و مانایەکی دینی ئیجابی و پڕ لە پەیمان دەداتە ئەو بارە و دەیکات بە دەروازەی «بەهەشت» بۆ هەموو ئەو ڕۆحلەبەرانەی ئیسلام لە جەنگە بەردەوامەکانی خۆیدا بەختیاندەکات. چونکە هەر هاواری «لەپێناو یەزداندا بمرە»یە بەرەبەرە لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکاندا دەگۆڕدرێت بۆ هاواری لە «پێناوی ئیمامدا بمرە». هەموو ئەمانەش پرۆسەی گەڕانی مرۆڤ بەدوای ئەڵتەرناتیفێکدا بۆ مەرگی خۆی پەکدەخەن و لەوەش زیاتر بێبایەخیدەکەن و لە کفری نزیکدەکەنەوە.

تا پرۆسەی گەڕان بەدوای ئەڵتەرناتیفێکدا بۆ مەرگ بچووکتربێت، ژیان زیاتر بایەخی خۆی لەدەستدەدات، چونکە گەڕان بەدوای ئەڵتەرناتیفی مەرگدا جۆرێکە لە شکاندنی سیستمی شوبهاندنی مەرگ بە ژیان. کاتێک «پەیامبەر» لەژێر زەبری فشاری قورەیشییەکاندا دەگوازێتەوە بۆ «مەدینە»، بەم کردارە پێماندەڵێت: «مەرگ» وەک «زیندەگی» نییە، بەڵام ئاخۆ «پێغەمبەر» بەڕاستی دەیەوێت شوبهاندنی مەرگ بە ژیان، کە جەوهەری هەموو دینێکە، بشکێنێت یان لە ڕوانگەیەکی سیاسیی تایبەتیەوە دەڕوانێتە ئەم مەسەلەیە؟ لەڕاستیدا ئەستەمە کۆچی پەیامبەر، کەلە بنەڕەتدا هەڵوێستێکە لە مەرگی تایبەتی «خۆی» و خۆشەویستییەکە بۆ ژیانی خۆی، بە ستایشی ژیان لەقەڵەمبدەین. چونکە ئاشکرایە ئەو مێژووەی دوابەدوای ئەو شەوە تاریکە دێتەگۆڕێ کە «عەلی» لەپێخەفی مەرگدا بردوێتیە سەر، ئەوە دەسەلمێنێت کە ژیان لای ئەو ئەو مانا تایبەتیانەی نەبووە کە ئێمە ئەمڕۆ ڕێزیدەگرین، بەڵکو «محەمەد» لەو کاتانەوە هەمان سومبولی میحرابی پیرۆز دروستدەکاتەوە کە پێویستە قوربانی پێشکەشبکرێت؛ ئەو لەو ڕۆژەوە (لە پێشتر و لە دواتر) ئەڵتەرناتیفی مەرگی خۆی لە مەرگی کەسانی تردا دەبینێتەوە، بەردەوامی ژیانی خۆی لە قوربانیدان بەسوریدەکانیدا دەبینێتەوە. ئەم هاوکێشەیە دواتر بەشێوەی دیکە بەردەوامدەبێت. لە قۆناغی یەکەمدا ئەسحابەکان دەمردن تا ئیسلام بژی، وەلێ دواتر خەلیفەکان هەمان سیاسەت دەگرنەبەر و پلەوپایەی خۆیان دەخەنەوە ئاست پێغەمبەر و مافەکانی ئەو وەکو پێغەمبەرێک هەرچیەک بووە بۆ خۆیان بە ڕەوای دەبیننەوە، بۆ ئەمەش سوودی هەڵە لە لێکدانەوەی هەڵەی ئایەت و تێکستە دینییەکان وەردەگرن. بەڵام چونکە ئێمە زیاتر لەسەر ساتێکی ڕەفتاری پێغەمبەردا بەرابەر مەرگ قسەدەکەین، هەقمانە بپرسین بۆ؟ هەڵبەت زۆربەی

لێکدانەوەکان دەچنەوە سەر ئەوەی بڵێن: بۆ مانەوەی ئیسلام و گەشەسەندن و بڵاوبوونەوەی دەبایە پێغەمبەر زیندووبایە، چونکە تائەو دەمانە ئەو پەیامی خۆی تەواونەکردبوو، بەڵام کە ئەم وەڵامە بەراوردەکەین لەگەڵ سیرەتی مەسیحدا و دەبینین «نهێنی» بڵاوبوونەوەی «مەسیحیەت» لەناو مەرگی مەسیحدایە، ئەوا ناچاردەبین بۆ جۆرە لۆژیکێکی قووڵتر بگەڕێین، ئەویش بریتییە لە سەرنجدان لەو ڕوانگە سیاسی و سەربازییەی لە ڕێگایەوە پێغەمبەر ڕوانیویەتیە کێشەی ژیان و مردن، ڕوانگەیەک زۆر لە پەیامبەرەکانی دیکە خۆیان لێپاراستووە، بەڵام هەر ئەو جۆرە نیگایەشە کە بۆتە هۆی ئەوەی ئیسلام ئایینێک بێت تەواو تێکەڵ بە دونیا بووبێت و فەتحکردن هۆیەک بێت لە هۆکانی بڵاوبوونەوەی و لەتەکیشیدا چ پێغەمبەر و چ خەلیفەکان هەموو جەنگاوەری شارەزابن. بەڵام جیاوازییەکان و بەراوردەکان لێرەدا کۆتاییینایەن.

کە دەگەڕێینەوە سەر شەوی کۆچی پێغەمبەر لە مەکە و بەراوردیدەکەینەوە بە مەرگی مەسیح، جیاوازییەکی تر دەبینین ئەویش جیاوازی ئاستی پلەوپایەی ئەو کەسانەیە کە دەکرێن بەقوربانی. لە مەسیحیەتدا کاتێ «مەسیح» خۆی دەکاتە قوربانی، ڕاستەوخۆ بەو کردارە پێمان دەڵێت: هەموو مەخلوقێک لە ڕەگەزی مرۆڤ دەبێت ئامادەبێت بۆ مەرگ، لەکاتێکدا ئیسلام ڕاشکاوانە بازنەی شتە پیرۆزەکان دادەبەزێنێت تا هەڵبژاردەیەکی دیاریکراویش لە مرۆڤ بگەڕێتەوە. مەسیح ڕێگانادات کەس لەپێناویدا بمرێت، چونکە لە بنەڕەتەوە ئەو موریدەکانی خۆی لەسەر خۆشەویستی گۆشکردووە نەوەکو لەسەر ئامادەگی بۆ مەرگ. لای مەسیح مەرگ کاتی خۆی هەیە و ئەڤینیش کاتی خۆی، بەڵام کولتووری ئیسلام ئەم جۆرە جیاکارییانە ناناسێت و هەر ئەوەشە وادەکات مەسیح بەپێچەوانەی پێغەمبەرەوە باوەڕی بە ئامادەگی هاوڕێکانی نەبێت بۆ مەرگ و گومانیش لە دڵسۆزیان بکات، حەقیقەتی ڕووداوەکانیش هەرئەوە نیشاندەداتەوە کە هاوڕێکانی مەسیح لە یەکەم ڕوویەڕووبوونەوەدا دەشکێن و لە یەکەم جەنگدا ڕادەکەن، بەڵام هاوڕێکانی پێغەمبەر «جەنگ» بە تەواوکەری سەرەکی ئیمانی خۆیان دەزانن. بەڵام مێژووی سیاسیی مەسیحیەت لەسەر ئەو وانانەی مەسیح ناڕوات دەربارەی «خۆشەویستی» و بەپێچەوانەشەوە فەرامۆشیدەکات و دەیگۆڕێت بۆ زەخرەفەیەکی سیاسی و دینی تایبەت بە کەسی مەسیح خۆی. بەمانایەکی دی «مەسیح» بەمەرگی خۆی بنەمای ئیبراهیمیانەی پەیوەندیی مرۆڤ و خودا دەشکێنێت، بەڵام لەهەمان کاتدا دەرگا لەسەر قوربانیدانی مرۆڤ بۆ مرۆڤ دادەخات، ئەو دەرگایەش لەگەڵ جەنگەکانی ئیسلامدا دەکرێتەوە و بەیەکجار بنەما ئیبراهیمیەکانی قوربانی دەبێتە (با).

ئیبراهیم دەلالەتی ئەو ئاڵوگۆڕەی ناو کولتووری بتپەرستییە لەقۆناغی پێشکەشکردنی قوربانی مرۆڤییەوە لەبەردەم میحرابەکاندا بۆ قوربانی ئاژەڵ و گیانداری دی، بەڵام مەسیح دێت و پێمان دەڵێت کە جگە لەمەرگی خۆمان هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی دیکە نییە پێشکەش بە خودای بکەین. لەگەڵ ئیسلامیشدا ئەو مەرگە دەگوازرێتەوە بۆ گۆڕەپانی جەنگ لەپێناو خودادا، جەنگێک کە سەرکردە و خەلیفە و ئەمیرەکان مافی دیاریکردن و هەڵگیرساندنیان هەیە. هەربۆیەش گەلەک خێرا مانا ئاسمانیەکانی مەرگ دەبێتە پەردەیەکی ئایدۆلۆژی بۆ دەسەڵاتدارانی سەر زەوی و پرسیاری «قوربانی» و کێشەی بوونە ئەڵتەرناتیڤی مەرگی کەسانی تر لەفەلەکی پەیوەندیی مرۆڤ و خودا دەردەچێت و دەبێتە پرسیارێکی سیاسی. بەمجۆرە ئەگەر مانای قووڵی بەخشینی ئیسماعیل ئەوەبێت کە خودا داوامان لێدەکات خۆمان لەبەردەم میحرابیدا سەرنەبڕین، ئەوا مانای قووڵی بەجێهێشتنی عەلی لەپێخەفی پێغەمبەردا ئەوەیە کە ئیسلام داوامان لێدەکات لەپێناو سومبولە پیرۆزەکانیدا بەبێ دوودڵی و بیرکردنەوە خۆمان فیدابکەین. چونکە لە ژینگەیەکی وەکی دوورگەی عەرەبیدا «ئیسلام» لەڕێگەی بەخشندەییەوە بڵاونەدەبووەوە، بۆیە دەبایە ئیسماعیل جارێکی دی لە گۆڕەپانەکانی فەتحکردن و جیهاددا ژیانی خۆی پێشکەشبکردایەتەوە.

سەفەری مرۆڤ بۆ گەڕان بەدوای ئەڵتەرناتیڤێکدا بۆ مەرگ لە گەلگامێشەوە تا سەر ئیسماعیل گەلێک «ژیان دۆستانەیە»، بەڵام ئەو عەشقە تووشی جۆرە چەپاندنێک بووە کە بە «چەپاندنی عەشقی زیندەگی» ناویدەبەم. مرۆڤ لە هەندێ قۆناغدا تەواو واز لەو خولیا گەلگامێشیە دەهێنێت و دەکەوێتە عەشقی مەرگی خۆیەوە. ئەم عەشقەی کە لێرەدا مەبەستمە جودایە لەو بارە سایکۆلۆژییەی «فرۆم» لەهەردوو کتێبی «ئەناتۆمی شەڕانگێزی» و «دڵی مرۆڤ و

مەیلی بەلای چاکەو خراپەدا » باسیدەکات و هەر بە مەرگدۆستی ناویدەنێت. واتە من قسەم لەسەر ئەو کەسانە نییە کە بەدیار لاشەی بۆگەن و بۆی پیس و وێرانەوە دادەنیشن، یاخود ئارەزوویەکی سێکسیانەیان هەیە بەرامبەر بە مردووەکان، بەڵکو مەبەستم لە وەستانی کولتوورێکە لە گەڕان بەدوای ئەڵتەرناتیڤێکدا بۆ مەرگی مرۆڤ، مەبەستم لە وازهێنانی دیانەت و شارستانیەت و میللەتەکانە لە گەڕان بەدوای ئەڵتەرناتیڤی مەرگدا، مەبەستم لەو ملیۆنەها بارەیە کە تیایدا مرۆڤ لەبری گەڕان بەدوای ئەڵتەرناتیڤی مەرگدا، خۆی دەمرێت بۆ ئەوەی شتەکانی دیکە بژین، پرسیاری من گەڕانە بەدوای ئەو هۆکارانەی وادەکەن «ژیان» لەبەردەم کۆمەڵێ سیستمی ئایدۆلۆژی و مەزهەبیدا واز لە حورمەتی خۆی بهێنێت و هیچ مانایەکی نەمێنێت.

بۆیە گەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتا دەتوانین بڵێین، شوبهاندنی مەرگ بە ژیان، شوبهاندنێکە وادەکات ژیان قەدری ڕاستەقینەی خۆی وونبکات و بەهەزارەها فەرسەخیش لە حەقیقەتمان دووردەخاتەوە. کە مەرگ بەردەوامیی ژیان بێت، گواستنەوەیەک بێت لە پلەیەکەوە بۆ پلەیەکی تر، ئیتر زیندەگی هەموو تایبەتمەندێتی خۆی دەدۆڕێنێت. ئەوەی تائێستا بە ووردی نەخوێنراوەتەوە ئەوەیە کە بەهای مرۆڤ بە بەهای زیندەگیەوەیە. ڕەگ و ریشەکانی بێبەهابوونی مرۆڤ لە دیندا تەنیا ناگەڕێتەوە بۆ بچووکی مرۆڤ لەبەردەم خودادا، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ یەکسانکردنەوەی مەرگ بە ژیان. کاتێک کولتوورێک یان فەرهەنگێکی دینی و میللی لەسەر بنەمای وەک یەکی ژیان و مەرگ کاردەکات، مرۆڤ بەهای خۆی وەک شتێکی پیرۆز ووندەکات و بوون و نەبوونی وەکو یەکی لێدێت. بەلام ئەم کەمکردنەوەیە لە بەهای مرۆڤ هاوشانی چوونیەککردنەوەی هەموو شتەکان نییە لەنێوان ژیان و مەرگدا. هەربۆیە مرۆڤ کاتێ لەبەهای خۆی کەمدەکاتەوە، ئەو بەهایە دەخاتە سەر بەهای شتەکان، مرۆڤ لەبەهای خۆی کەمدەکاتەوە و دەیخاتە سەر بەهای ئایدۆلۆژییەکان. بۆ مرۆڤ ژیان و مەرگ زنجیرەیەکە یەکتری تەواودەکەن، چۆنێتی ژیانیش دوای مەرگ بەمەحەکی هەڵوێست لە دینەکانی سەرزەوی پێوانە دەکرێت، بۆیە مرۆڤ چەندە لە زیندەگی خۆی کەمیکاتەوە هێندەی دەخاتە سەر ئەو سیستمە فیکرییەی دوای مەرگ چۆنێتی بەردەوامیی بۆ زامندەکات، واتە مرۆڤ ژیانی خۆی بە بارمتە لای دین یان ئایدۆلۆژییەکەی دادەنێت تا لەو دنیا وەریبگرێتەوە.

کێشەی دۆزینەوەی مرۆڤ بۆ بەهای خۆی تەواو پابەندی کێشەی دۆزینەوەی بەهای ژیانە، سەفەری مرۆڤ بۆ دۆزینەوەی بەهای خۆی سەفەرێکی ئاسان نیە؛ هەڵەیەکی گەورەیە وا حوکم بەسەر قۆناغەکاندا بدەین، وەکو ئەوەی مرۆڤ بەردەوام بەهای ڕاستەقینەی خۆی زانیوە. ترس لە مەرگ هەرگیز مانای هوشیاری نییە بەرامبەر بە ژیان و حورمەتی ژیان. یەکێ لە دەسکەوتە گەورەکانی ڕێنیسانس ئەوەیە کە مرۆڤ تەنیا وەکو بابەت لەدایکنابێت، بەڵکو وەکو بەهاش دێتەمەیدان. ئەمە بەو مانایە نییە کە چەمکی بەهای مرۆڤ دەبێتە چەمکێکی سەرتاپاگیر، بەڵکو بەو مانایەیە کە دوای دەرکەوتنی مرۆڤ وەکو «بەها» ململانێیەکان تائەندازەیەکی زۆر وایان لێدێت لەسەر ئەو چەمکە گربخۆن و ئەو چەمکەش ببێتە پایەیەکی بنچینەیی هەموو ململانێیەکان؛ تائەو بەهایەش زیاتر خۆی دابکوتێت، مرۆڤ زیاتروزیاتر ڕەزیلیدەکات لەبەخشینی زیندەگی خۆیدا.

ڕەنگە مەسیح و گالیلۆ باشترین نموونەی جیاوازییەکانی دوو سەردەمبن؛ مەسیح لە ڕێگای مردنی خۆیەوە فێری بەخشندەییمان دەکات، فێرمان دەکات ئامادەبین لە میحرابی حەقیقەتدا بمرین، مردنێک کە گالیلۆ ئامادەنییە بچێتە میحرابیەوە. گالیلۆ یەکێک لە پێغەمبەرەکانی سەردەمی نوێیە، لای ئەو بەهای زیندەگی لە بەهای حەقیقەت گرنگترە، بەلام هەرزوو ئەو بتانەی کە شۆڕشی فەرەنسی لە بیرورا تازەکانیدا دەتاشێت و زیندەگی دەخاتەوە باشکۆی ئیمان و لە بەهای کەمدەکاتەوە، هەر زووش ئەو بێبەهاییەی ژیان لە هەموو شوێنێکدا ئاگردەخاتەوە و سەری ئایدۆلۆژیستە توندڕەوەکانی خۆی دەخوات، سەری قرتاوی هەریەک لە دانتۆن و سان جۆست و ڕۆبسپێر و ئەوانی دیکە بەڵگەی ئەوەیە کە سەفەری ڕێنیسانس تاچ ئەندازەیەک سەرنەکەوتووبوو لە زیندوکردنەوەی بەهای ژیان و بەهای مرۆڤدا بەرامبەر ئەو سیستمە فیکرییە جیاوازانەی خۆیان وەکو حەقیقەت دەشوبهێنن. واتا شۆڕشی فەرەنسی نەیتوانی ئەو ئەفسانە دینیە بشکێنێت کە بەناوی حەقیقەتێکی تەجریدی بالاتر لە مرۆڤەوە مرۆڤی بۆ قەسابخانەکان ڕاپێچدەکرد، دواتر مارکسیزمیش بە جۆرێکی خورافیتر و درندەتر

مرۆڤ دەكات بە قوربانی حەقیقەت و دەچێتەوە ڕیزی دیانەتە جیاوازەکان وە هەرچەند مارکس لە مرۆڤەوە دەستپێدەکات، بەڵام مارکسیزم لە غولاغەکاندا کۆتاییپێدێت.

پرسیارێکی گرنگ لێرەدا بێتە پێش دەممان ئەوەیە: ئاخۆ مرۆڤ دەبێت واز لە خەونی نەمری بهێنێت تا ژیان بتوانێ حورمەتی خۆی وەدەستبهێنێتەوە؟ بۆیە ئەو پرسیارە دەکەم، چونکە لەڕاستیدا شوێهاندنی مەرگ بە ژیان سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ خەونی نەمری و جاویدانەگی، مرۆڤ لە ڕێگای خەوبینینەوە بە فەنابوونی خۆیەوە ژیان و مەرگ چوونیەکدەکاتەوە. «ئاین» بە شێوەیەکی سەیر ئەو هاوکێشەیە شێکاردەکاتەوە؛ خەونی نەمری خۆی لەخۆیدا پابەندی عەشقی ژیانە، بەڵام ئاینێ ئەم عەشقە دەگۆڕێتە سەر جۆرە سەودا و مامەڵەیەک. واتا ئەگەر دەتەوێ تائەبەد زیندووبیت و چێژ لە ژیان وەرگریت و جوانییەکانی زیندەگی و خۆشییەکانی تاقیبکەیتەوە، بمرە و لەودیو مردنەوە نەمریە، ئەمێستا بکەرە قوربانی تا ئەبەدیەت ببەیتەوە، چونکە ئێستا کاتی تاقیکردنەوەیە هەروەکو چۆن وەک زەمەنیش ئێستگەیەکی پووچە و لەگەڵ چاوتروکاندنێکدا دەڕوات و دەبێتە گەرد و بەسەردەچێت و هیچیش دوای خۆی بەجێناهێڵێت؛ واتا دین زۆر بە وردی لەسەر تاری ئارەزووە قووڵ و کەینونیەکانی مرۆڤ ئیشدەکات، لەسەرێکەوە پەیمانی نەمردی دەداتە مرۆڤ و لەسەرێکی دیکەشەوە داوای ژیانی دونیایی لێدەکات. کەواتە زۆربەی هەرە زۆری ئەو ئاینانەی مرۆڤ لە ڕەوتی گەشە و گەورەبوونیدا بەرهەمیاندەهێنێت لە گۆشەیەکیاندا لە نرخی ئەم ژیانە ڕاگوزارە کورت و تێپەڕە کەمدەکەنەوە، لە گۆشەیەکی دیشدا پەیمانی ژیانێکی نەمر دەدەن بەدینداران.

ئەم هاوکێشەیە لە ئاینی ئیسلامدا دەبێتە باوەشکردن بە نەمریدا لە ڕێگای باوەشکردن بەمەرگدا. موسڵمانی ڕاستەقینە ئەو کەسە نییە کە تەنیا ئەرکە دینیە ئاساییەکان جێبەجێدەکات، بەڵکو ئەو کەسەیە کە لەڕێگای خودادا دەکەوێتە هەوڵ و خەبات، بالاترین پلەی خەباتیش مردنە لەپێناوی پاراستن یان بڵاوکردنەوەی پەیامی ئیسلامدا. گۆڕینی ناوی مەرگ بۆ شەهادەت، گرێدانەوەی جیهاد بەخۆفیداکارییەوە هەروەها وێناکردنی خۆبەختکردن وەکو بەرزترین پلەی بڕوا و پیرۆزترین پایەی دینی، هەموو دەڕژێنە ناو خانەی وێناکردنی مەرگ وەکو ئەرکێکی سەرەکی و گرنگ لە ئەرکەکانی ئاینپەرستان؛ واتە هەرچەند «مەرگ» بەڕاشکاوانە فەرزێکی بنچینەیی نییە لە سیستمی فەرزە ئاینیەکاندا، بەڵام لە هەموو قۆناغە گرنگەکاندا وەکو فاکتەرێکی ئایدۆلۆژی بازدەداتە پێشەوە و جێگای یەکەم وەردەگرێت لە پەیوەندیی ئاینێ و ئاینپەرستدا یاخود ڕاستتر وایە بڵێین لە پەیوەندی «ئاینپەرست» و «وەلی ئەمر»دا. کە مەرگیش سروشتی فەرزێکی ئاینی وەرگرت، ئیدی پرۆسەی گەڕان بەدوای ئەڵتەرناتیڤی مەرگدا تەواو لە کاردەکەوێت و چەمکی قوربانیش لەبری ئەوەی ببێتە جێگری مەرگی مرۆڤ، هەموو ماناکانی یەکەمجاری خۆی دەدۆڕێنێت و مەغزا ژیاندۆستییەکەی لەدەستدەدات و دەبێتە سروتێکی دینی، وەکو هەموو ئەو سروتانەی دیکە کە مرۆڤ لە ڕێگایانەوە هەوڵدەدات هەنگاو لە دوای هەنگاو زیاتر و زیاتر لە خودا نزیکبێتەوە.

لەدوای ئیسلامەوە (بەهۆی ئەو ژینگەیەی ئیسلام تیا دەژی و تیا گەشەدەکات و بەهۆی وەبەرهێنانەوەی ئیسلام بۆ هەمان ژینگەش) هیچ زەمینەیەک نامێنێت بۆ سەرهەڵدانی شارستانیەتێک لەو شارستانیەتانەی گەڕان لە دوای ئەڵتەرناتیڤی مەرگ پایەیەکی بنچینەیی زیندەگی ڕۆحی و فیکریانە، چونکە پرسیاری سەرەکی لەنێو ئەو جیهانبینیەدا ئەوەنییە «بۆ بمرین؟»، بەڵکو ئەوەیە «کەی بمرین و لەتەک چ فیرقەیەکدا و چۆن بمرین؟». کەواتە بۆ کولتووری دینی بەو جۆرە «یادگاری بەخشینی ئیسماعیل» دەپارێزێت؟

جار لەدوای جار هەستدەکەم تێڕامانی زیاتر لە بەسەرهاتی ئیسماعیل هێشتا هەر کەمە، یادکردنەوەی هەمیشەیی بەخشینی ئەو منداڵە ئەوە دەسەلێنێت کە ڕووداوێکی دەگمەنە، بەڵام بۆ بەخشینەوەی ژیان بەم مێردمنداڵە تا ئەو ئەندازەیە گرنگە؟ لەڕاستیدا ئەمە پەیوەندی بە جەوهەری ئەو بارە دەگمەنەوە هەیە کە یەکجار ڕوودەدات و ئیتر بۆ هەتاتایە مرۆڤ دەیخوازێ، چونکە مرۆڤ بۆ ئەوەی بژی پێویستی بە بیرۆکەی خودایەکی بەخشندەهەیە، بەڵام سەختی ئەرکە دینیەکان، سەختی ژیان، ئەو ململانێ بەردەوامانەی ژیانی ڕۆژانە، دۆزەخی زیندەگی، هەموو پاڵمان پێوەدەنێن بپرسین: کوا ئەو خودا بەخشندەیە، لەکوێیە؟ لە باری ئیسماعیلدا ئەو خودا

بەخشندەیە لەهەر ساتێکی تر زیاتر ئامادەیە، لە ساتەوەختی ئیسماعیلەوە مرۆڤ خۆی دەکات بەوابەستەی هیوایەک کە سالانە یادیدەکاتەوە، ئەویش ئەوەیە کە مرۆڤ لەبری مەرگی خۆی دەتوانێت شتێکی تر پێشکەش خودا بکات. لێرەوە دەتوانین بپرسین: ئیسلام کە مانەوە و بلاوبوونەوەی خۆی لەسەر هەردوو چەمکی جیهاد و فەتح بونیادناوە، ئایا بەراشکاوی واز لەوێنەی میهرەبانانەی یەزدان دەهێنێت؟

وێنەی یەزدان لە خەیاڵگەی ئیسلامیدا (المخیال الاسلامی) وێنەیەکی دوو رەهەندە، لە لایەکیدا وێنەی یەزدان، وێنەیەکی میهرەبانانەیە و لەلاکەی دیکەدا وێنەی یەزدان توندوتیژ و پرسزایە، دیوێکیان دیوی ئەو ئامێزە میهرەبانەیە کە دەبێت لەپێناویدا بمرین تا بە باوەشی گەرمی شادبینەوە لەبەهەشتدا، دیوەکەی دیکەش ئەو وێنە پرسزایەیە کە ئەگەر هاتوو ئەرکەکانیمان جێبەجێنەکرد و وەکو پێویست رێنومایییەکانی ئەومان رەچاونەکرد، دۆزەخ چاوەڕێماندەکات. ئەم دوو رەهەندەش یەک ئەوی دی تەواودەکات، مەرگیش ئەو هێڵەیە کە ئیدی بەناچاری دەبێت لەودیویەوە رووبەڕووی یەکێک لە وێنەکانی یەزدان ببینەوە، چونکە مەرگ کۆتاییهێنانە بەمەودای هەڵبژاردن و دوابهاتنی زەمەنی تاقیکردنەوەکەیە؛ بەمانایەکی تر ئەوە ئێمەین میهرەبانی یاخود دڵرەقی یەزدان بەپێی هەڵسوکەوتمان لەزەمەنی تاقیکردنەوە و هەڵبژاردندا دیاریدەکەین. یەکێک لە داواکارییە گەورەکانی یەزدان و مەرجێکی سەرەکی تاقیکردنەوەکەش ئەوەیە کە دەبێت مردنمان خۆشبوێت و خۆمانی بۆ ئامادەبکەین.

بەڵێ خودا لە روانگەی ئیسلامەوە هەر خودایەکی میهرەبانە، بەلام تا ئەو ئەندازەیەنا کە ئەزموونەکەی ئیبراهیم لە ئەزموونێکی تایبەتیەوە بگۆڕێت بۆ یاسایەکی گشتی، کە بەخشینی ئیسماعیل لە فەنتازیایەکی میتۆلۆژییەوە بکات بە یاسایەکی کۆمەلایەتی.. بەمانایەکی دی بەخشینی ئیسماعیل بەخشینی مرۆڤایەتی نییە، چونکە هیچ ئاینێک ناتوانێت تاسەر لە رێگەی پێشکەشکردنی ئەڵتەرناتیڤەوە بلاوبوونەوە و پاراستنی خۆی دابینبکات. بۆیە ناتوانین هەردەم لەبری خۆمان قوربانییەکی گیانلەبەرانە (وەکو مەڕ یان بزن.. هتد) بنێرینە مەیدانی جیهاد، چونکە کە ئاین بووە سیستمێکی حوکمرانی تەنیا بەخوێنی راستەقینە دەژی و دەمێنێتەوە. واتە «خودا»، کە بەشکەر و دیاریکەری «لەزەت» و «سزا»یە، لە ئەبەدییەتدا میهرەبانە، بەلام میهرەبانییەکی مەرجدار. ئیسلام ئاینێکە لەسەر ڕاگرتنی وردی هاوسەنگیی ئەرکەکانی ئێمە و میهرەبانی خودا ڕاگیراوە، بۆیە ناگرێت لە مرۆڤ خۆشببێت لە ئاستی کەمتەرخەمیدا بەرامبەر ئەرکە گرنگەکان. خودای ئیسلام میهرەبانە، وەلێ خۆشەویستی و میهر بە خۆشەویستی و میهر دەگۆڕێتەوە، چەند میهر ببەخشیت خودا ئەوەندە میهر وەردەگرێتەوە.

بەلام خۆشەویستی نێوان «مرۆڤ» و «خودا»، وەک هەر عەشقێکی تر، ڕێ و ڕەسمی خۆی هەیە، یەکەمین ڕێسای ئەوەیە: عەشقێکە دەبێت لە دڵی مرۆڤەوە هەڵقوڵێت، دووەمین ڕێسا: عیبادەتی ڕۆژانەیە، بەلام سێیەم ڕێسا: ئەو ئەزموونەیە کە ئیتر مرۆڤ ناتوانێت درۆی تیابکات، چونکە مرۆڤ دەتوانێ لە ڕێسای یەکەم و دووهەمدا درۆبکات (وەکو چۆن هەموو عاشقەکانی تر درۆ دەکەن)، بەلام تاقیکردنەوەی سێیەم تاقیکردنەوەی تەواوەتی عەشقە، ئەویش تاقیکردنەوەی «مەرگە». لەگەڵ ئەزموونی مەرگدا ڕاست و درۆیی پەیوەندیی مرۆڤ و خودا تاقیدەبێتەوە، ئیدی دوای «مەرگ» بەهانەیەک بەدەست ئاسمانەوە نامێنێ کە هەموو کانگا جاویدانەکانی لەزەت نەخاتە بەردەستمان، چونکە لەگەڵ مەرگدا بەناو هەموو دەرگا عاسی و سەختەکانی عەشقدا تێپەڕیوین؛ کەواتە ئەو خودایەی ئێمە دەیپەرستین خودایەکە میهری خۆی بەمیهری ئێمەوە بەستۆتەوە، میهری ئێمەشی بەمەرگەوە بەستۆتەوە. خودا میهرەبانە، بەلام بەرلەوەی میهرەبانبێت، دەبێت ئێمە عاشقی ببین، کە عاشقیشی بووین، دەبێت بۆی بمرین، کە بۆی مردین، سەلماندومانە عاشقین، کە سەلماندیشمان عاشقین، ئەوسا فەیزی ڕەحمەتی ئەو بەسەر سەرماندا دەبارێت.. خودا میهرەبانە، بەلام ئاوەدیوی مەرگ دەبێت چاوەڕوانی میهرەبانییەکەی بکەین. لەڕاستیدا هەموو ئەو کولتوورەی بەدوای مەسیحدا دێت شێواندنی ئەو میهرەبانییە ڕاستەقینەیەی خودایە کە ئیبراهیم لەدڵەوە گوێی لە پێتەکانی دەبێت، بەخشندەیی خودای ئیبراهیم بەخشندەییەکە لە ئێستاو لێرەدا، واتە لەگەڵ پێویستیە ڕۆحی و دەروونییەکانی مرۆڤدا تەبادێتەوە، بەلام بەخشندەیی لە دیانەتە ئاسمانییەکانی دوای مەسیحدا،

بەخشندەییەکی وەهمی و میتافیزیکی و نادونیاییە. بۆیە لەم دیانەتەدا ڕووبەری ئەرکەکانی مرۆڤ لە ڕووبەری بەخشندەیی خودا گەورەترە، بۆ ئەمەش دەبایە مێژوو نموونەیەکی بەرجەستە پێشکەش بە مرۆڤ بکات سەبارەت بە بەخشندەیی. ئەگەر بە وردی سەرنجبدەین، دەبینین مەرگی «مەسیح» خۆی ئەو نموونەیەیە.. «مەسیح» بەبەخشندەیی خۆی نموونەی مەرگێکی ئایدیالی ئایینیمان پێشکەشدەکات. مەرگی مەسیح سروشتێکی زۆر ئایینیانەتری هەیە لە مەرگی هەموو پێغەمبەرەکانی دی، چونکە لە هاوکێشەی «ئەرکەکانی مرۆڤ» و «بەخشندەیی خودا»دا تەواو تای تەرازووی هاوکێشەکە بەلای قورسکردنی ئەرکەکانی مرۆڤدا دەشکێنێتەوە. مەسیح لە کولتووری مەسیحیدا خۆی خودایە کەچی لەگەڵ ئەوەشدا خۆی دەکاتە قوربانی و خۆی لە قوربانی بەگەورەتر نازانێت و ناچێتە ئەودیوی بازنەی مەرگەوە. مەسیح بەم کردارەی پێماندەڵێت، کە مەرگ و خۆفیداکاری هەتا خوداکانی سەر زەویش دەگرێتەوە، هەتا خوداش لەسەر زەوی دەبێت ئامادەبێت لەپێناو خودای ئاسماندا بمرێت. بەلام مردنی مەسیح هەرگیز زرنگاندنەوەی دینیانەی خۆی وونناکات، چونکە مەسیح هاوکێشەی مەرگ لە پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و خودادا دەهێڵێتەوە، بەلام هەرچی پێغەمبەری موسڵمانانە هەرگیز خۆی بە کوڕی یەزدان تەشویهاندووە، لەبەر ئەوە چاوی تەنیا لەسەر پەیوەندیی مرۆڤ و خودا نەبووە. جیهادیش لە بنەڕەتدا ئەو هەوڵەیە کە پایەکانی خەلافەت و حوکمڕانی ئیسلامی ڕادەگرێت، ئیسلام ئەگەر نەیتوانیبایە ببێتە فەلسەفەی سیاسیی حوکمڕانی عەرەبی و تاکی بە حوکمڕانەکانیەوە گرێنەدابایە نەیدەتوانی بە ئاسانی ئەو گەشە گەورەیە بکات. هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی ئیسلام دینێکی سیاسیتربێت لە دیانەکانی دی، مەرگیش کە بەڕوکەش تاقیکردنەوەی خودایە بۆ مرۆڤ لێرەدا دەبێتە ئەو پەردە ئایدۆلۆژیەی ڕۆحی خێڵەکیانەی عەرەب لە قۆناغی بنیادنانی ئیمپراتۆریەتەکەی خۆیدا دەیدا بەسەر خۆیدا تا وەفاداری تاک بۆ سەرکردەکانی خۆی بە پەردە و دێوجامەیەکی ئاسمانی داپۆشێت.

بەڕای من تا فیکرەی قوربانی لە سنووری پەیوەندیی «مرۆڤ» و «ئاسمان»دا بسووڕێتەوە، ئایین جەوهەری خۆی وەکو پەیوەندییەکی کەینونی مرۆڤ بە نادیارەوە وونەکردووە، بەلام لەو ساتەوەی کە قوربانی دەگۆڕێت و دەبێتە خۆفیداکردنی مرۆڤێ لەپێناو ئەوی دیکەدا (کەجیبەیەکی ئاسمانی داوە بەخۆیدا) ئیتر لەوێوە ئایین لەوە دەکەوێت ڕێکخەری پەیوەندیی نێوان «مرۆڤ» و «ئاسمان» بێت و دەبێتە ڕێکخەری پەیوەندییە زەمینیەکانی مرۆڤ بەمرۆڤەوە. لەم بارەشدا ئیدی «دین» وەکو «سیاسەت» دێتە پێشەوە، دواجاریش هەموو دینەکان، کە دەبنە فەلسەفەی فەرمانڕەوایی، جەوهەری خۆیان وەکو پەیوەندیی نێوان «مرۆڤ» و «ئاسمان» ووندەکەن.

بەر لەسەردەمی فتوحاتی ئیسلامی، هیچ ئایینێک تا ئەو ئەندازەیە لەشکرکێشی بە دونیادا نەکردبوو. ئەگەر بەراوردی لەشکرکێشیەکانی مەسیحیەت بکەین بۆ دەرەوەی سنووری ئیمپراتۆریەتە مەسیحیەکان، دەبینین زۆر درەنگتر لە دوای مەسیح و دوای شێوانی بنەچەکانی مەسیحیەت ئەنجامدراوە؛ لەکاتێکدا هیچ کەسێ لەوانەی مێژووی ئیسلام لێکدەدەنەوە ناتوانن ڕەگ و ڕیشەکانی «فتوحات» نەگێڕنەوە بۆ وویستەکانی پێغەمبەر و ووستی خولەفاکانی پێغەمبەر. ئیسلام دینێکە لە ساتەوەختی پێغەمبەرەوە هێزی خۆی بە هێزی سوپاکانیەوە گرێداوە ئەوەکو بەهێزی عەقیدەوە، گرنگترین ستراتیژی ئایدۆلۆژیەک کە مانا بەفتوحات ببەخشێت، ڕازیکردنی موسڵمانانە کە ئامادەبن بۆ مەرگ، چونکە بەبێ «مەرگدۆستی» جەنگ نەستەمە، هەربۆیە مەرگدۆستی دەبایە بەشێوەیەکی مەحکەم بە «خودادۆستی»یەوە، گرێبدرێت. لە زۆربەی قۆناغەکانی حوکمی ئیسلامیدا جیهان بەسەر دوو پۆلی گەورەدا دابەشکراوە: یەکەمیان: پۆلی ئەوانەیە کە دەبێت لەڕێگای خودادا بمرن و خۆفیدابکەن و گەردن بێننەبەر شمشێری دوژمنانی یەزدان. پۆلی دووەمیش: پۆلی ئەو دوژمنانەی خودان کە خوێنیان حەلاڵە و زەوی گلاوەکەن و کوشتنیان ئەرکێکی دینیە.

ئەگەر سەرنجبدەین، هەر لەسەرەتاوە ئیسلام لەسەر دابەشکردنێک کاردەکات کە دابەشکردنە بەپێی شوێنەواری مەرگ، ئەویش دابەشکردنە بۆ «شەهید» و «زەندیق»، کە هەریەکەیان بەشێوەی تایبەتی خۆی پەیوەندی لەگەڵ مەرگدا دروستدەکات. بەلام مەسەلەکان هەروا سادەنین، چونکە شەهادەتیش خۆی لەخۆیدا دابەشکردنێکی

تازەی مەرگە بۆ دوو شێوەی مەرگ کە بە «مەرگی پیرۆز» و «مەرگی ئاسایی» ناویاندەبەم. «مەرگی ئاسایی»، مەرگی ئەو کەسانەیە کە لەئەزموونی جیهاد و مەرگ ناپەڕنەوە، «مەرگی پیرۆزیش»، مەرگی ئەوانەیە کە مردن وەکو فەرزێکی ئایینی تەماشادەکەن. لێرەوە ئیسلام پەیوەندیی مرۆڤ بە مەرگی خۆیەوە دەگۆڕێتە سەر سەختترین و ئاڵۆزترین جۆری پەیوەندی، چونکە مەسەلەی «مەرگی پیرۆز» لەتەک خۆیدا جۆرێک لە کارەکتەر دەهێنێت کە ئەویش کارەکتەری (جەنگاوەرە)... ئەگەر وردتر بڕوانین، دەبینین کولتووری ئیسلامی درێژکراوەیەکی تازەی کولتووری خێڵەکییە. سەیرکردنی مەرگ لە جەنگدا، وەکو جۆرە مەرگێکی نموونەیی، بەشێکە لە کەلەپووری ئەدەبی و ئەخلاقی خێڵە خۆرهەڵاتنشینەکان، ئیسلام دێت و ئەم کولتوورە هەڵدەگرێت و بە جۆرێکی توند برەوی پێدەدات، هەروەها دەیکات بە سیاسەتی رەسمی یەکێ لە هەرە گەورەترین سیستمە رۆحانیەکانی دونیا.

بەڵام جیاکردنەوەی مەرگ و دابەشکردنی بۆ مەرگێکی ئاسایی و مەرگی پیرۆز تەنیا نیشاندانەوەی دوو ڕێگای جیاواز نییە بۆ گەیشتن بەخودا، کە هەڵبەتە ڕێگای مەرگی پیرۆز ڕێگایەکی کورتتر و بەرینتر و نزیکترە بۆ گەیشتنە مەلەکوتی یەزدان. هەروەها تەنیا دابەشکردنێکی سیاسییانەش نییە بۆ گەورەکردنی رۆحی گیانبازانەی مرۆڤ تا لەپێناو سوپا و لەشکرەکەیدا ژیان فیدابکات، بەڵکو لە هەموو ئەم بارانە پرمەترسیتر ئەو پەیوەندییە سۆسیۆلۆژییە تایبەتیەیە کە لەنێوان تاک و گروپە کۆمەڵایەتیەکەیدا دایدەمەزرێنێ. چونکە «مەرگی پیرۆز» تەنیا ئاوێنەی ملکەچی تاک نییە بۆ ئارەزووی مەرگدۆستانەی یەزدان و ڕابەرە دینیەکان، بەڵکو ملکەچی موتڵەقی تاکیشە بۆ ئەو بەها دەستەجەمعیانەی لە ساتێک لە ساتەکاندا گروپێک یا کۆمەڵگایەک یان سەرجەمی شارستانیەتێک دەیەوێ خۆی لەسەر بنەماکانی ڕێکبخات، تاکیش لە ڕێگای مەرگەوە وابەستەگی خۆی لەو بنەمایانەوە نیشاندەدات و تواندنەوەی خۆی لە گروپدا ئاشکرادەکات.

یەکێ لەو خاڵە گرنگانەی تائێستا بایەخی تەواومتیم نەداوەتێ، بیرۆکەی «تاقیکردنەوەیە» لە پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و مەرگ و هێزە گەورەکانی زەوی و ئاسماندا. بۆ ئەوەی بە وردیش لەسەر «تاقیکردنەوە» بدوێین، با بگەڕێینەوە سەر چیرۆکی «ئیبراهیم». خودا بە داواکردنی مەرگی جگەرگۆشەکەی ئیبراهیم بەخشندەیی ئیبراهیم تاقیدەکاتەوە، کەچی دواتر لەگەڵ کەشەکردنی دیانەتە ئاسمانیەکاندا ئەوە ڕووندەبێتەوە کە «ئیبراهیم» تاکە خوداناسێک نییە دەشێت تاقیبکرێتەوە، بەڵکو ئەزموونی تاقیکردنەوە ئەزموونێکە تایبەت بە هەموو مرۆڤایەتی و هەموو مرۆڤێک و هەموو ئیماندارێک، بەڵام ئاخۆ فیکرەی تاقیکردنەوە بەڵگەی ئەوە نییە کە خودا تەواو بەدگومانە لە مرۆڤ و دڵنیانییە لە نهێنیەکانی ناوەوەی ئەو مەخلوقەی خۆی دروستیکردوە؟ بەڵام تا ئەو شوێنەی «تاقیکردنەوە» پابەندی پەیوەندیی مرۆڤ و خودایە و بریتییە لە ئەزموونکردنی توانای بەرگریی مرۆڤ لەبەردەم وەسوەسەکانی ئەهریمەندا، ئەم ئەزموونەش دەلالەتێکی ئاینی هەیە. تاقیکردنەوەی خودا بۆ ئیبراهیم قووڵترین کێشمەکێشی نێوان دوو مەخلوقە کە دەشێت بۆ خوێندنەوەی ئەو کێشمەکێشە نەتوانین لەو خوێندنەوە رۆحانی و قووڵەی (کێرکجارد) زیاتر هیچی تر زیادبکەین، بەڵام سەیرترین شت گرێدانەوەی پەیوەندییەکانی مرۆڤە بە مرۆڤەوە بەهەمان چەمکی تاقیکردنەوەی خودا بۆ مرۆڤ. لە ڕاستیدا فیکرەی تاقیکردنەوەی خودا بۆ مرۆڤ زەمینەیەکی لەبار دەڕەخسێنێ بۆ تاقیکردنەوەی هەموو جۆرەکانی وەفاداری، ئەگەر خودا لەهەموو توانا بێ سنوورەکانی خۆیەوە لە ئیمانی مەخلوقێکی چکۆلانەی وەکو مرۆڤ دڵنیا نەبێت، چۆن سەرکردە و ڕابەرەکان لە وەلائی میگەلەکەیان دڵنیابن؟ یا گروپێکی کۆمەڵایەتی چۆن لە یەکێتی ناوەکی خۆی دڵنیابێت؟ ڕەنگە بیرۆکەی تاقیکردنەوە یەکێک بێت لە کوشندەترین بیرۆکەکانی دین کە دواتر دەگوازرێتەوە بۆ ناو پێکهاتی سۆسیۆلۆژی و دەبێتە چەمکێک سەرکردەکان و گروپەکان ناتوانن دەستبەرداریبن، ئیبراهیم ناتوانێ عەشقی خۆی بسەلمێنێ تا بەوپەڕی ڕەزامەندییەوە چەقۆی عەشقی خودای نەخاتە سەر گەردنی کوڕەکەی. بنەمای تاقیکردنەوە بنەمایەکی زۆر درندانەیە بۆ پێوانەکردنی پەیوەندییەکان و جارێکی تر دەمانگێڕێتەوە بۆ هاوکێشە بەناوبانگەکەی (هیگڵ) سەبارەت بەکۆیلە و ئاغا. بەمجۆرە ئەوەی لای هیگڵ ئەدرکاو دەمێنێتەوە، ئەوەیە کە کۆیلەکان دەبێت بەناو تۆڕێکی ئاڵۆز و کوشندەی ئەزموونددا بپەڕنەوە. کێشەکەش لە ئاستی دانپیانانددا کۆتایی نایەت، ئاغاکانیش بەوەدیهێنانی

نازناوی «ئاغا» و درکاندنی لەلایەن کۆیلەکانەوە قایل نابن، بەڵکو دەبێت «دان پیادانان» بگۆڕدرێتە سەر «مەیلداری و وەلا»، دواتریش ببێتە «عەشق»، بۆ ئەوەی پەیوەندیی «تاکی کۆیلە» و «ئاغای خودایی یان ئاغای دینی یان ئاغا کۆمەڵایەتییەکان» بگاتە بالاترین پلە، دەبێت کۆیلەکان بکەونە عەشقی ئاغاکانیانەوە و ئەو عەشقەش بخەنە تاقیکردنەوەوە. لەڕاستیدا کۆیلەیەتی ڕاستەقینە تەنیا لە ڕێگەی زنجیرەوە کاروباری خۆی هەڵناسوڕێنێت، بەڵکو تەماحی لە عەشقە، لەوەوپێش ئاماژەمان بۆ ئەو عەشقە کرد کە خودا لە موسڵمانانی داوادەکات، بەڵام نابێت ئەوە لەیادبکەین کە تاکە ئاساییەکانی کۆمەڵگای موسڵمان بە «عەبد» ناودەبرێن، «عەبد» ئەو ناوەیە کە خودا ئیماندارەکانی پێ بانگدەکات. لەڕاستیدا لە سیستمی زمانەوانی ئیسلامیدا «عەبدایەتی» و «عیبادەت» یەک مانایان هەیە. «عیبادەت»، چ لە ڕوانگەی ڕەگی زمانەوانی و چ لە ڕوانگەی دەلالەتی وشەکەوە، گرێدراوی وشەگەلی «عەبدە ـ عبد»، واتە عیبادەت (العبادة) عبودیەتە (العبودیة)، هەروەها عابیدیش (العابد) عەبدە، بەم پێیەش عیبادەت لە کۆیلەیەتی جیاناکرێتەوە. هەر لەسەر ئەم بنەمایەش عەشق و عیبادەت و کۆیلەیەتی دەبنە ئەو سێ کوچکەیەی کە هەوێنی تێگەیشتنی پەیوەندیی تاک و خودان. واتە ئیماندار لەیەک کاتدا «عەبدە»، «عاشقە» و «عابیدە»، ئەم سێ سیفەتەش بە ئەندازەیەک دەترنجێنە ناو یەکتر کە ئەستەمە لەیەکتری جیابکرێنەوە و هەرسێکیان دەبنە سێ دیوی جیاوازی یەک دیاردە. ڕەنگە سۆفییەکان زیاتر لەهەر کەسێکی تر لەم هاوکێشەیە تێگەیشتبن، بەڵام ئەوەی سۆفییەکان بە ئازادی خۆیان و بەقووڵکردنەوەی ئەزموونی ڕۆحیی خۆیان پراکتیکیدەکەن، دەستەڵاتی ئیسلامی بەشێوەیەکی شێواو و پچوککراوە بەسەر عابیدە بچووکەکاندا دەیسەپێنێ، بەڵام هەریەک لە «عابید» و «عەبید» و «عاشق» پێویستە تاقیکردنەوەی گەورە ببڕن؛ عابید دەبێت عەبدایەتی خۆی بسەلمێنێت تاپلەی عابیدی وەربگرێت، هەروەها دەبێت تاقیکردنەوەی عەشق ببڕێت. عبادەت و عەبدایەتی بەبێ عەشق نابنە بڕوا، عەشقیش پایەیەکی ڕۆح و فرمانێکی ئەخلاقیە لەبەر ئەوە بەبێ تاقیکردنەوە ناگوزەرێت. «عەشق» ئەو نهێنییەیە کە لەناوەوەی مرۆڤدایە و بۆ ئەوەی بێتە زمان و دەرکەوێت، یا دەبێت خۆی بخاتە ئەزموونەوە یان یەکێک لە دەرەوە تاقیبکاتەوە... تاقیکردنەوە مەحەکی پەیوەندیی عاشقانەی عەبد و عابدە بە بابەتی عیبادەتەکەیەوە، تراژیدیای گەورەش لەوەدایە کە ئەم تاقیکردنەوەیە زۆربەی کات لە دەرەوەی «مەرگ» دەسوڕێتەوە. «عەبد» خۆی ئەو بوونەوەرەیە کە بەردەوام لەسەر لێواری مەرگ دەوەستێت. کە عەبد دەبێتە عاشق، ئەوا ناچارە بەتاقیکردنەوەدا بڕوات. وەکو ووتیشمان تاقیکردنەوە بەبێ «مەرگ» مانایەکی نییە، چونکە ئامادەگی بۆ مەرگ تاکە مەحەکی ڕاستەقینەی عەبدایەتی و عیبادەت و عەشقە. ئەم کولتوورە دینیە بەشێوەیەکی زۆر ترسناک دەخزێتە ژیانەوە و ئیدی لەهەر شوێنێکدا عەبدایەتی و عیبادەت و عەشق هەبوو، تاقیکردنەوەی مەرگ دێتەپێشێ... کولتووری دینی لە (ئیبراهیم)ەوە عەشق بەمەرگەوە گرێدەداتەوە و کۆیلەیەتی بەعەشقەوە، ئەم کولتوورەش لە دیانەتێکدا کە سومبولە پیرۆزەکانی لەسەر زەوی کەمترنییە لە سومبولە پیرۆزەکانی لە ئاسمان بە ئاسانی دەبێتە زەمینەیەکی لەبار بۆ هەموو پەیوەندییەکی تاک بەسەرچاوەکانی ئینتماکردنیەوە، کە ترسناکترینیان پەیوەندیی تاکە بە کۆی ژینگەی کۆمەڵایەتیەوە (کەهەڵبەت لە خێڵێک یان گروپێکی سیاسی یان مەزهەبێکدا چڕدەبێتەوە). کاتێکیش ئەو پەیوەندییە گوازرایەوە بۆ زەمین، ئیدی ڕۆحی خێڵەکی یان مەزهەبی یان گروپی، پەیوەندیی تاک بەخۆیەوە لەسەر سروشتی پەیوەندیی دینی وێنادەکاتەوە، چونکە ئیسلام لە پێغەمبەرەوە دەرگای بۆ عیبادەتی ناوەندە پیرۆزەکانی سەر زەوی کردۆتەوە. واتا ڕاستە ئیسلام بتەکان دەشکێنێت، بەڵام جارێکی دی پەرستنی شوێنەوارەکانیان سەرهەڵدەداتەوە، هەروەکو چۆن بەرهەمهێنانی بتی مرۆڤیش دەبێتە پرۆسەیەکی بەردەوام و نەپساو کە سیاسەتمەدارانی ناو ئیمپراتۆریەتەکانی ئەمەوی وعەباسی و عوسمانی ڕاشکاوانە بەرهەمیدەهێننەوە. بەئەندازەیەک دواجار یەکێ لە ڕێبازە گەورەکانی ناو ئیسلام کاری تەنیا دەبێتە ئەوەی شەڕ لەگەڵ ئەو ڕۆحە بتپەرستییە تازەیەدا بکات کە هاتۆتەکار ئەویش «وەهابییەتە»، هەڵبەت ئەوان بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕەگوڕیشەکانی ئەو دیاردانە هەموو گوناهەکانی ئەم ڕۆحە بتپەرستەیان دەخستە ئەستۆی شیعەگەراکان، بەوەش دەرگایان لەو هەموو ململانێ خوێناوییە خستە سەرپشت کە چەرخی نۆزدە و بیست لەنێوان ئەم دوو ڕێبازەدا بەخۆیەوە دەبینێت. بەڵام جەنگی وەهابیەکان تەبووە

مایەی ئەوەی بتە تازەکان زیان بهێنن، چونکە ئەو ڕەفتارە چیدیکە بونیادێکە لە هەموو پەیوەندییەکدا خۆی دووبارەدەکاتەوە.

وەک دەبینین لەسەر ئەم زەمینە فەرهەنگییە، لەسەر ئەمجۆرە بناغەیە گەلێک ئاسانە «مەرگ» ببێتە گرێدەرەوەی تاک بە کۆمەڵگاوە، وە لەمجۆرە کولتوورەشدا بە تەواوی کۆمەڵگا لەسەر مەیتی تاک یەکانگیری خۆی دەردەخات و ئەو مەیتە دەکات بە ڕەمزی یەکبوون و پتەوی ناوخۆی خۆی. پرسیارێک لێرەدا کە دێتەپێشێ ئەوەیە: بۆ مەرگ ئەو جێگا گرنگە وەردەگرێت؟ هۆی چییە مەرگ دەبێتە تاقیکردنەوەیەکی دینی بۆ وەفاداری و پلەی بڕوای موسڵمانان؟ دواتر هۆی چییە ئەم ئەزموونە بەردەوامی بەخۆیەوە دەبینێت و دەبێتە سەرچاوەی هەموو تاقیکردنەوەیەکی ئینتما لەلایەن تاقم و دەستە جیاوازەکانەوە بۆ ئەندامەکانیان؟.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی سەرەتای ئیسلام، دەبینین محەمەد بەپێچەوانەی مەسیحەوە، کابرایەک نییە چاوەڕوانبێت مەرگی خۆی ببێتە باڵی ئەو هوما خورافیەی بیروباوەڕی ئیسلام بەدنیادا بڵاودەکاتەوە، بەڵکو سیاسییەکی واقیعیە دەیەوێت بەرەنجامی کارەکانی خۆی ببینێت، ئەزموونی یەکەمی ئیسلامیش ئەزموونێکی خوێناوییە، لەگەڵ یەکەمین زەبری قورەیشییەکاندا ئیتر لای محەمەد و ئیسلامەکانی هاوڕێی، قوربانی و خۆفیداکاری و ئامادەیی مردن دەبێتە مەحەکی ڕاستی و درۆیی ئیمانداران، دواتریش کە دیانەتەکە پەرەدەستێنێت و «مەدینە» دەکات بەناوەندی خۆی، بە تەواوی تێکەڵ بەو زۆرانبازییە خوێناوییەی خێڵە ناکۆکەکانی بیابانی عەرەبی دەبێت و دەبێت بە بەشێک لەو زۆرانبازییە دێرینەیەی تێیدا «مەرگ» زمانی سەرەکی یەکتردواندنە.. گەورەبوونی ئیسلامیش لەناو ئەو شەڕە خێڵەکیەدا بەتەواوەتی گۆڕیوێتی بۆ دیانەتێکی جەنگاوەر. جگە لەم دوو خاڵە سەرەکییە کە یەکەمیان پابەندی لەدایکبوونی ئیسلامە و دووەمیان پابەندی ژینگەی گەشەکردن وسەرهەڵدانێتی، خاڵی سێیەم پابەندی ئەو سروشتە ئایدۆلۆژییە تۆتالیتارەی ئیسلامە و ئەویش پاشکۆی ئەو ڕۆحە فراوانخوازیەیە کە ئیسلام لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت، کاتێ وەکو دواهەمین دین و دواهەمین پەیامی سەرتاسەری خودا بۆ کۆی مرۆڤایەتی دێتە مەیدان و ئەمەش ئەرکی بڵاوکردنەوە و گەیاندنی پەیامی ئیسلام بۆ دوورترین کونجی دنیا بەسەر ئەمیر و خەلیفە ئیسلامیەکاندا دەسەپێنێ.

بەمجۆرە ڕەگوڕیشەی جەنگاوەری لە ئیسلامدا سیاسی و کۆمەلایەتی و ئایدۆلۆژیشە. سیاسییە بەو مانایەی کە یەکەمین ململانێی سیاسیی ئیسلام بەناو «تاقیکردنەوەی مەرگی یەکەمین دەستەی موسڵماناندا تێپەڕیوە و یەکەمین سەلماندنی ئیسلامێتی هاوشانی سەلماندنی توانای خۆفیداکاری و خۆبەقوربانیکردنبووە. کۆمەلایەتییە، چونکە ژینگەی گەورەبوونی ئیسلام و ڕۆحیەتی ئیماندارەکانی هەر هەمان ڕۆحی خێڵەکی عەرەبییە و شەڕەکانی یەکەمی پێغەمبەر هەر درێژکراوەی شەڕی ناوخۆی کۆمەڵگای خێڵەکی عەرەبی بووە. چونکە لەڕاستیدا ئیسلام بازدان نییە بەسەر پێکهاتەی خێڵەکی عەرەبیدا، بەڵکو کارکردن و پەلکوتانە بەناو ئەو جەستەیەدا و کارکردنە لەسەر بنەماکانی ئەو عەقلیەتە خێڵەکیە. بۆیە هەتا کاتێک ئیسلام دەشبێتە ئیمپراتۆریەتێکی گەورە، هیچ یەکێ لە خێڵەکانی ئەم ئیمپراتۆریەتە شوناسی خۆیان وونناکەن. ئیسلام شوناسی خێڵ و شوناسی دین ناکات بەگژیەکدا، بەڵکو بەپێچەوانەوە شوناسی خێڵ دەکات بە ڕۆحیەتی دین و ڕۆحیەتی دین دەکات بە ئایدۆلۆژیای خێڵ. هەربۆیە زۆر بە ئاسانی بەهاکانی خێڵ لە شەڕ و شەڕخوازی و جەنگاوەری و جەنگبازی دەگۆڕدرێت و دەبێت بە ڕۆحی تێڕوانینی سیاسییانەی ئیسلام. چەمکی سێیەمیش، جەنگاوەری ئیسلامیانە خودی ئایدۆلۆژیاو فەرزە ئایدۆلۆژییەکانی ئیسلامە. «ئیسلام» یەکێکە لەو دینانەی کە پەیامی خۆی بە پەیامی هەموو مرۆڤایەتی لەقەڵەمدەدات، لەبەرئەوە هەمەڕەنگیی فەرهەنگی ڕەتدەکاتەوە، ئەوەک هەر ئەوەندە، بەڵکو پایەیەکی سەرەکیی ئایدۆلۆژیای ئیسلام بڵاوکردنەوەی دینە بەدەمی شمشێر. لە مەسیحیەتدا خۆشەویستی بنچینەی پەیوەندییە مرۆییەکانە، خۆشەویستی پەیوەندیی نێوان «مەسیح» و برا مەسیحیەکەی تەنیشتی نییە، بەڵکو خۆشەویستی ڕۆحلەبەری مرۆڤییە بۆ ڕۆحلەبەرە مرۆڤییەکانی تر. بەڵام لە ئیسلامدا چەمکی خۆشەویستی و برایەتی بۆ پەیوەندیی «مرۆڤ» و «مرۆڤ» بەکارنایەت، بەڵکو بۆ پەیوەندیی موسڵمان بە موسڵمانەوە بەکاردێت، ئەوە موسڵمانە

کە برای موسڵمانە، وە هەرگیز بڕوادار و بێبڕوا ناخرێنە ئاستێکەوە، ئەوە موسڵمانانن کە حاڵیان حاڵی یەک جەستەیە ئەگەر یەکێکیان بناڵێ دەبێت هەموویان بناڵن.. ئایدۆلۆژیای ئیسلامی جیاوازییەکی قووڵ و جەوهەری دەخاتە نێوان ئیسلام و کۆی مرۆڤایەتییەوە، موسڵمان برای موسڵمانە، بەڵام لەگەڵ خەڵکانی دیکەدا، لەگەڵ هەموو ئەو مرۆڤایەتیە گەورەیەی دینی دیکە دەپەرستێ «برا» نییە. لە ڕاستیدا باری پێکەوە نە ژیانی ئیسلام و بەشەریەت ڕەگوریشە قووڵەکانی لەناو تێگەیشتنی ئیسلامیدایە بۆ ووشەگەلی وەکو «برایەتی» و «خۆشەویستی».. ئەگەر ئیسلام زۆر قەدری بێبڕواکان بگرێت (کە هەڵبەت هەموو مرۆڤایەتی دەگرێتەوە لە دەرەوەی ئیسلام)، ئەوا «دەیانبەخشێت» و «لێیان دەبورێت». ئەم سەیرکردنە پەیوەندیی «بڕوادار» و «بێبڕوا» لەپشت بڕێکی گەورەی فتوحاتەکانی ناو مێژووی ئیمپراتۆریەتە ئیسلامیەکانە. تا ڕووبەڕووی شەڕانگێزیش لە دیانەتێکدا گەورەبێت، پەروەردەکردنی کارەکتەری «جەنگاوەر» گەورەتردەبێت، تا کارەکتەری «جەنگاوەریش» زیاتربێت، واتە پتر تاقیکردنەوەی تاک لە ڕێگای مەرگەوە بۆتە یاسایەکی ژیانی کۆمەڵایەتی.. مێژووی سەرەتای ئیسلام، مێژووی ئەو جەنگاوەرە دلێرانەیە کە بۆ ئیسلام شەڕیانکردووە، کە سایەتیە سەرەکییەکانی ئیسلام سەرکردە سەربازییەکانی ئیسلامن، گۆڕانی ئیسلامیش بۆ دینێکی سەربازی و گۆڕانی کۆمەڵگای ئیسلامیش بۆ کۆمەڵگایەک کە هەمیشە لە شەڕدایە بەتەنیا ناگەڕێتەوە بۆ ئەو هەڕەشە و پەلامارانەی لە دەرەوە کراوەتە سەر ئیسلام، بەڵکو لە بڕێکی زۆریدا دەگەڕێتەوە سەر ئەو فەلسەفەی «مەرگ» و «ئەزموونەی» ئیسلام لە پێکهاتەی فیکریی خۆیدا بەرهەمیهێناوە.. بەمانایەکی دیکە ئەگەر مەرگ نەبوایە و جەنگ نەبوایە دەبایە دروستبکرێت و لە هیچ دابتاشرێت تا ئیسلام «جیهانبینی» خۆی تاقیبکاتەوە، هەربۆیە ئیسلامیستیەکانی ئێران جەنگیان لەگەڵ «عێراق»دا بە دەرفەتێکی شاهانە دەزانی بۆ ئەو تاقیکردنەوەیە. دەشێت «مەرگدۆستی» و «خۆبەختکردن» لە سەرەتای سەرهەڵداندا بگەڕێتەوە بۆ ئەو ململانێ خوێناوییەی دەستە یەکەمەکانی ئیسلام لەگەڵ شێخەکانی قورەیشدا کە دەیانوویست هەرچۆنێک بووە بەر بەو تەوژمە ڕۆحانی و سیاسی و کۆمەڵایەتییە تازەیە بگرن، بەڵام لە ئەمڕۆدا کە هەمان بار دەبینینەوە و هەستدەکەین موسڵمانان بە حوکمی «بنچبەستبوون»ی دەروونی و سەرەتاخوازییان لە نێو سەرەتای سەرهەڵداندا بەردەوام ئەو سەرەتایە دووبارەدەکەنەوە، خۆدووبارەکردنەوەش مانای «ئەزموونکردنی» مرۆڤ لە ڕێگای مەرگەوە تا هەتاهەتایە بەردەوامدەبێت. بۆیە تا ئەمڕۆ بۆ هەموو گروپێکی موسڵمان گرنگە چیرۆکی خۆفیداکارییەکانی سەرەتا و ئازایی قارەمانەکانی قۆناغی یەکەم لەیادنەکات و بەردەوام بیانخاتە پێشەنگی ڕوانین و ئایدیالەکانی خۆی.

بەڵام وەکو پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، هەر خودی ئەم بارە دەگوازرێتەوە و دەبێتە ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی کە کۆی پەیوەندییە نادینیەکانی ناو کۆمەڵیش جڵەوداکات. واتە کێشەکە دەکەوێتە ئاستی ئەو پرسیارانەی کە: بۆ هەموو گروپەکانی خۆرهەڵات (کەم تازۆر وە بەپێی هەلومەرجە بابەتیەکانی دیکە) هەمان مێژوو دووبارەدەکەنەوە؟ بۆ هەمان باری پەیوەندیی ئیسلام بە ئەندامەکانیەوە بونیاددەنێنەوە؟ بۆ مەرگی پیرۆزی سیاسیی هەمان مانا و دەلالەتی مەرگی پیرۆزی دینی وەردەگرێت؟ چۆن دەلالەتی مەرگی دینی و تێڕوانینی دینی بۆ تاقیکردنەوەی مەرگ و کارەکتەری جەنگاوەر دەگوازرێتەوە و دەبێتە جەوهەری سیاسەت و کارەکتەری «سیاسی»؟

لەڕاستیدا وەڵامی ئەو «بۆ» جۆراوجۆرانە دەگەڕێتەوە بۆ خۆبنیادنانی پێکهاتەی سیاسی لەسەر وێنەی مۆدێلی دینی. بێگومان ئەم قسەیە هەروەکو ڕایەکی سەرپێی دەمێنێتەوە، ئەگەر هاتوو نەچووینە ناو بنج وبنەوانی ئەو ڕەوتەی لە ڕێگایەوە بونیادی سیاسی خۆی بە بونیادی دینی دەشوبهێنێ، چونکە بەبێ ئەوە ئەستەمە لە حەقیقەتی پەلکوتانی دین بۆ ناو سیاسەت تێبگەین. جارێکی دیش بۆ ئەوەی لە نهێنی ئەم لەیەکچوونەی سیاسەت و دین تێبگەم لە مەرگ نزیکدەبمەوە، چونکە مەرگ بۆتە شوێنێکی ئەوتۆ سیحراوی هەموو هێزەکان لەناو ئەو ژوورە تەلیسماویەدا نهێنییەکانی خۆیان ئاڵوگۆڕدەکەن، لەویادا پرۆتۆکۆڵە شاردراوەکانی مەرگدۆستی هەڵدەگیرێت، دوای ئەوەی پاسەوانێکی دینی لەبەردەم دەرگاکانیدا بۆ پاراستنی نهێنییەکان دادەنرێت.

پرسیاری یەکەم لە مەرگی بکەین ئەوەیە: مردووە پیرۆزەکانت کاریان چییە و چ فرمانێک ئەنجامدەدەن؟ بەڵام

کەس نییە لەبری مەرگ بێتە قسە، ئەوەی لە مەرگەوە وەریدەگرین ئەوەیە کە دەیخوێنینەوە، یەکەم شتیش بیخوێنینەوە ئەو هێڵە شەبەنگییە، ئەو وێڵاشی زیوەیە کە مردووەکان لە ڕەحمی مردندا دەبەستێتەوە بە ژیانەوە.. بەڵام ئەو وێڵاشی شەبەنگە و زیوە چی بە چییەوە دەبەستێت؟ سەرنجێکی خێرا لەنێوان ئەمبەر و ئەوبەری ژیان و مەرگدا دەمانگەیەنێتە ئەو بڕوایەی کە مردوە پیرۆزەکانی ناو رواقی مردن لەپشت خۆیانەوە وێنەیەک جێدەهێڵن، ئەو وێنەیە مانای خۆی، سیحری خۆی، جوانی خۆی لە مەرگەوە وەردەگرێت، ئیدی «مردن» دەبێتە «مانا».. ژیان دەوەستێت بۆ ئەوەی تەماشای مەرگ بکات، مەرگیش بەردەوام وێنە پیرۆزەکانی خۆی بەو هێڵە شەبەنگیەدا دەنێرێتەوە بۆ ژیان، مردووەکان دێن و لەناوجەرگەی ژیاندا نیشتەجێدەبن.. بەڵام بۆ مردووەکان دێنەدەرێ؟ سادەترین وەڵامێ بۆ ئەو پرسیارە ئەوەیە کە بڵێین: مردووەکان دێنەدەرێ تا بیانبینین، چونکە مردووەکان لە ڕێگای بینینی ئێمەوە دەگەنەوە بە ژیان و بە ئەبەدیەت. بەڵام کە مردووەکان دەگەڕێنەوە و دەکەونەوە ناو ئاسۆکانی بینین و هەستکردن و مامەڵەکردنەوە، کاریگەرییان لەسەر ژیان کاریگەرییەکی ڕاگوزەر نییە، چونکە مردووەکان تەنیا مامەڵە لەگەڵ یادوەریماندا ناکەن، بەڵکو مامەڵە لەگەڵ عەقڵ و جیهانبینی و هەستکردنیشماندا دەکەن. یەکێ لەو خورافاتانەی ژیانی سیاسیی ئێمە بڵاویکردۆتەوە ئەوەیە کە مردووەکان لەپێناو یادوەریدا دەژێنەوە (من لێرەدا باس لە مەترسییەکانی عیبادەتی یادوەری ناکەم، چونکە بە درێژی لە «یادوەریی زەمەندا» قسەم لەسەر کرد» بەڵام ئەگەر بەووردی بڕوانینە ئەو دەلالەتانەی مەرگی دینی لە ژیاندا دەیگەیەنێت، ئەوا تەواو ئەفسانەی «یادکردنەوەمان» بۆ ئاشکرادەبێت. ئیسلام تەنیا بۆ قەدردانی لە مردووەکان مەرگی پیرۆز و مەرگی ئاسایی لە یەکتر جیاناکاتەوە، شەهادەت تەنیا ڕێزگرتن نییە لە مردووەکان، بەڵکو پەیامێکە بۆ زیندووەکان، پلەوپایەی هەر مردوویەکیش بەپێی جۆرو گرنگی ئەو پەیامە دەگۆڕدرێت کەدەیگەیەنێت. واتا لەڕاستیدا مەرگ بەپێی جۆری ئەو پەیامەی دەیگەیەنێت پۆلێندەکرێت.. کەواتە مردووەکان لەپێناو خۆیاندا زیندووناکرێنەوە، بەڵکو لەپێناو گەیاندنی دەلالەتێکی تایبەتی بۆ ئێمەدا زیندوودەکرێنەوە.. ئەو دەلالەتەش بریتییە لەوەی مردووەکان جۆرە مۆدێلێکی مەرگ بچەسپێنن کە دواتر کەس بەئاسانی نەتوانێ لێی بیرنگێتەوە، هەر لەوێشەوە مردووەکان دێنەوە تابیانبینین و مەرگیان بکەینە نموونەی ئەو مەرگەی دەیخوازین و ئارەزوومان لێیەتی.

بەڵام ئاشکرایە هەندێ مەرگ شوێنێکی باڵاتر و ئەفسووناویتر داگیردەکات؛ واتە تەنیا کاری ئەوە نییە کە مۆدێلێکی دیاریکراوی مردنمان نیشانبدات تا ئێمە هەوڵبدەین پیاڕابکەین و بیپۆشین، بەڵکو جۆرە مەرگێکە میکانیزمی کاری سیستمێک ڕادەگرێت و مانای مەزهەبێک و یەکێتی ڕۆحیانەی تاقمێک دروستدەکات، بەمجۆرە مەرگە دەڵێم «مەرگی یەکەم». مەرگی یەکەم ئەو مەرگەیە کە لەناو فەلسەفەی سیاسی یان مەزهەبی گروپێکدا شوێنێکی ئەوتۆ داگیردەکات کە دواتر مانای هەموو مەرگێک بەمانای ئەو مەرگە دەپێورێت. ئیسلام بە حوکمی پێکهاتە ئایدۆلۆژییەکەی و بەهۆی تێڕوانینی بۆ مەسەلەی قوربانی و مەرگ بەتەواوی زەمینەی دەرکەوتنی مەرگی یەکەم یان مەرگی پێوەری لەتەک خۆیدا هەڵگرتووە، بەڵام تا دەگەینە سەر ڕووداوی «کەربەلا» هیچ یەکێک لە شەهیدەکانی ئیسلام ئەو سیحرە هەڵناگرن کە حەسەن و حوسەین هەڵیدەگرن. لەگەڵ کەربەلادا ئەو وێنە زەمینیانەی ئیسلام سەبارەت بە مەرگ بەخشیدەکاتەوە دەگاتە کامڵترین پلەی خۆی، بەهێزی و کاریگەریی مەرگی حوسەین دەگەڕێتەوە بۆ تەبای ئەو مەرگە لەگەڵ کۆی تێڕوانینی ئیسلامدا بۆ شەهادەت. هەر بۆیە مەرگی حەسەن و حوسەین وەرچەرخانێکی گەورەیە لە پێکهاتەی ڕۆحیی ئیسلامیدا کە لەوە بەدوا ئەو یادوەرییە دەبێتە دروستکەری جۆرێک لە بڕوای دینی و جۆرێک لە ستراتیژی سیاسی کە گروپێکی کۆمەڵایەتی گەورە لەناو ئیسلامدا جیادەکاتەوە و کەرتبوونێکی بێڕەحمانە دنیای ئیسلام دووکەرتدەکات.. بەمانایەکی تر مەرگی یەکەم سەرەتای دەستپێکردنی سەردەمێکی تازەیە، هەروەک چۆن مەرگی تراژیدی لە مەیدانی کەربەلادا ئەو سەرەتا و پێوەرەیە کە مانابەخشیبوون و بەردەوامی و شوناسی شیعەکانی دونیایە.

«مەرگی یەکەم» هەمیشە سروشتێکی ئەفسانەیی و میتۆلۆژی وەردەگرێت، مەرج نییە «مەرگی یەکەم» یەکەمین مەرگ بێت لە قافڵەی سەرهەڵدانی گروپێکدا، بەڵکو دەشێت دوای ژمارەیەکی زۆر مردن وکوشتن و خۆفیداکاری

دەربکەروێت کە هیچ یەکێ لەو بارانەی پێش خۆی توانای تەقاندنەوەی وێنە خەوتووەکانی ناو نەستی گرووپی مردووپەرستی نەبووە، هەربۆیە هیچ یەکێ لەو مردنە جیاوازانەی دی نەیانتوانیوە ببنە ئەو سەرەتا میتۆلۆژییە. واتە زۆرجار سەرەتای واقیعی گرووپ جیایە لە سەرەتا میتۆلۆژییەکەی، حیکایەتە واقیعیەکەی مێژوویەکی تری هەیە جیاواز لە حیکایەتە میتۆلۆژییەکەی، چونکە دەشێت سەرەتای میتۆلۆژیانەی گرووپێک درەنگتر لەگەڵ مەرگێکدا سەرهەڵبدات کە لەتەک وێنەکانی قوربانی و خۆفیداکاری و وابەستەگی گرووپدا جووتبێتەوە. ئەمە جگە لەوەی کە مردووەکان دەبێت کارەکتەرێکی ئەوتۆیان هەبێت هەڵگری کۆمەڵێ دەلالەتی میتۆلۆژی بێت و ڕووداوەکانیش پڕبن لە دەلالەتی خەوتووی ناونەست.

مەرگی یەکەم، مەرگی یادکردنەوەی دەستەجەمعیە، دەگۆڕدرێتە سەر بۆنەیەکی ڕەمزی ئەوتۆ کە مان و نەمانی گرووپی پێوەبەستراوە، بۆنەیەکی ماسۆشیە گرووپ ڕادەچڵەکێنێت، هەر لە ڕێگای ئەو بۆنەیەشەوە گرووپ ڕەگڕیشە فوولەکانی خۆی دەپشکنێ، لەڕێگای ئەو مردنەوە لە بوونی خۆی دڵنیادەبێتەوە. بۆیە بەبێ کولتوورێکی تایبەتی «مەرگ»، هیچ هێزێک ناتوانێت دەرگاکانی ژیان بۆخۆی بکاتەوە، کولتوورێک کە کارێکدەکات هەموو جۆرە ئیمانێک لە گۆڕستانەکانەوە سەرهەڵبدات. لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا هەر ئیمانێک گۆڕستانەکانی ئاوەدان نەبێت و خاوەنی سەرەتایەکی میتۆلۆژی نەبێت کە بەحیکایەتی مردنێک دەستپێدەکات، توانای دواندنی نەستی کۆی مرۆڤە سادە و ئاساییەکانی نابێت، لێرەوە مەرگی یەکەم یاخود ڕەمزاندنی مەرگ مەرجی یەکەمی تەشەنەسەندنی هەموو بڕوایەکە.

بەلام چۆن ئەم ڕاستیانە دەگوازرێنەوە بۆ جیهانی ئەمڕۆمان؟، لە چ دەرگایەکەوە دەگەڕێینەوە بۆ واقیعی خوێناوی خۆمان؟ ئەگەر سەرنجبدەین، دەبینین لە ساتەوەختێکی وەکو ئێستادا، واقیعی ئێمە بەتەواوەتی ئیفلیجبووە لەئاست پرۆسەی گەڕان بەدوای ئەڵتەرناتیڤی مەرگدا، زیندەگی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێمە لەمێژە ئەو پرسیارەی فەرامۆشکردووە سەبارەت بە وونبوونی ئەڵتەرناتیڤەکانی مەرگدا. ئەوەی ژیانی سیاسیی کوردی دووبارەیدەکاتەوە چیرۆکی ئیبراهیم نییە، بەڵکو چیرۆکی حوسەینە، بەلام ئاخۆ چ تێکەڵەیەک لە هۆشمەندیی سیاسی و هۆشمەندیی دینی بەرپرسیارە بەرامبەر ئەم وونبوونە؟ چی وادەکات چەمکی قوربانی مرۆڤیانە بەسەر شێوەکانی دیکەی قوربانیدا زاڵبێت؟ چی وادەکات سیاسەت و دین ببنە یەک کۆڕاڵ بۆ ستایشی مەرگ؟

وونبوونی وێنەی خودایەکی بەخشندە، یەکێکە لە نیشانە گەورەکانی ئەم قۆناغەی پێکهاتەی ڕۆحی و دەروونی ئێمە. گووتاری دینی باس لە تووڕەی یەزدان دەکات، یەزدانیش تووڕەتربێت ڕووبەری بەخشندەی کەمتردەبێتەوە، لەگەڵ وونبوونی وێنەی میهرەبانانەی خودادا، وێنەی هێزێکی بەخشندە کە ژیان ببەخشێت و لە مەرگ خۆشبێت بە تەواوی لە ژیانی سیاسیی کورددا دەبێت بەژێرەوە، چونکە ئیدی مەرگ دەخزێتە شوێنێکی ئەوتۆی ناو زیندەگی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە چیتر بەر بەخشندەی ناکەوێت. دیکتاتۆرەکان چاکتر دەتوانن باس لە بەخشندەیی بکەن و وێنەی هێزێکی میهرەبان بکەنە بەرخۆیان (لێبووردنە یەک لەسەر یەکەکانی سیستمی دکتاتۆری عێراقی هەوڵدانە بۆ گەیاندنی وێنەی هێزێکی لە ڕادەبەدەر بەهێز و لە ڕادەبەدەریش بەخشندە). بەلام چەمکی لێبووردن لە مەرگ لەم بارەشدا ئەو مردووانە ناگرێتەوە کە لە جیهاددا دەبێت بمرن، یان خۆیان بکەنە فیدای سەرۆک و نیشتمان و حیزب، چونکە ئەمجۆرە مەرگە بەڕێگایەکدا دەڕوات تەنیا مانای بەخشندەیی تیایدا ئەوەیە لێگەڕێت قوربانیەکان بەخشندەبن لە بەخشینی ژیاندا. ئەگەر بەشێوەیەکی وردتر قسەبکەین دەڵێین: ئەو دەستکارییەی ئیسلام بۆ پەیوەندیی مرۆڤ بە مەرگی خۆیەوە، تاڕادەیەکی زۆر بەرپرسیارێتی مەرگ لە هێزە گەورەکان دەستێنێتەوە و دەیکات بە مەسەلەیەکی تایبەتی کەسان و کۆمەڵگاکان.

خودا بەخشندەیە، بەلام «تاقیکردنەوەی مەرگ» پابەندی بڕوابوون و بڕوانەبوونی تاکە، پابەندی مان و نەمانی گرووپە.. کەواتە لەنێوان «مەرگ» و «بەخشندەیی خودا»دا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ نەماوە، چیتر «خودا» ناتوانێت لێمان ببورێت، چونکە بەو لێبووردنە چڵەوی دین و شیرازەی کۆمەڵگاش دەپچڕێت. بەمجۆرە داوای مەرگ جەبریەتێکی زۆر سامناک وەردەگرێت و ئیتر هیچ هێزێک نییە بمانبەخشێت.. مەرگیش لە واقیعی سیاسیی ئێمەدا

کە تێکەڵ بەتاقیکردنەوەی ئینتیماکردن دەبێت هەمان مانای جەبری و سەخت وەردەگرێت، چونکە تەواو دەبەسترێتەوە بەمان و نەمانی گروپەوە. بەڵام چۆن هێزە گەورەکان خۆیان لە بەرپرسیارێتی مەرگ دەدەزنەوە و دەیخەنە ئەستۆی «تاک»؟ چۆن بنەمای «خۆفیداکاری»، کە لە ڕاستیدا جەبرێکە لە جەبرەکانی گروپ، لە فەلسەفەی «سیاسی»ی ئەمڕۆدا وەکو هەڵبژاردنێکی ئازاد وێنەدەکرێت؟ بەڕای من تێکەڵاوبوونی فەلسەفە سیاسییە نوێکان لەگەڵ کولتووری دینیدا، وادەکات مەرگ وەکو هەڵبژاردنێکی سەربەستانە سەیربکرێت. فاکتەری «دەروەستی - ئیلتزام» کە مارکسیزم دەیهێنێت، هەروەها فاکتەری «هەڵبژاردنی ئازاد» کە فەلسەفە لیبرالیەکان دەیهێنن، هەردووک بە جۆرێ پەیوەندیی مەرگ و مرۆڤ تاووتوێدەکەن، وەکو ئەوەی پەیوەندییەکی فەلسەفی بێت و هۆشیاریی تاک و ڕۆحیەتی تاکەکەس خۆی خوڵقاندبێتی.. لێرەشدا تراژیدیترین تراژیدیای زیندەگی کۆمەڵایەتی ئێمە دەردەکەوێت، ئەویش ئەوەیە: ئەو تاکەی ژیانی هەڵبژاردنێکی ئازادی تیانییە و ڕێگای پێنادرێت ژیانی خۆی ئازادانە بژی، مردنی وەکو هەڵبژاردنی تاکانە وێنادەکرێت و وەکو دەربڕینی گیانی تاکانەیی (فردانیەت) دەخرێتە ڕوو. ئەشکرایە ئەمە گەمەیەکی ئایدۆلۆژییە تیایدا جەبریەتی پێویستییەکانی گروپ و ڕەگوڕیشە دینیەکانی مەرگدۆستی هەردووک بەپەردەی «دەروەستی» و «هەڵبژاردنی ئازاد» دادەپۆشرێن. بەواتایەکی دی، هەریەک لەو دوو زاراوەیە لەناو سیستمی سیاسیی ئێمەدا هاوشان بەکولتووری ئیسلامی بەشدارییەکی ڕاستەوخۆ دەکەن و لێپرسراوێتی مەرگ لە کولتوور و گروپ دەستێننەوە و دەیخەنە ئەستۆی تاک و خۆیەکوشتندانی دەکەن بە هێمای قەناعەتی تاک خۆی نە وەکو زۆر کاری گروپ. ئەو ئیسماعیلەش کە جارێک لە جارەکان خودا لێیخۆشدەبێت ئێستاکێ لە مردنیدا لێپرسراوێتی خودا و گروپ خراوەتە دواوە و مەرگی وەکو ڕێگایەکی تایبەتی بیشاندەدرێتەوە کە خۆی هەڵیبژاردووە.

ئەو بۆچوونانەی سەرەوە بەرەو ئەوەمان دەبات بڵێین، دین هەرگیز لە زیندەگی فیکری و دەروونی و گیانی ئێمە دوورنەکەوتۆتەوە، بەڵکو ئەو ڕووپۆشە ڕووکەشەی گرویە ئایدۆلۆژیاکانی ئێمە لەبەریدەکەن شایینی لە هەموو لێپرسراویەتەکانی خۆی پاککردۆتەوە و لەبازنەی خوێندنەوە و ڕەخنە دەربازیکردووە. چونکە ئەو پاترۆنە سەیرانەی مەرگی پیرۆز کە هەموویان ڕەگوڕیشەیەکی تەواو دینیان هەیە لە ژێر سایەی سیستمی سیاسیی ئێمەدا بە ڕووپۆشی دەروەستی داپۆشراوە و دینی لێ بێبەریکراوە. بەمانایەکی تر ئەستەمە لە خۆرهەڵاتدا لە چەمکی دەروەستی تێبگەین، ئەگەر هاتوو لە ڕەگە دینیە قووڵەکانی تێنەگەیشتبین، وەرگرتنی ئاسانی ئەم چەمکە فکرییە و گۆرانی بۆ بنەمایەکی کارکردنی حیزبی لە ڕۆژهەڵاتدا بەگشتی و لە کوردستان بەتایبەتی، زۆر جێگای سەرنجە.

چی وادەکات چەمکی «دەروەستی» بۆ دەیەها ساڵ ئەو کاریگەرییە ڕۆحیە قووڵەی هەبێت؟ ئایا دەبێت دەیەهاو سەدەهاو هەزارەها شەهیدی پارتە سیاسییەکانی ناو مێژووی جوڵاندنەوەی سیاسیی کوردستان لەو ئاستە ئایدۆلۆژییە بەرزەدا بووبن کە چەمکی دەروەستی لای ئەوان وابەستەگییەکی ئازادانە بووبێت بە سیستمێکی ئایدۆلۆژی و سیاسییەوە کە دەرەنجامی جۆرێک لە جیهانبینی دیاریکراوبووە؟

ئەگەر بە «ئەرێ» وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە، دەکەوینە بارێکی ساویلکە و گێلانەوە، چونکە هەموو دەزانین سیستمی فکری و ئایدۆلۆژی و جیهانبینی ئەو گروپانە لەئاستێکدایە زۆرلەوە لاوازترە بتوانێت میتۆلۆژیای وا کاریگەر و درێژخایەن دروستبکات. من پێم وایە لە کۆمەڵگای ئێمەدا لەهەر جێگایەکدا ئەفسوونێکی سیاسیمان بینیەوە هەڵەیە ئەگەر ناو هوشیاری و هەستی بۆ بپشکنین تا لە ماناکانی بگەین، بەڵکو دەبێت دەرکاکانی ئەست ئاوەڵابکەین، هەر کاتێکیش پێمان خستە ناو ئەستەوە ئەوا پێمان خستۆتە ناو هەموو ئەو کولتوورە دینیەی سەدە لە دوای سەدە بەسەریەکدا نیشتوە و جیهانبینی - نائاگای - ئێمەی خوڵقاندوە.. لەڕاستیدا ئەفسوونی دەروەستی وەکو زاراوەیەکی سیحری، کە بزوێنەری ژیانی حیزبایەتی کوردی بووە، لەناو ئەفسوونی ئایدۆلۆژیادا نییە، بەڵکو پابەندی ئەو پەیوەندییە ئاڵۆزەیە کە دین لەگەڵ ژیانی سیاسیدا دەیبەستێت.

سەرەتا با بپرسین دەروەستی خۆی چ مانایەکی هەبووە؟

ڕەنگە سادەترین پێناسەی دەروەستی ئەوەبێت کە بریتیە لە وابەستەگی فیکری بە ڕێبازی سیاسیی حیزبەوە،

وە پێناسە قووڵ و ڕاستەکەشی بریتییە لە ملکەچی ڕۆحی عەقڵی و جەستەیی بۆ سەرکردەکان. ئەگەر بەوردی بڕوانین دەبینین هیچ یەکێ لەم دوو ئاستەی پێناسە لە(مەرگ) دورناکەوێتەوە، بەڵکو بەرەو ئەوەمان دەبات کە بڵێین «دەروەستی» بریتییە لە ئامادەگی بۆ مەرگ. ئەوانەی دەتوانن وابەستەگی بەجۆرێک لە دیالۆژی فیکریی بەردەوام تێبگەن، دەتوانن لە گۆشەی تێڕوانینی خۆیانەوە خۆیان لە جەبری گروپ ڕزگاربکەن، بەڵام لەواقعێکی سیاسی وەکو واقیعی ئێمەدا کە دیالۆژی تیانییە، دەروەستی بریتییە لە گوێڕایەڵی تاسەر سنووری مەرگ، یاخود دەتوانین بڵێین بریتییە لەو پەیوەندییە سۆفییەی ئەندام بە بیروڕاکان و سەرکردەکانی گروپەوە گرێدەداتەوە.. دەروەستی لە شوێنێکدا دیالۆژی تیانەبێت جۆرە پەیوەندییەکی سۆفیە و دووبارەکردنەوەی مێژووی عاشق و مەعشوقە، لەم عورفەشدا خیانەت شکاندنی وابەستەگی عاشقانەیە و ملنەدانە بۆ مەرجەکانی مەعشوق.. واتە سەرەتای لەیەکچوونی سیاسەت و ئاین لە دنیای ئێمەدا لە عەشقدایە، چۆن خودا مەعشوقی کەسی خاوەن بڕوایە، ڕابەرەکانیش مەعشوقی کەسی خاوەن دەروەستین. کە «عەفلەق» دەڵێت: «نەتەوەگەرایی موحیببەتە» یان «نەتەوەگەرای عەشقە»، کەنعان مەکیە لەسەر هەقە ئەم ڕستەیە بەیەکێ لەڕستە ژەهراوی و پڕ مەترسییەکانی ناو سیستمی ڕوانینی بەعسی بزانێت، بەڵام لەوە بەدتر ئەوەیە کە ئەم خەسڵەتە تەنیا خەسڵەتی تێڕوانینی بەعسیانە نییە بۆ پراکتیکی سیاسی، بەڵکو دیاردەیەکی سەرتاسەرییە و زۆربەی گروپە سیاسییە گەورەکانی خۆرهەڵات دەگرێتەوە. لەڕاستیدا باوترین پەیوەندیی سادی - مازۆخی لە وڵاتانی وەکو ئێمەدا پەیوەندیی ژن و پیاو نییە، وەکو فرۆم لە خۆرئاوا پەنجەی دەخاتە سەر، بەڵکو پەیوەندیی حیزب و ئەندامە، بەڵام بۆ حیزب پەیوەندیی عاشقانەی لە پەیوەندییەکی عەقلانیانە پێ چاترە؟ لە شوێنێکی وەکو کوردستاندا کە بەردەوام هەڕەشە لە بوونی حیزب و گروپەکان دەکرێت و ئەم هەڕەشەیەش هەرجارەی لە شوێنێک و لە سەرچاوەیەکەوە سەرهەڵدەدات، حیزب پێویستی بەئەندامی ئاسایی نییە، بەڵکو پێویستی بەوانەیە کە بۆی بمرن، ئەندامە ئاساییەکانیشی هەرگیز بەرزنابنەوە بۆ ئەو ئاستەی بۆ حیزب بمرن تا نەگەنە پلەی عاشقی. لە کولتووری وەکو کولتووری کوردیشدا عەشق و مەرگ هەمیشە هاوڕێی هەتاهەتایی یەکن، شیرین و فەرهاد، خەج و سیامەند، مەم و زین، لاس و غەزاڵ گەورەترین نموونەی ئەو وابەستەگییە تراژیدییەی عەشق و مەرگن. ڕاستە ئەم بارە لە کەلەپووری زۆربەی دنیادا هەیە، بەڵام لە هیچ جێگەیەکدا بەو جۆرە پردی لەگەڵ ماناکانی عەشقی سیاسیدا دروستنەکردووە، چونکە یەکەمجار سیاسەت بەئەندازەی ئەزموونی ئێمە پێویستی بەعەشق هەبووە بۆ بەردەوامی و کەمجاریش هێندە خۆزیاری گرێدانەوەی موحیبەت بووە بە مەرگەوە. لێرەوە مەرگ کە لە کولتووری دینیدا دەبێتە فەرزێکی ئایینی، لە ژیانی سیاسیدا دەبێتە دەروەستییەکی سیاسی، بۆیە ناکەکەس دەزانێت کاتێک دەچێتە ناو گروپەوە دەبێت ئامادەبێت بۆ مەرگ، لەزۆر قۆناغیشدا بەبێ جێبەجێ کردنی تەواوەتی ئەم مەرجە بوونە ئەندام شتێکی ئەستەمە، بەڵام ژیانی سیاسیی ئێمە تەنیا دووبارەکردنەوەی چیرۆکی دینیانەی عەشق و مەرگ نییە، بەڵکو کارکردنیشە بە هەموو ئیحاو ئامازەکانی ئەم وێنەیە.

ئەگەر سەیری کولتووری سیاسیی ئەمرۆ بکەین، تێدەگەین کە تەنیا شەهیدەکانی (دین) نین دەچنە بەهەشت، بەڵکو مردووەکانی سیاسەتیش لە هەمان جێگادان، ڕەنگە بتوانین بە ئاسانی تێبگەین بۆچی شەهیدەکانی دین دەچنە بەهەشت، چونکە ئیسلام خۆی لە ڕاستیدا سیستمێکی تەواوەتی و یەکانگیری هەیە بۆ لێکدانەوەی ئەم چوونە بەهەشتە، بەڵام زەحمەتە بەئاسانی تێبگەین بۆ شەهیدانی فلان حیزب یان گروپ یان دەوڵەت یان نەتەوە بەهۆی مردنیانەوە دەچنە بەهەشت؟ لەڕاستیدا تەنیا لێکدانەوە بشێت خۆمانی لێبدەین ئەوەیە کە سیاسەت ناتوانێ بەبێ پەیمانە غەیبیەکانی دین کاربکات. سیاسەتێک کە مەرگ دەچێنێت بۆ ئەندامەکانی ناچارە وەکو دین پەیمانەکانی خۆشگوزەرانی و بەختیاری بگوازێتەوە بۆ ئەو دنیا، هەر لێرەوە دەست بەسەر جەوهەری دینیشدا دەگرێت و ڕۆحەکەی لە خۆیدا بەرجەستە دەکاتەوە وەکو جۆرێک لەدڵنەوایی بۆ ئەوانەی دڵنەواییان نییە. کە سیاسەت فیکرەی بەهەشت دەخاتە ناو فەرهەنگی خۆیەوە ئیدی جیاوازییەکی ئامێنێ لەگەڵ دیندا، بۆیە ئیدی بەپێی ووتەی مارکس کە دەبێژێت: «دین تلیاکی میللەتانە»، بەهەمان مانا «سیاسەتیش تلیاکی میللەتانە». چونکە

لەدیدی مارکسەوە «دین» بۆیە تلیاکە، لەبەرئەوەی ویستە دنیاییەکانی مرۆڤ دوادەخات بۆ ئەو دنیا، سیاسەتیش بەهەمان شێوە مامەڵە لەگەڵ ئەندامەکانیدا دەکات و بە بەهەشت ئەم دنیایان بۆ دەژمێرێت، لەڕاستیدا پەیوەندیی سیاسەت بەمەرگەوە دەیخاتە ڕیزی یەکێک لە تلیاکەکان. لەگەڵ ئەوەشدا یاریکردنی سیاسەت لەسەر ئەم پەتە یارییەکە تەنیا بەدیوی بەهەشتدا ناڕوانێت، بەڵکو بەدیوی ژیانی واقیعیشدا دەڕوانێت، چونکە ئەوەی «دین» لەخۆی قەدەغەکردووە، سیاسەت لەخۆی حەرامناکات.

گووتاری سیاسی هەنگاوێکی زیادتر لە گووتاری دینی بەئاراستەی خورافەت دەجوڵێتەوە و ئەو پەیمانەی «دین» سەبارەت بەبەهەشت و زیندوویتی دووقاتدەکات و هەوڵدەدات «مردووەکانی» خۆی لەم دنیا و لەوێ دیکەشدا بپارێزێت. واتە شەهیدەکانی حیزب تەنیا لە بەهەشتدا بەنەمری ناگەن، بەڵکو لەسەر زەویش و لە یادەوەریی دەستەجەمعیشدا نەمرن، هێزی ئەو زیندووڕاگرتنە دنیاییەش لەڕووی ئیحائیەوە کەمترنییە لە پەیمانی بەهەشت... ئیسلام کاتێک وێنە و پەیکەر قەدەغەدەکات، ئەو ڕێگەیە لەخۆی دەبەستێتەوە کە بتوانێت ئامادەکردنەوەیەکی دنیای شەهیدەکان ئامادەبکاتەوە، بەڵام گروپە سیاسییەکان ئەو بەربەستە دەشکێنن و مردووەکانیان بەردەوام بە ڕەنگ و بە جەستە دەهێنرێتەوە. لەڕاستیدا گۆڕینی مەرگ بۆ ماتریالێکی ڕاگەیاندن سەیرترین خەسڵەتی ژیانی سیاسیی ئێمەیە، بەڵام لێرەدا دەکەوینە سەر دوورکەوتنەوەیەکی دیکە لە حەقیقەت، ئەویش کەم تازۆر پابەندی سیستمی شوبهاندنی مەرگە بەژیان، شوبهاندنەوەی دینیانەی مەرگ بەژیان، وەک لەوەوبەر ئاماژەمان بۆکرد، لەسەر مەحەکێکی ئایدۆلۆژی ڕاوەستاوە، بەڵام شوبهاندنی سیاسیانە لەپاڵ مەحەکە ئایدۆلۆژیەکەدا، سیستمێکی ڕەمزیشە. شوبهاندنی ژیانی ڕاستەقینە بە ژیانێکی ڕەمزی کە لەڕێگای وێنە و ووتار و چلە و پرسە و پڕوپاگەندەوە دروستدەکرێتەوە، شوبهاندنێکی زۆر کاڵ و درۆزنانەیە، لەکاتێکدا دەزانین کە یادەوەریی حیزب لە توانایدانییە بە یەکسانی سەیری هەموو شەهیدەکان بکات و ئامادەکردنەوەی زۆربەیان هەمیشە ئامادەکردنەوەیەکی تێپەڕ و خۆنەگرە.. ئەم زیندووکردنەوەیەی حیزب بۆ شەهیدەکانی هەرگیز وەکو بەخشینی ئیسماعیل نییە. ئیسماعیل ژیانی دەستدەکەوێتەوە بەهەموو مانا قووڵەکانی ژیانەوە، بەڵام ئیسماعیلەکانی حیزب تەنیا هەقی ئەوەیان هەیە وەکو تارماییەک بگەڕێنەوە.. حیزب ژیانی ئێمە پڕدەکات لە خێوەکان، ژیانی ڕەمزیش کاتێک دەبێتە بەشێک لە پڕوپاگەندەی مەرگ حورمەتی خۆی لەدەستدەدات. لەڕاستیدا هەموو مەخلوقێک دوای مەرگ شایستەی جۆرە بەردەوامبوونێکی ڕەمزییە، بەڵام کە ئەو بەردەوامبوونە دەبێتە نامەیەک بۆ زیندووەکان و بانگهێشتێ بۆ هاندانی مەرگ، ئەوا لە هەموو مانایەک دەکەوێت و دەبێتە دەستدرێژی بۆ سەر ژیان. «ژیانی ڕەمزی» یەکێکە لە خەونە گەورەکانی مرۆڤ دوای مەرگ، بەستنەوەی ئەم ژیاندنەوەیەش بە هەڵوێستی دینی و سیاسییەوە لەباربردنی خەونێکە کەلە ڕاستیدا مافێکە لە مافەکانی مرۆڤ؛ بەمانایەکی تر ژیانی ڕەمزی و زیندووڕاگرتنی مردوو دەبێت تائەندازەیەکی زۆر لە دەلالەتە سیاسییەکانی پاکبکرێتەوە و بکرێتە مافێکی گشتی و سەرتاسەری بۆ هەمووان، «ژیانی ڕەمزی» کە دەبەسترێتەوە بەمەرجی سیاسییەوە، دەبێتە هۆکارێک بۆ سەپاندنی شێوەیەکی تایبەتی لە ژیان و شێوەیەکی تایبەت لە مەرگ. دین و سیاسەت لە واقیعی ئێمەدا بوونەتە دوو هونەری مۆمیاکردن کە ژیانی مرۆڤەکان دەبەن و ئێسکەکانیان هەڵدەگرن.. کەمجار سیستمێکی سیاسی وەکو سیستمی سیاسیی کوردی هەڵدەکەوێت کە زۆربەی کولتووری سیاسیی خۆی لەسەر ستایشکردنی مەرگ، و «گۆرانیگوتن بەمەرگدا» هەڵچنیبێت. دروشمەکانی وەکو «کوردستان یان نەمان»، «کەم بژی و کەڵ بژی»، «شەهیدبوون دکتۆرایە»، کە سەردەمانێ دروشمی سیاسیی سەرەکی بوون لە مێژووی بزووتنەوەی چەکداریماندا، ئاوێنەی ئەو مەرگدۆستیە بوون. شیعر و ئەدەبیاتی کوردیش کەمتەرخەمیان نەکردووە لە شوبهاندنی مەرگدا بەژیان و لەستایشکردنی مەرگدا، بێ ئەوەی ئاوڕ لەوە بدەنەوە کە گۆرانی چڕین بۆ مەرگ لە پشتیەوە چ جۆرە مەرگدۆستییەکی سەرتاسەری دەخاتەوە و مەرگ دەگۆڕێتە سەر چ ماشێنێکی بەرەڵا و کۆنترۆڵنەکراو. بەدڵنیاییەوە لێرەدا دەگوترێت: ئەو ستایشکردنە بەربڵاوەی مەرگ لە دواجاردا تەنیا سرودی بەرگریکردن بووە لە ئێمە و پابەندی ئەو سیستمە خۆپارێزە بووە کە کورد بەناچاری وەکو تاکە قەڵغان بەکاریهێناوە. لەڕاستیدا بەستنەوەی «مەرگدۆستی»

به «بەرگری سیاسیەوە» یان «بەرۆحی ناسیۆنالستیانەی مانەوەوە» یەکێکە لەو بەهانە سەرکیانەی هەموو ڕۆشنبیرانی کورد، لە ئەدەبی دوای ڕوانگەی کوردیدا پەنایان بۆ بردووە، شاعیرانی وەکو (شێرکۆ بێ کەس) و (لەتیف هەڵمەت) فەرهەنگێکی گەورەی ئەو جۆرە مەرگدۆستیە ناسیۆنالگەرایەیان بڵاوکردۆتەوە. بەمجۆرەش شیعر لەتەک «سیاسەت» و «ئایینداً» بووە بە تەواوکەری ئەو خوانە ڕازاوەیەی وێناکردنی مەرگ وەکو ژیان.

هەڵبەت ئەگەر بگەڕێینەوە سەر جەوهەری پرۆسەی بەرگریکردن زیاتر نادروستی ئەو گرێدانەوەیەمان بۆ ئاشکرادەبێت لە نێوان مەرگدۆستی و بەرگریکردندا. لەوەوبەر لە زۆر جێگای جیاوازدا ئاماژەم بۆ ئەوە کردووە کە پێکهاتەی عەقڵی سیاسیی کورد لە پەنجا ساڵی ڕابووردودا بە گووتارێک کۆنترۆڵکراوە کە گووتاری مانەوەیە... مانەوە خۆی لەخۆیدا ژیان دۆستانەیە، وە گووتاری مانەوە گووتاری بەرگرییە، بەڵام تائەو شوێنە ژیان دۆستانەیە کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ژیانی مرۆڤەوە هەیە وەکو بوونەوەرێکی دیار و دەستنیشانکراو نەوەکو بوونەوەرێکی موجەڕەد. بەرگریکردن ئەگەر لە بەرگریکردن لە ژیانەوە گوازرایەوە بۆ بەرگریکردن لە چەند ناوێک و لە چەند چەمکێکی موجەرەد، بەهای ڕاستەقینەی خۆی دەدۆڕێنێ. پرۆژەی سیاسیی کوردی و گووتارە سەرەکیەکەی «گووتاری مانەوە» بۆ خۆیان بەرگرییەکی قوڵە لە زیندەگی، بەڵام هەر زوو دەلالەتە ژیاندۆستەکەی خۆیان دۆڕاندووە، بەوەش گووتاری مانەوەی کوردی تووشی نووشوستیەکی گەورە هاتووە و مانا ڕاستەقینەکانی خۆی وونکردووە. «گووتاری مانەوە» کە دەکەوێتە ژێر کاریگەریی میکانیزمی کارکردنی دیینەوە، دەبێتە گووتارێکی مەرگاوی. «گووتاری مانەوە» کاتێ نەتوانێ جەوهەرە ژیاندۆستانەکەی خۆی بەسەر ئەرکە پێویستەکانی سەرشانی مەرگدا سەرخات... نەتوانێت ببێتە زەمینەی گەشەسەندنی بەهای مرۆڤ و بەهای ژیان، بەرگری لەناویدا دەبێتە پرۆسەی پێشکەشکردنی قوربانی بۆ چەمکە موجەرەدەکان.. گووتاری مانەوە کە بەجەوهەر گووتارێکی هیومانیستیە لە گەرمەی بەرگریکردن لە ژیاندا دەبێتە ستایشی مەرگ. من لام وایە گۆڕینی ئاڕاستەی ئەو جەوهەرە هیومانیستیە بۆ گووتارێکی مازۆخی دژ بەخود و نە پاراستنی ئەو جەوهەرە ژیاندۆستە گەورەترین هەرەسە لە مێژووی سیاسیی ئێمەدا. هەروەها ئەوە بە بۆچوونێکی گەلەک سادە و ساویلکانە دەزانم ئەگەر وا بڕوانین کە کارەساتی جەنگی ناوخۆ تەنیا دەرەنجامی نەگونجانی پارتەکانە لەگەڵ یەکدیدا، بەڵکو لەڕاستیدا ڕیشە قووڵەکان دەگەڕێتەوە بۆ پاشەکشێکردنێکی ژیاندۆستی لەبەردەم مەرگدا.

«مەرگدۆستی» لە واقیعی ئێمەدا بارێکی بەردەوام نەبووە، ئەگەر ئاوڕێکی خێرا لە ڕابردوومان بدەینەوە، دەبینین ئەدەبیاتی ڕابردووی ئێمە ئەو مەرگدۆستیەی بەزەقی تیا نابینرێت، تاسەر گۆرانیش ئەدەبیاتی کوردی ستایشێکی گەورەی جوانی و ژیانە، ئەمڕۆ هەقمانە بپرسین: ئایا (گۆران) دواهەمین کەس بوو کە ستایشی جوانی و ژیانی دەکرد؟ بەراوردێک لە نێوان ڕۆحی گۆراندا کە «بۆ چلێ وەنەوشە پەرۆشە لەژێر سێبەری توترکا خامۆشە» لەگەڵ زمانی ئەدەبیاتی هاوچەرخدا پاشەکشێی تەواوەتی ئەو ژیاندۆستی و نەغمە هیومانیستیەی گۆرانمان بۆ ئاشکرادەکات. ئاشکرایە لە دوای گۆرانەوە (ژیان) وەکو شوێنێکی قەشەنگ و جیاواز لە مەرگ بەتەواوەتی وونده‌بێت و هەمیشە لەپاڵ مەرگەوە و لەتەک مەرگدا باسی لێوەدەکرێت.. لەڕاستیدا گۆرانی گۆشەنیگای ڕوانین بۆ ژیان و مەرگ بەتەواوەتی لەسەیرکردنی مرۆڤی کورددا بۆ «شوێن» ڕەنگی داوەتەوە، ئەو بەهەشتەی گۆران لەچل و پەنجاکاندا بۆی دەسوتێت، لەکۆتای هەشتاکاندا دەبێتە ئەو داهۆڵستان و زەلکاوەی شێرزاد حەسەن و وێنەیەکی ڕەش و دزێوی بۆ دەکێشێت.

ڕاستە بەرگری هاوکێشەیەکی زۆر سەیر و ئاڵۆز لەنێوان ژیان و مەرگدا دروستدەکات، بەڵام هیچ کات نابێت ئەو حەقیقەتە غافڵکەین کە بەرگری مانای «ئیرادەی ژیان» و تەقاندنەوەی ئەو ئیرادەیە، بەڵام لەو دەقیقەیەدا کە شێوەیەک لە مەرگ دەبێتە پێوەری هەموو مەرگەکان و نموونەیەکی مەرگ دەبێتە نموونەی باڵای مردن، ئەو ئیرادەیە لەبەردەم ئەفسونی مەرگدا هەموو ماناکانی خۆی وونده‌کات. هەروەها کە تاقیکردنەوەی ئێنتما دەبێتە ڕێگەیەک بەسەر پردی مەرگدا ئیتر سیاسەتی بەرگری و سیاسەتی مەرگ بە جۆرێک تێکەڵاوی یەکدی دەبن جیاکردنەوەیان لە یەکتری ئەستەم بێت، ئیدی بەرگری وەکو ئیرادەی ژیان جڵەوی پرۆسەکانی لەدەست دەردەچێت و دەبێت بەو

زەمینەیەی لە هەموولایەکەوە کولتووری مەرگ و ڕەمزەکانی و زمان و ئیحائەکانی داگیردەنەکەن.. ئەو ڕەمزیەتە بەرفراوان و پڕ لەئاماژەیەی مەرگیش، ئەو پێشانگا گەورانەی مەرگ لەسەر شۆستە و ناومال و ناو دائیرە حیزبیەکاندا، نەمانی ترس لەمەرگ، کەمبوونەوەی حورمەتی ژیان، سوک و ئاسان هاتن و تێپەڕینی مەرگ، هەموو بەلگەی هەرەس و وونبوونی ئیرادەی ژیانن لەناو کرداری بەرگریدا.

ئیرادەی مەرگ تەنیا لەو توانا سایکۆلۆژیەدا دەرناکەوێت بۆ وێرانکردنی «خود» یان «بەرامبەر»، بەلکو لەو ساتەدا ئاشکرا دەگەشێتەوە کە مەرگ چەمکێکی شاعیریانە وەردەگرێت و دەبێتە ئەو کردارە بەرزەی زیندوەکان هەرچیەک بکەن ناگەنە ئاستی، واتە «مەرگ» دەبێتە بەهایەکی بالاتر لە بەهای هەر داهێنانێک. لەڕاستیدا سەیرکردنی مەرگیش وەک داهێنان و تاکە داهێنان خەسلەتی زیندەگی سیاسیی ئێمە بووە، سەیرکردنی مەرگیش وەکو داهێنان وەکو ووزە و کانگایەکی ڕۆحی کارێکی کردووە لە شیوەنەکانی کەربەلاوە تاسەر شیعرەکانی شێرکۆ باغێکی ڕازاوەی پڕ لە وێنەی شاعیریانەی مەرگمان هەبێت. قسەکردنم لەسەر شیوەنەکانی کەربەلا قسەکردنێکی هەروا ڕاگوزارنییە، شیعەکان ئەو دەستەیەن کە سەرەتای ڕاستەقینە و کاریگەریان سەرەتا میتۆلۆژییەکەیە و خۆیان لەڕێگای ئەو سەرەتایەوە دەناسن و هەر بەو شێوەیەش خۆیان دەناسێنن، ئەوان ڕاستەوخۆ لەمەرگەوە دەستپێدەکەن ئەو مەرگەش دەگۆڕنە سەر جۆرە سیستمێکی نمایشی و ڕەمزی کە کەس نەتوانێت لە سحری ئازادبێت. مەرگی ناو مەیدانی کەربەلا لای شیعەکان بەردی بناغەی کۆبوونەوە و شوناسیانە، بەبێ ئەو مەرگەش کۆبوونەوەیان لە دەوری یەک شوناس مانای نامێنێت، لەدوای کەربەلاشەوە بوونی مەرگێکی پیرۆز لەپشت هەموو سەرهەلدانێکەوە دەبێتە تەقلیدێکی مێژوویی و سیاسی خۆرهەلاتیانە.. ئیدی هەموو گروپێک دەوەستێت تا ئەو خورافەتە سیحری و میتۆلۆژییەی بۆ دادەهێنێت، هەموو گروپێک دەوەستێت تا لەسەرەتا واقیعەکەی ڕزگاریدەبێت و سەرەتایەکی میتۆلۆژی دەستپێدەکات، سەرەتای میتۆلۆژیاکەش لەناو ئەو ڕووداوەدایە کە بە «مەرگی یەکەم» ناودێریدەکەم. بەپێی فەرهەنگی پڕوپاگەندەی حیزبی، کارەکتەرە میتۆلۆژەکانی ئەم سەرەتایە بەسەر قافلەچی شەهیدان ناودەنرێن و لەگەڵ ئەوانیشدا ماشێنی کەربەلا یان حیزب دەکەوێتە گەڕ، حیزب بەبێ ئەو سەرقەتارە هەمیشە جەستەیەکی کەموکورتە.

ئەم ڕاستیانەی سەرەوە وامان لێدەکەن وردتر بڕوانینە سەرەتاکانی «حیزب» و چۆنیەتی پەلکوتانی بۆ بنیادنانی سەرەتای ئەفسانەیی. «حیزب» سەرەتا کە دەستپێدەکات ئەگەر لەسەر کولتووری دینی یان سیاسی دێرینەی پتەو بنیادنرابێت و لەناو ئەو کولتوورەدا قارەمانی دینی و سیاسی بۆ خۆی هەلنەبژاربێت کە ببنە ڕەمزی مێژوویی، ناچارە ئەو کەموکورتیە بە ناوەڕۆکێکی ئایدۆلۆژیی شۆڕشگێڕانە پڕبکاتەوە، دەستەی یەکەم لە مێژووی حیزبەکانی ئێمەدا هەمیشە دەستەیەکی «ئایدۆلۆژیە»، سەرەتای حیزبیش پتر لە قۆناغەکانی تری تەمەنی قۆناغی ئایدۆلۆژیا و مامەلەکردنە بەفیکر، بەلام بەحوکمی ئەو ژینگە سیاسییە دیکتاتۆریەی حیزبەکانی ئێمە تیاگەورەبوون دەستەی یەکەم زۆربەیان دەبنە قوربانی و ئەو لەناوچوونەی سەرەتاش زەمینەیەکی ڕەخساو و لەبارە بۆ گواستنەوەی لە سەرەتای ئایدۆلۆژییەوە بۆ میتۆلۆژیا.. لەهەر ساتێکدا هێزی ڕەمزیانەی مردووەکان بەهێزتربووە لە کاریگەریی گووتاری ئایدۆلۆژی، ئەوا حیزب هەنگاوێکی گەورەی ناوە بۆ یاریکردن لەسەر پەتی میتۆلۆژیاکانی خۆی، مەرگی ئایدۆلۆژیستەکانی دەستەی یەکەمیش باشترین ڕێگایە تاوەکو حیزب بتوانێت بەهۆیەوە دەرگای ئەفسانەیی بۆ بوونی خۆی بکاتەوە.. مێژووی زۆربەی ئەو حیزبە گەورانەش کە ئەمڕۆ لە دەوری ئێمە دەژین بەو جۆرە بووە. مێژووی حیزبی شیوعی عێراقی و ڕەمزەکانی کە لە فەهدەوە دەستپێدەکات؛ پارتی دیموکراتی کوردستان و شەهیدەکانی چوارچرا، کۆمەلە و قافلەکانی شەهاب و ئەنوەر و ئارام و ئەوانی دی، سۆسیالست و کاردۆ گەلالی و سالح یوسفی، حیزبی دیموکراتی ئێران (قۆناغی دووهەمی دەستپێکردنەوەی بەڕەمزی وەکو سمایلی شەریف زادە و قادر شەریف)، پ.ک.ک و شەهیدانی وەکو مزلم دۆغان و کەمال بیر و هاوڕێکانیان، دەستپێکردنەوەی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق بەڕەمزێکی وەکو «بەرزانی».. هەموو دەلالەتی ئەو سەرەتا میتۆلۆژییە و خۆدووبارەکردنەوەی میتۆلۆژییەیە. چونکە لەڕاستیدا حیزب بۆئەوەی لە نووشوستیەکانی

هەستێتەوە دەبێت لە ڕێگای مردووەکانیەوە هەستێتەوە، ئەگەر مەسەلە مەسەلەی نووشوستی گەورەش نەبێت، «حیزب» بەردەوام پێویستی بە خۆنوێکردنەوەی میتۆلۆژی هەیە. واتە مەرگی یەکەم، کە بەردەوام مەرگی دەستەی سەرەتا و دەستە ئایدۆلۆژیستەکەی حیزبە، بەردەوام دەبێت هاوشێوەی ئەفسانەیی بۆ خۆی دروستبکات، واتە لەنێوان مەرگی یەکەم و شەهیدە ئەفسانەیەکانیدا لەلایەک و قافڵەی شەهیدە بچوکەکانیدا کە مەرگی ئەوانیان کردۆتە مۆدێل، دەبێت کۆمەڵێ ویستگەی ئەفسانەی گەورەش هەبێت کە تیایدا شەهیدەکانی حیزب دەبنە دینامۆی کارکردنەوەی بەگوڕی سیستمی خۆبەقوربانیکردن. لەناوەڕاستی هەموو قۆناغێکدا مەرگێکی دینامیکی هەیە کە سەرلەنوێ دەلالەتە میتۆلۆژییەکانی مەرگی یەکەم زیندوودەکاتەوە و تینی پێدەبەخشێتەوە کە دەکرێت بە «مەرگی خۆسازدانەوەی میتۆلۆژی» یان بە«مەرگی نوێبوونەوەی میتۆلۆژی» ناودێریبکەین، کە هەمیشە بەتوندی سیحرو ئەفسوونی سەرەتای کەوتنەکاری حیزب بەرجەستەدەکەنەوە، حیزب سوورە لەسەر ئەوەی مۆدێلی ئەفسووناوی و هەیبەتی مەرگی یەکەم نەکوژێتەوە.

گرووپی یەکەم کە دەمرێ و خۆی دەکاتە قوربانی، تێکەڵەیەک لە مانا مەجازییەکانی مەسیح و حوسەین لەخۆیدا کۆدەکاتەوە. ئەمانە دەبنە زەمینەی نیشاندانی ئەو ڕاستییەی کە مەرگ هیچ ئەڵتەرناتیفێکی نییە، بێ ئەڵتەرناتیڤی مەرگ پەیامێکە بۆ ئەو ڕیزانەی دواوە لە خەباتگێران کە لە خوارەوە دێن و تێکەڵ بەئەزموونی سیاسی دەبن. «مەرگی یەکەم» دێت بۆ ئەوەی تائەندازەیەکی زۆر لە ناوەڕۆکی ئایدۆلۆژی حیزبەکان کەمبکاتەوە و ئامانجێکی دی و مانایەکی دی دابنێت بۆ هەموو گردبوونەوەیەکی سیاسی. واتە بەمانایەکی تر ووشەگەلی «میتۆلۆژیا» بەو مانایە دەخەمەگەڕ کە ووشەگەلێکی تایبەتیە و پابەندی کەمبوونەوەی کاریگەریی ئایدۆلۆژیایە لەسەر چەمکی «قوربانی». مەرگی میتۆلۆژی ئەو جۆرە مەرگەیە کە پتر لە پەیوەندییەوە بە مەرگەکانی ترەوە مانای خۆی وەردەگرێت. بەو مانایەی کە هەرگیز مەرگی تاک نییە وەکو جۆرە ڕێبازێکی سەربەخۆ، بەڵکو مەرگێکە ڕەگوڕیشەی لەناو کولتووردا هەیە بەهەموو دوور و نزیکییەکانیەوە. کە گرووپی یەکەم خۆیان فیدادەکەن، ئیدی لە دوای خۆیانەوە هەموو تاکەکانی دیکە وابەستەی مەرگ دەکەن. لەقۆناغی یەکەمی سەرهەڵدانی گروپەکاندا ئایدۆلۆژیا سیحری خۆی هەیە، بەڵام هەر زوو سیحری ئایدۆلۆژیا لەبەردەم ئەفسوونی مەرگدا پاشەکشێدەکات. حیزب لەنێوان ستاتیکای ئایدۆلۆژیا و ستاتیکای مەرگدا ناتوانێت بێلایەن بێت، چونکە سەفەری گەیاندنی ستاتیکای ئایدۆلۆژیا سەفەرێکی درێژ و دژوارە لەگەڵ هەلومەرجی خەباتی سیاسیدا لە خۆرهەڵات تەبانایەتەوە، کاریگەریی ئەفسوونی ئایدۆلۆژیا لە ئەڵقە ڕۆشنفکرەکانی حیزب و کۆمەڵ تێناپەڕێن، لە ساتێکیشدا کە میانەی نێوان فیکر و سەرجەمی خەڵک بۆشاییەکی گەورە لە یەکتریان جیادەکاتەوە و فیکر بەئاسانی ناگاتە بنکەی گروپە سیاسییەکان، لەم کاتەدا ئایدۆلۆژیا ناتوانێت ستاتیکای هەبێت و ئەفسونی خۆی پەخشبکاتەوە. بەڵام بەوەدا هیچ شۆڕشێک نییە بەبێ ئەفسوون و ئەستەمیشە شۆڕشێک بەبێ خەسڵەتی داستان ئامێزانە لەزەینی خۆرهەڵاتیانەدا بەگشتی و زەینی مرۆڤی کورددا بەتایبەتی جێگای خۆی بکاتەوە، لەبەرئەوە شۆڕش ئەگەر لە جێگایەکدا ئەفسوونی خۆی دۆڕاند دەبێت لە شوێنێکی دیکەوە وەریبگرێتەوە... کە ئایدۆلۆژیا نەتوانێت ئەو ڕۆحە داستان ئامێزە بە کردارەکانی حیزب و جوڵاندنەوەکانی بیبەخشێت، ئەوا ئەفسانەکان جێگای دەگرنەوە.

بەڵام ئەگەر زیاتر وردبینەوە، دەبینین پەنابردنە بەر چارەسەری ئەفسانەیی تەنیا ناگەڕێتەوە بۆ بێتوانایی ئایدۆلۆژیا لە دواندنی خەڵکە سادەکانی گروپدا کە دەبێت ئامادەیانبکەین بۆ مەرگ، بەڵکو لەڕاستیدا زۆرجار مامەڵەکردنێکی ناعەقڵانی لەگەڵ ئایدۆلۆژیاشدا و گۆڕینی بۆ بابەتێکی عیبادەت هەمان بار بەرهەمدەهێنێتەوە (لەوەوبەر کەم تازۆر لەسەر ئەم خاڵە قسەمکردووە بۆیە لێرەدا هیچ شتێک لەو بارەیەوە دووبارەناکەمەوە)، ئێستاش ئەگەر یەکێک لە ڕستەکانی پێشووم ڕێکبخەمەوە، ئەوا دەڵێم: مەرگی یەکەم مەرگێکی داستان ئامێزە کە ئاراستەی کارکردنی حیزب لە ئایدۆلۆژیاوە دەگۆڕێتە سەر ئەفسانە، هەمیشەش وەکو کارەساتێ خۆی نیشاندەدات کە ڕۆحی دەستەجەمعی و قارەمانێتی تاکەکەس لەیەک چیرۆکدا کۆدەکاتەوە. لێرەوە توانای تێرکردنی ڕۆحی

سەرکەشانەی تاک و تێرکردنی وویستە دەستەجەمعیەکانیشی هەیە، بەردەوامیش لەڕێگەی مەرگی دیکەی لەبابەتی خۆیەوە خۆی تازەدەکاتەوە.

بەڵام بۆ فیکر ناتوانێت جێگای ئەفسانە بگرێتەوە لەپلەو شێوەی خولقاندنیدا بۆ مەرگ؟ بۆ فیکر ناتوانێت هەندەرێکی گونجاوبێت بۆ مەرگ؟

هاملێت دەڵێت: «بیرکردنەوە وامان لێدەکات ترسنۆک بین»، بەڵام مەرگ پێویستی بە ئازایەتی هەیە. ئەگەر ئەو رستەیە هاملێتێکی سیاسی لە واقیعی ئێمەدا بیگوتبایە بەدڵنیاییەوە شێوەکەی دەگۆڕدرا بۆ: «ئایدۆلۆژیا وامان لێدەکات ترسنۆک بین». هاملێتی شەکسپیری و هاملێتی ئێمە هەردووک لەنێوان ململانێ ی فیکر و مەرگدا دەژین، بەڵام بیرکردنەوە وامان لێدەکات ترسنۆک بین لە کاتێکدا یاسای مەرگ پێویستی بە ئازایەتی هەیە. لێرەوە لەهەناوی زۆربەی بزووتنەوە چەکدارییەکانی ئێمەدا ململانێی «ترسنۆکی» و «ئازایەتی» ململانێی نێوان بیرکردنەوە و مەرگیشە. بەڵام جیاوازییەک لەنێوان هاملێتی شەکسپیر و ئێمەدا هەبێت ئەوەیە، هاملێتی ئێمە دەرفەتی هیچ تاقیکردنەوەیەکی لەبەردەمدا نییە بۆ ئەوەی بگاتە حەقیقەت، بەڵکو بانگەوازی مردووەکان ڕاستەوخۆ ئەو فەرزەی بەسەردا دەسەپێنێ هەموو پرسیارەکانی ناو بیرکردنەوەی فەرامۆشبکات و ڕاستەوخۆ بێتە مەیدانی تۆڵەوە، هاملێتی ئێمە دەبێت دوای پەیامی تارماییەکان بکەوێت، ڕاستەوخۆ دەبێت تاقیکردنەوەی تارماییەکان جێبەجێبکات بۆئەوەی خۆی درۆ و ڕاستی پەیامەکان تاقیبکاتەوە.. هاملێتی شەکسپیری تاقیدەکاتەوە و تاقیدەکرێتەوە، لای ئەو وەسوەسەی مەرگ بەوەسوەسەی حەقیقەتەوە بەستراوە، بەڵام لای هاملێتی ئێمە وەسواسیی مردن هاوڕێی وەسواسیی عەشقە، خۆشەویستی هاملێت بۆ تارمایی مردووەکە ڕێگای گومانی لێ ناگرێت، عەشقی هاملێت تێفکرینی هاملێت ناکوژێت، بەڵام هاملێتی کورد ناتوانێت عەشق و گەڕان بەدوای حەقیقەتدا پەکبخات، یان دەبێت واز لە عەشق بێنێت یان لە بیرکردنەوە.. ئەگەر واز لە بیرکردنەوەش نەهێنێت هەر زوو کارەکتەری خۆی وەکو ئەندامێکی گرووپی سیاسی دەدۆڕێنێت. بیرکردنەوە وامان لێدەکات ترسنۆکبین، لەبەر ئەوە چاکتر وایە فڕێی بدەینە لاوە، چونکە مەرگ لەواقیعی سیاسیی ئێمەدا بانگەوازێکە دەبێت بە خێرایی وەڵامبدرێتەوە و ئەوانەی بەر لەوەی ئامادەگی خۆیان بۆ مردن نیشانبدەن بیردەکەنەوە، ترسنۆکەکانن. لە مێژیشە ڕۆشنفکرانی شۆڕش بە ترسنۆکەکانی شۆڕش وێناکراون.. بەمانایەکی تر هەڵوێست لە مەرگ تەنیا مەحەکی جیاکردنەوەی کافر و موسڵمان نییە، بەڵکو مەحەکی جیاکردنەوەی شۆڕشگێڕی درۆزن و شۆڕشگێڕی ڕاستەقینەشە.

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر «هاملێت» دەبینین تارماییەکە یەکجار «هاملێت» دەخاتەسەر ئەرکەکانی خۆی و ئیدی وازدەهێنێت هاملێت خۆی هەڵوێست وەربگرێت، بەواتا تارمایی مردووەکە تەنیا ئاراستەی حەقیقەت نیشانی هاملێت دەدا و ئەوەی دەمێنێتەوە هاملێت خۆی تەواویدەکات.. پرۆگرامی هاملێت پرۆگرامی گەیشتن و نەگەیشتنە بە حەقیقەت لە گومانەوە، بەڵام هاملێتی کوردی کە بۆ تۆڵە پەروەردەدەکرێت و بە زەبرێکی زۆر ڕووەو مەیدانی مەرگ ڕادەکێشرێت، تارماییەکان یەکجار لەسەر شانۆی ئەم هاملێتە دەرناکەون و ئیدی بڕۆن و دەستی لێبەردەن و وونبن، بەڵکو ڕۆژانە دەگەڕێنەوە و دنیا بەوێنە و ڕەنگی خۆیان پڕدەکەن، تۆڵەناکەنە جۆرێک لێپرسراوێتی ئەخلاقی و ویژدانی، بەڵکو دەیکەنە فەرزێکی دینی و سیاسی، جیهانی چواردەوریشی بە جۆرێ ڕێدەخرێت لەگەڵ ئامادەکردنی ئەودا بۆ مەرگ بگونجێت. لە هاملێتی شەکسپیردا بیرۆکەی سەرەکی بیرۆکەی حەقیقەت و تۆڵەیە، لە هاملێتی ئێمەدا بیرۆکەی سەرەکی عەشق و قوربانیە.. هاملێتی شەکسپیر ئازاری بیرکردنەوە و گومان دەچێژێت، هاملێتی ئێمە ئازاری عەشق دەچێژێت، لە هاملێتی شەکسپیردا عەشق خۆی دەکوژێت، بەڵام لە هاملێتی ئێمەدا عاشق دەکوژرێت و عەشق دەمێنێتەوە، هاملێتی شەکسپیر لە دوای خۆی بەسەرهاتەکەی تەواودەبێت، هاملێتی ئێمە لە دوای خۆی تارماییەکەی جارێکی تر دەگەڕێتەوە و بانگ لە هاملێتەکانی تر دەکات، بەواتایەکی تر هاملێتی خۆرئاوایی هاملێتێکی هەتیوە لە دوای مەرگی ئەو عەرش هەمووی دەگۆڕێت، بەڵام هاملێتی ئێمە سولالەیەکی هەیە کە ئەو تەنیا «هاملێت» ناوێکە لەناویاندا و پێشتر چەندەها هاملێتی دیکە هەبوون و دوای ئەویش چەندەهای دیکە

بەریگاوەن، لێرەدا دەگەڕێینەوە بۆ سەر ئەو پرسیارەی کە لێوەی دەستمانپێکرد: کام هاملێت لەم زنجیرە هاملێتییەی ئێمەدا وەکو هاملێتی شەکسپیر بیردەکاتەوە و گومانی هەیە و دەیەوێت بگات بەحەقیقەت؟

«بیرکردنەوە وامان لێ دەکات ترسنۆک بین»، بەڵام سیفەتە تەقلیدییەکانی قارەمان تەنیا ئازایەتی نییە، بەڵکو ژیری و داناییشە، بۆیە هاملێت هەرگیز لە ڕیزی قارەمانە گەورەکاندا پۆلێنناکرێت. «هاملێت» بەڕاڕایی و پلان و هەڵەشەیی و دەست لەرزین و پرسیارەکانی ناو ڕۆحییەوە ناتوانێت مۆدێلێکی سیاسیانەی مەرگ و مەرگدۆستی بێت، پرسیاری «ببم یان نەبم» لای هاملێت جەوهەری ئەو ناکۆکییە نیشاندەداتەوە کە لەنێوان مانای مەرگ و مانای ژیاندا دروستبووە. من لەو باوەڕەشدانیم کە مانای بوون لای هاملێت بەتەنیا پابەندی مانای مەرگ بێت، بەڵکو «ببم»ی هاملێت ئەگەر لەسەر ڕۆشنایی پرسیارەکانی تری هاملێتدا سەیربیکەین، پابەندی گەیشتنە بەحەقیقەت نەوەکو پابەندی تۆڵە و شێوەی ڕووبەڕووبوونەوەی مەرگ. بەڵام لە زنجیرە هاملێتیەکەی ئێمەدا، هاملێتیە دووەم و سێیەم و چوارەمەکان ئەو نەوانەن کە پرسیارناکەن، چونکە ئەگەر پرسیاربکەن و بیربکەنەوە کەواتە لەناو چوارچێوەی ئەفسوون و میتۆلۆژیاکانی حیزبدا نەتواونەتەوە. بۆیە تەنیا کەسانێک کە «بیردەکەنەوە» ئەو دەستەیەن کە لەقۆناغی دامەزراندنی ئایدۆلۆژیادا بیریان لە پەیوەندیی تیۆری حیزب کردۆتەوە بە فیکری مرۆڤایەتییەوە. من دڵنیام تیۆریستەکانی حیزبە سیاسییەکانی ئێمە کە هەمیشە لەسەر تیۆری ئامادە کاریانکردووە هەرگیز ڕاڕایی هاملێت نەژیاون، حەقیقەت لای ئەوان نهێنییەک نییە ئاشکرابکرێت، بەڵکو تیۆرەیەک بووە دەبێت پراکتیکبکرێت.

هەڵگری ئاڵای مەرگی یەکەمی ئێمە، ئەگەرچی بەشداری هاملێت دەکەن لە بیرکردنەوەدا، بەڵام بیرکردنەوەی ئەوان هەرگیز بەرەو ترسنۆکی نەبردوون، چونکە بیرکردنەوە نەبووە لەپێناو دۆزینەوەدا، بیرکردنەوەیەکی قاندراونەبووە بەگومان، بەڵکو یەقینێک بووە گەڕاوە بۆ بەهانەی یەقینکاری خۆیدا.. دڵنیایەک بووە گەڕاوە بۆ سەلماندنی هێزی دڵنیایەکەی. بۆیە لەڕاستیدا ئەوان زیاتر لەهەر نەوەیەکی حیزبی دیکە کرۆکی مەسەلەکان بەرجەستەدەکەنەوە، هەر لەبەر ئەوەشە کەمتر لە هاملێتی شەکسپیر دەچن. چونکە لەڕاستیدا ئەوان لە شەوێکی تاریکدا دوای تارمایی مردوویەک ناکەون ڕۆحی سەرکێشیان تیابچێنێت، بەڵکو ئەو تارماییەن وەکو «هاملێتی شا» لە گۆڕەکەیان دێنەدەرێ، بەڵام ئەوان بەپێچەوانەی هاملێتی باوکەوە لەگەڵ خوێندنی کەڵەشێری بەیانیاندا ناگەڕێنەوە بۆ گۆڕستان، بەڵکو لەگەڵ هەڵهاتنی خۆریشدا لەسەر شەقام و لەناو ماڵ و لەنزیک نیشتەجێکانەوە دەمێننەوە... هاملێتی کوردی هەست بەترسی هاملێتی شەکسپیر دەکات بەرامبەر بەبیرکردنەوە، لەبەر ئەوە هەر زوو خۆی دەرباز دەکات و خۆفیداکاری خۆی و گوێگرتن لە بانگەوازی مردووکان دەبەستێتەوە بەگوێڕایەڵیەکی عەبدانەوە بۆ ئەو بانگەوازەی لەژێر کولتووری عەشقدا تۆماردەکرێت، ئەوەش گەورەترین بەڵگەی جیاوازی ئەو پاشخانی کولتوورەیە کە هەریەک لە هاملێتی دانمارکی و هاملێتی ئێمە لەیەکتری جیادەکاتەوە... هاملێتی دانیمارک ناوێنەی فەرهەنگێکە هێدی هێدی گەڕان بەدوای حەقیقەت بەرزدەبێتەوە بۆ ئەوەی بگاتە پلە فاوستیەکەی، بەڵام هاملێتی ئێمە کوڕی کولتوورێکی دینیە کە تیایدا حەقیقەت بە دواقۆناغی خۆی گەیشتووە و لە حەقیقەتی دین و کڵێشەکانیدا کۆتاییهاتووە، واتە گەیشتۆتە گۆڕستانی خۆی، بۆیە زیاتر هەوای داستانئامێزی ئەفسانەکانی شۆڕش دەیبزوێنێ نەوەکو هەوای گەڕان و دۆزینەوە.. بۆیە هەستی نێو قووڵاییەکانی دەروونی هاملێتی ئێمە، هەستێکی دینی و لاهوتیە. بەڵام ئایا بیرۆکەی «پاکژبوونەوە» یەکێک نییە لە بیرۆکە ناوەندی و گرنگەکانی ئاین؟ بەدڵنیایەوە دینێک نییە لەسەر بیرۆکەی گوناه و پاکژبوونەوە کارنەکات، هەر بیرۆکەی پاکژبوونەوەشە لەگەڵ چەمکی قوربانی و شەهادەتدا تێکەڵدەکرێت و مردنمان دەگۆڕێت بۆ دانەوەی قەرزێک کە خەڵکانی دی کردویانە.

«مەرگی یەکەم» لە دوای خۆیەوە گریمانەیەکی قوڵی هەست بەگوناهکردن دەچێنێت لە دەروونی خەڵکە سادەکاندا... مەرگی مەسیح و مەرگی حەسەن و حوسەینیش هەمان هەستی بەجێهێشت لە ویژدانی مەسیحیەکان و شیعەکاندا، هەستکردن بەگوناهباریش وادەکات خۆمان لە تاوانی مردنی ئەو پۆلە ڕۆحلەبەرە ئەفسانەییانە بێبەرینەکەین. کە مردووەکان دەمرن زیندووەکان هەستدەکەن ئەگەر ئەوانیش ئامادەی هەمان جانبازی ببوونایە،

مردنی پاڵەوانەکان، بەو جۆرە ترازیدیانەیە نەدەقەوما . رەگوریشەی ئەو هەست بەگوناهبارییە لە دنیادا دەگەڕێتەوە بۆ ڕیشەی گوناهی بنەڕەتی (الخطيئة الاصلية) کە مرۆڤ لە ئادەمەوە هەڵیگرتووە، لەهیچ شوێنێکیشدا ئەو گوناه و ئەو هەستکردنە چێنراوە لە دەروونڕا بەشێوەی پەیوەندیی مرۆڤ بەمردووەکانەوە بەرجەستەنابێت. لەڕاستیدا مردووەکان کارێک دەکەن هەست بەپەشیمانی بکەین لەوەی کە دەژین، پەشیمانیەک تەنیا مەرگ پریدەکاتەوە. ئێمە گوناهبارین، ڕیشەی ئەو گوناهەش کەمتەرخەمیمانە دەرهەق بە مەرگی ئەو پاڵەوانانە. ئێستاش بۆ ئەوەی پاکژببینەوە، دەبێت لەتەک مەرگی ئەواندا تەماهیبکەین، وە تەنیا مردنێک پاکماندەکاتەوە کە بچێتەوە سەر ڕەوتی ژیان و مەرگی ئەوان. «پاکژبوونەوە» لەڕێگای مەرگەوە، ئەوە دەستورێکی بنەڕەتی خۆڕزگار کردنە لە هەست بەگوناهباریکردن کە ڕیشەیەکی شاردراوە و نەستیانەی هەیە لە دەروونی هەموو قارەمانە سیاسییەکانی ئێمەدا . واتە قارەمانەکانی ئێمە زۆرجار لە قوڵایی گوناهە دەروونییەکانەوە هەستاونەتە سەرپێ، ئەو گوناهانەی جارێکی دی «دین» لە دەرووندا چاندویێتی.. بەهەرحاڵ ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە سیاسەتیش ئارادەیەکی زۆر لەسەر دوولانەی پاکژبوونەوە و هەست بەگوناهکردن کاردەکات.. سەرکەوتنیشی پابەندی ئەوەیە چەندە دەتوانێت خەڵک ڕازیبکات لە ڕێگای مەرگەوە خۆیان پاکژبکەنەوە، بەمانایەکی تر گەورەیی گروپ لەوەدا دەردەکەوێت چەندە توانای ڕازیکردنی ئەندامەکانی هەیە لەسەر مەرگ و چەندەش پاکێتی و مەرگ تێکەڵاوی یەکتردەکات. با لێرەدا ئێستێکبگرین و کەمێک لەو دواهەمین ڕستەیەی سەرەوە ڕابمێنین، بابیر لەوە بکەینەوە ئەگەر ئەو میکانیزمە ببێتە شێوە کارکردنی هەموو گروپەکان چی ڕودەدات؟

جارێکی تر ئاین دەکەینە سەرەتا تا لە سیاسەت تێبگەین. ئاشکرایە ئەمڕۆ پایەکانی ئیسلام، لەو کۆمەڵگایانەدا کە بەکۆمەڵگای ئیسلامی ناو دێرکراون، لەوە پتەوترە کە هیچ دینێکی تر یان شێوە ئایدۆلۆژیایەکی دژ شوێنی پێ لەقبکات. هەروەها کۆنترۆڵی بەزەبری هۆشمەندیی دینی بۆ کۆی ژیانی ئەخلاقی و کۆی چەمکە میتادونیاییەکانی مرۆڤ لەم کۆمەڵگایانەدا گومانی تیانییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەستدەکەین ئەمڕۆ ئیسلامیستەکان پتر لەهەر قۆناغێ باس لە لاوازبوونی ئاین دەکەن. لەڕاستیدا هیچ نیشانەیەک نییە ببینین کە ئاین لە مرۆدا لە قۆناغەکانی دیکە لاوازترە، چونکە دین ئێستاکێ بەشێکە لە کۆمەڵ و بەشێکە لە هوشیاریی دەستەجەمعی و بەشێکە لە پێکهێنەری ڕۆحی و ئەخلاقی. لەبەرئەوە قسەکردن لەسەر لاوازی ئاین تەنیا یەک مانای هەیە، ئەویش لاوازی دەستە دینیەکانە لە کۆنترۆڵی ژیانی سیاسیدا . بۆیە دەتوانین بڵێین پێوەری بەهێزی و لاوازی لەناو دینەکاندا سەد دەر سەد پێوەرێکی سیاسییە و پەیوەندیی بەپێکهاتەی ڕۆحی و دینی کۆمەڵگاوە نییەنو سەیری ئاین ناکات بەپێی ئەو پێوەرەی کە ئیمان چەند بەهێزە و چەند کەس بەحوکمەکانی دین دەجوڵێنەوە، بەڵکو لەو ڕوانگەیەوە دەڕوانین کە ئایا دینیەکان چەندە لەدروستکردن و بەڕێوەبردن و حوکمڕانیدا بەشداریدەکەن؟ لەڕاستیدا بەسیاسیبوونی تەواوەتی گووتاری دینی هەموو ڕەوایەتێکی لێدەستێنێتەوە وەکو جیهانبینیەکی گەردوونی قسەبکات و تەواو وابەستەیدەکاتەوە بە شوێن و کات و بە ئارەزووی حوکمڕانیەوە.. و بە ململانێیەکی دنیاییەوە لەگەڵ کۆمەڵێ بیرورا و ئایدۆلۆژیادا کە هیچ بەهانەیەک نییە بەدژە دین لەقەڵەمیبدەین.

دینیەکان لە پەنجاکانەوە بەئاشکرا بۆ سەرەتاکەیەکی نوێ دەگەڕێن لەو سەردەمانەوە تووشی ڕاچەنینێکی گەورەدەبن، ئەو ڕاچەنینەش بریتییە لە هەستکردن بە وونبوونی ئەڵقەیەکی گرنگی ئەڵقەکانی ئیسلام کە جیهادە. ئەگەر بروانین دەبینین ڕێکخراوە ئیسلامیەکان مەسەلەی (سەحوە)، کە زاراوەی سەرەکی فەرهەنگی سیاسیی ئەمرۆیانە، ڕاستەوخۆ دەبەستنەوە بەجیهادەوە، (سەحوە)ش هوشیاریی جیهادکردنە. لەڕاستیدا جیهادکردنیش لە باری ئێستادا و لە شێوەی میلیتاری و توندوتیژکارانەی هەندێ لە گروپە دینیەکاندا بە ئاشکرا جیهادی بڵاوکردنەوە و ناساندنی ئیسلام نییە، بەڵکو جیهادی سەپاندن و سەندنی فەرمانڕەواییە، هەر لێرەوە هەردوو چەمکی جیهاد و مەرگ بە ئەندازەیەکی ترسناک تێکەڵاوی یەکتر دەکرێن.. شەڕی عێراق و ئێرانیش لەدیوی حوکمڕانە ئیسلامیەکەی ئێراندا بەڵگەیەکی ئاشکرای بچوکبوونەوەی بەهای مرۆڤ و بەهای زیندەگی بوو لەبەردەم ئەفسوونی «جیهاد»دا ، ئەو قەسابخانەیەی لەسەر سنوورەکان بۆ سەدەها هەزار گەنج دادەنرا گەورەترین نیشانەی

ئەوەیە کە جیهاد بۆ خۆی زۆرجار لە هەموو مانا سیاسی و سەربازییەکان دادەبڕێت و دەبێتە بەهانەیەک بۆ مەرگ. شەڕی عێراق و ئێران تائەندازەیەکی زۆر ئەو زاراوەیەی بەستەوە بە چەمکی «خۆکوشتنی دەستەجەمعییەوە». لەڕاستیدا ناتوانین لەو سەدەها هەزار گەنجە تێبگەین کە زۆرجار بەخۆشحاڵییەوە نامێزیان بۆ مەرگ دەکردەوە، ئەگەر لەو پەیوەستە ئۆرگانییەی نێوان چەمکی «عەشقی مردن» و «جیهاد» تێنەگەین. لە شەڕی (عێراق و ئێران)دا بەجۆرێک عەشقی مردن و جیهاد تێکەڵاوببوو، جیهادکردن لە مانای شەڕکردن دوورکەوتبووەوە و ببوو بە «خۆکوشتن»... بەڵام چ هێزێک بوو بە جۆرێک عەشقی مردنی دەجوڵاند هەتا لەمانا ستراتیژییەکانی جەنگ و پلانە سەربازییەکانی مەیدانی دادەبڕی و دەیگۆڕیە سەر پێشبڕکێیەکی عاشقانە بۆ خۆفەناکردن لەسەر پلێتی مینە عێراقییەکان؟

لەڕاستیدا دەتوانم ئەو عەشقە بگێڕمەوە بۆ هەمان چەمکی «ئەزموون» کە لەوەوبەر بەچەمکێکی جەوهەریم لەقەڵەمدا. مەترسی ئیسلامییەکان لەوەدابوو وایان لەخۆیان گەیاندبوو کە چیتر پەیوەندیی نێوان ئیسلام و جیهاد، جیهاد و مەرگ لەیەکتری پچڕاوە و دەبایە بەیەکەوە گرێبدرێتەوە... ئەمەش وەکو مەترسی، مەترسییەکی کەم نەبوو. لەلایەکی دی پرسیاری شوناسی شۆڕشی ئێرانی لەو کاتانەدا بەتوندی لەکایەدابوو، ئایا شۆڕشی ئێران شۆڕشێکی ئیسلامی بوو؟ بەدڵنیاییەوە ئەمە تەنیا پرسیاری ئەوانە نەبوو کە لە دەرەوەی بازنەی ئیسلامیستەکان کاریاندەکرد و هێدی هێدی دەردەکران و قەدەغەدەکران و پاکدەکرانەوە، بەڵکو پرسیاری خودی ئیسلامییەکانیش بوو. ئەو خوێنە زۆرەی دوای شۆڕش ڕژا نیشانەیەکی زەقی ئەو ڕاستییە بوو کە ئەگەر شۆڕش لە بڕێکی دیاریکراویدا ئیسلامییەکان و گیانی شیعەگەرا و چەمکی خۆفیداکاری ئیسلامی ئەنجامیدابێت، لە بەشەکانی دیکەدا باڵە سیاسییەکانی دیکە ئەنجامیانداوە. سروشتی تێکەڵاوی شۆڕشی ئێران مانا ئیسلامیە بێگەردەکانی لە پەیوەندیی جیهاد و مەرگدا خستبووە مەترسییەوە، ڕابەرەکان لە قوڵایی نەستیاندا بۆ وەڵامی پرسیارێک دەگەڕان سەبارەت بەتوانای خۆیان لەسەر سەندنی ڕازامەندی مەرگ لە ڕێگای جیهادەوە. ئیسلامییەکانی ئێران و بەعسییەکانی عێراق هەردووک شان بەشانی یەک زیادتر لەهەر گروپێک و تاقمێکی دیکە لە نیوەی دووهەمی چەرخی بیستدا و لە خۆرهەڵات و ڕەنگە لە دونیاشدا چوونە ناو ئەو هاوکێشەیەوە کە حەقیقەتی هێزی خۆیان بە توانایان لەسەر بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی مەرگ ئەزمونبکەن... واتە لەو قۆناغەدا ئیسلامییەکان ئێجگار پێویستیان بەتاقیکردنەوەی وەلائی خەڵک هەبوو، وەکو گوتیشم هۆی ئەو تاقیکردنەوەیە لەپاڵ هۆ دینییە قوڵەکانیدا کە لەوەوبەر باسمکرد دەگەڕایەوە بۆ ترسێکی قووڵی هەموو ئیسلامییەکانی دونیا لە پچڕانی زنجیرەی (دین >>> جیهاد >>> مەرگ)، وە هەروەها بۆ پرسیارێکی سەخت سەبارەت بە شوناسی شۆڕش. بۆیە تاقیکردنەوەی مەرگ بە هەموو مانا قوڵەکانیەوە پێویستیەکی گەورەی ئەو قۆناغەبوو، هەرئەوەش بوو ئەو ڕۆحی مەرگدۆستیەی دەجوڵاند.

سەرەتای جەنگ ئەو قۆناغە بوو کە ڕابەرە ئیسلامیستەکان ئەو پەیوەندییەی نێوان تاک و مەرگیان تاقیدەکردەوە. بۆ ئەوان سەرەتای شۆڕش قۆناغی بنیادنان و دروستکردنەوەی پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و مەرگ بوو، کە بینیشیان گەنجان خۆشحاڵانە لەناو کێڵگەکانی مین و سەنگەرەکانی خۆڵ و تەلە دڕکاوییەکاندا دەمرن، ئەوە مایەی دڵنیایی ئیمام و ئیمامۆچکەکانی تر بوو و بەدڵنیاییەوە کەوتنە باسی هێزی شۆڕشی ئیسلامی وەکو شۆڕشێک کە توانای هەیە هەزاران گەنج و پیر و منداڵ و ئافرەت قایلبکات لەپێناویاندا بمرن. ئەو مەرگەش لە کولتووری شیعەکاندا وەکو پاکژبوونەوەیەکی مێژوویی و ویژدانی دەرهەق بەگوناهێک سەیردەکرا کە سەدەها ساڵ لەوەوبەر کوفەییەکان کردبوویان.

هەوڵدانی زیندووکردنەوەی ئیسلام لەڕێگای بنیادنانەوەی پەیوەندیی نێوان تاک و مەرگ تەنیا سیفەتی ئەزموونی ئێرانی نییە، بەڵکو دەبێتە سیفەتی سەرەکی خەباتی دینیەکان لە هەموو جیهانی ئیسلامیدا. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە زۆر لە فەندمینتالیستەکان لەلای خۆیانەوە شوناسی ئیسلامیان لە شوناسێکی دینی و ئەخلاقی و یاساییەوە گۆڕی بۆ شوناسێکی گرێدراو بە مەرگەوە. ئەمڕۆ ئیسلام لەلای ئەوانە ، دیانەتی ئەو هاوڵاتیە سادانە

هەواڵنامەی کتێب
KURD ARSHIV

نییە کە فەرز و سونەتە ئایینییەکانی سەرشانیان بەشێوەیەکی بەردەوام جێبەجێدەکەن، بەڵکو ئەو مەخلوقە تاک ڕەهەندانەن کە لە باری خۆ ئامادەکردنی بەردەوامدان بۆ جیهاد (کەبەمانا ڕاستەقینەکەی حاڵەتی خۆ ئامادەکردن بۆ مەرگ دەگرێتەوە). لێرەدا من قسە لەسەر ئەو مەترسیانە ناکەم کە ئەو جۆرە سەیرکردنە بۆ ئایین دەیخولقێنێ و باس لە مەترسی ئەو جۆرە کەسانە ناکەم بۆ سەر ژیانی دەوروبەر، بەڵکو لەو بارە پڕ مەترسیتر ئەو مەترسییە گەورەیە لەسەر ژیانی خۆیان و ژیانی مرۆڤە دینیەروەرەکانی تر دایدەنێن، چونکە ئەو بۆچوونە ئەفسانەییەی لەپشت تێگەیشتنی ئەوانەوەیە لە مەرگ بەرەو خۆکوشتنێکی دەستەجەمعیان دەبات و باریان وەکو باری مۆم و پەروانەی لێدێت. پڕمەترسیترین جەنگیش لە دونیادا ئەو جەنگەیە کە لەنێوان دوو گرووپدا ڕوودەدات، کە یەکێکیان تادوا ئەندازە ئامادەیە بۆ مەرگ و ملی بۆ دەنێت، بەڵام ئەوی دیکەیان تادوا ئەندازە ئامادەیە هەموو چەکێک بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی بژی.

بەڵام ئاخۆ سیاسەتی ڕازیکردنی گرووپ بۆ مەرگ و تاقیکردنەوەی هێز لەڕێگای پێوانەکردنی ئامادەیی بۆ مەرگ تەنیا سیفەتی ئیسلامیەکانە؟ هەڵبەت وەک پێشتر باسمانکرد، لەمڕۆدا حیزبە ئیسلامیەکان کاتێ مێژووی خۆیان و پایە بنچینەییەکانی ناو ئەو مێژووە دووبارەدەکەنەوە دەبێت دڵنیابن کە بیرۆکەی «قوربانی مرۆڤی» و پەیوەندیی جیهاد و مەرگ، لەلای گرووپە سیاسییەکانی دیکەش بەشێوەی هاوکێشەی خەبات و خۆفیداکاری ئامادەیە و ئەو ئەفسوونی مەرگەی کە یەکێکە لە خاڵەکانی توانا و مەترسی ئیسلامیەکان، هێزێک نییە گرووپە سیاسییەکانی دی لەکاتی ململانێدا نەتوانن لە ئەندامەکانیاندا بیتەقیننەوە، چونکە ئەوانیش کوڕی هەمان کولتووری دینین بەڵام بەئاراستەیەکی دیکەو بەشێوەیەکی دیکە.. ئەگەر ئەشڕوانینە ئەو ئەزموونە تراژیدییەی ناو سیاسەتی ئەمڕۆی کورد، دەشێت تەواو شتەکانمان لا ئاشکرابێت.. بەڵام چۆنیەتی داگەڕانی سیاسەت بۆ ناو ناعەقڵانیەتی غەیبی و وەرگرتنی بۆ چەکە قورسەکانی ئەم ناعەقڵانیەتە، هێشتا هەر شوێنی سەرنجدانی زیاترە.

کە ئایدۆلۆژیا، وەکو ڕەگەزێکی یەکانگیری و ستاتیکی بۆ یەکخستنی هەر گرووپێکی کۆمەڵایەتی، لەکاردەکەوێت ئەو ڕەگەزانەی تر کە دەچنە بری «ئایدۆلۆژیا» بایەخێکی بێ وێنە وەردەگرن. ئەو هەرەسەش کە ڕۆشنبیرانی کورد لێی بەرپرسیارن، ئەوەیە نەیانتوانی ببنە کەرەستەی بەرهەمهێنانی سیحرێکی فیکری ئەوتۆ کە بتوانێت یەکانگیری ئایدۆلۆژی لەنێوان ئەندام و حیزبدا دروستبکات، پڕمەترسیترین هەرەس لەکۆمەڵگای کورددا کە هەرەسە سیاسیەکان لەچاویا هەرەسی چکۆلەن، پچڕانی ئەو پەیوەندییە ئایدۆلۆژی و فیکرییەی نێوان ئەندام و حیزبە. ڕۆشنبیرە سیاسییەکانیش بەپلەی یەکەم گوناهباری سەرەکین، چونکە ڕۆشنبیران ئەو تاکە دەستەیەن کە دەتوانن بناغەی پەیوەندییەکی عەقڵانی لەنێوان تاک و گرووپدا دابمەزرێنن. کە کۆی دەزگا ئایدۆلۆژییەکان بەهۆی گرفتێکەوە لە سیستمی فەرهەنگیی گرووپدا کەوتە باری وەستان و خۆدووبارەکردنەوە و توانای ئەما برەو بەپتەوکردنی پەیوەندییە عەقڵانیەکان بدات بۆ خۆی دەبێتە هۆکارێکی یاریدەدەری ڕەگەزە ناعەقڵانیەکان. من بڕێکی زۆری ئەو تراژیدیایەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا ڕوودەدات دەبەستمەوە بە بێتوانایی ڕۆشنبیران لە بەرهەمهێنانی سیستمێکی ئایدۆلۆژی کە ستاتیکای یەکانگیری و یەکێتی ناوەکی گرووپ بپارێزێت. غەیبانیەتی سیاسیی کوردی تەنیا لەبێتوانایی عەقڵدا لە نوێکردنەوەی گووتارەکانیدا بەرجەستەنابێت، بەڵکو لە دابەزینی ئەو پەیوەندییەدا دەردەکەوێت لەنێوان تاک و گرووپدا بۆ پەیوەندییەکی تەواو میتۆلۆژی، کە ئایدۆلۆژیا ڕەگەزە ڕۆمانسیەکانی خۆی وونده‌کات، میتۆلۆژیا کەلەپوورەکانی ناو ئەست دەهێنێتە خرۆش، لەم بارەشدا ڕۆشنبیران لە بەرهەمهێنی فیکرەوە دەگۆڕێن وردادەبەزن بۆ بەرهەمهێنی ئەفسانە. بەواتایەکی تر مردنی ڕۆشنفکر وەکو هێزێکی عەقڵانی لەپشت گەڕانەوەی پەیوەندی تاک و گرووپە بۆ پەیوەندییەکی دینی، بۆیە پێویستە سیاسییە دینیەکان لەوە تێبگەن کە ئەوان کار لەسەر کولتوورێک دەکەن بەهەموو مانایەک بۆتە کولتوورێکی کۆمەڵایەتی گشتی و لەوە دەرچووە ئیمتیازی هێزێکی دیاریکراوبێت. ئەمڕۆ حەقانیەتی حیزب و دەوڵەت و نەتەوە و دینەکان بەدرێژایی قافڵەی شەهیدەکانیان دەپێورێت، ئەوەی چکۆلانەیە مردووەکانیشی چکۆلانەن.. ئەوەی گەورەیە قارەمانەکانی ئەفسانەیین.

ئەوەی لەڕووی ئەخلاقیەوە پێوەری هەرەسی ئەخلاقی سیاسیی ئێمەیە یادکردنەوەی شەهیدەکان نییە، بەڵکو

ئەو گەمە دزێوەیە لەپشت یادکردنەوەکانەوە هەیە، حیزب کە شەهید زیندوودەکاتەوە و دەیخاتەوە ڕوو، دەیکاتەوە بە بوونەوەرێکی بینراو و ئامادە وەکو سومبولێکی ڕەزامەندی مەرگ دەیخاتە ڕوو، گەمەیەکی دزێوو دەکات، چونکە هەمیشە ئەو هۆیانەی شەهید یان قارەمانەکانی دەستەی یەکەم لەپێناویاندا دەمرن لەیادکراون، یاخود لەیادبراونەتەوە. بۆیە حیزب زۆرجار سیحری مردووەکان لە سیحری ئەو دروشمانە جیادەکاتەوە کە ئەوان لەپێناویدا مردوون، چونکە لەڕاستیدا ئەو دروشمانە زیاد لە جارێ گۆڕدراون و پێچەوانەش کراونەتەوە، بەڵام حیزب کە بەئاسانی واز لە دروشمەکان دەهێنێت بەئاسانی واز لە مردووەکان ناهێنێت، ئەگەر بەکارهێنانی دروشمەکان وەکو بەهایەک بایەخی نەمێنێت، نرخی بەکارهێنانی مردووەکان هەروەکو خۆیەتی.. بەمجۆرە نرخی مردووەکان لەوەدایە کە کالایەکن لەگەڵ ئاوەژووبوونەوەی قۆناغەکاندا لەکەڵکناکەون، بۆیە جێگایان لە جێگای تیۆرەکان و ئایدیاکان و دروشمەکان قایمترە... ئاشکراشە حیزبە سیاسییەکانی ئێمە کە هەموو دروشمەکانیان دەدۆڕێنن، لەڕێگای مردووەکانیانەوە دەژین و بەردەوامیدەدەنە خۆیان. واتە لە سیاسەتی ئێمەدا قۆناغ گەلێ دێتە بەردەممان کە تەنیا مردووەکان نرخیان هەیە و ئایدۆلۆژیاکان دەبنە پووش. بەڵام لێرەدا هەقمانە بپرسین: لەو ڕۆژگارانەدا کە تەنیا مردووەکان نرخیان هەیە و ستایشدەکرێن، زیندووەکان بۆ کوێ دەچن؟

ئەگەر سەرنجی مێژووی دوای ڕاپەڕین بدەین زۆر شتمان بۆ ئاشکرادەبێت. سەرکەوتنی ڕاپەڕین لەیەکێ لە ماناکانیدا داخستنی ئاسۆی مەرگ بوو، بەڵام حیزبە کوردییەکان کەلەپوورێکی ئەوتۆ میتۆلۆژیان هەبوو کە نەتوانن بە ئاسانی دەستبەرداری ببن، ئەگەر ئەوان لەڕێگای مردووەکانیانەوە ستایشی خۆیان نەکردبایە، دەروازەیەکی دیکەیان نەبوو بۆ ستایش، لەبەرئەوە جیاکردنەوەی سیحری مردووەکان لە زیندەگی سیاسی و ژینگە تازەکان کارێکی ئەستەم بوو.

ڕاپەڕین جۆرێک بوو لە وەرزەکانی ژیان کە پێویستی بە ئیرادەی ژیان هەبوو، بەڵام چۆن ئەو ئیرادەیە دەکەوێتە کار لەکاتێکدا سیستمی نرخەکان لە شوێنی خۆیاندان؟ چۆن ژیان دەکەوێتە گەڕ کە هێشتا بەهای مەرگ لەسەر تەختی شاهانەی خۆی نەهاتۆتە خوارێ؟ لەڕاستیدا لەدوای ڕاپەڕینەوە ناکۆکییەکی گەورە هەبوو لەنێوان ئەو ئەرکە سەختانەی ئاسۆکانی پاشەڕۆژ دەیهێنایەپێشی و ئەو قەوانە مەرگدۆستییەی حیزبەکان لێی بێزارنەدەبوون. ڕاپەڕین یەکێک بوو لەو خاڵانەی وەرچەرخەندن کە دەبایە لە تەکیا سیستمی نرخەکان لە بنەڕەتەوە هەڵبتەکایە، هەڵتەکاندنی سیستمی نرخیش لەسەرەتاوە دەبایە پابەندی گۆڕینی پێوەری هێزی حیزب بێت کە بەسەندنی ڕەزامەندی مەرگ دەپێورا... بەڵام ئایا حیزب کە توانای بەرهەمهێنانی ئایدۆلۆژیای نوێی نەبوو، دەیتوانی ئەفسانەیەک دروستبکات شوێنی سیحر و ئەفسوونی مەرگدۆستی بگرێتەوە؟ ئایا دەیتوانی بیرکردنەوە بخاتە شوێنی ئازایەتی، یاخود لایەنی کەم دەیتوانی «یۆتۆپیا- خەونگا» بخاتە شوێنی خۆفیداکردن؟ هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆ ئەو ڕاستییە ئاشکرادەکات کە لەبری مەرگ هیچ ئەڵتەرناتیڤێک نییە بیکەینە زوبانی پاشەڕۆژ.

حیزب کە نەیتوانی واز لە مردووەکانی بهێنێت، واتا ناتوانێت واز لە بانگهێشتی مردن بهێنێت.. چونکە چۆن لەلای دینییەکان مەرگدۆستی جێبەجێکردنی فەرزێکی خودایە، لەلای سیاسییەکانیش بانگهێشتی مەرگ هەمیشە بەهانەی ئایدۆلۆژی خۆی هەبووە. بەر لە ڕاپەڕین مەرگ وەکو داینەمۆی مانەوە و دەسەڵات و هێزی حیزب سەیرنەدەکرا و باسی لێوەنەدەکرا، بەڵکو وەکو تاکە ڕێگای ژیان و مانەوە بۆ نەتەوەیەک سەیردەکرا، بەڵام دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕین مەرگدۆستی ئەو دەمامکە ئایدۆلۆژیەی خۆی لەدەستدا. ڕاستە هەندێ جار دەخوازرا ئەو دەمامکە لەژێر ناوی «ئازادکردنی پارچە ئازادنەکراوەکانی کوردستان» بهێنرێتەوە، بەدڵنیاییەوە ئەگەر لای کەس ئاشکرانەبووبێت ئەوا لای دەسەڵاتدارێتی حیزبەکان خۆیان ئاشکرابووە کە ئەو دروشمە و لەو ساتانەدا چ نوکتەیەکی پڕوپووچ بووە، بەڵام لەگەڵ وونبوونی بەهانە ئایدۆلۆژییەکانی مەرگدۆستیشدا، گووتاری بانگهێشتی مەرگ لەڕێگای گێڕانەوەی بەردەوامی مردووەکانەوە بۆ ناوەندی شتەکان برەوێکی گەورە بەخۆیەوە دەبینێت، ڕەنگە یەکێک لەهەرە پرسیارە تازەکانی بشێت لێرەدا بکرێت ئەوەیە: هۆی ئەو هیستریای مردووپەرستییە چییە کە دوای ڕاپەڕین هەموو کونج و کەلەبەرێکی ژیانی سیاسی و شارستانی و ڕۆژانەی ئێمە داگیردەکات؟

سەرەتا دەبێت بڵێین پەرستنی مردووەکان تەنیا یادکردنەوەی کارە مەزنەکانی رابردوونییە، بەڵکو جۆرە مامەڵەیەکیشە لەگەڵ پاشەڕۆژدا، هیستریای مردوویەرستنیش لە برێکی زۆریدا دەرەنجامی راوەستان و دەستەوەستانە لەبەردەم پرسیارێکدا یان لەبەردەم کێشەیەکی سەختدا کە حیزب ناتوانێت بیبڕێت. راپەڕین ئەو کێشە سەختە بوو کە شێوەی کارو شێوەی بونیاد و شێوە تێڕوانینی حیزبەکانی خستبووە بەر مەترسیەوە، چونکە دەرگای سەردەمێک بوو کە دەبایە حیزبەکان شێوەی کار و شێوەی بونیاد و شێوەی دیدگای خۆیان بگۆڕن و لە هەموو ئەوانەش گرنگتر سیستمی نرخ و سیستمی شتە پیرۆزەکانیان تێکبشکێنن. لەڕاستیدا هیستریای مردوویەرستی بەرگری هەموو ئەو کولتوور و بونیاد و عەقڵیەتە بوو کە ڕێگایەکی دیکەیان نەدەدۆزیەوە بۆ ناو سەردەمە تازەکان، بۆ ئەوەی بە ڕێگایەکی تردا ڕوومانتیکردایەتە پاشەڕۆژ، دەبایە واز لە مردووەکان بهێنین، بەڵام کێ دەیوێرا واز لە مردووەکانی خۆی بهێنێت لە ساتێکدا ئەو مردووانە ببوونە ناوەندی گردبوونەوە و چڕبوونەوەی هەموو چەمکە پیرۆزەکانی دین و نەتەوە و سیاسەت. ئەگەر سەرنجبدەین لەم سەدەیەدا کۆمەڵگای ئێمە لەناو سیستمی شتە پیرۆزەکانی خۆیدا جگە لە مردووکان هیچی تری بەرهەمنەهێناوە. بۆیە مردوویەرستی هۆکارێکی بەرگری و سەنگەرێکی سەختی هەموو هێزە تەقلیدییەکانی ناو کۆمەڵگای ئێمە بوو کە لەناوەوە دژی مانا قووڵەکانی راپەڕین دەوەستانەوە. چونکە لێکدانەوەی راپەڕین وەکو جۆرێک لە ڕووبەڕووبوونەوەی تاک لایەنە لەگەڵ دوژمنی دەرەوەدا و نەگۆڕینی بۆ جۆرە گۆڕانکارییەکی ناوەکی ستراتیژی هەموو هێزە تەقلیدییەکانی ناو کۆمەڵگای کورد بوو (دەشێت بڵێین لەو کاتەدا هێزی ڕادیکاڵی ڕاستەقینە لە گۆڕێ نەبوو). لەڕاستیدا راپەڕین لەو دەقیقەیەوە مرد و کۆتاییهات کە هێزە تەقلیدییەکانی کۆمەڵگای کورد لەسەر شانی مردووەکانیان لە گۆڕەپانەکاندا دادەبەزین و جگە لە چەند مەیتێکی مۆمیاکراو هیچی دیکەیان پێنەبوو پێشکەش بە پاشەڕۆژی بکەن.

ئەمڕۆ بەدڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین دروشمی واز لە مردووکانتان بهێنن واقعێکی زۆر سامناکی هەیە لە گوێی هەموو ئەوانەدا کە بە کولتووری مەرگدۆستی پەروەردەبوون، وازهێنان لە مردووکان یەکێکە لەو بانگهێشتنانەی دەشێت لە ڕووی سەختی و ناماقوڵییەوە لەئاستی بانگهێشتی وازهێناندابێت لە دین و بە شێوەیەک لە شێوەکانی کوفر سەیربکرێت، ئەمەش لە برێکی زۆریدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو راستییەی کە کۆمەڵگای کورد لەگەڵ هاتنی ئیسلامدا تووشی جۆرە بنبەستێکی واهاتووە نەتوانێت واز لە شتە پیرۆزەکانی خۆی بهێنێت. لە دوای ئیسلامەوە کۆمەڵگای کوردی تووشی ڕاچەنینی گەورەی ئەوتۆ نەبووە سیستمی نرخەکانی تیابشکێت و شتە پیرۆزەکانی هەڵبتەکێت و شتی دیکە بچنە جێگایان، ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتیش لە پێکهاتی سۆسیۆلۆژیی کوردیدا لەناو دەستەبژێرە کۆنەکانی وەک (شێخ و مەلاو ئاغا) بۆ دەستی دەستەبژێرە تازەکان کە (دەستەبژێری سیاسەتمەدارانی حیزبە) گواستنەوەیەکی تێکەڵاو و لەسەرخۆ و دۆستانەبووە (ئەگەر نەڵێین لەسەر هاوبەشی و هاوپەیمانی دامەزراوە) وە هەرگیز لەسەر کوماتێکی دینی و سیاسی قووڵ دانەمەزراوە.. یەکێک لە تراژیدیا گەورەکانی کورد ئەوەیە بەپێچەوانەی زۆر میللەتانی دیکەوە دەستەبژێرەکانی دەسەڵات و سیاسەت لە کوردستاندا توانای خۆنوێکردنەوەیان نییە.. هەرئەوەشە وایدەکرد ئێمەی کورد لەدوای راپەڕین جگە لە کەرنەڤاڵی مردووەکان هیچ کەرنەڤاڵێکی ترمان نەبێت تیایدا بگرین و تیاشیدا سەمابکەین.

ڕەنگە یەکێک لێرەدا بپرسێت، ئاخۆ ئێمە دوای راپەڕین، لەناو ئەتمۆسفێری تابلۆیەکی وەکو ئەو تابلۆیەی «برۆگل»دا ژیاوین کە تیایدا مردووەکان راپەڕیون و بەربەستەکانی ژیانیان شکاندووە و لەجەنگێکی خوێناویان لەگەڵ زیندووەکاندا؟

وا هەستدەکەم نزیکبوونەوە لە تابلۆکان کەمێک لە تەموومژی مەرگمان بۆ دەڕەوێنێتەوە و زیاتر شوێنی مەرگ و شێوەی مەرگمان بۆ ئاشکرادەکات، لە تابلۆکەی «برۆگل»دا مەرگ لەگۆڕستانەکان هاتۆتەدەرێ و لەزۆر شوێنیشدا بەسەر زیندەگیدا سەرکەوتووە. لای «برۆگل» مەرگ و زیندەگی لە باری جەنگدان و شمشێرەکانیان لەیەکتر هەڵگرتووە، سنوورێک هەیە کە ژیان و مردن لەیەکدی جیادەکاتەوە ئەو سنوورە شکاوە و مەرگ هاتۆتە ئەودیوەوە و پەڕیوەتەوە بۆ بەری زیندەگی، ئەگەر لەم ڕووەوە سەیربکەین، دەبینین لەنێوان شوێنی مەرگدا لە واقیعی ئێمە و

شوێنی مەرگدا لەلای بروگل جۆرە لێکچوونێک هەیە، بەڵام جیاوازییەکە لەوەدایە کە لە واقیعی ئێمەدا مەرگ و زیندەگی لە باری جەنگداین و گەڕانەوەی بێشوماری مردووەکان لەسەر ویست و داوا و پێویستیی زیندووەکانە، لە تابلۆی دوای ڕاپەڕیندا مەرگ و دەسەڵاتداران، مەرگ و نەریتی سیاسی، مەرگ و دین یەکتری تەواودەکەن. مەرگ لای ئێمە شەرناکات، بەڵکو لەگەڵماندا دەژی، خۆشمان دەوێت، دەست لەملانی دەبین و ماچیدەکەین و دەیڕازێنینەوە و کەرنەڤاڵی بۆ دەکەین، مەرگ لەم بارەدا هەتا ئەو گفتوگۆ فەلسەفییەش ناخولقێنێ کە دیمەنی هاملێت و هوراشیۆ پێکەوە لەنێو گۆڕستان و لەگەڵ کەللە سەرەکەدا دروستیدەکەن. بەمانایەکی تر جومجومەی مردووەکانی ئێمە هەرگیز جومجومەیەکی فەلسەفی نییە، ئامادەگی ڕۆژانەی مەرگ لە جیهانی ئێمەدا وای لێدەکات شتێکی ئاسایی بێت.. ئاسایی تا ئەو ئەندازەیەی نیشانە ترسناکەکانی خۆی ونکردبێت و وەکو شتێک لە شتەکانی لێهاتبێت، ئەوەش وادەکات بیشوبهێنم بەهەندێ لە کەللە سەرەکانی سیزان بە تایبەتی ئەو کەللە سەرە ئاساییەی لە تابلۆی (ستیل لایف)دایە «کەللەسەرو سوراحی» ساڵی ١٨٦٥، یاخود ئەو کەللە سەرەی لەگەڵ میوەکاندایە و بەناوی «ستیل لایفێک و کەللەسەرێک»ە لە ساڵی ١٨٩٥تا ١٩٠٠ سیزان وێنەیکردووە و ئێستا لە کۆمەڵە تابلۆی «بارنز»دا پارێزراوە، ئەو دوو کەللە سەرەی «سیزان» وەکو هەر دیکۆرێکی ئاسایی لەنێوان میوەکاندایە و هەستناکەیت شتێکی ترسناک یان ناماقووڵە. لەڕاستیدا هاتنی ئەو کەللە سەرە لەتەک میوەکانی سیزاندا شتێکی سەیرە، چونکە میوەکانی سیزان زیاتر لە هەموو کارەکانی دیکەی زیندوێتی تێدایە و هەرگیز میوەکانی سیزان لە شەوق و زیندوێتی و جوانی خۆیان ناکەون. من واهەستدەکەم سیزان، کە جار لەدوای جار ئەو وێنانەی کێشاوەتەوە و ئەو میوە جیاوازانەی دروستکردۆتەوە، لەهەناوی ئەو دەنکە قەیسی و قۆخانەدا بۆ نهێنی ژیان گەڕاوە. چونکە شەوقی میوەکانی سیزان لە شەوقی کچە خڕین و ڕووتەکانی ڕێنوار کەمترنییە و زۆر لە حەمامکەرەکانی خۆی درەوشانەوە و زیندوێتیان زیاترە، بەڵام با بیهێنینە پێشچاوی خۆمان ئەو کەللە سەرەی تەک میوەکان لەناو حەمامکەرەکاندا بووایە، بێگومان سەیرتر و ناماقوڵتر دەهاتە بەرچاومان، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کەللەسەرەی سیزان و هاتنی لەناو پڕشەوقترین کارەکانی سیزاندا و بەو جۆرە ماقووڵ و ئاساییە شوێنی پرسیارە، ئەم جومجومەیە لەو چوار جومجومەیەی دیکە ناچێت کە هەر سیزان لە ساڵی ١٩٠١دا لەیەک تابلۆدا دروستیکردوون، ئەو چوار جومجومەیە ستیەرێکی تەڵخی سام و ترسی مەرگ دروستدەکەن، بەپێچەوانەوە ئەو دوو کەللەسەرەی پێشوو گەلێک ئارام و ماقووڵن.. لەڕاستیدا بەهانەیەکی زۆر خراپە ئەگەر بڵێین هاتنی کەللەسەرەکان لەتەک ستیل لایفێکەوە کردوونێتیە شتی ئاسایی، چونکە ئەگەر ئەم جومجومانە بەراوردبکەین بە هاوشێوەکانیان هێشتا جیاوازییەکە هەر دەمێنێت. بیکاسۆ ساڵی ١٩٠٧ جومجومەیەک و ستیل لایفێک و ماسیەک دروستدەکات، بەڵام جومجومەکەی بیکاسۆ هێشتا هەر ترسناکە، (ئاندی وارهۆل) ساڵی ١٩٧٢ جومجومەیەک دروستدەکات، بەڵام سامی لێدەتکێت و زۆر دوورە لە جومجومەکەی سیزان. بەمانایەکی تر، مەرگ تا پتر لە سروشتە ترسناکەکەی خۆی بکرێتەوە زیاتر و زیاتر لە سروشتی مەرگ لە واقیعی ئێمەدا نزیکدەکەوێتەوە، دیمەنی مەرگ و ئامادەگی لەناو شتە ڕۆژانە و ئاساییەکاندا خەسڵەتێکی سەرەکی مەرگە لە واقیعی ئێمەدا، مەرگ لە دنیای ئێمەدا بۆتە بەشێکی سیستمی شتەکان، بۆتە پارچەیەکی جیانەکراوەی نێو جوڵەی کۆی ماشینەکە، بەگشتیش دەرکردنی مەرگێک کە بەئارامی لەپاڵ ژیاندا ڕاوەستاوەو بۆتە بەشێک لەسیستمی شتەکان ئێجگار ئەستەمترە لە دەرکردنی مەرگێک کە لەدەرەوەی ژیانەوە دێت. لە تابلۆکەی برۆگلدا مەرگ هێزێکی دەرەکی ترسناکە لە شوێنێکی دیکەوەدێت، دوژمنی ژیانە و بەیەکەوە هەڵناکەن و لە باری جەنگدان، بەڵام لەو بارە ترسناکتر ئەو پەیوەندییە ئارام و نەشلەقاوەی نێوان میوەکانی سیزان و جومجومەکەیەتی. سیزان لەو تابلۆیەدا بەپێچەوانەی برۆگلەوە پێکەوە ژیانێکی سەیر لەنێوان ژیان و مردندا وێنەدەکات، بەئەندازەیەکیش ئاسایی دەیخاتە بەردەممان بجۆرێک دەتوانین ڕاگوزارانە بەلایدا تێپەڕین و ئاوڕی لێنەدەینەوە و بۆ تێڕامانێکیش لەلای نەوەستین.. دواجاریش ئەو وێناکردنە شاعیرانەیەی سیزان بۆ میوە و کاسەسەر کەمکردنەوەیەکی گەورەیە لەبایەخی ئەو ئازارە فەلسەفییەی هاملێت لەناو گۆڕستانەکەیدا (دیمەنێک بەر لە مەرگی ئۆفیلیا).

هەڵبەت من ناتوانم بڵێم، هاواری «بژی مەرگ»ی فالانژیستەکانی ئیسپانیا، کە جەوهەری هەموو فاشیزمێکیشە، لەو جۆرە تێڕوانینەی سیزانەوە سەری هەڵگرتووە، بەڵام هەموو جۆرە شوێهاندنێکی مەرگ بەزیندەگی و هەموو جۆرە ئاساییکردنەوەیەکی مەرگ دواجار لە خزمەتی مەرگدایە.. لەواقیعی ئێمەشدا هەموو شتەکان باوەخوێنی مەرگیان دەکردەوە، بۆیە مەرگیش پشتئەستوور بەپیرۆزیی خۆی، پشتئەستوور بەگۆڕانی بۆ یەکەیەکی سادەی ناو ژیانی ڕۆژانە، پشتئەستوور بەو وێنە شاعیرانەیەی لە دەوری خولقاوە و لە ترسناکی کەمکردۆتەوە، بێ دوژمن لەسەر عەرشی زیندەگی دەژیا.. ئیمپراتۆریەتی دوای ڕاپەڕین، ئیمپراتۆریەتی ئەو مردووانەیە کە دەسەڵاتداران دەیکەن بەو بەربەستەی ڕێگا لە تەشەنەسەندنی ڕاپەڕین بگرێت بۆ ناوەوە، بۆ ئەو شوێنەی کە گومان لەهەموو شتە تەقلیدییەکان دەبێت بەجەوهەری شۆڕش.. مەرگ لەدوای ڕاپەڕین هەمان ئەو کاسەسەرەی سیزانە کە لە میوەکان جیاناکرێتەوە، چونکە شوێنی مەرگ لە واقیعی ئێمەدا هەمان شوێنی ئەو کەللەسەرەیە کە بەئارامی و دڵنیایی و بەبێ ترس لەناو شتەکانی دیکەیدا دانیشتووە و بێباکانە سەیرماندەکات، بەڵام دواجار دەستنادات مردووەکان هەتا سەر ئایدیالمانین، ڕەمزمانین، بابەتی عیبادەتمانین و ئێمە بڵێین لەو هەموو سروتەدا دەکرێت ئاسوودەبین و ڕەوتی شتەکان هەروەکو خۆیان دەبن.

مەرگ کە دەبێتە پایەیەک لە پایەکانی سیاسەت هەمیشە فرمانێکی تایبەتی هەیە، بەر لە ڕاپەڕین ئەو فرمانە بریتییە لەتوانای فیداکاری و توانای خۆبەختکردن لەپێناو حیزبدا، تاقیکردنەوەیەکە بۆ وەفاداری و پلەی دەروەستی، بەڵام دوای ڕاپەڕین ئەو هێزە پیرۆزەیە، ئەو نرخەبەرزەیە کە ناکرێت دەستبەرداریبین، چونکە هەموو ئەفسوونی هێزە تەقلیدییەکانی کۆمەڵ بەئەفسوونی ئەوەوە گرێدراوە، وەلێ لەدوای ڕاپەڕینەوە مەرگ ناچارە وەکو شێوەیەک لەشێوەکانی تاقیکردنەوە بکشێتەوە دواوە، یاخود ڕاستتر وایە بڵێین مەرگ فرمانێکی هەیە و چیتر ناتوانێت ئەنجامیبدات، چونکە تاقیکردنەوەی مەرگ پێویستی بە جەنگێک هەیە تیایدا ئینتمای خۆمان بسەلمێنین..
بەڵام جەنگ لەکوێیە؟

ترسناکترین شتێک حیزبی کوردی لە دوای ڕاپەڕین لەدەستیدەدات، ئەزموونکردنی وەفا و عەشقی ئەندامەکانێتی، ئیدی حیزب دەبێتە خوێندنگایەک کە تیایدا بێ تاقیکردنەوە قۆناغەکان دەبڕدرێت، بەڵام حیزب هەروا بەئاسانی لە ئەفسوونی تاقیکردنەوە لەڕێگای مەرگەوە ئازادنابێت.. چونکە بێ ئەزموون هەموو یەکێتی و یەکانگیریی ناوەکی حیزب دەکەوێتە مەترسیەوە. بۆیە جارێکی دی دەڵێم، ڕاپەڕین ڕەشەبایەکی سامناک بوو بۆ سەر بونیادی حیزب، کە حیزب دەبایە بەهەر نرخێکبێ لێیدەرچێت و بگەڕێتەوە بۆ دۆخی پێش ڕاپەڕین، شەڕی ناوخۆش گەورەترین و بەگوڕترین هەوڵی حیزبە بۆ گەڕانەوە بۆ ئەو دۆخە، چونکە بونیاد و سیستم و شێوەکاری ئەو حیزبانە تەنیا لەو جۆرە ژینگەیەدا توانای بەردەوامی و خۆنوێکردنەوەی هەیە.

نووشوستی حیزبەکانی ئێمە لەوەی بتوانن لە دەرگای هیچ ئەزموونێکی شارستانی بدەن، ئیفلیجیاندەکات لەئاست دۆزینەوەی ئەزموونێکی نوێ بۆ تاقیکردنەوەی ئینتمای ئەندامەکانیان. ئەگەر ئەوان هوشیارانە بۆ سیستمێکی نوێی پەیوەندیی حیزب و ئەندام بگەڕانایە هورووژمی ئەو هێزە ئۆرگانیە ناوەکیە کە حیزب بەرەو دواوە ڕادەکێشێتەوە، تا ئەو ئەندازەیە بەهێزنەدەبوو، بەڵام بونیادی حیزبیش بەرەو لێکترازان و هەڵوەشان دەچێت ئەگەر میتۆلۆژیایەک نەبێت سەرلەنوێ ئەفسوونی ڕابگرێت و ئەزموونیبکات. بۆیە تەنیا بۆ ماوەیەکی کەم دەکرێت مردووەکانی حیزب واز لە هاملێتە بەرەڵاکان بیهێنن و حەتمەن لە شەوێکی تاریکدا دەگەڕێنەوە و گومان و وەسواسی تۆڵە و خۆفیداکاری لە ڕیزەکانی خوارەوەدا دەچێنن، تەنیا بۆ ماوەیەکی کەم دەکرێت حیزب بەبێ تاقیکردنەوەی مەرگ بەڕێکادا براوات و هیچ لە وەفا و ئینتمای ئەندامەکانی نەزانێت، تاکەکانیش هەر بۆ ماوەیەکی کەم لەو کەرنەڤاڵی مردنەدا دەوەستن و خۆیان لە برینی پاکژکەرەوەی گوناهەکان بەدووردەگرن.. بەڵام دواتر مردووەکانیش دەنگهەڵدەبڕن و بەرەبەیان پردەکەن لە تارماییەکانی خۆیان، هێزە تەقلیدییەکانی حیزب دەنگهەڵدەبڕن و لە ڕاست و دروستی وەلائەکان دەپرسن، تاکەکانیش بۆ مەرگێک دەگەڕێن پاکیانبکاتەوە، ئیدی لە جۆرە پەیوەندییەکی وەها ناعەقڵانیدا چۆن هەموو ڕێگاکان نامانباتەوە سەر جەنگ.

«سەرەتا» ئەفرەتێکە ئابینەکان پێوەی دەتلێنەوە.. ئەفرەتێکیشە حیزبەکان پێوەی دەتلێنەوە، چونکە ئەفرەتی سەرەتا ئەفرەتی خۆدووبارەکردنەوە و نومایشکردنە. دیبن چۆن گیرۆدەیە بەدەست سەرەتاکانی خۆیەوە، حیزبیش بەدەست سەرەتاکانی خۆیەوە دەناڵێنێت.. کە باس لە ئەفرەتیش دەکەین باس لەو دەردە دەکەین کە حیزب بەهۆیەوە ناتوانێت لەگەڵ گۆڕانی قۆناغەکاندا لە سەرەتاوە دەستپێبکاتەوە، سەرەتای یەکەمیش سەرەتای قارەمانە مردووەکانە، بۆیە پیشەسازیی داهاتووی حیزبیش هەر پیشەسازیی خولقاندنی قارەمانە مردووەکانە. لەوەوبەر لە جێگایەکی دیکەدا ووتم: «حیزبی کوردی ئاشێکە خوێن دەیگێڕێت»، ئەوانەش کە ناتوانن خوێن زۆربکەن بە جۆگەلەکانیاندا لاوازەکانن، لاوازەکان ئەوانە نین کە لەواقیعی فیکری و کولتووری و سیاسی و کۆمەلایەتی ئێمە تێناگەن، بەڵکو ئەوانەن کە ناتوانن پاڵەوانی مردوو دروستبکەن.. شەڕی ناوخۆش تاکە دەرفەتێکە بۆ گەڕانەوە رووەو حەقیقەتی پیشەسازیی حیزبی، پیشەسازیی «شێرە کوژراوەکان»، شەڕی ناوخۆ شەڕی وەسواسی تواناکانی حیزبە لە رۆژگارێکدا مەرگ دەبێت حورمەتی خۆی وەربگرێتەوە، حورمەتێک، راپەڕین خەریک بوو بۆ ژیانی زەوتدەکرد. حیزبە کوردییەکان دوای راپەڕین ناچاربوون وێنەیەکی پاشەرۆژ بکێشن، بەلام چونکە ئەو وێنەیەی دەیانکێشا پەیوەندیی بەیاسا و میکانیزمی کاری خۆیانەوە نەبوو، هەر لەبەرئەوە ئەو پاشەرۆژەی لەژێر قەلەمەکەیاندا دەهاتەدەرێ پاشەرۆژێکی کاریکاتێری بوو، وابزانم لە مێژووی ئەم سەدەیەی کورددا هیچ شتێک بە ئەندازەی پەرلەمان کاریکاتێری نەبووە و هیچ شتێکیش بە ئەندازەی جەنگی ناوخۆ جیدی نەبووە. پەرلەمان تەختەی بەشە کۆمیدییەکەی مێژووی کورد بوو، بەلام مێژووە راستەقینەکەی لە مەیدانەکانی جەنگدا بوو، چونکە حیزبی کوردیش بەهەمان سروشتی خێلەکان لە مەیدانی پەلامار و گرتن و تالانکاریدا بوون و نەبوونی خۆی ناقیدەکاتەوە، هەر بۆیە هیچ ئەزموونێکی شارستانی (مدنی) جگە لە چەند وێستگەیەکی پشووی شەڕ زیاتر هیچی ترنییە. بۆیە شتێکی سەیرنییە تەنیا داوای ساڵێک پشوو و ساڵێک لە پەرلەمان حیزبەکان بە جۆرێکی هێستری پێکهاتە و پەیکەری رێکخستنی سیاسی و شارستانی خۆیان گۆڕیەوە بۆ هەیکەلیەتێکی سەربازی، چونکە هەموو مێژوویەک برێک رووبەری کۆمیدی دەداتە خۆی، بەلام ئەم رووبەرانە ناتوانن حەقیقەتی جیهانمان نیشان بدەنەوە، لەبەر ئەوەی کۆمیدیا چەندە خافڵمانبکات ستێبەری تراژیدیا داناپۆشێت.. حیزب دەتوانێت ماوەیەک تارمایی مردووەکان بەرەلابکات بێ هاملێت بسوڕێنەوە، دەتوانێت هاملێتمان پێشکەشبکات بەبێ تارمایییەکەی بابی بژی و ئاسوودەبێت، بەلام دواجار بۆ ئەوەی نومایشەکە بەردەوامبێت دەبێت سەرلەنوێ هاملێتەکان و تارماییەکان بەیەکتری بگەنەوە و مەشخەلی ئەو نهێنییە بدەنە دەست یەک، هەربۆیە زالبوونەوەی هەیکەلیەتی سەربازی خۆی لەخۆیدا ئاوابوونی خۆری کاریکاتێرەکانە لە مێژوویەکدا پاش ووچانێکی کەم ناچارە بگەڕێتەوە سەر ململانێ سەرەکییەکانی خۆی، بەم مانایە شەڕی نێوان ئەو دوو حیزبە لە بنەڕەتدا شەڕی جیاجیای هەریەکەیانە لەگەڵ داهاتووی خۆیاندا، لەگەڵ ئەو پاشەرۆژەی کە دەبێت بەشێوەی جیاجیا دروستیبکەن، لەگەڵ سیستمی رێکخستنی ناوەکی خۆیان.. چونکە مێژوو هەر بەشی ووچانێک کۆمیدیامان لێ قبوولدەکات، تراژیدیای گەورەی حیزبیش ئەوەیە کە هەرگیز ناتوانێت دەرگای نوێ لەخۆی بکاتەوە و ئەفسانەکانی خۆی بگۆڕێت.

لەدوای راپەڕینەوە کۆمەلگای ئێمە بەتەواوەتی دەبێتە «کۆمەلگای پرسە»، زاراوەی کۆمەلگای پرسەش وەکو جۆرە زاراوەیەکی نوێ بەکاردەهێنم بەرامبەر زاراوەی «کۆمەلگای خۆشگوزەران ـ مجتمع الرفاه» یا «کۆمەلگای بەرخۆر- مجتمع الاستهلاک» و ووشەگەلی دیکەی لەوجۆرە. ساڵە دوورو درێژەکانی جەنگ لە کوردستان و ساڵە خوێناوییەکانی شەڕی عێراق ـ ئێران و ئەو رووبەرە سەیرانەی مەرگ لە ئایدۆلۆژیای سیاسی و دینیدا داگیریدەکرد، هەموو زەمینەی لەباربوون بۆ گەیشتنە ئەو کۆمەلگایە.. لەسەرەتای سەرکەوتنی راپەڕینەوە، تەلەفزیۆنەکانی کوردستان بەدیمەنی گۆڕستانەکان دەکرایەوە و بەدرێژای ئەم سالانەش بینەرە زیندووەکان هەموو شەوێک بە باسی مەرگ گەمارۆدەدرێن. لەراستیدا ئەو گەمارۆیە بەئەندازەیەک گەورەیە بینەران بەردەوام هەستدەکەن لە گۆڕستانەکاندان و لە گۆڕەکان، پرسەکان، چلەی ماتەمینەکان و سالانەکان دوورناکەونەوە. چاوخشاندنێکی خێرا بە ئەرشیفی چالاکییە سیاسی و کۆمەلایەتییەکانی دوای راپەڕیندا ئەو راستییەمان

نیشاندەدات کە هەموو گردبوونەوە گەورەکان و بۆنە گرنگەکان و بەرنامە سەرەکییەکان بە جۆرێک لە جۆرەکان پابەندی مەرگ بووە. بەمانایەکی تر، گۆڕستان و سالۆنەکانی پرسە بوونەتە ئەو جێگایەی خێزان و خێڵ و دین و سیاسەت تیایدا لەیەک یەکەدا یەکدی دەگرنەوە. لەسەردەمە دێرینەکاندا ژن و ژنخوازی هۆی دامەزراندنی پەیوەندی و چوون بەناویەکدا بوو، ئەمڕۆ «مەرگ» ئەو ڕۆڵە دەبینێت. حیزبی ئێمە پێویستی بە جێگایەک هەبوو خێزانەکان و خێڵەکان و سرووتە دینییەکان بەیەکەوە کۆبکاتەوە و بەیەکەوەش بیانخاتە ژێر کۆنتڕۆڵی مانایەکی سیاسییەوە، تەنیا جێگاش خێزان و عەشرەت و دین و حیزبی پێکەوە کۆبکرادایەتەوە گۆڕستان بوو لە ڕێگای مردووەکانەوە هەزارەها خێزان دەیانەوێت بچنە ناو ویژدانی دەستەجەمعی کۆمەڵەوە، خێڵەکان وابەستەی مردووەکانیان دەبن لە وەفاداری سیاسیاندا، حیزب دێت لەسەر گۆڕەکان فرمێسک دەڕێژێت، بەڵام لەپاڵ فرمێسکەکانیشدا ئەوەی لەیاد ناچێت بۆ هەر فرمێسکێک داوای گۆمێ لە خوێن بکات. بەم مانایەش کۆمەڵگای پرسە لە تێڕوانینی منداً ئەو کۆمەڵگایەیە کە پەیمانی کۆمەڵایەتی لەناو دەستور و یاساکاندا نانووسێتەوە، بەڵکو لەسەر ئێسکی مردووەکان تۆماردەکرێت، لێرەوە داواکارییە سەرەکییەکان مافی زیندووەکان نییە، بەڵکو مافی مردووەکانە. لە کۆمەڵگای پرسەدا زیندووەکانی خێزان و خێڵ و ناوچە دەنگ بەرزدەکەنەوە بۆ سەندنی مافی مردووەکانیان، بەڵام لەئاست مافەکانی خۆیاندا بێدەنگ دەبن، چونکە لەم کۆمەڵگایەدا تاک دەستبەرداری مافەکانی خۆی نابێت تا کۆمەڵ ژیانی بپارێزێت، بەڵکو تاک دەستبەرداری ژیانی خۆی دەبێت تا دواتر مافی ئەوەی هەبێت وەک تارماییەک بگەڕێتەوە.

کۆمەڵگای پرسە ئەو کۆمەڵگایەیە کە خاوەن مردووەکان تیایدا دەبنە دەستەبژێرێکی سیاسی و ئەخلاقی و ڕۆڵێکی کاریگەریان هەیە لەسەر وێنەی حیزب، لەم کۆمەڵگایەدا مردن و پرسە جۆرە میتینگێکی سیاسییە و سرووتەکانی بەخشینی مردوو بەخودا لەچاو سرووتەکانی هێنانەوەی مردووەکان و بەخشین و سەپاندنی بەسەر کۆمەڵگادا سرووتی زۆر چکۆلانەن. «دین» بەتەنیا ناتوانێت کۆمەڵگای پرسە دروستبکات، بەڵکو ڕەگەزێکی پێکهێنی ئەو کۆمەڵگایەیە، چونکە لەم کۆمەڵگایەدا مانا سیاسییەکانی مەرگ و بەکارهێنانە سیاسییەکانی مەرگ لەپێش مانا دینیەکەیەوەیە.. لێرەوە گۆڕستان شوێنی مالاوایی نییە لە مردووەکان، بەڵکو شوێنی دەستپێکردنەوەیانە، گۆڕستان تەنها ئەو شوێنەیە کە جەستەکان تیایدا خالیدەکرێنەوە لە ژیان و ڕادەکێشرێنەوە بۆ ناو فرمانە سیاسییە نوێکانیان لە کۆمەڵدا.

کۆمەڵگای پرسە جۆرە کۆمەڵگایەکە ڕووداوی مردن لە بازنەی خێزان و خزم و کەسوکار دەهێنێتەدەرەوە و دەیکات بەشێوەنێکی کۆمەلایەتی، خەسلەتی پرسەیەکی گشتی دەبەخشێت بەو پرسانەی کە دەتوانێت مانایان پێببەخشێت.. هەموو مردنێک، هەموو شەهیدبوونێک وەکو کارەساتێکی میللی گەورە وێنادەکات، لەو ڕێگایەشەوە بەشە بچووکەکانی کۆمەڵگا ڕادەکێشێتە ناو ئامێزی حیزبەوە کە خۆی بەویژدانی میللی ناودێردەکات، لێرەوە کۆی جەستەی حیزبی بە هەموو لکە زیادەکانیەوە وەکو بوونەوەرێکی ئەمیبی لێدێت کە هەرجارەی بەکۆدەکەوێتە جوڵە و لە چواردەوری مردنێک خردەبێتەوە.

لە کۆمەڵگای پرسەدا هاودەردی دەبێتە پردی دروستکردنی پەیوەندی، حیزب کە هەر خۆی بانگەوازی مردن بلاودەکاتەوە، دەبێتە پردی گواستنەوەی هاودەردی لەبەشە جیاوازەکانەوە بۆ ناوەند و خێزان و عەشرەتی «مردوو» «هاودەردی» حیزبیش و گۆڕینی بۆ مردن بۆ شیوەنێکی نەتەوایەتی هەوڵێکی سیاسیی گەورەیە بۆ شکاندنی گۆشەگیری یەکە بچوکەکان و گۆڕینیان بۆ بەشێک لە جیهانێکی بەرینتر کە جیهانی حیزبە، «هاودەردی» ئەو کەرەستە سیاسییەیە کە لەڕێگایەوە مردوو دەکرێتە مولکی کۆمەڵگا و خاوەن مردووەکان دەکرێن بە بەشێک لە عەشرەتە تواوەکانی ناو حیزب.

کۆمەڵگای پرسە ئەو کۆمەڵگایەیە کە لێرەدا لەسەر زەوی بڕیار لەسەر نرخ و بەهای مردووەکان دەدرێت، هەموو خاوەن مردوویەکیش بەشەوقەوە چاوەڕوانی نرخی مردووەکەی دەکات، بەهەشتی کۆمەڵگای پرسە ئەو پلە و پایەیە کە حیزب دەیبەخشێتە مردووەکان، حیزبیش ڕۆژانە قافڵەی مردووەکان بەرێدەکات و ناویەناو «شیوەنێکی نەتەوەیی

هەفتانە»، «شیوەنێکی نەتەوەیی مانگانە»، یاخود «سالانە» سازدەکات کە تیایدا حیزب شەهیدە ئەفسانەییەکانی خۆی، ئەوانەی داینەمۆی نوێکردنەوەی ئەفسانەکانی حیزبن، هەلدەبژێرێت بۆ بەهەشت. بەمانایەکی تر کۆمەلگای پرسە زەوی ئەو مەحشەرەیە کە لەبری خودا حیزب کلیلی بەهەشت و دۆزەخی گرتۆتەدەست.

لێرەشدا بەر لەکۆتایی هەقمانە بپرسین ئاخۆ هەلوێست لەمەرگ، ئەو یەکە گشتییە نییە کە دەتوانێت سەرجەمی پێکهاتی کۆمەلگایەک بەجۆرێک ڕێکبخات جیاوازبێت لەکۆمەلگاکانی تر؟ ئاخۆ ئێستا کاتی ئەوە نەهاتووە بۆ سۆسیۆلۆژیایەکی سیاسیی نوێ بگەڕێین کە پابەندی ئەو جیهانە تایبەتیەی ئێمەیە و مێژووی سۆسیۆلۆژیای سیاسیی میللەتانی دی ڕووبەڕووی نەبۆتەوە؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کەبلێین لەگەل ڕووبەڕوو بوونەوەی زانستیا بۆ دونیای ئێمە دەرگای کولتوورێکی دیکە دەکرێتەوە کە وەلامی کێشەکانی و چارەی نهێنییەکانی و ڕووناکی تەلیسمەکانی پێویستی بەوە هەیە لەناو ئەو کێشانەدابین و لە قوولایی مێژوویی و سیاسی خۆیاندا دەبێت تاووتوێیانبکەین. ئەمڕۆ کە لێرەوە دەڕوانینە ئەو دەرەنجامە ترسناکانەی یەکەم شوبهاندنی مەرگ بە ژیان تێدەگەین کە هەندێ جار گەڕانەوە بۆ حەقیقەت چەندە ئەستەمە، بەتایبەت هەر کۆمەلگایەکیش بەشێوەی تایبەتی خۆی مامەلە لەگەل ڕەوتی ئەو ئەفسانانەدا دەکات کە شوبهاندنێک دروستیدەکات، دەشێت هەموو کۆمەلگا مرۆڤایەتیەکان لە قۆناغی جیاواز جیاوازدا لەوە کەوتبن بەدوای ئەلتەرناتیڤێکدا بۆ مەرگ بگەڕێن، بەلام ئەستەمە کۆمەلگایەک تیایدا بەو شێوەیە هەلهاتن لە مەرگ و گووتاری مانەوە لەناو مەرگدۆستیدا توابێتەوە… ئەمڕۆ زیاتر لەهەرکاتێ هەقمانە لەو لادانە قوولەی دەلالەتەکانی «بەرگری» و مانەوە بپرسین ڕووەو مەرگدۆستی و پرسەدۆستی و گۆڕپەرستی، چونکە بەبێ پەردە دامالین لە ڕووی مەرگدا ئەستەمە ژیان شوێنی خۆی وەربگرێتەوە.

حیزبە سیاسییەکانی ئێمە بەر لەوەی هەستکردن بەمەترسی جەنگ لە خۆیاندا بکوژن و کوێرانە جەنگی ناوخۆ هەلگیرسێنن، شتێکی تریان وونکردبوو، شتێکی قوولتر لە مانا کارەساتاوییەکانی سیاسەتی جەنگ، کە ئەویش مانای ژیان بوو، بەرلەوەی بەهای نرخە نەتەوایەتیە گەورەکان و ستراتیژە سیاسییە دوورەکان وونبکەن بەهای مرۆڤیان وونکردبوو… بۆیە بەر لەوەی خەون بەکۆتایی شەڕەوە ببینین، دەبێت ژیان حورمەتی خۆی وەربگرێتەوە، دەبێت مردووەکان بگەڕێنەوە گۆڕستانەکان، دەبێت دەرگای کۆمەلگاکانی پرسە دابخرێن و کۆلەکەکانی هەرەسبهێنن، دەبێت میتۆلۆژیاکان شوێن چۆلبکەن بۆ عەقل، چارەسەری ڕاستەقینە و پرۆتۆکۆلی تەواوەتی زیندەگیش لەناوەوە لەگەل بەها ڕاستەقینەکانی ژیاندا مۆردەکرێت، ئەو ئیمزایانەش کە مەرگدۆستەکان لەبەرامبەر یەکتری لە پایتەختەکانی دنیادا بۆ یەکی تۆماردەکەن، جگە لە چەند پشوویەکی کورت زیاتر هیچی ترنییە… پشوویەک کە تیایدا مێژوو لەنێوان پەردە تراژیدییەکانیدا کەمێک دەوەستێ و پارچەیەک کۆمیدیامان پێشکەشدەکات، واتە بەر لە خوێنێکی دیکە زەردەخەنەیەکمان دەکاتە دیاری، زەردەخەنەیەک کە دەشێت لای ساویلکەکان مژدەی ئومێدێکی گەورەبێت، بەلام لەڕاستیدا تەنیا ووچانێکە پێش لەمەرگێکی نوێ و پێش لە مەحشەرێکی تر.

فرانکفۆرت ١٩٩٥/٨/٢٩

# گفتوگۆیەکی سارد لەمەڕ جەنگێکی گەرم

## خەلات عومەر

ئاشکرایە لە داهاتوودا ڕۆژانی خۆشتر و گوزەرانی باشتر و ژیانی کامەرانتر دەبێت، بەلام ئێمە کوڕی ڕۆژگاری خۆمانین، کە بەداخەوە هیچ کام لە واتاکانی خۆشنودی تێدانییە. ئێمە ڕۆژگارێک بەسەردەبەین لە گشت لایەکەوە گورزی نەهامەتیمان بۆ دێت. بۆیە ئەم ڕۆژگارە ناودەنێم «تەنرانی چوار لایەنە». ئەوەی هانیشمدەدات گفتوگۆیەک والابکەم، پەیوەندارێتی ڕاستەوخۆی ڕووداوەکانە بە «ژیان»ەوە. بێگومان هەر لەبەر «ژیانپەروەری»شە ئاراستەی بیرکردنەوەم زمانێک وەبەردێنێت ڕەخنەگرانە سەودا لەگەڵ هەنگاوە چەوتەکاندا دەکات. ئاشکرایە کاتێک دەستدرێژی بۆ سەر بەها بەرزەکانی «ژیان» بکرێت، ئیتر نەک هەر مافی تایبەتییە بەشداریی لە گفتوگۆکاندا بکەین، بەڵکو بەرپرسیارییەکی فیکریشە.

### دیالکتیکی نوێگەری و ڕاپەڕین

ئەوەی بە نوێگەریی کوردی ناودێردەکرێت و وەک پرۆژەیەکی هەمەلایەن باسی لێدەکرێ، لە ڕاپەڕینەوە دەستپێدەکات. چونکە ڕاپەڕین تاکە چرکەی مێژووییە کە توانستی جیاوازی لەگەڵ ڕابردوودا دێنێتەئاراوە و لە هەمان کاتیشدا هێزی پساندنی زنجیرەی شکستەکانی مێژووش لە هەناوی خۆیدا هەڵدەگرێت. لێرەوە دەمەوێت ڕۆشنایی بخەمە سەر پەیوەندیی دیالکتیکانەی نوێگەری و ڕاپەڕین. لە دەروازەی ئەم بابەتەدا پرسیارێک خۆی دەردەبڕێ: ئایا ڕاپەڕین نوێگەری دێنێتە ئاراوە یاخود نوێگەری ڕاپەڕین دێنێتە ئاراوە؟ وەلامی ئەم پرسیارە لەو ڕاستییەوە سەرچاوەهەڵدەگرێت کە پەیوەندیی نێوان ئەو دووانە پەیوەندییەکی دیالکتیکانەیە. بۆیە دەکرێت بڵێین: «ڕاپەڕین نوێگەری دێنێتە ئاراوە، پاشانیش نوێگەری ڕاپەڕین دێنێتەوە ئاراوە». ئەمە چۆن و بە چ شێوەیەک دەبێت؟ لەپێناو ساناکردنی وەلامدانەوەدا بۆ وەبەرهێنانی واتایەکی پوختتر، گونجاوە بگەڕێینەوە بۆ گوتە و تایبەتمەندییەکانی نوێگەری خۆی،

هەموو ئەو پێداویستییە هەنووکەییانەی «بوونمان» ئامادەبوونی زیندووی خۆی لە نوێگەریدا هەیە. چونکە نوێگەری ئەوەی لەباردایە هەنگاوێکی گەوهەری بێت بۆ دەربازبوون لە جوغزی ئەو مەودا عەدەمییەی چەندین سەدە و سەردەمە حوکمی خۆی بەسەر کورددا دەسەپێنێت و لەسەر جەستەی تیرۆر پەیڕەودەکات. نوێگەری دەتوانێت هەنگاوێک بێت دژی ئەو میکانیزمانەی مرۆڤی کوردیان تووشی چەپاندن و گۆشەگیری کردووە و بەچەشنی کۆیلە خزاندویانەتە ژوورە تاریکەکانی مێژووەوە. نوێگەری لەتوانایدایە لە ئاکامدا و لە تەوەرە گشتییەکەیدا «کوردبوون»ێکمان بۆ بخوازێت کە لەسەر نەخشەی واتاداری «جیهان» «بوون»ێکی جوان و بەرینی هەبێت، هێزێکی بێت و پەراوێزنشین نەبێت.

بەلام داخۆ ڕاپەڕین بە چ شێوەیەک ڕێگای هاتنەئارای نوێگەری خۆشدەکات؟ ئێمە ناتوانین بڵێین بەر لە ڕاپەڕین هیچ بەرجەستەبوونێکی نوێگەرانە لە سنوورەکانماندا نەبووە، لە هەمان کاتیشدا زیادەڕۆییە بڵێین فرەبووە. سەرەڕای ئەم ڕاستییە، بەرجەستەبوونەکانی نوێگەری، با بچووک و کەمیش بن و وەک دوورگەکانی ناو

ئۆقیانووسی عەدەمیش بەرچاویکەون، بەلام بەهای تایبەتی خۆیان هەیە و گەواهیدەدەن کە بۆ دەربازبوون لە ئەلقەکانی سستی، هەستیاری و هەوڵدان هەبووە. ئەم هەولانەش دابەشبوون بەسەر کایە ڕۆشنبیرییەکانماندا و لە دەقی شیعری و ئەدەبی و نمایشی شانۆییدا بەدیارکەوتوون - لێرەدا خۆ لە قەرەی پێوانەکاری زۆر و کەم نادەین -. لە بواری سیاسیشدا ڕەنگە هەلگیرسانەوەی شۆڕشی نوێی کورد پاش نسکۆی ١٩٧٥ باشترین گوزارشت بێت لە ئیرادەی کوردی، ئەگەرچی ئەمە جێی مشتومڕیش بێت، بەلام لە بۆتەی هەلسەنگاندنێکی ئاوەها تایبەتدا بێن کە دووربێت لە لایەنگیریی ئایدیۆلۆژی، ئەوا وەک چرکەیەک دەردەکەوێت کە هەلگری تایبەتمەندیی نوێگەرانەیە.

کە دەوترێت ڕاپەڕین زەمینەی دروستبوونی پرۆژەیەکی نوێگەری دەرەخسێنێت. بەر لە ڕاپەڕین پرۆژەیەکی سەرتاپاگیری لە ئاستی ڕوانین و زندەگی و ڕۆشنبیری و دەسەلاتدا شیاونەبوو. ئەو زەمینەیە تەنها لەگەڵ ڕاپەڕیندا لەبار و گونجاودەبێت. چونکە ڕاپەڕین بە توانستی ڕادیکالانەی خۆی درێژبوونەوەیەکی مێژوویی دەپسێنێت و سەرەتایەکیش دەخاتە بەردەست کە سەرەتای پرۆژەیەکی وەها خۆشبکات، ئەوا بەشی دووەمی وەلامەکەشمان هەلەنییە کە دەلێین «ڕاپەڕین نوێگەری دێنێتە ئاراوە».

## ڕاپەڕین، لە گۆڕانێکی سیاسی زیاتر

کە ڕاپەڕین هەلگری ئەو واتا مەزنانە بێت، ئەوا خیانەتی لێدەکەین، ئەگەر تەنیا بە ساتێکی سیاسی دابنێین. بەهەمان شێوە، هەلەیەکی فرەجەمسەرە «ڕاپەڕین» بەوە پێناسەبکەین کە ڕامالینی دەسەلاتی بەعس و گۆڕینی ئەو دەسەلاتەیە بۆ «بەرەی کوردستانی».

ڕوانینێکی وەها ترسناکە و بگرە هەڕەشە لە واتادارییەکانی «ڕاپەڕین» خۆیشی دەکات. چونکە بواری سیاسی دەیەوێت ئەو گۆڕانکارییە ڕیشەییە قۆرخ بکات و بلێت ئەم جوولەدارییە تەنیا ئالوگۆڕێکە لە دەسەلاتدا و هیچ دابڕانێک لە زنجیرەی ڕوانینی تاکەکەسەکاندا ڕووینەداوە، نە بۆ جیهان و نە بۆ بەرامبەر و نە بۆ مێژوو. ڕاپەڕین نەک تەنیا ئاکامێکی سیاسیانەی تاکلایەن نییە، بگرە دژی سەرجەمی ئەو لۆژیکە سیاسیانەشە کە لەوەوبەر و لە ڕەونگای مێژوودا کارپێکراوە، چرکرنەوەیەک لە هەق، ئەو بزوانە نوێگەرییە مەزنە بێت ئەوەیە کە بە «ئیرادەگەریی مرۆڤی کورد» ناودێرییبکەین. لەبەر ئەوەی ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت، پەیوەستی خۆی بە ئەزموونەکانی شکستەوە پساندووە و لە چرکەیەکی چارەنووسسازانەدا لەسەر بەردی ڕەقی ڕۆژمێرە ڕەشەکان و بەزەبری هێز ئەو پەندەی نەخشاندووە کە دەلێت «ئیرادەی کوردی ئیرادەیەکە لە پۆلا». لەو ساتەدا «کورد» بێ ئەوەی خۆی بەجیهاندا هەولواسێت یان لاسایبکاتەوە، وەک شۆڕەسوارێک بە ئەسپی تەیاری چارەنووسە، سنوورەکانی پەراوێز دەبەزێنێت و دێتە گەرمەی «جیهان»ەوە و بە ئیرادەی «کوردبوون»ەوە دێتەگۆڕێ. بێگومان جوولەیەکی لەمجۆرەش ڕاستەوخۆ لەگەڵ نوێگەریدا هاوهەناوە.

هەموو ئاکامە سیاسییە چاکەکانی لە ڕاپەڕین چاوەڕواندەکرا، لەچاو گرنگییە بنەماییەکانیدا، بەپلەی دووەم دێت، چونکە ئەو نەک تەنیا لە گۆڕانکارییەکی سیاسی زیاترە، بگرە سەرتاپای بەرجەستەبوون و کردە سیاسییەکانیشی پێوە پەیوەستە. ئەمە کاتێک دەبێت کە ڕاپەڕین لە ڕەوتە نوێگەر و شۆڕشگێڕانەکەی خۆی لای نەدابێت. بەلام داخۆ وابوو؟!

بەدیدی من وەک شۆڕشی فەڕەنسا، ڕۆشنگەریی ئەورووپا و بەرخۆدانی گەلانی ئێران، ڕاپەڕینی ئێمەش کەوتە بەر حوکمی تیرۆریستانەی ڕابردوو و خرایە سەر ڕێگاوێلەکانی تیرۆر، یەک زەبر لەسەر ڕاپەڕین و نوێگەریش سەرلەنوێ بەکارایی دەستپێکردەوە.

## سەردەمی گەڕانەوەی دکتاتۆرە کۆنەپارێزە نوێکان

دکتاتۆریەتێک هەیە دیارە و بە ئاشکرا کاردەکات، بەلام ترسناکترین شێوازەکانی دکتاتۆریەت ئەوانەن کە نادیار و شاراوە لەناو بونیادە کۆمەلایەتی و سیاسییەکاندا کاردەکەن. ئەوەی مەترسییەکەش زیاتردەکات ئەوەیە ئەم شێوازانە ناوی «دیکتاتۆر»یش لە خۆیان نانێن.

ئەم شێوازە «دیکتاتۆرییە شاراوەیە» ڕەگ و ڕیشاڵی قووڵی هەیە و لەگەڵ مێژووی «بوون»ی مرۆڤەکاندا دەسەڵاتی خۆی بەسەر جەستە و بیر و زیندەگیاندا دەسەپێنێت. بەر لەوەش کە دەسەڵاتی دکتاتۆرە سیاسییەکان ببینین، ئاماژە بدەینە ئەو جۆرە دکتاتۆرانەی، بەبێ ئەوەی نوێنەری هیچ دەسەڵاتێکی سیاسیش بن، کەچی حوکمی ڕەها دەکەن. ئەمانە لە توانایاندایە ئاراستەی دکتاتۆریانەش بەرهەمبهێنن و هەرچارەش خولیاکانی دەسەڵاتداریی خۆیان لە پێکهێنانێکی نوێدا پراکتیکبکەن. هەربۆیە دەتوانین بەرجەستەکانی دکتاتۆرییەت لەزیاتر لە شوێن و ڕووبەرێکدا ببینین. تا ئەو ڕادەیەی وامان لێدێت بڵێین دکتاتۆرە سیاسییەکان، لە ڕووخساری ئاشکرا و دیاری دکتاتۆرە شاراوەکان بەولاوە هیچی تر نین. هەر لەبەر ئەوەشە لەگەڵ سەرونگوومبوونی دامەزراوەیەکی دکتاتۆریانەدا، دەبینین یەکێکی تر و بەشێوەیەکی تر جێگای دەگرێتەوە.

لەو جوگرافیا سیاسی و کۆمەڵایەتیانەشدا کە هێشتا باوەڕهێنان بە ئازادی بەرامبەر و فرەیی ڕوانین و بۆچوونەکان نەچەسپیبووە، تەنانەت هەوڵەکانی کۆتاییهێنان بە تاکڕەویش دەکەونە ناو جوغزی ئاسنینی بنەماکانی دکتاتۆریەتی شاراوەوە. لەبەر ئەوە زۆر گرنگە واتاکانی «شۆڕشگێڕی» بخەینە بەر لێکدانەوە و تێخوێندنەوەی جیاواز و نوێ. لەم بوارەشدایە کە بایەخ بە دیالکتیکی نێوان نوێگەری و ڕاپەڕین دەدەین و وەک خاڵێکی گرنگی ئەزموونەکەمان تێی دەڕوانین. چونکە ئێمە ناخوازین شۆڕش تەنیا دەسەڵاتێک بە یەکێکی تر بگۆڕێت، بەڵکو هیوای ئەوەمان پێ بەستووە کە بنەماکان هەڵدەتەکێنێت و سەودا لەگەڵ کۆڵەکە و پایەگاکاندا بکات. بەواتایەکی تر، بتوانێت ڕۆشنایی بخاتە سەر شاراوەییەکان و، لە ئاکامیشدا گۆڕانکارییەکی جیاواز و ڕیکنەچوو و بنەڕەتی وەبەربێنێت.

پێوەری زیندووی ڕاپەڕین، پەیوەندیی دیالکتیکانەیەتی لەگەڵ نوێگەریدا. بۆیە هەڵەنییە بڵێین: «ڕاپەڕین دیاردەیەکی نوێگەرییە و دژی هەموو کۆنەپارێزی و چەقبەستێکی دۆگماییانەیە. بە پێچەوانەشەوە، ئەگەر لە ئاستەکانی بیرکردنەوە و گوزەرانی ڕابردوو دابڕنەبێت و، چاکسازیان مامەڵەبکات، لە تەوەرەیەکی گوماناویدا دەمێنێتەوە. بەڵام کە دەسەڵاتی تاکڕەوی و یەک ئاراستە ببینین - با لە شێوەدا کۆنیش نەبێت -، کە دیاردە نزیوەکانی لاوازی مرۆڤ و گیانی پاشکۆیەتی ببینین و هەنووکەشمان بە ڕەوتگاکانی ڕابردوودا و بەرەو داهاتووی عەدەم ڕێبکات و گوزەرکردن بە ڕێگاکانی نوێگەریدا یاساغ بێت، ئەوا پێویستە هێندە ئازابین کە بڵێین، ڕاپەڕین لە ئاویلکە و نوێگەریش لە ئاویلکەدایە. لەمەو دواش هەوڵی ڕۆشنکردنی ئەم ڕاستییە دەدەین:

■ ١ ■

## دیموکراسیەت، ئاوازی هەڵبژاردەی سەردەم

ئێمە هەرجارەی لەسەر ئاوازێک سەمادەکەین، زۆربەی کاتیش ئەو ئاوازە هەڵدەبژێرین کە سەردەمی بەسەرچووە و باوی نەماوە. بەڵام ئەمجارە بۆ ئەوەی بە کاروانی سەردەمی نوێدا ڕابگەین، پێویستمان بەو ئاوازە سازەیە کە سەرتاپای جیهانی هاوچەرخ سەمای لەسەر دەکات، یاخود ڕاستتر دەبێت بڵێین پێویستیمان بە دیمۆکراسیەتە.

نێوەندە سیاسییە حزبییەکانی ئێمە لەم ڕوانگەیەوە، بێ ئەوەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر کۆمەڵگای کوردی هەبێت، دروشمی «دیموکراسی» بەرزدەکەنەوە. ئەمەش هێندەی لەپێناو قۆرغکردنی دەسەڵاتدایە، نیوەهێندە لە باوەڕەوەنییە. ئەوان دەیانەوێت بیسەلمێنن لەگەڵ ڕۆحی سەردەمدان و پێچەوانەنین، دەیانەوێت تەشەری «بەربەریەت» لەخۆیان دووربخەنەوە و بڵێن: ئێمە شارستانین، لەبەر ئەوە هەقە ڕێگەمان پێبدەن لەم جیهانەتاندا بەشداربین.

دیموکراسیەتی کوردی، گووتارێکە دەیەوێت بەرامبەر قایلبکات، بگرە لەپێناو ئەو مەبەستەشدا دێتەئاراوە. بەڵام لەبەر ئەوەی پاشکۆیانەیە و دەیەوێت لە دەرەوەی نوێبوونەوەی ڕاستەقینە کاربکات، ئەو ئامانجانەی بۆ بەدینایەت و ئەرکێکی لەو جۆرەشی بێ ئەنجام نادرێت. سەبارەت بە پیادەکردنیشی، سەرجەمی هەوڵدانەکان بەرەو ئەوە دەچن جۆرێک لە «دیموکراسیەتی تایبەتی» بچەسپێنن، تا ببێتە دەمامکێک بۆ ئەوەی هەنگاوی دیموکراسیانە

نەبێت. هەر لەم بوارەشدایە دەبینین «ناو»ی دامەزراوەکانی دیموکراسیەت هێندێک لە تایبەتمەندییەکانیشی هەیە. بۆ نموونە، ڕاستییەکی زیندووە کە دەسەڵاتەکانی یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری لێکدی جوداکراونەتەوە، ئەوانەش پەرلەمان، حکومەت و دادگا پێکدێنن. ڕۆژنامەگەریش هەیە، فرەحزبی و ڕێکخراوی جەماوەری و سەندیکا هەیە، کەچی سەرەڕای ئەمانە، لێرە و لەم وڵاتەی ئێمە «دیموکراسیەت» نییە! یەکێک لە ترسناکترین ڕەفتارەکانی نوێگەری کوردیش ئەوەیە وامان لێدەکات باوەڕبهێنین کە «دیموکراسیەت هەیە». وەک چۆن هەڵخلیسکانە نوێگەرییەکانی خۆرئاوا ئەو باوەڕە بڵاودەکەنەوە کە «تاکەکان» ئازادیی تەواویان هەیە، بەهەمان شێوە ئەم هەوڵە کوردییانەش، لەڕێگای تیرۆری کۆنترۆڵکردنی کەناڵەکانەوە، دەمیانەوێ قایلمانکەن بەوەی کە «دیموکراسیەت» هەیە.

ئەگەر ئێمە بەر لە ڕاپەڕین تاکە یەک جەمسەری دکتاتۆریی سیاسیمان ناسیبێت، ئەوا پاش ڕاپەڕین چەندین جەمسەری دکتاتۆرییانە هاتوونەتە مەیدان. ئەم جەمسەرانە ڕاستەوخۆ بە میکانیزمی چەوسێنەرانەی دکتاتۆرەکانی بەر لە خۆیان جووڵەناکەن و پێداویستیی قۆناغەکە و بەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتداری شێوازێکی تایبەتی کارکردنی بەسەردا سەپاندوون. چونکە بە تەواوی لەو ڕاستییە گەیشتوون کە ئەمان بۆیان نالوێت وەک دکتاتۆرە خاوەن دەسەڵاتە ڕەهاکان ڕەفتاری گرژ بنوێنن. لەهەمان کاتیشدا پێکهاتەیەکی تاکڕەوانەیان هەیە و بیرکردنەوە و ڕوانینیشیان یەک مەودا و ناڕاستەیە.

هەمیشە جەمسەرە تاکڕەوەکان «بوون»ی خۆیان بە پێداویستی و بەرامبەریش بە «هیچ» تەماشادەکەن. بۆیە خاڵی گشتی لە نێوانیاندا ئەوەیە کە گووتاری خۆدوان و کاوێژ و مۆنۆلۆگە و لە بوارەکانیاندا دیالۆگ نییە! داخۆ پرۆژەی نوێگەری بێ دیالۆگ چۆن دەبێت؟

■ ٢ ■

## مۆنۆلۆگی ئامادە و دیالۆگی بزر

بەبێ دیالۆگ بوارەکانی ژیانی دیموکراسی دەکەونە بەر حوکمی تاکڕەوییەکی تر. لە تایبەتمەندیی خوێندنەوەکەی خۆشماندا بە «دکتاتۆریەتی جەمسەرە دەسەڵاتدارەکان» ئاماژەی پێدەدەین - لەوانە کەلەپووری فیکری فێرمان بکات و بەر لەوەش ژیان بە ئەزموونگەرێتی خۆیەوە لامان بچەسپێنێت ئەوەیە دیالۆگ لە نێوان دوو بەرامبەردا دادەمەزرێت، کە هەر یەکەیان خاوەنی توانای گوێڕادێران و قسەکردنە.

دیالۆگ ئاڵوگۆڕێکە دەرەنجامی دانانی بەرەمبەرەکانە بەیەکتریکراو بەشێوەی پەیوەندییەکی هاوسەنگ لە نێوان هەردوولادا. بەدەر لەمەش پەیوەندییەکانی تر یان پەیوەندیی ئاغا و نۆکەرە یاخود پەیوەندیی نێوان ئەو ئاغایانەیە کە هەر یەکەیان خۆی بەکەسی یەکەم دەزانێت و جگە لە دژایەتی لەسەر مانەوە لە وەهمی «یەکەمین»دا هیچ پەیوەندییەکیان نییە. لە باروودۆخی ئێمەدا، پەیوەندیی نێوان جەمسەرەکان، بۆ هەمیشە ڕاگرتنی پایەکانی دەسەڵاتە. بۆیە کێشەکە هێندە نییە کە حزبەکان هەڵەن، بەڵکو هەڵەکە سەرتاپاگیرە و لە پێکهاتە و کرۆکی ژیاندایە. ئێمەش ئەو تۆڕە تەنراوە پێکدێنین کە دووبارە ئەو پەیوەندییانە بەرهەمدەهێننەوە. چونکە حزبەکان دەنگ و ڕەنگی ئێمەن و گوزارشت لە «بوونمان» دەکەن. کە ئێمە چەوتبین ئەوانیش چەوتن. بۆ ڕۆشنایی زیاتریش گونجاوە بەکورتی بڵێین «ئەوان وەک ئێمەن» دروست وەک پەیوەندیی ئاغا و نۆکەرەکان. وەک وتمان، حزبەکان، سەرجەمی نێوەندەکانی دەسەڵاتیش خۆیان بە پێداویستیی یەکەم و گرنگ دادەنێن. میکانیزمی کارکردنی ئەو بوونیان وادەکات «بوونی ڕەها دەسەڵات» بسەپێنن و «بوون»ەکانی تریش لە حوکمی «نەبوون»دابن.

ئەوان کە خۆیان بەوەڵامی تێکڕای پرسیارەکانی مرۆڤی کورد بزانن، بەچینایەتی و نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی و نوێگەریشەوە، لەوەش زیاتر بانگداشەی نوێنەرایەتی سەرجەمی چین و توێژ و تەنانەت تاکەکەسەکانیش دەکەن، ئەوا ناڕاستەی بیر و کارکردنیشیان تەواو تۆتالیتاریانەدەبێت. کە تاکەکەسەکان، هەموومان پێکەوە و هاوشێوە و لێکچووبین، ئیدی حزب و دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان، کردەگی و بیرکردنەوە سیاسییەکان، ئەگەر لە وردەکاریشدا جووتیەک بن، لە بنەما گشتییەکاندا وەک یەک نەبن.

لێرەدا گوتەیەکی «تودۆرۆف»ی مەزنە بیریاری فەرەنسایی بەڵگە رەگەزم دێتەوە یاد کە دەڵێت: «گەرچی ئێمە وادەزانین یەکدی دەگرین و تێکەڵدەبین و ئەمەش چێژمان پێدەبەخشێت، بەلام لەپاش ئەو چێژە و لە کۆتاییدا دەممان تاڵدەکات. چونکە هەموو ئامێتەبوونێک و توانەوەیەک لەناو یەکتردا، وەهمێکی مەحاڵ و پووچە». تا لەم رایەشەوە بۆمان دەردەکەوێت دروشمەکان «یەکگرتن و یەکبوون» پاساون بۆ درۆ و ساختەیی ئەو پەیوەندییە لەنگەی لە نێوان مرۆڤەکاندایە، پاشانیش لە نێوان حزب و دامەزراوەکاندا.

بەمجۆرە دەکرێت بڵێین تەنیا پەیوەندیی حزبەکان هەڵەنییە، بەڵکو پەیوەندیی خۆشەویستی هەڵەیە، پەیوەندیی هاوڕێیەتی هەڵەیە، هەموو ئەو پەیوەندییانە هەڵەن کە تێیاندا بەرامبەرەکان دان بە یەکتریدا نانێن. پەیوەندییەک کالای قەدبالای دەمی نوێگەری بێت، هاوسەنگیی رادەگیرێت و لەسەر بنەمای بەرامبەرێتی «بوونەکان» دادەمەزرێت. هەر «تودۆرۆف»یشە دەڵێت: «کۆکترین پەیوەندی، بنەماکانی داننانی بەرامبەرەکانە بە یەکتریدا».

## ■ ٣ ■

## «لێکچوون» دژی «یەکگرتن»

ئەو زامە زۆر قووڵ و سەختەی لە مێژووی کورددایە، پەرتەوازەیی و دابەشبوونە ناماقووڵەکانە. سوێی ئەم زامەش ئێستا و جگە لە هەموو کاتێکی تر زیاتر و زۆرتردەبێت، چونکە دەتوانین بە ڕاشکاوی دابەشبوو بێ وادەی جەمسەرەکان دیاریبکەین. لێرەشدا من بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونانەی لە پەراوێزی ڕووداوەکاندا نمایشدەکرێت، دەمەوێت بڵێم: «هۆکاری ئەم دابەشبوونە، لێکچوونە و جیاوازی نییە». رەنگە ئەمە جێگەی پرسیاریش بێت، چونکە بۆچوونە باوەکان پێیان وایە بنەمای دابەشبوون و لێک دابڕانەکان و هۆی یەکنەبوونیش، جیاوازییە نەک لێکچوون، جا بۆ داکۆکیکردن لە باوەڕەکەی خۆم، هەوڵی ڕۆشنکردنەوەی دەدەم.

وەک لەمەوبەر ئاماژەمان پێدا، حزبەکانی کوردستان «بوون»ی خۆیان بە پێداویستیی یەکەم دەزانن، چارەسەری سەرجەم کێشەکانیش لە پلان و هەنگاوەکانی خۆیاندا دەبینن. لەهەمان کاتدا «بەرامبەر» بە کۆسپ و ڕێگر دەزانن. لە ئاکامی ئەو بونیادە ئاڵۆزەشدا دەبینین قەوارەی بەردینی وەها دروستبووە کە خۆی لە شێوەی ئایینێکی پیرۆزدا بەرهەمدێنێتەوە و بە میکانیزمی «ئایینگەری» سنوور بۆ زیندەگی مرۆڤەکان دیاریدەکات، بەمجۆرەیە کە شێوازی حزبایەتی کوردستان، بۆ پایەگای جەماوەری ئەندامەکانی حزب، بەڕادەی سوفیگەری و دەروێشییە.

ئەم ڕەوتە بەهەر ناوێکەوە ڕێبکات، لەناکامدا گورزی گورچکبڕە لە واتای بەرینی «یەکگرتن» دەدات. ئەو قەوارە بەردینە، کە بەشێوەی دامەزراوی کۆمەلایەتی و حزبی بەدیاردەکەون، دەخوازن گشت «بوونەکان» بۆ وێنەی «بوون»ی جۆرە پاوان بکەن. هەر لەبەر ئەمەشە دەنگی نێوان حزبەکانی ئێمە جیاوازی نییە، بەڵکو لەپێناو ئەوەدایە گشت دیاردە کۆمەلایەتی و گشت هەنگاوە سیاسییەکان لەو وێنەیە بچێت کە لە دیدی خۆیاندا نەخشاندویانە. ئەم پەیوەندییە دوژمنکارییە لە نێوان «قەوارە بەردینەکان»دایە. سەرەکی بریتییە لەوەی هەریەکەیان وادەزانێت ئەویتر «پێشڕەوایەتی» لێدەستێنێت، یاخود تایبەتمەندیی «خێری» لێ زەوتدەکات. کاتێکیش دەڵێین «لێکچوون»ە دژ بە «یەکگرتن»، مەبەستمان ئەوەیە هەردوو بەرامبەر بەیەک شێواز کاردەکەن. تراژیدیای پڕۆژەی نوێگەریی کوردی ئەوەیە، لەبری «جیاوازی» ڕۆژ بەڕۆژ «لێکچوون» سەروەردەبێت. دەتوانین لە بواری جەنگی بێوادەی حزبەکاندا ببینین کە چۆن ئەوان نەک هەنگاوی جیاوازبوون نانێن، بگرە لاسایی یەکتر دەکەنەوە. پێشبڕکێ لەسەر لێکچواندنی خۆیان نێوەندێتی تاک جەمسەریدەکەن، لەم بارودۆخەشدا هیچ واتایەک بۆ فرەیی نامێنێتەوە، حزبەکان بەڕادەیەک لێکتر نزیکدەبنەوە، مایەی سەرسوورمان نییە لە ناویاندا دەنگ بەرزبێتەوە بۆ پێکهێنانی تاکە یەک «حزبی مەزن». لە ئاکامی پێکدادانە ناوخۆییەکانی ڕابردوودا یەکێک لە فەرمانبەرەکانی «UN»، گوتبووی: «جیاوازی نێوان ئەم دوولایەنەی دەجەنگێن، جیاوازی بیبسی و کۆلایە!».

بەفرەیی هێنابوو، بەسانایی دەمانتوانی کەمبوونەوەی جیاوازییەکان ببینین. تا ئەو ڕادەیەی کۆبوونەوە و

گرتبوونەوەیەک دروستدەبێت بەدەوری باوەڕداریی ڕەهادا، بە گرنگی و پاراستنی «بوون»ی «قەوارە بەردینەکان»، لەسایەی ئەمەشدا سەرجەمی کارەساتە ناماقووڵەکانی ئێمە دەخوێندرێتەوە، کاتێک «قەوارەکان» هەموو شێوازەکانی چەکداری، قۆرغکردنی سامانی ئابووری و پاوانەکردنی جوگرافیاکان بۆ پارێزگاریکردن لە خۆیان دەکەنە ڕێگا و شێوازی ڕەوا و پۆزش و لێکدانەوەی تایبەتی بۆ دەهێننەوە. جا بۆیە لەسایەی قەوارەگەرییەکی وەک ئەوەی لە کوردستاندایە ئەو هەوڵانەی بۆ چەک داماڵین و یەکێتی رووبەری نەتەوە دەدرێت بێئاکام دەمێنێتەوە. ئەو لۆژیکە بەردینەی قەوارەکان - یان جەمسەرەکان - کارپێدەکەن درێژبوونەوەی خولیای دکتاتۆرە شاراوەکانە کە لەمەوبەر و لە مێژوودا فەرمانڕەوای میرنشین و ناوچەکان بوون. بۆیە دەبینین چارەنووسی «یەکگرتن» درێژبوونەوەی لێکدانەکانە، بەڵام بەشێوەیەکی مۆدێرن.

## شەڕی براکان، سەرابی نوێگەری

«ئەوەی بەدووی سەراب کەوێت بە ئاو ناگات». پێدەچێت ئێمەش بەمجۆرە لە نوێگەریمان ڕوانیبێت، بۆیە نابێ چاوەڕوانی ئاکامە دروستەکانی بکەین.

ئێمە لەو کاتەوە بەدووی سەراب کەوتووین کە لەبەردەم لەبارچوونی «ڕاپەڕین»دا بەتەنیا شایەت بووین و هەڵوێستی کارامان نەبوو. لەپێناو خۆکرینەوە یان بەلایەنی کەمەوە بۆ پێشاندانی هێندێ لە ئازایەتی و ڕاستپەروەری و پاشانیش بۆ ڕەخنەگرتن لەو پرۆژەیەی بە «نوێگەریی کوردی» ناودێردەکرێت، پێویستە ڕێ لەو ڕاستییە نەشاردرێتەوە کە تەمەنی «ڕاپەڕین» لە تەمەنی گوڵێک زیاترنەبووە.

مەشخەڵەکانی ڕاپەڕین گوژانەوە و دووبارە هەڵگیرسانەوەشیان سانانییە، لەبەر ئەوەی کە ئەو جووڵەدزییە مەزنە دژی ڕەوتە کۆنخواز و پارێزگارەکانیش بێت: جێگای سەرسوورمان نییە ببینین هەر لە سەرەتای ساتەکانی ئەو شکۆ فیکری و زیندەگییەوە، بونیادە ڕزیوەکان مشەخۆرانە لەسەر دروشمەکان قەڵەمدەدەن. ئا ئەمەیە ئەوەی دەشێت ناویبنێین «سەرابی نوێگەری»، چونکە بە دروشمە ساختەکانی نوێگەری کە بۆ ئارایشی دەسەڵاتە کۆنەکان بڵندکراونەتەوە، ناتوانین قەرەبووی «نوێگەریی ڕاستەقینە» بکەین. بۆیە کاتێک ئەو دروشمانە هەڵبسەنگێنین و شیکاریی وردی بزوانی ڕاپەڕین بکەین، لەوپەڕی باوەڕبەخۆبوونەوە دەڵێین: «شەڕی براکان» ڕووداوێکی چاوەڕوانکراوە و بەڕەوتی ئەو هەڵانەش نامۆنییە.

مەودای ساختەی دروشمەکانی نوێگەری لەو کاتەدا دەردەکەوێت کە دەنگی تۆپەکان دەبیستین. ئەم دەنگە ئەگەر چارسکەریش بێت، بەڵام زوبانێکە شایەتی لەسەر درۆزنی دیموکراسیەت و فرەیی و دیالۆگ و ئاشتی دەدەن. دەنگی تۆپەکان ڕووی ڕاستەقینەی ئەو گووتارانە ئاشکرادەکەن کە مامەڵەیان لە گەڵماندا تەفرەدەرانەبوو. کە جەنگ دەستپێدەکات زۆرشت دەچنەوە سەر ڕەوتگاکانی خۆیان ئیتر ڕازاندنەوە کەڵکی نامێنێت و لۆژیکی سروشتیی بەرامبەرەکان دێتەئاراوە. بەڵام کارەساتی گەورە و تراژیدیای جەنگەکانیش ڕادیکالانەین و کورد واتەنی بارەکە بەلایەکدا ناکەوێ. لێرەوە جارێکی تر پێ لەسەر ئەوە دادەگرم کە ئاگری ئەمجۆرە جەنگانە، لێکچوونی بەرامبەرەکانە - لای کەمی لەساتی باوەڕهێنان بەجەنگدا. ڕەنگە دەستەواژەی «شەڕی براکان» یان «براکوژی» کلیلێکی زمانەوانی بێت بۆ دەروازەی ئەم باوەڕەم. چونکە شەڕی نێوان براکان هەمیشە مەحکومە بە کۆتاییهاتن و ئاشتبوونەوە. لێرەدا «برایەتی» ئەو پەیمانە شاراوەیە کە بونیادی هاوشێوەی بەرامبەرەکان لەنێوان خۆیاندا بەستوویانە. بەمجۆرەش دەتوانین بڵێین ئەو جەنگانەی لەناو چوارچێوەکانی «برایەتی»دا دەکرێت، ناماقووڵترین ناماقووڵەکانی مێژوون، لەبەر ئەوەی هیچ گۆڕانکارییەکیان بۆ پێشەوە لەباردانییە.

بەڵام داخۆ لەبەر چییە دەوترێت «شەڕی براکان»؟

ئەم ناولێنانە لەبەر ئەوەیە کە هەریەک لە براکان لەسەر ئەوە کۆکە کە پارێزگاری لە قەوارەی تایبەتی هەبوونی خۆی بکات. بەم پێیەش جەنگی وەها، جەنگێکی مۆزەخانەسازییە و بەهەمان میکانیزمی جەنگی نێوان خێڵ و تیرە و خێزانە فەرمانڕەواکان دایدەمەزرێنێتەوە. ئاوەهاش هیچ دەرفەتێک نامێنێت تا سپی لە ڕەش جیابکەینەوە. تا ئەو

رادەیەی کە ئێستا هەمووشتێک بە ڕەنگی خۆڵەمێشییەوە ببینرێت. ئەوەش بەڵگەنەویستە کە لە جەنگی نێوان خێڵەکاندا ناتوانرێت ئاڕاستەکردن هەر لەسەرەتاوە بەرەو سەقامگیربوونی ئاشتی چوویێت، دەنا کە شەڕ دەستپێکرد هەردوولایەنی شەڕکەر بۆ پڕۆژەی نەهێشتنی یەکتر دێنە مەیدان.

لێرەدا با سەرنجێکی سەرپێی بۆ خستنەڕووی ئەم ڕایە بخەینەڕوو.

لە هەموو شوێنێک ئەو شتە بەکاردەهێنرێت کە لەبەردەستدایە. لەبەر ئەوەی لە وڵاتەکەی ئێمەشدا ئەو شتە «چەک»ە، نابێت سەرمان لە جەنگی وەها سووڕبمێنێت. چونکە ئەم جەنگەش لە خۆیدا دەمامکی هەڵەکانی ڕابردووە. ئەگەر لێرە تەنیا شمشێر و تیروکەوان هەبووایە، شەڕ بەوان دەکرا. ئەگەر پێشبڕکێی دیموکراسی و ڕۆژنامەی ئازاد هەبووایە، لەبری ئەو هەموو خوێنەی ڕژا، تەنیا مەرەکەبی چاپخانەکانمان لەدەستدەچوو. بێگومان کەسێک نییە مەرەکەبی لە خوێن لا بەنرختربێت. ڕێگەم بدەن بڵێم جگە لە هەندێک دەنگ و هەناسەی قووڵ کە لە ناخی نوێگەرییەوە هاتوون، ئەوەی تر کە بانگداشەی نوێکردنەوە دەکات تەنیا دیوارێکی نوێبوون بەڕووی نوێگەریدا. بەداخیشەوە ئەم ئاڕاستانە سەبارەت هەموو چەمک و واتاکان یەک بەرنامەیان هەیە و تەنانەت تەقینەوەی ئازارە زۆرەکان و خوێن بەربوونی پڕۆژەی نەتەوەییش نایانخاتەوە سەر ڕێگای ڕاست و لەسەر هەموو ئاستەکان لە هەنگاوی ناماقووڵ و هەڵە بەردەوامن. هێشتاکە بۆکرانەوەی دەروازەی سێیەم و هاتنەمەیدانی «هێزی سێیەم» ڕێگر و چورتمن.

## «وەهمی فردیی/ ڕێگای سێیەم»

پێویستە دڵنیابین لەوەی کە «ڕێگای سێیەم» ئەو حزبانە نین کە بەشداری جەنگیان نەکردووە و پێیان دەڵێن حزبە بچووکەکان. چونکە ئەم حزبانە ئەگەرچی یەک فیشەکیشیان نەتەقاندبێت، بەڵام هەر تاوانبارن. لەبەر ئەوەی لەهەمان خولگەی هەڵخلیسکانەکانی نوێگەری و دیموکراسیدا دەخولێنەوە و بەهەمان شێوە کاردەکەن. ئەوان لە کارکردنەکانیاندا جەمسەرێکی تری ئەو ململانێ باو و کۆنە پێکدێنن کە وەک دووانەیەکی سوواو دەهێنرێتەوە، ئەویش ململانێی نێوان چاکە و خراپەیە. کاتێکیش لە زوبانی ئەواندا بێزاری دەبیستین و هەردوولاش وەک یەک سەیردەکەن و ڕەتیاندەکەنەوە، مەبەستیان ئەوەیە وێنەیەکی ڕەهای چاکخوازی بۆ خۆیان بکێشن و بەرامبەریش بخەنە خانەی خراپەی ڕەهاوە. ئێمە ئەگەر باوەڕ بەو ڕاستییە بهێنین کە باوەڕی فردیی «بوون» نییە، ئەوا هەڵەیە بڵێین ئەم حزبانە جیاوازن. بەڵام لەوەش زیاتر، ئەوەی زۆر ناماقووڵە ئەوەیە ئەمان تەنانەت لەسەر ئاستی سیاسیش کاری حزبایەتی خۆیان ئەنجام نادەن. ئەگەر ئەوان ئۆپۆزسیۆن بن، ئەوا دەبێت هەڵەکانی دەسەڵاتی حوکمڕانی بقۆزنەوە، تا جێی پێ لێژبکەن و پۆستەکای حوکمڕانی یاخود کورسییەکانی پەرلەمانی پێ بسەنن‌ەوە. کەچی لێرە دەرفەتی مێژوویان بۆ هەڵکەوتووە کە لای کەم بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان کاربکەن، بەڵام دەبینین پڕۆژەی هێوربوونەوەی ئەو بارودۆخە چەوتە دەخەنە بەردەمی جەنگاوەرەکان و وەک بێگانان و باڵیۆزی وڵاتەکانی دەرەوە مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکان دەکەن و بگرە شانازی بەبێلایەنی خۆیانەوە دەکەن. لەڕاستیدا ئەمان لە جەنگاوەرەکان جیاناکرێنەوە، چونکە گرنگترین خانەی پڕۆژەی دیموکراسیی کوردیان داگیرکردووە، ئەویش خانەی ئۆپۆزسیۆنە. بەمجۆرە دەکرێت بڵێین ئەرکی سەرشانی خۆیان بەئەنجام نەگەیاندووە، ئەو هێزەشیان پێکنەهێناوە کە فشار بخەنە سەر ڕەوتی ڕووداوەکان. مەبەست لە هەموو ئەم سەرنجانە ئەوەنییە لایەنگری یەکێک لە بەجەنگهاتووەکان بکەن و بەو کارە باری لەنگ ڕاستبێتەوە، بەڵام داخۆ ئەوان باوەڕیان بە دیموکراسیەت نییە و نایانەوێت دەسەڵات بگرنەدەست؟ ئەگەر وایە بۆچی هەنگاوی ڕاستیان نەناوە؟ ئایا نەدەکرا ئەو هەموو کەناڵی پەیوەندی و ڕاگەیاندنانەی هەیانە بخەنەگەڕ بۆ ئاودان و بەرەوژوورخستنی هێزی سێیەم و ڕای گشتی؟ ئەگەر چارەسەر تەنیا پێشکەشکردنی نامەیێت بە سەرکردەکانی، ئەوا ئەم کارە زۆر لەوە بچووکترە حزبێک ئەنجامیبدات، جگە لەوەی بێهودە و بێناکامیشە.

لەڕاستیدا کێشە و گرفت ئەوەنییە کام دووخێڵ بەجەنگدێن، بەڵکو لۆجیکی خێڵایەتی و ئامادەبوونی خێڵەکانە

لەم ڕوویەرە نوێیانەدا. چونکە ئەگەر لە جەنگیشدانەبن، هەمیشە تفەنگ و جبەخانەکانیان ئەوەمان وەبیردەخەنەوە کە لێرە لەم شوێنەدا ئاشتی نییە.

## «ئاشتی، خۆسازدان بۆ جەنگێکی تر»

زیاتر لە هەمووشت باس لە «ئاشتی» دەکرێت، باس لە ئاشتیخوازێتی و گرنگی ئەم دروشمە دەکرێت، کەچی لە ئێستادا «ئاشتی» پاراستنی جەمسەرداری دەسەڵاتەکانە. ئەم دروشمە بۆیە پەخشدەکرێت و داکۆکی لێدەکرێت، تا ئاراستەی هەڵەکان تێکنەچێت و وەک خۆی بمێنێتەوە. دەنا هەرگیز پەیوەستیی بەو ڕاستییە گەوهەرییەوە نییە کە گوایە گوزەران و ئازادی و سامانی تاکەکان دەپارێزێت. ئاشتیخوازیش دەبێتە ئەو تایبەتمەندێتی بۆ شەڕەنگێزەترین دەسەڵاتەکان تا خۆیانی پێ برازێننەوە.

لێرەدا پێویستە جیاوازی لە نێوان «ئاشتی»یەک و «ئاشتی»یەکی تردا بکەین، یەکێک کە تەنیا پرۆژەی درێژی ئاشتییە و یەکێکیش کە تەنیا ئاگربەستنە. ئێمە بەردەوام داوامان لێدەکرێت لەگەڵ ئاشتیدابین، بانگهێشتدەکرێین بۆ کۆڕ و کۆبوونەوە و خۆپیشاندان و ڕێپێوان لەپێناو ئاشتیدا. بێگومان پێویستە بزانین کە پەتای ئاشتیخوازی تەنیا دیاردەیەکی خۆماڵی نییە و بگرە جیهانگیرە. لێرەدا پرسیارێک دەوروژێت، ئەویش ئەوەیە داخۆ لەسەرمانە بەهەرشێوەیەک بێت لەگەڵ ئاشتیدا بین؟

ترسناکترین دیاردەی ئەم وڵاتە ئەوەیە کە هەمیشە باس لە ئاشتی دەکرێت، کەچی لەپشتەوە و لەودیو باس و خواستە گەرمەکانی «ئاشتیگەری»یەوە جەنگێکی گەرم هەیە. ئەگەر لە دەروازەی ڕووداوەکانی ئەم دواییەوە سەرنجبدەین، هەر لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە بۆمان ئاشکرادەبێت ئەو بەڵگەنامە و دۆکیۆمێنتانە پرۆژەی چ جەنگێکی خوێناوی بوون و چ کردەگیەکی تیرۆریستانە بوون دژ بەیەک. لەبەر ئەوەی ئەو ئاشتییەی بەرگری لێدەکەن، جەنگێکی حەشاردراوە، بۆیە لێرەدا ڕەنگە لە توانای کەسدا نەبێت پێشبینی بکات چ جۆرە چەکێک گەرمدەکرێت. لێرەوە دەتوانین بڵێین ئەرکی گرنگ و سەرەکی ڕۆشنگەران ئەوەیە کە بانگهێشی ڕاستەقینە سەبارەت بە ئاشتی بکەن و بەدیاریبخەن کە هەموو «ئاشتییەکان» چونیەک نین، بگرە جیاوازیشن. چونکە ئەگەر باری لەنگ بەوە ڕاستبێتەوە کە بڵێین ئاشتیمان دەوێت، ئەوا بەر لە ئێمە هیتلەر و مۆسۆلینیش گووتویانە «ئاشتیمان دەوێت». کەسێک نییە، هیچ ڕێچکە و ڕێبازێک نییە بڵێت «دژ بەئاشتیم و جەنگم دەوێت». لەبەر ئەوەش هەرگیزاوهەرگیز ناکرێت دەستەواژەیەکی لەو جۆرە بکەینە پێوەری «ئاشتیخوازی» و سەقامگیربوونی ئاشتی.

دەبینین هەمووکەس داوای ئاشتی دەکەن کەچی ئاشتیش نییە؟!

لەبەرامبەر ئەمەدا گونجاوە بگەڕێینەوە بۆ هەوڵە چاپووکەکانی «کانت»ی مەزنە فەیلەسووفی ئەڵمانیا کە لەم بوارەدا داویەتی و ویستوویەتی، ئەو باوەڕی بە ئاشتییەکی درێژخایان و بەردەوام هەبووە، بۆیە کارەکەی خۆی ناوناوە «پرۆژەی ئاشتییەکی هەمیشەیی». ئەو ڕوانینانەی ئەو گەڵاڵەیاندەکات پاشان دەبنە هەوێن بۆ ئەو دامەزراوەی لەسەرەتادا بە «کۆمەڵەی نەتەوەکان/عصبة الامم» و ئێستاش بە «نەتەوە یەکگرتووەکان» دەناسرێت. وەک دەشگێڕنەوە، هەر بۆچوونەکانی ئەم بوون سەرەک «وڵسن»یان والێکرد بانگهێشتەکەی خۆی لەسەر ئاشتی و ئازادی و مافی پێکەوە ژیانی گەلان ڕابگەیێنێت.

لەبەردەمی تەوەرەی «ئاشتی»دا هیچ شتێک هێندەی ڕاستگۆیی جیاوازیکردن گرنگ نییە. جیاوازیکردن لەنێوان ئاشتییەکان و جیاوازیکردن لەنێوان هەوڵەکانی ئاشتیخوازیدا. بۆیە من لەگەڵ ئاشتییەکدام کە جەنگی تری لە پشتەوە نەبێت. ناڵێم شەڕ کۆتاییدێت و جەنگەکان دەبڕێنەوە، بەڵام سەرەڕای ئەمە دەشێت ئاشتییەک بێتەئاراوە بنەمایەکی پتەوی وەهای هەبێت کە سنوورێک بۆ جەنگە پێشووەکان دابنێت، سنوورێک بۆ بەهەدەربردنی هەموو ئەو توانا مادی و مرۆییانە دابنێت کە جەنگەکان لووشیدەدەن. بێگومان ئاشتییەکی لەمجۆرە پێویستیی بە سەوداکردنە لەگەڵ بنەڕەتی هۆکارەکانی جەنگدا. دەنا ئەگەر ئاشتیخوازی بێت، نەک بۆ کورد بەڵکو ئاشتیمان تەنانەت بۆ ئەو گەلانەش دەوێت کە مافی ئێمەیان زەوتکردووە. بەڵام ئایا ئاشتی بەوە سەقامگیردەبێت کە بڵێین

ئاشتیمان دەوێت؟! پێدەچێت لای ئێمە ئاشتیخوازی دروشمگەرییەکی پەتی بێت، ئەگەر وانییە بۆچی تەنیا لەناو دێڕی بەیاننامەکاندا دەمێنێتەوە و سنووری قسەکردن و زۆروتنەوە جێناهێڵێت؟ بۆچی هەمووان خۆ بە ئاشتیخواز دەزانن کەچی جگە لە جەنگی بێهودە هیچی تر نییە؟ ئایا هەموو ئەمانە پێکەوە گومان ناخەنە سەر هەوڵەکانی ئاشتی لەم وڵاتەدا؟.

## «ڕێگای سێیەم»

کە دوو بەرامبەر هەڵبن، هەمیشە وەک چارەسەر باس لە لایەنی سێیەم دەکرێت. کە دوو ڕێگا هەڵبن، باس لە ڕێگای سێیەم دەکرێت. ئەگەر تایبەتمەندییەکانی باروودۆخی خۆشمان لەبەرچاوبگرین، دەزانین کە مەبەست لە ڕێگای سێیەم ڕێکخراوبوونێکی سیاسی - ئایدیۆلۆژی نییە کە لە هەیکەلی حزبیدا پێکهاتبێت، چونکە هەر ئەڵتەرناتیڤێکی لەمجۆرە توانای دەربازبوونی نییە لە ململانێی بەرامبەرێتی دووانەیی.

کاتێک ئاسۆکانی ڕێگای سێیەم دەبینین، دەتوانین بڵێین هەستمان بە پێداویستیی گرنگی نوێگەری کردووە. چونکە نوێگەرییە لەبارێدایە ئەو ڕێگایە ڕۆشنکاتەوە کە جگە لە «کرانەوە» هیچی تر نییە. ئەم کرانەوەیەش لەسەر ئاستی پرۆژەی دیموکراسیی کوردی ئەو هۆشمەندییە کە جەماوەر پەیدایدەکات و لەبری پەیوەندی خێڵەکی و دەمارگیری بەدووی بەرژەوەندییەکانی خۆی دەکەوێت، چ وەک تاک و چ وەک کۆمەڵ. لەسەر ئاستە ئاوەکییە مرۆییەکەشی، دەستبەرداربوونی باوەڕە دۆگما و ڕەهاکانە و لێگەڕانە لە باوەڕی دابەشکردنە گردەییەکانی چاک/ خراپ و هەموو دووانەکانی تر کە بیری میتافیزیکیی وەبەرهێناوە.

خۆڕزگارکردن لە چوغزی دووانە بەرامبەرەکان، واتە بینینەوەی ڕێگایەک کە بەتەنیا گرنگی بە «بوون»ی ئێمە خۆمان دەدات و هیچ چوارچێوەیەکی نییە، لەبەر ئەوەی هاوئاهەنگ و وەڵامی هەنووکەیی پێداویستییەکانمانە. ئەم ڕێگایە لە بیری مەزنە بیریارانی خۆرئاوادا تەنانەت لە «دیموکراسیەت»یشی تێپەڕاندووە و بەهایەکی گەوهەری تری هەیە.

لێرەدا دەگەینە ئاکامێک کە بڵێین: ئەوەی نوێنەرایەتی نوێگەری بکات، دەبێت بەر لە هەمووشت ئەو وانەیە دابدات کە هیچ شتێک بەتەنیا چاک و هیچ شتێک بە تەنیا خراپ نییە. ئەگەر کەلەکەی ئێمە بتوانێت چاکە هەڵبژێرێت، ئەوا دەشتوانێ بەو ڕێگایەدا ڕێبکات کە خۆی هەڵیبژاردووە، دەتوانێت فشاری خۆی بخاتە سەر هێزە سیاسییەکان، تا هەوڵبدەن لەگەڵ ویستەکانی ئەودا خۆیان تەبابکەن نەک بەپێچەوانەوە. ئەوەی نوێنەرایەتی نوێگەری بکات، دەبێت سنووری دووانە ئەرامبەرەکان ببەزێنێت و بەسەر بەها نوێکاندا بانگداشەی کرانەوە بکات. بێگومان لەم کرانەوەیەشدا چەندین گفتوگۆی تر هەیە. بەڵام بەرلەوەی دەرگاکانمان بکەینەوە، پەنجەرەکانیشمان بەڕوویدا داخست.

## «مەشخەڵەکان کووژانەوە و پریشکەکان هێشتا»

مەشخەڵەکانی ئەو ڕاپەڕینەی هاوواتای کرانەوە و نوێگەریبوو، زووبەزوو کوژانەوە. لە هەنووکەشدا لە بڵێسەی ئەو ئاگرە ڕۆشنە تەنیا چەند پریشکێک ماونەتەوە و بە چوارلادا پەرت و بڵاو هەرجارەی لە شوێنێکدا و بە بەرجەستەبوونێکی چاپووکانەوە هێندەی مەشخەڵێک ڕووناکی پەخشدەکەن. ئێمە چەند دڵنیاین لە کووژانەوەی مەشخەڵەکان، دووهێندە لەسەرسەختی و زیندوویی ئەو پریشکانە دڵنیاین. ئەوەی دەیبینین ناوی پەرلەمانی کوردییە و حکومەتی ئێمەیە، جگە لە پریشکێکی کەمی ئەو مەشخەڵانە هیچی ترنییە. کە سەرەڕای کووژانەوەی مەشخەڵەکان، تاریکیەکانی ڕابردوو ڕۆشناییان پێ لەناونابرێت. بەڵام چۆن بتوانین ئەو پریشکانە بکەینەوە بە بڵێسە؟ ئەمە پێویستی بە کردارە و کەسانێک دەتوانن وەڵامیدەنەوە کە سەودا لەگەڵ ئاگردا بکەن.

# کولتووری تەور

ڕێبوار سیوەیلی

## بەشی یەکەم

## لەمەرگی یۆتۆپیاوە بۆ ساڵی دووهەزار

شەڕی نێوخۆیی، وەک دیاردەیەک لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا، شتێکی نوێ نییە. ئەگەر لە ناواخنی چەمکی (نێوخۆیی) وردببینەوە، بە ئاشکرا بۆمان دەردەکەوێ کە نێوخۆییبوون بارێکە لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵێک یان هەر دەستە ئۆرگانێکی دیکەی سروشتیدا، دێتە ئاراوە. واتە ئێمە کاتێک مانایەکی ڕاستەقینەمان بۆ وشەی نێوخۆیی هەیە، کە بتوانین بیسەلمێنین ئەوانەی بەئەندامانی ئەو نێوخۆییە دەژمێرێن سەربە یەک ڕەگەز و زمان و مێژوون. لێرەوە شەڕی نێوخۆیی، شەڕێکە لە ناوخۆی ئەندامانی کۆمەڵێکدا و زەخیرەی بەردەوامبوونەکەیشی هەمان وزەیە کە ژیانی ئەندامەکانی ئەو کۆمەڵەی پێوەبەندە. بەم تێگەیشتنە و لە ڕوانگەی حسێب بۆکردنی مێژووی ئەفسانەیی - دینی مرۆڤەوە، دەتوانین بڵێین یەکێ لە نموونە سەرەتاییەکانی شەڕی نێوخۆیی بریتییە لە کوژرانی هابیل بە دەستی قابیلی برای. واتە دیالیکیەتی شەڕی نێوخۆیی، ڕەوایەتی خۆی لە مێژووە دێرینەکەیەوە بەدەستدەهێنێت و کولتووریش جگە لە پەناگەیەک بۆ دوورەپەرێزی لە دووبارەبوونەوەی ئەو جەنگانە چیدی نییە کە مرۆڤ بە درێژایی هەزاران ساڵ لە سازدانیدا هەوڵیداوە.

* * *

بەڵام ئەگەر کولتووری مرۆڤایەتی و گەشەی فەرهەنگی گەلان نیشانەی خۆبەدوورگرتنی مرۆڤ بێت لە ئەهریمەنیەتی شەڕ، ئەوە دەبوو سەردەمی ئێستاو مێژووی ئەم سەردەمە بە دووربێت لە هەموو شەڕانیەتێک. کەچی بەپێچەوانەوە، ساتەوەختی ئێستا و خۆبینینەوەمان لەبەردەم دەروازەی ساڵی دووهەزاردا؛ خۆبینینەوەیشە لە قوراوی بەدترین جۆرەکانی شەڕدا: شەڕی نێوخۆیی! جا ئەگەر تاساتەوەختی ئێستا چەمکی (گەشەی فەرهەنگی) ئەو یۆتۆپیایە بوویێت کە مرۆڤی ئایدیاڵی تەبایی و بە ئاشتی ژیانی خۆیی و هاوڕەگەزەکانی تێدا بینیبێ؛ ئەوە ئاگری شەڕە ناوخۆییەکان ئەو واقیعەیە کە پێویستە لە مەودوا بەوردی تێی بڕوانین.

* * *

کورد، ئەو نەتەوەیەی من سەربەوم؛ لە بواری شەڕە نێوخۆییەکاندا بە گەلێ ئەزموونی تاڵدا تێپەڕبووە. وەلێ بە پێچەوانەی کۆمەڵگاکانی دیکەوە کە هەوڵدەدەن دیاردەی شەڕی نێوخۆیی تیۆریزەبکەن و خۆیانی لە ڕێگەوە بخوێننەوە و پاشان جۆری ئاگایی لە ئاست ئەو جۆرە شەڕانەدا دروستبکەن کە بەهۆی ئەو ئاگاییەوە بەرگری لە دووبارەبوونەوەیان بکرێ؛ ئێمەی کورد لە دوای دووبارەکردنەوەی هەموو ژەمێکی شەڕەکانمان، بەتووندی هەوڵدەدەین کارەساتەکانی لەبیرکەین. بە هێماکردن بۆ ئومێدێکی ساختە و هیوایەکی نەخۆش کە پێماندەڵێ:

«ئێمەی کورد نامرین و هەڵدەستینەوە» ئاگاییەکی ساختە لەسەر خۆمان دەهێنینەبەرهەم و بەو جۆرەش شەڕی نێوخۆیی لە چاوبەستێکەوە بەرەو چاوبەستێکی دیکەی بردووین.

* * *

من پێم وایە مێژووی ئێمە یاخود ڕاسترە بڵێم: مێژووی سیاسیی کۆمەڵگای ئێمە لە زنجیرەیەک چاوبەست زیاتر چیدیکە نییە، کە لەدوای هەموو تێکشکانێ نووزەی ئەو مێژووە بە گوێیدا سرتاندوین:«ئێمەی کورد نامرین و هەڵدەستینەوە». من ئەو مێژووە ناودەنێم چاوبەست، چونکە هیچ هەستانەوەیەکی ئێمە و هیچ زیندووبوونەوەیەکمان لە ئاستی پێش تێکشکانمانەوە دەستپێنەکردۆتەوە. هەر تێکشاکانێکی ئێمە هاوشان بووە بە لە دەستدانی بڕێ لە وزە کە لە هەستانەوەکاندا نەمانتوانیوە بە دەستیبهێنینەوە و ئەو برە وزەیەش کە لە دوای کارەساتەکان ڕزگاریبووە، بەکارهێنراوە بۆ بەرهەمهێنانی هەڵقەیەکی نوێ، لە زنجیرەی چاوبەستەکان. دیارە لەخۆتێگەیشتنی کورد پشتی بەهەر «ئایدیاڵێکی گەشاوە» قایم بێت و بڕوای پتەوی کورد بە «هەستانەوەی بەردەوام» لەسەردەستی هەر پێغەمبەرێ دروستبووبێ، هێشتا نابێت ئەو ڕاستییە لە بیری خۆمان ببەینەوە کە بێماندەڵێ: بۆ هەموو هەستانەوەیەک پێویستت بە بڕێ وزە هەیە و لەگەڵ هەموو هەستانەوەیەکیشدا بڕێ وزە لەدەستدەدەیت.

* * *

ڕێک ڕاست بارودۆخی ئێستای ئێمە لەو دەڤەرەدا کە پێی دەڵێن کوردستانی باشوور، بارودۆخێکە هاوشان بە لەدەستدانی ئەو وزەیەی کە تائێستا یۆتۆپیاکەمانی لەسەر وەستابوو. واتە ئەو وزەیەی کە لەو مەڵبەندەدا کاردەکات هیچ یۆتۆپیایەکی پێ بەرهەم ناهێنرێ؛ چونکە خودی بارودۆخی کوردستانی خوارووو وەدیهاتنی یەکێکە لە یۆتۆپیاکانی مرۆڤی کورد. ئەو وزەیەی کە یۆتۆپیای ئێمەی لەو بەشەی وڵاتدا بەرهەمدەهێنا بە توندی بەسترابوو بە ئامادەبوونی هێزێکی دەرەکی و بێگانە بەچەمکی «ئاگایی بەکۆمەڵی کورد» و ئەو هێزەی کە ئەو ئاگاییە بە کۆمەڵییە بەرهەمیدەهێنا. ئامادەبوونی دوژمنی دەرەکی جۆرێ لە یەکێتی و تەبایی لە ناوەوەی مرۆڤی کورددا بەرهەمدەهێنا و ئەو جۆرە یەکێتی و هەستی تەباییەش ئەو وزەیەی دەدایێ کە هەم توانای بەرەنگاربوونەوەی دوژمنمان هەبێ و هەم خاوەنی یۆتۆپیایەکیش بین.

* * *

ئەوەتەی ئەو دوژمنە بێگانەیە باریکردووە گەلێ، یۆتۆپیاکەی ئێمەش مردووە. ئەم قسەیە بەمانای ئەوە نییە حەزبکەین هەمیشە دوژمنمان هەبێ؛ بەڵکو ئاماژەکردنە بۆ ئەو ڕاستییەی کە ئێمە جورئەتی ڕووبەڕووبوونەوەی واقیعیمان نییە. لە سەردەمێکدا کە تۆ خۆت دەبیتە بڕیاردەر و خاوەن ماڵی خۆت، ئیدی لە واقیعدا، لە واقیعی خۆتدا دەژیت و گەشەی تۆ بەندە بە ڕادەی تێگەیشتن و مامەڵەکردنت لەگەڵ ئەو واقیعەدا.

بەڵام نیشانەکانی واقیعی ئێستای ئێمە نە بۆنی تەبایی ئەندامەکانی کۆمەڵی ئێمەی لێدێت و نە ئاوێنەی ئاگایی بەکۆمەڵی ئێمەیشە، بە پێچەوانەوە، لەو واقیعەدا شتێکی هێندە گرنگ وونە کە ونبوونی ئەو شتە بۆتە هۆی ئامادەیی شەڕانیترین وزە و بەدترین دابڕان. تۆ ئەو شتە ونبووە ناو دەنێی «لاوازبوونی هەستی برایەتی» یان «بێویژدانی» یاخود بە زمانی فەلسەفە پێی دەڵێی پیواری (حوکمە ئەخلاقیەکان)؛ ئارەزووی خۆتە، بەڵام لێدوان لەو هێزەی جێگەی شتە ونبووەکەی داگیرکردووە واتە «شەڕی نێوخۆیی» هەلێکی باشە بۆ ئەوەی دوو ئەنجام بهێنینەدەست: یەکەم/ نیشانەی پرسیار لەئاست تێگەیشتنی هەتا ئێستای خۆمان بۆ خۆمان دابنێین و هیچ نەبێ لە گۆشەیەکی تەنیایی خۆماندا باوەڕ بەکۆتاییهاتنی ئەو وزەیە بکەین کە یۆتۆپیاکەمانی داگیرکردبوو. دووەم/ بیر لە یۆتۆپیایەکی دیکە یان بیر لە دروستکردنی وردە یۆتۆپیاکانمان بکەینەوە تا چیدی هرووژمی ئەم بەتاڵاییە بەتەوژمی شەپۆلەکانی نەمانتاسێنێ. ئەگەرچی دەزانم بیرکردنەوە لەهەر وردە یۆتۆپیایەک پێویستی بە بڕێ وزە هەیە کە ڕەنگە لە بارودۆخی ئێستاماندا وەدەستهێنانی مەحاڵ بێت.. بەڵام ئایا دەشێت لەبەردەم هاتنی ساڵی دووهەزاردابیت و خاوەنی چ یۆتۆپیایەکیش نەبیت؟!

من پێشتر لە وتارێکدا هەندێ بیروڕای نووسەری ئەڵمانی (هانس ماگنۆس ئایزنبێرگ)م بەسەرکردۆتەوە کە لەنامیلکەی «لەبەردەم دیمەنی شەڕی نێوخۆدا» ساڵی ١٩٩٣ بڵاویکردەوە.(١) بەڵام پێموایە ڕەهەندی بۆچوونەکانی ناوبراو لەکاتی هەموو قسەکردنێ لەمەڕ شەڕی نێوخۆییەوە، گرنگی تایبەتی خۆیان هەیە. ئەمە جگە لەوەی کە من ئەو نووسینە هەر تەنیا وەکو دەقێکی زانستی و فیکری تەماشاناکەم؛ بەڵکو وەک دەقێکی کراوەی ئەدەبیش دەیبینم کە دەشێت بەچەند باردا تەئویلی بکەین.

ئایزنبێرگ لەو نامیلکەیەدا سەرنجی خۆی ئاڕاستەی ئەو ئانارامییە دەکا کە لە بەشێکی زۆری جیهاندا بەهۆی شەڕی نێوخۆوە خۆی دەردەبڕێ. واتە ئەو لای وایە کە شەڕی نێوخۆیی هەر تایبەت نییە بەکۆمەڵگا دواکەوتووەکانەوە، بەڵکو گەلێ نموونەی ئەو جۆرە شەڕانە لە دڵی کۆمەڵگای ئەورووپی خۆیشیەوە سەرهەڵدەدەن.

* * *

لە ڕۆژگاری دێریندا شەڕکردن جۆرێ لە چالاکی بوو بۆ پتەوکردنی بوونیادە ئابوورییەکان و بەرفراوانکردنی دوکان و بازاڕی نوێ یاخود بۆ پتەوکردنی عەزم و وورەی ئەندامانی ئەو کۆمەڵەی شەڕکەران لێوەی هاتبوون. بەڵام ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی بڕوانینە شەڕە نێوخۆییەکانی ئەمڕۆی جیهان، هەر زوو دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەو شەڕانە نابنە هۆی پتەوکردنی بنەمای ئابووری و عەزم و وورەی ئەندامانی میللەتێکیش لەئاست ئەندامی میللەتێکی تردا پتەوناکەن. پووچگەرایی ئەم شەڕانەش هەر ئالێرەدایە. بەڵام هەر خودی ئەو پوچگەراییە ناچارماندەکا بە جۆرێکی جیاواز لە سروشتی ئەو جۆرە شەڕانە وردبینەوە.

هەروەک لە ناوەکەیدا دیارە، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شەڕی نێوخۆیی ئەوەیە کە لە دەرەوە ناسەپێ. بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی زەخیرەی وەگەڕخستنی لە (ناوەوە) دابیندەکا و هێندە پێویستی بەهێزە بێگانەکان نییە. ئەگەر یەکێ لە نیشانەکانی هەبوونی دەستی بێگانە لە شەڕی نێوان دوولایەندا پڕچەککردن و پێدانی تفاقی جەنگ بێت بە لایەنەکان و ئێمەش بتوانین بە هۆی ئاماژەکردن بۆ مارکەی چەک و تفاقی جەنگ، ئەو دەستەش بخەینەڕوو کە لەودیوو ڕووداوەکانەوەیە؛ ئەوە مارکەی چەک و تفاقی شەڕە نێوخۆییەکان جارێکی دی ئاماژەدەکەنەوە بۆ (ناوخۆیی)بوونی دەستی ئەودیووی ڕووداوەکانی شەڕ. بەلای بەشدارانی شەڕی نێوخۆییەوە گرنگ نییە مارکەی چەکەکانیان چیبێت، گرنگ نییە ئەوەی شەڕی پێدەکرێت تازە یا کۆن بێت یاخود ئامرازی شەڕبێت؛ چونکە ساتی بەرپابوونی شەڕە نێوخۆییەکان هەموو شتێ وەک چەک و ئامرازی شەڕ لێدەکا و وێرانکردن دەکاتە بەرگی هەموو بابەتێک. ستاتیکای ئەو لە بینینی ڕەهەندی جوانی شتەکان و بابەتەکاندا نییە، بەڵکو لە بینینی دزێوی و بەدزێوکردنی ئەو جوانیەدایە.

* * *

ئەو چەکەی لە ڕاوەندا و سۆمالیا کاری خۆی کرد چەکی ئۆتۆماتیکی نەبوو کە شەڕکەر دەزانێت چەند فیشەک لە مەخزەنەکەیدا جێیدەبێتەوە و کەی گەرم دەبێت و کەی دەوەستێ.. بەڵکو ئەو تەور و تەورداسانە بوون کە هەتا شان و بازووی شەڕکەر کاربکا ئەوانیش ملی مرۆڤی بۆ دەقرتێنن. ئەو وزەیەی بەردەوامیدەداتە پیاوی شەڕانی، بڕوای ئەو پیاوە نییە بە تفەنگەکەی دەستی و ژمارەی گوللەکانی بەرقەیی، چونکە ئەمە تووشی هیچ موفاجەئەیەکی ناکات. ئەو وزەیە وزەیەکی ناوەکی و دەروونییە بە ئاڕاستەی وێرانکردندا. ئەو وزەیە نایەوێت پلەی توانای خۆی بزانێت یان خۆی ببەستێتەوە بەڕاددەی کارایی تفەنگەکەی دەستیەوە. ئەو وزەیە دەیەوێ کوێرانە بەسەردابکەوێ و لەو بەسەراکەوتنەدا کاری خۆی بکا. شەڕکەر نایەوێت لە دوورەوە و لە پشت خەندەقێکەوە بە تفەنگێکی ئۆتۆماتیکی نیشانە لە نێچیرەکەی بگرێ؛ بەڵکو دەیەوێ بچێتە سەر نێچیرەکەی و بە تەورداسەکەی، یان تێلاکەی دەستی سەری بپژێنێ؛ بە جۆرێ کە تەوژمی خوێن هەڵبڕژێ بە ڕووخساری خۆیدا.

* * *

من شەڕە نێوخۆییەکانی مەڵبەندی خۆمانم نەدیتوون، بەڵام بڕوای تەواوم بەوەیە کە نیاز و نیەتی شەڕکەرانی

لای ئێمەش لەلایەن هەمان وزەی وێرانکەرەوە جڵەودەکرێ، وزەیەکی نیندۆگینی کە بەر لە ئێستا خۆی لە ژێر دەمامکی شەڕی ڕزگاریخوازیدا یان هەستانی شۆڕشگێڕانەدا شاردبۆوە و (ئازادی) کردبووە یۆتۆپیای خۆی. بەڵام لەسەردەمی ئازادیدا چیدی پێویستی بە خۆشاردنەوە نییە، چیدی نایەوێ بەهۆی ئاماژەکردنی بۆ یۆتۆپیایەک ڕەوایەتی بداتە خۆی، چیدی نایەوێ و لە بەرژەوەندیدا نییە بە هۆی ئاماژەکردنی بۆ بەها هاوبەشەکان و هەموو ئەو شتانەی میللەتێ دڵیان پێخۆشدەکا، ئاکاییەکی بەکۆمەڵی بەرهەمبهێنێ. ئەو لە هەڵوەشاندنەوەی شتە هاوبەشەکان و لە بەترازیدیکردنی ئاهەنگەکانەوە و لە بێ ئیعتبارکردنی هەموو ڕەوایەتیەکانەوە دەستپێدەکا بۆ ئەوەی ڕەوایەتی بە ئاکاری خۆی بدات. ئەو بەکۆمەڵ ژەهرمان دەرخواردەدا، ڕێگاوبانی هاتوچۆمان لێدەگرێ، دەستدەگرێ بەسەر داوودەرمانەکانی نەخۆشەکاندا، بانقەکان خاڵیدەکات، زانستگاکان دەکاتە بارەگا، حەڵاڵەکان حەرامدەکا، فەتواکان دەردەکا، ڕەواجدەدا بە کوشتنی ئافرەتان و قوتابخانەکان دادەخا و ڕای گشتی پێشێلدەکات و هتد.

ئەم تایبەتمەندییە ناوەکییە، ئەو وزە دەروونییەی ئایزنبێرگ لە شەڕە نێوخۆییەکانی هاوچەرخدا هێمای بۆ کردووە و تەنیا ئارەزووی وێرانکردنە؛ وامان لێدەکا پرسیاربکەین: ئایا تاکوێ شیکردنەوەی دەروونی (بە تایبەتی تیۆرەی غەریزەی مردن) لای فرۆید لەگەڵ پێناسەی ئایزنبێرگدا بۆ شەڕە نێوخۆییەکان یەکدەگرێتەوە؟ یاخود دەپرسین: ئایا پێشکەوتنی فەرهەنگی یەکسانە بە دوورکەوتنەوە لە شەڕ؟(٢)

لێگەڕێن با بەش بە حاڵی خۆمان کەمێ لەم بارەیەوە تێفکرین.

پێش هەمووشتێ حەزدەکەم دووپاتیبکەمەوە کە شەڕی نێوخۆیی تەنیا جۆرێکە لە جۆرەکانی زەبروزەنگ. بەڵام شێوەیەکی بەربڵاوە. ڕەنگە بەخۆمان بڵێین، نەختێ شەڕی نێوخۆیی دیاردەیەکی ڕاگوزاری و کەم خایەنە و دەکرێ کۆنترۆڵبکرێ. بەڵام ئەوەمان لەیادنەچێت کە بۆ سەرهەڵدانەوەی شەڕێکی دیکەی نێوخۆیی پێویستمان بە هۆکارێکی ئۆرگیناڵ و تازەنییە، بەڵکو هۆکارە دێرینەکان ئەو ژیلەمۆیەن کە بۆیان هەیە لەهەر ساتەوەختێکدا ئاگری شەڕ خۆشبکەنەوە. مادام ئێمە شەڕی یەکەممان هەیە ئەوە تقوسی شەڕیشمان هەیە. مادام ئێمە بیرەوەریمان هەیە ئەوە دووبارەکردنەوەیشمان هەیە. کەواتە بارودۆخی ئارام، تەبا و ئاسایش ئەو بارودۆخەیە کە هۆکارە کۆنەکان و وزە شەڕانیەکەیان ماتدەکرێن تا هەناسەیەکیان بێتەوە بەبەرا؛ نەک کۆنترۆڵدەکرێن و لە چوارچێوەیەکدا جێگیردەکرێن، یان سنووریان بۆ دادەنرێ.

* * *

بێ مانایی و شپرزەیی لە کردار و هەڵسوکەوتدا، بەئاشکرا ئەو شپرزەیی و بێ مانایە ئاشکرادەکات کە لە هاندەرە ناوەکیەکاندا ئامادەیە. کوژەر، شەڕخواز و تاوانکار ئەو کەسەیە کە لە ناوەوەی خۆیدا بەوپەڕی نائارامی گەیشتووە و لەبەردەم ئارامی دەرەوەیشدا خۆی بە کەساس و هیچ لەبارانەبوو دەبینێ کە تەنیا بە یەکجۆر جیهان لێکدەداتەوە: سڕینەوەی جیهان! ئەو خۆی لە جیهانی دەوروبەریدا نابینێ بۆیە نایشتوانێ جیهانی دەوروبەری بەبێ خۆی ببینێ. لێرەوە ئەو هەڵدەستێ بەکار و بەهەڵبژاردن و بە ڕەهەندێکی دیکەدا پەلکێش دەبێت: لە ڕێگەی سڕینەوە و وێرانکاری دنیاوە خۆی لەبری دنیا دەبینێ.. دنیا دەکاتە خۆی! ڕەهەندی دنیایی دنیا ڕەتدەکاتەوە و خۆی دەکاتە ڕەهەندی دنیا..

بەڵام دەقاودەق ئا لێرەدا ئەو ناتوانێ جیاوازیبکات لە نێوان خۆی وەک بکوژێ و خۆی وەک خۆکوژێ، وادەزانێ ئەوانی تر بە دەستی ئەم دەمرن لە کاتێکدا بیری دەچێ کە هەمان ئەو دەستانە مژدەی مردنی خۆیشی بۆ دەهێنن.

* * *

ئایزنبێرگ لەزمان شایەتێکی جەنگی سۆماڵیاوە ئەم ڕووداوەمان بۆ دەگێڕێتەوە: دەستەیەکی چەکدار دەرگای نەخۆشخانەیەکیان شکاند بە مەرجێ لەو کاتەدا هیچ هرووژمێکی سەربازی لەئارادانەبوو. کەس هەڕەشەی لەو چەکدارانە نەکردبوو، دەنگی تەق وتۆقیش لە شارا نەدەبیسترا. بەڵام چەکدارەکان لەناو نەخۆشخانەکەدا بەردەوامبوون لە هەڕەشە و چاوترساندن (هەڕەشەکردن لەکێ؟ بێگومان لە نەخۆشەکان و پزیشکەکان!) و تەنیا ئەو کاتە کەمێ دڵخۆشبوون کە توانیبویان ئامێری ئیشاعەگرتن، ئامێری خاوێنکردنەوە و ئامێری

هەناسەپێدانەکەی نەخۆشخانە لەکاربخەن.. کاتێ بە تێکشکاندنی ئەم ئامێرانەوە خەریکبوون هەر هەموویان دەیانزانی کە ئاسۆی کۆتاییهاتن بە شەڕ دوورە.. هەموویان دەیانزانی ژیانی سبەینێی خۆیان لەسەر ئەوە بەندە ئایا پزیشکێ پەیدادەبێ تا چەند تەقەڵێ لە جەستەیان بدا...؟

* * *

ئەم نموونەیە نەک هەر سروشتی شەڕە نێوخۆییەکانمان بۆ ئاشکرادەکا، بەڵکو نموونەیەکی چاکیشە بۆ ناسینەوەی ئەو وزە ماجەرا ئامێزەی کە چاوی خۆی لەئاست هەموو ئیمکانێکی بەردەوامبووندا دادەخات و بە تاقە ئیمکانیەتێک کاردەکا: ئیمکانیەتی وێرانکردن. ئەمجۆرە کارکردنە نیشانەی ڕق لەدڵدابوون و لاوازی هەستی مرۆڤایەتی نییە، بەڵکو فەرامۆشکردنی چەمکی مرۆڤایەتی و خودی ڕق و کینەی ڕەهایە. بەڵام ڕقێکی کەڵەکبووی دێرینە نا، ڕقێکی پڕ مانای کۆمەڵێک نییە کە بەدرێژای ساڵان لەپێناوی ئامانجێک و یۆتۆپیایەکدا کۆبێتەوە. ئەمە ئەو ڕقە نابینایەیە کە ساتەوەختی سەرهەڵدانی یەکسانە بە سەرهەڵدانی کارەسات.

وەلێ ئەم وزەیە تا کاتی ئێستا لەکوێدابوو؟ لە چ شوێنێکدا خۆی کۆکردبۆوە؟

* * *

لەپێش فرۆیدەوە، کانت بڕوای وابوو کە مرۆڤ لە سروشتەوە بوویەکی مەرگخوازە و مەیلێکی سروشتی هەیە بەلای وێرانکاریدا، بەڵام ژیری و عەقڵ ئەو توانا سروشتیەی دیکەن لە مرۆڤدا کە بەکارپێکردن و وەگەڕخستنیان مەیلی وێرانکاری سنووری بۆ دادەنرێ. سروشت ئەو دەستەڵاتە کۆسمۆسیە، مرۆڤی بە عەقڵ چەکدارکردووە و لێرەیشەوە کردوێتیە بەرزترین ئامانج. بەڵام بەگەڕخستن و گەشەپێدانی عەقڵ ئەرکی سەرشانی مرۆڤ خۆیەتی کە لەڕێگای کەڵەکەکردنی ئەزموون و کارکردن بەزێریەوە ڕوودەدات و ئەوجا مرۆڤ ئاگایی لەسەرخۆی وەک ئامانجی بەرزی سروشت، بەدەستدەهێنێ(٣) لەم تێگەیشتنەوە کانت جۆرێ لە ڕەوایەتی دەداتە شەڕ چونکە شەڕ لەگەڵ ئەوەشدا کە تاک دەخاتە جەرگەی دەرد و ئازارەکانەوە و زیانی پێدەگەیەنێ، هێشتا ئەزموونێکە شایەنی سوودلێوەرگرتنی ڕەگەزی مرۆڤە بۆ بەکارهێنانی ئاوەز و هۆشمەندی. عەقڵ ئەو توانا سرووشتیەیە کە ئەگەر گەشەی پێبدرێ، چارەنووسی مرۆڤ لەو ئاراستەیەوە کە غەریزە بۆی دیاریکردوە دەگۆڕێ بەو ئاراستەیەی خۆی دەیەوێ و لێرەیشەوە خۆی لەسەرجەمی ئاژەڵان جویدەکاتەوە.

* * *

ئەگەر جۆرێ لە ڕەوایەتیدان بە شەڕ لای کانت، ئەنجامی لێکدانەوە و لێخوردبوونەوەی فەلسەفی بێت کە ئەوەی مرۆڤ وەکو ئەزموونێ سودی لێوەردەگرێ و عەقڵ لەو ڕێگەیەوە گەشەدەکا؛ ئەوە لێکدانەوەکانی فرۆید لە داڕشتنی تیۆرەی غەریزەی مردندا ئەنجامی کارکردنێکی زۆرە لە تاقیگەکان و خۆخەریککردنی بەردەوامە بە ڕەخنەی فەرهەنگی و لێخوردبوونەوەی میتافیزیکییەوە. فرۆید وەک دەروونناسێک و وەک ڕەخنەگرێکی فەرهەنگ لێی ڕوونبوو، کە مرۆڤ حەزێکی بێهۆی لە وێرانکاری و یەکترکوشتنە و گوماندەکا لەوەی، کە فەرهەنگ و شارستانیەت لە دەروونی خۆیدا جۆرێ (کاراسات)ی شاردبێتەوە. گەشە و پێشکەوتنی فەرهەنگی لەلای فرۆیدا وەک جەنگێک وایە لە نێوان ژیان و مەرگ دا: «... غەریزەی ژیان - ئیرۆس - کۆششدەکا بابەتە زیندووەکان گوشاد و پایەدارتربکا و بەردەوامیان پێ ببەخشێ، لە کاتێکدا غەریزەی مردن دەیەوێ توخمە زیندووەکان ملکەچی ژێر دەسەڵاتی مەرگخوازانە بکات و بیانگێڕێتەوە سەر دۆخی ماددەی بێ گیان»(٤)

* * *

تورەیی و شەڕانێتی کە دۆخەکانی پێش مەرگخوازین، زۆر شتە. منداڵی هەریەکێ لە ئێمە بڕینیبووە لە زنجیرەیەک پەلاماردان و هێرش سەری هەموو ئەو ڕێگرانەی نەیانهێشتووە پێویستییەکانمان لە ساتی خۆیاندا دابمرکێنینەوە. ئەم شێوازەی شەڕانێتی نیشانەی ئەو سەرکەشیەی (خود)ە لەو ساتەوەختەدا کە پێویستی بە خۆسەپاندن هەیە. لە وساتەدا هیچ جۆرە هەستێکی هاودەردی و تێگەیشتن لە ئازاری ئەوانیتر لە ئارادانامێنێ. چ لەزەتێک بوو هەڵکەندنی ملی ئەو بێچووە چۆلەکەیەی هیچ بوارێکی بەرگریکردنی لەخۆی نەبوو! چەندە بەدیقەتەوە

لەزەتمان لە ڕاکێشانی پەڕی باڵندان و لاقی جاڵجاڵۆکە وەردەگرت و، چەندە بە کاوەخۆ چاوەڕێماندەکرد ئەو قرژاڵە لە کونەکەی سەردەربێنێ تا بەو بەردە سەری پانبکەینەوە کە، هەم لە قەبارەی خۆی گەورەتربوو هەم قورستر!

مرۆڤ کوشتن و یەکتری وێرانکردن نەک هەر یەکەمین شەڕانیەتی ئێمە دەردەخا، بەڵکو ئەو جۆرەی شەڕانیەتیشە کە هەموو شێوازەکانی کوشتنی تاقیکردوونەتەوە. منداڵی ئێمە زنجیرەیەک کوشتنی بەردەوامبوو بۆ ئەوەی لە گەورەییماندا توانای یەکتر کوشتنیشمان هەبێ.

* * *

پاساخکردنی ئیرۆسیەت و سڕینەوەی ڕەهەندی چێژبینین لە ژیان لە فەرهەنگی ئێمەدا، کە هەرجارەی بەهۆی بەڵگەیەکەوە بووە، وایکردووە هەموو حەز و خواستەکانمان ببنە حەز و خواستی ئازارمەند و مەرگخوازی ببێتە گووتاری سەردەستەی ناو فەرهەنگی ئێمە. لێرەوە دەتوانین لەو تەوژمی سادیزمە تێبگەین کە بەخوێن و ڕۆشنبیریماندا هاژەداکا.

هەردوو ئەو بارە شەڕانیەی وەک نموونە هێنامنەوە بەستراون بە میکانیزمەکانی غەریزەی مانەوە و غەریزەی سێکسیەوە کە پاشان دێمەوە سەریان. بەڵام ئەو شێوازی شەڕانیتیەی ئایزنبێرگ لە زەبروزەنگی شەڕە نێوخۆییەکانی هاوچەرخدا ئاماژەی بۆ دەکا؛ لە جۆرێکی دیکەیەوە کارەکتەری تایبەت بەخۆی هەیە. لەو شەڕانیتیەدا نەخواستی وەلادانی ڕێگرەکان لەئارادایە و نەخواستی مانەوە و بەرگریکردن لە خود. شەڕە نێوخۆییەکان ڕێک و ڕاست دروشمی «وێرانکردنی تەواو» یان «تواندنەوەی ڕەهاو لەناوبردنی بێ دەروەست» یان بەرزکردۆتەوە. گووتاری شەڕکەر بریتییە لە مەرگخوازی بێ ئەنجام و وێرانکاری بێ مەبەست.

* * *

فرۆید هەرگیز چەمکێکی یاخود زاراوەیەکی گونجاوی ئەوتۆی بۆ نەدۆزرایەوە کە لە جیاتی دەستەواژەی «غەریزەی مردن» بەکاریبهێنێ. ئەمە لەکاتێکدا توانی چەمکی «ئیرۆس» بۆ «غەریزەی ژیان» دابنێ و چەمکی «لیبیدۆ» بۆ وزەی ئارەزوومەندی سێکسی. فرۆید لە جیاتی دۆزینەوەی زاراوەیەکی گونجاو کە مانای غەریزەی مردن بگەیەنێ، باسی ئەو «غەریزە بێدەنگە» دەکات کە «لە هێمنی و ئارامیدا بەکاری خۆی هەڵدەستێ)». واتە دەستی خۆی دەوەشێنێ. ئەم غەریزە بێدەنگە وزەی تایبەت بەخۆی نییە. وزەکەی هەمان لیبیدۆیە کە لە پشت هەموو ئارەزوومەندییەکی سێکسییەوە وەستاوە. بەڵام ئەگەر ئارەزووی سێکسی پەیڕەوی لە فەرمانەکانی ئیرۆس دەکات و «بەردەوامی پێدانی ژیانە بەهۆی چێژبینین لە بەشەکانی جەستە»(٥) ئەوە چۆن دەبێتە وزەیەکی وێرانکار؟

* * *

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێ لە پەیوەندییە هەستی و سۆزگەراییەکانی نێو کۆمەڵ بڕوانین و تێبگەین ئاخۆ پلەی خۆشەویستی و هەستی هاودەردی ئەندامانی ئەو کۆمەڵە لە چ ئاستێکدایە. بەڵام ئەگەر بمانەوێ وەڵامێکی حازربەدەستمان بۆ پرسیارەکە هەبێت، دەشێت بڵێین ئەو کاتەی خۆشەویستی مرۆڤ و ئارەزوومەندییەکەی بەناکامی و تێکشکان بگات، ئەوە وزەی لیبیدۆیی و چێژبینین لە ژیان دەگۆڕێ بۆ وزەیەکی وێرانکار و هەڵوەشێنەرەوە و شەڕانی.

ئەگەر ئەو جۆرە شیکردنەوەیە بۆ تێگەیشتن لە غەریزەی مردن ڕاست بێت، واتە وزەی مەرگ خوازی هەمان وزەی بەناکام نەگەیشتووی ئارەزووە ئیرۆسیەکان بێت؛ ئەوە ڕێگە بەخۆم دەدەم بڵێم: کە حەزی وێرانکردن لە ڕەگ و ڕیشەوە مەیلی مانەوە و بەردەوامی هەیە، بەڵام بە بێ ئەوەی ئەم مانەوەیە پەیڕەوی لە پرینسیپەکانی ژیان بکا!. غەریزەی ژیان هەروەکو لە پێشاندا گوترا ئەو غەریزەیەیە کە بەردەوامی بە ڕەهەندی زیندووی ژیان دەدات، لە کاتێکدا مەرگخواز دەیەوێت ڕەهەندی تەمان بەردەوامبکا. بەڵام هۆی ئەوەی کە ئێمە لە ژیانی ڕۆژانەماندا ناتوانین تێبینی ئەم هێزە شەڕانیە بکەین و لە فۆرمێکی بەرجەستەدا بیبینین، ئەوەیە کە هێزی ناوبراو توانایەکی

سەرسوڕهێنەری هەیە لە خۆحەشاردان و دەمامک گۆڕیندا، ئەویش بۆ خۆپاراستن لەو هێزە کاریگەرەی ئێمە لە دژی بەکاریدەهێنین. ئەو هێزە کاریگەرە چییە؟

* * *

خۆشەویستی بە مانایەکی فراوان ئەو هێزەیە شەڕانیەت ناچاردەکا کە دۆخی مەتبوون وەک چارەنووسێ قەبووڵبکات. بەڵام ئەگەر نەمانتوانی وزەی ئارەزوومەندیمان چ لە پێناوی خۆشەویستنی خۆمان و چ لە پێناوی خۆشەویستیمان بۆ هاوکارییەکی کۆمەڵێ بخەینەکار، یاخود لە پێناوی ئەو بەهایانەدا کە بۆ ژیانی خۆمان لەبەرچاومانگرتوون؛ ئەوە مەرگخوازی و شەڕانیەت - نەک وەکو هێزێکی بێگانە خۆی دەسەپێنێ - بەڵکو لە ناوەوە لە خودی خۆمانەوە ناچارماندەکا بە بەردەوامبوون لەسەر شێوازێکی ژیان کە تیایدا شەڕی نێوخۆیی تاقە جۆرێکی چالاکییە و هیچ یۆتۆپیایەکیش بەتاڵایی خەیاڵاتەکانمان پڕناکاتەوە.. ئایە دەشێت لەبەردەمی دەروازەی ساڵی دووهەزاردابیت و خاوەنی هیچ یۆتۆپیایەکیش نەبیت؟!

* * *

ئێمە لە گەرمەی یارییەکداین. تازە ناتوانین بە ئاماژەکردن بۆ پیاوە شەڕانیەکان و تاوانبارکردنیان خۆمان لە یاریکردنەکە بکێشینەوە. چەند پیاوی شەڕانی تاوانباربکەین؟. ڕاستە ئەوان یاریەکەیان دەستپێکرد و بابی ئەم دەستپێکردنەش تاوانبارن، بەڵام ئەوان تەنیا لە دەستپێکردندا تاوانبارن نەک لە بەردەوامیدان بە یارییەکە. بەردەوامبوونی ئەم یارییە تازە چیدی لە دەستی سەردارەکاندا نییە، ئەوان زۆنە خۆڵەمێشییەکانی خۆیان کردنەوە و ڕێزماتی شەڕیان داڕشت و هتد. ئەوەی بەردەوامی داوە بەم گەمەیە ئەو خواستەیە کە بڕوامان پێدەهێنێ لە باروودۆخی شەڕدا بمێنینەوە و ڕێگەبدەین شەڕانیەت ببێتە شێوازی ژیانی کۆمەڵگاکەمان.. بەرژەوەندییەکانمانی تێدا ببینینەوە، هیچ نەبێ ئەو خواستە لەسەر ئەوە ڕایهێناوین کە شەڕەکان وەک تەختەی شانۆیەک ببینین کە هەریەکەمان بە شێوازی خۆی و بەپێی پیشەی خۆی، ڕۆڵێکی لەسەر بگێڕێ..

لە سەرەتای یارییەکەوە دەشیا خۆمان بەوە دڵخۆشکردبا کە، نەمان و کوشتنی پیاوەکانی شەڕ کۆتایی بەهەموو شتێ دێنێ. بەڵام لە کاتێکدا کە شەڕ هەمووماانی کردۆتە پیاوی خۆی بڕیاری، یان خۆزگەی کوشتنی چەند کەس بخوازین؟ من پێم وایە تاقە ڕێگەیەکی شیاو لەبەردەمی هەریەکێکماندا کوشتنی پیاوەکەی ناو دەروونی خۆمانە. ئەو پیاوەی ناچاریکردین هەر لە سەرەتاوە بهێڵین شەڕ دروستببێ و ئێستاش بەم یان بەو شێوە ئاراستەماندەکا بەرەو شەڕی بەردەوام یان بەردەوامی شەڕ. ڕەنگە ئەمە تاقە ڕێگەیەک بێت کە بتوانین لە ڕێگەیەوە، بۆ ماوەیەکی زۆرکەم؛ بابڵێین بۆ ماوەی پێنج دەقیقە ئاوبانگ بەدەستبهێنین!

* * *

وەک کۆتاییهێنان بەم قسانە دەمەوێ بڵێم: هیچ نووسینێ لەسەر شەڕی نێوخۆیی ناتوانێ پێمان بڵێ شەڕ چۆن ڕابگیرێ و هەلومەرجەکان دەبێ چیبن. ئەو کەسەی بەنیازی «وەستاندنی شەڕ» یاخود خستنەڕووی «ئەڵتەرناتیف» و پێشنیارکردنەوە لەسەر شەڕی نێوخۆیی دەنووسێ؛ سەرەوژووری نائومێدییەک تەیدەکات! چونکە شەڕکەران هەموو ئەڵتەرناتیف و پێشنیارەکانیان قەبووڵن و خۆشیان بەگەرمیەوە پێشنیار دەخەنە بەردەمان و پەیمانمان دەدەنێ «هەموو شتێ بکەن بۆ ئارامکردنەوەی بارو دۆخەکان»(٦) بەڵام ئەوان هەمیشە بەفەرامۆشکردنی خاڵێکی گرنگ چاوپەستماندەکەن تابەردەوامبن لە یاریی وێرانکردن. خاڵی چاوپەست ئەوەیە کە، ئەوان هەرگیز پەیمان بە خۆیان نادەن بۆ وەستاندنی شەڕ. هەرگیز پێمان ناڵێن کەی نیازی کوشتنی پیاوەکەی نێو دەروونی خۆیانیان هەیە؟ ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەوان چیدی پیاوێکی شەڕانیان لە دەرووندانییە، بەڵکو خودی ئەو پیاوە دەروونییەن. بۆیە نووسین لەسەر شەڕی نێوخۆیی، ئەگەر ڕەوایەتیەکی بۆ خۆی لەپێشچاوگرتبێ تەنیا لەوەدا گرنگی هەیە؛ کە هەوڵبدا بەهێمنی ئامادەمانبکا بۆ تێگەیشتنێکی دیکە لە خۆمان و بێدەنگکردنی ئەو دەنگە ساختەیەی کە لەدوای هەموو تێکشکانێکەوە پێماندەڵێ: (ئێمە نامرین......).

**ئاوەڕاستی ١٩٩٥ بۆنهۆڵم - کۆپنهاگن**

## بەشی دووەم

# لاقەکردن لە وتاردوە بۆ کردار

لێدوان لە شەڕ بەبێ لێدوانێکی تایبەت لە بارودۆخی ئافرەتان لە شەڕدا، وەک ئەوە وایە؛ یەکێ لە خەسڵەتە وێرانکارەکانی شەڕمان لەبیرکردبێ. چونکە ئەگەر گوتمان بکەری شەڕ پیاوە و عەقڵیەتی شەڕانی، عەقڵیەتی پیاوسالاری، ئەوە ئافرەتان هەم دەبنە قوربانیی بکەر و هەم بە قوربانیی عەقڵیەتی ناوبراویش. شتێکی بەڵگەنەویستە کە ئایدیۆلۆژیای باوکسالاری لە میانەی شەڕەکانیدا، هەموو پێناسە و سەمبوول و میتافۆرەکانیش دەگۆڕێ و سەرلەنوێ پێناسەیاندەکاتەوە، و باری سەمبوولی تریان بەبەردادەکا. ئەم باسە هەوڵدانێکە بۆ خستنەرووی هەندێ سەرنج لەم بارەیەوە. واتە گەڕانێکە بەناو هەندێ لە میکانیزمەکانی شەڕدا، کە ئەرکی ئەو میکانیزمانە بەپلەی یەکەم؛ دۆزینەوەی پێناسە و سەمبوول و مانای نوێیە بۆ چەمکی ئافرەت. ئەمەش بەو ئاراستەیەدا کە چەمکی ناوبراو بکرێتە بەشێکی جیانەکراوە لە سەرجەمی جوگرافیای شەڕ...

یەکێک لەو میکانیزمانە بریتییە لەبەکارهێنانی لاقەکردن (اغتصاب) وەک چەکێکی کاریگەری لایەنە شەڕکەرەکان لە دژی یەکتری. بەڵام لە هەردوولادا، تاقە قوربانی لە کچان و ژنان پێکدێن و، هەرئەوان خۆشیان باشترین و ڕازگۆترین و دەردەدارترین بەڵگەن لەسەر ئەو کردارە دڕندانەیە. بۆیە هەر لە سەرەتاوە دەمەوێ خوێنەر ئاگاداربکەمەوە، کە گرنگی ئەم سەرنجانەی من تائەوکاتە بەهایان دەمێنێ، کە خودی قوربانیەکان دێنەدەنگ و قسە لە بارەی بارودۆخی خۆیانەوە دەکەن.. تەنیا ئەو کاتەیە کە ئێمە بەشێوەیەکی تر و لە زمانی خودی ئەو جەستانەوە لە ڕەهەندەکانی شەڕ و دڕندەیی شەڕکەران بەئاگادەبینەوە.

بۆ قسەکردن لەسەر بابەتێکی ئاوا، بێگومان یەکەم ڕێگر مەسەلەی زمانی ئەو قسەکردنەیە و دۆزینەوە و بەکارخستنی ئەو دەربڕین و زاراوانەیە کە بەکەمترین شێوە زەینییەتی پیاوانە لەودیویانەوە وەستاوە. چونکە هەروەکو فەیلەسووفی فەرەنسی (ژان ـ فرانسوا لیوتار) دەڵێ:«لەوانەیە لەو ساتەوەختەوە کە دەست بە نووسین دەکەین، بە پیاوبوون مەحکووم بین..» «.. تەنانەت لەکاتێکیشدا لە بارەی ئافرەتانەوە دەنووسین. تەنانەت کاتێ ئافرەتانەش دەنووسین»(١) بۆیە نووسین لەم بارەیەوە چەندە نووسەر لەئاست بابەت و ماتریاڵی بابەتەکەیدا بەرپرسیاردەکات، هێندەش لەئاست ئەو زمانەدا بەرپرسیاردەبێت کە لە پرۆسەی نووسینەوەکەیدا دەیخاتەکار. لەگەڵ ئەمانەشدا لێدوان و قسەکردن لەسەر بابەتێ کە دووجار بەرپرسیارماندەکات، نابێ بەهۆی ئەو بەڵگەیەوە ڕەتبکەینەوە کە مادام «نووسەر بەپیاوبوون مەحکوومە» ئەوە نرخی بابەتەکەیشی، کە بابەتێکە لەقەڵەمڕەوی مەسەلەی ئافرەت دەدات؛ کەمبکەینەوە. چونکە دواجار ئەمجۆرە نووسینانە فرێدانی هەندێ پرسیارن بۆ ناو پانتاییەکی ڕەها و پیرۆز، وە نرخی ئەم نووسینانە بەپلەی یەکەم لەوەدانییە کە، تا چەند توانیومانە ئافرەتانە بنووسین. بەڵکو تا چەند دەتوانین بەهۆی پرسیارەکانەوە ئەو پانتاییە ڕەها و پیرۆزە تێکبشکێنین کە هەموو قسەکردنێ بە دژایەتیکردنی قەڵەمڕەوەکەی خۆی لێکدەداتەوە، یاخود بە هەڕەشەیەکی دەزانێ بۆ سەر قەڵا پایەدارەکانی خۆی.

زاراوەی «لاقەکردن» لە زمانی کوردیدا ئەگەرچی دەربڕینێکی پیاوانەیە و ئەمەش لە ڕەقی دەنگی پیتی (لاقە)دا بە ڕوونی دیارە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا شایەنی ئەوەیە لە باسێکی وەهادا بەکاربهێنرێ کە نیازی ئەوەیە (ڕەقی) ئەو کردەیە ئاشکرابکات. هەروەها زاراوەی ناوبراو لە چاو زاراوە هاوڕەگەزەکانیدا؛ کەمتر بە ڕەهەندێکی دینی بارگاویبووە. بۆ نموونە ئێمە لە زمانی کوردیدا وشەی (ناموس تکاندن، ئابڕووبردن، ئەتککردن، هەتکی ناموس، سەرپێشێوکردن و هتد)مان هەیە کە هەموویان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ڕەهەندی ئەخلاقی - دینی مانای وشەکان بەرجەستەدەکەن.. ئەمە جگە لەوەی کە هەریەکێ لەو وشانە لە بواری ئاخاوتنی ڕۆژانەدا مانای جیاواز وەردەگرن. بۆ نموونە دەشێت وتنی قسەی ڕەق شێوازێکی سەرپێشێوکردن بێت و بڕینی ئەندامێ لە

ئەندامەکانی لەش، یاخود دەستدرێژیکردنە سەر ماڵیات و باخاتی یەکتر بە ئەتککردن لێکبدرێتەوە. ئەمە جگە لەوەی، ئەوەی کە لە ناوچەیەکی کوردستاندا بە«ئابڕووتکان» لەقەڵەمدەدرێ، مەرج نییە هەمان کردە لە ناوچەیەکی تردا بەو جۆرە لێکبدرێتەوە. مەسەلەی «ڕەدووکەوتن» نموونەیەکە لەو بابەتە. هەڵبژاردنی وشەی لاقەکردن لەم بابەتەدا بەلای منەوە لەبەر ئەوەیە کە جگە لەوەی زاراوەکە مانای هەموو وشەکانی تر لەخۆی دەگرێ؛ زیاتریش کۆنکرێتییە و ئاماژەیە بۆ لاقەکردنی شتێکی تر کە (جەستە)ی مرۆڤە. کاتێ دەڵێین «هەتکی نامووس» یان «ئابڕووبردن» مانای نامووس و ئابڕوو بە شێوەیەکی کۆنکرێتی نەخراوەتەڕوو.. بۆیە دەکرێ بپرسین مەبەست چییە لە نامووس یاخود مەبەست چییە لەئابڕوو؟ هتد. بەڵام لاقەکردن تەنیا دەتوانێت لاقەی جەستەبێت و ئەو جەستەیەش جەستەی مرۆڤ بێت. مانای لاقەکردن لە«فەرهەنگی زماندا» یاخود یەکێ لە ماناکانی بە«کاینی نارەوا»(٢) لێکدراوەتەوە. کە دیسانەوە پێم وایە وشەی «نارەوا» بە بۆچوونێکی ئایینی بارگاویکراوە، واتە نارەوابیەک کە ئایین یاساغیکردووە. بەڵام ئەگەر هاتوو لە بەکارهێنانی وشەی «نارەوا»دا مانای زۆر و زەبرمان لەبەرچاوگرت، ئەوە کەمێ لەو مانایە نزیککەوتوینەتەوە کە من بۆ وشەی لاقەکردن لەبەرچاومگرتووە. دیارە دەمەوێت هەر لێرەشدا ئەوە بڵێم کە پێم وانییە زاراوەی «دەستدرێژیی(جاوز) سێکسی» بەرامبەرێکی باشبێت بۆ زاراوەی لاقەکردن. ئەمەش لەبەر ئەوەی کە کردەی لاقەکردن بەلای منەوە بەهیچ جۆرێ کردەیەکی (سێکسی) نییە. هەروەکو لە پاشانیشدا دێمەوە سەری؛ پێم وانییە مۆتیڤی یاخود هاندەری کردەی لاقەکردن ئارەزوومەندیی سێکسی و تینوێتی بێت بۆ جەستەی ئەویتر. چونکە ئەگەر (هاندەری سێکسی)مانکرد بە هۆی سەرهەڵدانی کردەی لاقەکردن، ئەوە ئاسانیش دەبێت ئەو کردەیە ببەستین بە لایەنی دەروونی تاوانبارەوە. لێرەیشەوە؛ لە بواری (یاسایی)دا پاساوی کردەی دەستدرێژکار بەوە بدرێتەوە کە (نەخۆش)ە... سەربازەکانی سێبریا و بەعسییەکانی عێراق زۆر ئاگایانە بەرنامەیان بۆ لاقەی ئافرەتان دادەڕشت و کردەی لاقەکردنیان وەک پیشەیەک تەماشادەکرد(٣)

* * *

من لە پرسیارێکی سادەوە دەستپێدەکەم: ئایا جیاوازی هەیە لە نێوان لاقەکردنی ئافرەتان لە دۆخە ئارامەکاندا، لەگەڵ ئەو لاقەکردنەدا کە لە کاتی جەنگ و پێکداداندا بە شێوەیەکی سیستەماتیزەکراو دەچێبەرێوە؟

وەڵامی ئەم پرسیارە بەندە بەو دەلاقەیەی لێوەی دەڕوانینە «جەنگ» و «ئافرەت» و ئەوجا کردەیەکی تاوانکارانەی وەک «لاقەکردن» بەڵام کامە دەلاقە بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، لە ڕوانینی «قوربانیەکان» بۆ تاوانەکە ڕەواترە؟. لە ڕوانگەی قوربانیەکانەوە؛ بێگومان تاوانکاری هەر تاوانکارییە و دەستدرێژکردن لە دۆخی ئارام و لە هەمهەمەی جەنگدا؛ بۆ هەر مەبەست و بەهۆی هەر بەڵگەیەکەوە بێت، هەر دەستدرێژیکردنە. ئەو ئافرەتەی بەر شالاوی دەستدرێژیکردن دەکەوێ، وەک جەستە و ڕۆح شالاوەکە ئەزموونەدەکات و ناتوانێ «دۆخی ئارام» و «کاتی شەڕ و گرژی» وەک دووپانتایی جیاکارە سەبارەت بەو دەستدرێژییەی کراوەتە سەری؛ ببینێ. دۆخی ئارام هەرگیز شفاعەت بۆ کردەیەک ناکات کە بە پلەی یەکەم شەڕانیە و بە پلەی دووەمیش لەسەر جەستە و ڕۆحی مرۆڤ پراکتیکدەکرێ. لە کۆمەڵگای پیاوسالاریدا «دۆخی ئارام» سەبارەت بە ئافرەتان لە چاوبەستێ زیاتر هیچی ترنییە و خافڵبوون لێی گەورەترین مەترسی بەدوای خۆیدا دەهێنێ. چونکە لەو دۆخەدا «یاسا» و بڕیارەکان جێگەی گرژی شەڕ دەگرنەوە و بەشێوەیەکی دی ئافرەتان ڕاپێچی ژێر دەسەڵاتی پیاوسالاری دەکرێنەوە.

### ١. ناسنامەی نەتەوەیی و بەسەمبوولکردنی ئافرەت

لە پرۆسەی سازدانی «ناسنامەی نەتەوەیی»دا، مەسەلەی ئافرەت (وەک ڕەگەزو وەک سەمبوول) لایەنێکی جیانەگراوەیە. لە ناسیۆنالیزمدا، ئافرەت زنجیرەیەکە لە مانا و میتافۆری هەمەچەشن کە هەموویان بەشدارن لە سازدان و پاراستنی گیان و سەربەخۆیی نەتەوەدا. بە پێی پرنسیپەکانی ناسیۆنالیزم، ئافرەت هەر تەنها بوویەکی سەربەخۆنییە؛ بەڵکو بوویەکە نوێنەرایەتی شتێکی گەورەتر و پیرۆزتر دەکات کە «خاک» و «نەتەوە» و «نیشتمانی دایک»ە. ئافرەت شەرەف و نیشانەی پاکی و ڕەسەنی نەتەوەیە و جگە لە ئەرکە تەقلیدیەکانی: (ماڵداری، منداڵ

وبەرهێنان، گوێداری مێرد و هتد)، ئەرکی بە پاکی هێشتنەوە و سەربەرزڕاگرتنی کەلیشی لەسەرشانە. ئەم لایەنە میتافۆرییەی ئافرەت لە ئەدەبیات و هونەردا تا ئەوپەڕی توانا بەئایدیالدەکرێ و لە بەرنامەی سیاسی و پروپاگەندەی پارت و بزاڤی نەتەوەیەتیشدا وەک مەسەلەیەکی ئایدۆلۆژی دەخرێتەڕوو. بەکورتییەکەی، لە ڕوانگەی ناسیۆنالیزمەوە ئافرەت و چەمکی ئافرەت وەک هەموو میتافۆرێکی دی کە نوێنەرایەتی نەتەوەبکا و «ئێمە» لە «ئەوان»ی پێ جیابکرێتەوە؛ سەرمایەیەکی نەتەوەییە. ئەو نەک هەر خاوەن جەستەی خۆی نییە، بەڵکو تایبەتمەندییە بایۆلۆژیەکانیشی وەک کارخانەیەکی میللی تەماشایاندەکرێ، کە دەبێ ئەو کارخانەیە «رۆڵەی گەل» و «شێرانی نەبەرد» و «تۆڵەستێن»ی نەتەوە بەرهەمبهێنێ.

بەڵام وای بەحاڵی ئەو ئافرەتانەی سەرپێچی لەو سەمبوول و مانا و نرخانە دەکەن، کە لکێنراون بە بوونیانەوە و جەستەیان پێ بارگاویکراوە! وای بەحاڵی ئەو ئافرەتانەی سەرپێچی لەو پێناسە دەکەن کە «سەردار» و «پێشەوا» و «دەمراستەکانی گەل و نەتەوە بۆیان قایلبوون! چ چارەنووسێ لەبەردەم ئەوانەدایە کە لە ئایدیالەکانی باوکسالاری و پیاوسالاری هەڵدەگەڕێنەوە؟ ئەو ئافرەتەی نەزانێ کە ئەو بەشێکە لە زنجیرەیەک و ئەو زنجیرەیەش «یەکێتی» و «سەربەرزی» و «پیرۆزی» ئێمە لە بەرامبەر «ئەوان»دا ڕادەگرێ؛ نەک هەر تەنیا بەدترین و چاوەڕوان نەکراوترین چارەنووسی کۆمەڵایەتی لەسەر ڕێگەیەتی، بەڵکو سەمبوولە مێژوویەکانی نەتەوەش بەخۆیەوە «سەرشۆڕ»دەکا و ڕۆحی ئەو قارەمانانە دەخاتە عەزابەوە کە هەتا دوادڵۆپی خوێنیان لەپێناوی «شەرەف»ی نەتەوەکەیاندا جەنگێن.

لێرەوە گوتاری (دیسکۆرس) ناسیۆنالیزم، هەمیشە ئافرەت و سێکسەکەیان بە بەراورد لەگەڵ نەتەوەی دوژمندا دەبینێ و هەتا ئەو دوژمنایەتییەش قووڵتربێتەوە؛ گووتاری ناوبراو زیاتر جەخت لەسەر ماناو سەمبوولەکانی خۆی لەبەرامبەر «ئەوان»دا دەکاتەوە. وە هەتا ئەو دوژمنایەتیە درێژەبکێشێ، چاودێریکردنی ئافرەتان زیاتر دەبێ و لێرەشەوە شیمانەی (احتمال) بەژێرپێوەبوونی مافەکانیان لەلایەن پیاوانی کۆمەڵگای خۆیانەوە، زیاتردەبێت. چونکە ئەو بۆی نییە لە جەنگێکدا بێ هەڵوێست بێ کە «دژی نیشتمانەکەیەتی» و بۆی نییە لەو قۆناغەدا کە «ڕۆڵەکانی گەل» لە بەرەکانی جەنگدا دژی دوژمن دەجەنگن؛ ئەم لە ماڵەوە گلەیی لە بەختی خۆی بکات و جەنگێکی تر لە دژی پیاوانی کۆمەڵگاکەی بەرپابکا. ئەگەر چەکیش هەڵنەگرێ ئەوە دەبێ لە بەرەکانی شەڕدا «پەرستارێکی خۆڕاگر و «چێشت لێنەرێکی» چوست و «جل شۆرێکی چالاک بێت. ئەمە بەبێ ئەوەی لە نووسینەوەی مێژووی ئەو جەنگەدا، ئەو وەک قارەمان و ڕزگارکەر حسێبی بۆ بکرێ. چۆن دەتوانێ سەرپێچی بکات لەو ڕستە و دەستەواژانەی لە هەموو ساتەوەختێکدا چارەنووسی ڕەگەزی ئەو لەگەڵ پیاواندا تێکەڵدەکەن و بواری هەموو بەرگریکردنێکی لەسەر جیاوازییەکانی لێدەستێننەوە. یان لە زمانی (ڤیرجینیا ۆڵف)ەوە: ئایا ئەو دەتوانێ ڕووبکاتە برا جەنگاوەرەکانی و تکایان لێبکا کە «بەناوی منەوە شەڕ لەپێناوی نیشتمانەکەماندا مەکەن». چونکە ئەو واهەست ناکات «نیشتمانێکی هاوبەش»یان هەبێ! کام نیشتمانە هاوبەشە؟ ئەو نیشتمانە هاوبەشەی بەدرێژایی مێژوو مافەکانی لێسەندۆتەوە و وەک کۆیلە مامەڵەی لەگەڵدا کردووە؟ یان ئەو نیشتمانەی بوونی ئەوی تیاکردۆتە بوونێکی پەراوێزی و خواست و حەزەکانیشی تیا چەپێنراون؟!

لە شەڕدا، هەموو سەرمایە و سەمبوول و بەهاکانی مێژووی نەتەوە دەکەونە مەترسیەوە و ترسی ئەوە هەیە لە بەردەم هرووژمی دوژمندا لەناوبچن. لێرەوە هەموو ئەو بووانەی کە بەجۆرێ لە جۆرەکان دەلالەت لە «پاکی» و «پیرۆزی» ئەو بەهاو سەمبوولانە دەکەن، دەکەونە بەر نیگای چاودێرکردنێکی زیاتر و کۆنترۆڵێکی توندوتیژتر. چونکە شکاندنی ئەو سەمبوولانە لەلایەن دوژمنەوە؛ شکاندنی شەرەف و کەسایەتی نەتەوەییە و دەستگرتنی دوژمن بە سەریاندا بەمانای دەستگرتنی بێگانەیە بەسەر شانازیەکانی نەتەوەدا.

ئالەم بارەدا کە جەستەی ئافرەت تێکەڵ بە پەیوەندیەکی گەورەتر دەگرێت و لە پانتاییەکی جیاوازی ماناداتەماشایدەکرێ. چیدی ئەو «هاوولاتی»یەکی ناو کۆمەڵ نییە (کە نە دەوڵەت و نە یاسا دانیان بەمافەکانیا نەناوە) بەڵکو چەکێکە بەدەست کۆمەڵگاوە لە بەرامبەر کۆمەڵگایەکی تردا. چاودێریکردن و کۆنترۆڵی زیاتری ئافرەتان لە

هەموو بوارەکانی بەڕێوەبردن و یاساداناندا ڕەنگدەداتەوە و ڕۆڵێکی گرنگ دەداتە نەریت و دەزگا تەقلیدیەکان و هەموو ئەو پراکتیکانەی کە پەیوەندییان بەئافرەت و سێکسوالیتەکەیەوە هەیە. هەموو ئەو نەریتانە زیندوودەبنەوە کە لە ڕوانگەی کۆمەڵگاوە، ئافرەتان دەپارێزن و کەچی لە حەقیقەتدا ئازادییەکانی ئافرەت سنوورداردەکەن. ئەو یاسایانە پەیدادەبن کە بە ڕواڵەت دەچنە خزمەتی بەشکردنی بارودۆخی ئافرەتانەوە و کەچی لە بنەمادا بۆ ئەوەهاتوون کە ئافرەتان بکەنە بەشێ لە دارایی کۆمەڵگا و لێرەشەوە؛ بە موستەحەقی هەموو ئەو مامەڵە لەگەڵ کردنەی بزانن کە دەشێت لەگەڵ هەر جۆرە کەلوپەلێکی کۆمەڵگادا بکرێ..

شتێکی ئاشکرایە کە بەستنەوەی چارەنووسی ئافرەتان بە بەرنامەیەکی ئایدۆلۆژییەوە (وەک ئەوەی لە گووتاری ناسیۆنالیزمدا جێی سەرنجە) مەسەلەی ئافرەتان دەکاتە مەسەلەیەکی پاشکۆیی و پلە نزم، هەروەها ئەو مامەڵەکردنە هەموو ئەو بەربەستانە دەهێنێتەبەرهەم کە ناهێڵن بزووتنەوەیەکی سەربەخۆی ئافرەتان بێتەئاراوە و گەشەبکات.

بەلام دیوی ئەو دیوی گووتاری ناوبراو ڕاستەوخۆ ئاڕاستەی ژنانی بەرەی دوژمن دەکرێ. واتە دەکەوێتە بەتاڵکردنەوەی «پیرۆزی» و «ئایدیاڵ»بوون و سەمبوولیزمی ئافرەتانی بەرەی دوژمن. دەکەوێتە هێنانەخوارەوەی بەهای دایکانی ئەو بەر و دابڕکردنیان لە هەموو پاکییەک.. میکانیزمی تێکەڵکردنی چارەنووسی ئافرەتانی «خۆمان» بە مەسەلەی گشتی کۆمەڵگاوە، دەبێتە میکانیزمێ کە خواستی «ئەتککردن» و چەوساندنەوە و ئابرووبردنی ژنانی نەتەوەی بەرامبەر پەرەپێدەدات. چونکە ئەتککردنی ژنانی هێزی بەرامبەر لەهەمان کاتیشدا ئەتککردنی میللەتی بەرامبەرە و سەرشۆڕکردنە بەو میللەتە. هەموو پەلامارێکی ئافرەتانی بەرەی دوژمن، پەلاماریشە بۆ سەر سەمبوول و نیشانە پیرۆزەکانی مێژووی ئەو میللەتە.. لە ڕوانگەی گووتاری ناوبراوەوە: هەموو ئەو دایکانەی «شێرانی نەڕ»ی نەتەوەیان بەرهەمدەهێنا، لەبەرەی دوژمندا وەک ئەو داوێن پیسانە حیسابیان بۆ دەکرێ کە «زۆڵە کوڕ» و «هەتیوە» پەروەردە دەکەن.. بە کورتییەکەی، هەموو «ڤینۆس»ەکان و «چاوڕەشە بەخومارەکان» دەبنە «جادووگەر» و (فەرهادکوژە) و (پیرێژنی سەرئاسنین) و (سۆزانی). ئالێرەدایە کە ئێمە ڕووبەڕووی بە سیستماتیزەکردنی تاوانێکی وەک لاقەکردن دەبینەوە. وەک چەکێ بەکاردەهێنرێ و سێکسوالیتەی ئافرەتان دەبێتە بەشێ لەو بارەگا و مۆڵگە سەربازییانەی هێزی بەرامبەر، کە دەبێ داگیربکرێ و لەناوبچێت و لە بەهاو سەمبوولە مێژوویی و ئەفسانەییەکانی کەمبکرێتەوە. پەلاماری ئافرەتانی ئەوان و لاقەکردنیان، بارگاویکردنی داهاتووی مێژووی «ئەوانە» بە چەپۆکی «خۆمان» و مۆرییانانە بە ناوچەوانی داهاتوویاندا. لێرەوە، مامەڵەکردن لەگەڵ ئافرەتانی «ئەوان» وەکو مامەڵەکردنی لێدێ لەگەڵ جبەخانە و شمەک و تالانی تری دەستبەسەراگیراویاندا. بگرە لاقەکردنی دەبێتە بەشێک لە سەرکەوتنی بەشێک لە شەرەفی «پیاوانە»ی ئێمە بەسەر شەرەفی شکێنراوی «پیاوان»ی ئەواندا و لەمەش زیاتر، بەسەر ناسنامەی نەتەوایەتیاندا. ئەمەش ئەو پرۆسێسە بوو کە لە شەڕی یۆگسلافیای جاراندا گەیشتە چڵەپۆپەی تاوانکاری و تەنیا ساڵی ۱۹۹۱ وە بۆ ۱۹۹۲ زیاتر لە(۳۲)هەزار ئافرەت لاقەکران کە زۆربەی ئەم ژمارەیە لەلایەن سێربەکانەوە جێبەجێکراون..(٤)

## ٢. بەرەو پێناسەکردنەوەی لاقەکردن

ئەوەی سەبارەت بەناسیۆنالیزم و چارەنووسی ئافرەتان لە میانەی شەڕ و پێکداپڕژانی لایەنەکاندا گوترا، لە زۆر ڕووەوە بۆ شەڕە نێوخۆییەکان و شەڕو لێدانی نێوان هۆز، عەشیرەت و گرووپەکانیش هەر ڕاستە.(٥) ئەوە ڕاستە کە لە تەماشاکردنی یەکەمدا جۆرێ لە دژایەتی لە نێوان ئەو لایەنانەدا بەدی دەکرێ (بۆ نموونە حیزب وەکو دەسەلاتێکی ڕەواتر لە دەسەلاتی گروپ خۆی دەبینێ و هەردووکیشیان خۆیان بە ئەڵتەرناتیڤی هۆز و عەشیرەت و ڕەتکەرەوەیان دەقەبڵێنن)، بەلام لە پراکتیک و مۆراڵیاندا هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی بنەمایی نییە. هەریەکێ لەو لایەنانە خۆیان بە چەقێکی دەسەلات دەبینن کە ڕەوایەتی موتڵەق دەدەنە خۆیان و ووزەیەکی زۆر تەرخاندەکەن بۆ پایەداری هێشتنەوەی ئەو موتڵەقیەتە. بەلام هەرکات ئەو «ڕەوایەتی»یە دەکەوێتە بارودۆخێکی مەترسیدارەوە،

یاخود دەکەوێتە بەردەم وەرگرتنی هەڵوێستێک (بۆ نموونە هەڵوێست لە مافی ئافرەتان) تەماشادەکەیت؛ حیزب ڕەفتاری عەشیرەت دووبارەدەکاتەوە: (شۆڤێنیزمی خێڵایەتی) و گروپ دەکەوێتە باوەشی ئەخلاقی دینیەوە و دەسەڵاتی ئایینیش (بزووتنەوە ئیسلامییەکان)؛ بەهێماکردن بۆ مەرجەعەکانی ئاوتۆریتەی مێژووی ئیسلام: (هێنانەوەی حەدیس، ڕیوایەت و گوتەی سەردارەکانی ئیسلام) خۆی دەکاتە کەڵەگا بە سەر کۆمەڵگایەکەوە کە هیچ سەرمایەیەکی نییە تایەهۆیەوە بەرەو دەروازەکانی ساڵی دووهەزار بچێت و سەدەی بیست و یەکەم وەکو ئیمکانێ لەبەردەم هاتنەدی خەونەکانیا ببینێ(٦).

جیابوونەوەی حیزب و هۆز و گروپ، جیابوونەوەیەکی بنەمایی نییە لە ڕەوشت و ئاکاردا؛ هەروەک چۆن جیابوونەوەش نییە لەسەر ئاستی دەقەکانی حیزب و هۆز و گروپ. بەڵکو زیاتر خۆجیاکردنەوەیەکی ڕۆژانەییە لە ڕێگای زمانی ئاخاوتنەوە، کە ئەم ئاستەی خۆجیاکردنەوەیە ناتوانێ پراکتیک و مۆراڵی هەریەکێ لەو لایەنانە بگۆڕێ. بۆ نموونە؟ ئەگەر لە ماوەیەکی دیاریکراودا گوێمان بۆ (عەشایەر)ێ و (حیزبی)یەک و (بونیادگەرا) یەک گرت، بێگومان زۆرشت لە دژی یەکتر دەڵێن و لەسەر ئاستی هەڵە و تاوان و گوناهی یەکترەوە لە هەڵە و تاوان و گوناهەکانی خۆیانمان چاوبەستدەکەن و هتد. بەڵام ئەم دژایەتیکردنەی یەکدی تەنیا هەر لە ئاستی گلەیی و دیبلۆماسییەتدا (هەڵبەت بەپێی تێگەیشتنی کوردی لە چەمکی دیبلۆماسیەت)، دەمێنێتەوە و نابێتە دژایەتیەکی ئۆپۆسیسیۆنی کە بتوانێ بڕیارەکان بگۆڕێ و پووچیانبکاتەوە. چونکە هەروەکو لە پێشاندا هێمام بۆ کرد؛ ئەم ئاستە ڕۆژانەییەی خۆجیاکردنەوەی لایەنەکان لە کۆمەڵگای ئێمەدا جیاوازی بنەمایی دروستناکات و هەربۆیەشە ئەخلاق و پراکتیکی جیاواز سەرهەڵنادات کە کارەکتەری ئەو لایەنانەی پێوە بناسرێتەوە.

ئەوجا کاتێ ئەم بەڵگەنەویستە دەهێنین و بەکاریدەهێنین بۆ قسەکردن لەبارەی (لاقەکردن) لە پانتایی سیاسیی کوردیدا؛ تەماشادەکەین لەلای هەریەکێ لە چەقەکانی دسەڵاتی کوردی: (دەسەڵاتی تەقلیدی، دەسەڵاتی دینی و دەسەڵاتی حیزبی) لاقەکردن وەک پراکتیک ئامادەیە و هۆکارێکی گرنگی ڕووشکاندنی ئەویترە. هەروەها لە فەرهەنگی هەریەکێکیاندا لاقەکردن پێناسێکی ڕەوشتامێزی هەیە و بەلای هەر یەکێکیشیانەوە هەمان زەبری کوشندەی هەیە.. واتە کردەی لاقەکردن لە بنەمادا، لایان کردەیەکی (ڕەتکراوە)نییە. تەنیا شتێ کە جیایاندەکاتەوە چۆنیەتی ئاخاوتنە لەسەر ئەو دیاردەیە و قۆزتنەوەی جیاوازی ئەو بوارانەیە کە دەشێت لاقەکردن تیایدا ببێتە کردەیەکی سیستماتیزەکراوی ئامانجدار. بەڵام دیارنەبوون و ئاشکرانەبوونی ئەم کردەیە بەمانای ئەوەنییە کە خۆی بۆ ئامادەناکرێ. هەروەها بە مانای ئەوەنییە کە ئەو بارودۆخانە نارەخسێن کە گووتاری لاقەکردن تیایاندا گەشەدەکا.. وە هەروەها نەبوونی (باند) و (دەستە) و (دەزگا) و (وەزارەتی تایبەتی لاقەکردن) بەمانای ئەوەنییە کە لە پانتایی سیاسەتی کوردیدا (کادر) و (شارەزا) و (فەرمانبەر)ی ئەو بوارەمان نییە. نەخێر!. چونکە زۆر شوێن و مەیدانی کۆمەلایەتی هەن کە ڕاستەوخۆ دەبنە هۆی گەشەسەندنی گووتاری ناوبراو و خەملاندنی پلانەکانی ئەو کردەیە. بەجۆرێ دەتوانین بڵێین: کۆمەڵگای پیاوسالاری بە شێوەیەکی گشتی بە لانکی گەشەسەندنی گووتاری لاقەکردن دەژمێردرێ.

کاتێ دەگەینە ئەم ئاستەی لێکدانەوەکان، بە پێویستی دەزانم پێناسەیەک بۆ لاقەکردن بخەمەڕوو کە بەشێوەیەکی گشتی لە کۆمەڵگای ئێمە و زەینی مرۆڤی کورددا و بە تایبەتیش کەرتی (حیزب، عەشرەت و گروپ)دا ئامادەیە: «لاقەکردن ئەو کردەیەیە کە تێیدا زەبرو زەنگ یان هەرجۆرێکی تری زۆرلێکردن لەپێناوی تێکەڵبوونێکی جەستەییدا بەکاردێت. ئەگەرچی بۆی هەیە پیاو و ژن لە هەموو تەمەنێکدا بەر شاڵاوی لاقەکردن بکەون، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئافرەتان گەنج دەگرێتەوە.»(٧)

بەڵام بەبڕوای من ئەم پێناسەیە، پێناسەیەکی تەواونییە و هەموو دوورییەکانی چەمکی لاقەکردن (Rape) ناگەیەنێت. چونکە کاتێ گووتمان: «لاقەکردن کردەیەکە» ئەوە زۆر کۆنکرێتیدەکەین و بەتەنیا دەیبەستین بەلایەنی جەستەیی و فیزیکی مرۆڤەوە. واتە بەشێوەیەکی دی، دەتوانین ئەو پێناسەیە بەوە تێبگەین کە هەر کات دوو لەش لە ئەنجامی بەکارهێنانی زەبر و زۆرلێکردنەوە بەریەککەوتن؛ ئەوە کردەی لاقەکردن ڕوویداوە.. من پێم وایە سستی

ئەم پێناسەیە لەوەدایە کە (بەریەککەوتن) دوو لەش دەکاتە پێشمەرجی سەرهەڵدانی کردەی لاقەکردن، لە کاتێکدا هیچ مەرج نییە (لەشێکی کۆنکرێتی) لەئارادابێت تا دەستدرێژی و لاقەکردن ببێتە کردە. ڕاستە ئامادەبوونی (لەشی قوربانی) و (زەبری دەستدرێژیکەر) چوارچێوەیەکی بەرجەستە و کۆنکرێت دەداتە کردەکە، بەلام خۆشبەڕواییە گەر هاتو تەنیا لەم چوارچێوەیەدا تەماشای (پرۆسێسی) لاقەکردنمان کرد. بەلام ئەو پرۆسێسە چییە؟ باکەمێ لەم بارەیەوە وردبینەوە.

لاقەکردن وەکو هەردیاردەیەکی تری ناو ژیانی کۆمەڵگا، بگرە وەک هەریەکێ لە نیشانەکانی دڕندەیی کۆمەڵگا؛ بەرلەوەی کردەیەکی کۆنکرێتی بێت، بەرلەوەی پرۆسێسێکی بەرچاوبێت کە تەنیا لە ساتەوەختی (ڕوودان)یدا لێی بەئاگابێتەوە؛ وزەیەکی مێبووە لەناو زەینیەت و دەروونی مرۆڤەکاندا. ئەم «ووزە مێبووە» لە ڕێگەی دەربڕینی زمان و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەدا (زمانی لەش)و بەکارهێنان و مامەڵەکردن لەگەڵ کەرەستەی جۆربەجۆرەوە (بۆ نموونە بەکارهێنانی تەزبیح و زریزە و شتی لەو جۆرە بابەتە..) خۆی کەنالیزەدەکات. ئەمەش بەمانای ئەوەیە ، بەرلەوەی لاقەکردن وەک (ڕووداو) سەرهەڵدا؛ بەرلەوەی (قوربانی) و (دەستدرێژکار)مان هەبێ؛ بەرلەوەی (ستەم لێکراو) و (ستەمکار)مان هەبێ، کۆمەڵێ دەربڕین و دەستەواژە و سەمبوولسازیمان هەیە، کۆمەڵێ هەڵسوکەوت و وردەجوولە و نیگاکردن و لەش جوولانمان هەیە؛ کۆمەڵێ شوێن و پانتایی کۆمەلایەتیمان هەیە و (بەردەوام بەرهەم دەهێنرێتەوە)، کە هەر هەموویان دەچنە خزمەتی گەشەسەندن و برەودان بە گووتارێکەوە، کە دەشێت ناوی بنێین (گووتاری لاقەکردن).(٨)

(گووتاری) لاقەکردن بە پێناسەیەکی سادە، بریتیە لەو ڕەوایەتیەی کە زەمینەسازیدەکات بۆ سەرهەڵدانی (کردە)ی لاقەکردن. بەلام لەهەمان کاتیشدا گووتاری ناوبراو سەرجەمی ئەو ئامادەییە دەروونی و ناوەکییەیە، کە سەرەتا بەهۆی هەڵسوکەوت و نیگا و دەربڕینی زمانییەوە گەشەدەکات و دەبێتە بەشێ لەتان و پۆی کۆمەڵگا و کولتووری میللی... هەروەها سەرجەمی ئەو حوکم و بۆچوون و قسەباوانەی لەناو کۆمەڵگایەکدا ، (ڕای گشتی) ئەو کۆمەڵگایە لەسەر (ڕەگەزی مێ) بەگشتی پێکدەهێنن، لە دروستبوونی گووتاری لاقەکردنندا کاریگەری زۆریان هەیە...(٩)

کەواتە لاقەکردن وەک کردەیەک، کە تیایدا لەشێ یاخود (دەسەلاتی لەشێ) بەهۆی زەبروزەنگەوە؛ لەشێکی تر و لەشەکانی تر لاقەدەکا؛ ئەنجامێکی (سروشتی) ئەو خەسڵەتانەیە کە لەناو کۆمەڵگا و لە زەینی ئەندامەکانی ئەو کۆمەڵگایەدا سەبارەت بە ڕەگەزی (مێ) ئامادەن. بۆ ئەوەی لە بوونی دیاردەیەکی لاقەکردن لە یەکێ لە کۆمەڵگاکاندا دڵنیابینەوە؛ پێویستمان بەوەنییە کە (قوربانی)یەکان وەک بەڵگەیەک بۆ هەبوونی (دەستدرێژکار) تەماشابکەین. بەڵکو پێویستمان بە ناسینی ئەو پانتاییانە هەیە کە گووتاری ناوبراو تیایدا خۆی دەپارێزێ و زیاتر گەشەدەکات. یەکێ لەو پانتاییانەش پانتایی (سیاسەت)ە.

[لەواقیعی ئێمەدا سیاسەت و (سێکس/ لاقەکردن) بەئەندازەیەک تێکەڵبوون کە کەناڵەکانی ئەو تێکەڵبوونە زۆر ئاڵۆزبوون. ڕەنگە مەسەلەکە بگەڕێتەوە بۆ قوڵایی وێنا (تصور)ی نێری کورد بۆ سیاسەت و بۆ سێکس. نێری کورد، سیاسەت وەکو کردەیەکی «دوژمنکارانە» دەبینێ، ئەمەش لەبەرئەوەیە کە سیاسەتی کوردی هەرگیز لە وێناکردنێکی فەلسەفی یان کۆمەلایەتیەوە بۆ جیهان هەڵنەقولاوە، بەڵکو لەو تێڕامانەوە هاتووە کە کردەیەکی «تۆڵەیە لە دووژمن. سیاسەت، ئەگەر وەکو سایکۆلۆژیای گروپ یان نەتەوە تەماشایبکەین؛ ئەوە لای ئێمە تۆڵەبووە لە گروپ و نەتەوەکانی دی.

دەتوانین بڵێین کە هەستێکی قووڵی تۆڵەکردنەوە لە دەروونی هەموو سەرکردە و پێشمەرگەیەکی کوردا هەبووە. کردەی تۆڵەش لە کولتووری کوردیدا تەنیا کردەی «کوشتن» نییە؛ بەڵکو کردەی «ڕیسوا نکردن و «چاولەبەرکردن و سەرپێ حیزکردنە»! تۆ کە تۆڵەدەکەیتەوە مەرج نییە بکوژیت، بەڵکو پانتاییە پیرۆز و تایبەتیەکانی بەرامبەر پیسدەکەیت. لەم پرۆسەیەشدا ئاین بەشداریکردنی خۆی هەبووە: «حەلاڵ کردن»ی ماڵ و ژنی دوژمن ناوەڕۆکی

سەدەها فتوای جەنگ بوون کە لەسەردەمی پێغەمبەر و دواتردا، مێژووی ئیسلامیان پڕکردووە لە «حەلاڵ کردن»ی لاقەکردن و ئەتککردنی ئافرەتدا. لێرەوە لاقەکردنی ئافرەت شوێنێکی گرنگ لە خەیاڵگەی سیاسیدا وەردەگرێت، چونکە پابەندی پێتێکە پەیوەندییەکی زۆری هەیە بە سروشتی سیاسەت و جەنگەوە. ئەگەر هاتو گرنگی دەوری «قەلا»شمان لەو پەیوەندییەدا بینی کە ئاێستا خەیاڵگەی سیاسیی ئێمە دەجوڵێنێت؛ ئەوە شتی زیاترمان لەسەر سیاسەت و جەنگ بۆ ئاشکرادەبێت.

پێش هەمووشتێ، دروستکردنی «قەلا» جەوهەری ئەو ڕۆحەیە کە لە میرنشینەکانی سەدەی (نۆزدە)وە تا ئەمڕۆ ماوەتەوە. لە ڕۆژگاری ئێستاشدا «قەلاچوالان» قەلایەکی تایبەتە بۆ خۆی، هەروەها «سەری ڕەش» نەک تەنیا بەمانا سیاسییەکەی قەلایە، بەڵکو ئەگەر لە ڕووی (تۆپۆگرافی - Topographg)یشەوە سەیریبکەین؛ شوێنەکەی لە ڕووی جوگرافیەوە هەر شوێنی «قەلا»یە. ئەگەرچی هەموو دەزانین کە «سەری ڕەش» لە ڕووی سەربازییەوە شوێنێک نییە بۆ بنکەیەکی سەرکردایەتی دەستبدات؛ کەچی بنەماڵەی (بەرزانی) سوورن لەسەر مانەوە لەو جێگایەدا و پاشەکشێنەکردن لێی.. هەروەها هەڵبژاردنی «قەلاچوالان»یش جگە لەوەی وشەی «قەلا» دەلالەتە ڕەمزییەکان پتر قوولدەکاتەوە؛ جۆرێ لە پەیوەستەکی مێژوویش لە نێوان «سەرکردایەتی یەکێتی و میرەکانی بابان»دا بەدیاردەخات(١٠). ئەمە جگە لەوەی لە ئەدەبیاتی ڕاگەیاندنی ئەو دوو هێزەدا باسکردنی بادینان وەکی «قەلای پارتی» و سلێمانی وەک «قەلای یەکێتی» هێندە دووبارەدەکرێتەوە کە پێویست بەوەناکات لەسەری بڕۆین.

بەلام «قەلا» چییە؟ چۆن پێناسەی بکەین؟

قەلا دواهەمین نیشانەی بوون و مانەوەیە و ئەو جێگایەیە کە نابێت بگیرێت یان کە گیرا، دەبێ لەسەر کەللەسەری جەنگاوەرەکانیەوە پێ بخرێتە ناوی و کەس بە زیندوویی دەستگیرنەکرێت. بەو پێیە، قەلا دواهەمین نیشانەی سەربەرزییە. ئەمەش ئەو خەسلەتەیە کە لە «قەلای دەمدەم»ەوە خەیاڵگەی کورد دەبات بەرێوە و جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە نابێ جەنگاوەر بە زیندوێتی لە قەلای خۆیدا بگیرێت. بەلام لە خەیاڵگەی سێکسیدا شەرەفی ژن، (قەلا)ی پیاو و خێزان و خێڵەکەیەتی و لە ساتەوەختی ئێستادا شەرەفی حیزبیشە.

لە ڕاستیدا «شەرەفی ژن» دواهەمین قەلایە کە نابێ بگیرێت. وەکو چۆن «قەلای سیاسی» لە مەیدانی شەڕدا نابێت بگیرێت و گرتنی نیشانەی چوونەژوورەوەیە بۆ ناو عاسیترین پێتی بەرامبەر؛ خۆکردن بەناو «حەرەمسەرا»ی ژنانیشدا و ئەتککردنیان سەمبولی چوونەژوورەوە و گەیشتنە بەعاسیترین پێت. شکاندنی بەرامبەر تەنیا لە شکاندنی سەنگەرەکانیدا نابینرێتەوە، بەڵکو لە شکاندنی قەلا سێکسییەکەیدا دەبینرێتەوە. هەروەها لە خەیاڵگەی کوردیدا هەرگیز هیچ سەرکەوتنێک ناگاتە دواهەمین پلەی سەرکەوتن ئەگەر قەلای سێکسی نەبردرێت. زمانی کوردیش ئاشکراکەری ئەو وازییە سەیرەیە؛ «بۆ خۆشکێت نەگا.. بۆلە... دایکێت نەبرد...و هتد.» لێرەوە لەم خەیاڵگەیەدا «سێکس» شەڕە و «شەڕ» سێکسە.. واتە سەرکەوتن ئەوەنییە چەند زەوی بگریت، چەند ڕێگای ستراتیژی داگیربکەیت؛ بەڵکو دواجار ئەوانە هەموو لە پێتێکدا تەواودەبن کە پێتی سێکساندنی ژنی دوژمنە. دوژمنیش تا ئەوکاتەی دەتوانێ قەلا سێکسییەکانی بەسەلامەتی ڕاگرێ دەدان بە تێکشکانی خۆیدانانێ. لاقەکردنی کچە دیلەکانی لای (بەعس) نیشانەی ئەوەنییە کە پیاوانی ئاساییش برسیبوون بۆ سێکس؛ هێندەی ئەوەی نیشانەی شکاندنی ئەو قەلایەیە کە خەیاڵگەی سیاسی و سێکسی ئێمەی لەسەر دروستبووە.](١١).

### ٣. خەباتی چەکداری و لاقەکردن

خەباتی چەکداری بە درێژایی سالانێکی زۆر لەناو کۆمەڵگای کوردستاندا، وەک مەسەلەیەکی «پیرۆز» مامەڵەی لەگەڵ دەکرا. پابەندکردنی مرۆڤی خەباتگێڕی کورد بە«چەک»ەوە و چەک هەڵگرتن بەو مرۆڤە؛ لە هەمان کاتیشدا ڕەوایەتیدان بوو بە خەباتەکەیی و دان پیانانی. تەنانەت وشەی «پێشمەرگە» یەکسانکرابوو بە «چەک». واتە پێشمەرگە و خەباتکار تەنیا ئەو کەسەبوو کە چەکی هەڵدەگرت. چەک جۆرێ لە ناسنامە بوو بۆ چەکدار و ئەو کەسەی ڕێزی چەکەکەی نەگرتایە و بەرگری لێنەکردایە بەلاواز و ترسنۆک لەقەڵەمدەدرا. هەروەها چەک، بەر

لەئایدۆلۆژیا؛ ئەو بوارەبوو کە دەبا پێشمەرگە وەک ناسنامەی خۆی تەماشایکردبا.. بەجۆری چەکەکاندا ئاستەکانی «پێشمەرگەبوون» دەناسرایەوە: هەندێ جۆری چەک تەنیا بەو کەسانە دەدران کە شایەنی ئەو چەکە بوون.. لێرەوە چەک و جۆرەکانی تفەنگ، پانتاییەکی جیاکارەبوون لەناو کەرتی پێشمەرگە خۆیدا. واتە چەک هێمایەک بوو یان نیشانەیەک بوو کە ئاماژەیدەکرد بۆ پانتاییەکی گەورەتر کە حیزب و سەرکردە لە سەرووی هەموویەوەبوون. پێشمەرگەش توانایەک بوو بۆ هەڵگرتنی ئەو (هێما)یە و هۆکارێک بوو بۆ بەپایەدارهێشتنەوەی سەمبوولیزمی چەک. لە بیرکردن و لە دەستدانی چەک، لە دەستدانی بە شێکی پیرۆزبوو لە ئەناتۆمی حیزب.. لە لوولەی تفەنگەوە «ئازادی بەدەستدەهات» و ئەو پێشمەرگەیەش کە خولیای ئازادبوونی لە سەردا بوو، دەبوو بەر لە هەمووشتێ ببێتە کۆیلەی تفەنگەکەی.

ئەم تابۆی چەکە ساڵانێکی زۆری ویست بۆ ئەوەی نیشانەی پرسیاری لەسەر دابنرێ و قەڵەمی کوردی بتوانێ لە بارەیەوە بنووسێ. بەشێکی زۆری هۆکارەکانی دروستبوون و بەرهەمهێنانی «تێکستی دژ بەئاسن» دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخە بابەتیانەی مەڵبەندی کوردییان پیاتێپەڕی و بەشێکی تریشی دەگەڕێتەوە بۆ «پێگەیشتن» و کامڵبوونی ئەو زەینییەتە ڕۆشنبیرییەی کە دەتوانێت ڕووبەڕووی پیرۆزمەندی تفەنگ بوەستێتەوە. ئەگەرچی دەتوانین ئاماژە بۆ ژمارەیەک لەو (تێکستە دژە تفەنگانە) بکەین، بەڵام هێشتا پێویستی ڕەخنەیەکی شیلگیرانە لە چەک و میتافۆریەتی چەک بەتوندی هەستپێدەکرێت(١٢).

بەهەمان شێوە لێدوان لە دیاردەی لاقەکردن (چ وەک گووتار و چ وەک کردە) لەناو پانتایی پیرۆزی خەباتی چەکداریدا، بابەتێکە کەم قسەی لە بارەوە کراوە. ئەمەش بەپلەی یەکەم لەبەرئەوەی ئەم لایەنە زیاتر تورەیی دروستدەکات و بە پلەی دووەمیش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی بەڵگەنامەی نووسراو لەو بارەیەوە. بۆیە ئەوەی لێرەدا دەنووسرێ، تەنیا تەماشاکردن و لێخوردبوونەوە (تەئویل)ێکی سەرەتاییە بۆ دیاردەی ناوبراو. ئەگەرچی لەبەشی پێشوودا بەشێوەیەکی گشتی ئاماژەکرا بۆ ئاوێتەبوونی پانتایی سیاسیی کوردی لەگەڵ دیاردەی (سێکساندن/ لاقەکردن)؛ بەڵام بۆ ئەوەی لە ئاستی پراکتیکدا لەم بارەیەوە بدوێین هێشتا ڕێگایەکی دوور لەپێشدایە.

* * *

لەکاتی ئەو پیاچوونەوەیەدا کە بۆ گووتار و کردەی لاقەکردن ئەنجامدرا، هێمام بۆ ئەوەکرد کە ئاخاوتنی ڕۆژانە، هەڵسوکەوت و گەلێ شوێنی کۆمەڵگا دەبنە لانک و جێگەی گەشە و مانەوەی گووتاری لاقەکردن. لێرەوەیە کە (سەرسووچ) و ناوبازاڕی (قەیسەرییەکان) بەردەمی (حەمامی ژنان) (باخچەکان)، (سەیرانگاکان) و بەردەمی (سینەما) و گەلێ شوێنی تر، ڕاستەوخۆ دەبنە شوێنی (نێر) و نیگای نێر لەو شوێنانەدا دەبێتە نیگای باڵادەست. ئەم شوێنانە، نەک هەرتەنیا دەبنە گۆڕەپانی خۆنواندن و بەرجەستەبوونی (جەستەی نێر)؛ بەڵکو ئەو زەمینە گەرم و گوڕانەشن کە چەپاوەکانی نێر تیایاندا لەسەر ئاستی (گەپی زمان) و قسەو شۆخی ڕۆژانە سەرهەڵدەدەنەوە و، لەوێشەوە (گووتاری لاقەکردن) بەرهەمدەهێنرێتەوە. هەروەها مزگەوت و حوجرە و سەرجەمی دامەزراوە ئایینییەکانی تریش ڕۆڵی گرنگیان هەیە لە هێشتنەوە و گەشەپێدانی گووتاری ناوبراودا. چونکە ئەو پانتاییانە لەگەڵ خەسڵەتی تایبەتی خۆیاندا، ئەو سنووره جوگرافییەش دیاریدەکەن، کە لەناو کۆمەڵدا هیرارکیەتی (مراتبیە) ڕەگەزی (پیاو) و (ژن) دروستدەکات. واتە هەریەکێ لەو شوێنانەی ناومبردن دەوریان هەیە لە قووڵکردنەوەی ئەو نایەکسانیەدا کە کۆمەڵ لە نێوان ڕەگەزی (نێر) و (مێ)دا دروستیکردووە. ئەمە جگە لەوەی هەمان ئەو شوێنانە بوار بۆ ئۆرگانیزەبوونی ئایدۆلۆژیای پیاوسالاری دەڕەخسێنن. هەر لەوێشەوە سنوورەکانی ئەخلاق و هەڵسوکەوتی پەسەندکراوی کۆمەڵایەتی و سزاکان سەرهەڵدەدەن. بەڵام لەهەمووی سەیرتر، ئەزموونی (خەباتی چەکداری) و شوێنە جیاوازەکانیەتی وەک بەرهەمهێنەرەوەی هیرارکیەتی ناو کۆمەڵگا. ئەمەش ئەو لایەنەیە کە پێویستە چەند سەرنجێکی لە بارەوە بخرێتەڕوو.

* * *

ئەگەر لە ئەزموونی خەباتی چەکداریی کوردیدا، مەسەلەی ئازادییەکانی ئافرەت و مافی ژنان هەندێ جار لە

ئاستێکی ڕۆژنامەگەرییانەی سیاسەتی لایەنەکاندا خرابێتەڕوو؛ ئەوە لە پراکتیکدا: واتە لەناو ڕیزەکانی حیزب و لە مۆڵگە و بارەگاکانی پێشمەرگەدا، لەکاتی (جەولە) و دامەزرانی پێشمەرگە بەسەر ماڵی گوندەکاندا، لە هەڵبژاردنی شوێنی (مقەڕ) کردنەوەداو هتد. هیرارکیەتی باوی کۆمەڵگا و گووتاری زاڵ لەسەر ئافرەتان ڕەنگیداوەتەوە. ماوەیەکی زۆری دەوێ تابتوانین ئەم قەبلاندنە بەهۆی بەڵگەی پێویستەوە بسەلمێنین؛ بەڵام ئەو کەمە زانیاریانەی کە ئەم بۆچوونە پتەودەکەن؛ یارمەتیدەرن بۆ ئەوەی بڵێین، کە بۆچوونی ناوبراو هەر لە ئەزموونی کۆمەڵەی ئێرانەوە تا PKKی کوردستانی باکوور و، هەموو ئەو لایەنە سیاسیانەی تریش کە بانگاشەی «یەکسانی» و «مافی ژنان»یان کردووە، دەگرێتەوە. تەنانەت ئەگەر بوونی «بزووتنەوەیەکی سەربەخۆی ئافرەتان» بکەینە پارسەنگی بۆچوونەکەمان، دەتوانین لەسەرجەمی مێژووی خەباتی کورددا، دووبارەبوونەوەی هەمان هیرارکیەت و هەمان گووتاری زاڵ ببینینەوە. چونکە لە هەموو ئەو مێژووەدا هێندە (لێبووردن/ تسامح) دروستنەبووە کە سەربەخۆیی بزووتنەوەیەکی ئافرەتانی پێ قووتبچێ... هیچکامێ لەو بەند و بەناو پرۆژە سیاسییە کوردییانەی، کە مەسەلەی ئافرەتانیان خستۆتەڕوو؛ نەیانتوانیوە ئەو گووتارە باوانە و ئەو حوکمە چەسپاوانەی ناو کۆمەڵگا ـ کە ڕەوایەتیدەدەن بەپاشکۆیی هێشتنەوەی ئافرەتان ـ لەقەڵەمڕەوی سیاسی/ پراکتیکی خۆیاندا بگۆڕن. جگە لەوەی گشت ئەو لایەنانەی لە ڕووی ئایدۆلۆژییەوە، بانگاشەی یەکسانی ئافرەتانی پێشمەرگەیان لەگەڵ «برا پێشمەرگە»کانیاندا کردووە؛ جگە لەوەی ئافرەتان بە پلەی سیاسی و عەسکەری دیاریکراو گەیشتوون؛ بەڵام هەمیشە «ئافرەتبوونەکەیان» سنوورێک بووە بۆ هەموو بانگاشە ئایدۆلۆژییەکانی لایەنەکان.، واتە ئەفرەتی پێشمەرگە هەمیشە وەکو (میتافۆر/ قەلا)یەکی جەنگیی (ئێمە) لەبەرامبەر (ئەوان)دا ماوەتەوە و، فۆرمێک بووە بۆ گیاندنی مانایەکی تر.. مانایەک کە ئافرەتی کورد و کاراکتەری ئەو ئافرەتەمان بیرناخاتەوە؛ بەڵکو ئەو (بوو)ەمان بۆ بەرجەستەدەکات، کە نێری کوردی پێناسەیکردووە.

بۆیە بەشداربوونی ئافرەتی کورد لە کەرتی پێشمەرگەدا و چەک هەڵگرتنی ژنانی کورد، ئەوانی لە ئامانجە تایبەتیەکانی خۆیان نزیک نەخستەوە. تفەنگ، لە شانی ئافرەتی کورددا هیچ «یەکسانی»یەکی بۆ ئەوان لەئاست «برا پێشمەرگە»کانیاندا بەدەستنەهێنا. گەیشتنی ئافرتی پێشمەرگە بە پلەی بەرپرسیاری «سیاسی و عەسکەری» وێنای پیاوی پێشمەرگەی لەئاست ئافرەتی پێشمەرگەدا نەگۆڕی. بەڵکو هەموو ئەمانە ئەو دڵنیابوونەیان بۆ نێری کورد هێنایەدی، کە لەگەڵ ئامادەیی ئافرەتان لە مەیدانی پێشمەرگایەتیدا؛ پێویستیان پێی بوو. چونکە ئامادەبوونی ئافرەتان لەو مەیدانەدا بەر لە هەموو شتێ مەترسییەک بوو لەسەر براکانیان.

ئەوەمان لەبیرنەچێت کە لە خەیاڵگەی کورددا، کەرتی پێشمەرگایەتی قەڵەمڕەوێکە «ئازایی» و «چاو نەترسی» و «بەرەوپیری مەرگچوون»ی تیا دەسەلمێنرێ و، لە هەمان خەیاڵگەشدا ئەو خەسڵەتانە، خەسڵەتی پیاون. بۆیە کاتێ ئافرەتان ڕێگە بەخۆیان دەدەن و پێدەخەنە ئەو قەڵەمڕەوە پیاوانەیەوە؛ ئەوەی یەکەم شت کە لەوان چاوەڕواندەکرێ بریتیە لەوەی ئەو خەسڵەتانە لە خۆیاندا پیشانبدەن. بۆیە دەتوانین بڵێین: قەبوولکردنی ژنان و کچان لە کەرتی پێشمەرگایەتیدا؛ بەرلەوەی بڕواهێنانی پیاوی کوردبێت بە مافەکانی ئافرەت و خواست و تایبەتمەندیەکانیان، لەو دڵنیابوونەوە هاتووە کە ئافرەتانی پێشمەرگە بەهۆی (چەک هەڵگرتنەوە) لای برا پێشمەرگەکانیان دروستیدەکەن، چونکە لە ڕاستیدا (هەڵگرتنی چەک) هیچ مەترسییەک بە ئاڕاستەی خۆجیاکردنەوە و یاخیبوونی ژناندا دروستناکا. بگرە چەکداربوونی ئافرەتان و قەبوولکردنی سەمبوولیزمی چەک و هاتنە ژێر سێبەری تفەنگەوە؛ لە هەمان کاتیشدا دڵنیابوونەوەی پیاوی کوردە لەئاست پایەداریمانەوەی قەڵەمڕەوە نێرانەکەی.

هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر گوتمان: ئافرەتی کورد بەهۆی چەک هەڵگرتنەوە هەنگاوێکی بەرەو بەدەستهێنانی یەکسانییەکی ڕاستەقینە ـ ئەویش لەمەیدانی خەبات دا ـ هەڵهێنایەوە. ئەمەش نەک لەبەرئەوەی ئافرەتی کورد توانی لەڕێگەی هاتنەمەیدانی پێشمەرگایەتیەوە، خۆی لە کۆیلایەتی پیاو ڕزگاربکات و ببێتە کۆیلەی تفەنگ. بەڵکو لەبەرئەوەی کۆیلایەتی تفەنگ جارێکی کە توانی ئافرەتی کورد تێکەڵبکاتەوە بە سیستەمی ئەو خەیاڵگە نێرانەیەی پێشتر باسمکرد... ئەمەش بەواتای ئەوەیە، ئەمجارەیان ئافرەتی کورد لە ڕێگەی کۆیلەبوونیەوە بۆ تفەنگەکەی؛

دەبوو کۆیلایەتی ئەو سیستەمە ڕەمزییەش بکات کە لە خەیاڵی پیاوی کورددا بۆ «تفەنگ» لەپێشچاوگیراوە. ئەمەش ئەو خاڵەیە کە دەمەوێت زیاتر لەسەری بوەستم.

* * *

هەروەکو لە پێشاندا گوتم، کەرتی پێشمەرگایەتی؛ قەڵەمڕەوی سەلماندن و تاقیکردنەوەی «چاونەترسی»، «ئازایەتی»، «مەرگخوازی» و «مەردایەتی»ە. هەموو ئەم چەمکانەش ـ جگە لەوەی کارایی بەکارهێنانی ئاوەز و عەقڵ لاوازدەکەن و ژیریی (بەتاقەوە دەنێن) و، بوارەکانی تری پراکتیکردنی تێکۆشان تەسکدەکەنەوە؛(١٢)ــ چونکە ساتی سەلماندنی ئازایەتی و چاونەترسی، ساتێکەو دووبارەنابێتەوە: (تۆ یان دەیسەلمێنی کە ئازا و چاونەترسیت؛ یان دەریدەخەیت کە لاواز و ترسنۆکیت). بەڵێ، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو چەمکانە بوارەکانی تێکۆشان تەسکدەکەنەوە؛ لەهەمان کاتیشدا داینەمۆیەکن لەپشت بەرهەمهێنانەوەی بەردەوامیی (نێراتی/ نکوریە)تەوە، کە تفەنگ سەمبوولەکەیەتی. لەڕاستیدا ڕەمزیەتی تفەنگ هەر لەوەدانییە کە «ئازادی لە لوولەکەیەوە بەدەستدێت»؛ بەڵکو هێمایەکی ڕاستەوخۆشە بۆ (زەکەر)ی پیاو. چونکە لە سیستەمی ڕەمزیی قەڵەمڕەوی پێشمەرگەدا؛ هەروەکو پێشتریش گوتم، هەمیشە تفەنگ پێش ئایدۆلۆژیا دەکەوێت و پیرۆزمەندی تفەنگ، ڕێزگرتن و ترس لەتفەنگ، گوێداری و ملکەچی بۆ تفەنگ؛ نیشانەی پیرۆزکردنی حیزب و ترس و ملکەچییە بۆ حیزب و سەرکردە. بەڵام حیزب کەی دانەنێ بە ئازایەتی و چاونەترسی پێشمەرگەدا؟. بێگومان تەنیا ئەو کاتەی ئەو پێشمەرگەیە بتوانێت لە ڕێگەی پاراستنی تفەنگەکەیەوە؛ ئەو بەشە ئابڕووەش بپارێزێ کە ئەو بەرپرسیارە لەپاراستنی. تەنیا لەم کاتەدایە کە دان بەنێرایەتی و چاونەترسی ئەودا دەنرێت.. بۆیە دەتوانین بڵێین: «تفەنگ» بەپلەی یەکەم دەبێت لەشانی نێردابێت و چەک هەڵگرتنی ئافرەتان دەشێت بەجۆرێ لە هەڕەشە لێکبدرێتەوە کە لەلایەن ژنانەوە دەکرێتە سەر قەڵەمڕەوی نێر.

کەواتە ئامادەبوونی ئافرەت لە بارەگای پێشمەرگەدا، ئامادەبوونێکی نیگەرانکەربوو. ئەو هاتبووە ناو سیستەمێکی ئامازەییەوە کە هی خۆی نەبوو.. بە بایۆلۆژیایەکەوە هاتبوو کە لەو سیستەمەدا حسابی بۆ نەدەکرا.. ئەو ئامادەییە سنووری بۆ نێر دادەنا و نەیدەهێشت نێری کورد لە قەڵەمڕەوەکەی خۆشیدا کارپێکردنی (ممارسة) نێرایەتی خۆی بکات و بەزمانەکەی خۆی بدوێ.. بەڵام چارچی بوو؟ چۆن دەکرا بەرگری بکرێ لەو گرژیانەی کە ئیحتمالی ڕوودانیان هەبوو؟.. چار ئەوەبوو کە ئافرەتی پێشمەرگە هەوڵبدات لەو قەڵەمڕەوەدا خۆی (بگونجێنێ): وەک پیاو ڕەفتاربکات، جلوبەرگی پیاوانە بپۆشێ و وەک پیاو بەتفەنگەکەی خۆی برازێنێتەوە، وەک پیاو پارێزگاری لە چەکەکەی بکات و وەک پیاویش بیربکاتەوە و بدوێ. تەنیا لە ڕێگەی کاپێکردنی (نێرایەتی) خۆیەوە دەیتوانی لەو قەڵەمڕەوەدا بمێنێتەوە و جۆرێ لەدڵنیایی دروستبکات و نیشانی بدات کە ئەو مەترسیەک نییە لەسەر پیاوان.. لەبالاشەوە، ئایدۆلۆژیای حیزب بەردەوامبوو لە فۆرمۆلەکردنی ڕستە یەکسانخوازەکانی و بە سروشتیکردنی ئامادەیی ئافرەتان لەناو ئەو سیستەمەدا، کە هەمیشە لە بەرژەوەندیدایە کۆیلایەتیان پێ ڕەوا ببینێ..

* * *

بە زمانێکی سادە دەتوانین بڵێین: ئامادەبوونی جەستەیی کچان و ژنانی کورد لە «کەرتی پێشمەرگە»دا، نەبووە هۆی بەرهەمهێنانی گووتارێکی نوێ و هەڵوەشاندنەوەی گووتارە کۆنەکە. بەڵکو ئامادەبوونی بەرچاوی ئافرەتان لە کەرتی ناوبراودا، هەلێکی باشی بۆ پیاو ڕەخساندەوە تا لەنزیکەوە چاودێری «خوشکەکان»یان بکەن و ئاگایان لەهەڵسوکەوتیان بێت.. هەروەها لە ژێر پەردەی دیسیپلینی حیزبیەوە، ئەو هەڵومەرجانەیان بەسەردا بسەپێننەوە؛ کە پێشتر لەناو ماڵ و کۆمەڵدا دەیانسەپاندن. ئەمەش بەو مانایەی لە جیاتی ئەوەی بارەگا و بنکە سەربازی و مەیدانەکانی تری پراکتیکی خەباتی ڕزگاریخوازی، ببنە مەیدان و ئەتمۆسفێرێکی ئازادانەی بەرهەمهێنانی یەکسانی و مافەکانی ئافرەتان، بوونە پانتاییەک بۆ بەرهەمهێنانەوەی شێوازەکانی کۆنترۆڵی هۆز و ئایین و عەشیرەت. هەروەها میکانیزمی ئەو بیروڕا هیرارکیەیان بەرهەمهێنایەوە، کە پیاوان بە(شوان) و ژنان بە (مێگەل) دادەنێت و دوالیزمی (بەهێز/ بێ هێز) لە کەرتی پێشمەرگەشدا توانی هەمان چەقی قورسایی هەبێ کە لەناو ماڵ

و کۆمەڵگادا هەیەتی. شتێکی ئاشکرایە لەسەر پانتایی ئەم قەڵەمڕەوە نێرانەیە، کە کارپێکردنی (زەکەر) لەڕێگەی سەمبوولیزمی تفەنگەوە؛ یەکێ لە کارەکتەرەکانێتی، گووتاری (لاقەکردن) بەردەوامی وەربگرێت. وە ئەو ئامادەییە زەینییەی کە بۆ بەرهەمهێنانەوەی گووتاری ناوبراو پێویستە بە توندی خۆی بسەلمێنێ. ئا لێرەدایە کە بەشداریکردنی ئافرەتان لە خەباتی چەکداریدا شێوازێکی تر دەداتە ئەو گووتارە، یاخود زیاتر دایدەپۆشێ و زمانی نێر ناچاردەکات دەربڕینی تر بدۆزێتەوە.. (قسە لەڕوویی) پیاو لە بەرامبەر پیاواندا دەبێتە خوتبەدانێکی «ڕۆشنبیرانە». گووتاری لاقەکردن میتافۆری دیکە بۆ خۆی دەدۆزێتەوە و زیاتر و زیاتر (کولتووریزە) دەکرێ و هتد.. بەڵام ئەو ئامادەبوونەی ئافرەتان هەرگیز مەترسی لەسەر گووتاری ناوبراو دروستناکات و نەیکردووە. بۆ ئەوەی لەم تێزەش دڵنیاترببینەوە؛ پێویستمان بەوەتییە ئاماژەبکەین بۆ بەرنامەی سیاسیی لایەنەکان و بۆ ئەو بەندانە بگەڕێین کە باسی بیروڕای حیزبەکان دەکەن لەسەر ئافرەتان.. بەڵکو دەبێ لەو شوێنگەیە ووردبینەوە کە ئافرەتانی کورد لەسایەی ئەو هێزانەدا پێیگەیشتوون. ئەمەش بە تایبەتی لەباشووری کوردستان و لە بۆتەی ئەو ئەزموونە دیموکراسییەی لەو مەڵبەندەدا بانگاشەی بۆ دەکرێ.. دیارە ئامادەبوونی چەند ئافرەتێ لە (پەرلەمانی کوردی) و هەندێ دامودەزگادا ناکرێتە نیشانەی سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی سەربەخۆی ئافرەتانی کورد. وە هیچ دوورنییە ئەو ژمارەیە لە دواڕۆژدا وەک ڕێگرێک لەبەردەم بزووتنەوەیەکی ئەوتۆشدا بکەوێتەوە. چونکە ئەوەی بونیادی ئەو بزووتنەوەیە پتەودەکات و ڕەوایەتی (شرعیە)تی پێدەبەخشێ؛ خۆڕزگارکردنی ئەندامەکانیەتی لە هەموو پابەندبوونێک بە ئایدۆلۆژیای پیاوسالاری و حیزب سالاریەوە.. هەروەها پێویستە گووتاری ئەو بزووتنەوەیە ئاستی (سکالاکردن) و (لەخۆدان) و (کڕوزانەوە)ی بەردەمی دەزگاکانی دەسەلاتی کوردی ڕەتبکات و، ئاستێکی مەعریفی و دەسەلاتمەندیانە بەخۆیەوەبگرێ، تا توانای هەبێت مەرج و داخوازییەکانی بسەپێنێ..

ئەم قسەیە بە مانای ئەوەنییە کە بڕوام بە توانای ئافرەتانی چالاکی کورد و گەلانی تری ناو جوگرافیای کوردستان نەبێت؛ یاخود لەئاست هەوڵدانیاندا بۆ بەجێهێنانی پرۆسەی سەربەخۆیی، گەشبین نەبم.. بەڵکو بەمانای ئەوەیە، لەئاست ئەو عەقڵییەتە زاڵەی ئەمڕۆی پانتایی سیاسیی کوردیدا بەدگومانم.. چونکە هێندە فەنتازیا (فەنتازیای سیاسی) و دووربینی تێدا نابینرێ کە ڕێگەبدات پرۆسێسی سەربەخۆییبوونی ئافرەتانی ناوچەکە قۆناغەکانی خۆی ببڕێ و بەمەسەلەکانی خۆیەوە خەریکبێت. ئەمەش بەبێ ئەوەی بە بیانووی «ناکۆکییە دەروونییەکان»ی ئەو بزوتنەوەیەوە عەقڵی سیاسی فرسەت بهێنێ و دەستی چەواشەکردن بخاتە ناوی.. پێم وایە یەکێ لە باشترین و جوانترین ئەو (چەک)انەی کە بزوتنەوەی ژنانی کورد دەتوانێت بەهۆیەوە - لەئاست دەستی چەواشەکاردا - بەرگری لەخۆی پێبکات؛ خەملاندن و بەرزکردنەوەی ئاستی گووتاری (لێبووردن و مدارا = Toler-ance)یە لەناو ڕیز و کەرتە جیاوازەکانی خۆیدا. ئەگەر وەک ئامۆژگاریکردن نەیەتە بەرگوێ؛ دەمەوێ بڵێم: تەنیا کارکردنە بە گووتاری لێبووردن و مدارا، کە توانای زاڵبوون بەسەر کۆسپە ناوەکی و هرووژمە دەرەکییەکاندا دروستدەکات.. چونکە ئەگەر شەڕی نێوخۆیی ئەمڕۆی هێزەکان، بە پلەی یەکەم شەڕی ناوخۆی پیاوانی کوردبێ؛ ئەوە لە داهاتوودا؛ نەبوونی گووتاری ناوبراو، شەڕێکی نێوخۆیی تر دەهێنێتەبەرهەم: شەڕی نێوخۆیی ژنانی کورد!

### 4. ئەنجام

لەئەنجامدا حەزدەکەم ئەو پرسیارە بەبیری خوێنەر بهێنمەوە کە لە سەرەتای ئەم باسەوە خستمەڕوو: ئایە جیاوازی هەیە لە نێوان لاقەکردنی ئافرەتان لە دۆخە ئارامەکاندا، لەگەڵ ئەو لاقەکردنە سیستەماتیزەکراوەدا؛ کە لەکاتی جەنگ و پێکداداندا بەڕێوەدەچێ؟

ئەوەی دەمەوێت لێرەدا وەک ئەنجامگیریی بیخەمەڕوو؛ ئەوەیە، کە لاقەکردن (کردەی لاقەکردن) زیاتر لەسەردەمی شەڕ و گرژیدا سەرهەڵدەدات و؛ وەک هەموو دیاردەکانی سەردەمی شەڕیش چەکێکی دەستی لایەنە شەڕانیەکانە. واتە ئەگەر وەکو پرۆسێسێکی کۆنکرێتی تەماشای لاقەکردن بکەین؛ ئەوە شەڕە و دۆخە گرژەکان ئەو بوارەن کە کار بە چەکی ناوبراو دەکەن. بەڵام لە پیاچوونەکەماندا بۆ پێناسەی لاقەکردن و دەبەشکردنی بۆ (گووتار

و کردە)ی لاقەکردن، جەختم لەسەر ئەوە کردووە، کە لاقەکردن بەتەنیا هەر کردەیەک نییە. بەڵکو ئامادەگییەکی زەینی و دەروونیشە، واتا توانایەکی شاراوەیە کە بەجۆرەها شێواز لەناو کۆمەڵگادا دەربڕدرێ و دەیان شوێنگەی جیاوازیش دەکاتە سەکۆی نواندنی خۆی. ئەمەش دیاردەیەکە، نەک هەر لە هەلومەرجەکانی کۆمەڵگای ئێمەدا؛ بەڵکو لە کۆمەڵگاکانی دیموکراسیشدا کە ئاستی یەکسانی پیاو و ژن لێکترەوە نزیکن و بزووتنەوەی ئافرەتان مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە، هەر بەرچاودەکەوێت. تەنانەت لە کۆمەڵگای پۆست مۆدێرنیستیشدا بوارەکانی تەکنەلۆژیای ڕاگەیاندن و چاپەمەنی و پەیوەندییە دیدارییەکان: (فیلمی ڤیدیۆ، پۆرنۆگرافی و هتد) ڕۆڵی گرنگیان هەیە لە هێشتنەوەی گووتاری لاقەکردندا. ئەمە جگە لەوەی کە کردەی لاقەکردن (بەتایبەتی لاقەکردنی منالان) یەکێکە لە دیاردە ڕۆژانەییەکانی کۆمەڵگاکانی ئەوروپا و بەرهەمهێنانی (پۆرنۆی ڕەق) لە ئاستێکی بازرگانی بەربلاودا..

لە دژی ئەم هەموو تاوانکاریانە دەشێت پەرچەکردار و شێوازی خەباتکردنی جیاواز پێشنیاربکرێت؛ بەلام ئەوەی کە پەیوەندیی بە بزووتنەوەی ئافرەتانەوە هەبێ لەئاست دیاردەی لاقەکردندا، ئەوەیە کە هەرچەندە ئەو بزووتنەوەیە پابەندی هەلومەرجی جوگرافی و هەرێمی بێت و لە ناوچەیەکی تایبەتدا چالاکی بنوێنێت، هێشتا؛ کە دێتە سەر مەسەلەی لاقەکردن ناتوانێ بەکێشەیەکی ناوچەیی دابنێ و جێیبهێڵی بۆ ئافرەتانی ئەو ناوچەیە. لاقەکردن کێشەیەکە بۆ هەموو ئافرەتانی جیهان و هەر ئەم ڕەهەندە تراژیدییەشە کە دواجار، خەباتی ئافرەتان پێکەوە گرێدەدات. ئەگەرچی لە مەڵبەندی ئێمەدا ئافرەتان بە جۆرەها شێوەی دڕندانە دەچەوسێنرێنەوە و ناچار بە بەشداریکردن لەو گەمانەدا دەکرێن، کە گەمەی ئەوان نین، بەلام هێشتا پێویستی بزووتنەوەیەکی (ڕاستەقینە) و سەربەخۆی ئافرەتان بە توندی هەستپێدەکرێ.. بزووتنەوەیەک مەسەلەی ئافرەتان بکاتە ئەرکی سەرەکی خۆیی و بە زمانی خۆی لە ئازارە ڕۆحی و جەستەییەکانی ژنان و کچانی کورد بدوێ. سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی لەو جۆرە لە قۆناغی شەڕی چەکداریدا هەرگیز نەهاتەدی و لەسەردەمی ئێستاشدا چاوەڕێناکرێ سەرهەڵبدات. چونکە دەسەلات و عەقڵی سیاسیی کوردی لە ڕێگەی تێهەڵکێشکردن و پێوەلکاندنی بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی ئافرەتانەوە بە کێشە گشتیەکانەوە و، لە ڕێگەی سازدانی گوتارێکی لەق و لۆقی دیموکراسی کوردییەوە (کە یەکێ لە بەهرەکانی ئەو دیموکراسییەتە شەڕی ناوخۆییە!!) دەنگی ڕاستەقینەی بزووتنەوەی ژنانی کوردی خنکاندووە. ئەمە جگە لەوەی دەنگی ئافرەتانی گەلانی تری ناو کوردستانیش بۆتە قوربانی هەمان بارودۆخ. پێم وایە هەتا ئەو گوتارە لەق و شێواوەی «دیموکراسی کوردی»ش لە ئارادابێت و هەتا حیزبەکان ئاوا بە ئاسانی بتوانن کێشەی ژنان تێکهەڵکێشی بەرژەوەندییەکانی خۆیان بکەن، سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی فیکری ژنانە؛ دوادەکەوێت. ئەگەرچی خەسڵەتەکانی بزوتنەوەیەکی لەو جۆر و لە بواری شیعری و دەقی ئەدەبیدا پتر دەبینرێتەوە...

**١٩٩٦/٢/٢٣ کۆپنهاگن/ دانمارک**

## یاداشتەکان

### بەشی یەکەم

* ئەمە دەقی ئەو باسەبوو کەلەڕۆژی ١٩٩٥/٨/٨ لە شاری (سلێمانی) پێشکەشکرا و لەلایەن بەشداربووانەوە گفتوگۆی لەسەر کرا.

١ـ بڕوانە مانگنامەی (هەنگاو) ژمارە ١٢: چی سنووردادەنێ بۆ دەسەلاتی سەردارانی شەڕ؟ لەندەن ١٩٩٥. کتێبەکەی ئایزنبێرگ بەم ناوەیە:
Hans Magnus Enzensberger
(Med udssigt till Borgerkrigen, 1993.

٢ـ تکا لە خوێنەر دەکەم لەم دەربڕینە وەها تێنەگات کە دەمەوێ باسێک لەسەر تیۆرەی غەریزەی مردن پێشکەش بکەم. مەبەستی من هەوڵدانە بۆ سوودوەرگرتن لە هەندێ چەمکی ئەو تیۆرەی لەپێناوی تێگەیشتن لە شەڕی نێوخۆیی و هیچی تر..

3-Kant, Immanuel: (opysning, historie, Fremskridt) P.90 (slagmark 1993)

٤ـ سیغموند فروید: لماذا الحرب؟ لە گۆڤاری (المعرفة: العددا. ۲۹۸ـ ۲۹۹، ص: ۸٦ـ ۱۰۲، (۱۹۸٦–۱۹۸۷). هەروەها بڕوانە: هربرت مارکوز: پنج گفتار، ت: د. محمود جزایری ص ۱۲و بەرەو دوا.

٥ـ مارکۆز، سەرچاوەی پێشوو ل:۱۳.

٦ـ ئەمە لەو چاوپێکەوتنەدا هاتووە کە (هەنگاو ژ۱۷ و ۱۸) لەگەڵ نەوشیروان مستەفا کردویە. لندن حوزەیرانی ۱۹۹٥.

## بەشی دووەم

1-J.F.Lyotard: (Kvindelighed i metasproget) i: konog moderne tider, 1991, S,155

۲ـ هەژار: هەنبانەبۆرینە، فرهنگ کردی ـ فارسی: سروس۱۳٦۹، ل۷٥۲: (لاقە).

۳ـ هاوڕێیەکم بۆی گێڕامەوە کە لە ئاسایشی (دهۆک) پێناسی (بەعسی) دۆزراوەتەوە کە پیشەکەی (مهنة) بریتی بووە لە (اغتصاب).

٤ـ سنثیا انلو: (الذکوریة القومیة: المحاربة و إغتصاب النساء)؛ ابواب: ۱۹۹٤/۳ لندن. ص:٤۲.

٥ـ لێرەوە بەهامان مۆدێل بیردەکەمەوە کە لە وتاری (ڕۆڵی ئەلەفزیۆن لەبەرهەمهێنانی زمبرەزەنگدا) کارم پێکردووە. بڕوانە: گۆڤاری یەکگرتن ژ:۱۹۹۳/۱٦، ل ل:۱٥ـ۳۰. هەروەها بڕوانە: بەختیار علی (توندرەوی لە نێوان ـ ئەوە تازەکان و ـگرویە. کۆنەکاندا): یەکگرتن ژ:۱۷/۱۹۹٥، ل ل:۱۷۳ـ۲۱۱.

٦ـ لێرەدا سەرنج ڕادەکێشم بۆ دیمەنێکی فیلمی (گەلی کورد سواڵکەر نییە) کە کارزان کرێکار بەرهەمیهێناوە:(لندن ۱۹۹٤). لەو دیمەنەدا ئەندامێکی سەر بە (بزووتنەوە) لە زمانی حەزرەتی (عومەر)ەوە گەلی کورد بەئەفرەتەکات و باروودۆخی ئێستای کوردستان دەبەستێتەوە بە(زمبری ئەو ئەفرەتەی ـ عومەر ـ لە کوردی کردووە) لێرەشەوە بەبڕوای ئەو جەنتڵمانە، کورد لە کۆتایی ئەم سەدەیەدا (جەوری گوناهێ دەکێشێ کە لەسەرەتاوە کردویەتی...!)

۷ـ دیسانەوە حەزدەکەم خوێنەر ئاگاداربێت کە ئەو (تێکەڵبوونە جەستەییە) بە مانای جوتبوونی سێکسی نیە.

۸ـ کاتێ لە شاری سلێمانی بەکچانی ئاوارەی کەرکوک دەگوترێ (کۆترەکانی حسیب ساڵح)، ڕێک و ڕاست لەبەردەم (گووتارێکی لاقەکردن)دا خۆماندەبینینەوە. ئەگەرچی لەو دەربڕینەدا وشەی (کۆتر) ڕەنگێکی شاعیرانە دەداتە گووتارەکە و بواری ئەتۆیلێکی نەرمتر دەڕەخسێنێ.. ئەمە جگە لەوەی کە جۆرێ لە سێکسانندنی (کۆتر)ە!

۹ـ دەتوانین بەوەرگرتنی لە (پیر بۆردیۆ)، بڵێین گووتاری لاقەکردن لە ڕێگەی پەروەردەی خێزانی و کۆمەڵایەتیەوە بەشێکە لە(هابیتۆس)ی ئەندامە جیاوازەکانی ناو کەرتەکانی کۆمەڵ. (هابیتۆس) لای بۆردیۆ بریتیە لە(بەرهەمی بەدەروونیکردنی بونیادە دەرەکیەکان) و لە هەمان کاتیشدا (سیستەمێکە بۆ وەرگرتن و هەڵسەنگاندن) بڕوانە:

(بانتایی کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتی ڕەمزی) لەکتێبی: P.Bourdieu. socialt rum og symbolsk magt (Centrale tekster inden for sociologi og kulturteori) kob.1994 p.60

هەروەها بڕوانە لێکۆڵینەوەکەی (مەریوان وریا) لەم ژمارەیەدا.

۱۰ـ بەشێکی زۆری ئەدەبیاتی سیاسی و زمانی ئاخاوتنی بۆنە و یادکردنەوەکانی ناو ڕاگەیاندنی لایەنەکان، وە بەشێکی بەرچاوی بەرهەمی نووسەران و شاعیرانی کورد مۆتیفی (بابان) یان کردۆتە خولگەیەکی گرنگی خۆیان.. بە جۆرێ کە مرۆڤ هەندێ جار واهەست ئەکات، کە مێژووی کورد وە سەرەتای دروستبوونی مرۆڤی کورد لەسەردەمی بابانەوە دەستپێدەکات.. سەبارەت بەو ڕۆڵەی قۆناغی بابان لە خەیاڵگەی مرۆڤی ناوچەکەدا گێڕاویتی، هێشتا لێکۆڵینەوەی تایبەت ئەنجام نەدراوە. هێندە هەیە کە ئێمە لەهەردوو کتێبی (جەمکی مێتۆلۆژیا و جیهانبینی مەلاخدری نالی: ۱۹۹۱ و مەستورە لەڕوانگەیەکی ترەوە:۱۹۹۲) هەندێ سەرنجمان خستۆتەڕوو.

۱۱ـ بەشێکی زۆری ئەم بۆچوونانەی لەم بەشەی باسەکەماندا هاتوون، [ ]: لەدەقی نامەیەکی (بەختیار عەلی)ەوە، وەرگیراوە کەلە (٤/۲/ ۱۹۹٦) بۆی نووسیبووم.. سوپاسیدەکەم.

۱۲ـ لێرەدا گرینگترینی ئەو باسانە ناودەبەم کە هەریەکەیان بەشێوەی خۆی ڕۆڵی هەبووە لەسەرەتای شکاندنی تابۆی پیرۆزی چەک دا. پێم وایە باسەکەی (فازیل کەریم)و (د. بورهان یاسین) شوێنی تایبەتیان هەیە:

– عصمت شریف وانلی (حول الاستراتیجیة السیاسیة و العسکریة للحرکة الوطنیة الکردیة): دراسات کردیة: ۱ـ۲، السنة الثانیة ۱۹۸٥ ص ص ۷ـ٤۰(باریس).

- فازیل کەریم ئەحمەد (خەباتی چەکدار لەنێوان ئەفسانە و ڕاستیدا): گۆڤاری [یەکگرتن] ژ: ٩/١٩٨٩ ل ل: ٢١ـ٦٢ کورتهاکن.
- بورهان یاسین (چەند سەرنجێک دەربارەی خەباتی چەکداریی جولاّندنەوەی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی باشوور): گۆڤاری یەکگرتن ژ: ١٥ـ١٩٩٢، ل ل: ٤٤ـ٥٧.

١٣ـ شتێکی ئاشکرایە، ئەوەی لە ئاناتۆمی خەباتی چەکداری وردببێتەوە بۆی دەردەکەوێ، کە هەمیشە (پێشمەرگەی بەزەبر) لەو [مامۆستا] و [هونەرمەند] و [نووسەرە پێشمەرگە] خوێندەوارانەی بە شێوازی دیکە خەباتیاندەکرد؛ زیاتر حسابی لەسەر دەکرا.. وە مامۆستا و هونەرمەند وەک بارێکی گران بەسەر شانی حیزبەوە تەماشاپاندەکرا و تەنانەت وەک بێدەسەلاتیش..

# نەتەوە و گروپە ستراتیژییەکانی

## ئاراس فەتاح

### دەروازەیەک

لە زانستە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا، هەمیشە رووبەڕووی پرسیاری بێبەزەیی دەبینەوە، پرسیارگەلێک کە دەشێت هەستی نەتەوایەتی یان دینی یان چینایەتی یاخود گرووپی کەسانگەلێک بریندار بکات، بەڵام هەروەکو چۆن هەموو کایە (حقل) فیکرییەکان جۆرێک لە مەرجەعیەتیان هەیە و ڕەوایەتی خۆیانی پێدەبەخشن؛ ئەوسا گەر لەلای حیزب ئایدۆلۆژیا کەرەستەی ڕاڤەکردن بێت بۆ جیهان و لای مزگەوت قورئان کتێبی پیرۆزی وەڵامە ئەبەدییەکان بێت، ئەوا لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا تاکە مەرجەعێک کە بوونی هەبێت، بریتییە لە ڕاستییە ئەبستراکتەکانی ناو کۆمەڵگا. واتە ئێمە لێرەدا بەپێویست بەرامبەر بە میتۆدە جیاوازەکانی خوێندنەوەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەوەستین، بۆ ئەوەی بتوانین کایەی گۆڕانکارییەکان و رووبەری هێزەکان و ئیشکالیەتی دەسەڵات و جۆری گوتارەکان (خطاب) لەناو کۆمەڵگایەکدا بخوێنینەوە.

ئەو ڕووداوانەی کۆمەڵگایەک ڕادەتەکێنن و ڕستێک گۆڕانکاری لە بونیادیدا دروستدەکات، هەمیشە لە دوای خۆی سێبەری چەند پرسیارێکی گەورە بەجێدەهێڵێت، کە دەشێت لە سەرنجی یەکەمدا یا بێ وەڵام بمێننەوە یان بێهودەیی دەبێتە وەڵامیان یاخود ترس قفڵێک لە عەقڵی مرۆڤ دەدات.

لێرەدا ترس دەبێتە گەورەترین دوژمنی زانست و «هاوڕێیەکی» خراپی مرۆڤ. کاتێک دەسەڵاتدارێتی، ئەوسا بەدەست چینێکەوە بێت یاخود گروپێک یان نەتەوەیەک، بەکوشتنی پرسیار گەورەیی خۆی پاراست، دەرەنجامی ئەو پرۆسەیەی دەیخاتەوە، بریتی دەبێت لە بەرهەمهێنانی «کۆمەڵگای ترس)»، کۆمەڵگایەک ک هدەسەڵات تیایدا تەنها لە ڕێگەی ترسەوە خۆی دووبارە بەرهەمدەهێنێتەوە. لەم چرکەساتەدا، زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەچنە باروودۆخێکی پێکۆڵکەرییەوە و لەوە دەردەچن بە تەنیا ببنە مۆزەخانەیەک بۆ فیکرەکان، بەڵکو دەبنە بەرگریکەرێک لە مرۆڤ و مافەکانی و کەرەسەیەک بۆ شکاندنی سنووری ترسەکانی و پانتاییەک کە تیایدا عەقڵی مرۆڤ بە دوای چارەسەرێکی ئایدیالیانە بۆ گیروگرفتەکانی، چ لەناو کۆمەڵگاو چ لەناو سروشتدا، دەگەڕێت.

ڕاستە هەموو سەرچڵییە فیکرییەکانی مرۆڤ بانگداشتی پەیامێکی جیهانی لە بەختیاری ڕەها بۆ مرۆڤ و گروپە جیاجیاکانی دەکەن، بەڵام هیچ یەکێکیشیان نەیتوانیوە و ناتوانێت لە دەرەوەی جیهانی بەرژەوەندی و بەبێ ئامادەکردنی هێزێک کە جەوهەری گۆڕانکارییەکانە، کاربکات، ئەو هێزەش خودی مرۆڤ خۆیەتی. لێرەوە مرۆڤ لەوە دەردەچێت کە بۆخۆی ببێت بە ئامانج و دەکرێتە کەرەسەیەک بۆ گەیشتن بەئامانجەکان.

ئەمڕۆش لە کوردستان، کاتێک هێزە سیاسییەکان بێبەزەییانە مرۆڤ دەکەنە ناو جەنگی بەرژەوەندییانەوە و لەوێشەوە خۆراکێک بۆ مردن، دەبێت چاوەڕێی  هەندێ پرسیاری مێژوویی بێبەزەییانەش بن، نەک بەمانای ئەوەی وەڵامیانبدەنەوە، بەڵکو بەمانای ئەوەی پراکتیکیان و لەپشتی ئەویشەوە ستراتیژیان بخەنە ژێر پرسیارەوە. دیارە هەر هێزێکی سیاسی نەیتوانی ڕەوایەتی خۆی لەڕێگەی پۆلگیرکردنی (استقطاب) ئازادانەی تاک بۆ خۆی

دابینبکات، ئەوا ئازادیی مرۆڤ لە بیرکردنەوە و جۆری ژیان لە کۆمەڵگادا دەبێتە تاوانێک و مرۆڤ دەبێت لەسەری مەحکومبکرێت. ئەمەش دیکتاتۆرێتییە وەکو فۆرمێکی زامنکردنی دەسەڵات و قبوڵنەکردنی بەرامبەر وەکی ئەوەی کە هەیە و بێتوانایی ئەو هێزەش لە بەرهەمهێنانەوەی ئاشتیانەی خۆی لەناو کۆمەڵگادا. ئامادەنەبوون بۆ قبوڵکردنی ئەوی تر، هەمیشە تەرمی مرۆڤ لە دوای خۆی بەجێدەهێڵێت و گۆڕستانێکی سیاسیش بەرهەمدەهێنێت کە دەسەڵاتی تاکبارتێتی ڕووبەرەکەی دەبێت و تۆتالیتاریزمی پارت و سەرۆک دەبێتە پراکتیکی سیاسی ناو کۆمەڵگا.

ئەوەی لە یادوەری مرۆڤی کوردا سەقامگیربووە، بریتییە لە پێکۆڵکردنی هێزگەلێک کە هەمیشە بوونی ئەوی خستۆتە ژێر پرسیارەوە یاخود ناسنامەی تری پێبەخشیوە، بەبێ ئەوەی پرسی ئازادانەی پێبکات، واتە جۆرێک لە «سوڵتانییەتی سیاسی» بۆتە چارەنووسی ئەو لە قۆناغی جیاجیادا.

ڕاستە مێژووی خۆکرد بۆ مرۆڤ لە کوردستان تەنها لە چەند ساتەوەختێکی کورتی مێژوویدا ڕەخساوە، بەڵام دەبێت بڵێین کە تاوەکو ئەم چرکەساتە جۆرێک لە ڕووبەری دەسەڵات نەڕەخساوە، بۆئەوەی مرۆڤ تیایدا پراکتیزەی ویستی سیاسیی خۆی بکات وەکو ئەمڕۆ؛ ئەی بۆچی دەبێت زۆربەی پراکتیکەکان ڕیشەکانیان لەو کولتوورە سیاسییە بۆماوەیەی بەعسیزم وەربگرن کە پێشووتر بەناوی ڕزگاریی نیشتمانییەوە لە دژی خەباتیاندەکرد؟ زانیارییەکی نوێ نییە، گەر بڵێین، هەموو ئەو کایانەی هێزە سیاسییەکان کاریان تێدادەکەن و جەنگیان تێدا هەڵدەگیرسێنن ئەمڕۆ «کوردین».

ئامادەنەبوونی پرس و ڕێگەنەدان بە وەڵام، دووفاقەیی هیولایی کولتووری سیاسیی ترسن لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتیدا. هەموو شتێک بە ناوی جەماوەرەوە دەکرێت، بێ ئەوەی پرسی پێبکرێت، هەر پرسیارێک، وەڵامی هەر گرێکوێرەیەک لەکەللەی هەر مرۆڤێکدا پەیدابێت، دەبێت یەکێکیان بکرێت بەقوربانی. ڕێکەوت نییە کە غەریزەی مانەوە زۆرجار لەسەردەمی کۆنترۆڵکردنی سەرتاپایی کۆمەڵگادا، بێدەنگبوونی نێگەتیڤە(سلبی) لەپێناو پۆزەتیڤێتی ژیاندا.

## لەبری پێشەکی

لەڕاستی دوورناکەوینەوە گەر بڵێین، لە شارستانێتی مرۆڤایەتیدا کەم دیاردە هەبووە وەکی دیاردەی ناسیۆنالیزم، هێندە هێزێکی بکێش و شەڕانگێز و سیحراوی بوویێت، ئەگەرچی تەمەنی ئەم هێزە کۆمەڵایەتییە نوێ لەدایکبووەی مرۆڤ لە چەند سەدەیەک تێپەڕناکا.(١)

لەسەردەمی ئیمپڕاتۆرە مەزنەکاندا پەیوەندارێتی (انتماء) مرۆڤ، پێش ئەوەی بۆ هەرشتێکی تر بێت، بۆ ئایین بووە، بەڵام ئەم هاوکێشەیە لە سەردەمی دەوڵەتی ناسیۆنالدا دەگۆڕێت بۆ شێوەگەلێکی تر لە پەیوەندارێتی؛ پەیوەندارێتی مرۆڤ ئەگەرچی بەشێوەی گروپی دەمێنێتەوە، بەڵام فۆرمەکانی گۆڕانکاریان بەسەردادێت، لەبری تاکە فۆرمی ئایینی، فۆرمی ئێتنی - نەتەوەیی و وەلائەتی سیاسی بۆ دەوڵەتێکی ناسیۆنالی یاخود ڕەوایەتیبەخشین بە دامودەزگا دەوڵەتییەکانی، ئەگەرچی بنەمای فرەئێتنیشی هەبێت، دەبنە چەمکی تازەی پەیوەندارێتی.

بەمجۆرە دەتوانین بڵێین، لە ڕێڕەوی سەرهەڵدان و گەشەکردنی ناسیۆنالیزم و دروستبوونی دەوڵەتی ناسیۆنالدا بەگشتی چەند چەمکێکی جیاواز دەبینین، ئەگەرچی هەموویان لە ڕووی دۆزینەوەی ڕەوایەتی و نرخەکانی دیدو وێناوە - تصور - بۆ بوون و شێوەی وێناکردنی خۆیان بۆ جیهان لە جیاوازی کەم تازۆری بەرامبەر یەکتردان، بەڵام پرنسیپی هەموویان لە پێکهاتنی دەوڵەتی ناسیۆنالدا چەقدەبەستێت؛ واتە ئامانج، بوونی دەوڵەتێکە کە بەرژەوەندییە بەباڵاکانی ئەم پێکهاتە کۆمەڵایەتییەی پێیدەگوترێت ناسیۆن بپارێزێت و گەشەیپێبدات.

هەروەکو ڕوونە، پێشکەوتنی مێژووی مرۆڤایەتی هیچ کاتێک هێڵێکی ڕوونی ڕاستەئاسایی نەبووە، تاکو ئێمەش لێرەدا پێوانی قۆناغەکانیمان بۆ بلوێت. سەرباری ئەوەی ئەم چەمکە زاراوەییانەی ئەمڕۆ بۆ پێناسەکردنی بوونەکان بەکاریدەهێنین، چەمکی تازەن و تێگەیشتنی نوێن بۆ بوونە مرۆییەکان.

بەگشتی جۆری دەوڵەتی ناسیۆنالی، ئامانجی لەخۆگرتووی زۆربەی نەتەوەکانی جیهان پێکدەهێنێت و

نموونەیی ڕۆژئاواشی لەبەردەم خۆیدا داناوە. کەچی ڕاستیش ئەوەیە، ئەم سنوورانەی ڕۆژئاواش ئەمڕۆ بەخۆیەوە گرتەووە و ناشتینامێز دێنەبەرچاو، وەکو پێکهاتەیەکی ڕەهایی، لە دووتوێی دروستبوونی مێژووییاندا بەشێوەیەکی تەعەسفی کێشراون و هەر بەو شێوەیەش دەوڵەتی ناسیۆنالیان دروستکردووە، بەڵام بەجیاوازییەکی جەوهەرییەوە لەگەڵ زۆربەی دەوڵەتانی دەرەوەی ڕۆژئاوا؛ ئەویش ئەوەیە کە لە ڕۆژئاوا پرۆژەی سەرمایەداریتی و دروستبوونی دەوڵەتی ناسیۆنال، پرۆسەیەکی خۆکردەیە و ڕۆژئاوا لە ڕەتکردنەوەی مێژووی پێشووی خۆی ئەمجۆرە فۆرمەی لە پێشکەوتنی کۆمەلایەتی و ئابووری و سیاسی خۆیدا بەرهەمهێناوە و هیچ هێزێکی دەرەکی نەبۆتە هۆکاری ڕەتکردنەوەی مێژووی ئەو. بەپێچەوانەوە ئێمە دەبینین لە جیهانی سێدا، زۆربەی زۆری ئەو دەوڵەتانەی دروستبوون یاباشتر وایە بڵێین دروستکران، لەژێر پرۆژەیەکی کۆلۆنیالیستیدا پێکهاتن. هەروەکو (هۆبز باوم) دەڵێت: «ئەم دەوڵەتانە بەبێ پرس لە دانیشتوانەکانی وێنەیانکێشرا و هەندێ جاریش بەبێ ئاگای ئەوان دروستکران. لەبەر ئەوە ئەم پێکهاتە هیچ مانایەکی نەتەوەیی و تەنانەت هیچ گرنگییەکی نەتەوەیی بۆ دانیشتوانەکەی نابێت، بێجگە لە کەمایەتییەک لە ڕۆشنبیران کە لەناو دەزگا کۆلۆنییەکاندا خوێندنیان تەواو کردبوو و نەریتەکانی ڕۆژئاواشیان تەبەنادەکرد.(٢) بۆیە هەڵەنییە، گەر بڵێین مێژووی ئەم پێکهاتانە، مێژووی خۆکرد نەبوو. دەشێ لەژێر ڕۆشنایی ئەم دیدەش «بزووتنەوی ڕزگاریخوازی نیشتمانی»یەکان بەجۆرێک لە گەڕانەوە بۆ مێژووی خۆکرد تێبگەین.

ئالەم دووڕیانە مێژووییەی ناسیۆنالیزم و دەوڵەتی ناسیۆنال لە نێوان ڕۆژئاوا و جیهانی سێدا گەورەترین جیاکاری دەبینینەوە؛ گەلانی ئەو دەوڵەتە کۆلۆنیکراوانە ناسیۆنالیزمی خۆیان لە پێکدادانێکی مێژوویدا فۆرمۆلەکرد کە پرۆژەی هێزێکی دەرەکی بوو، دەوڵەتی ناسیۆنالی بۆماوەش ئەو میراتەبوو کە بەرگرییان لێدەکرد(٣) و لەقۆناغی پۆست کۆلۆنیالدا (مابعد الكولونيالية) بوو بە دەزگایەکی هیولاری و هەموو ئەرکە مێژووییەکانی پێسپێررا (دروستکردنی نەتەوە، مێژوو، ترادیسۆن، زمانی یەککرتوو، تواندنەوەی ئێتنییەکانی ناو پێکهاتەی دەوڵەتی بۆماوە...هتد)، هەربۆیە ئەو کێشانەی ئەمڕۆ دەوڵەتی ناسیۆنالی جیهانی سێ پێوەیلکاوە؛ لە قەیرانی ڕەوایەتی سیاسی و دەزگایی و ئێتنی بگرە تاکێشەکانی دیکە، هەموویان دەگەڕێنەوە بۆ چرکەساتی دروستبوون و سەرهەڵدانی ئەو دەوڵەتانە.

لە ڕەهەندی ئەم مێژووەوە، کوردیش ئاوێزەنییە لەم پرۆسەیەدا. ئەوەتا لەناو پرۆژەیەکی سیاسیدا خەباتدەکات کە میراتی خۆی نییە و «گووتارە نەتەوەییەکەشی» تاوەکو ئەم چرکەساتە لەناو ئەم بۆماوە کۆلۆنیالییەدا ئیشدەکات.

## پرۆسەی بەنەتەوەبوون و دەوڵەتی ناسیۆنال

(گێلنەر) لەبەرامبەر ئەو پرسیارەی نە کولتوور و نە وویست دەتوانن تیۆری ناسیۆنالیزم پێکبهێنن، بەمجۆرە وەڵامدەداتەوە: «گومانی تێدانییە کە وویست (الارادە Wille) یاخود ڕێکەوتنی کۆیی فاکتەرێکی گرنگی فۆرمۆلەکردنی زۆربەی گروپەکانن، بچووک بن یاخود گەورە. مرۆڤایەتی هەمیشە لە گروپگەلدا خۆی ڕێکخستووە، گروپگەلێک، بە هەموو فۆرم و جۆری گەورەیی؛ هەندێ جار بەشێوەیەکی ڕوون خۆدابڕێنەر و هەندێ جاری تر هێورتر، جارێ بەقنجی و جاری واش بەناو یەکدا تێکەڵ و چڕاو... بەڵام دوو هێزی غەریزی یاخود دوو بزوێنەری پێکهاتنی گروپەکان و مانەوەیان کە بەڕاشکاوی ڕۆڵی بنبڕانە دەگێڕن، بریتین لە:لەلایەک وویست، پەیوەنداریتی (الانتماء ـ Zugehörigkeit ) ئازاد بۆ گروپ و تەماهی (Identifikation) لەگەڵ گروپدا و وەلائەت (Logalität) و هاوکاری (التضامن ـ Solidaritat)، لەلایەکی ترەوە ترس و فشار (یان زۆربۆهێنان) و زەبروزەنگ»(٤).

گێلنەر لەپشکنینە بەناوبانگەکەیدا بۆ ناسیۆنالیزم و ناسیۆن و دەوڵەتی ناسیۆنال، جەغد لەسەر ئەوەدەکات کە سەردەمی مۆدێرن ناسیۆنی بەمجۆرە بەرهەمهێناوە، ئێمەش بەمجۆرەی ئێستا لێیتێدەگەین.

لەسەردەمانی کشتوکاڵیدا، واتە پێش سەردەمی بەپیشەسازیکردن، سنووری گروپەکان هێندە نادیاربوون بەقەد بوونی ناسیۆنالیزم خۆی. بەمانایەکی تر، کاتێک یەکێتیی دەوڵەتی وەکو قۆناغێک لەژیانی مرۆڤایەتی و

گروپەکانی ئەو سەردەمە هاتەکایەوە، هاوشان بە وویست و کولتوور و فۆرمی ناسیۆن دروستبوو. واتە پاراستنی هەریەکێک لەم سێ فاکتەرە، بەمانای پاراستنی بوونێکی مێژووی دێت و بریندارکردنیشی بەهەمان شێوە.

ناسیۆنالیزمە خۆی دەکاتە خاوەنی گەنجینە کولتوورییەکان و ڕێگە بەخۆشی دەدات دەستکاریان بکات و تەنانەت بشیانتوێنێتەوە و لەوێشەوە زمانی مردوو زیندووەکرێتەوە و تراديسۆن دەدۆزێتەوە و فۆرمی تریان بەشێوەیەکی ڕادیکالی پێدەبەخشێت(٥). بەلام ئەمانە هەموو نابێت وامان لێبکەن و بمانگەیەنێننە دەرەنجامێک کە بڵێین، ناسیۆنالیزم دۆزینەوەیەکی ڕێکەوتی دروستکراوی ئایدۆلۆژییە، ئەگەرچی شێوەی (تەعسفی)یانەی دۆزینەوەی مێژوویی لە هەناوی ناسیۆنالیزمدایە.

نووسینەوەی مێژوو و قوتابخانە و بیرۆکراتیزم، بەکورتی لە قۆناغی پیشەسازیدا کە بیرۆکراتێتی و عەقلانیەت دەبێتە پرنسیبی ڕێکخستنی کۆمەڵگا و پاشان ناسیۆن، ئەوسا ئەم پرۆسەیە پرۆسەیەکی ناوەکی بێت یاخود دەرەکی سەپێنراو، بۆ خۆی گۆڕانکارییەکی مەزن لەهەناوی پێکهاتەی کۆمەلایەتی کولتوورێکدا دروستدەکات و فۆرمی نوێ لە هەست و هاوکاری و دید و بینیندا دەهێنێت کایەوە. (گێلنەر) دەبێژێت: ناسیۆنالیزم مانای بەربلاوێتی بلاوبونەوەی زمان، بەڕێگای قوتابخانە و چاودێری ئەکادیمی، دەگەیەنێت. ئەم زمانەش بەرای ئەو پێداویستییەکانی پەیوەندیی بیرۆکراسی و تەکنەلۆژی پردەکاتەوە. بەمجۆرە ڕاستە زمان پێداویستییەکی جەوهەری بوون بەناسیۆنە، بەلام مانای ئەوە نییە دەبێت زمانێکی خۆیی هەبێت تاوەکو ناسیۆن ببێتە ناسیۆن.(٦)

لە زۆربەی تیۆرییە سۆسیۆلۆژییەکانی دیدی ڕۆژئاواگەریدا، بەتایبەت لەلایەن هەڵگرانی ڕێرەوی تیۆری مۆدێرنیزەکردن (Modenisierungstheorie)، وا دەبینرا کە پێشکەوتنی کۆمەڵگای پیشەسازی نەمانی سنوور و جیاوازییە ئێتنی و کولتووری و تەنانەت زمانەوانی و ئاینییەکانی ناو کۆمەڵگا لە هەناوی خۆیدا هەڵدەگرێت، چونکە پرۆسەی مۆدێرنیزەکردن بۆخۆی، پرۆسەی نەهێشتنی جیاوازییەکانە، بەلام بەپێچەوانەوە دەبینین کە تاوەکو ئەمڕۆ بەردەوام جیاوازییە سیاسی و کۆمەلایەتی و ئێتنییەکان لە هەموو دەوڵەتێکدا گرنگی خۆیان لەدەستنەداوە و ئاشکرا پەدیدەکرێن(٧).

دەوڵەتی ناسیۆنال، هەروەکو (گێلنەر)یش هێمای بۆ کردووە، بۆ خۆی کولتووری بالای خۆی دروستدەکات. ئەم پرۆسەیەش بەپێویست مانای تواندنەوەی ئێتنی و گروپەکانی ناو سنوورەکەی دەگرێتەوە؛ سڕینەوەی ناسنامەی گروپگەلێک کە بەڕێکەوت یان بەزەبر دەکەونە ناو سنوورە جەهەنەمییەکەیەوە، چونکە دەبنە هۆکارێکی شێوێنەر بۆ ڕەوایەتی ناسیۆنالی خۆی. نموونەی ئەم پرۆسە وێرانکەر و شەڕەنگێزەش لە مێژووی دەوڵەتی ناسیۆنالدا لەژمارەنایەت.

لە ستراتیژی هەموو دەوڵەتێکی ناسیۆنالدایە لەسەر بناغەی پاکژێتی ئێتنیتی خۆی فۆرم بە دەوڵەتەکەی بدات، ئێتنیەکانی دی وەکو ڕێکخراوێکی کۆمەلایەتی کە لە جەستەی دەوڵەتی ئێتنی - ناسیۆنالدان، لەناوببات، چونکە دەشێ ئەمانە پرنسیپی تایبەت بەخۆیان دروستبکەن و خۆیان بەوێنابکەن و لەو ڕێگایەشەوە وێنەی «ناسیۆنی پاکژ» بشێوێنن.

لێرەوە دەبینین، بەهێزبوونی گروپە ئێتنییەکان و هەستی کۆیی ئەم گروپانە لە بەشێکی گەورەیدا، دەگەڕێتەوە بۆ بەرگریکردن لە دژی ئەو چەوسانەوە و وەلاداخستن و بەپەراوێزکردنەنانەی لەناو لەشی دەوڵەتی ناسیۆنالدا بەرەنگاربیبوونەوە. واتە میکانیزمی بەرگریکردن لە مانەوە، دەبێتە بزوێنەری هەستێکی کۆیی بۆ دروستکردنی بەرگری لەیەکدی و یەکەی ناوەکی ئەم پێکهاتە کۆمەلایەتیە کولتورییانە، لەکاتێکدا کە فشاری دەرەوە قەبەتربێت لەمانەوەی یەکەی ناوەکیان یان بوونیان. لەبەر ئەمەش دەرەنجامێکی لۆژیکی ئەم پرۆسەیەیە کە گووتاری زۆر لەو ئێتنی و گەلانەی خەبات دەکەن بۆ مافی چارەنووسیان، گووتاری «بەرگریکردن لەبوون» دەبێت. لەزۆرکاتیشدا گەر ژمارەی ئەندامەکانیان، واتە چەندایەتی و مەرجی سیاسی و جوگرافی گونجاو دروستبێت، ئەوا پەنادەبەنە بەرخەباتی چەکداریش یاخود گەر شانسی مێژوویيان وایکردبێت لەتەنیشت سنووری (زەوی یا ئاوی) دەوڵەتێکی ترەوەبن کە لە ململانێدا بژی لەگەڵ ئەو دەوڵەتەی خۆیان تیایدا دەژین، ئەوا دەشێ خۆیان بکەنە بەشێک لە

ستراتیژی ئەو ململانێیە، بۆ ئەوەی دەسکەوتێکی گەورەتریان دەستبکەوێت لەوەی پێیاندەدرێ، یاخود بەرگری لەو دەستکەوتانە بکەن کە پێشووتر هەیانبووە و لەسەردەمێکی دیاریکراودا لێیان سەندراوەتەوە. بەهەمان شێوە ململانێی زلهێزەکانی جیهان بێبەری نابن لەم هاوکێشەیە.

بەمجۆرە دەبینین کە «ئێتنێتی جۆرێک لە سامانە و مۆبیلکردنی بەرژەوەندی هەمیشە دەگەڕێتەوە سەری(٨)». «ئێتنێتی وەلامێکە و زۆربەی کاتەکان لەلایەن ئەو گروپانەوە دەدرێتەوە کە زوڵمیان لێدەکرێت»(٩) هەوڵی ئەو گروپانە بۆ دروستکردنی کۆیێکی کولتووری دەردەخات، بۆ ئەوەی بەشداربن لەدەسەلاتی سیاسی و بەشیان هەبێت لە سامانی ئابووریدا. ئێتنێتی کاتێک دەتوانێت بەمانابێت و نرخی گەورەی خۆی وەربگرێت کە «هەست و بەرژەوەندی پێکەوە گرێبدات»(١٠). ئێتنێتی چەمکێکە کە ئەماهی پێکەوەیی (gemeinsame Identifikation) لە ڕێگای زمان و خواردن و مۆسیقا و تاو و...هتد پێشکەشدەکات.(١١)

لێرەدا جێی خۆیەتی، بۆ ڕوونکردنەوەی پتری ڕۆچوونمان بۆ ناو بابەتەکەمان، لە ڕووی میتۆدییەوە بپرسین ئایا (Ethnizität) ئێتنێتی چییە؟ و لە چ پەیوەندییەکدا دەژی لەگەل دەوڵەتی ناسیۆنالدا؟

## چەمکی ئێتنێتی و فۆرمەکانی

«ڕاستییەکی کۆمەلایەتی نوێ نییە کاتێک بڵێین: هەموو گروپێکی مرۆیی خاوەنی کولتووری پێکەوەیی خۆیانن وە تاقیکردنەوەی مێژوویی کۆن و نوێ لەگەل یەکدا دابەشدەکەن و وێنایەکیان (تصور) دەربارەی هاوڕەچەڵەکێتی خۆیان لادەبێ، ئەمانەش بە نۆبەتی خۆیان ناسنامە و (Identität) و هۆشمەندیی هاوکارانە لەناو ئەو کۆمەڵەدا (جماعە) دروستدەکەن»(١٢). ئەم «ڕاستییە کۆمەلایەتییە»(الحقیقة الاجتماعیة)(١٣)بووە بەجێگای لێکۆڵینەوە و مشتومڕی زانستە جیاجیاکانی مرۆیی. ئێمە بۆ ناوبەخشینێ بەم ڕاستییە کۆمەلایەتییە دەڵێین: بەرامبەر ئێتنێتی (Etnizität)(١٤)، پتر لەزاراوەیەکمان هەیە و هەریەکەشی چەمکێکی سیاسی و کۆمەلایەتی یا بیۆلۆژی یا ئێتنۆلۆژی لەخۆگرتووە، بۆ نموونە: خێڵ، عەشیرەت، ڕەگەز، گەل، نەتەوە، طائفە، میللەت...هتد.

ڕاستە لە لێکۆڵینەوەکانی زانستی کۆمەلایەتیدا تاوەکو ئەمڕۆ ڕێکەوتنێک لەسەر پێناسەی تەواوی ئێتنێتی نییە، هەروەکو چۆن بۆ ئەوانی تریش بەهەمان شێوە دەکەوێتەوە، بەلام بۆ ڕوونکردنەوەی سیمای گروپە ئێتنییەکان، سەرباری جیاوازی شێوەکاری پێناسەکان، دەکرێت باس لە کۆیێتییەک بکەین لە تێگەیشتندا بۆ ئەم گروپانە.«گروپە ئێتنییەکان، گروپگەلێکی مرۆیین و لەڕێگای شێلگیرییەکی (تجانس ـ Homogenität) کولتوورییەوە بەیەکتریەوە بەندن (١٥)».

لێرەدا دەبینین، کولتوور کۆڵەکەی یەکەمی ئەم پێناسەیە لەخۆدەگرێت. یاخود گروپە ئێتنییەکان بە گروپگەلێک دەناسرێن کە «ئەندامەکانی ترادیسۆنێکی کولتووری و کۆمەلایەتیان هەیە و ئەمەش لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە»(١٦). بەم پێیە دەکرێت هەموو پێناسەکە وا کۆبکەینەوە و بڵێین «گروپە ئێتنییەکان، گروپگەلێکی مرۆیین، شێلگیرییەکی کۆمەلایەتیکولتووری پێکەوەیان گرێدەدات و ئەم ترادیسۆنەش لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تری خۆیان دەگوازنەوە».

لە تەنیشت ئەم پێناسە کولتووریکۆمەلایەتیەوە چەند پێناسەیەکی تریشمان لەبەردەستایە کە لەئەدەبیاتی لێکۆڵینەوەی ئێتنێتیدا دەتوانرێت بخوێنرێتەوە «تاقیکردنەوەی مێژوویی کۆیی، هۆشمەندی خۆبوون ـ بێگانەبوون کە لەسەر ناسنامەی کۆیی پێکهاتووە، هۆشمەندی هاوپەیوەندارێتی... لەپاڵ ئەم تاقیکردنەوە کۆییانەشدا بوونی وێنایەک (تصور ـ Vorstellung)، واتە بوونی وێنایەکی کۆیی بۆ ڕەچەڵەکیش گرنگێتییەکی گەورەی هەیە، هەروەک (ماکس ڤیبەر)یش جەغد لەسەر گرنگێتی وێنای «کۆمەڵێتی ڕەچەڵەکی» بۆ پێکهاتنی گروپە ئێتنییەکان دەکات»(١٧) بۆ بەرهەمهێنانی پەیوەندارێتی، وەکو فۆرمێکی تایبەت لە ڕێکخستنی کۆمەلایەتی؛ بۆ نموونە: پەیوەندارێتی خزمایەتی، ئەڵبەتە شووکردن و ژنهێنان چەقی ئەم فۆرمە لە پەیوەندارێتی دروستدەکات. بەلام

(هێکمان) ڕای وایە کە «وێنای هاوڕەچەڵەکێتی بەتەنیا لە فۆڕمی خزمایەتی کینیالۆگێتی کۆمەڵیی ڕەچەڵەکێتیدا خۆی نابینێتەوە، بەڵکو هەروەها فۆڕمی هاومێژوویی چارەنووسی گروپیش لەخۆدەگرێت»(١٨).

لەکۆتاییدا، چەمکی پانتایی شوێن بەرامبەر بەپانتایی کۆمەڵایەتی و مێژوویی... هتد کۆی ئەم پێناسەیە لە ڕووبەرێکی جوگرافیاییدا خڕدەکاتەوە، واتە سنوورکێشانێکی خەیاڵپلاوانە (وەهمی) یان ڕاستی لە هۆشمەندیی هەموو گروپێکی ئێتنیدا هەیە، بۆ زامنکردنی بوونی خۆی بەشوێنێکەوە. بەمانایەکی تر، شوێن دەشێ ببێتە قەبرسانی هەندێ ئێتنی، لە کاتێکدا کە پانتایی پێکەوەژینی جوگرافییان دابەشبکرێت. ئەمەش بۆ خۆی پرۆسەیەکی نوێ لە ژیانی ئەو کۆمەڵە مرۆییەدا دروستدەکات و لەوانەیە ببێتە بزووتنەوەیەکی دژ بەپرۆسەی «مۆدێرنیزەکردن»ـ ک دەوڵەتی ناسیۆنال لە هەناوی خۆیدا هەڵیگرتووە، بۆ هەندێ ئێتنی تریش دەشێ دەستکەوتێکی مێژوویی بێت کە بەهەموو جۆرێک بەرگریلێبکات. ئەڵبەتە ئەمەش بۆ خۆی پابەندە بە شوێنەواری (موقعیة) ئەو ئێتنییانەوە لە پرۆسەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتووری ئەو دەوڵەتانەدا و بە هەڵوێستی دەوڵەتیشەوە بەرامبەریان.

بەمجۆرە ئێتنێتی بریتیە لەکۆنسیپتێکی گشتی، مانای خۆی لە سەرەتادا وەکو «گروپێک لەخۆی» و وەکی جۆرێکی (صنف) کۆمەڵایەتی کە هێشتا لە کردەی کۆمەڵایەتیدا نەبێت، دەردەخات، بەڵام لەهەمان کاتیشدا ئێتنێتی مۆبیلکردنی ئێتنییەک و شانسی بەکۆمەڵایەتیکردن (Vergesellschaftung) و بەکۆمەڵکردنی (Vergemeinschaftung) دەخاتە بەردەست، هەروەک ئەندەرسۆن دەڵێت سەرهەڵدانی «کۆمەڵێکی بەوێناکراو»(١٩) (Vorgestellte Gemmeinschaft) دەردەخستێ.

گەر لە مارکس زاراوەی «چین لەخۆی» بۆ «چین بۆخۆی» قەرزبکەین، کە قوڵایی ئەم پرۆسەیە لە ئاستی سیاسیی خەباتی چینایەتی ـ هۆشمەندیی چینایەتی دەردەخات، ئەوا دەبێت بڵێین گواستنەوەی وێنای «گروپێک لەخۆی»، لە پرۆسەی دروستبوونی ناسیۆن و دەوڵەتی ناسیۆنالدا دەبێتە وێنای «گروپێک بۆخۆی» کە لە پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیکردن و بەکۆمەڵکردنیدا بەرجەستە دەبێت.

بەدروستبوونی دەوڵەتی ناسیۆنال، واتە هاوکێشەی دەوڵەت ـ ناسیۆن وە لەوێشەوە خستنەوەی پرۆسەی «بوون بەناسیۆن»، چەمکی ئێتنێتیش گۆڕمێکی بەخۆیەوە دیت. چونکە هەروەکو گوتمان ئێتنێتی لەخۆیدا ئامادەیی بەکۆمەڵگاکردنی نییە، بەڵکو بەدەرکەوتنی دەوڵەتی ناسیۆنال و ناسیۆن مانای تایبەتێتی بۆ خۆی وەردەگرێت.

«گروپە ئێتنیەکان دەبن بەکەمایەتی نەتەوەیی، کاتێک کە «زۆربەکان لە فۆڕمی ناسیۆندا دروستدەبن»(٢٠) یاخود کاتێک ئێتنییەک ئەگەرچی بۆ خۆی زۆربەیەک پێکبهێنێت وەکو چەندایەتی، بەڵام بەدابەشکردنی و لێسەندنەوەی خودێتی مێژوویی و فڕێدانی بۆ ناو پێکهاتەی چەند دەوڵەتێکی ناسیۆنالی، هاوکێشەکە هەڵدەگەڕێتەوە، لە بوون بەناسیۆنەوە بۆ بوون بەهاوڵاتیشتمانی دەوڵەتێکی ناسیۆنال و لەباشترین باردا پێبەخشینی پێناسەی «کەمە نەتەوایەکان» هەروەکو (هان ئارێنت) لە توێژینەوەکەیدا بۆ دەسەڵاتدارێتی ڕەها (Die totale Herrschaft)، ئەم پرۆسەیە بە «نەتەوەی کەمەنەتەوایەتیەکان و گەلی بێ دەوڵەت» پێناسەدەکات و بە دەرەنجامی هەردوو پەیمانی ئاشتی (١٩١٩-١٩٢٠) دوای جەنگی جیهانی یەکەم لەقەڵەمیدەدات(٢١). ئێمە دەتوانین بەجۆرێکی تر ئەم پرۆسەیە داڕێژین و بڵێین، بۆ تێگەیشتن لە دیاردە و لە چەمکی «کەمە نەتەوایەتیەکان» یان «کەمە ئێتنیەکان»، پێویستیمان بەڕاڤەکردنێکی پرۆسەی بوون بە ناسیۆن دەبێت، کە وەکو فۆڕمێکی مۆدێرنی بەکۆمەڵگابوون و بەکۆمەڵکردن دەردەکەوێت.

چەمکی نەتەوە و دەوڵەتی ناسیۆنال، چ لە ئەورووپاو چ لە کولتووری سیاسیی کۆمەڵایەتی ڕۆژهەڵاتی و جیهانی سێ بەگشتی، چەمکێکی تازە پێکهاتووە. جارێ بە تایبەت بەو جۆرەی کە لە ڕۆژهەڵات و جیهانی سێ بەکاردەهێنرێت، گەر نەڵێین بەرهەمێکی دیدی خۆرئاواییە، ئەوا بێ چەندوچۆن کاریگەریی بەجیهانبوونی دیدی ڕۆژئاوایە بۆ ئەم دوو پێکهاتە مێژووییە.

لە ئەنتیکە و سەدەکانی ناوەڕاستدا، ناسیۆن بەم تێگەیشتنەی ئەمڕۆکەی لەسەردەمی پیشەسازیدا

دەردەکەوێت، کە بەجیهانیبوونی پەیوەندی و نرخەکان و فۆرمەکان و...هتدی مرۆڤایەتی لەخۆدەگرێت، نەبووە و نەبینراوە. «کاتێک لەو سەردەمانەدا لە زانکۆکان دەربارەی ناسیۆن قسە و گفتوگۆ دەکرا، ئەوا زێدی ناوچەیەکی دیاریکراو مەبەستبوو، بەبێ ئەوەی زمان یاخود هاوکۆیی ئێتنیکی ببێتە چەمکی دابڕەری گروپەکان لەیەکدی](٢٢).

بەجۆرێکی دی دەتوانین بڵێین، مرۆڤی ئەو کات لەناو جۆرێک پرنسیپی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیدا دەژیان و لە دەرەوەی ماڵی خۆی و ناوچەکەی خۆی دەبووە غەریب و باسی غوربەتی دەکرد. ئەوسا ئەو پرنسیپی ڕێکخستنە دەشێ خێڵ بێت یان میرنشین یاخود گروپێکی ئاینی یان ئاینزابێت کە لە ناوچەیەکی دیاریکراو بە« نادیاری لە مێژوودا» دەژیان، گەر ئەمڕۆ بکەین بەپێوەرێ بۆ نرخاندنیان! «گەلانی وەکو فەڕەنسی و ئەڵمانی و دانمارکی یاخود ئیتالی لەسەدەی ناوەڕاستدا بوونیان نەبوو... دەرکەوتنیان لە مێژوودا، پابەندی دەرەنجامی پرۆسەی یەکبوونی ئێتنییە](٢٣). بانگداشتی ئەوەی کە یەک ڕەچەڵەکی بوونیان هەیە، بەتەنێ بەرهەمی فەنتازیاو زێدی میتۆلۆژیای ناسیۆنالیزمە.

ئیمپراتۆرییەتەکان هیچ کاتێ لەسەر بناغەی ئێتنی پێکنەهاتوون، ئەوساچ لە ڕۆژئاوابێت یان ڕۆژهەڵات، بەڵکو پتر فۆرمێکی ڕێکخستنی سیاسی - دینی بووە کە چۆنیەتی پێکهاتەی ئێتنیەکان بەلایەوە گرنگیەکی ئەوتۆی نەبووە. خۆناساندن و هاوکاریکردنی یەکدی ڕەهەندێکی شوێنی هەبووە و تایبەتی سنوور و شوێنەواری (شوێن)بووە و لەپانتایی شوێندا بە دیاریکراوەیی خۆی بەرجەستەبووە، چ دێ بێت یان دۆڵ یا ناوچە یا بەرژەوەندیی کۆیی یاخود بازنەی ژنخوازی و پەیوەندی خزمایەتی؛ بەمانایەکی تر سنوورەکان، سنووری فیزیکی بوون. کەمجاریش نەبووە دەرەبەگ و ئاغا و پاشا و دەسەڵاتدارەکان خەڵکی بێگانە نەبووبن(٢٤).

ئێتنێتی لەسەرەتادا پتر لەسەر ئاستی ناوچە و تێریتۆریۆمی(قطر) بچووک دروستبوو، بەبێ ئەوەی ڕۆڵێکی دیاری کۆمەڵایەتی یاخود سیاسی هەبووبێت. دەشێ ئەم دیاردەی دەستاودەستکردنی «بێگانەیی»ی دەسەڵاتی سیاسی - دینی - لە ژیانی ئیسلامیدا، بە بەشێکی دانەبڕاوی مێژووی گۆڕینی دەسەڵات و کاریگەری بەسەر ئەو ژیارەوە، تا بەگەیشتنی و لەدەستچوونی لەسەر دەستی عوسمانیەکان، لەقەڵەمبدەین. دەسەڵاتی سیاسی تێریتۆریالی، سەرەتای خستنەوەی پرۆسەی هاوکاریی ناوچەیی بوو کە زۆرجار لەگەڵ بوونی ئێتنییەک هاوجووتبوو(٢٥).

لە ئەوروپای سەدەی هەژدەمدا، بەهۆی دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمی ئێتنێتییەوە، پرۆسەی بەیەکبوونی زمانیش وەکو دیاردەیەکی بەرهەمهێنراوی ئەم پرۆسەیە، کەلە ڕێگای بەکۆمەڵگاکردنەوە دەردەکەوێت؛ لە دامودەزگاییکردنی سیستەمی خوێندندا بەرجەستەبوو.

(دۆیچ) دەڵێت: «ڕێزماننناسەکان هەوڵیاندا زارەکان بەزمانی نووسین دابڕێژن و لەوێشەوە زمان خاوێنکرایەوە، قسەی نەستەق و گۆرانی و پەندی پێشینان کۆکرانەوە، شاعیر و نووسەرەکانی یەکەم دەستە بەزمانێکی دایکی چاککراوە نووسییان. لێکۆڵەرەوەکانی سەردەمەکانی کۆن و مێژوونووسان بەڵگەنامە کۆنەکان و گەنجینە ئەدەبیەکانیان دۆزییەوە، هەندێکیان ڕاستەقینەبوون و بڕێکیشیان ساختە (مزیف)، بەڵام ئەمانە هەموو بوونە کەرەسەی مەزنێتی نەتەوە»(٢٦).

ئەم پرۆسەی یەکبوونی کولتووری و زمانەوانییە، دەبێتە کۆڵەکەیەکی گرنگی دروستبوونی ناوکۆیی کولتووری، کە نەتەوە لەناساندنی ڕەوایەتی مێژوویی خۆیدا پێویستی پێدەبێت.

لەوڵاتانی عەرەبیدا، ئەگەرچی هەموو خۆیان بەعەرەب دەزانن (وەکو زمان و کولتوور و...هتد)، بەڵام بەرامبەرەکەی دروستبوونی چەمکێکی ناسیۆنالی شێوەجیای پەروەردەی دەوڵەتی تێریتۆریالی دەبینین کە (طرابلشی) ناوی دەنێت (تقطير القومية العربية). لەوەتەی عەرەب ئەم دەوڵەتانەی بۆ پێکهێنراوە، تێبینیدەکرێت دەوڵەتی تێریتۆریالی عەرەبی چۆن لەڕێگای بیناکردنی ڕۆشنبیری یا کولتووری تێریتۆریالیانەوە بەشێوەیەکی هێستیری هۆشمەندیی تێریتۆریالی دروستدەکات؛ ئەویش بەو هەوڵ وکۆششەدا دەردەکەوێت کە ئەم وڵاتانە لە دیراسەکردنی تایبەتمەندێتی ڕۆشنبیریی تێریتۆریالی خۆیاندا خستیانەگەڕ. هەموو ئەو لێکۆڵینەوەو توێژینەوە و

ڕاڤەکردنانەی لەبارەی مێژوو، ئەدەب، هونەر، مۆسیقا، سیاسەت و ...هتد، فرە دەوڵەتی تێریتۆریالی دەرەنجامێکی لۆژیکانەی ئەم پرۆسەیەیە، واتە پرۆسەی ڕەوایەتیدۆزینەوە بۆ «دەوڵەتی ناسیۆنال» و نیشانەی ئەوەیە؛ چۆن دەوڵەت ـ نەتەوە وەکو چارەنووسێک بۆ عەرەب لە دەرەوەی وویستی کۆییان خۆی کاردەکەن(٢٧).

لێرەدا جێی خۆیەتی بەپرسیارێک بچینە ناو بەشی کۆتایی داڕشتنەکەمان دەربارەی پرۆسەی ناسیۆن و دەوڵەتی ناسیۆنال؛ ئایا یەک جۆری پرۆسەی بەناسیۆنبوون هەیە بۆ ئەوەی هەموو میللەتانی جیهان تەیبکەن؟ یاخود مێژووی ناسیۆن و ناسیۆنالیزم بۆ خۆی ئاڵۆزتێتییەکەی هێندە گەورەیە بەقەد ئەو فۆرمانەش کە دروستیکردوون.

## دەوڵەتی ناسیۆنال و دەستەبژێرێک لە فۆرمی ناسیۆن

لە لێکۆڵینەوەکانی ناسیۆنالیزم و دەوڵەتی ناسیۆنالدا بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆری ناسیۆنالیزم بابەتی سەرەکی خوێندنەوەن:(٨) ناسیۆنالزمێک کە لەسەر بناخەی ئێتن و هاوڕەچەڵەکی و کولتوور بەندە بۆ دروستکردن و ڕەوایەتیبەخشین بەناسیۆن، لەلایەکی ترەوە ناسیۆنالیزمێک کە لەسەر ئاستی سیاسی و هاونرخی دیدی سیاسی، کۆنسێپتی ناسیۆن دروستدەکات. فۆرمی دووەمیان خۆی دەکات بەدوو بەشەوە؛ یەکەمیان کۆنسێپتی ناسیۆنی (دیمۆ ـ ئونیتار)یە (Demo- unitarisch) ـ (گەلی ـ یەکگرتوو)، دووەمیشیان کۆنسێپتی (ئێتنی ـ پلورال)ە (ethnisch- plural)ـ (فرەـ ئێتنێتی) (٢٩).

ئەو دەوڵەتەی لەسەر بناغەی ئێتنێ خۆی پێکدەهێنێت، جۆرێک لە ئایدۆلۆژیای سیاسی بەرهەمدەهێنێت کە «مەزنێتی گەل»ی لەپشتەوەیە، واتە ناسیۆنالیزمی ئێتنی وای دەبینێت کە «کۆیێتی ئێتنی بەردی بناغەی ڕێکخراوەکانی دەوڵەتە؛ ئەمەش مانای هاوجووتبوونی سنووری دەوڵەتی لەگەڵ سنووری ئێتنی دەبەخشێ. دەوڵەتی ناسیۆنالی ئێتنی بەتەنیا نموونەیەکی ڕەوابەتی ڕێکخراوەکانی دەوڵەتی نییە، بەڵکو ئەوە تەنیا پرنسیپێکە و خۆی لەسەر بنیاتدەنێت»(٣٠).

چەمکی ناسیۆنالی ئێتنی پێناسی ناسیۆن وەکو گەلێک دەکات کە خاوەنی دەوڵەتی خۆی بێت، واتە بۆ تێگەیشتن لە ناسیۆنی ئێتنیبناغە و دەوڵەتە ناسیۆنالەکەی، زاراوەی «گەل» ڕۆڵێکی جەوهەری دەگێڕێت. بەخشینی مانایەکی پیرۆز بەگەل لەلایەن فەیلەسوفانی ئەڵمانییەوە (وەکو هێردەرو فیشتە و.. هتد)، ڕۆڵێکی گەورەی لە زیندووکردنەوەی ئاوەکو ئەو کاتی بێمانایێتیی ـ تەنانەت بێنرخێتی ـ زاراوەی «گەل»دا گێڕا. «گەل» کرا بە «گەلی ڕەسەن» و «بنەچە» و «سروشتێتییەک» کە ڕەچەڵەکی کولتووری وسیاسیی کۆمەڵەیەکی لەسەر بنیاتنرا».(٣١) «گەل» وەکو «خودێکی کۆیی» (Kollektive Subjekt) بوو بە «خودێکی مێژوویی» کە لەژێر چەند مەرجێکدا دەوڵەتی خۆی پێکدەهێنێ. بۆ نموونە بە یەکبوونی چەند دەوڵەتێکی بچووک لەوێشەوە دەبێت بەنەتەوە... لەکۆتاییشدا دەوڵەتی دروستبوو دەبێت بە دەوڵەتی ناسیۆنال. نموونەی یەکگرتنی دەوڵەتەکانی ئەڵمانیا کە لە کۆتایی سەدەی هەژدەمدا (٣٦٠) یەکەی سیاسی جیێ بوون، بەرجەستەی ئەم پرۆسەیە دەکەن. لێرەوە دەوڵەتی ناسیۆنالی بناغە ئێتنی هەوڵدەدات سنووری ئێتنی خۆی هاوئاهەنگ بکات، بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕۆحی نەتەوەکەی ـ دەوڵەتەکەی دا هاوجووتبکەوێتەوە. بۆ ئەمەش پرۆسەی تواندنەوە تاکە دەروازەیەکە چارەنووسی گروپە ئێتنیەکانی تر دەنووسێتەوە و دیاریدەکات.

لای (فیشتەو ئارندت) هەرچی گروپێکی ئێتنی تر هەبوو، بە گروپی دووژمن سەیردەکران؛ ئەمە لەکاتێکدا کە یەکێکی وەکو (نۆڤالیس)(١٧٧٢ـ ١٨٠١) بانگەوازی ئەوەی کرد کە ئەڵمان لە هەموو شوێنێکدا هەیە، ئەڵمانێتی بەتەنیا بە دەوڵەتێکی دیاریکراوەوە پابەند نییە، ئەڵمانێتی جیهانگەرایە و تێکەڵە بەتاکێتییەکی (الفردانیة) بەهێزەوە. (شیلگل) (١٧٦٨ـ ١٨٤٥) دەڵێت: «جیهانگەرایی و گەردونێتی سیمایەکی ئەڵمانی ڕاستەقینەیە»، (گۆتە)ی شاعیری گەورەی ئەڵمانی خۆی بە «هاونیشتمانێکی جیهانی» لەقەڵەمدەدا(٣٢). گەر دیدی هەڵە فریوم نەدات، دەتوانم بەڕاکشاوی بڵێم: تەنانەت دیدی فەیلەسوفێکی گەورەی وەکی (کانت) لەکاتێکدا بانگداشتی و

بانگەوازی «دەوڵەتی جیهانی» دەکرد، دەشێ پابەندبێت بەو بێهێزییە سیاسییەی ئەڵمانیاوە لەو سەردەمەدا. لێرەدا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە دەستپێکردنی ناسیۆنالیزمی ئێتنی ئەڵمانی لەسەدەی هەژدەهەمدا، بزووتنەوەیەکی رۆشنگەریی بوو پاشان لەسەدەی نۆزدەدا دەبێت بە سیاسی - ئایدۆلۆژی و بزوتنەوەی جەماوەری؛ «لەسەرەتادا بانگاشتەی بیرۆکەی مرۆڤدۆستی بوو، پاشان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا بوو بە ئایدۆلۆژییەکی جەنگاوەرانە».

(طرابیشی) وای بۆدەچێت کە تیۆری ئەڵمانی بۆ ناسیۆنالیزم، لەکاتێکدا کە گرنگیتی هۆکارە کولتوورییەکان دەخاتە پێش هۆکارە سیاسیەکان، لە سەردەمی دروستکردنی دەوڵەتی ناسیۆنالی خۆیدا هەڵگەڕایەوە و جۆرێک لەپەرستنی دەوڵەتی لادروستکردن و ترۆپکی ئەم دیدەش بەڕای ئەو لە دەوڵەتی رایشی ئەڵمانی و نازی هیتلەریدا بەرجەستەدەبێت(٣٣).

لێرەدا مەبەستمە هێما بۆ خاڵێکی گرنگی تر بکەم کە جەوهەری ناسیۆنالیزمی ئێتنییە. پرنسیپی بەناسیۆنبوون لای ئەڵمان، کە تاوەکو ئەمڕۆش لە دەستورەکەیاندا بێ دەستکاری ماوەتەوە، چونکە وابەستەی رەچەڵەکە و هەموو کەسێک ناتوانێت ئەڵمانی بێت، بەڵکو ئەڵمانی ئەو کەسەیە کە لەڕووی ئێتنییەوە ئەڵمانی بێت و بتوانێت ئەم رەچەڵەکەش بسەلمێنێ. ئەوە شایەنی باسە ئەوەی لێرەدا دەبێت بیڵێین، بوون بە هاونیشتمانێتی ئەڵمانی مانای بوون بەئەڵمان ناگەیەنێت. بەمانایەکی تر وەرگرتنی جنسیەی ئەڵمانی لەسەر هەندێ پرنسیپ دەچێت بەڕێوە کە بە دەستهێنانی هێندە ئاسان نییە. ئەمەش راستەوخۆ پابەندی دیدی ئەڵمانییە بۆ ئەڵمانیبوون. ئەم پرنسیبە ئێتنییەی ناسیۆنالیزم ترسناکییەکەی بەتەنێ لە خۆدابڕانێکی بنبڕانەدا نابینێتەوە لەگەڵ ئەوی دی دا (الاخر)، لەکاتێکدا ئەوی بەرامبەر دەکات بە بێگانە، بەڵکو هۆکارێکی گەورەی رەوایەتی بۆ دۆزینەوەی ئایدۆلۆژییانەی ئەو جەنگە و بزووتنەوە رەگەزپەرستیەکانیش بوو کە مرۆڤایەتیان خستە ناو دوو جەنگی جیهانی وێرانکەرەوە و دەرەنجامەکانیشی تاوەکو ئەمڕۆ ئامادەن.

چەمکی دووەم لە دابەشکردنەکەمان بۆ کۆنسێپتی ناسیۆن بریتی دەبێت لە چەمکی «گەلی یەکگرتوو» و چەمکی فرەئێتنیی. هەروەکو لە سەرەوە دەستنیشانمانکرد، ئەم دوو چەمکە دەخوازن لە ڕووی سیاسییەوە رەوایەتی بۆ ناسیۆن بدۆزنەوە. واتە ئێمە لەم کۆنسێپتەدا کارمان پتر بەسەر چەند کۆڵەکەیەکی سیاسییەوە دەبێت وەک لە پاکژێتی ئێتنی. لە دیدی «کۆنسێپتی سیاسی ناسیۆن، یەکێتی (هاوکۆیی) کۆمەڵەیەک و هاوکاری لەناو ناسیۆندا بەتەنیا لە ڕووی سیاسییەوە دروستدەبێت». واتە «هاوکۆیی لە دیتنی نرخەکان و دەزگاکان و بڕوای سیاسی مەرجە سەرەکییەکانی ئەم کۆنسێپتەن بۆ دروستبوونی ناسیۆن یاخود بەناسیۆنبوون، نەک هاورەچەڵەکی»(٣٤). ئەم دیدەش بۆ ناسیۆن لە فەرەنسا چەقی دەوڵەتی ناسیۆناڵە. «گەل» لێرەدا زاراوەیەکە ناکرێت لە ڕووی ئێتنییەوە روونبکرێتەوە، بەڵکو راستەوخۆ لە ڕووی سیاسی و حقوقییەوە دەکرێت راڤەی لەسەربکرێت. واتە «گەل» کە بەرهەمی شۆڕشی بۆرژوای فەرەنسییە، کۆمەڵەیەکی سیاسیمان دەخاتە بەردەم کە سەرچاوەی هەموو رەوایەتییەکی سیاسییە. ئەم دیدەش جیاوازی نێوان زاراوەی گەل و ئێتنیمان بۆ دەردەخات.

زاراوەی ناسیۆن لەسەردەمی شۆڕشی فەرەنسیدا پتر زاراوەیەکی ناو کۆمەڵگایی بوو تا زاراوەیەکی خۆدابڕینەر لەگەڵ ئەوانی دەرەوە. هەڵگری سەرەکیی شۆڕشی فەرەنسی «فەرەنسییەکان» نەبوو هێندەی (سیتیۆن)ەکان بوو. لە ڕووی سیاسییەوە نەبا لە ڕووی ئێتنییەوە بە بەرجەستەکراوەی ئەم گفتوگۆیە لە کێشەی جوولەکەدا دەردەکەوێت، لەکاتێکدا سەرکردە تازەکانی فەرەنسا دەبایە بڕیاریان بدایە، ئایا جوولەکەکان فەرەنسین؟ پرسیاری ئەوەیان نەکرد ئایا جوولەکەکان هەمان رەچەڵەکیان هەیە؛ ئەوان بەتەنها پرسیاری ئەوەیان دەکرد، ئایا جوولەکەکان دەتوانن لە داهاتوودا لە ئەرکە کۆییەکاندا هاوکارین»(٣٥). ئەمە لەکاتێکدا لە وڵاتێکی وەکو ئەڵمانیادا ئەم بۆچوونە تابو بوو. ئەڵبەتە ئەمە بەمانای ئەوە نایەت کە ناسیۆنالیزمی فەرەنسی، ناسیۆنالیزمێکی ئاشتی لەئامێزگری کۆمەڵایەتییە، بەڵکو پتر بەمانای ئەوە دێت ئایا تاچ رادەیەک ئەو گروپە ئێتنی و ئاینیانەی تری لەناو سنووری دەوڵەتی ناسیۆنالدا دەژین ئامادەی قبوڵکردنی ئەو سیستەمە سیاسیەن و ئامادەگی خۆتواندنەوەیان تێدایە.

ئەوەی جێگای سەرنجڕاکێشانە، هەروەکو (گێلنەر)یش پەنجەی بۆ ڕاکێشاوە: پرنسیپی ناسیۆنالیزم بەچەند جۆرێک دەشێ یان دەکرێ بریندار بکرێت. یەکەم: کاتێک کە هەموو ئەندامەکانی ناسیۆنێک لەناو چوارچێوەی دەوڵەتی ناسیۆنالدا ئامادەنەبن یاخود نەژین. دووەم: بێگانە ـ ئەندامانی نەتەوەکانی تر لەناو سنووری دەوڵەتی ناسیۆنالدا خۆیان ببیننەوە. سێیەم: یاخود هەردوو ئەو دوو مەرجە پێکەوە لەکایەدابن. چوارەم: لەکاتێکدا دەوڵەتی ناسیۆنال نەبێت و ئەندامەکانی ئەو ناسیۆنە لە چەند دەوڵەتێکی بێگانەدا بژین.(٣٦). لەبەرئەوەی ئەمە پرنسیپی ناسیۆنالیزمە، لە ستراتیژی هەموو دەوڵەتێکی ناسیۆنالە بێگانەکان بتوێنێتەوە و ئەوسا کۆنسێپتی ناسیۆنەکەی ئێتنی بێت یاخود سیاسی.

بەڵام هەرچی پەیوەندیی بە چەمکی «ناسیۆنالیزمی گەل»ەوە هەیە، ئەوە دەبینین «پەیوەندارێتی بۆ ناسیۆنێکی وەکو ناسیۆنی فەرەنسی لەسەر بناغەی پرنسیپی ڕەوایەتی دروستدەبێت، ئەم پرنسیپەش کراوەیە بۆ هەموو کەسێک کە ئامادەبێت نرخەکانی وەربگرێت. واتە ناسنامەی نەتەوایەتی لەڕێگای بیۆلۆژیاوە دەرگای قبوڵکردنی ئەندامانی تازە داناخات، وەکو لای ئەڵمان دەیبینین، بەڵکو لە ڕێگای کولتوورییەوە دەرگا قفڵدەدات. واتە کاتێک مرۆڤ دەبێت بە فەرەنسی کە بەزمانەکەی قسەبکات و کولتوورەکەی بکات بەهی خۆی و بەشێک لەبوونی خۆی و لە کۆتایشدا کاتێک مرۆڤ بەشداربێت لە ژیانی سیاسی و ئابووری ئەو نەتەوەیەدا.(٣٧). ئەم کۆنسێپتەش بۆ خۆی نزیکایەتییەکی سیاسی لەگەڵ کۆنسێپتی ئێتنی پلورالی (فرە ئێتنی)دا هەیە، چونکە ئەم چەمکەی ناسیۆنالیزمەش بۆ خۆی دەبێت دەزگا سیاسیەکان و ڕەوایەتییان، ببنە مەرجی سەرەکی بوون بە ئەندامی ئەو نەتەوەیە. نموونەی ئەم فۆرمەش لە وڵاتێکی وەکو سویسرا دەبینینەوە.

تێگەیشتن بۆ ناسیۆن لە وڵاتێکی وەکو سویسرا لە ڕێگای کۆمەڵەی ئێتنییەوە ناکرێت پێناسەبکرێت، چونکە ئەمە کۆڵەکەی ئەو ناسیۆنە تێکدەشکێنێت کە لەناو جەستەی دەوڵەتی ناسیۆنالدا پتر لەئێتنیەک پێکدەهێنێت، بەڵکو زێتر لە ڕێگای «دەزگای هاوبەش و مێژوو و بەرژەوەندیی هاوبەشەوە ڕاڤەدەکرێت». واتە «شێوەیەک لە پەیمانی کۆمەڵایەتی لە نێوان ئەو گروپە ئێتنیانە، لە فۆرمی دەوڵەتێکی فیدرالیدا، بوونی هەیە(٣٧). ئەم دەوڵەتەش بۆیە دەبێت فۆرمی فیدرالی لەخۆبگرێت، چونکە هاونیشتمانێتی بەتەنیا دەکرێت لە ڕێگای ڕەوایەتیی سیاسییەوە دروستبکرێت، نەبا ڕەوایەتیی ئێتنی. میکانیزمی دامودەزگایی لە وڵاتێکی وەکو سویسرادا، لە فۆرمێکی بەهێزی دەزگاییدا خۆی دەبینێتەوە کە بەرژەوەندییەکان هاوئاهەنگ و تەبادەکات: فیدرالیزم دەبێتە پرنسیپێکی سیاسی کە هاوپەیمانێتی ئەم ئێتنیانە ڕێکدەخات و سیمایان ناگۆڕێت، هەر ئەمەشە هەستی پەیوەندارێتی و بەناسیۆنبوون لە فۆرمی دەوڵەتی ناسیۆنالدا پێکدەهێنێ. ئالێرەوەیە فۆرمی سیاسیی فیدرالیزم بەهاوئاهەنگییەکی سیاسیی نێوان گروپە ئێتنیەکان و بەشدارییان لە پرۆژەیی سیاسی و ئابووری و کولتووری دەوڵەتێکدا، لەقەڵەمدەدرێت؛ لەکاتێکدا ناسیۆنالیزمی ئێتنی ئەم فۆرمە بەبریندارکردنی جەستەی ناسیۆن و لەتکردنی لەشی دەوڵەتی ناسیۆنال دەبینێت.

## ئیشکالیەتی دەوڵەت ، نەتەوە، نەتەوە ، دەوڵەت

بۆ ئەوەی سەرکۆزەرەی بابەتەکەمان لەم بەشەدا بەدەستەوەبگرین، مەبەستمە بەو پرسیارەی (بالیبار) دەستپێبکەم؛ کاتێک دەپرسێت: تاچ ڕادەیەک نەتەوەیەک پێکهاتووە لەکۆمەڵەیەک (الجماعة ـ Gemeinschaft)؟ (٣٨).

لای (بالیبار)، بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، ڕووبەڕووی دووجۆر لە کۆمەڵە دەبینەوە: یەکەمیان «کۆمەڵە ڕاستەقینەکان ـ الجماعة الحقيقية» و دووەمیشیان «کۆمەڵە بەوێناکراوەکان ـ الجماعة المتخيلة». ئەو دەڵێت، هەموو کۆمەڵێکی کۆمەڵایەتی (الجماعة الاجتماعية) کە لە دووتوێی کاریگەریی دامودەزگاوە بەرهەمبهێنرێتەوە، بەوێناکراوە. واتە پشتنەستوورێتی هەموو کۆمەڵەیەک، جۆرێکە لە گواستنەوەی بوونی تاک لەناو دەلاقی مێژوویەکی کۆیی (Koliektive Geschichte) و قبوڵاندنی ناوێکی کۆییە کە هەموو لەسەری ڕێکبکەون، هەروەها ترادیسیۆنێکی کۆیی جێیێی بێ پرسی ڕابردوو لە مرۆدا بەجێبهێڵێت.

(بالیبار) بۆ ئەوەی بەوێناکراویی ئەم واقیعە کۆمەڵییە ڕوونبکاتەوە، ناچاردەبێت بڵێت: بەتەنیا کۆمەڵە بەوێناکراوەکان کۆمەڵەی ڕاستەقینەن. مەبەست لەم دارشتنەش، ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستییەکە: ئێمە بەرامبەر بەبوونێکی مێژوویین کە پێیدەگوترێت ناسیۆن، بەلام ژیانی ئەم بوونە لە پرۆسەیەکی سێ سەدساڵی تێپەرنابێت؛ ئێمە بەرامبەر بەبوونێکی کۆمەلایەتین کە تازە هێشتا هەندێک گەل ـ ناسیۆن لەسەر گۆرەپانی سیاسەتی نێودەوڵەتی خۆیان قوتدەکەنەوە کەدەشێ لای خەڵکانێکی زۆر ناویشیان نەبیسترابێت؛ ئێمە بەرامبەر بەپرۆسەیەکی سیاسین کە زەبرو زەنگ (پتر لەرێگای جەنگ، شەڕ... وە) فۆرمی ناسیۆنمان لەم کۆمەلانەدا بۆ دروستدەکات. بەمجۆرە «گەل»، وەکو چەمکێکی سیاسی، دەبێت بە هێزێکی مادیی گەورە لە مێژوودا، لەکاتێکدا کە لەم سەردەمەی تیایدا دەژین، بەردەوام وەکو کۆمەڵەیەکی نەتەوەیی خۆی بەرهەمدەهێنێت. ئەلبەتە بۆئەم پرۆسەی بەردەوامێتی خۆبەرهەمهێنانەوەیەش، «گەل» پێویستی بەیەکسانگەلێک دەبێت کە فۆرمێک بەم بوونە کۆمەلایەتییە ببەخشن، یەکێتی ڕیزەکانی بپارێزن، مۆبیلی بکەن، ئەندامانی بخەنە ناو پرۆسەی بروای ئایدۆلۆژییەوە، بۆ ئەوەی وەکو «گەل» بتوانێت خۆیبناسێنێ، بناغەی ئەم میکانیزمەش لە دەسەلاتی سیاسیدا خۆی بەرجەستەدەکات. واتە زۆر ستەمە باس لە «گەل» بکەین بەبێ ئەوەی باس لە دەسەلاتی سیاسی بکەین؛ کە باسی دەسەلاتی سیاسیشمان کرد، بەپێویست دەبێت لایەک هەبێت دەسەلات بەرەوایەتی (شرعیەتی) خۆی بزانێت و ئەوانی دیی لێ بێبەربکات، کاتێک خۆی خاوەن دەسەلاتدارێتی بێت و ئەوانی دی بێبەربکات، کاتێک خۆی لە شوێنەواری خەباتدا ببینێتەوە بۆ دەستگیرکردنی دەسەلاتی سیاسی یاخود داوای دابەشکردنی دەسەلاتی سیاسی بکات. نموونەی ئەمجۆرە گەلانە لەناو چێوەی دەوڵەتە ناسیۆنالەکاندا بەردەوام لە زۆربووندایە، چونکە پرۆسەی تواندنەوە بارێکی «ناپەیوەندارێتی کۆیی ـ اللانتماء الجماعی» لای ئەم بوونە کۆمەلایەتیی ـ کولتورییانە بەرامبەر بە دەوڵەتی ناسیۆنال دروستدەکات، لە کاتێکدا کە شوێنەواری پەراوێزێتییان بەسەردابسەپێنێ یاخود هەروەکو گوتمان تاندنەوەی کۆییان تێدا پیادەبکات، کە بەدروستکردنی جۆرێک لە(پەیوەندارێتی زەبر ـ الانتماء بالاکراە) بەرجەستەدەبێت.

(رێنان) دەڵێت، ئامادەبوونی تاک بۆ ئەوەی بریاربدات سەر بەم نەتەوەیە نەک بەوی تر، پابەندە بەهوویست«(الارادە ـ Wille)ی ئەو کەسە لە هەڵبژاردنی پەیوەندارێتی خۆی بۆ کۆمەڵەیەک. بەلام ئێمە بەرامبەر بەم دیدەی (رێنان) ڕووبەڕووی مێژوویەکی تر دەبینەوە لە هەڵبژاردنی نائازادانەی تاک بۆ بوونی یاخود کردنی بەهاو نیشتمانێتی زۆرەملێیانەی لەناو کیانێکی سیاسیدا کە پێیدەڵێن دەوڵەتی ناسیۆنال.

هیچ دەوڵەتێکی ناسیۆنال نییە لەسەر گۆی زەوی بەهەڵبژاردنێکی ئازادانەی تاکەکەس خۆی دروستبوبێت و لە ئامادەبوونی پەیوەندارێتی بۆ ئەو کۆمەڵەیەی لەچێوەی دەوڵەتی ناسیۆنالدا فۆرمی نەتەوەی گرتووە. ئەمە نەک بەتەنیا بۆ جیهانی سێ ڕاستە، بەڵکو بۆ خودی ئەوروپاش کە لەپاش پرۆسەیەکی خوێناوی ئەم سنوورانەی لەخۆگرت کە ئێستا هەیەتی و وەکو دیارە هێشتا لەبەشی باشووری ڕۆژهەلات و ڕۆژهەلاتیدا کۆتایی بەو پرۆسەیە نەهاتووە؛ ئەمە بەمەرجێک بەرامبەر کێشەی ئێرلەندا و کێشەی باسک و کاتەلانی و...هتد بێدەنگبین کە لەناوجەرگەی ئەوروپای ڕۆژئاوا خۆیدان.

دەشێت بتوانین تەنیا لە ئاستێکی ئایدیالیدا لەگەڵ (رێنان)دا یەکبگرینەوە، کاتێک بڵێین: گەر ئەندامانی کۆمەڵەیەک ئامادەنەبن پەیوەندارێتییەکی بۆدۆزراوە بە سەریاندا بسەپێنرێ و وویستی ئازادانەی خۆیان بەبێ زەبروزەنگ خۆیان دیاریبکەن، بەلام دەشێت ئەم تێزەیەش بۆ خۆی لە ئیشکالیەتێکی گەورەدا بژی، لە کاتێکدا بیخەینە بەرامبەر بوونی فرەکۆمەلایەتی ـ کولتووری جۆری مرۆڤایەتی.

ئێمەی مرۆڤ نزیکەی (١٨٠) دەوڵەتی بروابێکراومان لە ڕووی نێونەتەوایەتییەوە هەیە، بەلام بەرامبەر بەوەش نزیکەی (٨٠٠٠) نەتەوە، ئێتنی، کۆمەڵەی دینی و زمانی... هتد یان «ڕەگەزی» جیاوازمان هەیە کە لەناو ئەم (١٨٠) دەوڵەتەدا بەچەندایەتی جیاواز «دەبێت» بژین (بەلایەنی کەمەوە ئاتمەرق)(٣٩). کەواتە دەبێت بڵێین: بەرامبەر وویستە تاکێتیی یا کۆییەکەی (رێنان) باسی لێوەدەکات، ئێمە دەبێ باسی شێوە وویستێکی نێونەتەوایەتی بکەین

که هەموو وویستەکانی دی لەخۆناگریت، گەر نەڵێین ئەیانچەوسێنێتەوە و لەژێر زەبری سیاسەتی نێودەوڵەتیدا دەبێت پێکەوە بژین، بەبێ بریاردانی ئازادانە لە جۆری هەڵبژاردنی ژیانیان.

لێرەدا ئێمە بەرامبەر بە دوو بۆچونێن کە لە رووی تیۆرییەوە بانگداشتی رەوایەتی بۆ دەکریت کەچی لە رووی پراکتیکەوە ئامادەنییە بەوەفابێت بەرامبەری، هەروەکو گوتمان بەپێی پرنسیپی پەیوەندارێتی نەتەوەیی بێت، مافی هەموو نەتەوەیەکە دەوڵەتی ناسیۆنالی خۆی دروستبکات، بەلام ئەمە رووبەرووی راستێتی واقیعی پێکهاتەی کۆمەڵەی مرۆڤایەتیمان دەکاتەوە، راستیەک کە تەنها لە رووی تیۆرییەوە دەتوانێت رەوایەتی بۆ خۆی بدۆزێتەوە، چونکە ئالێرەدا ئێمە بەرامبەر بە ۸۰۰۰ جۆری کۆمەڵەی مرۆڤین کە بەپێی پرنسیپی ناوبراویش دەبێت ۸۰۰۰ دەوڵەتی ناسیۆنال دروستبێت.

هەروەکو رووونمانکردەوە، پروسەی دروستبوونی دەوڵەت لە ئەورووپادا بۆ خۆی پرۆسەیەکی ناوەکی (بەلام خوێناوی) ناو ئەو کۆمەڵگایانە بوو کە ئەورووپایان لێپێکهاتبوو، بەلام هەر کە لەم کیشوەرە هاتینەدەرێ، ئەوا رووبەرووی پروسەیەک دەبین کە بۆ خۆی ئەم کیشوەرە بەجیهانییکرد و وێنەی خۆی لەسەر دروستکرد. گەر چەند ولاتێک بەدەستەوە بگرین کە بۆ خۆیان وەکو ئیمپراتۆریەت بوونێکی تێریتۆریالیان هەبووە، بەلام مانای ئەوە نییە ئەمرۆ هەمان جەوهەری داموودەزگایی و یاسایی و پەروەردەیی...هتد یان هەیە کە وەختی خۆی هەیانبووە، وەکو روسیا و چین و یابان و ئێران و ئەثیوپیاو...هتد(٤٠)، ئەوانی تر هەمووی وولاتگەلێکی دروستکراون کە لە پرۆسەی کۆلۆنیالیزەکردن یاخود پاشان لە پرۆسەی پۆست کۆلۆنیالیزمدا دروستبوون، لەم کۆتاییەشدا لە پرۆسەی داروخانی ئیمپراتوریەتی سۆسیالیزمدا برێکی تر وەدەرکەوتن؛ وەکو کۆمارەکانی باشوور و رۆژئاوای روسیا یاخود کۆمارەکانی پاش هەڵوەشاندنەوەی یۆگۆسلاڤیا، وە یان جیابوونەوەی چیک و سلۆڤاکیا لەیەکتر و پاشان «گەلێک» چووە ناو باوەشی «ناسیۆنەکەی» لە ئەڵمانیادا، واتە یەکگرتنەوەی هەردوو دەوڵەتی ئەڵمانی.

لێرەدا گەر بازێکبدەینە ناو سەرزەمینی سیاسەت و سیستەمی جیهانی ئەمرۆی سەرمایەداری، ئەوا دەبێت بڵێین: بەتێکشکاندنی پرۆژەی (ویلسن) پاش جەنگی جیهانی یەکەم، کە مافی چارەی خۆنووسینی بۆ گەلان لەخۆگرتبوو، گوژمێکی بزووتنەوەی رزگاریی نەتەوایەتی لە دوای خۆی بەجێهێشت و لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە سێ چەمکی تر کاریانکردووە، یەکەم: رزگاربوون لەدەست کۆلۆنیالیزم. دووەم: شۆرش و سێیەمیش: دەستێوەردانی - تدخل - هێزە دەرەکیەکان، بەتایبەت لە دوای ۱۹۸۹ بە جۆرێکی راستەوخۆ و سەربازیانە بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوەکییەکان و نێودەوڵەتیەکان(٤١).

ئەمانە هەمووی راستییەکمان دەخەنە بەردەست، پتر لە نیوەی ئەو دەوڵەتە ناسیۆنالانەی تاوەکو ئەمرۆ پێکهاتوون، تەمەنیان لە ٤٠ ساڵێک تێپەرناکات. ئەمەش بۆ خۆی پرنسیپی بڵاوبونەوەی پەیوەندارێتی نەتەوایەتی پتر بەجۆرشداوە. چونکە سنووره دروستکراوەکانی پاش جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم لەگەڵ وویستەکانی تاک یان کۆیی برێکی زۆری ئەو کۆمەڵانەی تیایدا ترنجێنراون هاوجووتناکەوێتەوە و ئامادەنەبوونی رۆژئاواش بۆ لەدەستدانی بەرژەوەندییە سیاسی - ئابوورییەکانی دژایەتیەکی گوژمری لە تیۆری ناسیۆن - دەوڵەتی ناسیۆنالی رۆژئاوایی لە نێوان پراکتیک و تیۆری خۆیدا پێکهێناوە، چونکە چ لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و چ لەسەر ئاستی نەتەوەیی هێڵی گشتی پراکتیکی رۆژئاوا لە دژەکاردایە بەرامبەر بە بەرژەوەندیی زۆربەی زۆری گەلانی جیهانی تاوەکو ئەمرۆ بێبەری لە مافی چارەی خۆنووسین و بێبەری بوونی برێکی گەورەی چین و توێژی کۆمەڵایەتی لە جیهانی دەرەوەی رۆژئاوا لە بەشداربوونی لە بەرهەم و بەرخۆری و وێنەبەخشین بەسیاسەتی جیهانی... کۆی ئەم خاڵانە رووبەرووی راستییەکمان دەکاتەوە کە لە دوای داڕووخانی سیستەمی سۆسیالیزمی سۆڤیەتی، سیستەمی رۆژئاواش بێتوانایە لە رووی سیاسییەوە چارەسەر بۆ کێشەی ئەمرۆی جیهان بدۆزێتەوە. ئەوەی تاوەکو ئەمرۆ لەرووی ئایدۆلۆژییەوە بۆتە ئەڵتەرناتیڤی رۆژئاوا مافی مرۆڤ و ئاشتی و... هتد، بەلام ئایا ئەم شێوە چارەسەرکردنە بۆ خۆی هێشتنەوەی ئەو قاوغە نییە کە سیستەمی عەقڵانی سەرمایەداریی جیهانی دروستکردووە و خۆی تێیدا بەردەوام بەرهەمدەهێنێتەوە؟ بەمانایەکی تر، هێشتنەوەی ئیمپراتۆریەتی سەرمایەداری پابەندە بە

کوشتنی هەموو ئەڵتەرناتیڤێکەوە، ئەگەرچی لەو مرۆڤانەتریێت... من دەمەوێت لێرەدا قامک لەسەر ئەو تێزەیە دابنێم کە دەوڵەتی ناسیۆنال وەکو دەرکەوتەیەکی رۆژئاوا، لە دژایەتیەکی ڕاستەقینە لەگەڵ ناوەرۆکی فیکرەی سەرهەڵدانیدا دەژی و هەر ئەو ناکۆکییەشە ئەمرۆ پەیوەندیی نێونەتەوایەتی ـ دەوڵەتی هێندە ئاڵۆز و شەڕەنگێزکردووە.

## ،کوردبون، لەنێوان بەرژەوەندیی هاوبەش و بەرژەوەندیی ناهاوتادا

لەناو هەموو کۆمەڵگایەکدا، کە خۆی بە گەل ـ نەتەوە دەزانێت، «بەرژەوەندییەکی هاوبەش» بەشێوەیەک لە شێوەکان و لە فۆرمی جیا لە نێوان تاکەکانی دا بوونی هەیە و لە ڕێگای دامودەزگا دەوڵەتیەکانیەوە ڕێکدەخرێت... بەڵام ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە هەموو ئەندامێکی ئەم کۆمەڵە لە «بەرژەوەندیەکی هاوتا»دایە لەگەڵ ئەوانی تر، بەتایبەت کاتێک ململانێی نێوان توێژ و چین و هێزە کۆمەڵایەتیەکانی تردا، ئەوسا هۆکارەکەی هەرچییەک بێت، لە دۆخی دژایەتیدابێت یاخود لە ململانێدا خۆیببینێتەوە. گەر ئەمە بۆ نەتەوەیەک ڕاستبێت کە خاوەنی دەوڵەتی ناسیۆنالی خۆی بێت، ئەوا بۆ کورد دەبێت بڵێین؛ لۆژیکی بەندبوونی هەر ناوچەیەک بە دەزگایەکی دەوڵەتی ناسیۆنالی جوێ (جگە لە عێراق و سوریا وەکو کولتوور و زمان) و پێکهاتنی سیستەمێکی ئابووری ـ سیاسی کە هەر پارچەیەکی کوردستانی بە بازاڕی دەوڵەتە نێوەندەکانەوە بەستۆتەوە، پرۆسەیەکی خستۆتەگەڕ کە لەسەر ئاستی ئابووری و سیاسی وکولتووری و زمانەوانی ئەو وڵاتانەدا فۆرمی جیاش لە پەیوەندی و شێوەی چەوسانەوەکانیش دروستبکات، کە لەلایەن ئەو سیستەمانەوە، واتە سیستەمی دەسەڵاتدارێتی ئەو وڵاتانەوە، لە کوردستانی پارچەبەندبوویان پیادەیبکەن.

ئەمەش بۆ خۆی لەناو هەناوی کۆمەڵگای کوردستاندا ڕستێک گۆڕانکاری دروستدەکات و فۆرمی بەرژەوەندی کوردی هەر پارچەیەک بە دەوڵەتە ناسیۆنالەکانەوە دیاریدەکات، پاشان لە دەرئەنجامدا بۆ کۆمەڵگای کوردستان لەهەر پارچەیەک جۆرێک لە ئۆتۆنۆمیتی لە پارچەکانی تردا بەرهەمدەهێنێت و گووتاری جیا لە کایە جیاجیاکاندا دروستدەکات کە ناوی لێدەنێم «بەرژەوەندی ناهاوتا»، بەڵام دواجار دەشێت پەیوەندییەکان لەسەر ئاستی «بەرژەوەندی هاوبەش» بمێنێتەوە، گەر دژایەتی ڕاستەوخۆ لەنێوان بەرژەوەندیەکانی ئەم پارچانەدا دروستنەبێت (بۆ نموونە تازەترین پێکدادانی سەربازی نێوان پ.ک.ک و حوکمەتی کوردستان، ڕاستروایە بڵێین پارتی و یەکێتی و پاشانیش پارتی بەتەنها... یاخود فشارهێنانی یەکێتی بۆ پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران و هتد...). واتە تا ئەو کاتەی هۆشمەندیی کوردی باس لە گەلێکی دابەشکراو بکات، «بەرژەوەندییەکی هاوبەش» بوونی هەیە و تا ئەو کاتەی گووتاری سیاسیی تێریتۆریالی بە کردەی سیاسی بمێنێتەوە و گووتاری سیاسیی نەتەوەیی وەکو پڕۆژەیەکی کولتووری کاریپێبکرێت، ئەوا بەرژەوەندی هاوتا لەسەر ئاستی نەتەوەیی ئامادەنابێت و دەبێتە وڕێنەیەکی نەتەوەیی... ئەمەش بۆ خۆی دەرەنجامی سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژیی قوڵی خۆی بەرهەمدەهێنێت، کە گەورەترینیان بەئێنتیتیبوونی ناسیۆنالیزمی کوردییە؛ واتە ناسیۆنالیزمی کوردی بەپێویست لە کاتی بوونی بە گووتارێکی تێرتۆریالی، ناوکۆییەکی کولتووری وابەستەی ئەو سنوورانە دەبێت کە ناسیۆنالیزمەکەی بریندارەکات و دەبێتە ناسیۆنالیزمێکی ئێتنی.

«کوردبوون» بەپلەی یەکەم لە گووتاری سیاسیی باوی کوردیدا، بریتیە لە ناوکۆییەکی کولتووری (اجماع ثقافی)، بەڵام بۆ ئەوەی ئەم ناوکۆییە لەسەر ئاستی نەتەوەیی ڕەوایەتی خۆیبدۆزێتەوە، پێویستی بە ناوکۆییەکی سیاسیش دەبێت. بۆ ئەوەی ئەم ناوکۆییە سیاسیەش فۆرمێکی کۆیی (اجماعی) پێببەخشرێت، پێویستی بە پارت یاخود ڕێکخراوی سیاسی دەبێت، چونکە هەروەکو ئاشکرایە بەتایبەت گووتاری ناسیۆنالیزم گووتارێکە جەماوەر بەبێ جیاوازی کۆمەڵایەتی بەرهەمدەهێنێت، گووتارێکە بەجەماوەر کردنی بوونە کۆمەڵایەتیەکان لە ستراتیژیدا چەقدەبەستێت. بۆ خستنەگەڕی ئەم پرۆسەیەش، دەبێت گروپگەلێک هەبێت ئەوە بە فەرمانی مێژوویی خۆیبزانێت کە لە گووتاری نەتەوەییدا بە پەیامی مێژووی ناویلێدەبرێت. ئەم فەرمانە ئەرکێکە و دەبێت ڕەوایەتیەکی بۆ بدۆزرێتەوە.

وەکو گووتارێکی ناسیۆنالستی، گووتاری کوردیش بێبەرینییە لەگەڕانەوە بۆ مێژوو و کولتوور و ترادیسۆن و زمان و تەنانەت ئایین و ڕەگەزیش (ئەگەرچی کورد پەلاماری کایەی ئایینی وەکو عەرەب یا فارسی نەداوە و وەکو تورکیش نەیخستۆتەوە).

ناسیۆنالیزمی کوردی تا وەکو ئەمڕۆ ئەو کەرەسانەی بەدەستیەوەیەتی لە ئامادەکردنی ڕابردوو لە ئێستا، هەندێکی دژ بەخۆیەتی، لە کاتێکدا ئەو ڕەوایەتی خۆی تێدادەبینێتەوە. بۆیە لە خوێندنەوەی زۆربەی زۆری ئەو سەرچاوانەی بەدوای دۆزینەوەی ڕەچەڵەکی کورددا دەگەڕێن، تێبینی ڕێکنەکەوتنێک دەکرێت لەسەر ساغکردنەوەی ئەم چەمکە، ئەڵبەتە ئەمەش بۆ خۆی ڕەوایەتی خۆی هەیە لە ڕووی زانستییەوە، چونکە هەمووی تێزەن و مێژوونووسان گەشەیانپێداوە. هەروەکو چۆن ناسیۆنالیزمی هەموو کۆمەڵەیەک ڕێکەوتنێکی شاراوەی پرسنەکردن لەپشتەوەیە، ئاواش ناسیۆنالیزمی کوردی بێبەری نییە لەم پرنسیپی پرسنەکردنە. گەر ئێمە بۆ نموونە لە دەرئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوانەی دەربارەی مێژووی کورد کراون وەڵامی پرسیاری ڕەچەڵەکی کورد بگەڕێنینەوە بۆ مادەکان و تەنانەت شانازییەکی نەتەوەیی لە پشتەوە بۆ دروستبکەین، هەروەکو هەندێ مێژوونووسی کورد بەشکۆوە باس لەوە دەکەن کە فارس و چەند گەلێکی تر لە ژێر دەسەڵاتداریتی «مادە کوردەکان»دا بوون، ئەوا لێرەدا بە پێویستی دەزانم یەکێک لە سیمبۆلە هەرە سەقامگیربووەکانی ناو «عەقلی نەتەوەیی» کوردی دەستنیشانبکەم کە (نەورۆز)ە. نەورۆز وەکو جەژنێکی نەتەوەیی، کورد بۆیە دەیگێڕێت، لەبەر ئەوەی سیمبولێکی میتۆلۆژی و کولتوورییە و لەگەڵ ئەمڕۆ وێکچوونێکی تێدا دەبینێتەوە، چونکە ڕزگاربوون لە ژێردەستی و چەوسانەوە پەیامەکەیەتی؛ هەربۆیەشە ئەمڕۆ هۆکارێکە بۆ مۆبیلکردنی جەماوەری بەرفراوانی کورد لەکایەی سیاسیدا. بەڵام گەر مێژووی ئەم جەژنە میتۆلۆژیا ئاساییە بەڕێکەوت لە ڕوخانی ئیمپراتۆریەتی مادەکاندا خۆیببینێتەوە، ئەوا دەبێت بۆ ناسیۆنالستێکی کورد لەکاتێکدا شایی نەتەوەیی دەگێڕێت، دەبایە لە پرسەدابووایە! ڕزگاربوون ئا لێرەدایە هۆشمەندبی کۆیی ڕووبەڕووی لۆژیکی پرسیارنەکردن دەبێتەوە، کە لەناو کایەی ناسیۆنالیزمی هەموو نەتەوەیەکدا کاردەکات. مێژوو بەپیرۆزدەکرێت و ترادیسۆن دەدۆزرێتەوە و ڕەوایەتیش لەوێوە هەڵدەهێنجێنرێت.

گەورەیی نەتەوەیەک لە کۆنێتییەوە بەرهەمنایەت، هێندەی لە ئامادەبوونی تاکەکانی و خۆیدایە لەناو کولتووری مرۆڤایەتیدا... ڕاستە لە پرنسیپ و ستراتیژی هەموو ناسیۆنالیزمێکدایە گەورەیی خۆی لە مێژوودا بخاتەڕوو، بەڵام ئەمانە هەمووی دەبن بەورێنەیەکی نەتەوەیی گەر هێزی خۆی لەم چرکەساتەدا ئامادەنەبێت. ئەمە جگە لەوەی مێژووی مرۆڤایەتی، ئەمڕۆ هەندێ نەتەوە کارێتێدادەکەن کە تەمنیان لە چەند سەد ساڵێک تێپەڕنابێت. پاشان پرنسیپی تر کە ناسیۆنالیزم ناتوانێ بێ ئەو بژی، بریتیە لەپرۆسەی خۆدابڕینی کولتووری، ئیتنی، زمانەوانی یان دینی... دەشێت ڕۆشنبیران لێرەدا گەورەترین ڕۆڵبگێڕن بۆ ڕەوایەتیبەخشین بەم پرنسیپە، هەروەکو لەبەشی یەکەمدا ڕوونمان کردەوە؛ نووسینەوەی مێژوو (دروستکردنی ترادیسۆن)و دروستکردنی زمانی نووسین و سیستەمی پەروەردەکردن و... هتد چ ڕۆڵێکی گەورەیان لە دروستکردنی هۆشمەندیی کۆییدا گێڕاوە و دەگێڕن. دەشێت لە مێژووی کوردستانیشدا نموونەی گەلێک زۆرمان هەبێت، هەر لە پیرەمێردەوە بگرە وەکو زیندووکەرەوە و بەکوردیکردنی ترادیسۆنی نەورۆز تاوەکو شڤانپەروەری گۆرانیبێژ لە ئاستی کولتووریدا.

ئێمە لێرەدا ڕووبەڕووی چەند پرسیارێک دەبینەوە کە بێگومان ڕاڤەکردنیان لە توانای ئەم نووسینەدانییە. ئایا «کوردبوون» مانای بوونی ناسیۆنێک دەبەخشێ؟ پەیوەنداریتی کوردی کۆمەڵەکانی لەکوێدان؟ ئایە «ناسیۆن» ڕاستییەکی مێژووییە و دەبێت پێیبگەین یاخود چارەنووسێکە و تێیدەکەوین؟ پەیوەندیی ناسیۆنالیزم و دروستبوونی ناسیۆن بە مۆدێرنیزمەوە چییە؟ ئایا بە«ناسیۆنبوون» سیفەتێکە کۆمەڵێک مرۆڤ لەخۆیانی دەنێن یاخود پابەندە بە دروستبوونی مەرجی دەزگایی و ڕۆشنبیری و پەروەردەیی و ئابووری و ڕەوایەتیی سیاسی و مۆبیلکردنی کۆمەڵگاوە؟... هتد.

لەو ڕووبەرە جوگرافیایەی پێیدەگووترێت کوردستان هێندەی ڕوونە، تەنیا کۆمەڵەخەڵکێکی تێدا ناژین کە

خۆیان بە کورد دەزانن، بەڵکو کۆمەڵێک ئێتنی جیاوازیش لەتەک کوردا دەژین. لە کوردستاندا تەنیا یەک ئایین بوونی نییە، بەڵکو بۆ خۆی بەتەنێ لەو کیانە کۆمەڵییەی کورد پێکیهێناوە پتر لە ئایینێک و زیاتر لە ئایینزایەک (مذهب) بڕوای تاک و گروپە جیاکانی ناو کۆمەڵگەی کوردستان پێکدەهێنێت؛ ئەمەش لەگەڵ ئاینی تری ئێتنیەکانی دیدا کە لە کوردستاندا دەژین. لە کوردستاندا تەنیا یەک زمانی نووسین و یەک دیالێکت نەبۆتە زمانی نووسین تا دەگاتە شێوەی نووسین، ئەگەرچی لە دەرئەنجامدا هەمووشی خۆی وەکو زمانی کوردی دەناسێنێت. لەناو ئەم هاوکێشە کولتوورییە ئاڵۆزەشدا، گروپگەلێک هەن کە خەبات بۆ ناسنامەیەکی ناوکۆیی دەکەن و هەندێکیش هەن بوونی ناسنامەیەکی جوێ لە هاونیشتمانێتی بۆ دەوڵەتی ناسیۆنال بەلایانەوە گرنگترنییە.

سەرەڕای ئەم ئاڵۆزییەی کایە کۆمەڵایەتی و کولتووری و زمانەوانی و ئایینییە، ئێمە ناوکۆییەکمان هەیە کە کۆمەڵێک مرۆڤ هەن پێکهاتەیەکی کۆمەڵی ـ کولتووری تایبەت بە خۆیان هەیە و بەخۆیان دەڵێن کورد. ئایە سیحری ئەم هێزی «کوردبوون» و لەوێشەوە خۆناساندن وەکو «ناسیۆنێکی کوردی» لەکوێدایە؟ ئایا پرۆژەیەک هەیە بەناوی «پرۆژەی ناسیۆنالی کوردی» یاخود پرۆژەیەکی کولتووریمان هەیە فەزای سیاسی ـ ئایدۆلۆژی ـ جوگرافی تایبەت بەخۆی هەبێ کە بەپێی مەرجە سیاسی و جوگرافی و سەربازی و یاساییەکان، گووتاری ناسیۆنالی جیاواز جیاواز لەخۆبگرتبێ؟ ئایا جوتیارێکی جافەتی چ پێوەندییەکی بە جوتیارێکی کرمانجی بۆتانەوە هەیە؟ ئایا هەورامییەک چ یەکگرتنەوەیەکی لەگەڵ زازاییەکدا هەیە؟ ئایا کەلهوریەک تاچ رادەیەک ئاگای لەبوونی بادیناتیەک هەیە؟ ئایا کاکەییەک لە چ پەیوەندییەکی رۆحی لەگەڵ یەزیدییەکدا خۆیدەبینێتەوە؟ ئەمانە و دەیان پرسیاری دی دەتوانرێت لێرەدا ریزبکرێت و هەوڵی زانستی بۆ بدرێت، لە دۆزینەوەی پەیوەندیی ئەم بوونە کۆمەڵایەتییانە بەیەکترەوە، لەهەموو ئاستەکانی ژیانی مادی و روحی و زمانەوانییەوە... بەڵام ئەمانە هەموویان نابێت ئەو ڕاستییەمان لێبشارێتەوە کە کورد هێشتا بەخۆی پتر بێگانەیە وەک لە بێگانەبوونی بەرامبەر ئەوی دی (الاخر). بەمانایەکی تر بێگانەگی کوردی لە چرکەساتی ئامادەنەبوونی لە کایە جیاجیاکانی دەسەڵاتدا بەرجەستە دەبێت.تاکە کایەیەکی دەسەڵات کە کورد کاری تێداکردبێت، بریتیبووە لە «کایەی نادەسەڵات» (اللاسلطة)، ئەمەش ئیشکالیەتی دەسەڵاتی کوردییە لە ساغکردنەوەی بوونی خۆی. هەر ئەم چەمکەش بۆتە هۆکاری بزوێنەری یەکانگیرییەک و بەرهەمهێنەری ناوکۆییەک لەناو کورددا و لێرەشەوە گووتارەکەی لەسەر ئاستی سیاسی بکاتە خەبات بۆ بەشداربوون لە دەسەڵاتدا، نەک کارێکردنی دەسەڵاتی خودی خۆی.

من وای بۆ دەچم، سەرچاوەی ئەم کێشەی دەسەڵاتە لەلایەک دەگەڕێتەوە بۆ هۆیە مێژووییەکان کە لەدابەشبوونی کوردستاندا لەسەرەتای ئەم سەدەیە و بەستنەوەی بەبازاڕی نێوەندەکانەوە و لەوێشەوە بەسیستەمی جیهانییەوە، لەلایەکی ترەوە قورسایی و فشاری ئەم پرۆژەی مۆدێرنە کە دەوڵەتی ناسیۆنالی کۆلۆنیالی بەرهەمهێنا و لەوێشەوە کردەی ئەم پێکهاتە بۆ ناو بونیادەکانی خۆی هێندە دڕندانەبوو کە ترسێکی کۆیی بوو بە بەرهەمهێنەری هۆشمەندییەکی کۆیی بەتایبەت لە قۆناغی پۆست کۆلۆنیالیزمدا. واتە دابەشکردنی کوردستان و دروستکردنی جۆرێکی نوێ لە پەیوەندیی سیاسی و ئابووری وکولتووری و زمانەوانی لەگەڵ دەسەڵاتە نێوەندەکاندا، دەبێتە بەرهەمهێنەری فۆرمێکی جوێش لە هۆشمەندی و کردەی کۆمەڵایەتی و کولتووری لەناو کۆمەڵگای کوردیدا.

ئەوەی لێرەدا دەمەوێت پێیبکەم و وەکی تێزەیەکی تری خوێندنەوەکەم بۆ چەمکی نەتەوە لەناو کورددا دەریخەم، ئەوەیە کە لەناو کورددا بەرژەوەندییەکی هاوبەش هەیە، بۆ ئەوەی جەغد لەسەر کوردبوونی خۆی بکات، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە بەرژەوەندییەکی هاوتا هەیە. مەبەستم لەمە چییە؟

کاتێک دەڵێم بەرژەوەندیی هاوبەش مانای هاوتایی بەرژەوەندی ناگەیەنێت، مەبەستم لەوەیە قوڵایی پرۆسەیەک دەستنیشانبکەم کە «کوردبوون» وەکو پرۆژەیەک بەرهەمدەهێنێت، بەڵام مانای ئەوە نییە کە ببێتە پرۆژەیەکی نەتەوەیی، چونکە چرکەساتی بوونی جەغدکردن لەسەر خود (تاکید الذات) مانای فۆرمۆلبەندکردنی ئۆتۆماتیکی لە سیاسەتدا ناگەیەنێت، لەبەر ئەوەی هەروەکو روونە سیاسیەت بۆ خۆی چڕبوونەوەی کردەیی هۆشمەندییەکە کە بیەوێت ببێتە هێزێکی مادی لە مێژوودا.

پەیوەندیی نێوان هاوبەرژەوەندێتی و بەرژەوەندی هاوتا لە گووتاری سیاسیی کوردیدا بە بەرجەستەکراوەیی لە دروستبوونی ڕێکخراوی سیاسیی کوردی تێریتۆریالیدا دەردەکەوێت کە لەلایەک گووتارێکی سیاسیی سەرتاسەری هەیە بۆ بەرگریکردن لەو بوونە، لەلایەکی ترەوە لە بەرژەوەندییەکی ناهاوتای لە ڕووی نەتەوایەتییەوە، کاتێک دەبێتە کردەی سیاسی: دروستبوونی پارتی تیریتۆریالی کوردی و دەستکردنیان بە خەباتی چەکداری لە چوارچێوەی دەوڵەتە ناسیۆنالەکاندا و داواکارییە سیاسییەکانیان لە پارچە جیاجیاکاندا، نموونەی جیابوونەوەی هاوتایی بەرژەوەندییەکانە. ئەم چەمکەش وەنەبێت بەتەنیا لەسەر ئاستی گووتاری سیاسی یاخود نەتەوایەتی ببێتە دەرکەوتێک، بەڵکو بەهەمان شێوەش لەناو خودی کۆمەڵگای کوردیدا بە بەرجەستەکراوی دەبینرێت. واتە هەموو تاکێکی ناو کۆمەڵگای کورد، کاتێک بەشداری کردەی سیاسی بێت یاخود بەهۆی کردەیەکی سیاسییەوە ڕووبەڕووی واقیعێکی تر ببێتەوە، بەڕاکشاوی لەلایەن ئەندامانی پارچەکانی ترەوە پەلی پارمەتی وکۆمەکی بۆ درێژدەکرێت (نمونەی ئەم پارمەان زۆرە لە مێژووی کوردستاندا؛ ڕاکردن و ئاوارەبوون و دەربەدەربوونی برێکی زۆری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بۆ پارچەکانی دی و چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی پارمەتی دڵگەرمیانەی ئەندامانی پارچەکانی تر بۆ ئەو ڕووداوە سیاسییانە، تازەترینیان ساڵی ١٩٩١ دوای ڕاپەڕینە). ئەمانە هەمووی ڕاستەوخۆ لە کایەی بەرژەوەندیی هاوبەشی کوردیدا خۆی دەبینێتەوە، بەڵام بۆ خۆی مانای ڕۆچوونی ئەم کایانە نییە بی ناو بەرژەوەندی هاوتا، گەر کردەیەکی سیاسی لەپشتەوە نەبێت.

ئێمە لەگەڵ یەک هاورەچەڵەک و هاونیشتمان و خوورەوشت و خوێن و سیما و...هتد جیاین لەوانی دی، ئەگەرچی لەناو خۆماندا ئەم جیاوازییانە لەسەر ئاستی تر هەیە. ئەم وێناکردنە لە کوێوە سەرچاوەهەڵدەگرێت؟ بۆچی دەبێت هەمیشە بەرامبەرێک هەبێت، بۆ ئەوەی ببێتە پێوەری جیاوازی من لەو یاخود ئێمە لەوان؟

لە سەرەتای بابەتەکەدا سەرنجی خوێنەرم بۆ ئەوە ڕاکێشا کە نە بەتەنیا وویست و کولتوور دەتوانن پێکهێنەری تێورییەک، وێنایەک، چەمکێک بن بۆ ناسیۆنالیزم و ناسیۆن، ئەگەرچی ئەم دوو کایەیە بۆ خۆیان کۆڵەکەی سەرەکی فۆرمۆلبەندی کۆمەڵگایەکە بۆ ناوخۆی و لەوێشەوە پرۆسەی دروستکردنی هۆشمەندییەکی کۆیی دەخاتەگەڕ... بەڵام بەهەمان شێوەش پەنجەمان بۆ ئەو کایە گرنگانەی تر ڕاکێشا کە تەماهیکردن و وەلائەت و هاوکاری لەلایەک و بەرامبەرەکەشی فشار و ترس و زەبروزەنگ چۆن دەبنە هۆکارگەلێکی گرنگ و کاریگەر بۆ جۆربوونی گروپەکان. کەواتە لەو ساتەوەختەی کە «ئێمە» دروستدەبێت، پێویستی بەوە هەیە خەیاڵپلاویی بوونی خۆی ڕەتبکاتەوە. ئەم ڕەتکردنەوەیەش لە تەنیشت بەسیمبۆلکردنی «ئەوانی دی»دا دروستدەبێت و ڕاستەقینەییەک بەبوونی خۆی دەبەخشێت.

گووتاری ناسیۆنالیزم، گووتارێکی جیۆ - سیاسییە. ئەو دەیەوێت بە ئێمەی بسەلمێنێت کە هاوکۆییەک لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگایەکدا، بەبێ ئەوەی یەکتری بناسن، هەیە. ئەو دەیەوێت پەکانگیرییەک لە نێوان خاک و مێژووی گروپێکدا پێشنیاربکات و ئەمانەش لەناو سنوورێکدا بترنجێنێ کە سەدیمییە. ئەو دەیەوێت پێمان بڵێت لەوەتەی مرۆڤایەتی هەیە لەچەند ڕەگەزێکی جیاواز پێکهاتوون کە لەسەر یەک خاک دەژین و یەک زمانیان هەیەو سەر بەیەک ڕەچەڵەکیشن. بەگشتی لە ڕێگای ڕەسەنایەتییەکەوە خۆیان لەوانی تر جیاکردۆتەوە و ئەم سروشتی کۆمەڵگایی کۆمەڵایەتییەی مرۆڤیش مەحکومە بەم مێژووە.

یەکێک لەو پانتاییە سەرنجڕاکێشەرانەی ناو کۆمەڵگای کوردستان، دینامیزمی پانتایی دەسەڵات و چەمکە جیاجیاکانی دەسەڵاتی (بەتایبەت) گروپە جۆراوجۆرەکانی ناو هەناوێتی، کە هەندێ ئێتنی یاخود شێوەئێتنی و هۆشمەندیی ناوچەیی و زمانی یاخود دیالێکتی لەخۆدەگرێت.

ڕاستی ئەوەیە تاوەکو مارکسیزمی سۆڤیەتگوتار کەرەستەی خوێندنەوەی «زانستی» کۆمەڵگابوو، ئەوا لەلایەن ڕۆشنبیری کوردیشەوە، وەکو زۆربەی ڕۆشنبیرانی جیهانی سێ، کرا بەجۆرە ئایینزایەک (مذهب) کە لە دووتوێیەوە جیهانی کۆمەڵگای تێدا خزێنرایە نێو کایەی دوالیزمی دوو هێزی کۆمەڵایەتییەوە؛ هێزی کۆمەڵایەتی پرۆلیتاریا و بۆرژوا، لە پاشانیشدا دیدە لینینیزمییەکە خۆی سەپاند؛ کۆمەڵگای پرۆلیتاری بەرامبەر بە کۆلۆنیالیزم یاخود

ئیمپریالیزم، کە لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانیدا بەرجەستەبوو، گومانی تێدانییە، هێندەی ئەم چەمکە لێنینییە پەیوەندیی بە(گەڕان)ەوە هەیە بۆ خود (ذات)ێکی مێژوویی لە جیهانی سێدا، هێندە پەیوەندیی بەخودی کۆنسێپتی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی مارکسیزمەوە نییە، کە خودی مێژوویی (الذات التأریخی) لە جیهانی سەرمایەداریدا لەچینی پرۆلیتاریای ڕۆژئاوادا دەبینێتەوە، پاش ئەوەی کە بۆرژوا ئەو فەرمانە مێژووییەی بەرامبەر بە دەرمەبەگ بەجێهێنا. جا جێگۆڕکێی یاخود باشتروایە بڵێین جێبێگۆڕکێکردنی فەرمانی مێژوویی ئەم خودە مێژووییەی پرۆلیتاریا لە کۆمەڵگای سەرمایەداری بۆ میللەتی پرۆلیتاری لە جیهانی سێدا لەناو تۆری بەجیهانیبوونی سەرمایەدا، جگە لە گواستنەوەیەکی میکانیکی فەرمانە مێژووییەکان بۆ دروستکردنی تەماهی (Identifikation) لەنێوان ئەو دوو خودەدا، یاخود باشتر وایە بڵێین بۆ دۆزینەوەی تەماهی لە نێوان ئەو دوو خودەدا، چیدی ڕاناگەیەنێت. ئەم چەمکە بەڕاکشاوی لە دیدی لێنیندا بۆ کۆمەڵگای ئینگلیزیدا دەردەکەوێت کاتێک دەڵێت «من دوو میللەتم یاخود دوو گەلم بینی»، مەبەست لێرەدا گەلی پرۆلیتاریا و گەلی بۆرژوایە.

من وایدەبینم کە یەکێک لە هۆکارەکانی کارکردنی مارکسیزمی سۆڤێتی لە گووتاری سەرتاپاگیرێتییەکەیدا (الشمولیة) خۆی بەرجەستەدەکات. ڕێکەوتیش نییە کۆمەڵگایەکی ئیسلامکولتووری وەکو کۆمەڵگای کوردستانیش بەڕاکشاوی ئەم دیدە قبوڵبکات. چونکە هێندەی سەرتاپاگیرێتی لە گووتاری ئیسلامیدا هەیە، ئەوەندە مارکسیزمیش کاریپێدەکات. خێر و شەڕ بەرامبەر بە پرۆلیتاریا و بۆرژوا، ونبوونی ڕۆڵی تاک و خود و ئامادەکردنی ڕۆڵی کۆ و ڕۆحی کۆیی و هۆشمەندیی کۆیی، لەپشت ئەمانەشەوە تواندنەوەی تاک لە پیرۆزێتی کۆدا دروستکردنی خودی مێژوویی، ئۆمەتی مەسلمانان بەرامبەر بەئۆمەتە پرۆلیتارییەکان، جومگەی پێکهێنەر و پێکهاتەکانی میکانیزمی سۆسیۆلۆژی ئیسلام و مارکسیزم پێکدەهێنێت.

با لێرەدا هەڵوەستەیەک بکەین، بۆ ئەوەی هەستی ئەوە دروستنەکەین کە مەبەستمان بەراوردی ئیسلامە بە مارکسیزم یاخود بەپێچەوانەوە بکەین، بەڵکو ئەوەی مەبەستە لێرەدا بگوترێت ئەوەیە؛ سەرتاپاگیرێتی دید و پێشنیارەکان لە ساکاری دیدەکانەوە هاتوون بۆ ئاڵۆزێتی کایەکان و هێز و فۆرمی دەسەڵاتەکانی ناو کۆمەڵگا.

خودی مێژوویی لە کۆمەڵگایەکی وەکو کۆمەڵگای کوردستاندا بەقەد ونبوونی مێژووێتی تاک ئادیارە، ئالێرەشەوە قورسایی خوێندنەوەی میکانیزمە ئانێستا ـ نەبینراوەکانی ناو کۆمەڵگای کوردستان دەستپێدەکات. کاتێک باس لە میکانیزمی کارکردن لەناو کۆمەڵگای کوردستان دەکەین، مەبەستمان لەکۆی ئەو کایانەیە کە دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی تێدا دەبزوێ و بەرهەمدەهێنرێت و بەرهەمدەهێنرێتەوە. وێنەکانی ئەم کایانەی دەسەڵات بە تەنیا لە نێوان گروپ و چینەکانی ناو کۆمەڵگادانین، بەڵکو بەهەمان ڕادەش لە نێوان کۆمەڵە کۆمەڵایەتییەکانی (الجماعات الاجتماعیة) تریشدان، وەکو گروپە ئێتنی و ئاینی و ئاینزا و زمانییەکان؛ واتە گەر لە بۆردیۆ زاراوەی «کایەی دەسەڵات» قەرزبکەین، دەتوانین بڵێین ململانێی نێوان کایەکانی دەسەڵاتی ناو کۆمەڵگان.

واتە ئێمە لە کوردستاندا چەندان فۆرمی جیاوازمان لە زەخیرەی مۆبیلکردنی ئێتنیتی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و دینی.. هتد هەیە کە دەشێت ئەمڕۆ بە جۆرێک وا کپ و بێدەنگبن، بەڵام کاتێک هەستی ئەوە لای چاودێر دروستناکات کە بە کەوتنەوەی هەر جۆرێک لە ململانێ لە نێوان ئەم کایە کۆمەڵایەتیانەدا یاخود کاریگەریی سیاسەتی دەوڵەت بۆ وورووژاندنی ململانێ، تەقینەوە و پێکدادانی کۆمەڵایەتی دروستدەکات.

کۆمەڵگای کوردستان، کۆمەڵگایەکی ئاشێلگیرە و زۆربەی زۆری کۆمەڵگاکانی مرۆڤی چەند کایەیەکی ئاتەبای ئێتنی و زمانی و ئایینی و ناوچەیی و ...هتدی لەخۆگرتووە. کێلێتییەکی گەورەیە ئەم تایبەتمەندێتییانە بە بەراوێزبکرێن و لەناو «بەرژەوەندی گشتی»دا بچەوسێنرێنەوە و لە باشترین کاتیشدا پێیانبگوترێت ؛ ئەمانە هۆشمەندیی نەتەوەییان کزە یاخود ئێتنییەکی مێوانن لەناو کوردستاندا .. هتد ئەمجۆرە پاکانانە بوو کە پرۆسەی پاکسازیی کوردیشی لەناو بونیادی دەوڵەتی ناسیۆنالدا خستەوە و کەلێکی ماندووی بەرهەمهێنا. ئێتنیەکانی ناو کوردستان بەرژەوەندییەکی هاوبەشیان لەگەڵ کورددا هەیە و ستراتیژی کولتوورییان لە پاراستنی بووندا خۆیدەبینێتەوە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێ کە بەرژەوەندییەکی هاوتایان هەیە لەگەڵ کورددا . ئەم ڕاستییە

بەهەمـان شێوەش بۆ زارە ناوچەییەکان و دیالێکتە زۆر لەیەکتر جیاوازەکان راستە، بەتایبەت کاتێک هەندێ هۆکاری تر دەبنە هۆی سەقامگیرتربوونی هۆشمەندیی گرووپی یاخود دیالێکتی، وەکو پەیوەندارێتیان (انتماء) بۆ ئاینزایەک و چەوسانەوەیان بە جۆرێک لە جۆرەکان لەلایەن ئاینی بالادەستەوە. هەروەها هۆشمەندیی ناوچەیی، کە بەناوچەگەرێتی» ئێودەبرێت، یەکێکە لە کایەکانی جیاوازی کۆمەلایەتی لەناو کۆمەڵگای کوردستاندا، کە دەشێت لە رێگای جەنگ و ململانێی عەشیرەتەکان یاخود دوو حیزب یان هەر هۆکارێکی ترەوە ببێتە هۆی شێلگیربوونی هۆشمەندیی ناوچەیی و لە زۆر کاتیشدا جیاوازیی دیالێکت و شێوەی نووسین ئەم دیاردەیە بنبەستردەکات. ئەمانە هەمووی زەخیرەی مۆبیلکردنی کۆمەلایەتین، بە تایبەت لە کاتێکدا کە دەوڵەتی ناسیۆنالیش وەکی ستراتیژ کاری تێدابکات، بە مەبەستی تێکشکاندنی ناوکۆیی کولتووری ـ سیاسی. بۆ نموونە لە رێگای پشتیوانکردن و هاوپەیمانێتی لەگەڵ هەندێ عەشیرەت و خێڵ و تەریقەتی دینی و...هتد یاخود لە رێگای جیاکردنەوەی «رەگەزی» هەندێ گرووپی ئاینییەوە لە ناسنامەی (کوردبوون). نموونەی ئەم ئاڵۆزێتییە کۆمەلایەتی و ئاینی و بە سیاسیبووەمان گەلێک زۆرە پووچێتی دیدی «کوردبوون» وەکو رەگەزێکی تایبەتمان لە رووی بیۆلۆژییەوە بۆ دەسەلمێنێ. «ئاسوری، تورکمان، ئەرمەنی، لە ئاستی ئێتنی دا و زازاو هەورامی...هتد لە ئاستی زاردا... کرمانجی سەروو و ناوەراست و خواروو لە ئاستی دیالێکتدا... سونی و شیعە و یەزیدی و عەلەوی و کاکەیی و...هتد لە ئاستی ئاینزادا، سۆرانی و بادینانی و ...هتد لە ئاستی ناوچەییدا و ئەمانە برێکی زۆری تەریقەتی دینی و هەریەکێکیش لەو ئێتنی و زارانەش دەشێ خاوەنی جۆرێک لەئاینزایی خۆیان بن یاخود ئاینێکی تر).

من لێرەدا نامەوێ وێنەیەکی «بزێوی» کۆمەلگای کوردستان بکێشم، ئەڵبەتە ئەم زانیاریانەی لێرەشدا باسدەکرێن بەهیچ جۆرێک نوێنین، بەلکو ئەوەی لێرەدا گرنگە بۆ هێلی سەرەکی بابەتەکەمان، بوونی ئەم واقیعە کۆمەلایەتیانەیە و ئامادەبوونی هەریەکێک لەم واقیعانە لە رووی ئایدۆلۆژییەوە بۆ پرۆسەی خۆدابرین و جەغدکردنی خود (تأکید الذات). ئەمە لەرووی تیۆرییەوە، هەرچی پەیوەندیی بەبزوتنەوەی کۆمەلایەتی و پێشکەوتنی کۆمەلایەتییەوە هەیە لە کوردستاندا، مەرج نییە ئەم کایانە ببنە واقیعێکی کۆمەلایەتی سەربەخۆ و پرۆژەی کولتووری ـ سیاسی خۆیان دروستبکەن، بەتایبەت کاتێک کە کۆمەلگا فرەیەتی و پرنسیپی جیاوازی قبوڵبکات. ئەڵبەتە لێرەدا ئێمە رووبەرووی پرسیاری دەسەلاتی سیاسی دەبینەوە، چۆن ئەم دەسەلاتە لەگەڵ ئەم کایانە هەڵسوکەوتدەکات. هەموو بەپەراوێزیکردن و گردەی چەوسانەوەی ئەم کایانە، دەشێ ببێتە هۆکارێک بۆ دروستبوونی پرسیاری کۆمەلایەتی و کولتووری و تەنانەت زمانەوانی و هەندێ جاریش پشتئەستور بە هۆشمەندیی یاخود مخیالی دینی لەلای گرووپی خۆبە مەغدوورزان. دروستبوونی رۆشنبیریی تایبەت و هەوڵدانی ئەم رۆشنبیرانە بۆ خستنەوەی پرسیاری کولتووری لای ئەم گرووپانە، پرۆسەی یەکەمی خۆدابرینە. ئێمە لای زازاییەکان بەزەقترین شێوە ئەم پرۆسەیە دەبینین کە ئەمرۆ هەندێ رۆشنبیریان بانگداشتی سەربەخۆیی ئێتنێتی زازایی دەکەن و ترادیسۆنی تایبەتییان بۆ خۆیان دۆزیوەتەوە.

بەگشتی و پوختی دەکرێت چەند فۆرمێک لە ئێتنێتی لەناو کۆمەڵگای کوردستاندا دیاریبکەین، کە بەرای من دەشێ ببێتە زەخیرەی مۆبیلکردنی کۆمەلایەتی یان سیاسی و لە رووی تیۆریشەوە بەشێکی دانەبراوی پرۆسەی هۆشمەندێتی ناسیۆنالیزمی ئێتنێتی لەلای کورد پێکدەهێنن. لێرەدا بەخێرایی چەند رەهەندێکی ئێتنێتی تاووتوێدەکەین و لە دووتوێشیەوە شوێنەواری لەناو کۆمەڵگای کوردستاندا دیاریدەکەین کە چۆن وەکو کایەیەکی بزوێنەر لەناو بزووتنەوەی کۆمەلایەتیدا کاردەکات.

## رەهەندەکانی ئێتنێتی و بزوێنەرەکانی لە کوردستان

ئێمە لە کوردستان بەشێوەیەکی گشتی، چ لە کتێب و چ لە داستان چ لە چیرۆک و ئەفسانەکانیشدا، یەک دیاردەی هاوبەش دەبینین کە دەبێتە سیفەتێکی هاوتا بۆ کۆمەڵەیەکی گەورەتر، لەکاتێکدا هەر رووداوێک لەهەر ناوچەیەک دژ بەهەر دەسەلاتێکی بێگانە روویدات، دەبێتە ترادیسۆنی نەتەوەیی... بەمانایەکی تر ئەو دیاردانەی

بوونەتە بەشێکی کولتووری کۆیی، بەرگریکردن و یاخیبوون و پاشان بەیەکدادانی جەنگاوەرانە و لەزۆربەی کاتەکانیشدا لە دوادەرئەنجامدا بە تێکشکاندنی ئەو ڕاپەڕینانە کۆتاییپێدەهات کە ئەمڕۆ بە بەشێک لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لەقەڵەمدەدرێت. ئەم بەگژیەکداچوون و یاخیبوونانەی ئاغا و سەرۆک عەشیرەت و... هتدی کوردەکان هەمیشە سیفەتێکی ناوچەیی هەبووە. هەر ئەمەش وایکردووە کە زۆربەی کاتەکان بە لەشکرکشانێکی ئیمپراتۆرییەت و یارمەتی هەندێ ئاغا و سەرۆک عەشیرەت و... هتد، کە لە دۆخێکی دوژمنانە لەگەڵ «سەرۆکی جەنگاوەر»دا خۆیاندەبینییەوە، ڕاپەڕینەکەیان دادەمرکانەوە.

ئەمە سیفەتێکە کە هەر خێڵێک لە خێڵەکان، کاتێک لە شوێنەوارێکی (موقعیة) ستراتیژیانەدا خۆی ببینێتەوە یاخود ستراتیژی شوێنەواری خۆی کەوتبێتە ترسناکیەوە، ئەوا بانگەوازی ڕاپەڕینی کردووە. بۆ ئەم ڕاپەڕینانەش پێویستە ڕەوایەتییەک بدۆزێتەوە کە لەسەر ئاستی ئایدۆلۆژی بتوانێت بەرامبەر بەڕەوایەتی ئایدۆلۆژی ئەوی دی بوەستێتەوە. ئایین نەیتوانیوە ئەم بۆشاییە ئایدۆلۆژییە پڕبکاتەوە، واتە کورد نەیتوانیوە ئایین بکات بەهێزێکی مادی بۆ ڕەوایەتیبەخشین بەڕاپەڕینەکانی خۆی، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەر بە ناوی ئایینەوە ئەم «شۆڕشگێرانە» لە سێدارە دران و ڕاپەڕینەکانیش لەگەڵ لاشەی ئەواندا بگۆڕدەکرا و تاوەکو ڕووداوێکی تر، ڕاپەڕینێکی تر، لەناوچەیەکی تر یاخود پاش چەند ساڵێک لەهەمان ناوچە لەلایەن کەسان و خزمانی سەرۆکی بەرەمزکراو سەریهەڵدەدایەوە. چونکە شێوەیەک لەیاخیبوونی بەردەوام بەرامبەر بەدەسەڵاتی نێوەند دروستدەبێت، کاتێک سەرۆک و ئەندامانی خێزانی لە دووتوێی خەباتیان دژی نێوەند سەریان تیابچێت.

لێرەدا ئەم پرسیارە ڕێگەمان پێدەگرێت: چۆن ئەم ڕاپەڕینە ناوچەییانە بوون بە ڕاپەڕینی «نەتەوەیی» یاخود چۆن توانیان بەناوی «نەتەوە»وە قسەبکەن، لەکاتێکدا دەشێ ئەوەی پێیدەگوترێت «نەتەوەی کورد» هەموو بەرژەوەندیی لەو چرکەساتەدا لەگەڵ ڕاپەڕینێکی لەو جۆرەنەبێت و لەوانەشە بڕێکی زۆریشی هەر نەیانبیستبێت؟!

ڕاستی ئەوەیە، یەکێک لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی هۆشمەندیی نەتەوەیی لای کورد لە ململانێی (ناوچە - نێوەند)ەوە سەریهەڵداوە، واتە لە پێشکەوتنی هۆشمەندییەکی ناوچەییەوە سەریهەڵداوە بەرامبەر بە دەسەڵاتێکی ناوەندیی، وەکو ئەوەی لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا یاخود سەفەویدا دەبینرێت. نموونەی ڕیفۆرمی ڕێکخراوەکان (التنظیمات) لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا، کۆتایی بە قۆناغێکی زێڕینی ئەمارەتە کوردییەکان هێنا کە لە لێسەندنەوەی سەربەخۆیی ڕیژەیی ئەو میرنشینانەدا خۆی بەرجەستەدەکرد(٤٢).

ئەم قۆناغە نوێیە، واتە تێکشکاندنی دەسەڵاتداریێتی (ئەوتۆریتێتی - Autorität) میرانی کورد، سەرەتای خستنەوەی پرۆسەیەکی نوێبوو بۆ ناو کۆمەڵگای کوردستان: ئەویش پتر لە بەچەقبەندێتی دەسەڵات لای خێڵ و عەشیرەت و پاشان ململانێی نێوانیان لە بەرفراوانکردنی ئەم کایەی دەسەڵاتەیانە کە پتر لەسەر حسابی یەکتری و بۆ خزمەتکردنی پتری نێوەند دەکەوتەوە. ئەم دیاردەیەش ئەمڕۆ لە فەرهەنگی سیاسی - نەتەوەییدا نێوی لێدەنرێت جاشایەتی.

ئا لێرەدا ڕۆڵی تەریقەتە ئاینی و شێخەکان وەکو گروپێکی کردەستراتیژی (نوێ) لەناو کۆمەڵگای کوردستاندا سەرهەڵدەدا و دەبێت بە مەڵبەندی مۆبیلکردنی کۆمەڵە و چین و توێژە جیاکانی کوردستان. ئەم گروپە کۆمەڵایەتییە سەرەتای خستنەگەڕی پرۆسەی بەئێتنیکردنی ململانێکانی نێوان نێوەندو پەراوێزەکانی خستەوە، ئەگەرچی لە قۆناغی سەرەتادا هەر ناوچەییبوو...

لێرەدا جێی خۆیەتی بڵێین: یەکێک لەو گروپانەی ڕۆڵێکی ستراتیژی بنەبڕیان لە مێژووی کوردستانی باشوور بەتایبەتی و کوردستاندا بەگشتی گێڕاوە و تاوەکو ئەمڕۆش لە گەورەیی کاریگەری کەمنەبۆتەوە، بریتییە لە بارزانییەکان، کە لەسەرەتادا وەکو تەریقەت و پاشان دەبێتە هۆشمەندییەکی ناوچەیی و لەدوایشدا بەرجەستەی هۆشمەندیی نیشتمانی - نەتەوەیی دەکات.

گەر ئەم تێزەی سەرەوە ڕاست بێت، ئەوا دەبێت پەیوەندییەک ڕوونبکەینەوە کە تاوەکو ئەمڕۆش لەناو کۆمەڵگای کوردیدا کردەی ستراتیژیی خۆی نەدۆڕاندووە: ئەویش پەیوەندیی نێوان «عەشیرەت» و «نەتەوە»یە. ئایا ع

پەیوەندییەک لە نێوان ئەم دوو زاراوەیەدا هەیە، یاخود دەتوانین بانگداشتی ئەوە بکەین کە جۆرێک لە بەردەوامیتی فەرمانیی (وەزیفی) دەسەڵاتدارێتی لە نێوان ئەم دوو کۆمەڵە کۆمەڵایەتییەدا هەیە؟

گەر عەشیرەت زاراوەیەک بێت و بۆ هەموو کۆمەڵەیەک بەکاربهێنرێت کە تاک لە باوەشدەگرێت و لە«وەی» یان خراپەی ئەوانی تر دەپارێزێت(٤٣)، ئەوسا ئەوانی تر هەرشتێک بن یاخود هەر شتێک بێت، ئەوا دەبێت بڵێین هێندەی عەشیرەت لە نەتەوەوە نزیکایەتی هەیە ئەوەندە نزیکایەتی بۆ ئێتنی نییە(٤٤)، چونکە ئێتنی هیچ کاتێک وەکو یەکەیەکی کۆمەڵایەتی ناوکۆیی مۆبیلکراوی شێوە دەسەڵاتدارێتی خۆی، وەکو عەشیرەت یاخود نەتەوە، ناخاتەڕوو. هێندەی عەشیرەت پێویستی بە سەرۆک هەیە، ئەوەندەش نەتەوە پابەندە لەسەر ڕەمزییەتی سەرۆک. لێرەدا دەشێت قوڵایی ئەو دیدەی ناسیۆنالیزممان بە ڕوونی بۆ بەرجەستەببێت، کاتێک دەخوازێت پێمان بسەلمێنێ کە نەتەوە خێزانێکە و ئەڵبەتە خێزانیش بێ لێپرسراو و بێ دەسەڵاتی باوکانە نرخە کۆمەڵایەتیەکەی لە کۆمەڵگەی باوکسالاریدا لە دەستدەدات، بۆیە سەرۆکە نەتەوەییەکان بەبێ چەندوچوون دەبن بە باوکی نەتەوەیی.

هێندەی عەشیرەت جەغد لەسەر وەلائەتی ئەندامانی خۆی دەکات، ئەمەش جەوهەری ڕەوایەتی تاکە بۆ کۆیەک، کە تاک تیایدا تاکێتی خۆی دەبێت، وونبکات، بۆ ئەوەی تەماهییەک دروستبکات لەگەڵ کۆ، بۆئەوەی تاک لێرەدا «ئازادیتی» خۆی بەرامبەر بە تاکی دەرەوەی کۆیەکەی خۆی بپارێزێت، دەبێت لەناو کۆیەکەی خۆیدا تاکێکی «نائازاد» بێت ئەوەندەش نەتەوە بە مۆبیلکردنی جەماوەرەوە بەندە و وونبوونی ڕۆڵی تاک تیایدا دەبێتە مەرجێک بۆ ئەوەی باس لە ناوکۆییەکی کۆمەڵایەتی سەقامگیر و شێلگیر بکات. لێرەدا دەشێت بتوانین ڕۆڵی حیزب دیاریبکەین، وەکو پێکهاتەیەکی سیاسی - کۆمەڵایەتی لەم پرۆسەی وەلائەتدارێتییەی تاک بۆ حیزب و ئامادەیی تاک بۆ ئەوەی بوونی خۆشی بخاتە ژێر پرسیارەوە لەپێناو سەروەریی حیزبدا، بەڵام هەروەک ئاشکرایە حیزب وەکو پێکهاتەیەکی سیاسی - ئایدۆلۆژیی نوێ لەناو جەستەی کۆمەڵدا کاردەکات، لەبەر ئەوە کایەکانی دەسەڵات لەناو کۆمەڵگا بەجیهانبینییەکانیاوە دەبنە پایە (رکن) گرنگەکانی حیزب. ئالێرەدا گرنگیترین چرکەساتمان بۆ ڕووندەبێتەوە لە مێژووی حیزب لەناو کۆمەڵگای کوردستاندا؛ هەرکاتێک گرووپێکی ستراتیژی حیزبی خۆی دروستکرد و «عەشیرەت»یش تیایدا کایەی دەسەڵاتدارێتی بێت، ئەوا ڕێکەوت نابێت کە ئەو «عەشیرەتە» بە فۆرمی خۆی بە جەستەی حیزب - نەتەوە دەبەخشێت و دەسەڵاتدارێتی خێزانی دەبێتە بناغەی دروستبوون و بەردەوامیتی وەلائەت لەناو حیزب و نەتەوەدا. من لەپاشاندا جارێکی تر دەگەڕێمەوە سەر ئەم چەمکە..

هێندەی «عەشیرەت» ناوکۆیەکی کۆمەڵایەتی - سیاسیی شێوە ڕێکخستنی دەوڵەتی هەیە؛ واتە سەرۆک عەشیرەت لەم بارانەدا ڕۆڵێکی بچووککراوەی دەوڵەت دەگێڕێت، بەلایەنی کەمەوە لەڕووی ئیرتقائییەوە، هێندەش نەتەوە بەبێ دەوڵەت و سەرۆک سەختە باس لە ناوەکۆیێتی کولتووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی بکات. واتە فۆرم و ناوەڕۆکی پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان، دەزگا کۆمەڵایەتیەکان و شێوە دەسەڵاتدارێتیەکەی دیاریدەکات.

ئەمانە و بڕێکی تری ووێکچوونی فینۆمینۆلۆژییانە لەنێوان «عەشیرەت» و «نەتەوە»دا دەکرێت بدۆزرێتەوە، بەڵام ئەمانە بۆچی دەبێت وامان لێبکەن بڵێین: سەرباری ڕاستێتی و ووێکچوونی فەرمانەکان و وەزیفەکان، گومان لەوە بکەین کە بەتەنیا بارزانییەکان لە کوردستانی باشوور نموونەیەک نەبن، ئەگەرچی ئەم «عەشیرەتە» ڕاستەوخۆ لە پرۆسەی بەسیاسیکردن و نەتەوەیکردنی داواکاریەکانیان کاریانکردووە و کاردەکەن و بەشێوەیەک لە شێوەکانیش «نەتەوە»یان لەناو بونیادی خۆیان بەرجەستە کردووە و کاریزمای سەرۆکایەتی لەناو عەشیرەتدا هەمان کاریزمایە لەناو «نەتەوە»دا (بۆ نموونە ڕۆڵی مستەفا بەرزانی لەناو بەرزانییەکاندا وەکو «عەشیرەت» و کورد و وەکو «نەتەوە»)، ئەمەش دەشێت ببێتە جۆرێک لە ڕوونکردنەوەی تەماهی تەواوی «عەشیرەت» و «نەتەوە»، واتە لەدەستدانی دەسەڵاتدارێتی عەشیرەت و خێزان ووەلائەتەکانیان بەمانای لەدەستدانی «نەتەوە» دەکەوێتەوە و مێتۆلۆژیای «عەشیرەت» دەبێتە مێتۆلۆژیای «نەتەوە». بۆیە چرکەساتی تەماهیکردنی عەشیرەت و نەتەوە گەورەترین چرکەساتە لە مێژووی کۆمەڵگایەکدا. واتە گەر دووژمن هەموو هەوڵێکیش بدات بۆ لەناوبردنی «عەشیرەت» لە کردەیەکی سیاسی - سەربازیدا، ڕاستەوخۆ بەمانای کردەی لەناوبردنی میللەت لەقەڵەمدەدرێت، بەڵام هەروەک گوتمان چیدی

لەناوچوونی عەشیرەت مانای لەناوچوونی میللەت ناگەیەنێت لە خەباتی ڕزگاریخوازی نیشتمانیدا؛ بۆیە کردەی یەکەم؛ واتە لەناوبردنی عەشیرەت، دەبێتە کردەی دووەم بۆ ئەوەی خودێتی نەتەوە لە مێژوودا وەکو کردەیەکی سیاسی بسڕێتەوە. وابزانم تاقیکردنەوە سیاسییەکانی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق بەرامبەر بە بارزانییەکان و پاشان بەرامبەر بە لەناوبردنی کورد بەرجەستەی ئەم پرۆسەیە دەکەن.

ئەمە دیوێکی مەدالیای سیاسەتی دەوڵەتی ناسیۆناڵە، بەڵام دیوەکەی تری کە پەیوەندی بە کورد و کۆمەڵگای کوردستانەوە هەیە، دەشێت وەڵامی پرسیارێکی ئاڵۆزمان بداتەوە؛ بۆچی بارزانییەکان سەرباری تێکشکاندنی سەربازی ـ سیاسییان توانای دووبارەبەرهەمهێنانەوەی خۆیان هەبووە لە کوردستانی باشووردا، بۆ نموونە لەپاش تێکشکانی شۆڕشی چەکداری ٧٤. ئەگەرچی وەڵامی ئەم پرسیارە لە داڕشتنەکەی سەرەوەدا بەتێزەی تەماهیکردنی تەواوی «عەشیرەت» و «نەتەوە» ڕوونمانکردەوە، بەڵام ئەمە هەموو وەڵامەکە نییە بەرامبەر بە هەندێ پرسیاری تر کە دەبێت لەخۆمانی بکەین؛ بۆچی دەبێت ئەم عەشیرەتە هێزی پێکەوەگرێدانی «نەتەوە»یەکی هەبێت؟.

خەباتی بارزانییەکان هێندەک ئاسان و بێ قوربانی نەبووە لە مێژووی خۆیاندا و پاشان کە ئەمەش دەبێت بە بەشێک لە میتۆلۆژیای نەتەوە و مێژووی نەتەوە، ئەوە بەهەق ئەم خێزانە بە ڕەوای خۆی دەبینێت ڕۆحی «نەتەوە» و «عەشیرەت» لەیەک یەکەدا جووتبکات و چارەنووسیان پێکەوە گرێبدات. ئەمە لەڕووی زانستی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی و ئەنترۆپۆلۆژییەوە نەک بە تەنێ بۆ کورد ڕاستە، بەڵکو بڕێکی زۆر لە میللەتانی جیهانی سێ و پرۆسەی دروستبوونی نەتەوە لە ئەوروپا لە هەندێ وڵاتدا دەبینرێتەوە. بۆ نموونە، لە وڵاتێکی وەکو ئەڵمانیا دەستووری ڤایمەری بەم ڕستەیە دەستپێکردوە: «گەلی ئەڵمان، یەکگرتوو لەناو عەشیرەتەکانیدا» واتە دەوڵەتی ناسیۆنال وەکو کۆنفیدراسیۆنێکی نێو عەشیرەتی(٤٥).

**جارێکی تر بابگەڕێینەوە بۆ سەرەتا.** ئێمە لە ڕاڤەکردنماندا بۆ ئێتنێتی پەنجەمان بۆ ئەوە ڕاکێشا، ئێتنێتی کاتێک دەبێت بە کۆمەڵەیەک بۆ خۆی کە توانای مۆبیلکردنی سیاسی هەبێت و ئایدۆلۆژیایەکیش لەپشتییەوە ڕەوایەتی بۆ بدۆزێتەوە. هەروەکو چۆن سەرنجی ئەوەشمان دا کە ئەم پرۆسەیە سەرەتا لە هۆشمەندییەکی ناوچەییەوە سەرهەڵدەدا و ئەوکات دەبێتە پرۆسەیەکی کۆمەڵیی، کە بتوانێ پۆلگیرێتی و وەلائەت و ڕەوایەتی لەلای ئەوانی تریش دروستبکات. ئەم پرۆسەیە پێش سەردەمی کۆلۆنیالیزم (لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەویدا) بۆ خۆی لەگەڕدابوو. هەروەکو ڕوونمانکردەوە چۆن لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا ڕیفۆرمی ڕێکخستنەکان ئەم پرۆسەیەی سەقامگیرکرد. کۆلۆنیالیزم ئەم پرۆسەیەی خێراتر و پتەوترکرد و بوو بەهۆیەک بۆ دروستبوونی یەکانگیرییەک؛ سەرەتا دژ بە ئینگلیز و پاشان دژ بە دەوڵەتی ناسیۆناڵە کۆلۆنییەکانی پاشان خۆیان سیفەتێکی کۆلۆنیالی لەخۆدەگرن بەرامبەر بەو گەلانەی لەناو چوارچێوەی سنوورەکانیاندا دەژین.

دەوڵەتی ناسیۆنالی کۆلۆنیالی، دەوڵەتێکی بێبەزەییە بەرامبەر بە جیاوازییەکانی ناوخۆی. دەوڵەتی ناسیۆنالی کۆلۆنیالی، دەوڵەتێکە ترسی لە بوونی خۆی هەیە، چونکە هیچ ڕەوایەتییەکی مێژووی نییە. ئەو لەسەری پێویستە نەتەوە، وەکو خودێکی مێژوویی، دروستبکات؛ بۆ ئەم مەبەستەش تواندنەوە، تاکە پرۆسەیەکە وەکو گەرانتی و ئەڵتەرناتیڤ لەبەردەستیایەتی، بۆئەوەی پرۆسەی بەکۆمەڵگاکردن و بەکۆمەڵکردنی ئەو بنەما جیاوازانە شێلگیربکات، ئەمەش واتای بەکارهێنانی سنوورەکانی کۆتایی زەبروزەنگ دەگەیەنێت.

مێژووی کورد لەو وڵاتانەدا، مێژووی ترسی گەلێکی پارچەکراوە لە بوونی خۆی، لەناو هەیکەلێکی نوێدا کە دەبێت تیایدا بژی و لە سەرەتادا نەیدەویست... مێژووی گەلێکە بڕوایهێناوە لەناو ئەم هەیکەلە سیاسیانەدا بژی، بەڵام دەوڵەتی ناسیۆنال ئاوهای نەدەویست کە ئەو گەرەکیەتی... مێژووی گەلێکە هەمیشە بەدوای فۆرمێکدا دەگەڕێت، بۆئەوەی ترسی نەمێنێت کە لەناوبچێت... مێژووی گەلێکە هۆشمەندیی ئەوەی لەلا دروستبووە کە وڵاتەکەی؛ وڵاتێکە سامان و داهاتێکی زۆری تێدایە و ئەمیش گەرەکیەتی تیایدا بەشداربێت و لەوێشەوە جۆرێک لە دەسەڵات بۆ خۆی دابیچڕێت، بەڵام دەوڵەتی ناسیۆنال ئامادەنییە... مێژووی گەلێکە دەوڵەتی ناسیۆنال پتر لەوە دەترسێ ڕەوایەتی خۆی لەڕێگای ئەوەوە (کورد) بکەوێتە ژێر پرسیارەوە. بۆیە تواندنەوە و تادەکاتە لەناوبردنی

تاکە چارەسەرێکە، چونکە لەکۆتاییدا بۆ دەوڵەتی ناسیۆنال تازە کورد بۆتە بارێک بەسەریەوە و دەبێت چارەسەریبکات، ئەگینا کورد چارەسەری خۆی دەدۆزێتەوە. ئەگەرچی هێشتا گوتاری سیاسیی کورد تائەم قۆناغەش لەم ڕستەیەی پاشین بەدوورە، بەڵام لەڕووی تیۆرییەوە ڕاستە.

بەگشتی مەبەست لێرەدا ئەوەیە؛ «کێشەی کورد»، کێشەیەکە دەوڵەتی ناسیۆنال بۆ خۆی دروستکردووە و چارەسەریشی بۆنییە. فۆرمی تاوەکو ئەمڕۆ پێشنیارکراویش لەلایەن کوردەوە خۆی، فۆرمێکی ئێتنییە. واتە ناسیۆنالیزمی کوردی، ناسیۆنالیزمێکی ئێتنییانەیە، چونکە خەباتی ئەو لەپێناو پاراستنی کولتوور و زماندا چەقیبەستووە و لەوێشەوە ڕۆچۆتە ناو داواکارییە سیاسییەکانەوە. ناسیۆنالیزمی کوردی پتر جەغد لەسەر چەمکە کولتووری و زمانەوانییەکانی دەکات و لەوێشەوە «کوردبوون»، وەکو ڕەگەزێکی جیاواز، دیاریدەکات. واتە «کوردبوون» بەتەنێ لەکێشانی سنوورێکی کولتووریی زمانەوانیدا ڕەوایەتی خۆی دەدۆزێتەوە، بۆیە داواکارییەکان و گووتارەکانی وەکو قوژبنێکی سیاسی خۆیان پێشنیاردەکەن تالەوەی سەقفێکی سیاسی بێت، ئەمەش دەشێت دیاردەی گفتوگۆمان بۆ ڕوونبکاتەوە، وەکو ستراتیژێکی گووتاری سیاسیی کوردی لەسەر مافە کولتوورییەکانی کورد.

بەمجۆرە بەپەراوێزکردنی بوونی کوردی لەناو جەستەی دەوڵەتی ناسیۆنالی کۆلۆنیالی و پاشان پۆست کۆلۆنیالیدا، کۆدێکی کولتوورییبوو بۆ مۆبیلکردنی سیاسی - کۆمەلایەتی کورد دژی سیاسەتی دەوڵەتی ناسیۆنال لە هەردوو قۆناغەکەیدا. بۆ ئەم کارەش «عەشیرەت» وێنایەکی بچووکراوەی بوونی «نەتەوە»یە.

پرۆژەی دەوڵەتی ناسیۆنالی لەلایەن کۆلۆنیالیزمەوە پێکهێنرا و بۆ خۆی لەگەڵ کۆی ئەو بونیادە ناشێلگیرەی هەیەتی لە قەیرانێکی ڕەوایەتی مەزندا دەژیا. لەلایەک دەوڵەتێکی کۆلۆنییە، واتە لەلایەن کۆلۆنیالیزمەوە دروستکراوە و بەو پێیەش دەبێت لەگەڵ پرنسیپی دەوڵەت - ناسیۆندا هەڵسوکەوت بکات؛ واتە ئێمە ڕووبەڕووی دەوڵەتێک دەبینەوە کە خۆی بە دەوڵەتێکی ناسیۆنال دەناسێ، بەڵام لەلایەکی ترەوە ئەوەی لێی بێبەرییە بریتییە لە «ناسیۆن». پرۆسەی دروستکردنی ناسیۆن لەسەردەمی کۆلۆنیالیزمدا، بەرامبەر بە دوو بزووتنەوەی کۆمەلایەتی - سیاسی بووەوە: یەکەمیان ڕاپەڕین و شۆڕشی چەکداری و کودەتایە لەلایەن هێزە کۆمەلایەتییە جیاوازەکانی ناو دەوڵەتی ناسیۆنالی نوێوە دژ بە دەسەڵاتدارێتی وابەستەی کۆلۆنیالیزم. دووەمیان سەرقاڵبوونی دەوڵەتی ناسیۆناڵە بە فۆرمبەخشینی کۆمەڵگایەکی نەتەوەیی بە کۆمەڵگایەکی ناشێلگیر لە ڕووی ئێتنی و ئایینی و زمانەوانی و ئاینزایی و... هتدەوە، بۆ ئەوەی لەم پێکهاتە خودە مێژووییەکەی خۆی دروستبکات کە «ناسیۆن»ە. ئەڵبەتە لە زۆرکاتدا ئەم دووکایەیە بەرژەوەندیی هاوبەشیان هەبووە کە لە ڕزگاریی نیشتمانی و خەباتی دژ بە کۆلۆنیالیزمدا بەرجەستەدەبوو و فۆرمە ئایدۆلۆژییەکەی نیشتمانپەروەرێتی بووە، بەڵام ئەمە بۆ خۆی مانای ئەوە نەبووە کە بەرژەوەندیی هاوتایان هەیە.

ئێمە بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەم چەمکە لە سێ ڕەهەندا هەوڵدەدەین قوڵایی کاریگەریی شاقوڵی ئەم پرۆسەیە بۆ کورد بەرجەستەبکەین(٤٦). یەکەمیان: ترادیسۆنی گەورە دژبە ترادیسۆنی بچووک(Great versus Little Tradition) لە پرۆسەی خەباتی ڕزگاریخوازی نیشتمانیدا دژ بە کۆلۆنیالیزمدا، دەوڵەتی ناسیۆنال ڕووبەڕووی پرۆژەی قەبە دەبێتەوە، کە گۆڕانکارییەکی قوڵی سیمای کۆمەڵگای لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە؛ ئەمەش بۆ خۆی پرۆژەیەکە کە مۆدێرنیزم پەیامەکەی دەبێت. پرۆژەی بەمۆدێرکردن پەیامی ژیانێکی نوێ بۆ کۆمەڵگا دەهێنێت و نرخگەلێک دروستدەکات کە لەسەرووی هەموو نرخە ئێتنی و ناوچەیی و ئایینی و... هتدە کانەوەیە. ئەو نرخێکی نەتەوەیی دروستدەکات کە گەورەیی نەتەوەیی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە، نرخێک کە مەزنێتی نەتەوەی نوێ لەدایکبووی پێیە، کە وەکو پەیامێکی نوێگەرایی بەرامبەر بەتەقلیدیەتی بنەما کۆنەکانی ناو کۆمەڵگا دەوەستێتەوە. «ترادیسۆنی گەورە» بەرهەمدەهێنێت کە بەمۆدێرنکردنی سەرجەمی کایە ناتەبا و بچووکەکانی ناو کۆمەڵ بانگداشتدەکات. ئەم پرۆژەیە، کە وەکو پرۆژەیەکی نەتەوەیی پروپاگەندەی بۆدەکرا، هەوڵیدەدا هەموو کۆمەڵە (جماعة) و تاکەکان بە دەوڵەتی ناسیۆناڵەوە بەندبکات و پەیوەندارێتی نوێ بەرهەمبهێنێت. بۆیە هاونیشتمانێتی

یاخود بەهاونیشتمانیکردنی ئەم کایە ناشێلگیرانە دەبێتە ستراتیژی. لەبەر ئەوەی ئەم پرۆسەیە، واتە پرۆسەی بەهاونیشتمانیکردن، بەفۆرمی جۆراوجۆر و شێوەی جیاجیا لە فشار و برینی (اختراق) بونیادە ناشێلگیرەکان پیادە دەکرێت، دەشێت رووبەرووی بەرگریکردنی سەرسەختانەی هەندێ کۆمەڵەی ئێتنی و ناوچەیی و ئاینیی و...هتد ببێتەوە. لێرەوە مۆبیلکردنی بەربەرچییانە لەلایەن ئەم کایە کۆمەڵایەتیانەوە بەرامبەر بە پرۆژەی «نەتەوەی مۆدێرن» دروستدەبێت، کە خۆی لە دروستکردنی «ترادیسیۆنی بچووک»دا بەرجەستەدەکات. بۆیە دەوڵەتی ناسیۆنال هەمیشە هەوڵدەدات لێرەوە پرۆژەکەی خۆی وەکو پرۆژەیەکی پێشکەوتوخواز و بەختیاریهێنەر و دادپەروەر پێشنیاربکات و هەموو بەربەرەکانییەکی (معارضة) کۆمەڵایەتی، ئێتنی، دینی... هتد بە دواکەوتوو و عەشایەری و تەقلیدی لەقەڵەمبدات و بێبەزەییانە رووبەرووبانببێتەوە.

بەشی دووهەمی رەهەندی شاقووڵی کە دەخوازین راڤەبکەین، بریتییە لە ناسیۆنالیزم دژ بە عەشیرەتگەری یان تایەفەچێتی (Nationalismns verns Trisalismns). لە قۆناغی پۆست کۆلۆنیالیزمدا رەچاوی ئەوەدەکرێت دەوڵەتی ناسیۆنال رووبەرووی بۆماوەیەکی قورسی کۆلۆنیالیزم بۆتەوە لە کۆمەڵگایەکی ناشێلگیر کە کۆلۆنیالیزم لە دەرئەنجامی دابەشکردنی هەرەمەکیانەی سنوورەکانی بەبێ رەچاوکردنی تایبەتمەندێتی بونیادی ناتەبای ئەو کۆمەڵگایانە لە هەموو رووەکانەوە، دەوڵەتگەلێکی لە مێژووی گەلانی ئەو ناوچانەدا قووتکردۆتەوە.

ئەم بونیادانە بەپێویست گەورەترین تەگەرە و کۆسپ دەخەنە بەردەم دەوڵەتی تازەسەربەخۆی دەستکەوتوو. دەوڵەت لێرەدا بە دڵەڕاوکێیەکی پڕ لەمەترسییەوە دەڕوانێتە ئەم کایانە. چونکە ترسی لەوە هەیە ئەم کۆمەڵانە بە هۆی داواکارییەکانیانەوە یەکێتیی دەوڵەت بخەنە مەترسییەوە و لەوێشەوە «بەرژەوەندی نەتەوەیی»، کە «بەرژەوەندی بالایە»، بەهۆی «بەرژەوەندییە بچووکەکان»ی ترەوە، کە داواکاری تایبەت بەخۆیان بەرامبەر بە دەوڵەت فۆرمولەدەکەن، بکەوێتە مەترسییەوە. لێرەوە ئەمجۆرە هەموو داواکارییەکی ئەم کۆمەڵگا ناوچەییانە یاخود بەناوچەییبووەی ناو دەوڵەتی ناسیۆنال بە جۆرێک لە عەشیرەتگەری و دواکەوتوو دەستکردنی هێزە کۆلۆنیالیستەکان لەقەڵەمدەدرێت و بەربەستێک لەبەردەم پێشکەوتنی نەتەوایەتی دەبینرێت.

خالبەندی سێیەمان دەبێتە نێوەندێتی دژ بەناوچەگەرێتی (Zentralismus versus Regionalismus).

هەموو رەتکردنەوەیەکی بەرژەوەندییە نێوەندیەکان، کە بەبەرژەوەندیی نەتەوەیی بالا و ترادیسیۆنی مەزن دەبینرێت، بەتایبەت کاتێک پرۆژەی تازەگەرێتی خۆی پێببێت، بەرامبەر بەبەرژەوەندییە ناوچەییەکان و ترادیسیۆنە بچووکەکان دەبێتەوە کە راستەوخۆ بە «دوژمنانی بەرژەوەندیی نەتەوەیی» گێرەشێوێن و دەستکردی هێزە دەرەکییەکان مۆرکدەکرێن.

لەلایەن دەسەڵاتدارانی نێوەندەوە، ئەم بەرژەوەندییە ناوچەگەرییانە بەهێزگەلێکی کۆنزەرڤاتیڤ ـ کۆنخواز و دواکەوتوو دەبینرێن کە خاوەنی رەسم و نەریتی بچووکی خۆیانن و ناتوانن خۆیان لەگەڵ بەرژەوەندی بالای نەتەوایەتی هاوئاهەنگ بکەن. بۆیە زۆر بەئاسانی هەندێ مۆری ئامادەکراو هەیە کە لەم بزوتنەوانە دەدرێن؛ بەناوبانگترینیان جوداخوازییە (Separatismus). لێرەدا گونجاوە لۆژیکی ئەم پرۆسەیە، دەرئەنجامی ناسیۆنالیزمی ئێتنی بۆ خۆی دروستبکات و هەوڵبدات کە جەغد لەسەر خودی تایبەتمەندێتی خۆی لەناو جەستەی زەبروزەنگاوییانەی دەوڵەتی ناسیۆنالدا بکات.

ئەم چەمکەش رامانەکێشێتە ناو رەهەندێکی نوێی ئێتنێتییەوە، کە رەهەندە قوڵاییەکەیەتی؛ لەکاتێکدا فرەئێتنی ناو دەوڵەتی ناسیۆنال بە شێوەیەکی وا بچەوسێنرێتەوە کە ململانێی ئێتنی ببێتە هۆی بەرهەمهێنانی ناسیۆنالیزمی تایبەت بەخۆی، لەبەر ئەوەی دەوڵەتی ناسیۆنال هەموو تایبەتمەندێتییەکی کولتووری ـ سیاسی تر لە دەرەوەی کولتووری بالای خۆی بە گومانێکی گەورەوە نیگادەکات و بەجۆرێک لە جوداخوازێتی دەبینێت، لە کۆتاییشدا لە فۆرمی بەپەراوێزکردن و تواندنەوە و سڕینەوە و شێواندنی سیمای کولتووری و مێژوویی و کۆمەڵایەتی و جوگرافی و لەپاشانیش لە تراژیدیترین فۆرمدا، کە فۆرمی لەناوبردنی رەگەزییە، بەئەنجامیدەکات.

گەر لەسەر ئاستی ئاسۆیی بڕوانینە چەمکی ئێتنی لە کوردستاندا، ئەوا رەچاوی ئەوە دەکەین کە«ئێتنێتی

وەکو ستراتیژێک» کاری پێدەکرێت، واتە کاتێک دەستەبژێرێکی ناوچەیی (regionale Elite) وەکو ستراتیژێک کاریپێبکات بۆ بەردەوامێتییبەخشین بەدەسەڵاتداریتی و ڕەوایەتی دەسەڵاتی ناوچەیی خۆی. لێرەدا دەستەبژێر (نخبە)ی خاوەن بەرژەوەندیی ناوچەیی، ئێتنێتی وەکو بنەمایەکی ئایدۆلۆژی بۆ داواکارییەکانی بەکاردەهێنێت، کاتێک ئەم دەستەبژێرە خۆی بە نوێنەری ڕاستەقینەی دانیشتوانی ناوچەیەکی دیاریکراو بزانێت و مافی گروپە سیاسییەکانی تر لە نوێنەرایەتی ئەو خەڵکەدا ڕەتبکاتەوە کە لەناو ناوچەی دەسەڵاتداریتی ئەودا دەژین، . ئەم چەمکە ئێتنێتیە دەبێتە هۆکارێک بۆ دروستکردنی هۆشمەندیی ناوچەگەریتی، بەتایبەت کاتێک کە سامان و داهاتێک بەرێکەوت یان لە دووتوێی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی - سیاسی و گواستنەوەی چەقی دەسەڵاتداریتی بەسەر سامان و داهاتە کۆمەڵایەتیەکاندا لەو ناوچەیەدا دەربکەوێت کە ئەو ڕەوایەتی دەسەڵاتی تێدا بنیەستکردووە. ئەمە مانای ئەوەنییە کە لێرەدا ئێتنێتی دەبێت وەکو ستراتیژێک بخرێتەگەڕ بۆ ئەوەی خۆی داببڕێت لەکۆی ئەوانی تر، بەڵکو پتر مانای ئەوەیە کە دەستەبژێری ناوبراو مافی ڕەوایەتی خۆی لەو ناوچەیەی سامان و دەسەڵات بەرهەمدەهێنێت بەتاک و تەنیا بۆ خۆی دەبینێ و خۆی وا دەردەخات کە نوێنەری ڕەها و هەمیشەیی دانیشتوانی ئەو ناوچەیەیە. لێرەدا جۆرێک لە سوڵتانیەتی سیاسیی ناوچەیی دەبێتە فۆرمی دەسەڵاتداریتی گروپی ناوبراو.

چەمکێکی تر لە ئێتنی کە لەسەر ئاستی ئاسۆیی کردەی ستراتیژی خۆی بەرهەمدەهێنێ، بریتییە لە ئێتنێتی وەکو «داخستنێکی کۆمەڵایەتی»، ئەم چەمکەش، ڕاڤەکردنێکی ماکس ڤێبەریانەیە بۆ جیاوازی ئێتنییانە لەناو «کۆمەڵگایەکی نەتەوەیی»دا. «داخستنی کۆمەڵایەتی»، وەکو چەمکێکی ئێتنێتی ئەمڕۆ لە کوردستانی باشوور بەتایبەت کاری خۆی بەجۆرێکی کاریگەر دەکات و بۆتە هۆی دروستبوونی دەلاقەیەکی ئابووریی مەزن لە نێوان باکوور و باشووری کوردستانی باشووردا. واتە ئەو چەمکە، «داخستنی کۆمەڵایەتی» دەبێتە سپێر (احتیاط) بۆ دروستبوونی هۆشمەندیی ئێتنی، کاتێک «ئەوانی تر» لە بەش هەبوون و ئیمتیاز و شوێنی کاری باش، یاخود فرسەتی کارپەیداکردن و شانسی ژیانی باشتر دابڕێنرێن، لەبەر ئەوەی «ئێمە» ئەم فەزیلانەی لەبەردەستدایە بۆ خۆمانی گیردەکەین. وابزانم واقعی ئابووری - کۆمەڵایەتی ئێستای کوردستانی باشوور لەپاش دابەشکردنی شاقوڵییانەی دەسەڵاتی سیاسی - ناوچەیی لەنێوان پارتی و یەکێتیدا و پاش پێکدادانی چەکدارییان ئەم پرۆسەیەی لە داخستنی کۆمەڵایەتی، وەکو دیاردەیەکی مادی و بزێوی بەتەواوی سەقامگیرکرد، لەکاتێکدا کە ناوچەی دەسەڵاتی پارتی بە حوکمی کەوتنیان بەسەر سامان و داهاتدا، دەبێتە ناوچەیەکی دەوڵەمەند و ناوچەی دەسەڵاتی یەکێتی، بە حوکمی دابڕینیان لە سامان و داهات، دەبێتە ناوچەیەکی هەژار و پەراوێزکراو لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە. واتە چەمکی داخستنی کۆمەڵایەتی دەبێتە کردەیەکی سیاسی و دەخرێتەگەڕ بۆ سەقامگیرکردنی ڕەوایەتی لە ناوچەیەک، ئەگەرچی دەشێ ئەم دوو گروپە: «ئێمە» و «ئەوانی دی» بۆ خۆیان یەک دۆخی کۆمەڵایەتیشیان هەبێت «گروپ، چین، ڕەگەز.. هتد».

لێرەدا دەبێت هێما بۆ ئەوە بکەین کە جیاوازییەکی گەلێک ناسک لەنێوان ئێتنی وەکو ستراتیژ و ئێتنی وەکی داخستنی کۆمەڵایەتیدا هەیە؛ یەکەمیان دەشێت ببێتە هۆکارێک بۆ دروستکردنی دەستەبژێرێکی ئێتنی، بەڵام دووەمیان کەرەسەیەکە بۆ خستنەوەی جیاوازی لەنێوان یەک گروپی ستراتیژی یاخود یەک چیندا. دەشێ لە کوردستانی باشووردا بە زەقترین شێوە ئەم پرۆسەیەمان لەبەردەستدابێت، چونکە چەندان گروپمان لەناو کردەی کۆمەڵایەتی سیاسیدا هەیە کە هەمووی ، وەک بنەمای کۆمەڵایەتی، ستراتیژی سیاسی و تەنانەت پەیڕەو و پرۆگرامیش، لەیەک دەچن، ئەمانەش کارێکی وایان کردووە وەلائەت دروستکردن پەیوەندیی بەفیکر و ململانێی ئابووری نێوان «چینەکان»ەوە نەبێت، بەڵکو پتر پەیوەندیی بەکەس و ناوچە و عەشیرەت و ترادیسۆن و کاریزمای سەرۆکایەتیەوە هەبێت. ئەمەش دەمانخزێنێتە ناو چەمکێکی ترەوە کە لە «داهێنانی کولتووری»دا بەرجەستەدەبێت. واتە داهێنانی کولتووری دەبێتە هۆکارێک بۆ بەرهەمهێنانی جۆرێک لە ئێتنێتی، لەکاتێکدا کە هەر گروپە هەڵپەی دروستکردنی کەلەپوورێکی بچووکی ناو نەتەوەی تایبەت بەخۆیەتی.

لێرەدا دەبێت بڵێین، لە خۆڕانییە هەر حیزبە ترادیسۆنی خۆی دروستکردووە و ڕەوایەتی دەسەڵاتداریتی یان

سیاسی یاخود نوێنەرایەتی نەتەوەیی خۆی لەو ترادیسۆنەوە دەردەخات. جەنگی ڕەوایەتی و نوێنەرایەتی پارتی و یەکێتی لە مێژووی سیاسیی کوردستانی باشووردا بەشێکی دانەبڕاوی پرۆسەی داهێنانی کولتوورییە، یان باشتر وایە بڵێین «داهێنانی کولتووری ـ حیزبی»یە. بۆیە لێرەدا ترادیسۆنی حیزب «ترادیسۆنی بچووک» دەبێتە ترادیسۆنی نەتەوە «ترادیسۆنی گەورە». لێرەشدا نرخە ئەخلاقی و سیمبۆلە پیرۆزەکان و ترادیسۆنی خەباتی چەکداری و سیاسی... هتد دەبنە پسوڵەی ڕەوایەتی لەناو «نەتەوە»دا. بەهەمان شێوەش دەشێ نرخە مۆدێرنەکان و شێوە و جۆری ڕێکخستنی مۆدێرن و... هتد ببنە کایەی ڕەوایەتی بۆ گرووپی بەرامبەر.

گەر ئەمڕۆ دوو حیزب لەسەر هەرشتێک لەگەڵ یەکتر بجەنگن، ئەوا یەکسەر دەگەڕێنەوە سەر کردە و نرخە کۆمەلایەتی و ئەخلاقیەکانی حیزبەکەیان و ترادیسۆنی لەناو کۆمەڵگادا. بۆ نموونە کارکردنی سەرۆکی یەکێکیان لە سەردەمێکی دیاریکراودا لەگەڵ دەسەڵاتی نێوەندی و نرخاندنی ئەخلاقیەتی دەبێتە خیانەت و جاشایەتی، یاخود دواکەوتوویی و عەقڵیەتی عەشایەری وەکو کایەیەکی بەنەعلەتێکراو لەلایەن حیزبی خۆ بەمۆدێرنزانەوە دەشێ ببێتە مۆرێکی ئەخلاقی بۆ دەستنیشانکردنی خراپەیی ترادیسۆنەکەی تر لەسەر ئاستی حیزبی... هتد. لێرەدا ئێمە کارمان بەسەر دوو «ترادیسۆنی حیزبییەوە) دەبێت کە دوو کاریزمای سیاسی هەیە لەسەر ئاستی سەرۆکایەتی لەناو ترادیسۆنی گەورەتردا کە «ترادیسۆنی نەتەوەیی» و هەردووک خۆیان بە پەیوەنداری دەزانن. ئەگەر دەرفەتی ئەوە هەبایە لە ڕووی مێژووییەوە قوڵایی ترادیسۆنی خراپەی حیزبی یەکتر لەناو قوڵایی ترادیسۆنی نەتەوەیی دەربخەن، ئەوا ئەوەشیان دەکرد بە کەرەسەیەکی کولتووری ـ سیاسی. بۆیە لێرەدا «گەل» وەکو تاک و کۆمەڵ لەبەردەم دوو بڕیاردایە کە یەک دەرەنجامیان هەیە... یان دەبێت بڕیاربدات «ترادیسۆنی بچووک»ی حیزبێک بکات بە «ترادیسۆنی گەورە»ی نەتەوە و شانازی پێوە بکات، یاخود دەبێت دەسەڵات دابەشبکرێت لەوێشەوە «نەتەوە» ئەمەش واتە هەر حیزبەی دەبێت «گەلی ناوچەیی» خۆی دروستبکات و خەمخۆربێت.

لەمجۆرە بارودۆخانەدا حیزب و پرۆگرامی حیزبی هەموو نرخەکانی خۆی لەدەستدەدات و پەیوەندارێتیەکی پیرۆزی کۆمەلایەتی داخراو بۆ گرووپێک یا حیزبێک یان سەرۆکێک دروستدەبێت. ئەمەش بۆ خۆی بەتەماهیکردنێکی پیرۆزانەی دەست لێنەدراو لە نێوان تاک و حیزبدا کۆتاییپێدێت کە چیدی تاک پرسیار لە خۆی ناکات، بۆچی سەربەم ڕێکخراوەیە و سەر بەوی تر نییە لەڕووی پرۆگرامە فیکرییەکانەوە، بەڵکو پەیوەندارێتی و وەلائەت و وەفاداری بۆ گرووپە پیرۆزەکان جێگای کێشە فیکرییەکان و ململانێکانیان دەگرێتەوە و هەر تاکێکیش لەسەر هاوکێشەیەک خۆی دابڕێت لە گرووپەکەی، ئەوا بە نانکوێر و هەڵگەڕاوە و خائین لەقەڵەمدەدرێت. لێرەشدا هەموو بەربەرەکانیەکی (معارضە) کۆمەلایەتی چەپاندن دەبێتە چارەنووسی، چونکە دەشێت ڕاستەوخۆ وەکو کردەیەکی دژ بەپیرۆزێتی دەسەڵاتی حیزب ـ ناوچەیی لەقەڵەمبدرێت.

ئەم جیهانبینییە گرووپییە پرۆژەی تایبەتی خۆی هەیە؛ یەکێک لەهەرە گرنگترینیان پرۆژەی دابونەریتیترادیسۆنی حیزبییە بەرامبەر بە ترادیسۆنی نەتەوەیی و هەوڵدان بۆ لە وێکچواندنی بەردەوامی وێنەی نەتەوە بە وێنەی حیزب. هەموو بریندارکردنێکی ترادیسۆنی حیزب، بریندارکردنێکی ئۆتۆماتیکی ترادیسۆنی نەتەوە دەگرێتەوە. دەشێ زۆر بەئاسانی بتوانین باس لە ترادیسۆنی حیزب بکەین کە چۆن لەم ساڵانەی دواییدا لەناو مخیالی کوردیدا وەکو ترادیسۆنی نەتەوە دەچێنرێت و وێنای حیزب و نەتەوە وەکو یەک یەکە پێشنیاردەکرێت. یەکێک لەو نموونە سیمبۆلییانە شەهیدەکانن، کە گەورەترین ڕۆڵیانگێڕاو دەگێڕن لە داهێنانی کولتووری حیزبیدا، وەکو کولتوورێکی نەتەوەیی پیرۆز کە ئامادەکردنی بەردەوامی تەماهیکردنی نێوان حیزب و نەتەوە دەگرێتەوە.

لە ستراتیژی هەموو حیزبێکدا نوێنەرایەتی «جەماوەر» چەقدەبەستێت، ئەوسا ئەو «جەماوەرە» بەردەوام لەلایەن حیزبەوە لە فۆرمی جیاوازدا پێشنیاردەکرێت، ئەمەش بەپێی شوێنەواری کۆمەلایەتی ئەو حیزبە لەناو کۆمەڵگاو ململانێکانیدا. لە خەباتی ڕزگاری نیشتمانیدا حیزب خۆی بەلێپرسراوی گەیاندنی «گەل» بە سەربەخۆیی دەزانێت، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە حیزب هیچ بەرژەوەندییەک و جیهانبینییەکی کۆمەلایەتی تایبەتی نییە، بەڵکو بێگومان هەمیشە ئەو هێزە کۆمەلایەتیانەی حیزب خۆی بە نوێنەریان دەزانێت، دەبن بەچەقبەندی پروپاگەندەی حیزبی

«جوتیاران، کرێکاران، ڕەنجدەران... هتد) کە ئەمانە زۆربەی «گەل» پێکدەهێنن یاخود بۆ خۆیان گەلن لە گووتاری سیاسیی هەندێ حیزبدا. لێرەدا ستراتیژێ ڕوونە؛ حیزب گەرەکیەتی وێنای خۆی بە «جەماوەر» ببەخشێ و تەماهییەک لە نێوان بوونی خۆی و جەماوەردا دروستبکات.

دەکرێت بڵێین، حیزبی کوردی لە کوردستانی باشوور، لە ژیانی سیاسی - کۆمەلایەتی خۆیدا، بە دوو قۆناغدا تێپەڕبووە: قۆناغێکیان، قۆناغی شۆڕشی چەکدارییە و قۆناغی دووەمیان، قۆناغی چونێتی بۆ ناو دامودەزگاکان، واتە دەسەڵاتگرتنە دەست. بەمانایەکی تر، قۆناغی وێناکردنی خۆی لەناو گەل و لە وێشەوە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕەوایەتی وە قۆناغی وێناکردنی گەل لەناو بونیادی خۆی و لەوێشەوە تەماهیکردن یاخود دروستکردنی تەماهی لەنێوان خۆی و گەلدا.

گەر ئێمە قۆناغی شۆڕشی چەکداری بە قۆناغی وێناکردنی حیزب لەناو گەلدا لەقەڵەم بدەین، ئەوا دەبێت قۆناغی دوای ڕاپەڕین و دروستکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە قۆناغی وێناکردنی گەل لەناو بونیادی حیزبدا لەقەڵەم بدەین. من وایدەبینم، یەکێک لەو هۆکارانەی ئەم پرۆسەیەی پیرۆزکرد و پێداوێستی کەوتنەوەی خستەوە، بریتیە لەوەی حیزبی کوردی و نوێنەراتی - پێشڕەوانی لەلایەن هێزگەلێکی کۆمەلایەتیەوە دروستکراون کە خۆی ئامادەیی کۆمەلایەتی تەواوی نەبووە بۆ ئەوەی ببێتە حیزبێکی جەماوەری. ئەوەی بە جەماوەریبوونی حیزبی کوردی دروستکرد، کارەکانی حیزب خۆی نەبوو، هێندە دڕندەیی دوژمنەکەی بووە هۆی ترسی جەماوەر و کردبوونەوەی لە دەوری ئەم حیزبانە. واتە دەشێت ئێمە باس لە میکانیزمێکی سروشتی مرۆڤایەتی بکەین لە بەرگریکردن لەخۆ لەلایەک و باس لە میکانیزمێکی ناسروشتی بکەین لە بەجەماوەربوونی حیزب؛ واتە هێندەی دوژمن جەماوەری بۆ حیزب دروستکرد، ئەوەندە حیزب لە ڕێگای کارەکانییەوە جەماوەری بۆخۆی دروستنەکرد. ئەمەش پابەندی هاوکێشەی «یان لەگەڵمایت یان دوژمنیت»ە کە لە پرۆسەی بەتەماهیپێکردنی ڕەهای کۆمەڵگاو حیزب لە کۆمەڵگای بەعسیزمدا لە دەوڵەتی پۆست کۆلۆنیالی عێراقیدا بینیمان و پراکتیکە سادییەکانی بەعسیزم لەناو کۆمەڵگای کورددا هەستی یاخیبوون و هۆشمەندیی نەتەوایەتی و پۆلگیریتی ئەندامانی لەناو حیزبە یاساخەکانیدا دروستکرد. واتە ئێمە بەرامبەر بە کۆمەڵێک نەبووین کە بوونێکی سەربەخۆی لە دەرەوەی حیزب و دەوڵەت هەبێت، بەڵکو بەرامبەر بە پرۆسەی بەعسیزمکردنی کۆمەڵگا و بونیادە جیاجیاکانی بووین. ئەم پراکتیکە سیاسییە، بەشێکی دانەبڕاوی پراکتیکی زۆربەی ئەو حیزبانەیە، کە لەپاش سەربەخۆیی، دەسەلات لە دەوڵەتە پۆست کۆلۆنیالەکاندا دەگرنە دەست و (فانون) لە کتێبەکەی «معذبوا الارض»دا بە «جێپێگەی تەنکی فاشیزم» ناویدەبات..

لە کوردستانی باشوور حیزبەکان تاوەکو پێش ڕاپەڕین تاقیکردنەوەی کارکردنی ناو دەزگای حوکمیان نەبوو. تاکە تاقیکردنەوەیەک کە حیزب هەیبوبێت، بریتیبوو لەوەی حیزب خۆی وەکو دەزگایەکی سیاسی - بیرۆکراتی کاری بەڕێوبردنی ناوچەیەکی تایبەتی، لەڕووی سەربازی و کۆمەلایەتی و فەزایی و... هتدەوە، هەبوو. لێرەدا ئێمە بەرامبەر بەکێشەی هەڵسوکەوتی حیزب لەگەڵ دەزگاکانی بەعسیزم دەبینەوە کە پاش ڕاپەڕین بەجێیهێشتن و حیزبەکان دەستیان بەسەرداگرت.

حیزبەکان وەکو دەزگایەکی داخراو هاتنە ناو کۆمەڵگا و پاش هەڵبژاردنی پەرلەمانیش ئامادەی ئەوەنەبوون، وەکو دەزگایەکی پیرۆز، دەستبەرداری شکۆی حیزبیی خۆیان بن. بەپێچەوانەوە پرۆسەی قەبەکردن و بەهێزکردن و سەقامگیرکردنی دەزگای حیزبی لەناو جەستەی کۆمەڵگادا بوو بە ستراتیژی حیزب. حیزب هەستا بە دروستکردن و مۆدێرنکردنی جۆری کارکردنی خۆی «تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، سەندیکاکان، ڕێکخراوی ئاوەدانکردنەوەی سەربەخۆی، ئاسایشی تایبەت بەخۆی... هتد). واتە بەخۆماڵیکردنی کۆمەڵگا لەدیدی حیزبەوە بوو بە ستراتیژی دوور و نزیکی هەریەکێک لە حیزبە گەورە و بچووکەکانیش. واتە هەریەکەیان بۆ خۆی بوو بە دەزگایەکی پێشبڕکێکەری دەزگای حکومی و دەزگا حکومیەکان بوون بەکەرەسەیەک بۆ ئەوەی دەزگای حیزب جەستەی خۆی پێ زرێپۆشبکات. واتە ئێمە بەرامبەر بە دوو بارین؛ بارێک کە حیزب وەکو دەزگایەکی هیولایی لەناو جەستەی کۆمەڵگا و دەزگا

حکومیەکاندا بەسەربەخۆیی مایەوە وبارێکی تر کە دەبێتە دەرەنجامێکی لۆژیکی کە حیزب دەتوانێت بێ دەزگای حکومی بژی، بەڵام دەوڵەت ناتوانێت.

بۆیە داگیرکردنی هەولێر لەلایەن یەکێتییەوە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە لەڕاستیدا کۆدەتاکراوە لەناو «دەوڵەتی کوردەدا، چونکە حیزبە کوردییەکان بۆ خۆیان ئامادەی قبوولکردنی دەوڵەت وەکو «مۆنۆپۆلێکی زەبروزەنگ» [هەروەک ماکس ڤێبەر پێناسەی دەوڵەت دەکا] لە دەرەوەی دەزگای حیزبی نەبوون و لەوێشەوە ڕەوایەتی دەوڵەتی دەبێتە کاریکاتۆرێکی حیزبی، ئەمەش بەبەرجەستەکراوی لە کاتی پێکدادانی سەربازیی هەردوو حیزبەکەدا دەرکەوت. چونکە داگیرکردنی هەولێر هیچ مانایەکی داگیرکردنی ڕەوایەتی سیاسی ـ دەوڵەتی ناگەیەنێت، بەڵکو بە ڕوونی مانایەکی سیاسی ـ سەربازی دەبێت و لە داگیرکردنی کایەی دەسەڵاتدا وەکو سیمبۆلێک کارپێدەکرێت، چونکە ئێمە لە کوردستان کارمان بەسەر دەسەڵاتدارێتی شێوەی کاریزمییەوە هەیە کە هەموو پایە و شێوەکانی تری دەسەڵاتدارێتی دەخاتە خزمەتی خۆیەوە. کەواتە دەزگاکان بۆ خۆیان ڕەوایەتی تایبەت بەخۆیان نەبووە لە دەرەوەی حیزب، تاوەکو ترسی دەسەڵادارێتی لەلایەن حیزبێکەوە بکەوێتەوە، لەکاتێکدا کە یەکێکیان دەزگاکان «حکومیەکان» بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە، ئەمەش بەتەنها لەناوچەکانی خۆی. بۆیە زۆر ئاسانە پرنسیبی بەڕێوەبردنی حیزبی لەو ناوچانەدا کە حیزبێک بەموڵکی خۆی دەبینێت هەربەردەوامبێت، ئەگەرچی مۆنۆپۆلی زەبروزەنگی دەوڵەتیشی (واتە دەزگای حکومی یان دەوڵەت) تیادانەبێت.

دەشێ ئامادەنەبوونی ڕاستەقینانەی هیچ یەکێک لە سەرۆکەکانی هەردوو حیزب بۆ دەستبەرداربوونی سەرۆکایەتی کاریزمی پیرۆزی خۆی لەناو دەزگا حیزبیەکانیاندا بۆ ناو دەزگا حکومیەکان مانایەکی هێندە بچووکی نەبێت. ئەمە لەلایەک و لەلایەکی ترەوە پەیوەندی دەرەکی هەریەکێک لە حیزبەکان لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە، بەجۆرێکی سەربەخۆ یاخود شێوەسەربەخۆ، جەغد لەسەر ئەوە دەکات کە حیزب ئامادەی ئەوە نییە تۆزقاڵێک لە داخراوێتی جیهانی دەزگایی خۆی بکاتەوە و بیداتە دەست دەزگای حکومی یاخود بەهیچ جۆرێک ئامادەی ئەوە نییە ڕەوایەتی خۆی بداتە دەست دەزگای حکومی. بۆیە حیزبی کوردی هەمیشە توانای ئەوەی هەیە بچێتەوە شاخ و دەستبەرداری دەزگا حکومیەکان بێت، هەروەکو چۆن ئاوهاش هاتە ناویانەوە.

گەر نەڵێین پیرۆزێتی حیزبی کاریزمی لەوەدایە؛ یاخود دەزگا حکومیەکان دەخاتە ناو لەشی دەزگای حیزبی خۆیەوە و لەوێشەوە پیرۆزێتی ڕەهای خۆی دابیندەکات و فۆرمی «نەتەوە» لەسەر وێنای خۆی دروستدەکات، یان بە ترسێکی گەورەوە لەگەڵ دەزگا حکومیەکان هەڵسوکەوتدەکات، وەک ئەوەی مەرگی ئەم دیاریبکات، کاتێک دەستبەرداری هەیبەتی دەزگایی خۆی بۆ دەزگای حکومی ببێت.

ئەگەر پرۆسەی بەنەتەوەبوون لەکردەی دروستکردنی دەوڵەتی ناسیۆنالدا خۆی بەرجەستەبکات، هەروەکو برێک لە تیۆری ناسیۆنالیزمی ڕۆژئاوایی لەناو مێژووی ناسیۆن و دەوڵەتی ناسیۆنالدا بەرجەستەیکردووە، ئەوا دەبێت بڵێین ئەمڕۆ لە کوردستاندا ئەم پرۆسەیە بەشێوەیەکی پێچەوانە خۆی بەرجەستەکردووە. پرۆسەیەک کە ستراتیژی تێکشکاندنی هەستی کۆیی و ناوکۆیی کولتووری و سیاسییەوە و پیرۆزکردنی گروپ ـ حیزبە، سەقامگیرکردنی وەلائەتی ناوچەییە و قوڵکردنەوەی جیاوازییە دیالێکتیەکانە و لەڕووی تیۆریشەوە مەحاڵ نییە هەستی ناوچەیی و بەرژەوەندی ناوچەیی و هاوکاریی ناوچەیی وەلائەت و هۆشمەندی ناوچەیی ـ ئێتنی دروستبکات، لەکاتێکدا کە تەنانەت هەردوو حیزبەکە بە هۆشمەندییەوە بێت یاخود نا باس لە کۆمەڵانی خەڵکی ناوچەکەی خۆیان دەکەن، واتە گەلی کوردستانی یەکێتی یاخود پارتی.

## گروپە ستراتیژییەکان و ڕۆڵیان لەپرۆسەی بەکۆمەڵکردندا

کولتووری سیاسیی ئیسلام، وەکو باوەڕێکی سەرتاسەری، دەسەڵاتی سیاسی نەبەستۆتەوە بە دەسەڵاتی ئێتنییەوە. ئەمەش بۆ خۆی چەمکێکی سیاسی تایبەتمان لە دەسەڵات دەخاتە بەردەست کە خۆی لە چەمکی بەئێتنیبوونی دەسەڵات، وەک ئەوەی لەئەورووپادا بینیمان، جیادەکاتەوە.

ئێمە لە ئیمپراتۆریەتدا سیاسەتێکی نارەگەزیمان هەیە، واتە بە درێژایی مێژووی دەسەڵات تیایدا، دەبینین لەناو چەند ئێتنییەکی جیاوازدا گۆڕانکاری و دەستاودەستکردنی دەسەڵات ڕوویداوە. هەروەها ئیمپراتۆریەت، واتە ڕەوایەتی دەسەڵات لە جێبەجێکردنی ناوکۆییەکی سیاسی - دینی، کە شەریعەت تیایدا پێوەری هەموو ئەحکامەکانی ناو کۆمەڵگایە، لەخۆدەگرێت. هەر بە داڕووخانی کولتووری سیاسیی ئیسلامی، وەکو دەسەڵاتدارێتی سیاسی و وەکو کولتووری دەسەڵات لەسەرەتای ئەم سەردەمەدا، بەمانایەکی تر جەنگی جیهانی یەکەم بۆ خۆی بوو بە گۆڕستانی کولتووری - سیاسیی ژیواریی ئیسلام. بەڵام ئەم بەرجەستەبوونەی تێکشکاندنی هەیکەلی ئیمپراتۆریەت، مانای ئەوەنەبوو کە مێژووی برینی (اختراق) ڕۆشنبیری و سیاسی و ئابووریی کۆلۆنیالیزم لەناو بونیادی ئیمپراتۆریەت لەوەوپێش ئامادەنەبووە.

سەرهەڵدانی کولتووری ڕۆژئاوایی، بەهای تازە، جیهانبینی تازە... کە هەموو نرخی جیهانگەراییان لەخۆگرتبوو، بوو بە کایەی فیکریی هەندێ گروپ لەناو جەستەی پێشکەوتووی (بۆ نمونە شار) ئیمپراتۆریەتدا. ئەم گروپانە هەڵسان بەخواستن و گواستنەوەی نرخە ئەورووپییەکان بۆ ناو بونیادی دەسەڵاتی خۆیان و لەوێشەوە کولتووره پەراوێز و ناوچەییەکانی ناو ئیمپراتۆرییەت دەستیانکرد بەگەشەسەندن.

«کولتووری نەتەوایەتی» عەرەبی و کوردی... هتد، کە تاوەکو ئەو کات هاوئاهەنگبوون لەگەڵ کولتووری باڵای ئیسلامیدا، دەستیانکرد بەبووژانەوە. ئەوەی جێی سەرنجڕاکێشانە گروپە کولتوورییە - سیاسییە تورکیەکان لەناو جەستەی ئیمپراتوریەتدا، یەکێک بوون لە گروپە هەرە چالاکەکان، بۆ خستنەوەی پرۆسەی مۆدێرنیزم... و ئەوانی تر لەسەر وێنەی ئەم خۆیان ڕێکدەخست، تەنانەت پاش دامەزراندنی دەوڵەتی ناسیۆنالی خۆشیان، بوون بە نموونەی گروپە سیاسییەکانی تر لەناو دەوڵەتە ناسیۆنالەکانی دی و هەندێ جاریش دەیانخواست جێپێی هەڵگرن. هەروەکو (حسن العلوی) سەبارەت بە کاریگەریی تورک بۆ سەر پرۆژەی نەتەوایەتی عێراقی دەستنیشانی کردووە.

ئێمە لە سەرەتادا هێمامان بۆ ئەو فاکتەرانە کرد کە دەبنە هۆکاری دروستبوونی ناوکۆیی گروپ و پاشانیش چۆن ناسنامە و ترادیسۆن و کولتووری خۆیان لە ڕێگای پێکدادان لەگەڵ ئەوی دیدا دەدۆزنەوە و ئەمەش بۆ خۆی چۆن دەبێتە هاندەر و بزوێنەرێکی ناوەکی بۆ شێلگیربوونی گروپیی. لەکۆمەڵگا کشتوکاڵییەکاندا، وەکو کۆمەڵگای کوردستان، بە پێویست ئەو کایە کۆمەڵایەتیانە ڕۆڵی ستراتیژی تێدا دەبینن، کە پانتایی دەسەڵاتی ئایینی و ئابووریيان داگیرکردووە. ئەم گروپانە لە بارێکی سەدیمیدا نازین، تاوەکو بۆماوەی سەروەری باڵادەستێتی خۆیان زامنبکەن، بەڵکو ئەم بەردەوامێتی و سەروەریی باڵادەستێتییەش لە ئاستێکی زۆر ئاڵۆزدا پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە. لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا لە سەرەتادا میرنشینەکان، پادشاکان و بابەکان و ئاغا و دەرەبەگەکان ستراتیژیترین ڕۆڵیان گێڕاوە. پاش ریفۆرمی ڕێکخراوەکان ئەم کایە کۆمەڵایەتیانە گۆڕانکاریان بەسەردا دێت و شێخ و مەلاو تەریقەتە دینییەکان و...هتد دەبن بەهێزە کۆمەڵایەتییە ستراتیژیەکا، ئیتر چیدی گۆڕانکارییەکی جەوهەری لەپەیوەندی سەرمایە بۆ سەرمایەی ڕەمزی و لەوێشەوە وەرگرتنی سەرمایە لەلایەن کایەی سەرمایە ڕەمزییەکان دروستدەبێت.

لە سەردەمی کۆلۆنیالیزمدا، ڕاستتر وایە بڵێین لە کۆتایی سەدەی ڕابردوو و سەرەتای ئەم سەدەیەوە، گروپە ئەکادیمیەکان و لەشکر کە بۆ خۆیان باوانی ئەم دوو هێزە کۆمەڵایەتیەی سەرەوەن، ڕۆڵی گەورە لە مێژووی گرۆکردنی هۆشمەندیی ئێتنێتی کوردیدا دەگێڕن، ئەویش لەژێر کاریگەریی جیهانبینی ڕۆژئاوادا. دابەشبوونێکی بەرژەوەندی گروپی لەنێوان ئەم دوو گروپەدا دروستدەبێت، بەڵام تەقینەوەی خۆی بۆ ساڵانی شەستەکان هەڵدەگرێت، چونکە کۆلۆنیالیزم و دەوڵەتە ناسیۆنالەکەی بە سیستەمە پەروەردەیی و فیکری و سەربازی و ئابوورییەکەی ڕستێ گۆڕانی جەوهەری لە بونیادی کۆمەڵگای کورددا پێکهێنا و بوو بەهۆی ئەوەی «پسپۆڕان» یاخود ئەکادیمیەکانی ناو کۆمەڵگای کوردستان، کە جاران بە«ئەفەندی» و «میرزا» و «خواجە» و... هتد ناسراوبوون لە سیستەمی پەروەردەیی کۆلۆنیالیزمدا بوون بە مامۆستاو پارێزەر و پزیشک و قوتابی و... هتد و توانیان هێزێکی کۆمەڵایەتی پێکبهێنن کە سەرمایەی ڕەمزی مەعریفیان بوو بە پسوولەی دروستبوونی پایەیەکی کۆمەڵایەتی جۆێ لە

کۆمەڵگا و لە پرۆسەی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و سیاسی. لە دەرئەنجامدا ئێمە دەگەینە ڕاستییەک کە لەناو کۆمەڵگای کوردستاندا خودێکی مێژوویی، وەک ئەوەی بورژوا بەرامبەر دەرەبەگ بەرجەستەی کرد یاخود پرۆلیتاریا - ڕۆشنبیران بەرامبەر بە سیستەمی سەرمایەداری بەرجەستەیان کرد، ئامادەنییەوە. ئێمە پتر لە بری ئەم خودە مێژووییانە کارمان بەسەر گرووپگەلێکەوە هەیە کە بنەمای دێ و شاریان هەیە و هەردووکیشیان لەناو کایەکانی کۆمەڵگای کوردستاندا کاردەکەن «عەشیرەت، خێڵ، خێزان، سەرۆکی کاریزمی، فەرمانبەرانی دەوڵەت، بازرگانان، ئەکادیمیەکان و لەشکر و...هتد». هێندەی سەرمایەی ڕەمزی لە کوردستاندا هێزی گۆڕانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی پێیە، ئەوەندەش چینەکان لە ڕێگای بەشداربوونیان لە پرۆسەی بەرهەمهێنان و لەوێشەوە ململانێیان لەگەڵ یەکتر، هێزی کۆمەڵایەتی کاریگەرنین.

ئەم گرووپانە گەر لە پرۆسەی گەشەکردنی خۆیاندا توانیان حیزبی سیاسیی خۆیان دروستبکەن، ئەوا جەسورانەتر و یەکانگیرتر بەرگری لە بەرژەوەندییەکانیان دەکەن و ڕۆڵێکی ستراتیژیی کاریگەر لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کۆمەڵگاکەیاندا دەگێڕن. بۆیە لێرەدا گونجاوە ناویان لێبنێین «گرووپە ستراتیژییەکان» (٤٧). «گرووپە ستراتیژییەکان بەشێوەیەکی چالاک نوێنەرایەتی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی خۆیان دەکەن. چالاکی سەرۆکەکانیان ڕاستەوخۆ پشتیوانی لێدەکرێت، چونکە باوەڕیان وایە کە لەخۆیانە و بەرژەوەندییە ڕۆحی و مادییەکانیان بەرجەستە دەکات». گرووپی ستراتیژی دەشێ بە «سەرکردایەتیەکی سێبەر» دابنرێت کە سەوقی سەرکردایەتی سیاسی دەکات. عەشیرەت، تەریقەتی دینی، فەرمانبەرانی دەوڵەت، لەشکر، پسپۆڕان (بەتایبەت ئەکادیمیەکان)، بازرگانەکان... هتد گرنگترین گرووپی ستراتیژی پێکدەهێنن.

«یەکێک لە گرنگترین مۆرکەکانی پێکهاتنی گرووپی ستراتیژی ئەوەیە کە ژمارەی شێوە گرووپێک لە پرێکدا زیاددەکات و دەبێتە پانتایی دەسەلات و تا ژمارەشیان پتربێت، فشار بەسەر ئەندامەکانیان وەک تاک پترتردەبێت کە لەململانێی ئەوەدان بەشداربن لەو سامانەی دەسەلات هەیەتی لەناو کۆمەڵگادا. ئەڵبەتە دەشێ بەپێچەوانەشەوە کەمی سامانیش هەمان ڕۆڵ بگێڕێت.» ئەم بارەش لە کۆتاییدا لەگەڵ گرووپەکانی دیدا ململانێ دەخاتەوە، کە یاخود ئەوانیش لە هەڵپەی ئەوەدان سامانی دەسەلاتیان بەرفراوانتر بکەن، یاخود بەرگری لە شوێنەواری (موقعیة) کۆنیان بکەن.

ململانێی نێوان گرووپەکان دەبێتە هۆی وەخەبەرهێنانەوەی هۆشمەندییەکی کۆیی و هاوکاری و شێوەیەک لە یەکانگیری، ئەمەش لە میکانیزمێکدا کە دەشێ ببێتە هۆی خۆدابڕینی کولتووری یان ناوچەیی یان ئێتنی یان گرووپی - چینی... هتد.

«ئەم هاوکارییە دەچێتە قاڵبێکی ڕێکخستنی نوێوە کە تیایدا بەرژەوەندییەکان بەفۆرمدەکرێت و دەسەلات تێدا شێوەی بەرگریکردن تێکدەشکێنێ و بارێکی هێرشبەرانە دەگرێتەخۆ». ئەمەش وادەکات کە خۆڕێکخستنێکی شێوەعەقلانیی نوێ لە فۆرمی ڕێکخراودا دروستبکات، یاخود گەر گرووپگەلێکی تر دروستیکردبێت ئەمی تر سوودی لێوەربگرێت و بیکات بە کەرەسەی گەیشتن بەستراتیژی خۆی. ئەمەش کارێکی وادەکات نەک تاکەکانی ئەو گرووپە لە کارێکی (کردە) مۆدێرندا خۆیان ببیننەوە و بەرژەوەندییەکانیان فۆرمێکی بیرۆکراسی پێدەبەخشرێت، بەڵکو خزم و کەسوکاریش دەهێنرێتە ناو پانتایی (مجال) دەسەلاتەوە و دەشێ هەر لەم ڕێگایەشەوە چەند گرووپێک یەکبگرن و گرفتەکانیان وەلابنێن. ئەم گرووپە ستراتیژیانە لەم بارەدا مۆبیلکردنی گرووپەکەی کەمدەکاتەوە و یەکانگیرییەکەی پتەوتردەکات. بەمجۆرە ئەم گرووپانە ڕۆڵی مالێتاوایکردنی کۆمەڵگا لە ڕێکخستنی کۆنی خۆیدا دەگێڕێت و جۆر و شێوەی نوێ بۆ چالاکی سیاسی پێشنیاردەکات.

زۆرجار تازەترین گرووپی ستراتیژی (لە ڕووی کاتەوە دەبێتە کۆنترینیان) کە دروستدەبێت، بنەبڕانەترین ڕۆڵ لە مێژووی ئەو کۆمەڵگایە و پێکهاتە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکاندا دەگێڕێت. ئەمەش کاتێک ڕاستردەبێت گەر ئەو گرووپە چ بەهۆی کاریزمێتی سەرکردایەتی یان بەهۆی بوونی بڕوایەک کە ناوکۆیەکی پتەو دروستبکات یاخود شێوەی ڕەق و زەبری ناوەکی ڕێکخستنی گرووپی هۆکاری بەردەوامێتی ئامادەبوونی ستراتیژی زامنبکات.

ڕاستی ئەوەیە کە «گروپی ستراتیژی لادێ»، لە کاتێکدا کە «گروپی ستراتیژی شار» دروستبوو، شوێنەواری ستراتیژیی خۆی نەدۆڕاندوە لەناو بزاوتنی کۆمەڵایەتیدا، بەڵکو بەحوکمی نەبوون و ئامادەنەبوونی بنەمایەتی کۆمەڵایەتی، کە گروپی ستراتیژی شار خۆی لەسەر بنیادبنێ و داواکارییەکانیان زەخمێکی کۆمەڵایەتیان هەبێت، بەناچاری خۆی لە کوالیسیۆنێکی گروپیدا بینیەوە، کە پتر ئینتحارێکی گروپی بۆ خۆی گەیاند. واتە خۆبەدەستەوەدانی ئەم گروپە و ڕێکخراوەکانی، کە «مۆدێرن»بوون «حیزب»، بەگروپە ستراتیژییە لادێیەکانە.

من زاراوەی «گروپی ستراتیژی لادێ» بەکاردەهێنم، نەک بەمانای ئەوەی ئەم گروپە هەر لە لادێدا کردەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فیکریی خۆی پیادەکردووە، بەڵکو ژینگەی ئەم گروپە لەڕووی مێژووی و کۆمەڵایەتیەوە لە دەرەوەی شار و کاریگەرییەکانی سیستەمی مەعریفی شاردا کاریکردووە. ئەمە لە سەرەتادا، بەڵام لەپاش ئەوەی نەوەکانی ئەم گروپە بۆ خۆیان دەبنە بەشێک لە نەوەی سیستەمی پەروەردەیی کۆلۆنیالیزم، ئەوا ئەم گروپە بۆ خۆی فەزای شار داگیردەکات و پانتای ئەو کایە کۆمەڵایەتیانەش داگیردەکات کە لە سەرەتادا گروپەکانی ناو شار بەهی خۆیان دەزانی و ململانێی یاخود جۆرێک لە ململانێی دەسەڵاتیان لەسەر دەکرد. ئەڵبەتە «گروپی ستراتیژی شار» بۆ خۆی دەکرێت وەکو گروپێکی مۆدێرن بەرامبەر بە گروپی ستراتیژی دێ لەقەڵەمبدرێت، بۆیە ئێمە لە سەرەتای سەرهەڵدانی حیزبەوە، کە بەرهەمی شارە و بەرهەمی گروپی ستراتیژی شارە، ململانێیەکی ڕەوایەتی لە نێوانیاندا دەبینین، کە بەهیچ لایەکدا نەکەوتەوە. بۆ نموونە سەرۆک عەشیرەت و شێخ و مەلا و ئاغا و دەرەبەگ و... هتد، ئەمانە هەموو بۆ گروپی ستراتیژی شار، گروپگەلێکی کۆنەپەرست و دوواکەوتوو چەوسێنەربوون. گروپی ستراتیژی شار کۆنسێپتی مۆدێرنی خۆی پێبوو، کۆنسێپتێ کە لەژێر کاریگەریی فیکری ڕۆژئاوا و ڕۆشنبیرانی عەرەب و تورک و فارس دا کاریانپێدەکرد. لێرەشەوە سەرباری خۆبەدەستەوەدانی ئەم گروپە لەسەر ئاستی ڕەوایەتی سیاسی، کە سەرکردایەتیکردن مانای کۆتایی دەگەیەنێت بە گروپی ستراتیژی دێ، دەبینین لە پاشاندا هەوڵدەدەن بۆ دروستکردنی (حیزبی پێشڕەوی) تر کە بەرژەوەندییە گروپییەکەی بەرجەستەبکات.

ململانێی گروپی ستراتیژی شار لەگەڵ گروپی ستراتیژی دێ لەو ساتەوەختەوە دەستپێدەکات کە گروپی ستراتیژی دێ دەخوازێت دەزگای ئایدۆلۆژی و دەسەڵاتی سیاسی و ڕەوایەتی ئەم گرۆپەی شار داگیربکات. خۆبەدەستەوەدانی گروپی ستراتیژی شار لەبەردەم پرۆژەکانی گروپی ستراتیژی دێدا، لە بێهێزیی کایە کۆمەڵایەتییەکەوە سەرچاوە هەڵدەگرێت. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە بەشێوەیەک لە شێوەکان جووتبوونی داواکارییە کولتوورییەکانیان لەسەر ئاستی نەتەوەیی و ئامادەبوونی گروپی ستراتیژی دێ، وەک بزوتنەوەی ترادیسۆنی دژ بەبێگانە... ڕەتکردنەوەی چەند کەسێکی ناو ئەم گروپە شارییە بۆ سەرکردایەتی دان بەدەستەوە، مانای ئەوە نییە ئەو هێزێکی کۆمەڵایەتی لەپشتەوەیە، بەڵکو پتر مانای ئەوەیە کە بۆ خۆیان ئەمانیش دەبن بە کاریزمای سیاسیی ناو مێژووی سیاسیی کوردستان و جارێکی تر دەگەڕێنەوە ناو ئەو بونیادانەی گروپی ستراتیژی دێ کاری تێدادەکات، بۆئەوەی ستراتیژییەتی بوونی خۆی بپارێزێت.

لێرەوەیە گەڕانەوەی هەندێ لە سەرۆکانی گروپی ستراتیژی شار بۆ پارمەتی دەوڵەتە مەرکەزییەکان، بۆ ئەوەی لە ململانێیان دژ بە گروپی ستراتیژی دێ پشتیوانیان لێ بکرێت و ئەمەش دەق لەگەڵ ستراتیژی دەوڵەتانی ناسیۆنالدا جووتدەبێتەوە، چونکە دەزانێت هێزە کۆمەڵایەتیە کاریگەرەکەی ناو کۆمەڵگای کوردستان لەکوێدایە. ئەمجۆرە پێکەوە کارکردنە لە ژێر فەرمانی مۆدێرنیزمدا کارپێدەکرا و گوایە دژ بە کایە کۆنەپەرستەکانی ناو کۆمەڵگای کوردستان دەبووەوە. بۆ ئەم پێکەوە کارکردنەش، گروپی ستراتیژی شار هەندێ دەسکەوتی کولتووری پێشکەشکرا. ئێمە لە پاشاندا جارێکی تر دەگەڕێینەوە سەر ئەم پرۆسەیە.

یەکێک لە سیما و کارەکتەرە دیارەکانی گروپی ستراتیژی شار ئەوەیە کە بۆ خۆی پەروەردەی ناو ئایدۆلۆژیایەکە کەرەسەکانی خوێندنەوەی بۆ کۆمەڵگای کوردستان هێندە نامۆبوون کە نەیانتوانیوە ببن بە خاوەنی پرۆژەیەکی مەعریفی و سیاسی و کولتووری تازە بۆ ناو کۆمەڵگاکەیان. لە سەرەتادا زۆربەی زۆریان لەناو کایەی بچووکی کۆمەڵیدا کاریاندەکرد و پاشان بڕێکی زۆریان پەروەردەی حیزبی شیوعین و هەندێکیشیان کێشە

ئایدۆلۆژییەکانی ناو حیزبی شیوعین. ئەوە مایەوەش بڕێکی زۆرکەمی نوێنەرانی ناسیۆنالیزمی کوردی بوو.. بە گشتی پرۆژەی سیاسیی ئەوان لەناو پرۆژەی نیشتمانپەروەریتی تازەی عێراقیدا خۆیدەبینێتەوە، ئەگەرچی لەناو حیزبی شیوعیشدا بوون، وەک حیزبێک کە جیاوازی ئێتنیتی تیایدا سەرچاوەی ئینتمای حیزبی نەبوو و پاشانیش ئەمجۆرە ئایدۆلۆژیایە بۆ خۆی جۆرێک بوو لە پاراستنی بوونی ئەوانی تر، وەکو ئەوەی خۆیان هەن، بەڵام لەناو دەوڵەتێکی ناسیۆنالدا کە هەمیشە لە پرۆژەی تواندنەوەی ئەوانی تردا کاریدەکرد. ئەم بارەش نامۆنییە بە زۆربەی ئەو ئێتنیانەی لەناو جەستەی دەوڵەتی ناسیۆنالدا لە ترسی سڕینەوەی بەردەوامی کولتوور و بووندابوون. بۆیە ئامادەبوونی زۆربەی کاتی ئەم ئێتنیانە لەناو حیزبە کۆسمۆپۆلیەکاندا و ڕۆڵی گەورەیان لە دروستکردنیشیان لە هەندێ کاتدا، جێگای سەرسوڕمان نییە. گروپی شاری کوردی بە شێوەیەکی بەرجەستەبوو لەناو ئەم حیزبە و مێژووی ئەم حیزبەدا ئامادەبوو. بۆیە کۆمۆنیزم بە دیوێکی تر دەبێتە دوژمنی پرۆژەی ناسیۆنالیزمی دەوڵەتی ناسیۆنال.

ئامادەبوونی ترادیستۆنانەی گروپی ستراتیژی دێ لەناو دژایەتیکردنی هێزێکی بێگانە لە سەردەمی کۆلۆنیالیزمدا و یاخیبوونی ئەم گروپانە لە سەردەمی پێش کۆلۆنیالیزمدا و هێنان و کردنی بە ترادیسۆنێکی بەردەوامی خەباتی دژی بێگانە، ئەگەرچی بۆ خۆی لە سەرەتادا کایەی پێش ناسیۆنالیزمی هەبوو، بوو بە کایەیەک کە لە کردەی ستراتیژی خۆی نەدۆڕێنێ، بەتایبەت دژ بەپرۆژەی مۆدێرکردنی کۆلۆنیالیزم لەناو جەستەی دەوڵەتی ناسیۆنالی نوێدا. ئەم پرۆژەی مۆدێرنکردنە خۆی لە سیستەمێکی تری بەکۆمەڵگاکردن و بەکۆمەڵکردنی کۆمەڵگایەکدا بەرجەستەدەکرد کە تاوەکو ئەوکات لە ئۆتۆنۆمێتیەکی ڕێژەیی بونیادەکان بەرامبەر بەیەکتر دەژیا و دەوڵەتی ناسیۆنال دەیخواست بەشێلانێکی زەبروزەنگاوییانە فۆرمی دەوڵەت ـ ناسیۆنی پێببەخشێت. ئێمە لەپاشاندا دەگەڕێینەوە سەر ئەو هۆکارانەی بوونە هۆی بەدینامۆپێدانی ئەو پرۆسەیەی ئێتنیتی و ناسیۆنالیزمی ئێتنی لەناو کوردا بەهێزیانکردن و بوون بەهۆی دروستبوونی پرۆژەیەکی سیاسی کە تاوەکو ئەمڕۆ لە هەوڵی بەنەتەوەییکردنی خۆیدا دەژی.

گروپی ستراتیژی دێ کە عەشیرەت کۆڵەکە کۆمەڵایەتیەکەیەتی و دروستبوونی حیزب وەک دەزگایەکی بیرۆکراسی بۆ بەناوکۆکردنی سیاسییانەی ئەم کایە کولتوورییە کۆمەڵایەتیە بوو بە سەرەتای فۆرمبەخشینی هەستی نەتەوایەتی لەناو کورددا و دروستبوونی هۆشمەندێتیەک کە لە هەوڵی بەمادیکردنی خۆیەتی لە مێژوودا. ئالێرەوە ئێمە ڕووبەڕووی پرۆسەی عەشیرەت ـ حیزب ـ نەتەوە دەبینەوە کە چۆن لەم سێ کایەدا بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردی وەکو بوونێکی مێژوویی خۆی بە دەرەوە ناساند، بەڵام هێشتا بۆ خۆی لە بەخشینی ناسنامەیەکە بۆ ناوخۆی، واتە دروستکردنی ناوکۆییەکی سیاسی ـ کولتووریدا، ئەم ململانێیەش تائەمڕۆ بەردەوامە.

گوتاری سیاسیی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لە ململانێی بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان تاوەکو ئەمڕۆ وەکی گوتارێکی مۆدێرن خۆی دەنوێنێت، لەکاتێکدا کە خۆی بەهەموو کایەکانی ناو بونیادی پارتی دیموکرات لەناو کۆمەڵگای کوردستاندا شۆڕبۆتەوە و تەنانەت کایە گرنگەکانی خۆی لەسەر بنیادناوە، ڕاستە بڕێکی زۆری کەسانێکن بنەما کۆمەڵایەتیەکانیان لە گروپی «پسپۆڕان» سەرچاوەهەڵدەگرێت، بەڵام ئەم کەسانە هەموو لە پەیوەندی خزمایەتی ـ ناوچەیی و بازنەی عەشیرەتدا کاردەکەن. کەم ئەندامی سەرکردایەتی هەیە لە ڕێگایەوە وەلائەتی عەشیرەتەکەی و ناوچەکەی و خزمەکانی.. بەخۆیەوە بەندنەکردبێت.

ئەم دیاردەیە دەبێت گەواهیی ئەوەبێت کە حیزبێکی وک پارتی و پابەندبوونی بە بنەمای عەشیرەتێکەوە لەوێشەوە وێناوەرگرتنی ئەم عەشیرەتە بۆ نەتەوە، ئاوا بە ئاسانی وەکو حیزب کۆتاییپێنایەت، ئەگەرچی ئەم حیزبە چەندان نوشوستی ڕێکخراوەیی و سەربازی و... گەورەی بەخۆییەوەدیوە. من پێشتر باسم لە پەیوەندی نێوان عەشیرەت و نەتەوەم، بە نموونەی بارزانیەکان، کرد.

هەروەکو لەسەرەتادا ژینگەی ناوچەچێتی ئەم گروپە ستراتیژییەمان ڕوونکردەوە، ڕەچاوی ئەوە دەکرێت کە

نێوەندەکانی ئەم گروپانە هەمیشە ئەو ژینگانەیە کە تیایدا دروستبوون. بەمانایەکی تر ئەو جێگایانەی گروپە ستراتیژییەکان تیایدا هەست بە وەلائەتێکی ڕەهادەکەن و ترسی گێرەشێوێنی و کاریگەریی ئەندامانی گروپەکانی تریان بەسەرەوە نییە.

لێرەدا بەپێویستی دەزانم پەنجە بۆ کایەیەکی تری ئەم هاوکێشەیە ڕابکێشم کە ئەگەرچی هێشتا نەبۆتە ستراتیژ، بەڵام ستراتیژیەتی گروپەکان دەستنیشاندەکات. سەرەڕای ناوچەچێتی و ناوکۆیی و وەلائەتی ناوچەیی، فاکتەری دیالێکت بۆ خۆی نابێت لێرەدا فەرامۆشبکرێت. واتە ئەو گروپانەی پتر لەناو توێژە مۆدێرنەکانی کۆمەڵگای کوردستاندا کاردەکەن، ئاوا بە ئاسانی ناتوانن لە بەشی دەرەوەی پانتایی شار خۆیان لە ناوچەکانی گروپەکانی تر بنبەستبکەن. بۆیە ئەم پرۆسەیە بەپێویست خەیاڵپلاوییەکی ناوچەیی - دیالێکتی دروستدەکات، کە وەکو ستراتیژێ بۆ پتەوکردنی «ئێتنێتی» بەشێوە ناوچەیی - دیالێکتیەکەی، بۆ بەردەوامێتی ڕەوایەتی سیاسیی خۆیان بەکاریدەهێنن. بۆیە دابەشبوونی کوردستانی باشوور بەسەر هاوکێشەی ناوچە - دیالێکت سۆرانی - بادینانادا پرۆسەیەکی حەتمی دروستبوو دەبێت، چونکە ستراتیژێ ئەم دوو گروپە لە داگیرکردنی زۆربەی زۆری پانتایی و کایەکانی دەسەڵاتەدایە لەناو کوردستانی باشووردا.

ئەم بارەش بۆ خۆی برێک کردەی خۆی هەیە لەسەر ئاستی دووردا و هەریەکێک لە گروپەکان لەناوخۆیاندا بەپراکتیکیدەکەن. ئەویش بە بەرجەستەکراوەیی لە پاش ڕاپەڕین بەدیدەکرێت، لە گرتنەخۆی هەموو ئەو گروپ و شێوەگروپانەی لە سەردەمێک لە سەردەمەکاندا «دوژمنی گەلی کورد»بوون لەلایەن بونیادی حیزبەوە. واتە ستراتیژی گروپی یەکەم دەبێتە قبوڵکردنی ئەو کەسایەتی و گروپانەی لە ناوچەی گروپی دووەمدا لەبەر هەر هۆیەک بێت قبوڵناکرێن، بەڵام هێشتا لە دەسەڵاتی کۆمەڵایەتیان کەمنەبۆتەوە، بەهەمان شێوەش بۆ گروپی دووەم هەر ڕاستە. نموونەی ئەو جاشانەی لەناوچەی یەکێتێن لەپاش ڕاپەڕین بوون بەپارتی و ئەو جاشانەی لەناوچەی پارتێن و بوون بە یەکێتی، نموونەی زەقی ئەم پرۆسەی قەبەکردنی جەستەی گروپییە لەخۆدەگرێت. هەروەکو جارێکی تر مەبەستمە هێما بۆ پرۆسەی یەککگرتن و جووتبوون و تواندنەوەی گروپە بچووکەکان لەناو گروپە گەورەکاندا بکەین، کە چۆن هەوڵدانی لێنەبڕانەوەی ئەم گروپانە بەرجەستەدەکات، لەسەر ئاستی ناوچەیی بۆ ناو یەکتری.

## گروپە ستراتیژیەکان و ململانێیان لەسەر ڕەوایەتی سیاسی ، نەتەوەیی

شەڕی ئەم دوو گروپە ستراتیژییە برێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ ململانێ لەسەر سامانی ڕەوایەتی، کە ڕەمزییەتی دەسەڵات سیاسی - کولتووری کوردی پێکدەهێنێ. واتە کێ لەم دووانە دەتوانێت هەڵگری پەیمانی ناوکۆیی سیاسی - نەتەوەیی بێت، بۆ ئەوەی بتوانێت بەناوی نەتەوەوە قسەبکات. وێنای کولتووری، بەمانایەکی تر ناوکۆی کولتووری، ناتوانێت بەتەنیا ببێتە پانتایی ناسنامەی نەتەوایەتی، بەبێ ناوکۆیی سیاسی، میراتی سیاسیش لە کوردستان بەشێوەیەکی گشتی لە نێوان ئەم دوو گروپە ستراتیژییەدا دابەشبووە. لێرەوە دەتوانرێت بەراکشاوی باس لەوە بکرێت کە هەر یەکێک لەم گروپە ستراتیژییە چارەنووسە سیاسی و حیزبایەتی و گروپیەکەی، بە نوێنەرایەتیە سیاسییەکەیەوە بەندە. بۆ ئەم مەبەستەش دروستکردنی وەلائەت و قەبەکردنی لەشی گروپەکەیان لەناو نێوەندی ستراتیژی حیزبایەتیاندا چەقدەبەستێت و زۆرکردنی ژمارەی ئەندامەکانیان واتای گەورەیی نوێنەرایەتی زۆربەی زۆری کەسان و تاکەکانی نێو نەتەوە دەگەێنێ. دەشێ ئەم پرۆسەیە لەدوای ڕاپەڕین بە بەرجەستەکراوی لەبەردەستدابێت.

پرۆسەیەک بەناوی پرۆسەی لێکدان و پێکەوەنووسان و توانەوەی هەندێ گروپی بچووک، چ لەبەرەی «چەپ» چ لەبەرەی «ڕاست»، لەنێوان ئەم دوو گروپە ستراتیژییە گەورەیەدا دەکەوێتەوە. ئەم پرۆسەیە لۆژیکی ناوەکی هەموو ئەو گروپانە دەگرێتەوە کە بەشێوەیەک لەشێوەکان لەپەیوەندییەکی گروپی یا ناوچەیی یا خزمایەتی یان برادەرایەتی یاخود ئابووری لەگەڵ یەکتر بەیەکیانەوە دەبەستێت. ئەگەرچی گروپە بچووکەکان بۆ خۆیان لە سەرەتادا هەوڵی قەبەکردنی ئامادەیی خۆیاندا لەناو کۆمەڵگادا، دا، ئەویش بەیەککگرتنیان و دروستکردنی گروپی

ستراتیژی نوێ «واتە حیزبی نوێ»، بەڵام ئەم پرۆسەیە هەر زۆر زوو لەناو زەبری کاریگەری دوو ژلهێزەکە هەڵوەشایەوە. مەبەست لە خستنەگەڕی ئەم پرۆسەیەش بەتەنێ لە قەبەکردنی جەستەی گروپی ستراتیژیدا بەرجەستەدەبێت. پاشان ئەم پرۆسەیە چ ئاکامێکی سیاسی هەیە، ئەوا لە سەرەتادا تائەو کاتەی راستەوخۆ بەرژەوەندی ئەم دوو گروپە لەترسناکیدانییە، بەمانایەکی تر تائەو کاتەی ململانێکەی نێوانیان ململانێیەکی راستەوخۆیانە نییە، ئەوا چاو لەهەندێ ئاکامی ئەم پرۆسەیە دەپۆشرێت. زۆرجار بوونی هەندێ گروپی بچووک لەناو پانتایی - ناوچەیی دەسەڵاتی گروپی گەورە وەک کەرەسەی فشار بەکاردەهێنرێت بۆ سەر گروپە گەورەکەی تر، هەندێ جاریش ئەم فشارە دەچێتە ئاستی شەڕی چەکدارییەوە.

یەکێک لەستراتیژە هەرە سەرەکییەکانی گروپە ستراتیژییە گەورەکان لەبەردەم خۆیاندا دایانناوە و کاریپێدەکەن، بریتییە لە ڕێگەنەدان بە دروستبوونی هیچ بابایەکی تر، ڕێگەنەدان بە دروستبوونی هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی تر کە بۆنی ئەوەی لێبکرێت ڕۆڵێکی ستراتیژی دەکرێ بگێرێت. ئەوسا ئەمجۆرە ئەڵتەرناتیڤانە، چ هۆکاری ناوەکی بێت بۆ دروستبوونیان یاخود هۆکاری دەرەکی - (بۆ نموونە دروستبوونی ڕێکخراوی نوێ کە پانتایی دەسەڵاتی گروپە ستراتیژییە گەورەکان بە جۆرێک لە جۆرەکان بۆ خۆی دابیچرێت. یاخود ئەو ڕێکخراوانەی پەیڕەو و پرۆگرامی ئەو ڕێکخراوانەی پارچەکانی تر دەکەن بەهی خۆیان کە لەوێ ڕۆڵی ستراتیژی دەگێڕن).

ئەم پرنسیپە سیاسی - کۆمەڵایەتییە لە سەرەتادا لە حیزبی پێشڕەودا خۆی بەرجەستەدەکرد و پاشان لە دوای تێکشکاندنی سەربازیی حیزبی پێشڕەو، گروپە ستراتیژییە ململانێکەرەکانی ناو حیزبی پێشڕەو دەستیانکرد بەخۆڕێکخستن و گەڕانەوە بۆ ناو کایەی سیاسی.

پرسیارێکی گەورە بەقەد ئەزۆکیی سیاسەت لە هەناوی کۆمەڵگای کوردستاندا، وەکو جێگای مستەکۆڵەیەکی فیکری دەرگای لە هەموو وەڵامەکان داخستووە: بۆچی ڕێکخراوە کوردییەکان، سەرباری کارەستێتی سیاسەتیان توانای دووبارە بەرهەمهێنانەوەی خۆیان هەیە؟ بۆچی پارتی دیموکراتی کوردستان پاش تێکشکاندنی سەربازی - ڕێکخراوەیی، توانای خۆیەئامادەکردنی تیادا دروستبووەوە و توانی جارێکی تر ببێتەوە بە سەرکردەی یەکەم یان دووەمی خەباتی چەکداری کوردی، لەکاتێکدا کە بەدیلێکی (ئەڵتەرناتیڤ) لەناو هەناوی خۆیەوە، ئەویش (یەکێتی)یە، بۆ دروستبوو؟

دەشێ یەکێک لە وەڵامەکان کە پابەندە بە «ڕاڤەکردنی ئەمری واقیع»ەوە، بریتیبێ لەوەی «ژانستێتی» دروشمە سیاسی و فیکرییەکانی ئەم ڕێکخراوە پابەند و ڕەنگدانەوەی دەقاودەقی ناو کۆمەڵگای کوردستانە و بەکورتی ئەم کۆمەڵگایە هەر ئەمەی پێ بەرهەمهێنراوە، کەواتە ڕەوایەتی خۆی هەیە.. بۆچی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان هێندەی بوو بەئەڵتەرناتیڤێک بۆ خۆی نەیتوانی ببێت بە ئەڵتەرناتیڤ بۆ پارتی. یەکێتی بەواتایەکی تر بەرهەمی کێشەی سیاسی - گروپی ناو هەناوی جەستەی حیزبی یەکەمە کە لەشەستەکاندا لەسەر ئاستێکی کاریزمی خۆی بەرجەستەکرد و چەند گروپێکی کۆمەڵایەتی (نوێ) لەخۆی پۆلگیرکرد، کە لەڕووی ستراتیژی کۆمەڵایەتیەوە خۆیان لە دژایەتی سەرکردایەتی کاریزمی (کۆن یان تەقلیدی)دا دەبینییەوە. ئەمەش دەمانگەڕێنێتەوە سەر یەکێک لە تێزەکانی باسمان لێوەکرد، کە گروپی ستراتیژی یەکەم گەورەترین و قوڵترین ڕۆڵ لە پرۆسەی گۆڕانکاریی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دەگێرێت. بەمانایەکی تر پیرۆزێتی جەستەی سیاسی یەکەم ، تا ئەو کاتەی توانای دەسەڵاتی بربکات، ڕێگا لە بەپیرۆزبوونی جەستەکانی دوای خۆی دەگرێت،

واتە ئێمە بەرامبەر بەهاوکێشەیەکی زۆر چەنجاڵین کە پێشکەوتنێکی ڕاستە ئاسایی نییە. گروپی ستراتیژی شار خۆی بەو گروپە دەزانێت کە عەقڵی سیاسی لەناو جەستەی حیزبدا بەبیرۆکراسیکرد و لێرەشەوە «لەشی سیاسیی نەتەوەیی» پێکهێنا. گروپی ستراتیژی دێ خۆی بەسەرکردەیەکی ڕەوای نەتەوە - حیزب دەزانێت، ڕەوایەتیەکەشی لە ترادیسۆنی ناوچەیی «شۆڕشگێڕێتی ناوچەیی» و پاشان ئەندامانی خێزانی پێشڕەوەوە دەبینێت. هەربۆیەش لەلایەن گروپی ستراتیژی شارەوە بەبێ چەندوچوون سەرکردایەتی وەدەستەوەدرا. کاتێک

چەند کەسێکی ناو جەستەی حیزبی پێشڕەو ئامادەی قبوولکردنی ئەم سەرکردە کاریزمییە نییە، ئەوا دەبێت بۆ خۆی کاریزمایەکی سیاسی پێکبهێنێت کە لە ڕێگایەوە ڕەوایەتی سیاسی بۆ خۆی دروستبکات و دەربڕی «ویستی نەتەوە» بێت.

بەم کردەیە یەکەم «تاوان» بەرامبەر بەجەستەی «عەشیرەت ـ حیزب ـ نەتەوە» دەستپێدەکات وەکو هەڵگەڕاوەیەک لە پرنسیپە کۆمەڵایەتیەکان. ئالێرەشەوە یاخیبوونی پاڵەوانانە، کە لە مێژووی کۆمەڵگای کورددا مێژووی هەیە، دەستپێدەکات، بەڵام بە جیاوازییەکی جەوهەرییەوە. ئەم «هەڵگەڕانەوەیە» لەسەر بناغەی «ئایدۆلۆژیای نوێ» پاکانەی بۆ دەکرا. ئەم گرێی تاوانە بەرامبەر بە جەستەی سیاسیی پیرۆز، تاوەکو ئەمڕۆش لە عەقڵیەتی سیاسیی کوردیدا کاردەکات، واتە بوونی کەسایەتی (مام جەلال) وەک ڕەمزێکی مۆدێرن لەناو یەکێتیدا و بوونی مام جەلال وەک شەرکەری بەشی یەکەمی میرات بەرامبەر بە پارتی و دەسەڵاتدارێتی ناو بزوتنەوەی چەکداری کوردستان، بوونی مام جەلال وەک کاریزمایەکی مۆدێرن بەرامبەر بەکاریزمای تەقلیدی (بارزانی و کوڕەکانی)..هتد. هەر لەبەر ئەمەشە وێنەی (مام) بۆ خۆی وێنەی پیرۆزی دووەمی ناو جەستەی خێزانی کوردییە، لە دوای مردنی باوک وەیاخود لەکاتی ژیانیشیدا.

ئەڵبەتە کاتێک کە باوک دەمرێت ئەوا (مام) بەپێویست ڕەوایەتی خێزانی خۆی لەناو کایەی دەسەڵاتدا وەردەگرێت. هەربۆیەشە بۆ ئەوەی ئەم هاوکێشە کۆمەڵایەتییە لەناو جەستەی خێزانی سیاسیی کورددا تەبابکرێتەوە، پارتی دوای مردنی بارزانی پێویستی بە «زاراوەی خێزانی ئایدۆلۆژی» خۆی هەیە. بەرامبەر بە مامێکی (یاخی)، مامێک کە زاتی ئەوەی کرد نەک هەر ڕەوایەتی سەرکردایەتی (باوک) بخاتە ژێر پرسیارەوە، بەڵکو داوای لێسەندنەوەی دەسەڵاتدارێتی لە باوک دەکرد لەناو جەستەی خێزانی کورددا، ئەوسا ئەو خێزانە حیزب بێت بە مانای سکرتێری یەکەم یان (سەرۆک) بێت لەناو جەستەیەکی کۆمەڵایەتی ـ نەتەوە..هتد. هەروەکو گوتمان ئەم یادوەرییەی «تاوانی یەکەم» لەناو جەستەی پارتی و بنەما جیاجیاکانی ناو کۆمەڵگای کوردستان و کەسەکانی کەم تازۆر نیشی خۆیان کردووە و دەکەن، بەجۆرێک کاتێک مام لەسەر کەلاوەی شۆڕشی باوک دەستیکردووە بەشۆڕش، هێڵێکی پانی سیاسی دروستکردوە کە هەموو کایە تازە و کۆنەکانی ناو کۆمەڵگای کوردەواری تیادا جێگابووەوە.

بەهاتنەوەی «جەستەی پیرۆزی» یان «خێزانی یەکەم» بۆ ناو پانتایی ململانێ سیاسییەکان، ساڵانێکی دوورودرێژی ململانێی ئەم دوو کایە «خێزانیە سیاسییە»، جەستەی کۆمەڵگای کوردستانی ماندووکرد؛ ئەویش شەڕی «براکوژی» ساڵانی سەرهەڵدانی خەباتی چەکداری نوێ بوو لە کوردستانی باشوور.

بۆیە لەخۆڕانییە، بەرامبەر بە مامی خاوەن دەسەڵات و ڕەوایەتی سیاسیخواز، دەبێت پارتی «زاراوەی خێزانی ئایدۆلۆژی» بۆ خۆی دروستبکات؛ ئەڵبەتە (کاکە) وەک براگەورە و میراتگری باوک، دەبێتە خەرمانەی پیرۆزی حیزبی باوک، بەجۆرێک ئەم دوو زاراوەیە، واتە (مام)و (کاک) لەناو عەقڵی سیاسیی کوردیدا ئامادەبوون کە کاریگەرییەکەی لە زاراوەگەلێکی وەکی «مافی چارەنووس» و «ڕزگاری نیشتمانی».. کەمتر نەبووە، گەر پترنەبوو بێت، بۆ پۆلگیرکردنی کەس و کۆمەڵە و گروپە جیاجیاکانی ناو کۆمەڵگا. ئەم دوو زاراوەیە هێندەی بەخشینی ڕێز و شکۆیەکی خێزانی و لەوێشەوە کۆمەڵایەتی دەگەیەنێت، ئەوەندەش دوو زاراوەی سیاسین و لە پشتیانەوە عەقڵیەتێکی سیاسیی دووکایە، دوو گروپ، دوو حیزب دەشێ بخوێنرێتەوە. ئەم دوو جەستە کۆمەڵایەتییە چەندە لە ڕووی ژینگەی کۆمەڵایەتیەوە کەم تازۆر لەیەکتر جیاوازبن، ئەوا هێندەش لە ڕووی بونیادی عەقڵییەوە یەکن و لە ڕووی ستراتیژی سیاسییەوە لێکچوون. لەبەر ئەوە جێگای سەرسوڕمان نییە هەریەک لەم دوو ڕێکخراوە جەستەی کۆمەڵگای کوردی بەخێزانی خۆی دەزانێت و ڕەوایەتیە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکەشی لێرەوە بەسەر دوو کایەی (کاکە) و (مامە) دابەشدەکات.

هەریەکێک لەو دوو گروپە گەرەکیەتی سیمای کۆمەڵگای کوردی لەسەر بناغەی نرخەکانی خۆی، جیهانبینی و ئەخلاقیەتی سیاسی و بونیادی خێڵی ـ حیزبی ـ سیاسی خۆی دابڕێژێتەوە، بەجۆرێک کە وامان لێدەکات بڵێین

هەریەکێکیان «خێڵی سیاسی»یە و لەناوخۆی، واتە هەر کەسێک، گروپێک، ناوچەیەک.. هتد ئەم ڕەوایەتییە ترادیسیۆنییەی ئەم ڕێکخراوە یان ئەوی تر ڕێزلێنەگرێت، باشتر وایە بڵێین قبوڵنەکات، ئەوا بەپێویست دەبێتە «ئەوی دی» یان لە کاتی قەیراندا «دوژمن» و سەر بەوەلائەتی خێزانەکەی تر یان خێڵەکەی تر. ئەم کردەیەش بەپێویست دەرەنجامێکی لۆژیکی بەرهەمدەهێنێت؛ ئەویش وەبەرهێنان (استثمار) و بەرخۆریکردنی (استهلاک) هەموو ئەو هێز و توانایەی لەبەردەستدایە، بۆ بەرفراوانکردنی پانتایی دەسەڵات و پیرۆزکردنی سیمبۆلەکانی و سڵنەکردنەوە لە لەدەستدانی هەموو «بەرژەوەندییەکی باڵای نەتەوایەتی»ش بۆ بەرژەوەندیی باڵای گروپی. ئەوسا ئەو هێز و توانا کۆمەڵایەتیانەی لێرەدا بۆ بەردەوامێتییەخشین بە کردە و ئامادەبوونی ستراتیژییان دەخرێتەکەڕ، هیچ مانایەکی فیکری نییە، بەڵکو ئامادەبوونی جەستەیەکە لەناو جەستەی گرویدا، پەلکێشانی هەموو کایە جیاجیاکانە بەجیاوازی بونیادە کۆمەڵایەتیەکان بۆ ناو جەستەی حیزب، بۆ ئەوەی وەکو گروپێکی ستراتیژی بمێنێتەوە کە ڕەوایەتی دەسەڵات بەتەنێ بۆ خۆی و لەناوخۆی کەڵەکەبکات و بیکات بەسەرمایە، ئەمەش لە هەردوو ئاستەکەیدا، چ ئابووری چ ڕەمزی. ئەمانەش لە کۆتاییدا دەخرێنە خزمەتی دەزگای بیرۆکراتی حیزب و دەزگای سەربازی حیزب، بەجۆرێک کە داهاتی حیزب لە داهاتی نەتەوە گەورەتردەبێت و بۆ خۆی دەبێت بە بەرهەمهێنەری چین و توێژی نوێ لەناو کۆمەڵگادا، یاخود شانسی هەندێ کەس و گروپ و توێژ لە پرۆسەی پێکهاتنی چیندا خێرادەکات.

## سەرچاوە ئابوورییەکان
## وەک کایەیەک بۆ بەردەوامێتی مانەوەی ستراتیژییانەی دەسەڵات

سەرچاوەی داهات (دخل) یەکێکە لە کۆڵەکە بنەڕەتییەکانی مانەوەی ستراتیژییانەی دەسەڵاتی گروپەکانی ناو کۆمەڵ. پاراستنی ئەو سەرچاوانە دابینکەری بەردەوامێتی دەسەڵاتە و گەورەکردنیشی هۆکارێکە بۆ کەوتنەوەی ململانێ لەگەڵ گروپەکانی دیدا. واتە کردەی پاراستن بۆ خۆی بەتەنیا نابێتە هۆیەک بۆ ململانێ؛ بەڵام گەر چەمکی پاراستن بۆ خۆی بوو بە چەمکی مۆنۆپۆڵکردن، ئەوا بەهەمان کردەی بەرفراوانکردن دەشێ ببێتە هۆیەک بۆ کەوتنەوەی ململانێی جەنگاوەرانە لە نێوان گروپەکاندا، بۆ پاراستنی دەسەڵاتی ستراتیژی نوێ یاخود کۆنییان.

هەر گروپێکی ستراتیژی توانی سەرچاوەکانی داهات بکاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە، ئەوە گومانی تێدانییە قورسایییە سیاسییەکەی لە دەسەڵاتێکی گەورەتردا سەرچاوە دەگرێت و ئەو کایەی دەسەڵاتەی لەو کەناڵە ئابوورییەکەوە وەچنگیدەخات، سامانێکی گەورەتر لە دەسەڵات و شوێنەوارێکی بەهێزتر لە ستراتیژێتی دەبەخشێ بە گروپی ناوبراو.

بەرژەوەندییە پەنهانەکان لە بەرفراوانکردنی داهاتی گروپێک بناغەی ئەو ململانێیەیە یاخود ئەو شەڕ و خەباتەیە لە نێوان گروپە جیاوازەکاندا بۆ گەورەکردنی پانتایی شانس بۆ قازانج و لەوێشەوە موڵکدارێتی دەبێتە پایەیەکی گرنگ لە ستراتیژی ئەو گروپانەی کردەی ستراتیژییان لەناو کۆمەڵدا هەیە. نەک بەتەنیا یاسا ئابوورییەکان شانسەکانی گروپە ستراتیژییەکان دیاریدەکەن، بەڵکو لەهەمان کاتیشدا دەسەڵات و بەکارهێنانی دەسەڵاتیش شانسەکانی ئەو گروپانە دەستنیشاندەکات. ئەمەش واتە بەش هەبوون و بەشداربوون لە قازانج و داهاتی ناوکۆیی کۆمەڵایەتی لە ڕێگای بەکارهێنانی دەسەڵاتەوە. ئا لەبەر ئەوەشە لەبەرژەوەندی هەر گروپێکی ستراتیژدایە سیستەمی سیاسی و ئابووریی خۆی دروستبکات، ئەمەش بۆ خۆی باشترین هەلی بەموڵکاندنی قازانج دروستدەکات.

هەر گروپێکی ستراتیژی کە توانی لەسەرەتاوە خۆی بنبەستبکات و ژمارەی ئەندامانی پتربکات و خۆشی لە ڕێگایانەوە قەبەدەسەلاتتربکات، ئەوا باشترین زەمینەی سیستەمێکی سیاسی دروستدەکات و نموونەی وەلائەت و مۆدیل و ستیلی سیاسی بەرجەستەدەکات؛ واتە کێ زووتر پانتایی دەسەڵاتی بۆ خۆی داگیرکرد، ئەوا ئەو کەسە، لایەنە، گروپە.. دەتوانێت گەورەترین داهاتی کۆمەڵایەتیش بۆخۆی دابینبکات. ئا لێرەدا ڕێکەوت نییە کاتێک لە

چاودێری بزووتنەوەی ئەم گروپانە هەموو گروپێکی ستراتیژی دەخاتە سەر ڕێگایەک کە مانای ڕەمزی و سیاسی ئەو دەپارێزێت؛ هەر یەکێک لە گروپە ستراتیژییەکان لە هەوڵی ئەوەدایە سەرخانێکی تایبەت، واتە لە چوارچێوەی ئەو مەرجە سیاسی و ئابوورییەی بەرژەوەندی و دەسەڵاتی دەپارێزێ، دروستبکات. بۆ ئەمەش پێویستی بە سەرچاوەی داهات و موڵکداریتی دەبێت.

(ئێڤەرز) لە دەستنیشانکردن و پۆلێنکردنی شێوەکانی موڵکداریتی لای گروپە ستارتیژییەکان، سێ فۆرمی جیاوازی شێوە موڵکداریتیمان دەخاتەبەردەست(٤٨): یەکەمیان بریتیە لە شێوی موڵکداریتی کەسێتی (Persönliche Aneignungsweise). دووەمیان بریتیە لە شێوەی موڵکداریتی دەستەیی (Korporative Aneignungsweise). سێیەمیشیان ناودەنێت بە شێوەی موڵکداریتی کۆیی(Kollektive Aneignu-ngsweise). ئەو وای دەبینێت کە هەریەکێک لەمجۆرە موڵکداریتیانە فۆرمێکی تایبەت لە داهاتی بەخۆی هەیە. یەکەمیان کرێی کاری سەربەستە یان خەڵاتکردن شێوەیە یاخود کرێ و ئیرادی کرێکانە. دووەمیان سوود و قازانجە. سێیەمیشیان گومرگە یاخود میرانە (رسومات). ئەو گروپانەی داهاتیان لە موڵکداریتی کەسێتیانەوە سەرچاوەدەگرێت، وەکو کاسبکاران و پارێزەران(محامی)... هتد، پتر بەرژەوەندییان لە سیستەمێکی سیاسیی سەقامگیردا بەرجەستەتردەبێت، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی بنبەستبوونی پتری موڵکداریتییە کەسایەتیەکەیان. بەڵام هەرچی پەیوەندی بە موڵکداریتی دەستەیی یان کۆمەڵییەوە هەیە، وەکو (سەرمایەداران، بازرگانان... هتد) ئەوا ئەم گروپانە هەوڵی بەردەوام دەدەن کە تۆڕی سامانیان و هاوپەیمانێتیەکانیان و گەشەسەندنی پرۆژە ئابوورییەکانیان بەرفراوانتر و بەهێزتربکەن.

بەرامبەر بەم دوو گروپە، گروپێکی ستراتیژی ترمان هەیە کە داهاتیان ڕاستەوخۆ بەموڵکداریتی کۆییەوە وەدەستدەهێتن، وەکو فەرمانبەرانی دەوڵەت و لەشکر. ئەم گروپانە هەمیشە لە قەبەکردنی بنەماکانیان لە ستراتیژیاندا بەرجەستەدەبێت و هەوڵی بەرفراوانبوونی ڕێکخراوەکانیان لە فۆرمی گەورەبوونی دەزگای دەوڵەتی و کشان و قەبەبوونی کۆنترۆڵی دەوڵەتیدا چڕدەبەستێت. ڕژێمە سەربازییەکان و حیزبی یەکپارتی باشترین سیستەمی سیاسیی گونجاون بۆ ئەوەی ئەم گروپە ستراتیژییانە بەرژەوەندیەکانیان بەشێوەیەکی ڕەها لەژێر دەسەڵاتی خۆیاندا بهێڵنەوە.

(ئێڤەرز) بە زیرەکانە پەنجە بۆ دژایەتیەک ڕادەکێشێ کە لەکاتی دروستکردنی دەوڵەت یاخود سیستەمێکی سیاسی و کارپێکردنیی دەسەڵاتی سیاسیدا دەردەکەوێت و لەم بارەدا پێویستی بە کردەیەکی کۆیی ڕێکخراوانە دەبێت. بەو جۆرە کردە کۆییەکان و لەوێشەوە دروستکردنی ڕێکخراو دەبێتە پێویستیەک، ئەگەرچی ئەو ئامانجەی دەخوازرێت پێبیگەیەنرێت، دروستکردنی چوارچێوەیەکی ئابووری یاخود سیستەمێکی سیاسی دەبێت کە بە شێمانەیەکی زۆر مەرجی زۆر گونجاو بۆ قەبەکردنی داهاتی کەسێتی یاخود شانسی موڵکداریتی کەسێتی دەرەخسێنێ.

جێگای هێمابۆکردنە لێرەدا بگوترێت، دەشێت هەموو سیستەمێکی سیاسی چۆنێتی موڵکداریتی و شێوەکانی بەپێی بەرژەوەندیی خۆی بشێلێ. واتە دەشێ بۆ نموونە حیزب بۆ خۆی ببێتە کایەیەک کە تیایدا جۆری جیاوازی موڵکداریتی دروستبکات و ئەندامەکانیشی ئەم شانسە سیاسیە بقۆزنەوە بۆ گۆڕینی یاخود چاکردنی شوێنەواری موڵکداریتیان و لەدەستدانی گروپگەلێکی تر، کە لەناو تۆڕی حیزبیدا ئێشناکەن، بۆ ئەو شێوە موڵکداریتییەی هەیانە. واتە ئێمە لێرەدا لە پرۆسەیەکی پێچەوانەین لەوەی ئابووری بزوێنەوەی سیاسەت بێت، کاتێک سیاسەت ـ حیزب دەبێتە کایەیەک بۆ دروستبوونی شێوەی موڵکداریتی و سیستەمێکی ئابووری کە لەگەڵ بەرژەوەندییە گروپییەکەیدا بگونجێت، ئەمەش دەشێت سەرەتای سەرهەڵدانی چین بێت لەئامێزی حیزب ـ دەوڵەتدا.

ڕاستە جۆری موڵکداریتی لە خەباتی چەکدارانەدا شتێکە و لەناو دامودەزگای دەوڵەتیدا شتێکی ترە. ئەم پرۆسەی گواستنەوەیە گۆڕانکارییەک لە کۆی بونیادی حیزب و سیستەمە ئابوورییە سیاسییەکەیدا دروستدەکات، کە بەجۆرێک لە ڕێگای قەبەبوونی لەشی حیزب لەناو دەزگا و زۆربوونی ئەندامەکانی و پەیڕەویکردنی سیاسەتی

ئابووری تایبەت بەبەرژەوەندیی ستراتیژیانەی گروپی خۆی، ڕستێک گۆڕانکاری لە جۆری موڵکدارێتیدا دروستدەکات.

لەسەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستییەی سەرێ و ئاڵۆزێتی بونیادی کۆمەڵگای کوردستان (بەتایبەت لەم قۆناغەدا کە پتر قۆناغی بەکۆمەڵگابوونە و گەڕانە بەدوای چەمکێکی نوێ لەتەماهێتی کۆمەڵانە) و ڕۆڵی حیزب وەکو گروپێکی ستراتیژی هەندێ دەرەنجامـمان دەکەوێتە بەردەست کە نەک تەنها بۆ ڕاڤەکردنی هۆکارەکانی شەڕ، باشتر وایە بڵێین پایەیەکی گرنگی گرگرتنی ملمڵانێکان، بەڵکو بۆ پرۆسەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری گروپە ستراتیژییەکانی کوردستان گەلێک گرنگن.

ئێمە لە سەرەتادا دەبێت ئەوە دەستنیشان کەین کە ڕێکخراوە سیاسییەکان وەکو گروپگەلێکی ستراتیژی لە کوردستاندا لە کردەی سیاسیدابوون و ئەمڕۆش ئەگەرچی هەندێکیان لە پرۆسەی پێکەوەلکان و هەڵوەشاندنەوە و لەناوچوون و توانەوەدان، بەڵام برێکی تر دروستبوون و هەموو پێکڕا بەردەوامن لە کردەی سیاسیی. بەشێوەیەکی گشتی ئەم پرۆسەیە پێش ڕاپەڕین و دەستگرتن بەسەر دامودەزگا دەوڵەتییەکاندا، لە دەرەوەی پانتایی دەسەڵاتی سیاسی ـ ئابووری عێراقدا کاریاندەکرد و ناوچە ڕزگارکراوەکانیش ڕوویەرێکی دەسەڵاتبوو کە تیایدا هەر ڕێکخراوێک سیستەمی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و یاسایی...هتد خۆی هەبوو، ئەمە بەلەبەر چاوگرتنی ئەوەی نزیکایەتیەکی زۆر لە ئاستی نرخەکان و یاساکاندا هەبوو. لەبەرئەوە لەم بارەدا دەکرێت باس لە گروپگەلێکی ستراتیژی بکەین کە تێکەڵێک لە شێوەی داهاتی هەبووە ، ئەمەش بۆ خۆی جۆری جیاوازی لە شێوەی موڵکدارێتی وەرگرتووە.

بەڵام لەبەر ڕۆشنای ئەو فەزا سیاسی و سەربازییەی هەیانبوو، لەکاتی شۆڕشی چەکداریدا ، داهاتی سەرەکی گومرگ بوو، ئەمەش لە شێوەی موڵکدارێتی کۆییدا بەرجەستەدەبوو، چونکە هەریەکێک لەو ڕێکخراوانە خاوەنی دەزگای بیرۆکراتی خۆی بوو و لەهەمان کاتیشدا خاوەنی دەزگای سەربازی خۆی بوو. ئەمانەش لە چەمکی یاسای حیزبیدا بەرجەستە دەبوو بۆ ئەو سیستەمە سیاسییەی لە ناوچە ڕزگارکراوەکاندا پیادەدەکرا.

ئەم شێوەی کەڵەکەکردن و کۆکردنەوەی داهاتە کاریگەریی ڕاستەوخۆی بۆ سەر هەندێ گروپی کۆمەڵایەتی ناو کۆمەڵگا هەبوو کە چ ڕاستەوخۆی لە ژێر کۆنترۆڵی ئەو ڕێکخراوانەدا بوون یاخود ناڕاستەوخۆ ئەمانەش لە گومرگ و باج و سەرانە و یارمەتی... چەندان جۆری کۆمەکی یاسایی یان حیزبی یان بەزۆری لەخۆدەگرت. سەرچاوەی داهاتەکان بێگومان بەتەنیا لە داهاتی تاک و گروپەکان کۆنەدەکرانەوە، بەڵکو ئاستی دەرەکیشی لەخۆدەگرت کە لێرەدا بواری باسکردنی نییە.

دەشێ ڕێکخراوێکی وەکی پ.ک.ک مەزنترین داهاتی هەبێت، چونکە ئەو گەورەترین بڕ لە داهاتی ساڵانەی ئەندامەکانی و لە جالییەی کوردی لە دەرەوەی وڵات بەشێوەی ویستی ئازادانە یاخود نائازادانەی بە جۆری دراوی قورس بۆ دەگەڕێتەوە. ئەمەش بۆ خۆی هێزێکی ئابووریی قەبەی بۆ دروستکردووە، بۆ ئەوەی کایەکانی دەسەڵاتی سیاسی و ڕاگەیاندن و سەربازییەکانی خۆی پێ سەقامگیربکات.

## سامانی نەتەوە یان سامانی دەسەڵات

لە کوردستانی باشوور تێبینی دوو پرۆسەی جیای شێوەی دەسەڵاتدارێتی بە سەر سامانـدا و لەوێشەوە موڵکدارێتی دەکەین، یەکێک پێش ڕاپەڕین و ئەوی تریشیان پاش ڕاپەڕینە. پێش ڕاپەڕین سەرچاوەی سەرەکی بریتیبوو لە گومرگی سەر سنوورەکان و باجوەرگرتن لە گروپە جیاکانی ناو کۆمەڵگا (قاچاخچی، بازرگان..هتد). لە قۆناغی یەکەمدا یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لە باشترین شوێنەواری سامانی کۆمەڵایەتیدا خۆیدەبینیەوە، چونکە دەسەڵاتی ئەو بە ڕاکشاوی زۆربەی خاڵە گرنگەکانی سەر سنووری ئێرانی لە ژێر کۆنترۆڵدابوو، ئەمەش گەورەترین شوێنەواری ستراتیژیی پێ بەخشیبوو. بەڵام پاش ڕاپەڕین سەرچاوە سەرەکییەکان دەکەونە سەر سنووری تورکیا، چونکە تاکە دەروازەی کوردستان و عێراق، کە بەڕێکەوت و بەشێوەیەکی تەقلیدی لەژێر کۆنترۆڵی

پارتی دیموکراتدایە، لەبەرئەوەی هەروەک ئاشکرایە ئەم شوێنە ناوچەی باڵادەستێتی (هیمنە) ئەم ڕێکخراوەیە.

هەر ئەم ململانێیە لەسەر سامان و دەسەڵات کە فشاری هەردوو دەوڵەتی ئێران و تورکیا بەسەر هەردوو ڕێکخراوی پارتی و یەکێتیدا لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوودا زۆر بەزەقی لەو دەسکەوتە سیاسییانەدا بەرجەستەدەبێت، هەردوو حیزبەکە لە سەردەمی جیادا، جاری وا هەیە پێکەوەو جاری واش هەیە لە کاتی ململانێیاندا بەجیا، پێشکەشی یەکێک یاخود بەجیا هەریەک لەو دوو دەوڵەتەی دەکەن؛ ئەمەش لەپێناو ساغکردنەوەی پانتایی دەسەڵاتی ستراتیژییان و باڵادەستییان بەسەر سەرچاوەکانی سامانندا. بۆیە هەموو نزیک بوونەوەیەک لە سنووری تورکیا بە مانای دورکەوتنەوە لە سنووری ئێران دەبینرێت. ئەمە لە ڕووی هاوکێشەی سیاسییەوە و هەموو ڕێگرتنێک لە بەش هەبوون لە داهاتی گومرگ کە سامانی سەرەکی لە کوردستانی ئەمڕۆدا پێکدەهێنێ (نەک بەتەنیا بۆ بەڕێوەبردنی دەزگا حکومیەکان، بەڵکو بۆ بودجەی سەربازی و ڕاگەیاندن و سیاسیی ڕێکخراوەکان بەتایبەتی) بۆ یەکێتی مانای نزیکبوونەوەی سیاسی دەگەیەنێت لەگەڵ ئێران و پارتیش لەگەڵ تورکیا.

گەر ئەم شێوەی موڵکدارێتی کۆیە نەتوانێت فۆرمێکی سیاسی بدۆزێتەوە بۆ دابەشکردنی سەرچاوەکانی داهات و قازانج، نەک لە نێوان گروپە ستراتیژییەکاندا بۆ ئەوەی لە نێوان خۆیاندا بەشیبکەن، بەڵکو بۆ بنیاتنانی ئابوورییەکی نەتەوەیی کە زۆربەی زۆری خەڵکانی کوردستان بەشیان هەبێت تێیدا، ئەوا فۆرمی تایبەت لە دەسەڵاتی سیاسی دەگرێتەخۆ و دیکتاتۆرێتی و دەسەڵاتی تاکحیزبێتی دەرەنجامی جیای دەبێت و لەبری ڕەوایەتیی سیاسی بۆ دەزگا، ڕەوایەتیی حیزبی کاردەکات و لەبری دەسەڵاتی یاسا، دەسەڵاتی حیزب نیشدەکات و لەبری ئابووریی نەتەوەیی، ئابووریی حیزبیمان دەبێت و لەبری نیشتمانی نەتەوەیی، نیشتمانی حیزبی خۆی دەکات بەئەڵتەرناتیڤ و لەبری یەک وەلائەتی سیاسی بۆ یەک حکومەت، چەندان وەلائەتی جیامان دەبێت و لەبری یەک سەرۆک، دوو سەرۆک پێکۆڵی دەسەڵاتی سیاسیی ڕەوایەتی دەکەن.

ڕێکەوت نییە گلەیی و ڕەخنەکانی هەردوو حیزب لە یەکتری بە هەندێ زاراوەی سیاسی و ئەخلاقی قانگدەدرێن، وەکو کودەتای سەربازی و دزانی سامانی نەتەوەیی و..هتد.

هەروەکو لە سەرەتادا پەنجەم بۆ ئەوە ڕاکێشا کە هەر گروپێکی ستراتیژی توانی سەرچاوەکانی داهات بخاتە ژێر کۆنترۆڵی تاکانەی خۆیەوە، ئەوا لە شوێنەوارێکی دەسەڵاتەوە دەدوێ کە گروپەکانی تر بێبایەخدەبن بۆی.

لەدوای ڕاپەڕین دیمەنی سیاسیی کوردستان لە ئەنارشیزمێکی سیاسی و ئابووریدا خۆی دەبینیەوە کە هەر ڕێکخراوە بۆ خۆی سیستمێکی سیاسی - ئابووری - یاسایی خۆی هەبوو (ڕاستە هاوپەیمانیەکی سیاسی هەبوو، بەڵام ئەم هاوپەیمانێتییە لەسەر ئاستی ئابووری و یاسایی و کۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵگا ئامادەنەبوو، هێندەی وەک دەسەڵاتێکی ناوکۆی سیاسی - پێشمەرگەیی ئامادەبوو)، ئەمەش وای لە زۆرکەس کردبوو بڵێت کوردستان لانەی دیموکراسییە. بۆ ئەوەی باس لە سیاسەتی نەتەوەیی و ئابووریی نەتەوەیی و بەرژەوەندیی نەتەوەیی بکەین، دەبێت دەزگای حکومی لەبەردەستدابێت، ئەمەش ناتوانێت زەبری مۆنۆپۆڵی دەزگایی خۆی پیادەبکات، گەر ڕەوایەتی سیاسی لەلایەن جەماوەرەوە پێنەبەخشرابێت. بۆ ئەم بارە سیاسییەش ئەڵبەتە لەشێکی سیاسی دەبێت ئامادەبێت کە دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و داوەریی هەبێت و لە ڕووی سیاسییەوە ڕەوایەتی هەبێت. ئەوسا لە شێوەی پەرلەماندابێت یا حکومەتی ئیئتیلافی یان کاتی یاخود هەر فۆرمێکی تری دەسەڵاتدارێتی سیاسی، دەبێت بەرجەستەبێت. ئەمانە هەمووی کەم تا زۆر هەنگاوی بۆنراو برێکی زۆریان هاتنەپێکهاتن، بەڵام ئەوەی لەسەرووی هەموو شتێکەوە ئەم دەزگایانە پێویستیان پێیەتی، وەکو چۆن پەرلەمان زادی دیموکراسییە، ئاواش ڕەوایەتی زەمانەتی سیاسی بۆ ئەو جەستە سیاسییە دەبێت کە پەرلەمان یاخود حکومەتی لێ ناودەنرێت.

ئامادەنەبوونی هیچ ڕێکخراوێک بۆ دەستبەرداربوونی شوێنەواری ستراتیژیی گروپی خۆی، بەپێویست لێسەندنەوەی ڕەوایەتی سیاسی - دەزگایی حکومی دەگەیەنێت. چونکە دەزگای حکومی لە دوو باردا دەتوانێت کاربکات؛ یاخود ئەوەتانێ ڕێکەوتنی هاوبەش لە بەرژەوەندی هەیە کە گروپە ستراتیژییەکان دەخاتە ناو هاوپەیمانێتیی سیاسییەوە (ئەوسا هۆکارەکانی هەرچیەک بێت)، یان ئەوەتانێ لە ژێر دەسەڵاتدارێتی تاکحیزبێتیدا

ـ تاكانە ـ دەتوانێت كاربكات، ئەویش بەتێكەڵكردنی لەشی كۆمەڵگە و دەزگا حكومییەكان بەیەكتر و داگیركردنی هەموو فەزایەكی شارستانی لەلایەن دەزگاكانەوە.

بەڵام لە تاقیكردنەوەی كوردستاندا ئێمە ڕووبەڕووی دیاردەیەكی سەرنجراكێش دەبین، كە كەم تازۆر خۆی لە تاقیكردنەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریی نیشتمانی لە جیهانی سێ، كاتێك كە دەسەڵات دەگرێتە دەست، جیادەكاتەوە. ئەویش ئەوەیە: ئێمە لە جیاتی دروستبوونی ئەم جەستە سیاسییەی دەزگای دەوڵەتی نێودەنرێت، لاشەیەكی سیاسیمان لەبەردەستدایە كە هیچ ڕەوایەتییەكی سیاسی لەلایەن ڕێكخراوە كوردییەكان خۆیانەوە پێنەدرا، چونكە بەرژەوەندی ستراتیژیی گروپییان دەكەوتە ترسناكییەوە و لەبەرئەوە گەڕانەوەیەكی میكانیزمانەی هێمن (كەپاشان دەبێت بەدوژمنانە) بۆ سیستەمی ئابووریی مولكداریتی كۆیی ـ حیزبی پێش ڕاپەڕین، واتە هەر ڕێكخراوەی سیستەمی ئابووری ـ سیاسی ـ یاسایی خۆی لە ناوچەكەی ژێر كۆنترۆڵی خۆیدا پیادەبكات، بەدیدەكرێ. دەشێ ئەمە یەكێك بێت لە گرنگترین ئەو خاڵانەی بووە هۆی دەرەنجامی تێكشكاندنی كۆیێتی دەسەلاتی سیاسییان لە ڕووی ڕەوایەتییەوە.

لەدەستدانی ڕەوایەتیی سیاسی ـ پەرلەمانی ـ دەرەنجامی ترسناكی هەیە بۆ ڕەوایەتیی سیاسیی گروپ. ڕێكخراوە كوردییەكان دەبێت ڕووبەڕووی كێشەی ڕەوایەتیی بوونی خۆیان ببنەوە، لەكاتێكدا پرۆژەی سیاسی ـ نەتەوەییان لە كوردستاندا كرد بە پرۆژەیی سیاسی ـ حیزبی. ئەو پرسیارەی لێرەدا ڕووبەڕوومان دەبێتەوە ئەوەیە، بۆچی ئەم گروپە ستراتیژانە نەیانتوانی لەناو كۆییەكی سیاسیدا (اجماع سیاسی) سیستەمێكی سیاسی دروستبكەن كە كەم تازۆر توانای ئیشكردن هەبێت؟

بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە، حەزدەكەم هەندێك لاپەڕەی میكانیزمی ڕابردووی ئەم گروپانە هەڵبدەمەوە لە دوای ڕاپەڕین. ئەگەرچی هۆشمەندم بەوەی هۆكارە دەرەكییەكان، ئەوسا عێراقی بێت یاخود ناوچەیی یان نێودەوڵەتی، جڵەوی زۆر بڕیاری سیاسیان بەدەستەوەبوو و كاریگەریی ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆیان بۆ سەر پرۆسەی پێشكەوتی سیاسی و كۆمەڵایەتی لە كوردستاندا هەبوو، بەڵام بابگەڕێینەوە بۆ ناو هۆكارە ناوەكییەكان..

پرۆسەی یەكەم كە گروپە ستراتیژییەكان لە كوردستاندا خستیانەوە بریتیبوو لە دروستكردنی بنكەی جەماوەری خۆیان پاش دابڕانێكی زۆر لە جەماوەر. لەم پرۆسەیەشدا قەبەكردنی لەشی حیزب و زۆركردنی ژمارەی ئەندامان لە نێوەندی ستراتیژی ئەم گروپانەدا چەقدەبەستێ. ئەم پرۆسەیەش بۆ خۆی، لە كۆمەڵگایەكی وەكو كوردستاندا كە هێشتا خێڵ و عەشیرەت مەڵبەندی دەسەلاتن، ناكرێ بەتەنیا لەسەر ئاستی پۆلگیركردنی تاك بەرجەستەبێت، بەڵكو بە پێویست پەلدەكێشێ بۆ ناو بنەما گەورەكانی ناو كۆمەڵگای كوردی كە ئەوانیش پتر وەكو گروپی شێوەستراتیژی كاردەكەن. نموونەی ئەو هەموو كۆڕ و كۆبوونەوە سیاسی و ڕۆشنبیری و حیزبی و سەربازییانەی لە دوای ڕاپەڕین پیادەكران، دەشێ سەلمێنەری ئەم دیدەبێت و ترۆپكی ئەم خۆپیشاندانانە لە خستنەڕووی (عرض) سەربازیی حیزبیدا ڕەنگیدایەوە كە ڕێكخراوە گەورەكان پێیهەڵدەستان. لێرەوە ڕۆدەچینە ناو پرۆسەیەكی ترسناكتر و لۆژیكییانەی بزاوتی گروپە ستراتیژییەكانەوە، ئەویش لە پرۆسەی پاش ساڵانێكی زۆر لە دیاریكردنی كایە و پانتاییەكانی سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئەخلاقی گروپە ستراتیژییەكان لە كوردستان، كە ململانێی دوژمنانەیان بەرەو هەندێ كوالیسیۆنی سیاسی برد، بەڵام لەپاش ڕاپەڕین و پرۆسەی یەكەم، كە گروپە ستراتیژییەكان لەخۆیانگرتبوو، ڕۆدەچنە ناو پۆلگیركردنی دەسەلاتی گروپی. ئەم پرۆسەیەش دەكرێت بە پرۆسەی لەیەكدان و تواندنەوەی هەندێ گروپ لەناو ئەوی تردا ناوببرێن و یەككرتن دەبێتە ستراتیژی گروپە ستراتیژییە گەورەكان لەگەڵ هی بچووكەكاندا.

ئەم پرۆسەیە لە دوای ڕاپەڕین زۆر بە خێرایی و حەماسی لەكوردستاندا دەكەوێتە بەرچاو، تەنانەت ترۆپكی ئەم پرۆسەیە لە هەندێ ڕای ڕاگوزارانە و هەندێ جار جیدی یەككرتنی هەردوو حیزبی گەورەی كوردستانە، واتە یەكێتی و پارتی... بەڵام بەگشتی چاودێری ئەوە دەكرا كە ئەم پرۆسەی پۆلگیریتی و یەككرتنی گروپییە بوو بەكایەیەك هەردوو ڕێكخراوی زلهێزی كورد ململانێی گەورەیان لەسەر دەكرد و دروشم بوو بەوەی كێ زۆرترین

گرووپی بچووک و مامناوەندی لەناو بونیادی خۆیدا دەتوێنێتەوە و زۆرترین پانتایی دەسەڵات داگیردەکات و گەورەترین سامانی کۆمەڵایەتی - سیاسی کۆدەکاتەوە و بەرفراوانترین و چڕترین کۆنترۆڵ پیادەدەکات. ئەم پرۆسەیەش لە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی نوێ، دەشێ سەرەتای خستنەوەی دروستبوونی چین ببەخشێ لە کوردستان. لە دووتوێی ئەم ململانێیەدا کە کەم تازۆر لە سەرەتادا بەشێوەیەکی ئاشتیانە پیادەکراو، بەڵام قانگدرا و بەدوژمنایەتیەکی گرووپی لەسەر دەسەڵات و ڕەوایەتی و سامان.

لەم پرۆسەیەدا کە ئەڵبەتە هێندە پێچاوپێچ وئاڵۆزە ناکرێ هەروا بە ساکاری هێڵێکی ڕاستی بۆ بکێشین، دەبینین بۆ نموونە هەندێ گرووپی خۆیان تواندبووەوە کە دەیانبینی لە بەرژەوەندی گرووپیاندانییە بەو جۆرە بژین و لەوانەیە بە بریندارکردنی هەیبەتی هەندێ لە سەرۆک و لێپرسراوانیان بکەوێتەوە، ئەوا دەرچوون و خۆدووبارەجیاکردنەوە تاکە دەروازەیەک دەبێت بۆ ئەوەی جارێکی تر وەکو گرووپێکی ستراتیژی لە کۆمەڵگادا کاربکەن. زۆرجار ئەم ململانێ و شانشانۆکێیە پابەندە بەهەندێ کێشەی کەسێتی و خێزانی ناو ئەو گرووپانەوە کە لەوانەیە هۆکارەکانی بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شەڕی چەکداری.

ئەمەش وادەکات کە ئەم گرووپە یاخییوانە پرنسیپی قبوڵکردنی سەرکردایەتی گرووپی ستراتیژی، کە پێشوتر بڕیاری یەکگرتنیان لەگەڵ دابوو، بریندارbیکەن و گرووپی ستراتیژیی گەورە هەڵسێت بە «تەمێکردنیان» هەروەکو لە ئەدەبیاتی سیاسیی کوردیدا بەشێوەیەکی باوکسالارانە بەکاردەهێنرێت. ئەم «تەمێکردن»انەش بۆ خۆی ململانێیە لەسەر دەسەڵات و سامان و ڕەوایەتی و بە جۆرێکی جەنگاوەرانە دەکەوێتەوە، کاتێک هەردوولا نەگەنە چارەسەرێکی پەسەندکراو. لێرەدا دەشێ (حسک) و پارتی وەکو نموونەی زەقی ئەم پرۆسەی دووەم و سێیەمە لەقەڵەمبدرێت. بەمانایەکی تر هەموو یەکگرتنێک گەورەترکردنی شێوەی موڵکدارێتی کۆییە بۆ حیزب و هەموو جیابوونەوەیەکیش لاوازکردن و کەمکردنەوەیەتی.. ئەڵبەتە لێرەدا گرووپی ستراتیژیی ڕەقیب، کە بەرێکەوت ئەم ململانێ جەنگاوەرانە لە ناوچەی دەسەڵاتیدا دروستدەبێت، ناکرێت بێدەنگبێت و هەوڵدەدات هەیبەتی سیاسی و ڕەوایەتیی گرووپی خۆی بە ڕۆڵی براگەورەیی بپارێزێت.. کە ئەمەش بێبەری نییە لە شکاندنی هەیبەتی گرووپی گەورەی بەرامبەر و پاراستنی گرووپی بچووک. ڕاستە ئەمە لە کولتووری کۆچەرییانەی کوردی و ئەخلاقیەتی عەشایەریش وەک ترادیسۆن دەدۆزرێتەوە، بەڵام من وای بۆ دەچم لەم چرکەساتەدا لەگەڵ دامودەزگای عەقڵانی وەک حیزب کارمان هەیە و ستراتیژی ململانێ و تاکتیکی سەربازی ڕۆڵی گەورە دەبینن. واتە لێرەدا پاراستنی لاواز پەیوەندی بەلاوازکردنی بەهێزەوە هەیە.

ئەڵبەتە هەروەکو گوتمان بەتەنیا پرۆسەی لێکدان و جووتبوون و یەکگرتن تاکە پرۆسە نییە گرووپە ستراتیژییەکان لەکایەی پتەوکردنی دەسەڵاتدا پیادەیبکەن، بەڵکو سەرهەڵدان و قەبەبوونی هەندێ گرووپی تازەی تر، کە لەپڕێکدا قەبەدەبن و ژمارەی ئەندامانیان زیاددەکات و قورسایی سیاسی و ئایدۆلۆژییان گەورەتردەبێت، بەتایبەت لەکاتێکدا گرووپەکانی تر سەرقاڵی ململانێی ساغکردنەوەی دەسەڵاتن لەناو خۆیاندا . ئەم گرووپە نوێیانەی شوێنەوارێکی ستراتیژی وەردەگرن (هۆکارەکانی هەرچییەک بێت.. ناوەکی یان دەرەکی) دەشێ ببنە پانتاییەکی تری ململانێ لەنێوان گرووپە ستراتیژییە کۆنەکان و نوێکاندا ـ ئالێرەدا شایانی باسە نموونەی بزووتنەوەی ئیسلامی و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بهێنینەوە، کە لێرەدا پارتی پاشان ڕۆڵی براگەورەیی تێدا دەگێڕێت.

بەگشتی ئێمە بەرامبەر بە پرۆسەیەک دەبینەوە کە دوو ڕێکخراوی گەورە ململانێکانیان لە ڕێگای ڕێکخراوە بچووکەکانەوە بۆ یەکتری دەگوێزنەوە و رووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆیی تا ئەوکاتەی ترسناکی بۆ لێدانی شوێنەواری ستراتیژیی یەکتر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ نەبێت، نابێت بە بەشێک لە ستراتیژییان. بە ساغکردنەوەی دەسەڵات و هەیبەتی گرووپی لە ناوچەکانی خۆیان، لە ڕێگای ململانێی چەکداری لەگەڵ گرووپە بچووکەکاندا ، کە بۆخۆی ساغکردنەوەی سنووری دەسەڵات و سەقامگیربوونی دەسەڵاتی گرووپی لەناوچەیەکی دیاریکراودا دەگرێتەوە، پرۆسەی ململانێی ڕاستەوخۆ لە نێوان هەردوو ڕێکخراوی زلهێزی ستراتیژیدا دەستپێدەکات.

لێرەدا ناکرێت تەنیا هۆیەک بۆ هەڵگیرساندنی شەڕ بکرێت بەپێوەر و هۆکار، بەڵام لە هەمان کاتیشدا هەموو هۆیەک، بچووک یا گەورە، دەشێ ببێتە داگیرساندنی فتیلەی جەنگ لە نێوانیاندا. پرسیارەکە پرسیاری کات و هۆکارە کە چۆن بتوانرێت ڕەوایەتی بۆ بدۆزرێتەوە. پاشان لەپاڵ ئەم هۆکارانەدا ئێمە ڕستێ هۆکاری ترمان هەیە کە ناکرێت هەمووی بترنجێنینە ناو دیراسەیەکی هێندە بچووکەوە (لەوانە قەبەکردنی دەزگای حیزبی، دروستکردنی دەزگای سەربازیی تایبەتی، لەوێشەوە دروستکردنی یەکەی سەربازیی جیاوازی تایبەت بە حیزب و دروستکردنی دەیان ڕێکخراوی پیشەیی و ناپیشەیی، مۆنۆپۆلکردنی دامودەزگای ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەرێتی هەر ڕێکخراوە بۆ خۆی، پەیوەندی سیاسیی دەرەکی هەر ڕێکخراوە بۆ خۆی، دروستکردنی ڕێکخراوی ئاوەدانکردنەوەی تایبەت بەخۆیان کە هێندەی پەیوەندیان بەئاوەدانکردنەوەی حیزبەوە هەبوو پەیوەندیان بە ئاوەدانکردنەوەی کوردستانەوە نەبوو... هتد).

کەواتە لێرەدا دەگەینە دەرەنجامێک کە بنبەستە و هەموو ململانێیەک دەشێ هۆکاری جەنگی بخستایەتەوە، گەر ململانێی نێوان جوتیار و ئاغاکانی ناوچەی پشدەر یان هەر شوێنێکی دی فتیلی یەکەم بوویێت، هەڵخەڵەتاندنێکی سۆسیۆلۆژییە بۆ ئەوەی جەنگەکە بە جەنگی نێوان هاوپەیمانانی جوتیار و هاوپەیمانانی ئاغاکان لەقەڵەمبدەین. چونکە هەروەکو ڕوونە هێندەی ئاغا و دەرەبەگ لەناو یەکێتیی نیشتمانی کوردستاندا هەیە و دەسەڵاتیان کاردەکات، ئەوەندەش لە ڕووی چۆنایەتییەوە لەناو پارتیشدا ئامادەن. ململانێی هەردوو گرووپی ستراتیژی پتر لە دۆزینەوەی هاوپەیمانێتی ئەم گرووپانەدا بەرجەستەدەبێت. نموونەی ئەوەی زۆربەی زۆری موستەشار و سەرۆک چاش و عەشیرەتەکان، کە تاوەکو دوێنێ لێپرسراوی گەلێک تاوان بوون بەرامبەر بە جوتیاری کورد و جەماوەری کوردستان، لەپاش ڕاپەڕین بوونە بەشێک لە پرۆسەی پۆلگرتنی (استقطابی) حیزبی و ئەوانەی لە ناوچەی یەکێتیدا بوون بوون بە پارتی و ئەوانەی لەناوچەی پارتی دابوون بوون بە یەکێتی. ئەڵبەتە لێرەدا حیزب بەبێ چەندوچوون ئەم گرووپانەی لەخۆگرت و لاشەی خۆی لەڕووی ڕەوایەتی و سەربازی و موڵکدارێتییەوە پێ بەهێزدەکرد.

جەنگ، جەنگی سامان و دەسەڵات و ڕەوایەتییە لە نێوان پانتاییەکی تەسک لە سامان و دەسەڵاتدا، جەنگ پانتاییەکی باڵادەستی و شکۆی ڕەمزی نێوان دوو حیزبی «میتۆلۆژی»یە کە هەر یەکەیان میتۆلۆژیای ڕەمزی خۆی هەیە بۆ مێژوو و کۆمەڵ و دەسەڵات و... هتد. ئەو کایانەی ئەم دوو «بوونەوەرە کۆمەڵایەتییە ڕەمزییە» ئیشی تێدا و پێدەکەن و خۆیانی تیادا و پێ دووبارە بەرهەمدەهێننەوە، بریتین لە گرووپە شێوەستراتیژی و ستراتیژییەکانی ناو کۆمەڵ و دەزگا قەبە بیرۆکراتی و سەربازییەکانی خۆیان؛ خێڵ، عەشیرەت، وەلائەتی ناوچەیی، خێزان... هتد لەلایەک و پێشمەرگە لەلایەکی تر. کایەی یەکەم وەکی بزووێنەری عەقڵی سیاسیی کوردی و کایەی دووەمیش وەکی خود (ذات)ی ئەو بابەتە (موضوع). لەبەرئەوە نابێتە جێگای سەرسوڕمان گەر بڵێین، حیزبی خێڵ ئامێز کە خێڵی سیاسی و هاوپەیمانێتییەکانی دەگرێتەوە، هیچ کاتێک ناتوانێت ببێتە پرۆژەی دروستکردنی هیچ پەیمانێکی کۆمەڵایەتی، بەڵکو لەبری دروستکردنی پەیمانی کۆمەڵایەتی، پەیمانی گرووپی (حیزبی گەورە بۆ بچووک و بەهێز لەگەڵ بێهێز) و پەیمانی عەشیرەت و پەیمانی ناوچەگەرێتی و پاشان دروستکردنی شێوەی نوێ لە کاریزمای سیاسی و سەرۆک و خەرمانەی موبارەکێتی سەرۆک و گرووپ بەرهەمدەهێنێ.

لێرەدا جێی خۆیەتی ڕۆبچینە ناو خاڵبەندییەکی تری بابەتەکەمان کە بۆچی ئەمجۆرە مۆبیلکردنە ناتوانێت پرۆسەی بەکۆمەڵگاکردن بخاتەوە و نەتەوە وەکو کولتوورێکی سیاسی و ناوکۆییەکی سیاسی ـ کولتووری کۆیی دروستبکات.

## پرۆبلەماتیکی دەسەڵاتدارێتی و کولتووری ناکەنیزیێتی
## لە گووتاری سیاسی ـ نەتەوایەتی کورددا

هەر لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە سیاسیی کوردی دەبێت بە بەشێک لە گووتاری سیاسیی دەوڵەتە

ناسیۆناڵەکان. بەمانایەکی تر، دژایەتیکردنی کۆلۆنیالیزم لە ـ روحێکی ئایینی ـ تێریتۆریالی تازەوە، کە کورد بۆ خۆی پەراوێزێکی نوێبوو تیایدا، وەکو پرۆسەیەک لە کردەی سیاسیدا کەوتەکار. ئەم قۆناغە دەکرێت بەقۆناغی گووتاری نیشتمانی ـ تیریتۆریالی ناوببەین کە هەر پارچەیەک لە پارچەکانی کوردستان بۆ خۆی پرۆژەی بەرگری و فۆرمی سەربەخۆیی خۆی هەبوو.

بنبەستبوونی ئەم گووتارە و کامڵبوونی دەشێ لەکۆماری کوردستان (مهاباد)دا بەزەقی دەربکەوێت، کە تیایدا ناوکۆییەکی سیاسی ـ تریتۆریالی کوردی دروستبوو و پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران تێدا پرۆژەیەکی سیاسیی تێریتۆریالی لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێراندا پێشنیارکرد کە پاشان لە بەشەکەی عێراقیشدا ڕەنگیدایەوە و لە دواییدا باڵێکیشا بەسەر بەشەکانی تریشدا. ڕاستە پرۆژەیەک نەبووە بە ناوی پرۆژەی نەتەوەیەتی کوردەوە، بەڵام دەکرێت بگوترێت کورد چەندان شێوە پرۆژەی هەبوو کە لەناو ئەم کایەدا کاریاندەکرد و خۆیان وەک پرۆژەیەکی نەتەوایەتی کوردی پێشنیاردەکرد.

بۆیە دەبینین لە سەرەتای ئەم سەدەیەوە تاوەکو ئەمڕۆ کورد، هەروەکو چۆن لە دابەشبوونی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا هەلی ئەوەی بۆ ڕەخسا دەوڵەتی تیریتۆریالی خۆی دروستبکات، بەڵام بەهۆی نەبوونی ناوکۆییەکی سیاسییەوە کە بتوانێت ئەو ناوکۆییە کولتوورییە لە کردەی سیاسیدا بەرجەستەبکات، کورد نەیتوانی بە شێوەیەکی چالاک بەشداری ئەم گۆڕانکاریانەبێت . واتە هەموو ڕاچڵەکینێکی بونیادی دوای ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، شێوەی نوێ لە گووتاری کوردی دروستکردووە. جەنگی جیهانی یەکەم، جەنگی جیهانی دووەم، جەنگی کەنداوی یەکەم، جەنگی کەنداوی دووەم.

گەر بازێکی گەورەبدەین و باس لەبابەتە سەرەکییەکەمان بکەین، لە ڕاپەڕینی ١٩٩١دا و پاشان دامەزراندنی پەرلەمانی کوردی و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، بە ئاشکرا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەم پێکهاتە پرۆژەی سیاسی ـ نەتەوەیی بزوتنەوەی چەکداریی کورد نەبوو، هێندەی دروستبوونی کەلێنێکی سیاسی و دەسەڵاتدارێتی بوو کە دۆخی دوای جەنگی کەنداوی دووەم خستییەوە. سەرکردە کوردەکان زۆر بەڕاشکاوی باسی ئەوەیان دەکرد کە پێکهێنانی حکومەتی کوردستان پەیوەندی بە چۆڵێتی دەسەڵاتی نێوەندەوە هەبوو، واتە ناچاربوون بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی دەسەڵات کە بەعس پاش خۆکشانەوەی لە دامودەزگاکان دروستیکرد.

ئەمە ڕەهەندێکی ترسناکی تەمومژاوی گووتاری سیاسیی کوردییە کە گووتارێکی «نەتەوەیی ـ نیشتمانی»یە، بەڵام لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی ناسیۆنالدا کاردەکات و لەوێشەوە بەپێویست دەبێت بە گووتارێکی تێریتۆریالی، چونکە خۆی بە بەشێک لەو گووتارە سیاسییەی دەوڵەتی ناسیۆنال دەبینێتەوە.

گەر ئێمە دروشمە سیاسییەکانی حیزبە کوردییەکان ڕیزبکەین بۆ ئەوەی بۆمان دەربکەوێت ئایا جیاوازییەکانیان چییە، واتە گووتاری سیاسییان دەڵێت چی؟ ئەوا چەندان جۆری ئۆتۆنۆمی و چەندان جۆری مافی چارەنووس و چەندان فۆرمی دەسەڵاتی نوێنەرایەتی (تمثیلی)مان دەکەوێتە بەردەست. ئەم گووتارە سیاسییە تەنیا یەک شتمان پێدەڵێت؛ ئێمە هیچ ناوکۆییەکی سیاسیمان نیە، بۆئەوەی بتوانین ئەمڕۆ باس لە پراکتیکی چۆنێتی دەسەڵاتەکەی بکەین. من بەشێکی تێکشکاندنی فۆرمی پارلەمانتاریزم لە پراکتیکی دەسەڵاتدا دەگەڕێنمەوە بۆ هۆکاری سەرنەکەوتنی حیزبە کوردییەکان لە پێکهێنانی ناوکۆییەکی سیاسیدا، بۆ ئەوەی بتوانن پراکتیزەی دەسەڵات بکەن کە خۆیان دروستکەری ئەم دەسەڵاتەن، بەڵکو لەم کایەی دەسەڵاتەوە(کە پەرلەمانە) ڕەوایەتیان لەلایەن گەلەوە پێدەبەخشرێت. بێدەسەڵاتکردنی پەرلەمان و کاریکاتۆرێتی بڕیارەکانی، تەنها دەتوانین لە نامادەنەبوونی حیزبە کوردییەکاندا (بەتایبەت دوو زلهێزەکەی ناو کۆمەڵگای کوردستان) ببینینەوە، لەوەی بستێ لە دەسەڵاتی سیاسی خۆیان بخەنە ژێر دەسەڵاتی پەرلەمان و زەبری مۆنۆپۆلی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کە لە دامودەزگاکانیدا بەرجەستەدەبێت.

گریمان دروستکردنی پەرلەمان و ئەو «پەلەکردنە دیموکراسییە» بۆ پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان نیشانەیەک بووبێت بۆ بەخشینی وێنەیەکی ڕەمزی بەدەرەوە، بەوەی گوایە کورد وویستێکی کۆیی سیاسیی خۆی

هەیە و ئەمڕۆ لەم فۆرمەدا بەرجەستەیدەکات، بەڵام ئامادەنەبوونی ڕۆژئاوا بەوەی کە دان بەرەوایەتیی سیاسیی ئەم شێوە دەسەڵاتە لە کوردستاندا بنێت، مانای ئەوەنییە ئێمە هەموو هۆکارەکانی هەڵوەشاندنەوەی ئەم «تاقیکردنەوە دیموکراسییە» بگەڕێنینەوە بۆ دەرەوە.

داگیرکردنی فەزای کۆمەڵگای شارستانی، کە ڕاپەڕین خولقاندی، لەلایەن حیزبەوە، دەکرێت بەیەکێک لە گەورەترین پاشەکشێکان لە دەسکەوتەکانی ڕاپەڕین لەقەڵەمبدرێت. ئەو فەزا شارستانییەش کە ڕاپەڕین خولقاندنی، بۆ خۆی مانای ئەوە نەبوو ئیتر ئێمە لەناو بونیادێکی دیموکراسیدا دەژین، هێندەی مانای ئەوەبوو هێشتا دەسەڵات لەناو ئەو کۆمەڵگا تازەیەدا دابەشنەببوو.

باسکردن لەوەی دیموکراسیەت فۆرمی دەسەڵات بوو، دەشێ گێلێتییەکی گەورەبێت، گەر ئێمە کایەکانی دەسەڵاتی حیزب لەبەرچاونەگرین. حیزب لەو سەردەمەدا هێشتا لە مۆبیلکردنی خۆیدابوو، بۆئەوەی کۆمەڵگا داگیربکات. لە کاتێکدا حیزب بەرامبەر بە کەلاوەیەکی کۆمەلایەتی «پۆست بەعسیزم» (مابعد البعثیة) ڕاوەستابوو، دەبایە یەکەم کردەی بریتیبێت لە تێکشکاندنی دامودەزگاکانی بەعسیزم و دروستکردنی دامودەزگای شارستانی و ئەمەش بە بەشداربوونی ڕاستەوخۆی زۆربەی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان لەو پرۆسەیەدا.

لە قۆناغی سەرەتادا ئەدەکرا باس لە کۆمەڵگایەکی شێلگیری بکرێت کە وێنەی تایبەت بە خۆیان هەبێت، بەڵکو پتر کۆمەڵێک بنەمای جیاجیا هەبوون کە لە پرۆسەی بەکۆمەڵگابووندا (vergesellschaftung) خۆیدەبینییەوە. پرۆسەی بەکۆمەڵگابوون بە کردەی مۆبیلکردنی کۆمەڵ دەستپێدەکات، واتە مۆبیلکردنی کۆمەڵگا دەگرێتەوە لە ئاستە ناوێزەکان کە بەعسیزم لە دەیان ساڵی پراکتیکی سیاسی بەرهەمیهێنابوو و دەرەنجامەکانی لە ژیانی هەموو ئەندامێکی کۆمەڵگای کوردستاندا ڕەنگیداوەتەوە. ڕاستە ئەمە کارێکی هێندە ئاسان نییە لە ڕووی پراکتیکەوە، بەڵام گەر کۆمەڵگا لەلایەن سیاسەتەوە ئەم چارەنووسەی بۆ دروستکرابێت، ئەوا چارەنووسی سیاسەتیشە چارەی گونجاو بۆ ئەم چارەنووسە بدۆزێتەوە.

حیزب بوو بە بەڵێندەرێکی (مقاول) سیاسی و هەستا بە دروستکردنەوەی کوردستان، دروستکردنی چەندان ڕێکخراوی ئاوەدانکردنەوە لەژێر چەندان ناوی سەیر و جیادا، بوون بەبازنەی پەیوەندی لەگەڵ دەرەوەدا (ئەوسا چ ڕێکخراوە NGO کان بێت یاخود نیمچە دەوڵەمەندەکان) کە ڕۆڵی هێنانی دراوی فورسیان بۆ کوردستان دەگێڕا، لە پاشاندا دەبینین چۆن ئەم ڕێکخراوانە بۆ خۆیان بوون بە دامودەزگای سەربەخۆ و قەبە کە ڕاستەوخۆ لەژێر ستراتیژی حیزبدا کاریاندەکرد. وەکو بەڵێندەرێکی حیزبی هەڵسان بەهەڵسورانی پرۆژەی قەبە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجراکێشانە ئەم پرۆژانە، بەگشتی چ لەڕووی بیناسازی یاخود کەرەسەکانی بیناکردن یان شێوەی بەکۆیکردنی خەڵک و فۆرمی جێبەجێکردنەوە، پتر ئۆردوگاکانی زۆرەملێی بەعسیان وەبیردەخستینەوە، بە جیاوازییەکی زۆر بچووک لە نێوانیاندا؛ ئەمجارەیان لەبری ناوێکی عەرەبی یاخود ئاشیرینی کوردی ناوی گوندەکان وەکو خۆی دەمایەوە، بەڵام بەئیمزای گەورەی ڕێکخراوی هەڵسوڕێنەر و یارمەتیدەر. لێرەدا من نامەوێت باسی ستراتیژی ئەم ڕێکخراوانە بکەم، بەڵکو تەنیا مەبەستمە لە بەرهەمەکانی حیزبەکە چۆن لە ڕێگایەوە کۆمەڵگای مۆبیلدەکرد و وەلائەتی جیاجیای ناوچەیی و خێڵەکی و خێزانی و کەسی دروستدەکرد. ئەم ڕێکخراوانەش بۆ خۆیان، چ بەحوکمی پەیوەندیی ناوچەگەرێتی یان خزمایەتی یان برادەرایەتی لە سەرو هەمووشییەوە وەلائەتی حیزبێتی، بەپێویست پرۆژەکانیان تەنیا لەو ناوچانەدا پیادەدەکرد کە پەیوەندارێتی (انتماء) تاکەکان بەخۆیانەوە بەندبکەن و وەلائەتی تازە دروستبکەن و دابەشبوونێکی کاری شاقوولیانەی بەرهەمهێنا. بەمجۆرە هەر ڕێکخراوە لێپرسراوی ناوچەکەی و عەشیرەتەکەی و خێزانەکەی خۆی بوو، یەکێتیی سلێمانی و هەولێر و ناوچەی گەرمیان، پارتی دهۆک و زاخۆ، یان بەمانایەکی تر یەکێتی «سۆران» و پارتی «بادینان».

گەر ئەمە دیاردەیەکی زەقی بەرهەمی حیزب بێت لە مۆبیلکردنی جەماوەر بۆ خۆی، ئەوا بەپێویست نیشانەیەکی زەقی دابەشکردنی خەڵکی کوردستانیشە بەپێی پەیوەندارێتی حیزبی (عەشیرەت و خێزان و ناوچە و کەس). واتە ئەو ناوکۆییە کولتوورییەی کورد هەیبوو گۆڕێترا بۆ ناوکۆییەکی حیزبی و ئەو ناوکۆییە سیاسیەی پێش ڕاپەڕین

لەژێر زەبری فشاری بەعسدا پێکهێنرا ، تێکشکێنرا و بووبە وەلائەتی تاکەکەس و گروپ و عەشیرەت و خێزان... هتد بۆ حیزب لەبری وەلائەت بۆ دامودەزگاکانی حکومەتی هەڵبژێردراو.

حیزب هەڵبژاردنی رێکخست بۆ ئەوەی خۆی رێکبخات و بالادەستێتی (هەیمەنە) سیاسیی خۆی ساغبکاتەوە و سنووریشی بۆ دابنێت؛ واتە هەڵبژاردن ئازادانە بوو تا ئەو کاتەی حیزب هەڵبژێردرا، پاشان ئازادی لە تاک سەندرایەوە و درایە دەست حیزب. ئەم بارەش دەشێ گەورەترین و ترسناکترین دیاردەی لەناو کۆمەڵگای کوردی دوای راپەریندا خستبێتەوە؛ ئەویش هێنانەوەی پرۆژەی تاکحیزبێتی و گوتاری تاکحیزبێتی و دەسەلاتی تاکحیزبێتییە، بە جۆرێک کە ئەو کولتووره سیاسییەی لە گرۆکرندابوو و رێژی چەندایەتی - جۆرایەتی دید و رێکخراوی دەگرت، بوو بە دوژمنی خۆی و تۆتالیتارێتی حیزب کۆمەڵگای بە بنەما ئایدۆلۆژییەکانی بەعسیزم دووبارە گۆشکرد و دەسەلاتدارێتی تاکحیزبێتی جارێکی تر بوو بە تاکە چارەسەرێکی کارپێکردنی دەسەلات و جارێکی تر بووەوە بە ئەڵتەرناتیڤ (بدیل) بۆ فۆرمەکانی تری پراکتیکی دەسەلات.

بۆچی دەبێت حیزبی کوردی، کە خۆی دژەبەرهەمی کولتووری تاکحیزبییە، لە پرۆسەی کارپێکردنی دەسەلاتدا، خۆی ببێتەوە بە هەڵگری ئەو کولتووره سیاسییە؟

بۆ وەلامدانەوەی ئەم پرسیارە ئێمە پێویستمان بە گەڕانەوەیەک هەیە، ئەگەرچی خێرابێت بۆ کولتووری سیاسیی کوردی و میکانیزمەکانی سیاسەت لەناو گایە جیاجیاکانی کۆمەڵگای کورددا .

ئامانجی هەموو ناوکۆییەک، کولتووری بێت یان سیاسی، بریتییە لە جێبەجێکردنی ناوکۆییەکی نەتەوایەتی. ناوکۆیی نەتەوایەتیش، واتە بەشداربوون لە دەسەلاتدا، کە دەکرێت لە رێگای بەشداربوونی کولتووری یان سیاسییەوە پێکبێت(٤٩).

لێرەوە دەبینین هەرچەند کۆمەڵگایەک لە پرۆسەی بە کۆمەڵبوونیدا شێلگیرێتییەکی ناوەکی دروستبکات، هێندە لە بڕوای دیینی دووردەکەوێتەوە، بۆئەوەی ببێتە ناوکۆییەکی کولتووری. بەمانایەکی تر، میکانیزمی بەشداربوون لە دەسەلاتدا دابڕان و بێبەریکردنی تاک و گروپە جیاجیاکان ناهێڵێت و چیدی حەماسی یەکەی کولتووری سەدیمی نابێتە بزوێنەر و دروستکەری ناوکۆیی کولتووری - سیاسیی کۆمەڵگایەک، بەڵکو دیاردەی فرەیی (تعدد) قبوڵکردنی جیاوازی جێبەدەگرێتەوە.

ئامادەنەبوونی گروپەکان بۆ قبوڵکردنی یەکدی و پرنسیپی جیاوازی، رەگەزی ئایینی هەیە دەخوازێت ناوکۆیی کولتووری لەگەڵ دەسەلاتی سیاسی هاوتابکات کە جەوهەری دەوڵەتی ئاینییە، بەلام بوونی جیاوازی و فرەیی بەپێویست دەبێت دەسەلاتگەلێکی دامودەزگایی بەرهەمبهێنێت کەبتوانێت ئەم کایە جیاجیانەی دەسەلات ببەستێتەوە بە دەستوورەوە. واتە گەر لە دینی ئیسلامدا شەریعەت دەسەلاتی سیاسی داوەربێت، واتە داوەرییکات لە نێوان بڕوا (عقیدە) و رێبازە جیاجیاکاندا، ئەوا لە دەوڵەتی ناسیۆنالدا پەرلەمان و دەزگا دەوڵەتییەکانە بەدەستووره عەقلانییەکانیانەوە.

لە کوردستاندا ناوکۆییەکی کولتووریمان هەیە، بەلام جەوهەرەکەی سەرچاوە لە دوو شتەوە هەڵدەگرێت: یەکەمیان جەوهەرێکی ئاینیی هەیە و دووەمیشیان ئەوەیە کە پێکهاتەیەکی بەرژەوەندیی هاوبەش دروستبووە لەسەر ئاستی سایکۆلۆژی، بەتایبەت تیرۆر بەرهەمەکەیەتی؛ واتە لە دووتوێی زەبروزەنگی دەوڵەتی ناسیۆنالەوە ناوکۆییەکی سایکۆلۆژی پێکهاتووە کە لە گوتاری بەرگریدا خۆی بەرجەستەدەکات. ئەوەش کە دەربڕی ئەم گووتارەیە، حیزبە.

گەر بگەڕێینەوە سەر پرسیارەکەمان و بزانین بۆچی حیزبە کوردییەکان، ئەگەرچی لەناو یەک ناوکۆیی کولتووریدا کاردەکەن، بەلام ناتوانن ناوکۆییەکی سیاسی بدۆزنەوە، ئەوا یەک وەلاممان لەبەردەستدایە: پرۆژەی ناوکۆیی سیاسی لەیەک کاتدا دەتوانێت رەوایەتی (شرعیة) بۆ خۆی و دەسەلاتی سیاسییەکەی بدۆزێتەوە؛ ئەویش کاتێک پرۆژە سیاسییەکەی بریتیبێت لە جێبەجێکردنی (تحقیق) خودی (ذات) خۆی.

بەلام پرۆژەی سیاسیی کوردی تاوەکو ئەمڕۆ بەشێکی پرۆژەی دیموکراسی دەوڵەتە ناسیۆنالەکەیەتی، واتە

بەشداربوونی دەسەڵات نەک بنیاتنانی (تأسیس) دەسەڵات ئیشکالیەتی ململانێی نێوان حیزب و دەوڵەت بووە.

ئامادەبوونی حیزبە کوردییەکان لە قۆناغە جیاجیاکانی قەیرانیاندا بۆ دابەزین لە هەموو پەیمانێکی ستراتیژی ناوکۆیی سیاسی لەگەڵ حیزبەکانی تر شتێکی ناوێزەنییە و گونجاوە، چونکە گەر هەر حیزبێک بتوانێت ئەو دەسەڵاتە بەتەنیا بۆ خۆی دابڕێت و لە دەوڵەتدا شوێنەوارێکی (موقعیة) دەسەڵاتی پێببەخشرێت، واتە بەتەنیا لەگەڵیدا دابەشیبکات و لەوێشەوە بتوانێت رووبەڕووی ململانێکەرەکەی ببێتەوە، ئەوا ئەرکەکەی لەسەر سووکدەبێتەوە، نموونەی گفتوگۆی بە دزی و ڕاستەوخۆی ڕێکخراوە کوردییەکان بەتاک و بەکۆ دەشێ لە پراکتیکی سیاسیی کوردیدا مێژووی هەبێت.

ئەم گیرۆدەییەی پرۆژەی سیاسی ـ نەتەوەیی کوردییە لە نێوان نەتەوەییبوون لەلایەک و تێریتۆریالیبوونی لەلایەکی ترەوە، واتە خەباتی ڕزگاریی نیشتمانی لەلایەک و خەباتی دیموکراسی بۆ ئەو وولاتانەی تێدا دەژین لەلایەکی ترەوە، گەورەترین ئیشکالیەتە کە سیاسەتی پاش جەنگی جیهانی لە عەقلیەتی سیاسیی کورددا بەرهەمیهێنابێت. لە کۆتاییدا دەمەوێ بڵێم: گەر ئەم گووتارە سیاسییەی کورد لە ئێستادا بەمجۆرە قەیراناوییە بمێنێتەوە کە تێیدادەژی، ئەوا خۆی ناتوانێت ببێتە ئەڵتەرناتیڤێک بۆ خۆی، چونکە دەوڵەتی پۆست کۆلۆنیالی عێراقی، وەک ئیمپراتۆریەتێکی پێش کۆلۆنیالی لێهاتووە، کە جارێکی دی بە دوای ڕەوایەتی خۆیدا دەگەڕێت و دەوڵەتانی دی فرمێسکی تیمساحی بۆ دەڕێژن و باس لە ترسی دابەشبوونی دەکەن.

ترسناکی ئەمڕۆ لە کوردستاندا بەتەنیا ڕێزنەگرتنی مرۆڤ و بریندارکردنی مافی مرۆڤ و کوشتنی مرۆڤ نییە بە ناوی بەرژەوەندی حیزبییەوە، بەڵکو ئێمە پتر لەبەردەم پرۆسەیەکی ترسناکتردایین لە ئاستی مێژوویدا کە نەک سەرنەکەوتنی (اخفاق) سیاسەتە لە دۆزینەوەی ناوکۆییەکی نەتەوەییدا، بەڵکو لەتبوونی شاقوڵیانەی کوردستانە لە نێوان حیزبدا و ترسناکی داگیرکردنی حیزبە بۆ کۆمەڵگا و دروستبوونی «نەتەوەی حیزبی»یە وەکو فۆرمێکی «سوڵتانییەتی سیاسی» و تێکشکاندنی هەموو پەیمانێکی کۆمەڵایەتی.

**فرانکفۆرت بەهاری ١٩٩٦**

## سەرچاوەکان

١ـ تیۆرییەکانی ناسیۆنالیزم، سەردەمی سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە، بە جیاوازی سێ سەدە بۆ یەکتری دەگەڕێتەوە. لای (kohn)ـ کۆن، ساڵی ١٦٤٢ و لای ئاکتن ساڵی ١٧٧٢، واتە ساڵی دابەشکردنی پۆڵۆنیا وەلەلای بڕێکی زۆری مێژوونوسان ساڵی ١٧٨٩ بەسەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم دادەنرێت، ئەو ساڵەی کە شۆڕشی فەرەنسی تێیدا هەڵگیرسا. (بڕوانە فالح جبار. القومیة: مرض العصر ام خلاصە؟ لاپەرە ٩٤ چاپی یەکەم، ساڵی ١٩٩٥.

٢ـ اریک هوبز باوم: النزعة القومیة اواخر القرن العشرین. هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەرە ٥٠.

٣ـ تەنها ڤێتنام نەبێت کە توانی یەکەیەکی سیاسی ـ نەتەوەیی لە بۆماوەی کۆلۆنیالیزم دروستبکات و بەشێوەیەکی سەرکەوتوانە پارێزگارییبکات.

4.Ernest Gellner: Nationaalismus and Moderne, Berlin 1991.p.: 89.

٥ـ هـ.س.پ.

٦ـ هـ.س.پ.

7.Friedrich, Heckmnn: Ethnos, Demos und Nation, oder Woher Stmmt die Intoleranz des Nationalismus.

Uli, Bielelf:Das Eigene und das Fremde, Hamburg 1992.p.: 79-51.

٨ـ ب.هـ.س.پ. لاپەرە ٥٤.

٩ـ ب.هـ.س.پ. پێناسێکی (Beil,D)یە کە ھێگمان لە کتێبەکەیەوە بەناوی (Ethnicity and social change) وەریگرتووە.

١٠ـ ب.هـ.س.پ. ل. ٥٤.

١١- ب.هـ.س.پ.ل، ٥٤. وابزانم لەم پێناسەیە Bell دا بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێت کە بۆ کوردی کوردستانی تورکیا، ئەم هۆکارانە چەندە گرنگییەکی تایبەتیان هەیە بۆ دروستکردنی تەماهی پێکەوەیی.

١٢- ب.هـ.س.پ.ل، ٥١.

١٤- زاراوەی (Ehnizität) ئێتنیتی، لەپاش دەرچوونی کتێبەکەی Glotzerو Monynihan کە لە ساڵی ١٩٧٥دا بڵاوکراوەتەوە، جێی خۆی لە زانستی سیۆلۆژی و ئەنترۆپۆلۆژی و سیاسییەکاندا پتەوکرد.

Glazer, N. and Moynihan, D,P. Etnicity, theory and Experience, Cambridge, Mass. 1975

١٥- پێناسێکی (Berry, B)یە کە لە لێکۆڵینەوەکەی هێکمان سووردی لێوەرگیراوە. لاپەڕە ٥٤.

١٦- پێناسێکی (Rose, P.I.)یە ب.هـ.س.پ.

١٧- ب.هـ.س.پ.ل،٥٦.

١٨- ب.هـ.س.پ.ل،٥٧.

19-Anderson, B, Die Erfindungb der Nation. Zur Karriere eines fotgeereichen Konzepts, Frankfurt/M- New York. 1988.

٢٠- ن.هـ.س. ژمارە ٧، لاپەڕە ٥٨.

21- Hannah, Arendt: Elemente und Ursprunge totale, Harrschaft, 1996, p.:426.

هان ئارێنت دەڵێت: بەبێ جیاوازی، گەلانی بێدەوڵەت کە چۆن بەرهەمێکی لاپالی خودی ڕووداوە سیاسییەکان بوون، ئاواش کەمە نەتەوایەتیەکان بەرهەمی هەردوو پەیمانی ئاشتی (١٩١٩ و ١٩٢٠)ن کە مافی چارەی خۆنووسین و پرنسیپی سەربەخۆیی نیشتمانی (نەتەوەیی) بەسەر هەموو گەلەکانی وڵاتانی دەرەوەی ئەوروپادا دابوو.

٢٢- ب.هـ.س ژمارە٧، لاپەڕە ٥٩.

٢٣- ب.هـ.س.پ.ل، ٥٩.

٢٤- ب.هـ.س.پ.ل، ٥٩.

٢٥- دەشێت یەکێک لە هۆکارەکانی دابەشکردنی (بەشێوەیەکی گشتی) لاشەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە سەقامگیربوونی ڕێکخستنی تیریتۆریالیتی - سیاسیدا خۆی ببینێتەوە؛ پرنسیپی سیاسی ڕێکخستنی ولایەتەکان نموونەی بەرجەستەبوویەتی. لە خۆڕاش نییە کە کێشەی موسڵ (سەرباری لەبەرچاوگرتنی تایبەتێتی ئابووریی خۆی) لە ڕووی سیاسییەوە لە سەرەتادا کێشەیەک بوو لە نێوان تورکیای کەمالی و ئینگلیزەکان، چونکە ئەم ویلایەتە هێشتا لەلایەن سەربازەکانی ئینگلیزەوە داگیرنەکرابوو، کاتێک کە جەنگ کۆتاییپێهات، تا پاشان لە پرۆسەیەکی سیاسی زۆر ئاڵۆزدا (پێشکەش) بە دەوڵەتی کۆلۆنیالی عێراق کرا.

26- Deutsch, K. W.: Nationalbildung- Nationalstaat- Intergration, Düssldorf,1972.

٢٧- بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی ئەم چەمکە، بڕوانە لێکۆڵینەوەکەی جۆرج طرابلشی: الدوولة القطرية و النظرية القومية، بيروت، دار الطيعة، الطبعه الاولى ١٩٨٢.

٢٨- بڕوانە لێکۆڵینەوەکەی فریدریش هێکمان. هـ.س. ژمارە ٧

٢٩- بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەم دوو کۆنسێپتە لەڕووی زمانەوانیەوە، مەبەستمە چەند تێبینیەک ڕوونبکەمەوە.

ووشەی دیمۆ (Demo) بە مانای (گەل) دێت لە زمانی تریشدا، هەر ئەمەشە سەرچاوەی هەموو ئەو زاراوانەی کە بۆ دیمۆ (Demo) دەستپێدەکات، بۆ نموونە (Demokratie)و دیموکراسی یان دیموکراتی کە بەمانای دەسەڵاتی گەل دێتەوە. هەر بۆیەشە وەرگێڕانی کۆنسێپتی دیمۆیی بە مانای (گەل) دێتەوە.

زاراوەی (Unität) زاراوەیەکی لاتینیەو بەمانای یەکگرتوو یان یەکێتی دێتەوە. لەوێشەوە زاراوەگەلێکی زۆر دروستکراون، وەک (United Nation) کەبەمانای (نەتەوە یەکگرتووەکان)، چونکی کەم تازۆر پابەندی بابەتەکەمانە، هەروەک زاراوەکە چۆن خۆی دەنوێنێت، دەبینین تیایدا جیاوازییەک لەنێوان دەوڵەت - نەتەوە نابینرێتەوە، هەر ئەمەشە وای کردووە کەڕەخنەیەکی زۆر ڕووبەڕووی (نەتەوە یەکگرتووەکان) ببێتەوە، چونکی لەڕاستیدا بۆ ڕەخنەگران دەبوایە ناوی (دەوڵەتە یەکگرتووەکان)بێت، لەبەرئەوەی گەلێکی زۆری ئەم

جیهانە لەماڤی بڕیاردان و بەشداربوون و تەنانەت لەگوێگرتن لەگفتوگۆ سیاسییەکان سەبارەت بەچارەنووسی سیاسەتی نەتوەنەوەیی بێبەرین.

٢٩ـ ب.هـ.س. ژمارە ٧، لاپەرە ٦٧ـ٦٨.   ٣٠ـ ب.هـ.س.پ.ل٦٦.

٣١ـ بڕوانە جۆرج طرابلشی هـ.س.پ.ل ٧.

٣٢ـ ب.هـ.س.پ.ل، ٧٠.

٣٣ـ ب.هـ.س.پ.ل، ٧٠.

٣٤ـ ب.هـ.س.پ.ل، ٧٠.

٣٥ـ ب.هـ.س. ژمارە ٤ لاپەرە ١.

٣٦ـ ڕستەیەکی (د. شنایەر)ە کە هێکمان لە لێکۆڵینەوەکەی بەکاریهێناوە. لاپەرە ٧٢.

٣٧ـ هـ.س.پ.ل، ٧٣.

38- Etiene, Balibar: Die Nation- Form: Geschichte und ideologie. "Etiene, Balibar, Immanual Wallerstein: Rasse klass nation, Ambivalente identitäten. Hamburg; Berlin 1992.

39- Ernest Gellner: Nationalismus und Moderne.

هەمان سەرچاوەی پێشوو.

40- Immanual Wallersteini: Die Konstrktion von völkern: Rassismus, Nationalism, Ethniziatät p.:87.

هەمان سەرچاوەی ژمارە ٣٨.

41- E.J.Hobsbawn: Nations and Nationalism since, 1978, Cambridge 1990.

42- Ferhad, Ibrahim: Zwischen Stammestraditio und nationalismus. Die Demokratische partei kurdistan im Irak und ihr legendärer Führer Mustafa Barzani. "Bahman Nirumand: Die Kurdische Tragödie. Hamburg, 1991. p.:82".

٤٣ـ بڕوانە عبدالله العروی: مفهوم الحریة. بیروت الطبعة الرابعة ١٩٨٨ لاپەرە ١٩.

44- Tilman Schiel: Ehnie, Stamm, Nation - was ist Fiktion, was ist Realität?

لەگۆڤاری Perpherie لاپەرە ١٦٢.

٤٥ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

46- Reinhart, Kössler/ Tilman Schiel: Modernisierung; Ethnizität und Nationalstaat.

من لەکۆی ڕاڤەکردنی ڕەهەندەکانی ئێتنێتی سوودی گەورەم لەم لێکۆڵینەوەیە وەرگرتووە. (کویسلەر) و (شیل)، ئێتنێتیان دابەشکردووە بەسەر سێ ڕەهەندەوە: ڕەهەندی ئاسۆیی و شاقوڵی و قوڵایی. بۆیە بەپێویستم نەزانی هەمیشە بگەڕێمەوە سەر دەستنیشانکردنی ئەم سەرچاوەیە.

47-Evers/ tilman Schiel: Startegiche Gruppen. vergleichende studien zn staat, Burokratie und klassenbildung in der Dritten welt. Berlin: Reimer, 1988.

بەهەمان شێوە لەم لێکۆڵینەوە گرنگەی (ئیڤەرز) و (شیل) بۆ ڕاڤەکردنی گرووپە ستراتیژییەکان سوودی گەورەم بینیوە، چونکە ئاکە سەرچاوەیەکە کە وەکو کۆنسێپتێکی نوێ توانیومە بۆ شیکردنەوەی ڕۆڵی گرووپەکانی ناو کۆمەڵگای کوردستان بەکاریبهێنم. مەبەستمە لێرەدا هێما بۆ ئەوە بکەم کە ئەوان ئەم کۆنسێپتەیان لە کۆمەڵگاکانی خواروی ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا گەشەپێدا و بەکاریانهێناوە بۆ ڕاڤەکردنی ئەو کۆمەڵگایانە. ئەو زاراوانەی دی کە بەکارهێنراون، زاراوەی ئەوان نین، بەڵکو هەڵهێنجانێنی ڕاڤەکردنی لێکۆڵینەکەمە

٤٨ـ ب.هـ.س.پ. بەشی دووەم لاپەرە٤٣.

٤٩ـ بڕوانە، برهان غلیون: المسألة الطائفیة ومشکلة الاقلیات. دار الطلیعة: بیروت ١٩٧٩.

__تێبینی__: بەشێکی ئەم بابەت کە تایبەتە بە گرووپە ستراتیژییەکان لە چوارچێوەی هەفتەیەکی ڕۆشنبیریدا لە شاری سلێمانی لە ساڵی ١٩٩٣دا پێشکەشکراوە.

# پۆست مۆدێرنیزم

## «چەند پرسیارێک دەربارەی ئێستەی مۆدێرنتی/ پۆست مۆدێرنتی»(١)

## فاروق ڕەفیق

ئەفلاتوون لە دایەلۆگی کۆمار «Republic»(٢)دا سوود لە ئەنالۆژی ئەشکەوت وەردەگرێ بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێ لایەنی فەلسەفەکەی. منیش لێرەدا سوود لە هەمان ئەنالۆژی وەردەگرم بۆ وێنەکێشانی ئەو ڕاچەنینە فیزیکی و دەروونی و کولتوورییەی مرۆڤی کورد «ژمارەیەکی کەم» لەبەردەم دنیادا دوای هاتنەدەرەوەی لەو ئەشکەوتەی چەند هەزار ساڵێکە تێیدا زیندانە، ئەشکەوتی بوونە کوردی.

لە دایەلۆگی کۆماردا «کتێبی VII» ئەفلاتوون داوامان لێدەکات کۆمەڵێ خەڵک بهێنینە بەرچاومان کە هەر لە منداڵییەوە لە ئەشکەوتێکدا و ڕووبەڕووی دیواری ئەشکەوت بەدەست و پێی زنجیرکراوەوە زیندانیکراون، بەشێوەیەک کە ناتوانن جووڵەبکەن. لە پشتیانەوە ئاگرێک دەگڕێ، لەنێوان ئەوان و ئاگرەکەدا ڕێگایەک تێدەپەڕێ، بەو ڕێگایەدا خەڵکێکی زۆر و ئاژەڵگەلێک هەمیشە تێدەپەڕن، کەسانی زنجیرکراو تەنیا سێبەری ئەو کەسانە و ئاژەڵ و شتەکان لەگەڵ سێبەری یەکتر لەسەر دیواری ئەشکەوتەکە دەبینن. ئەوان تەنیا سێبەری شتەکان دەبینن و خەیاڵپلاو (وەم) بەڕاستی تێدەگەن.

چی ڕوودەدا گەر یەکێک لەو زیندانیانە ئازادبکرێ؟ گەر یەکێک لەوانە زنجیر بشکێنێ و ڕووەرگێڕێ بەرەو ئاگر و ڕاستی شتەکان ببینێت؟. لەیەکەم چرکەدا هەست بەئازارێکی سەخت دەکا کە بەرەنجامی بینینی تیشکی ئاگر و ئەو واقیعەیە کە لە باری پێشوودا وەک سێبەر دەیدین. بینینی ڕێگاکە و ئەو ڕێبوارانەی ماتەریاڵی جۆراوجۆریان لەگەڵ خۆ هەڵگرتووە، ڕووناکی، هەر هەموو دەبنە مایەی ڕاچەنینێکی گەورە بۆ زیندانی ئازادکراو. ئەفلاتوون لەم ئەنالۆژییەدا مەبەستێکی زۆری هەیە، یەکێک لەو مەبەستانە ئەوەیە کە دەیەوێت بڵێ جیهانی نێو ئەشکەوتەکە جیهانێکی ساختەیە و کۆپی جیهانە ڕاستیەکەیە کەوا لە دەرەوەی ئەشکەوتەکەدایە (دیارە من مەبەستم نییە قسە لەسەر فەلسەفەی ئەفلاتوون بکەم).

مرۆڤی کوردیش، کەسی کورد، لە ئەشکەوتێکدا زیندانیکراوە کە «بوونی خۆیەتی، کوردبوونیەتی»، لەو ئەشکەوتەدا تەنیا سێبەری شتەکان دەبینێ، سێبەری ڕێبوارەکان بە خۆیان و شمەکەکانیانەوە، بە خۆیان و کتێبەکانیانەوە، ئایدۆلۆژیاکانیانەوە، سێبەری جیهان دەبینێ، سێبەری جیهان، سێبەری کتێبەکان لەسەر دیواری ئەشکەوتەکە دەبینێ، لە جیاتی ئایدیاکان خەیاڵپلاو و لە جیاتی فەلسەفە و زانست قەناعەتێکی نەگۆڕ و لە جیاتی گەرموگوڕیی دنیا سێبەر و ساردوسڕیی ئەشکەوت و لە جیاتی ڕیسکەکانی بوون و ڕیسکەکانی دنیا، ڕازی بوون بە زنجیری نێو ئەشکەوت. لەنێو ئەشکەوتدا «کە کەینونەی ئێمەیە» لە بوون، لە ژیان سڵدەکەینەوە، ڕقمان لە جیهان ولەخودی بوونە. سەرمەشقی ئەو خەیاڵە دەبینێ کە بەلاماندا گوزەردەکا و ڕازیماندەکا کە هەموو شت بەچاکی دەڕوابەڕێوە و ئارامیە و دڵەڕاوکێ بکوژە، پرسیار و گومان لەخۆتا بمرێنە. ئەوانەشمان «ئەو ژمارە کەمە» کە بەشێوەیەک لە شێوەکان لەو ئەشکەوتە و ئەو زنجیرە خۆمان ڕزگارکردوە، ئازاری ڕاچەنینێکی گەورە، ئازاری

بینینی ڕووناکی، ئازاری بینینی شتەکان، ئازاری گەرمی دنیا، ئازاری ڕیسکەکانی بوون دەمانهەژێنێ و گینگڵدەخۆین. کتوپڕ خۆمان لە جیهاندا دیوە، جیهانێکی ئاڵۆز بەڵام پیر، ئێمەیەک کە تەنیا وێردی سەر زمانمان ئەخلاق بوو خۆمان لە دنیایەکدا دییەوە کە باس لە کۆتاییهاتنی ئەخلاق دەکا، کۆتاییهاتنی کەلچەر و هونەر، جیهان داوای ڕیسکمان لێ دەکا ئێمەش بەڵەدنین ڕیسکیکەین، بوون داوای سەمامان لێدەکا و ئێمەش سەما بەڵەدنین. ئەوەتا لە شەقامەکانی دنیادا سەرگەردان دەخولێینەوە و لەبەر خۆمانەوە ئەم گۆرانیە دەڵێین:

**ئاە لەجوانی و بەدی دنیا**

**ئاە لەخەوی درێژخایەنی نێو ئەشکەوت(٣)**

خۆمان لە جیهانێکدا دییەوە لێوڕێژ لە جیهانبینی، ئێمە لە ئەشکەوتەکەماندا تەنیا سێبەری جیهانبینیەکانمان دیو و خوێندەوە، سێبەری مارکسیزمان بینی، چەند سێبەرێکی قورس و دزێو. ئێستا من لە دەرەوەی ئەشکەوتم و دەمەوێ قسە لەسەر دنیابکەم، دەمەوێ دەست و پەنجە لەگەڵ فەلسەفە نەرمبکەم، بەڵام پرسیاری گەورە و پڕ ئەشکەنجە لەبەردەممدا ئەوەیە کە لەکوێوە دەستپێبکەم؟

تراژیدیای نووسەری جیدی کورد لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بوونی ئەوە لەبەردەم بۆشاییەکی (ڤاکیومێکی) گەورەدا کە بریتیە لەو شتەی پێیدەڵێن نووسینی کوردی، نووسینی کوردی بیابانێکی بەرەهوتە تاچاوبڕکا بۆشاییە (ڤاکیومە)، بۆشایی فیکر، فەلسەفە، زانست و ڕەخنە... هتد. جگە لەیەک دوو هەوڵی جیدی ئەوەی هەیە تاراوگەیە (سراب). نووسەری جیدی لە بوارەکانی فیکردا لەهەر شتێک بدوێ، دایەلۆگێ پیادەبکا، ڕووبەڕووی ئەو ڕاستییە تاڵە دەبێتەوە کە لەو بوارەدا هیچ پێشینەیەک نییە و باسەکەی ئەو خاڵی دەستپێکردنە. ئەمەش جگە لەوەی گورزی خۆی لە باسەکە دەوەشێنێ، پڕۆسەی نووسینیش سەختدەکا. هەربۆیەشە نووسەری جیدی کورد لەبەردەم دلیمایەکی (مأزق) گەورەدا خۆی دەبینێتەوە، دلیمای خاڵی دەستپێکردن و دوان لە پڕۆژەی فیکر.

من لێرەدا ڕووبەڕووی دلیمایەک دەبمەوە، سەر ووتارێکم هەیە، ناونیشانێکم هەیە، پۆست مۆدێرنیزم، کە گەرەکمە قسەی لەسەر بکەم، بەڵام قسەکردن لەسەر پۆست مۆدێرنتی بێ تێگەیشتن لە پڕۆژەی مۆدێرنتی مەحاڵە. پڕۆژەی مۆدێرنتی گەورەترین و چڕترین پڕۆژەی عەقڵی خۆرئاوایە کە هەموو لایەنەکانی ژیانی گرتەوە، هەر لە زانستەوە تا جلوبەرگ. بۆ قسەکردن لەسەر پڕۆژەی مۆدێرنتی پێویستە قسە لەسەر فیکر بکەین لە قۆناغەکانی پێش مۆدێرنەتیدا، پێویستە ئایدیالترین ژیوار (حضارة) لەیادنەکەین کە ژیواری گریکە «یۆنان». لەقسەکردنماندا لەسەر مۆدێرنت دەبێت سەرجەم لایەنەکانی ئەو پڕۆژەیە بەسەربکەینەوە هەر لە شۆڕشی کۆپەرنیکۆسەوە تا دامەزراندنی کۆمەڵگای شارستانی (مدنی) تا شۆڕشە ڕامیاری و کۆمەڵایەتیەکان و تا هاتنەکایەی هێڵی خێرایی ئاگاداری کە یەکێکە لە تایبەتکارییەکانی مۆدێرنتی، و دواجار عەقڵی ئامێری و... هاتنەکایەوەی کۆمەڵگای بەرخۆر (استهلاکی). نووسین لەسەر دنیا جەوهەری دلیماکەی منە. نەبوونی نووسین و قسەنەکردن لەسەر ئەو شتانەی ئاماژەمان بۆ کردن لە زمانی کوردیدا سەختەیەکی بێ وێنە دەخاتە سەر پڕۆژەی نووسین. هەروەک چۆن هاتنەدنیا و ڕزگاربوون لە ئەشکەوتی بوونە کوردی ڕیسکە، نووسینیش لە دنیادا، لەسەر ئەشکەوت و ڕابووردووی ئەشکەوت و ئێستای ئەشکەوت ڕیسکە.

قسەکردنی من لێرەدا لەسەر پۆست مۆدێرنتی ئا لەو پێشینەیەوە سەرچاوەیگرتووە، هەربۆیەشە ئەم نووسینە نووسینێکی سیستماتیکی نییە بەمانای ووشە، زیاتر چەند پریشکێکە. ئەمەش لەبەر هۆیەکی زۆر سەرەکی؛ ئەو دلیمایەی هێمام بۆ کرد بوونی ئێمە لە دنیاداو لەبەردەم ڕووناکی شتەکان، فیکرەکان، قوتابخانە فەلسەفیەکاندا ناچارماندەکا کە کاتێک خۆمان لە قەرەی ڕیسکی نووسین دەدەین هەوڵبدەین زۆرترین - لەڕووی چەندێتیەوە - زانیاری بخەینە بەردەم خوێنەری کورد بۆ پڕکردنەوەی ئەو ڤاکیومەی هەیە. نووسینی سیستماتیکی و خۆبەستنەوە بە ناونیشانێکەوە شێوازێکی لەبارنییە بۆ ئەم دیلمایەی ئێمە، بەڵکو شێوازی پریشکهاویشتن شیاوترە، پەرشکردنەوەی زانیاری جۆراوجۆر لە وتارێکدا لەمەڕ بابەتێکی تایبەتیەوە. لەبەر ئەوە ئەوەی لێرەدا دەیخەمەڕوو بریتیە لە کۆمەڵێک پریشک، کۆمەڵێ سەرنجی خێرا بێ قووڵبوونەوەیەکی تەواو لەهەریەک لەو پریشک و سەرنجانە.

ئەوەش بڵێم کە لەسەر هەریەک لەو پرسانە دەشێ کتێبێک بنووسرێت، ئەڵقەی گرێدانی ئەو پرسیارانەش بابەتی چەندین ووتاری جیدییە.

* * * *

باسەرەتا لەم ڕاستییە نکوڵی لێنەکراوەوە دەستپێبکەین، ئەویش پرۆژەی مۆدێرنتی و دواجاریش ڕەتکردنەوەی ئەم پرۆژەیە یان تەواوکردنی و بازدان بەسەریدا لەلایەن پۆست مۆدێرنیستەکانەوە زادەی عەقلی خۆرئاوا و پرۆژەیەکی خۆرئاواییە. ئەمەش بەناچاری دەمانباتەوە سەر خوانی فەلسەفە «دیارە مەبەست لە فەلسەفەی خۆرئاوایە».

زیادەڕۆییمان نەکردوە گەر بڵێین هەر سەردەمە پرسیاری خۆی دەخوڵقێنێ. فەلسەفە لەهەر سەردەمێکدا، لەبەر هۆکاری ناوەکی «تایبەت بەخودی فەلسەفەوە» و هۆکاری دەرەکی، پرسیاری فەلسەفی خۆی لەسەردەم دەکا، یا ڕۆحی سەردەم کە فەلسەفە زمانحاڵێتی پرسیارە فەلسەفییەکان دەخاتەڕوو. ئالێرەوە دەشێ هەر سەردەمە بە پرسیارەکانیەوە بناسرێتەوە، یا لە پرسیارە فەلسەفییەکانەوە لەسەردەم تێبگەین: کەواتە فەلسەفە لە سەردەمێکی دیاریکراودا چ پرسیارێک دەخاتەڕوو؟ فەلسەفە لە کاتێکی دیاریکراو و لە ڕەوتێکی دیاریکراودا ئەو پرسیارە دەخاتەڕوو کە گونجاوە بۆ ئەو سەردەمە، ئەو پرسیارەی پێشینەیەکی وجودی بۆتە مایەی دروستبوونی، بوونی زەمینەیەکی ئاڵۆزی وجودی خوڵقاندوێتی. مەبەست لە زەمینەیەکی وجودی هەموو دوورییەکانی بوونە، بوون لێرەوە بەمانا گەورەکەی بوون (Being) ئیبستیمی باو لە سەردەمێکی دیاریکراودا جۆرە پرسیارێکی تایبەت بەو سەردەمە دەهێنێتەئاراوە. دیارە ئەوە بەو مانایە نایەت کە هەموو پرسیارێک لە سەردەمێکی دیاریکراودا دەکرێ پرسیارێکی ڕەوایە، نا بەڵکە بەپێچەوانەوە جاری وا هەیە سەردەم پرسیاری هەڵە دەکا و جاری واش هەیە ئەو پرسیارەی دەبێت بیکات خۆی لەقەرەنادا، بۆ نموونە پرسیاری بوون Being کە پرسیارێکی گومڕایە لەم سەردەمەدا.

سێ چەشن پرسیار ل دزەمینەی ئیبستیمی باوەوە هەمیشە دەخرێتەڕوو، **جۆری یەکەم/** ئەو پرسیارانەی خستنەڕوویان ڕەوایە، پرسیارە ڕەواکان (Igeitimate questions) ئەو پرسیارانەی دەشێت و بگرە سەردەم لە ناواخنیدا وەک بوون بەهێز (Potentiality ) دەتوانێ وەڵام بەدەستبهێنێ بۆیان. **جۆری دووەم/** ئەو پرسیارە زۆڵانەن سەردەم و ئیبستیمی سەردەم توانای وەڵامدانەوایانی نییە. و ئەو پرسیارانە تورهەڵدەداتە دەرەوە بەناڕاستەی داهاتوو بۆ ئەو سەردەمانەی دێن. هەربۆیەشە سەردەم جگە لە پرسیاری ڕەوای خۆی، پرسیارێ کە منداڵی ڕەوای خۆین، میراتگری پرسیارە زۆڵەکانیشە. **جۆری سێیەم/** پرسیارە نەزۆکەکان، پرسیارە بێهودەکان، پرسیارە بێماناکان (non sensical questions) ئەمانە ئەو پرسارانەن کە بەهەڵە و لە زمانێکی هەڵە و لە شوێنێکی هەڵەدا بەهەڵە دەخرێنەڕوو. ئەمانە ئەو پرسیارانەن کە کەس ناتوانێ وەڵامێک بەدەستبێنێ بۆیان، لەگەڵ ڤتگینشتاین دا دەڵێم «هەر پرسیارێ وەڵامی نەبوو پرسیار نییە، بەڵکو بێمانایە». بۆئەوەی مەبەستەکەم زیاتر ڕوونبکەمەوە، ئاماژە بۆ نموونەیەک دەکەم دەربارەی پرسیاری بێمانا. لە کۆتایی ساڵەکانی سەدەی بیستەمدا پرسیارکردن لە بوون و نەبوونی خودا، کە ئایا خودا بوونی هەیە؟ پرسیارێکی تەواو بێمانایە. نەک لەم سەردەمەدا ئەم پرسیارە بێمانا خۆ دەنوێنێ، بەڵکو لە سەردەمەکانی دیکەشدا بێمانابووە و خستنەڕووی ئەو پرسیارە زادەی خەیاڵپلاویەکی کوشندەبووە، دیارە نەک لەبەرئەوەی کە خودا نییە وەک ئەوەی ماتریالیزمی گاڵتەجاڕ و ماتەریالیستە عەقڵ منداڵکارەکان جاڕی بۆ دەدەن، بەڵکو کێشەی بوونی خودا کێشەیەکە زمان ناتوانێ دەریبڕێ، زمان لەئاست ئەم کێشەیەدا بەسنوور (Limit) دەگا، زمان وەک ڤتگینشتاین دەڵێ کۆی سەرجەمی گوزارە و ڕاستییەکانە دەربارەی دنیا، خودا یەکێک لەو ڕاستیانە نییە، خودا سەر بەم دنیایە نییە و لەم دنیایەدا نییە، بەڵکو خودا لە دەرەوەی دنیادایە، کەواتە زمان ناتوانێ قسە لەسەر شتێ بکا کە لە چوارچێوەی دنیادا نەبێت، ئالێرەوە جگە لە بێدەنگی لەبەردەم ئەم کێشەیەدا هیچ ڕێگایەکی دیکەمان نییە، کەواتە پرسیاری ئەوەی کە خودا هەیە یان نە، پرسیارێکی بێمانایە.

بگەڕێینەوە بۆ چەشنی یەکەمی پرسیارەکان، گوتمان سەردەم ئەو پرسیارانە دەخاتەڕوو کە ڕەوان. مەبەستمان لەمە ئەوە نییە ئەو پرسیارانە، خستنەڕوویان لە کاتی دیاریکراودا دروست و گونجاوە، یا پرسیاری هەڵەنین، بەڵکو ڕەوایەتی ئەو پرسیارانە لەوەوە هاتوە کە ئیبستیمی سەردەم ڕێگەی بە خستنەڕوویان داوە، دەنا پرسیارێک کە لەسەردەمێکی دیاریکراودا دەشێ لە چەشنی پرسیارە ڕەواکان بێت، لە سەردەمێکی تردا دەبێتە پرسیارێکی بووچ و بێمانا. با نموونەیەک بهێنینەوە، با سەیری ئەو پرسیارە ئیسلامیە بکەین کە زادەی سەردەمی یەکەمی عیلمی کەلامە، موعتەزلیەکان و ئەشاعیرەکان سەرقاڵی وەلامدانەوەی ئەو پرسیارە بوون کە ئایا قورئان کە گووتاری خودایە کۆنە یان نوێ؟ واتە ئایا لەپێش دروستبوونەوە لەگەڵ خودی خودادا هەیە یاخود نوێیە و دوای دروستبوون و دواجار دابەزیوەتە خوارێ بۆ پێغەمبەری موسڵمانەکان؟. ئەمە ئەو پرسیارە بوو کە چ موعتەزیلەکان، چ ئەشاعیرەکان وەلامی تایبەتی خۆیان بۆی هەبوو لە سەردەمێکی دیاریکراودا. بەلام خستنەڕووی ئەم پرسیارە لە سەردەمی سیمیوتیک و لینگویستیکدا نەک مانای نییە، بەڵکو پووچی پووچە.

دوای ئەو چەند سەریجە خێرایە دەربارەی پرسیار، دێینە سەر خستنەڕووی هێڵکاری یەکەم کە تایبەتە بەپرسیاری فەلسەفی لە ڕەوتی فەلسەفەی خۆرئاوادا. ئەو ڕاستییە بدرکێنین کە ئەم هێڵکارییە و سەرنج و بابەتەکانی ئەم هێڵکارییە تەواو پرۆسەی بەگشتیکردنیان بەسەردا سەپێنراوە. پرۆسەی بەگشتیکردن پڕمەترسیترین پرۆسەیە لە فیکردا، بەلام من لێرەدا ناچارم خۆم لەقەرەی پرۆسەی بەگشتیکردن بدەم ئەویش بۆ کێشانی وێنەیەک دەربارەی فەلسەفە و مێژووی فەلسەفەی خۆرئاوا. ئەم هێڵکارییەش ئیدی ئەوە ناکا کە گوایە هەموو پرسیارە فەلسەفیەکانی لەخۆگرتووە، تا بەپێچەوانەوە تەنیا چوارچێوەیەکە دەربارەی پرسیارە گشتیەکان.

(١)

**هێڵکارییەکی گشتی فەلسەفەی خۆرئاوا**

**سەبارەت بەپرسیاری فەلسەفی**

**A**

**قۆناغی یۆنان/کریستیانەتی**

ئەو شتە چییە کە لەوێ هەیە؟

پرسیاری چی-؟

What is a thing?

- فەلسەفەی یۆنانی
  پێش سوکرات
  ئەفلاتوون/ئەرست
  ماهیەت/بوون
- فەلسەفەی کریستیانەتی
  - شتەکان هەرلە سەرەتاوە لەزنجیرەیەکی ئەگۆڕدا ڕێکخراون
  - یەیامێک لە مێژوو و سروشتدا هەیە
  - سروشت لۆگۆسی خودایە
  «تۆماس ئەکوینی»

**B**

**قۆناغی مۆدێرن**

دەتوانین چی بزانین؟

- عەقلانیەکان
  دیکارت
  سپینۆزا
  لایبنز
  - عەقڵ سەرچاوەی هەموو زانینێکە
- ئەزموونگەرییەکان
  هۆبز، لوک، هیوم
- تەنیا ئەزموون سەرچاوەی زانینە
- پرۆژەی ڕۆشنگەری
- ڕووناکی عەقڵ

**C**

**دواقۆناغی مۆدێرنتی و سەرەتای پۆست مۆدێرنەتی**

مەبەستمان چییە...؟

What do we mean?

- کێشەی مانا
  - زمان/جیهان
- سەرهەڵدانی زمانەوانی
- سەرهەڵدانی زمانەوانی فەلسەفی
- پۆزەتیڤیزم
- ستراکچرالیزم
- پۆست ستراکچرالیزم
  - دەق

لێرەدا ئەو هەقە بەخۆم دەدەم کە تەنیا چەند لایەنێکی کەمی ئەم هێلکارییەی سەرەوە بەسەربکەمەوە و بەچەند سەرنجێک کۆتایی بەباسەکە بهێنم.

– قۆناغی یۆنان/ کریستیانەتی

فەلسەفە سەرەتا بە پرسیاری ئەو شتە چییە کە لەوێ هەیە؟ شت چییە؟ دەستپێکرد. لە فەلسەفەی یۆناندا ئەم پرسیارە بە دوو قۆناغدا تێپەڕی، قۆناغی پێش سوکرات و قۆناغی دوای سوکرات. لە قۆناغی یەکەمدا ئەم پرسیارە لە بەرگی پرسیار دەربارەی بنچینەی شتەکان خۆی خستەڕوو. کۆمەڵێ وەڵامی جیاوازیش خرانە بەردەم؛ لای تالیس Thales ئاو ئەسڵی هەموو شتێکە. وەڵامی ئەنکسیمانسAnaximenes بریتیبوو لەوەی کە هەوا سروشتی هەموو شتێکە و فیساغورسیش ژمارەی بە ئەسڵی شتەکان لەقەڵەم دا. فیساغورسیەکان پێیان وابوو کە یا: ۱)شتەکان ژمارەن، یان ۲)شتەکان لە ژمارە پێکهاتوون، یان ۳) شتەکان لە ژمارە دەچن، یاخود ٤)مەبدەئی شتەکان هەر هەمان مەبدەئی ژمارەن(٤).

هیراکلیتس Heraclitus قۆناغی سروشتی بڕی بەرەو قسەکردن یا خستنەڕووی وەڵامێکی ئەبستراکت، ئەویش بە جەغدکردنە سەر ئەو خاڵەی هەموو ئەو شتانەی کە هەن یا کە دەبن بوونیان پابەندی لۆگۆسە Logos (لۆگۆس واتە عەقڵ، قسە، گوتە Discourse).


* پریشکی ٤٧ ، ١٠

**گوێ لە من مەگرە بەڵکو گوێ لە لۆگۆس بگرە**
**حیکمەتە باوەڕهێنان بەوەی کە هەموو شتەکان یەکن(٥)**

بەدوای هیراکلیتسدا ژمارەیەک لە فەیلەسوفانی تری گریک وەڵامی جۆراوجۆریان خستەڕوو بۆ پرسیاری شت چییە...؟ ئەسڵی شتەکان چین؟ لەوانە پارامندیس، ئیمبادۆکلیس، دیموکریتس... هتد.

– قۆناغی دووەم بە سوکرات دەستپێدەکا، لەپاڵ پرسیاری ئەو شتە چییە کە لەوێ هەیە؟ پرسیاری چی؟ دەربارەی ژیانی کۆمەلایەتی و سیاسی خرانەڕوو.. لەوانە عەدالەت چییە؟ عەشق چییە؟. بەڵام جەوهەری پرسیارەکە وەک خۆی مایەوە ئەویش چیەتی شتەکان، چی؟... ئەوەندە هەیە لەسەر دەستی ئەفلاتوون و ئەرستۆدا پرسیاری ئەنتۆلۆژی، پرسیاری بوون و پرسیار لە بوون قاڵبێکی زیاتر ئەبستراکتی وەرگرت. بۆ نموونە هەرەمی شتەکان لای ئەفلاتوون بەم شێوەیەیە کە لەهێلکاری ژمارە (۲)دا خراوەتەڕوو:

## هێلکاری (۲)



بەڕای ئەفلاتوون شتە ئەبستراکت و گەردوونیەکان زیاتر واقیعی ترن وەک لەشتە کۆنکرێتیەکان. لەسەرجەم دایەلۆگەکانیدا ئەفلاتوون لەنێوان سێ بۆچووندا دەربارەی دوو کاتیگۆری Category ڕارایە؛ کاتیگۆری بوونBeing و بۆچوونی ئەوەی کە بوون سەقامگیرە و شایانی گۆڕان نییە و هەموو شتێک لە باری بوونێکی جێگیربووادایە (The Fixity of being) ئەمەش لەژێر کاریگەریی پارامەندیسدا. سەبارەت بەکاتیگۆری ببوون Becoming ئەفلاتوون ئەو بۆچوونە پیادەدەکا کە ببوون ڕۆحی گەردوونە، ڕۆحێکە جیهان دەوروبەرە ناوەکیەکەیەتی. کەواتە شتێک نیە لە باری نەگۆڕدا، ئەمەش جەوهەری بۆچوونەکانی هیراکلیتسە.

بۆچوونی سێیەم ئاڵوگۆڕکردنە لەنێوان بوون و نەبووندا. لەدایەلۆگی Sophist دا ئەفلاتوون دەڵێ: هەروەک چۆن منداڵان دەڵێن هەردووکیانمان بەرێ، ئاوەها فەیلەسوفیش هەردوو بوون و ببوون، گۆڕاو نەگۆڕ لەپێناسەکردنیدا بۆ هەموو بوون پێکەوە دەگونجێنێ.

* * * *

یەکێک لەچەمکە سەرەکیەکانی فەلسەفەی ئەرستۆ چەمکی ماهیەتە. ماهیەت «ئەو شتەی کە هەیە» پێناسەی ڕێکخستنی سروشتە، شێوە، ماتەریاڵ و مەبدەئی ناوەکی گۆڕان. شێوە و ماتەریاڵ پێکەوە ماهیەتێکی تاک پێکدەهێنن. ئایدیای بوون بەهێز Potentiality دەگەڕێتەوە بۆ ماتەریاڵ و ئایدیای بوون بەکردەوە Actuality بۆ شێوە. ئەم چەمکانە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لەشیکردنەوەی ئەرستۆدا بۆ Causation سەبەبیەت. لای ئەرستۆ چوارجۆر هۆ هەن: هۆی کافی، دواهۆ، هۆی ماتەریالی، هۆی شێوەیی، ئەم چوارهۆیەن کە لەخەڵقبوونی هەر بوونەوەرێکدا، شتێکدا ڕۆڵ دەبینن. هۆی کافی کارکردنی ماهیەتەکانە لەسەر یەکدی، هۆی ماتەریاڵ و شێوەیی پێکهاتووی ماتەریاڵ و شێوەیە لەنێو ماهیەتدا. دواهۆ دواقۆناغی پرۆسەکەیە، خەڵقبوونی یەکەیەکی سروشتی. هەر چوار هۆکە لە وشتەدا کە هەیە «All that is» دەبینرێتەوە(٦).

* * * *

بەڕای هیگڵ کریستیانەتی حەقیقەتی موتڵەقە. فەلسەفەی کریستیانەتی لەسەر دوو پایە، دوو ڕیشە هاتەئاراوە، ڕیشەی یەهودی، ڕیشەی یۆنانی (ئەفلاتونیزمی نوێ).

دەربارەی پرسیاری فەلسەفەی کریستیانەتی لە جیهاندا دەتوانین ئاماژە بۆ ئەم چەند خاڵە بکەین؛ یەکەم: لەڕووی ئەنتۆلۆژییەوە شتەکان ـ بەپێی ئەم فەلسەفەیە ـ هەر لەسەرەتاوە لە زنجیرەیەکی نەگۆڕدا ڕێکخراون بەپێی ئیرادەیەکی بالا ـ خودا ـ دووەم: سروشت، هەروەها مێژوو ئامانجە، پەیامێکی هەیە ئەویش گەیشتنە بەکەماڵ (Teleology). سێیەم: بوون/گەردوون بێ بوونی ئیرادەیەک/ هێزێک کە نەگۆڕە، بەڵام شتەکان بەهۆی ئەوەوە دەگۆڕێن، مەحاڵە. ئەم نەگۆڕەی کە شتەکان دەبزوێنێ خودایە. بانموونەی فەیلەسوفێکی کریستیانەتی بهێنینەوە بۆ وردبوونەوە لە پرسیاری بوون و بوون، تۆماس ئەکوینی Thomas Aquinos(١٢٢٥ـ ١٢٧٤ ).

### ـ بوون و تعالی Transcentental:

ترانسێنتێندتال بەسەر هەموو شتێکدا کە هەیە دەسەپێ (بوون، شت، یەکێتی، جیاوازی، ڕاستی، چاکە)، هەموو بوونێک یەکێتییەکە جیادەکاتەوە لە دەرەوەی خۆی، جیادەکاتەوە لەوەی کە ئەو نییە. هەموو بوونێک ئەوەی کە هەیە و لە پەیوەندیدا بەزانینەوە، ڕاستییەکی نکوڵی لێنەکراوە، هەموو بوونیش چاوی لەئامانجێک بڕیوە.

جیهان لای ئەکوینی پێکهاتوە لە ماهیەتە تاکەکان. واقیع تەنیا دەتوانرێ لە ڕێگەی زنجیرەی زنجیرەی هەرەمی بوونەوە شایەنی دەرکپێکردن بێت. هەرەمی بوون بەشێوەیەکی ڕووت، بێ ماتەریاڵ «خودا» دەستپێدەکا و بە ماتەریالی سەرەتایی کۆتاییدێت. لەنێوان ئەم دوو ئاستەدا زنجیرەی ڕێکخستنی سروشت دەبینینەوە کە هیچ یەک لەم زنجیرانە بێ شێوە ڕووتەکە ناتوانن بن.

* * * *

## پرسیاری نوێ: دەتوانین چی بزانین؟

فەلسەفەی نوێ لەپاڵ کۆمەڵێ پرسیاری فەلسەفیدا، پرسیارە سەرەکیەکەی خۆی دەربارەی زانین خستەڕوو؛ دەتوانین چی بزانین؟ پرسیاری ئەو شتە چییە کە لەوێ هەیە، هەنگاوێک پاشەکشەیکرد، دیارە نەک بەمانای لە بیرچوون یا لە دەستدانی گرنگی بۆ مەتافیزیکا، بەڵکو پرسیاری زانین و ئەوەی کە دەتوانین چی بزانین بووە سەرقافڵەی پرسیارەکان. با لەوەڵامێک ووردبینەوە لەمەڕ پرسیاری دەتوانین چی بزانین.

عەقڵانیەکان (دیکارت، سپینۆزا، لایبنز) لەسەدەی هەژدەهەمدا بەپێداگرتنیان لەسەر ڕۆڵی عەقڵ لە زانیندا وەڵامێکی عەقڵانیانەیان خستەڕوو. ڕاشنالیزم «عەقڵانیەت» لە عەقڵ «Reason»، «Ratio»ی لاتینیەوە هاتووە، مەبدەئی سەرەکیی بەخشینی ڕۆڵی سەرەکییە بەعەقڵ لە پرۆسەی زانیندا. بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستی عەقڵانیەکان با لە باوکی فەلسەفەی مۆدێرن ووردبینەوە، ڕێنیە دیکارت (١٥٩٦- ١٦٥٠)(٧). بەڕای دیکارت گەر بەووردی پەیڕەوی لە عەقڵ بکرێت، عەقڵ دەتوانێ بە ڕاستی بگات. ئەم بڕوا پتەوەی دیکارت لە کوێوە سەرچاوەیگرتوە؟ زانینێکی بەدوور لە گومان پابەندە بە دوورکەوتنەوە یا بڕینی سنووری گومان. ئەوەش بەپاڵنان بەگومانەوە بۆ دواسنووری ئەنجامدەدرێت. سەرەتا پیادەکردنی گومان و ڕۆیشتن لەگەڵ گوماندا هەنگاو بە هەنگاو. کەسێک دەتوانێ گومان لە هەمووشت بکات، بەڵام ناتوانێ گومان لەوە بکات کە گوماندەکات، هەروەها ناتوانێ گومان لە بوونی گومانکەر «خودی کەس»بکات. کەواتە کوجیتۆ «Cogito ergo sum» من بیردەکەمەوە کەواتە من هەم، ئەوە دەسەلمێنێ کە گوزارەیەک هەیە دەتوانێ لەبەردەم گوماندا بوەستێتەوە. دڵنیابوون لە خود، دیکارت پێی وابوو، لەو ئایدیا ڕۆشن و ڕوونەوە هاتووە کە خود دەربارەی خۆی هەیەتی، کەواتە «هەرشتێ بە ڕوونی و بێ ئاڵۆزی شایانی دەرکپێکردن بێت ئەوە ڕاستییە».

مەبەستیش لە ئایدیاکان سێ جۆرە ئایدیایە: یەکەم، ئایدیا خۆرسکەکان Innate ideas کە سەرچاوەکانیان خودە. دووەم، ئایدیا دەرەکیەکان کە لە هەستەکانەوە سەرچاوەدەگرن. سێیەم، ئایدیا دروستکراوەکان. ئالەم دیدەوە دەرککردن، فیکر چالاکیەکی عەقڵە. دیارە جیاوازییەکی ئاشکرا هەیە لەنێوان عەقڵ و ماتەریالدا. ماتەریال خاسیەتی درێژکردنەوەی هەیە (امتداد) لەگەڵ گەڕانەوەی بۆ مەرجەعی زەمەن و شوێن. عەقڵ بەپێچەوانەوە خاسیەتی درێژکردنەوەی نییە و هیچ پێویستیەکی گشتی بە مەرجەعی زەمەن و شوێن نییە، چونکی عەقڵ بریتیە لە «res cogitans» شت بیرکردنەوە. خەیاڵ و ئیرادە و هەستکردنیش مۆدی جیاواز جیاوازی عەقڵن. کەواتە سەرچاوەی زانین، فیکر عەقڵە. هەر بەهۆی عەقڵەوە نەک لە واقیع دەگەین، بەڵکو لە ئایدیاکانیش دەگەین و لە خودی پرۆسەی کارکردنی عەقڵیش.

لەسەدەی هەژدەهەمدا فەیلەسووفانی ڕۆشنگەری «Enligtenment» میراتگری ئەمجۆرە عەقڵانیەتە بوون بەکەمێ جیاوازییەوە و پێداگرتنێکی دی لەسەر ڕۆڵی عەقڵ و بەدووکەوتنی زانینی نوێ. لەسەدەی نۆزدەهەمدا لە ژێر کاریگەریی هیگڵ و فەلسەفەی هیگڵدا عەقڵانیەت هاومانابوو لەگەڵ فەلسەفەی ئایدیالیزمدا.

* * * *

لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتا و سەرتاپای سەدەی بیستەمدا فیکر سەرقاڵی جۆرە پرسیارێکی دی بوو «دیارە لەپاڵ کۆمەڵێ پرسیاری هەمەجەشنەدا» ئەویش پرسیاری، مەبەستمان چییە..؟ بەواتایەکی دی کێشەی مانا/ کێشەی زمان. کێشەی زمان/ کێشەی مانا لە فیکری خۆرئاوادا ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی پێش سوکرات و دواجاریش هەوڵەکانی ئەرستۆ بۆ دووان لەسەر ووتاری شیعر. بەڵام پرسیارکردن لەسەر مانا/ لەسەر زمان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا شێوازێکی تری بەخۆوە گرت.

سەرەتا دەبێت ئاماژە بۆ لەدایکبوونی زانستێکی نوێ بکەین ئەویش زانستی زمانەوانی Linguistics بوو لەسەر دەستی فردیناند دی سوسێر F. De Saussure(٨). سوسێر یەکەم کەس نەبوو کە قسەی لەسەر زمان و کێشەکانی زمان کرد، بەڵکو پێش ئەو بەچەندین سەدە سانت ئۆگستین Augustien(٣٥٤-٤٣٠) لە کتێبەکەیدا

«ددان پێدانانەکەی «The Confessions» گرنگییەکی تایبەتی بە فێربوونی زمان دا. هەروەها ژان ژاک رۆسۆ ریشەی یەکەم زمان و چەند مەسەلەیەکی زمانەوانی بەسەرکردەوە. بەلام ئەم هەولانە و هەولەکانی دیکەش بە هەولی زمانەوانی لەقەلەمنادرێن، چونکە پرسیار نەبوون لە زمان و لە مانا، هێندەی روونکردنەوەی هەندێ لایەنی تری فەلسەفی بوون.

جیاکردنەوەیەکی بنەرەتی لای سۆسێر جیاکردنەوەی زمان Langue لەقسە Parole بوو. زمان Langue بریتیە لە سیستەم، دامودەستگا، کۆمەلێ فۆرم و یاسا، و قسەش دەربرینە واقیعیەکەی ئەو سیستەمەیە لە قسەکردن و نووسیندا.

لایەنێکی گرنگی ئەم جیاکردنەوەیە پەیوەندی هەیە بەهەر بوارێکەوە کە گرنگیبدات بە بەکارهێنانی کۆمەلایەتیانەی بابەتی ماتەریال، لەو بارەدا کەس جیاوازی بخاتە نێوان بابەتی ماتەریال و سیستەمی وەزیفی خاسیەتە دیارەکان کە ئەندامێتی کلاسێک و مانا دیاریدەکا و کارێک دەکا کە مانا شیاوبێت. هەروەها جیاوازی لەنێوان زمانەوانی سانکرونی «ئەو شتانەی کە پەیوەندییان بە پێشکەوتنەوە هەیە» گرنگییەکی خۆی هەیە لە زمانەوانی سۆسێریدا. گرنگی پرۆژەکەی سۆسێر زیاتر لەسەر دەستی ستراکچرالیستەکان بەدەرکەوت، لە بوارەکانی ئەنسرۆپۆلۆژیا «ستراوس» سایکۆلۆژی «لاکان» و مێژوو و فەلسەفەی زانست «میشال فوکو».

* * * *

لەپاڵ سەرهەلدانی زمانەوانیدا وەک بوارێکی سەربەخۆ، بزووتنەوەیەکی تری فەلسەفی سەریهەلدا کە خالی بنەرەتی وسەرەکی پێداگرتن بوو لەسەر مانا/زمان ئەویش زمانەوانی فەلسەفی لەژێر کاریگەریی کتێبە گرنگەکەی ڤیتگینشتاین، Tractatus، وئەلقەی ڤییەنا. بەرای ڤتگینشتاین «لەفۆناغی یەکەمی فیکریدا» و کەسانی ئەلقەی ڤییەنا «کارناپ و شلیک» کێشەی میتافیزیقا لە بەکارهێنانی نادروستانەی زمانەوە سەرهەلدەدا. کاتێک زانیمان دەلێین چی و خۆمان بەدوورگرت لە قسەکردنی بێمانایانە ئەوسا کێشەی میتافیزیقاش خودبەخود لەبەیندەچێ. ڤتگنیشتاین بۆ ئەم مەبەستە دەلێت: «مەسەلەیەک نییە بێمانایی بدوێنێت، بەلام بۆ خاتری ئاسمان سەرنجبدەرەوە بێمانایی گوتنەکەت».

* * * *

دوای ئەو پێشەکیە کورتە دەربارەی پرسیار و پرسیاری سەردەم، دەمەوێت ئاماژەیەکی خێرا بۆ جیهانبینیە جیاوازەکان بکەم لەسەر کێشەی ئیبستیمەوە، ئەمەش لەرێگەی ئەخشەیەکەوە کە رووبەری بۆچوونە جیاوازەکان دیاریدەکات. بۆ ئەم مەبەستە با لەهێلکاری (٢) بروانین.

**جیهانبینیەکان/ پرسیاری بۆچوون**

| A | B | C | D |
|---|---|---|---|
| بۆچوون لە هیچ شوێنێکەوە<br>View from nowhere<br>Modernityمۆدێرنتی<br>- بوونی عەقلێکی یەنی<br>- عەقلێکی گەردوونی/بابەتی<br>- بوونی راستیەکی یەنی<br>The truth تەنیا راستی | بۆچوون لە هەموو شوێنێکەوە<br>View from evry where<br>- وەنە جیاوازەکانی پۆست<br>- مێیایەتیFeminism<br>- گومانایەتی<br>- رەتکردنەوەی موتلەق<br>- رەتکردنەوەی مۆدێرنتی<br>- تایبەتمەندێتی بۆچوون وەک بەرجەستەبوونی بارە جیاوازەکان | شوێنێک لەنێوان<br>B وA دا<br>رەخنە لە A و<br>- قوتابخانەی فرانکفۆرت<br>- ستراکچرالیزم | نەبوونی بۆچوون<br>No view<br>A/B/C<br>مانایەکیان نییە<br>- فەلسەفەی شیکردنەوە<br>- ڤتگنشتاین<br>«لەقۆناغی یەکەمی فیکریدا» |

قسەکردن لەسەر ئەم هێڵکاریە لە توانای ئەک ئەم ووتارە، بەڵکو لە توانای چەندین ووتار بەدەرە، لێرەدا بەچەند سەرنجێک چەند خاڵێک ڕووندەکەمەوە مەبەست چییە لە «بۆچوون لە هیچ شوێنێکەوە...»؟. تیۆری زانین پەیوەندی بەبوونی عەقڵێکی پەتی و کۆمەڵێ میتۆدی دروستەوە هەیە کە دەشێت بخرێتەگەڕ لە پرۆسەی زانیندا، پرۆسەی زانین پابەندی کۆمەڵێ هەلومەرجی بابەتیە «Objectivity»، نەک شوێنی قسە لەسەرکراو و قسەکەر و قسەلێکردنەوە. بوونی هەلومەرجی لەبار بە کات و شوێنی دروستدا پرۆسەی زانین مسۆگەردەکەن، لە هاوکێشەی خود ـ بابەتدا و خود لە پرۆسەی زانیندا خود پێویستی بە هەلومەرجی لەبار هەیە، پێویستی بە میتۆدی دروست هەیە سەرجەمی ئەمانە پەیوەندی بە باری کۆمەڵایەتی و چینایەتی و ئایدۆلۆژیای قسەکەر و ڕەگەزی ئەو و جێندەری قسەکەر و خود و شوێنی خود لە هەرەمی دەسەڵاتدانییە، گەر هەموو ئەو شتانەی ئاماژەم بۆ کردن شوێن بن، مەوقیع بن ئەوا بۆچوون لەم شوێنانەوە نییە، بەڵکو لە دەرەوەی شوێنە، یا بۆچوون لە هیچ شوێنێکەوە، کەواتە پرۆسەی زانین یا تێڕامان لە شتەکان و بوون بە خاوەنی بۆچوون پەیوەندی بە هۆکار و ئامێر و میتۆدی دروستەوە هەیە لە کاتێکی دیاریکراودا، هەربۆیەشە زانین پرۆسەیەکی بابەتیە و مەبەستیش لەم پرۆسەیە گەیشتنە بە ڕاستی و ڕاستییەکی پەتی بە دوور لە مەبەستێکی تر «وەک کۆنترۆڵ یا مەبەستێکی خود». زانین زانینی شتێکی بابەتیە لەوێ. پرۆسەی زانین لەم دیدەوە ڕاڤەی جیاواز جیاواز لەخۆناگرێ، بۆچوونی جیاواز جیاواز دەربارەی بابەتی شوێنی پرسیار جگە لە هەڵەی لۆژیکی چیدیکە نییە. بەواتایەکی دی بابەتی شوێنی پرسیار تەنیا یەک بۆچوون هەڵدەگرێ ئەویش بۆچوونێکی بابەتیە پشتئەستوور بە عەقڵێکی پەتی، عەقلی گەردوونی Universal. لە پرۆسەی زانیندا ئەوەی لەسەر خودە ـ Subject، تەنیا خۆ پڕچەککردنە بە میتۆدی دروست. ئەم بۆچوونە دەربارەی بۆچوون جەوهەری پرۆژەی مۆدێرنتییە.

ئەو قوتابخانە فیکریانەی ئەو بۆچوونەی سەرەوەیان خستە ژێر پرسیا رو گومانەوە دەتوانین لەژێر ناونیشانی «بۆچوون لە هەموو شوێنێکەوە...» کۆیانبکەینەوە. بۆچوون لە هەموو شوێنێکەوە ڕەتکردنەوەی مۆدێرنتییە و لەو دیدەوە سەیری پرۆسەی زانین دەکا کە زانین پابەندی کۆمەڵێ هەلومەرجی خودی و بابەتییە، مەبەستیش تەنیا زانینی ڕاستی نییە، بەڵکو کۆمەڵێ مەبەستی تر پاڵنەرن وەک کۆنترۆڵ، ئیرادەی هێز، دەسەڵات.. هتد.

بەپێ ی بۆچوونی «بۆچوون لە هەموو شوێنێکەوە» زانین ناشێت و مەحاڵە بە دووربێت لەمەسەلەی شوێنکاتی «زەمکان» پرۆسەی زانین لە ڤاکیومدا ڕوونادا بەدوور لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و شوێنی خود و پەیوەندیی خود بەهێز و دەسەڵات و کات و سەردەمی ئەو و جێندەری ئەوGender «کێشەی نێر یا مێ بوونی خود». هەموو بۆچوونێک جگە لەوەی تایبەتیە بە خود و شوێن و کاتی خودەوە، هەروەها بەرجەستەبوونی مێژوویی باری چینایەتی، کۆمەلایەتی، ڕەگەزی و جێندەری خودە، پەیوەندی بە شوێنی خودەوە هەیە لە هەرەمی دەسەڵاتدا. ئەم پرۆسەیەش بەهیچ شێوەیەک پابەندی عەقڵێکی بابەتی یا ڕەها نییە و مەبەستیش گەیشتن نییە بە تاکە ڕاستییەک «The Truth»، بەڵکو مەبەست تێگەیشتنە لە پارادایمێک «Paradigm» لەنێو پارادایمەکاندا، خستنەڕووی ڕاڤەیەک «Interpretation» بۆ سەر فەرمانی ڕاڤەکان، تێگەیشتنە لە ڕاستییەکی هەرێمی «Local» نەک گەردوونی. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم بۆچوونە با لەم نموونەیە وردبینەوە. باڵە جیاوازەکانی مێیایەتی لەسەر ئەوە هاوڕان کە عەقلی باو عەقلی پیاوە. دامودەزگاکانی پشت ئەو عەقڵەش جۆرە دامودەستگایەکن لە خزمەتی دنیابینی پیاودان، هەربۆیەشە عەقلی باو نەک بابەتی نییە، بەڵکو بە ئاشکرایی لایەنگرە «Bias» لایەنی دنیای پیاو و ئایدۆلۆژیای باوک سالارییە. ئەم عەقڵە و دام و دەزگاکانیشی لە خزمەتی دەسەڵاتی پیاودان. کەواتە زانینێک نییە، بۆچوونێک نییە بابەتی و بە دوور لە هەرەمی دەسەڵات. مێیایەتی داوامان لێدەکات کە ڕۆڵی جێندەر لەیادنەکەین لە پرۆسەی زانیندا.

* * * *

بۆچوونی سێیەم ـ C ـ :

دەربارەی بۆچوونی C ئەوەندە دەڵێین کە لە کۆمەڵێ ڕووەوە تیۆری ڕەخنەگرییانە «قوتابخانەی فرانکفۆرت» و

ستراكچراليزم دەتوانین بە قۆناغی گواستنەوە لەقەڵەمبدەین، گواستنەوە لە «بۆچوون لە هیچ شوێنێكەوە» بۆ «بۆچوون لە هەموو شوێنێكەوە» رەخنەی توندی ئەو دوو قوتابخانە فیكرییە لە مۆدێرنیزم رێگەخۆشكەربوو بۆ هاتنەكایەوەی تیۆری زانینی پۆست مۆدێرنیزم. بەڵام هەردوو قوتابخانەی ناوبراو بێبەرینەبوون لە كۆمەڵێ توخمی مۆدێرنتی و پرۆژەی مۆدێرنتی، نەك ئەوەندە بەڵكو هابرماز دواقسەكەری تیۆری رەخنەگرییانە ئەمڕۆ لە مەیدانی فیكری خۆرئاوادا شێلگیرانە داكۆكی لە پرۆژەی مۆدێرنتی دەكا و لەو باوەڕەدایە كە پرۆژەی رۆشنگەری تەواو نەبووە و لە جەوهەردا ئیمكانیاتی نەوتۆی بەكارنەهاتوو هەیە كە ناشێ لەیادبكرێن، بەڵكو دەبێت بەسەریانبكەینەوە(٩). هەروەها شایانی باسە كە ئیپستیمۆلۆژیای ستراكچرالیزم لەسەر ئایدیای «Binary op-positions»وە بیناكرابوو كە بێگومان ئایدیایەكی مۆدێرنیستییە.

* * * *

رەنگە پرسیارێك خۆی بسەپێنێ كە مەبەست چییە لە بۆچوونی «نەبوونی بۆچوون»؟. مەبەست لەنەبوونی بۆچوون رەتكردنەوەی پرسیاری بۆچوون و ئەو سێ بۆچوونەیە كە دیاریمانكرد و هەڵبژاردنی بێدەنگییە لەئاست پرسیاری بۆچووندا. دیارە ئاشكرایە كە نەبوونی بۆچوون خۆی لەخۆیدا بۆچوونێكە دەربارەی چ ئەو بۆچوونانەی گۆڕەپانی فیكر و «بە تایبەت باری ئیپستمۆلۆژیا» و چ خوودی پرۆسەی زانین. بۆ زیاتر روونكردنەوەی ئەم بۆچوونە با سەرنجێكی خێرای قۆناغی یەكەمی ڤتگنشتاین بدەین. ڤتگنیشتاین لە قۆناغی یەكەمی فەلسەفەكەیدا «قۆناغی Tractatus و Not books ـ(١٠) لەو باوەڕەدابوو كە پرۆسەی زانین پەیوەندی بە هاوكێشەی (زمان/ جیهان)ەوە هەیە. زمان كۆی سەرجەمی گوزارە دروستەكانە دەربارەی جیهان، كەواتە سەرەتا پێویستە لە لۆژیكی زمان بگەین. ڤتگنیشتاین لە تراكتەیتسدا دەنووسێ:

**4.003**

**زۆربەی گوزارە و پرسیارەكانی كە دەربارەی كێشە**
**فەلسەفیەكان تا ئێستا نووسراون، هەڵەنین، بەڵكو بێمانان.**
**كەواتە ئێمە ناتوانین وەڵامی پرسیارەكانی لەمجۆرە بدەینەوە،**
**بەڵكو تەنیا دەتوانین بێمانایان دیاریبكەین. زۆربەی پرسیار و**
**گوزارەكانی فەیلەسووفەكان بەرئەنجامی ئەو راستیەن كە ئێمە**
**لە لۆژیكی زمانەكەمان تێناگەین.**

لەبەر ئەوەی «فەلسەفە یەكێك نییە لە زانستە سروشتیەكان ـ 4.111 تراكتەیتس»، پرۆسەی هێنانەكایەوەی بۆچوون پەیوەندی بە فەلسەفەوە نییە، بەڵكو پەیوەندی بە زانستەوە هەیە، لە زانستیشدا پرسیار دەربارەی بۆچوون لە هەموو شوێنێكەوە یا لە هیچ شوێنێكەوە پرسیارێكی بێمانایە.

لە كۆتایی تراكتەیتسدا ڤتگنشتاین بەم بەرەنجامەمان دەگەیەنێ:

**6.53**

**میتۆدی دروستی فەلسەفە دەشێ ئەمەبێت،**
**نەگووتنی هیچ شتێك جگە لەوەی كە دەتوانرێ**
**بگووترێ، واتە گوزارەكانی زانستی سروشتی،**
**واتە شتێك كە پەیوەندییەكی بە فەلسەفەوە نییە،**
**هەروەها هەمیشە هەركەسێكی دی خواستی**
**شتێكی میتافیزیقی بڵێ، ئەوەی نیشانبدرێ**
**كە ئەو مانایەكی نەبەخشیوەتە كۆمەڵێ نیشانە**
**لە گوزارەكانیدا.**

* * * *

## مۆدێرنتی Modernity چییه؟ یا چیبوو؟

لەسەدەی پێنجەمی زاینیدا زاراوەی مۆدێرنیس Modernus(١١) بۆ یەکەمجار بەکارهات بۆ جیاکردنەوەی ئێستای کریستیانەتی لە ڕابردووی پاگان «پاگان: باوەڕهێنان بە زیاتر لە خودایەک» بەڵام پرۆژەی ڕۆشنگەری لە سەدەی هەژدەهەمدا ئەو مانایەی کە ئەمڕۆ زاراوەی مۆدێرنتی لە خۆی گرتوە سەپاند.

مۆدێرنتی وەک پرۆژەیەک زادەی خۆرئاوایە، کەواتە بۆ تێگەیشتن لە مۆدێرنتی بەناچاری دەبێت لە ڕیسکە کۆبەرنیکییەکانی عەقڵی خۆرئاوا تێرابمێنین.

مۆدێرنتی وەک قۆناغ، وەک مەسەلەیەکی مێژوویی لە دوای سەدەکانی ناوەڕاستەوە لە ئەوروپا سەریهەڵدا، زیادەڕۆییمان نەکردوە گەر سەرەتاکانی پرۆژەی مۆدێرنتی بگەڕێنینەوە بۆ باکون «Bacon 1561-1626». باکون لەو باوەڕەدابوو کە ئامانجی زانست «زانستی سروشتی» بریتییە لە بەخشینی دەسەڵات بە مرۆڤ. زیادکردنی زانین و پڕچەککردنی مرۆڤ بە زانست واتە زیادکردنی هێز و دەسەڵاتی مرۆڤ بەسەر سروشتدا، ئەمەش نایەتەدی تاکو کۆمەڵێ هەڵە نەسڕدرێتەوە و کۆمەڵێ بت «Idola» نەشکێنرێن. لەو بتانە؛ **A- بتی خێڵ** «Idola Tribus» وەک ئەندامێکی ڕەگەزی مرۆڤایەتی، مرۆڤ هەمیشە ئەو ئامادەییەی تێدایە کە لە کۆمەڵێ ڕووداوو کارەسات و هەڵوێستی ناوچەییەوە پرۆسەی بەگشتیکردن بەئەنجامبدا. **B- بتی ئەشکەوت** Idola Speculus یا Cave. ئەم هەڵەیەش بەرەنجامی لایەنگیری تاکەکەسە Bias. **C- بتی بازاڕ** Idola Fori هەڵەکانی زۆرجار بەرەنجامی کاریگەریی ووشەکانن لەسەر عەقڵ. بۆ نموونە گەیشتن بەو قەناعەتەی کە بابەتێک هەیە چونکە ووشەیەک یا ئایدیایەک هەیە لەوێ. **D- بتی شانۆ** Idola Theatri. هەڵەکانی نێو پرۆسەی بیرکردنەوە لەژێر کاریگەریی میراتی فەلسەفەدا. بۆ نموونە هەڵەی باوەڕهێنان بە بیرۆکەی سەبەبیەت، وەک ئەوەی کە پەیوەندییەکی سەبەبی هەبێت لەنێوان A و B دا، گەر A ڕوویدا ئەوا B. کەواتە شکاندنی ئەم بتانە مەرجی سەرەکیی تێگەیشتنێکی دروستن لە سروشت و بەخشینی دەسەڵاتێکی گەورە بە مرۆڤ.

* * * *

دەتوانین مۆدێرنتی لە ڕێگەی ئەم خاڵانەی خوارەوە بناسینەوە؛

A- بڕواهێنان بە پێشکەوتن.

B- بڕواهێنان بە عەقڵی مرۆڤ و سەیرکردنی عەقڵ وەک تەنیا هۆکارێک بۆ چارەسارکردنی هەموو کێشەکان.

C- هاوکێشەی عەقڵ/ ئازادی و جەغدکردنە سەر عەقڵ وەک کەرەسەیەکی پێشکەوتنی ئیبستیمی و کۆمەڵگا.

D- هیومانیزم Humanism، داگرتنی خودا لە چەقی مەسەلەکان و چەقی گەردوون و لە جیاتی ئەو دانانی مرۆڤ لەو چەقەدا.

E- جەغدکردنە سەر ڕاستی وەک بناغەیەکی سیستماتیکی زانین و گەیشتن بە «تاکە ڕاستی» وەک پرۆژەیەک خۆی لە خۆیدا.

مۆدێرنیزم(١٢) هەوڵدانێکە بۆ دیاریکردنی خود، خودێک کەلە ڕێگەی عەقڵەوە دەتوانین بیناسینەوە. مۆدێرنیزم بریتییە لە دامەزراندنی عەقڵ و چواردەورگرتنی نادیار و کارکردن لە نادیاردا و کردنی بەدیار. ئەم پرۆژەیە گۆڕینی ڕووی فزولی و خەیاڵە لە ئەفسانەوە بۆ زانست بەهەر نرخێک بووە، ئەمەش هەنگاوی یەکەمی ئەو ئیرادەیە بوو کە ناوی دەنێین ئیرادەی زانست «ئەم زاراوەیەم لە فۆکۆوە وەرگرتوە». هەروەها هەنگاوی دوایی تر ئەو ئیرادەیە بوو کە دەشێ ناوبنێین ئیرادەی گۆڕین.

ئیرادەی زانست چواردەورگرتنی هەموو بوارەکان و دیاردەکان بوو بە نیازی دەرخستن و دۆزینەوەی پێکهاتووەکانیان. ئیرادەی گۆڕینیش هەوڵدانێک بوو بۆ گۆڕینی واقیع تا لەگەڵ خواستەکانی مۆدێرنیزمدا بگونجێ. لێرەدا پێویستە لەبەردەم فەیلەسووفی ئەڵمانی «ئەمانویل کانت»دا هەڵوێستەیەک بکەین، چونکە کانت وەک فەیلەسوفێک خاوەن شۆڕشی کۆپەرنیکییە لە بواری ئیپستیمۆلۆژیادا و فەلسەفەی کانت مانیفێستی پرۆژەی مۆدێرنتییە.

پرسیاری سەرەکی کانت(١٣) لە کتێبی رەخنەی عەقلی پەتی دا(١٤) ئەمەیە: من دەتوانم چی بزانم؟. کانت خۆی لەبەردەم دوو تێزدا بینیەوە، تێزی عەقڵانیەکان کە پێداگرتنبوو لەسەر ئەو خاڵەی کە زانین تەنیا لە ڕێگەی عەقڵەوە فەراهەمدەبێت و تەنیا عەقڵ بەسە بۆ ناسینەوەی بوون بێ هیچ چاودێریکەرێکی دی. تێزی دووهەم: تێزی ئەزموونگەرییەکان، لوک، هیوم، کە جەغدکردن بوو لەسەر ئەو خاڵەی کە زانین تەنیا لە ڕێگەی هەستەکان و ئەزموونەوە بەدەستدێت.

کانت لەو باوەڕەدا بوو کە عەقڵ بەتەنیا توانای بەدەستهێنانی زانیاری نییە دەربارەی بوون، لەلایەکی دیکەشەوە وێڕای ددانتان بەو ڕاستیەدا کە هیوم لە خەوی غەفڵەت خەبەریکردۆتەوە، وێڕای ئەمەش ئەزموون بەتەنیا ناتوانێ سەرچاوەی زانین بێت ئەزموون ناوەڕۆکمان پێدەبەخشێ و عەقڵیش شێوە بە ناوەڕۆک. زانین بەرەنجامی یەکێتی عەقڵ و ئەزموونە، ڕۆڵی خودیش لەم پرۆسەیەدا گرنگە. لای کانت ڕاستی لە خودی بابەتدا نییە بێ ئەو خودەی کە شێوە بەبابەت دەبەخشێ. شۆڕشی کۆپەرنیکی کانت جەغدکردنە لەسەر ئەو خاڵەی کە خود هەقانیەت بە زانین دەبەخشێ پشتئەستوور بە فەرمانێکی پێش ئەزموون.

لە کتێبی «رەخنەی عەقلی پراکتیکی»(١٥)دا پرسیاری کانت لە دیاریکردنی ڕۆڵی عەقڵ لە بواری ئەخلاقدا ئەمەیە: من دەبێت چیبکەم؟ بکەری ئەخلاقی لای کانت بۆ ئەوەی کردەوەکەی ماناداربێت دەبێت بکەر خۆی ئۆتۆنۆمی هەبێت و کردەوەکانیشی پشت بە ئیرادەی چاک Good Will ببەستن. ئەوسا پێودانگی هەر کردەیەک دەبێت بەگەردوونیکردنی ئەو کردەوەیە بێت. کەواتە تاکەکەس دەبێت عەقلی بخاتەگەڕ لەئەنجامدانی هەر کردەوەیەکدا، هەر کردەوەیەکیش چاکە گەر ببێتە ڕێسایەک بۆ گشت کەس.

* * * *

لە پاڵ شۆڕشە زانستی و تەکنەلۆژیاکاندا پرۆژەی مۆدێرنتی جەغدی لەسەر دوو پرۆسەی دیکە کرد، ئەویش بەعەقڵیکردنی ووتەی ئایینی و بەعەقلکردنی بیری ڕامیاری.

* * * *

## بەرەنجامەکانی مۆدێرنتی....

پرۆژەی مۆدێرنتی کە تائەمڕۆ بەردەوامە و بەردەوامی ئەمڕۆشی لە تەکنەلۆژیادایە، پرۆژەیەکی ئاسایی نەبوو وە نییە لە مێژوودا. پرۆژەیەکە بۆ هەمیشە رووی زەوی و ڕێڕەوی مەسەلە و شتەکانی گۆڕی. لە دەرەوەی خۆرئاواش کەلچەر و ژیوارەکانی تریشی رووبەرووی دلیمایەکی گەورە کردەوە، ڕەچەنینێکی پڕ ژان بوو دوای چەرخی سەهۆڵبەندانی دڵنیابوون. من لێرەدا زۆر بەخێرای ئاماژە بۆ چەند بەرەنجامێکی مۆدێرنتی دەکەم، بەو هیوایەی ببێتە سەرەتایەک بۆ قسەکردن لەسەر پرۆژەی مۆدێرنتی، بەو هیوایەی لە هەلێکی تردا بتوانم بە دیقەتێکی فراوانترەوە ئەم پرۆژەیە بەسەربکەمەوە.

**(A) یەکێک** لە بەرەنجامە دیارەکانی مۆدێرنتی بەعەقلکردنی شتەکان/ کۆمەڵگا و بوارە کۆمەلایەتیەکان و زانست بوو. جیاکردنەوەی زانست لە میتافیزیقا و سەرهەڵدانی میتۆدە زانستییەکان، بە دوور لە دۆگما. کردنی عەقڵ بە یەکەم و دوا دادوەر لە گشت بوارێکدا، ئەمەش بووە مایەی سەرهەڵدانی هەڵوێستێکی حیسابیانە بەرانبەر بە ژیان «ماکس ڤیبر». بەڕای ماکس ڤیبر سەرنجدان، حیسابکردن، عەقڵێکی حیسابی لە بوارەکانی ژیان و

کۆمەڵگادا بەرەنجامێکی سەرەکی مۆدێرنتی بوو. ئەمەش خۆی لە خۆیدا ڕێگەی خۆشکرد بۆ بە بیرۆکراتی ژیان و هاوێشتنی ژیان بۆ نێو «قەفەسێکی ئاسنینی بیرۆکراسی».

(B) **کۆنترۆڵ، کۆنترۆڵ**..... ئامانجی مۆدێرنتی دەسەڵاتگرتن بوو بەسەر هەموو ئەو نیاز و غەریزە و بۆچوون و هەڵسوکەوتانەی کە ناچنە ژێر سایەی عەقڵەوە، واتە کۆنترۆڵکردنی نەک سروشت، بەڵکو خودی مرۆڤیش، کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگا و دواجاریش خودی ژیان. دیارە چەکی مۆدێرنتی بۆ گەیشتن بەم ئامانجە «کۆنترۆڵکردن» تەنیا عەقڵ و دیدێکی عەقڵانی بوو وە هەیە.

کۆنترۆڵ جگە لەوەی بەرەنجامی مۆدێرنتییە، خۆشی بوە مایەی سەرهەڵدانی چوار دیاردە، چوار گرفت بۆ مرۆڤ، قەیرانی پێناسنامە «دورکهایم»، بەخۆنامۆبوونی مرۆڤ «مارکس» لەناوچوونی دڵنیایی، بە کۆیلەبوونی مرۆڤ بۆ تەکنەلۆژیا «هایدگر».

(C) **هاتنەکایەوەی** دەوڵەتی عیلمانی و پەخشبوونەوەی عیلمانیەت بەگشت بوارەکانی بووندا.

(D) **لەدەستدانی ئازادی**؛ لە هاوکێشەی عەقڵ/ ئازادی دا کە ڕۆشنگەری خستیەڕوو وە پەیمانی دا کە بەزیادبوونی عەقڵ ئازادی زیاددەبێت. هیگڵ دوا پێغەمبەری مۆدێرنتی لەم ڕووەوە لەو باوەڕەدابوو کە ئازادی تێگەیشتنە لە ناچاری، بەزیادکردنی زانین و دەسەڵاتگرتن بەسەر ناچاریدا ڕێژەی ئازادی زیاددەبێت. بەڵام بەپێچەوانەوە عەقڵ هەموو ڕووبەرەکانی ئازادی داگیرکرد، هەموو ڕووبەرەکانی جەستەی گرتەوە، ئەدۆرنۆ و هورکهایمر لە کتێبی «دیالێکتیکی ڕۆشنگەریی»(١٦)دا جەغدیان لەسەر ئەو خاڵە کرنگە کرد کە مۆدێرنتی کارێکی کرد عەقڵ بەئاراستەی دژایەتی خۆی کاربکات، لە جیاتی ئازادی ڕێژەی کۆنترۆڵ و سەرکوتکردن زیادبوو.

مۆدێرنتی چەند دامودەزگا و پراکتیک و ووتەی سەرکوتکەرانەی بەرهەمهێنا کە هەر هەموو هەقانەتیان بە کۆنترۆڵ بەخشی و گەر ئازادییان نەناشتبێ بە تەواوی ئەوا بەلایەنی کەمەوە چەمکی ئازادییان گەیاند بە سنوورێک کە بوون و نەبوونی پرسیاری سەردەم نەبێت. بوونی ئازادی جگە لەوەی خەیاڵێکی ساتە تەنیاکانی تاکەکەسە چیدیکە نییە.

هایدگەر جەغد لەسەر خاڵێکی گرنگ دەکات لە پرۆژەی مۆدێرنتی دا ئەویش، بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونە باوەوە کەوا سەیری تەکنەلۆژیا دەکات وەک پرۆژەیەک جودا لە هیومانیزم وەک ئەوەی تەکنەلۆژیا مەترسی بۆ سەر هیومانیزم دروستکردبێت. هایدگر لەو باوەڕەدایە کە تەکنەلۆژیا و سەرکەوتنی تەکنەلۆژیا و دەستەڵاتی تەکنەلۆژیا خۆی پرۆژەی هیومانیزمە و بەرەنجامی ئایدۆلۆژیای هیومانیزم(١٧).

* * * *

## پۆست مۆدێرنتی PostModernity

لەدوای جەنگی دووهەمی جیهانیەوە، زاراوەی پۆست مۆدێرن بۆ دەربڕینی دابڕان لە سەردەم و گووتە -Dis course ی مۆدێرنتی لە فیکر و زانستە کۆمەڵایەتیەکان و ڕەخنەی خۆرئاوادا هاتەکایەوە. سەرەتا بەناچاری دەبێت ئاماژە بۆ سەرەتای بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە بکەین. سەرەتا ئاماژە بۆ کۆمەڵێ نووسەری خۆرئاوایی و بەکارهێنانی نێگەتیڤانەی پۆست مۆدێرنیزم دەکەین.

ئەرنۆلد توینبی لە کتێبەکەیدا «لێکۆڵینەوەی مێژوو»(١٨) (١٩٤٧) زاراوەی پۆست مۆدێرنتی بەکارهێنا بۆ دیاردەکانی قۆناغێکی تازەی مێژوویی مێژووی خۆرئاوا، ئاوازێکی نێگەتیڤی بەسەر بەکارهێنانی ئەم زاراوەیەدا زاڵبوو. لای توینبی مێژووی خۆرئاوا بەسەر چوار قۆناغدا دابەش دەبێت:

١ـ قۆناغی سەردەمی تاریکی (٦٧٥ـ١٠٧٥):

ئەم قۆناغە بە دەسەڵاتی موتڵەقی کڵێسا دەناسرێتەوە و نەبوونی داهێنان و نقوومبوون لە دەریای باوەڕو دۆگمادا.

٢ـ قۆناغی سەردەمی ناوەڕاست (١٠٧٥ـ١٤٧٥)؛

درێژەپێدانی قۆناغێکی تاریکی، بە جیاوازییەکی کەمەوە ئەویش چەکەرەکردنی چەند ئایدیا و ئاگاداربوونەوەی خۆرئاوا لە بوونی ئەوان و دنیای دەورووبەری خۆرئاوا.

٣ـ قۆناغی مۆدێرن (١٤٧٥ـ١٨٧٥).

قۆناغی شۆڕشە پیشەسازی و زانستی و فیکرییەکان، بەهێزبوونی باوەڕهێنان بەعەقڵ و دەسەڵاتی عەقڵ و گەشتی خۆرئاوا لە دنیادا و دۆزینەوەی جیهانی نوێ (ئەمەریکا) و سەردەمی ریسکە گەورەکانی عەقڵی خۆرئاوا(١٩).

٤ـ قۆناغی پۆست مۆدێرن لە ١٨٧٥وە تائەمڕۆ بەڕای توینبی خاسیەتە جیاکەرەوەکانی قۆناغی مۆدێرن بریتی بوون لە:

(A) جێگربوون و سەقامگیری،

(B) پێشکەوتن لە بوارە کۆمەلایەتییەکان و بوارە زانستییەکاندا.

(C) بلاوبوونەوەی عەقڵانیەت.

لە بەرامبەر ئەم وێنە پۆزەتیڤەی مۆدێرنەتیدا، توینبی وێنەیەکی نێگەتیڤی قۆناغی پۆست مۆدێرن بەم شێوەیە دەکێشێ؛ قۆناغی پۆست مۆدێرن ئەم خاسیەتە سەرەکیانە لەخۆدەگرێ:

(A) کەوتنی عەقڵانیەت و کزبوونی باوەڕ بەعەقڵ،

(B) بلاوبوونەوەی ڕێژەگرایی Relativism کە دەبێتە مایەی ئیفلیجبوون،

(C) لەدەستدانی دڵنیایی و ئارامی بە هۆی باوەڕنەکردن بەعەقڵ.

لە پەنجاکانی ئەم سەدەیەدا لە ئەمەریکا زاراوەی پۆست مۆدێرن لە زۆر بواری جیاوازی زانستە کۆمەلایەتییەکاندا دەرکەوت، زیاتر بۆ کێشانی وێنەیەکی نێگەتیڤی قۆناغێکی نوێ و دیاریکردنی دیاردە نێگەتیڤەکانی کۆمەڵگا. بۆ نموونە بیرنارد مرۆسینبگ دەڵێت: «جیهانی پۆست مۆدێرن پانەوەتا هەموو شت دەداتە دەست مرۆڤ یا هیچ شتێک».

زانای کۆمەڵناسی ئەمەریکی Wriyht Mill لە کتێبی «خەیالی کۆمەڵناسیانە»دا لەو قەناعەتەوە قسەدەکا کە سەردەمی مۆدێرن لە کۆتاییهاتندایە و بە ئاوازێکی نۆستالژیانەوە دەڵێت: «کۆمەڵگا بەرەو کۆمەڵگای ڕۆبۆتە بەختیارەکان هەنگاودەنێ».

لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکاندا کۆمەڵێ تیۆریسین دەستپیانکردە باسکردنی مەسەلەی دابڕانێکی رادیکالیانە لە کەڵچەری مۆدێرنتیدا، لەوان (Irving Houe)(1970)،( Hary Levin)(1971)، سەیرکردنی ئەمان بۆ پۆست مۆدێرنتی سەیرکردنێکی نێگەتیڤی بوو، تێکەڵ بە ئاوازێکی پەشیمانی و ئەفسووسنامێز بۆ مۆدێرنتی. ئەمان لەو باوەڕەدابوون کە پۆست مۆدێرنتی کەوتن و کۆتاییهاتنی فەلسەفەی ڕۆشنگەرییە و دەستبەرداربوون لە گشت دەسکەوتە گرنگەکانی پرۆژەی مۆدێرنتی.

هەر لەو سەردەمەدا بانگەوازێکی نوێ بەئاوازێکی پۆزەتیڤانەوە بەرگوێ کەوت، ئەویش بۆچوونەکانی ئیهاب حەسەن ١٩٦١. ئیهاب حەسەن یەکەم کەس بوو لەو قەناعەتە قەلەق نەبووەوە و رایگەیاند کە کەڵچەری پۆست مۆدێرنیزم هەنگاوێکی پۆزەتیڤیە دژ بە کەڵچەری سەرکوتکەرانەی مۆدێرنیزم.

زانای کۆمەڵناسی ئەمەریکی دانیال بیل لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا «The Cultural contra diction of Capitalism» سوودی لە زاراوەی پۆست مۆدێرنیزم وەرگرت بۆ وێنەکێشانی سەردەمێک دوای سەردەمی مۆدێرنتی. بەڕای بیل سەردەمی مۆدێرنتی لە سەرمەمەرگدایە و دنیابینی بۆرژوازی کە لەسەر بناغەی عەقلانیەت بیناکرابوو لەکۆتاییهاتندایە. بیل داوایدەکرد کە بەها ئاینیەکان زیندووبکرێنەوە و بەهای خێزان گرنگی پێبدرێ. ئاشکرایە بیل قسەکەرێکی فیکری کۆنسەرتیڤ بوو لە ئەمەریکا.

تەنها لەسەردەستی بیرکەرەوە فەرەنسیەکاندا وەک «لیوتارد، بۆدریار...» زاراوەی پۆست مۆدێرنیزم شوێنی

خۆی لە گفتوگۆ فیکرییەکانی خۆرئاوادا گرت. لەسەر دەستی بیرکەرەوە فەرەنسییەکاندا ووتەی پۆست مۆدێرنتی هاتەئاراوە وەک ڕەخنەیەک لە ووتەکانی مۆدێرنتی پشتئەستوور بە دوو بیرکەرەوەی گەورەی ئەڵمان نیچە و هایدگر.

* * * *

## پێشگری پۆست Post

پێشگری پۆست لەپۆست مۆدێرنیزمدا بەمانای «نەء» دێت، واتە «مۆدێرن نا» دەتوانین بەم شێوەیە پۆست مۆدێرنتی بخوێنینەوە؛ ڕەتکردنەوەیەکی چالاکانە، هەنگاونان بەرەو ئەودیو مۆدێرنتی و سەردەمی مۆدێرن، ووتەی پۆست مۆدێرنیزم و پراکتیکی پۆست مۆدێرنتی دابڕانێکە لە مۆدێرنتی و ڕەتکردنەوەی ئایدۆلۆژیاو پراکتیکی سەرکوتکەرانە.

پێشگری پۆست دەلالەت لەچالاکی دەکات، ڕزگاریی ئێمە لە ووتەی کۆن و دارشتنی ووتە تازەکان، و لە جیاتی داستانێک گێڕانەوەی داستانە جیاوازەکان «لیوتارد، فوکو، دولۆز، دریدا...» لەلایەکی دیکەشەوە پۆست دەلالەت لە خاڵێکی دیکەی گرنگ دەکات، ئەویش پشتبەستنی بە مۆدێرنیزم. واتە پۆست مۆدێرنیزم نابێت گەر مۆدێرنیزم لەئارادانەبێت تا ڕەتیبکاتەوە. ئا لێرەوە قسەکردن لەسەر پۆست مۆدێرنیزم بێ چوونە ناو قۆناغی مۆدێرنتییەوە، جگە لە سەفسەتە زیاتر چیدیکە نییە. نموونەی ئەم سەفسەتەیە کتێبەکەی ئەکبەر ئەحمەدە: «PostModernism And Islam» (پۆست مۆدێرنیزم و ئیسلام) (١٩٩٢). ئەکبەر، کە نووسەرێکی پاکستانییە و لە زانکۆیەکی ئینگلستان پرۆفیسۆری زانکۆیە، لە کتێبەکەیدا دەیەوێت ڕازیمان بکات کە ئیسلام بریەتی لە توخمی پۆست مۆدێرنیزم. بیرکەرەوەیەکی گەورەمان پێویست نییە تا ئەرگیومێنتەکەی ئەکبەر پووچبکەینەوە، ئیسلام ئایینێکی یەک خودا پەرستییە «واتە بوونی یەک ڕاستی موتڵەق»، ئایینێکی پێش مۆدێرنە و فیکری ئیسلامیش هەزار ساڵ بەر لە ئێستا شێوەی گرتووە و لە جەوهەریدا دژیە پرۆژەی مۆدێرنتییە.. بەئاراستەی ڕابردوویەکی پیرۆزی زۆر دوور، ئەمە لەکاتێکدا پۆست مۆدێرنتی ڕەخنەیە لە پرۆژەیەکی تایبەتی و چاوی لە داهاتوو بڕیوە، داهاتوویەک کە یەک ڕاستی فەرمانڕەوایەتی ناکات، بەڵکو ڕاستییە ڕەنگاورەنگەکان، و ناعەقڵ «Unreason» فەرمانڕەوایەتیدەکەن.

* * * *

زیادەڕۆیمان نەکردووە گەر بڵێین هێندەی ژمارەی پۆست مۆدێرنیستەکان، ووتاری جیاوازی پۆست مۆدێرنیستی لەئارادایە. لێرەدا بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم سەرنجە بالەم نموونەیە وردبینەوە.

ریچارد ڕۆرتی فەیلەسووفی ئەمەریکی فەلسەفەکەی خۆی بە «پۆست مۆدێرنیست بۆرژوا لیبرالیزم»(٢٠) لەقەڵەمدەدا. گەر سەیری ئەم ناونیشانە بکەین و وەک هاوکێشەیەک دایڕێژینەوە؛ پۆست مۆدێرنیست - بۆرژوا لیبرالیزم، دەبینین بەشی یەکەمی ئەو هاوکێشەیە ڕەتکردنەوەی بەشی دووهەم (بۆرژوا...).

پۆست مۆدێرنیزم ڕەخنەیەکی تیژە لە لیبرالیزم و دامودەزگاکانی بۆرژوا. کەواتە کۆکردنەوەی ئەو دوو ووتەیە جگە لە سەفسەتەیەکی لیبرال زیاتر چیدیکە نییە، سەفسەتەی ڕۆشنبیرێکی چینی ناوەڕاستی ئەمەریکی لە داڵانەکانی زانکۆکاندا. فەلسەفەی ڕۆرتی لەڕاستیدا جگە لە بۆیەیەکی تازەی پراگماتیزمی ئەمەریکی چیدیکە نییە.

* * * *

پۆست مۆدێرنیزم هەڵوێستەیە لەبەردەم پەیمانە شکێنراوەکانی پرۆژەی مۆدێرنتیدا: مۆدێرنتی لە دەروازەیەکەوە هاتە نێو مێژووەوە بە کۆمەڵێ پەیمانەوە، پەیمانی ئازادکردنی مرۆڤایەتی لە عەقلانیەت، بەڵام تەنیا جەنگەکانی سەدەی بیستەم و سەرهەڵدانی نازیزم و فاشیزم «کە دیاردەیەکی سەد دەرسەدی مۆدێرنتی و منداڵی ڕەوای مۆدێرنتین» و کامپەکان و جینۆساید و جەنگە کیمیاوییەکان بۆ نموونە «هەڵەبجە» نیشانەی بێهودەیی ئەو

پەیمانانەی مۆدێرنتێن. پۆست مۆدێرنیستەکان لەو باوەڕەدان کە مۆدێرنتی هێزی ڕزگارکەر نییە، بەڵکو خۆی هێزێکی کۆنترۆلکەرە «1990 Touraine» سەرجەم ووتەکانی وەک مارکسیزم، لیبرالیزم، لیبرال دیموکراسی، سێکریلەر هیومانیزم دەربڕینن لە ناوەندێتی لۆگۆس، ناوەندێتی ئەوروپی، بەگشتیکردنی مێتنانەرەتیڤ، مۆدێرنتی پرۆژەیەکە دژبە جیاوازی و بەرەنجامیش گەیشتنە بە سیستەمێکی تۆتالیتاری. گەر بە زمانی نیچەش قسەبکەین ئەوا دەڵێین مۆدێرنتی تراژیدیای ژیانی کوشت و ئەو گەشتبینیە کوێرانەیەی مۆدێرنتی لە بەرامبەر تەکنەلۆژیادا جگە لە گەشبینی کۆیلەکان چیدیکە نییە. ئەوەی لەم سەردەمەدا ژیان و بوونی لە مەترسیدایە کۆیلەکان نین، بەڵکو سەروەرەکانن، بوونی سەروەرانە لەمەترسیدایە، کەواتە دەبێت هەموو هێزەکان بخرێتەگەڕ بۆ پاراستنی سەروەرەکان.

لێرەدا بە مەبەستی ڕوونکردنەوە، دووجۆر پۆست مۆدێرنیزم، دوو ڕەوتی پۆست مۆدێرنت دیاریدەکەین:

- پۆست مۆدێرنیزمی بەگومان:

پۆست مۆدێرنیزمی بەگومان وێنەیەکی نێگەتیڤی، کەبەئامێزی ئەم سەردەمە دەکێشێ، لەو باوەڕەوە کە بێمانایی، لادان (انحراف Malaise) باڵی بەسەر سەردەمدا کێشاوە، بابەت دەسەڵاتی تەواو بەسەر خوددا کێشاوە (بۆدریار) ئەم دەستەلاتەش بەرەنجامی پرۆژەێ مۆدێرنیزمە. لەو کاتەشدا کە لەزەتێک بەدیبکرێت «ئەرێ گووتنی شادی بەخشانە» (دریدا ۱۹۷۸) ئەوا ئەم لەزەتە کاتییە و زوو بەسەردەچێ.

- پۆست مۆدێرنیزمی چالاک:

ئەم باڵەی پۆست مۆدێرنیزم لە جەوهەردا هەر هەمان ڕەخنەیە لە ووتە یا ووتەکانی مۆدێرنتی، بەلام چالاکبوون بەکارێکی بێهودە نازانێ، چالاکی گروپە کۆمەلایەتیەکان نەک بە کارێکی مانادار، بەڵکو بەپێویست دەزانێ. لەم دیدەوە ڕەخنە لە پەیوەندیی دەستەلات (نموونە: فوکو) تەنیا کارێکی ڕۆشنبیرانەی بەدوور لە مەبەست نییە، بەڵکو مەبەست لە ڕەخنەی دەستەلات لێدان لە چەقی دەستەلاتە و هێنانەخوارەوەی ئەو چەقەیە بۆ هەرێم Local.

* * * *

لێرەدا تەنیا لەچەند تێرمێک دەدوێین بۆ خستنەڕووی هەندێ لایەنی ووتەی پۆست مۆدێرنیزم، لەوانە خود، مێژوو، نوێنەرایەتی کردن، ڕاستی

* * * *

## خود Subject

گەر بمانەوێت لەسەر خود بدوێین، ئەوا خۆمان لەبەردەم هاوکێشەیەکدا دەبینینەوە:

**خودی مۆدێرن ـــ هەڵوێستی پۆست مۆدێرن دژ بەخودی مۆدێرن**

پۆست مۆدێرنیستەکان ڕەخنە ئاراستەی «خود»ی مۆدێرن و ئایدیای خود لە ووتەی مۆدێرنەتیدا دەکەن، خودێتی Subjectivity دەبنە ژێر پرسیارەوە، دیارە ئەمەش بەنیاز و لەپێناو بۆچوونی بابەتیدان، چونکە بیرۆکەی بابەت Object مانایەکی نییە لای پۆست مۆدێرنیستەکان، بۆ زیاتر تێگەیشتن لەم هاوکێشەیە دەبێت بۆچوونی مۆدێرنتی دەربارەی خود بەسەربکەینەوە.

لێرەدا بەناچاری جارێکی تر دەبێت بگەڕێینەوە بۆ دیکارت و کانت. خود لە کۆجیتۆی دیکارتیدا «من بیردەکەمەوە کەواتە من هەم» وە خودێکی بیرکەرەوە خۆدەنوێنێ. لێرەدا خود ئەو شتەی کە بیردەکاتەوە دەبێتە بناغەی هەموو شتەکان، خودێک گەر لە هەموو شتەکان بە گوومانیش بێ ئەوا ناتوانێ گوومان لە بوونی خۆی بکات وەک بیرکەرەوەیەک. «من بیردەکەمەوە» ئەم مانایە لەخۆدەگرێ «من واخۆم بۆ خۆم دەخەمەڕوو کە من بیردەکەمەوە» بوونی خود لێرەدا وەک بابەتی نوێنەرایەتی خۆی دەنوێنێ. لە دوو تێڕامانی یەکەمدا «تێڕامان لە فەلسەفەی یەکەم» بوونی خود شوێنی پرسیارە، بوونی خود دەکا بە پایەی بوونی - باڵا (Super-being)، ئەمەش

کورتکردنەوەی هەموو بوونە بۆ بوونی خود کە دواجار - بەڕای من - بەرەنجامێکی هیچ گرایی «ناهیلیزم» بەدەستدەهێنێت و هەر هەموومان بەرەو کارەساتێکی گەورە دەکاتەوە کورتکردنەوی بوون Being بۆ بوونی خود و خودێک کە تەنیا وێڵی زانینە جەوهەری نایەلیزمی هاوچەرخە و دیکارت یەکەم لێپرسراوە لەم هیچ پەرستییە.

کانت وێڕای رەخنە لە کۆجیتۆی دیکارتی، وەک بناغەیەک سەیری خود دەکات و قسە لەسەر خودی یاسادانەر Legislator، خودی ئیرادەگەر «I Will» دەکا. کانت بوونی هەموو بوونێک بەخودەوە دەبەستێتەوە، ئەمەش تەنیا یەک بەرەنجامی دەبێت ئەویش کردنی فەلسەفەیە بەفەلسەفەی خود. یەکێک لە خاسیەتەکانی خودی کانتی ئۆتۆنۆمیە، خود وەک کەسێکی ئیرادەگرا و عەقڵانی یاسادانەری خۆی و یاسادانەری گەردوونە «سەملەکەتی ئامانجەکان».

لەبەردەم رۆشنایی ئەو دوو بۆچوونەدا دەتوانین بەم شێوەیە وێنەی خودی مۆدێرن بکێشین؛ خودی بیرکەرەوە - یاسادانەر - عەقڵانی - ئیرادەگرا کە وێڵی راستیە بەپشتیوانی باوەڕێکی لەق نەبوو بە عەقڵ و عەقڵێکی گەردوونی.

پۆست مۆدێرنیستەکان ئەو وێنەیەی سەرەوە رەتدەکەنەوە. یەکەم پرسیاری جیدی لە بیرۆکەی خود نیچە کردی. نیچە بەگومانبوو لە خودێکی بیرکەرەوە، خودێک کە عەقڵانییە و پشت بە لۆژیک دەبەستێ، خودێکی لەم چەشنە جگە لە نوێنەری ئیرادەی هێزی نەهلیستی چیدیکە نییە. لای نیچە باوەرهێنان بەخود - خود ئاگایی عەقڵ بەرەو گەشبینیەکی تیۆرییانەمان دەبا و لە جەوهەری تراژیدییانەی ژیان دەکوژێ. ئەمە جگە لەوەی ئەم خودە جگە لە خەیاڵ چیدیکە نییە. خود لێرەدا «وەک خەیاڵێکە» ئایدیالی بوون بەسەر راستی ببوندا Becoming دەسەپێنێ. خود - بەڕای نیچە - جگە لەوەی کە خاڵێکە لەسەر نەخشەی دژایەتی و جەنگی دووهێز چیدیکە نییە؛ هێزی چالاک Active force و هێزی دژەچالاک Reactive force.

سەرچاوەیەکی تری رەخنەی پۆست مۆدێرنیستەکان بۆ بیرۆکەی خود، بۆچوونەکانی سیگمۆند فرۆیدە. فرۆید بیرۆکەی خودێکی سەقامگیر، خود - ئاگا، بەخۆگەیشتوو دەباتە ژێر پرسیارەوە، خودێک کە بێ ئاگایە لە ناخود - ئاگایی خۆی. قسەکردن لەسەر ناخود - ئاگا جەغدکردنە لەسەر خودێکی پریشکی/ دابەشبوو و رەتکردنەوەی خودێکی بەئاگا. هۆشیاریی خود مانایەکی نییە لەکاتێکدا کە خود بێ ئاگابێت لە ناخود - ئاگا کە چەقێکی گرنگی کەسایەتیە. بەرەنجامی کارەکانی فرۆید بریتییە لەدابڕینی خود لەو چەقەی پرۆژەی رۆشنگەری پێیبەخشیبوو.

ستراکچرالیزم Structuralism وێڕای ئەوەی کە درێژکراوەی مۆدێرنتییە، رێگەی خۆشکرد بۆ جێ لەقکردنی بیرۆکەی خود - خودێکی عەقڵانی سەربەخۆ. لای ستراکچرالیستەکان خود جگە لەوەی موعامەیەک یا ئەفسانەیەک زیاترنییە، ئێمە ئازادنین لە هەڵبژاردنەکانماندا. بەپێی ستراکچرالیستەکان - لەبەر ئەوەی ئێمە پابەندی گووتە «دیسکۆرس» و ئاداب و پەیمانە نەنووسراوەکانین کە ئەوە دیاریدەکەن چۆن بیرکردنەوە و چۆن هەڵسوکەوت بکەین.

ئەرگۆمێنتی ئالتۆسێر دژ بەبوونی خود بەم شێوەیەیە؛ ئێمە وەک خود هەین تەنیا لە ئایدۆلۆژیادا، ئەمەش دەبێتە مایەی پێناسنامەیەکی خەیاڵی کە تەنیا بوونی بۆ بەرپرسیاریی بوونە، بۆ هەڵگرتنی لێپرسراوییە. بوونی خود بەرەنجامی خەیاڵێکە، بەرئەنجامی بانگکردنێکە؛ بۆ نموونە بانگکردنی پۆلیس «هێ ی تۆ...» بۆ کەسێ لەنێو قەرەباڵغیدا، ئەم بانگکردنەش دەبێتە مایەی ئەوەی کەسێک ئاوڕبداتەوە و بڵێ: من دەڵێت. ئالێرەدا تاک دەبێتە خود، چونکە بانگکردنەکە رووبەڕووی ئەو کراوەتەوە، ئایدۆلۆژیاش رووبەڕووی تاکەکان کراوەتەوە تاکو وەڵام بدەنەوە، ئاوڕبدەنەوە و ببنە خودێکی ئازاد لەبەردەم ئەو فەرمانەدا.

بەڕای لاکان پێناسنامەی «من» کە لەبەرامبەر خوددا و لە جیاتی خودە هیچە، چونکە بوونێکی نییە، ئەم پێناسنامەیە بریتیە لە هیچ، تەنیا لە پەیوەندیدا لەگەڵ «ئەوان» خود دەبێتە بوونەوەر. یەکەمجار وەک وێنەی ئاوێنە کاتێک خۆی لەچاوان و هەڵسوکەوتی «ئەوان»دا دەبینێت، دواجاریش کە فێری قسەکردن دەبێت دەتوانێ پێناسنامەیەکی خودی جێگیربوو بۆ خۆی بخوڵقێنێ لە رێگەی بەشداربوون و بەشداریکردن و چوونە ناو کێڵگەی سومبولێکی زمان.

پۆست مۆدێرنیستە بەگومانەکان بیرۆکەی خودێکی گونجاو و یەکگرتوو یا کەسێک کە ببێتە خاڵێکی مەرجەعی

کەسایەتی دەبەنە ژێر پرسیار (بۆدریار ١٩٨٣ دریدا ١٩٧٨)، لەم دیدەوە خود تەنیا ماسکێکە یا ڕۆڵێکە، یاخود خود تەنیا مەوقعێکە لە زماندا و ئەنجامی ووتەی (دریدا/ فۆکۆ) دەتوانین بۆچوون و ڕەخنەی پۆست مۆدێرنیستەکان لە سێ تێزدا کۆبکەینەوە:

## (A) خود وەک سومبولی مۆدێرنتی:

خود منداڵێکی خەیاڵی پرۆژەی ڕۆشنگەرییە. ئەفسانەیەک بوو ڕۆشنگەری خوڵقاندی تائەو خەیاڵپلاوییە لای کەس دروستبکات کە جڵەوی بەرنامە و ڕووداوەکانی وابەدەستەوە بێئاگا لەوەی هەمیشە کۆنترۆڵکراوە. لەم دیدەوە دەتوانین ئەم وێنە کۆمیدییەی خودی مۆدێرن بکێشین، بەزمەساتێک کە مرۆڤەکان بەتراژیدیادا دەبات. خودی مۆدێرن خودێکە خۆی کۆنترۆڵدەکا، خۆی پرۆگرامدەکا و پرۆگرام بۆ شتەکان دادەڕێژێ «لەڕاستیدا پرۆگرامکراوە»، باوەڕی بە ئیرادەی ئازاد هەیە «بێئاگا لەوەی کە ئازاد نییە»، باوەڕی بە ئۆتۆنۆمی هەیە «بەڵام کۆیلەیەکی ئیستبدادی زۆربەیە و ملکەچی بیروباوەڕەکانی زۆربەیە»، وێڵی ڕاستییە «بێئاگا لەوەی کە ڕاستی یەک بوونی نییە».

خود داهێنانێکی خەیاڵیانەی مۆدێرنتییە، بانگێشەی بیرۆکەی خود ڕوویەڕووکردنەوەی کەسە بەرامبەر بە دنیایەک ئەرک و لێپرسراوی. مۆدێرنتی لە جەوهەریدا سەپاندنی پرۆژەی تۆڵەسەندنەوەیە لە بوون و بەدروستکردنی ئەفسانەی خود گەرەکی بوو کەسەکان بکاتە لێپرسراوی لە کردەکانیان بە مەبەستی سزادان و دواجار کۆنترۆڵکردنیان. مۆتۆڕی مۆدێرنتی ڕۆحی تۆڵەسەندنەوەی کۆیلەکان لە بوون «نیچە».

## (B) خود وەک هیومانیستێک:

پۆست مۆدێرنیستەکان خود ڕەتدەکەنەوە، چونکە خود خاڵی بنەڕەتی هیومانیزمە (Humanism) و هیومانیزمیش بریتییە ل ەداستانی ناوەندێتی عەقڵ (Iogocentrism) و ناوەندێتی ئەوروپی (Eurocen-trism). هیومانیزم کە بە خەیاڵی خۆی مرۆڤ دەکاتە سەروەری گەردوون، بەڕای ڤاتیمۆ، ئەم بانگەوازە جگە لە درۆیەکی گەورە هیچی دیکە نییە. لەڕاستیدا پێداگرتنی مۆدێرنتی لەسەر کەرامەتی خود و بەهای تاکەکەس درۆیەکی لیبرالیانەیە بۆ شاردنەوەی ناعەداڵەتی کۆمەڵگای هاوچەرخ، کۆمەڵگایەک کە لێوڕێژە لە سێکسیزم و هۆمۆفۆبیا و ڕەگەزپەرستی.

## (C) خود . بابەت:

پێداگرتن لەسەر بوونی خود تەخشاندنی هاوکێشەیەکە: خود - بابەت. جەوهەری ئەم هاوکێشەیە جەوهەرێکی دەسەڵاتخوازانەیە، دەسەڵاتی یەکێک بەسەر یەکێکی تردا، هەروەها دابەشکردنی ناعەدالانەی ڕۆڵە، ڕۆڵی چالاک و مرۆڤبوون بۆ خود، ڕۆڵی ناچالاک و شتبوون بۆ بابەت. بوونی خود لێرەدا بەناچاری کۆنترۆڵی کەسێک دەداتە دەست کەسێکی دی، ئەو هەقەش بەخود دەدات هەموو شتێک وەک بابەت، وەک گۆڕەپانی تێرکردنی ویستەکانی خۆی سەیربکات. بۆ نموونە سەیرکردنی زەوی وەک بابەت و بابەتی کۆنترۆڵ کارەساتێکی گەورەی تووشی زەوی کرد، کێشەی گەرمی گەردوونی و ئۆزۆن و لەناوچوونی دارستانەکان «بۆ هەر هەمبەرێک یەک هێکتار دار دەبڕێتەوە».

کەسی پۆست مۆدێرن ئەڵتەرناتیڤی خودی مۆدێرنە. کەسی پۆست مۆدێرن پێناسەیەکی ئامادەکراو و تەواوبووی نییە، لەجیاتی پێناسنامە پێ لەسەر جیاوازی دادەگرێ، گەر مەبەستیش بێ قسە لەسەر پێناسنامە

بکەین ئەوا کەسی پۆست خاوەنی فرەپێناس نامەیە لە ڕووبەڕووبونەوەیدا بۆ فرەواقیع. کەسی پۆست مۆدێرن دۆستی زەوییە، دۆستی ئینفایەرێنتە. کەسی پۆست مۆدێرن دژی عەقڵی ڕەها و ڕاستی ڕەها و بەگەردوونیکردنی بەهاکانە. کەسی پۆست مۆدێرن یاسادانەر نییە، بەڵکو ڕاڤەکەرە، تەنیا ڕاڤەی شتەکان دەکات نەک یاسا بۆ شتەکان دابنێ.

* * * *

## نوێنەرایەت کردن Representation

لەچاوپێکەوتنێکدا دولۆز بە فۆکۆ دەڵێت: «بەڕای من تۆ یەکەم کەس بوویت - لە کتێبەکانتاو لەبواری پراکتیکیدا - شتێکی موتڵەقەن بنەڕەتیمان فێربکەیت، ئەویش: چەندە بێ کەرامەتیە قسەکردن لە جیاتی و بەناوی ئەوانەوە Others»(٢١).

بیرۆکەی نوێنەرایەتیکردن بەردی بناغەی پرۆژەی مۆدێرنتییە. نوێنەرایەتی لە ڕوئەی مۆدێرنتیدا ئەم مانایانە دەگرێتەوە:

(A) بەمانای وەفد: کەسێک نوێنەرایەتی کەسێکی تر یا گروپێکی تربکات.

(B) لێکچوون: وێنەکێشانی واقیع وەک ئەوەی تێکستێک بیەوێ لە واقیع بچێ کە قسەی لێدەکات، یانوێنەرایەتی دەکات.

(C) دووبارەکردنەوە: دووبارەکردنەوەی ووشە بۆ ئایدیا. (D) کۆپیکردن: وەک ئەوەی کۆپیەک تەقەلابدا لە کۆپیە ڕەسەنەکە بچێ.

ڕەخنەی پۆست مۆدێرنیستەکان لە نوێنەرایەتیکردن لەو دیدەوە سەرچاوەدەگرێ کە نوێنەرایەتیکردن - نوێنەرایەتیکردنی شتێک، کەسێک، شوێنێک، کاتێکی دیاریکراو - لەو پێشەکیە لۆژیکییەوە بیناکراوە کە گوایە لە نوێنەرایەتیکردندا گواستنەوە ڕوودەدا بێ لەدەستدانی ناوەڕۆک و بێ پێشێلکردنی ئەتمۆسفێری دڵەڕاوکێ ئامێزی چواردەورگرتووی شت یا بابەت یا کەسی نوێنەرایەتیکراو. فۆکو لەو باوەڕەدا بوو کەلە قۆناغی کلاسیکدا (١٦٥٠-١٨٠٠) نوێنەرایەتیکردن بێلایەنتر و گەردوونیتربوو، بەڵام کاتێک مرۆڤ وەک خود دەرکەوت، نوێنەرایەتیکردن ئاڵۆزبوو، لەبەرئەوە مرۆڤ بووە خود و بابەتی زانینی خۆی.

مەسەلە گرنگەکان ناشێت نوێنەرایەتیبکرێن، وەک ئایدیا، گەردوون، سومبول، خودا، عەدالەت، ڕۆحانیەت. هەموو نوێنەرایەتیکردنێک چ لە ڕووی زمانەوە و چ لە ڕووی ئیبستیمۆلۆژیاوە پرۆسەیەکی هەرمەکیە، نەک ئەمەندە، بەڵکو ترسناکیشە «دریدا ١٩٨٢». بەڕای بۆدیار ١٩٨١ نوێنەرایەتیکردن هەقانیەت بەخشینە بە کۆپی لەکاتێکدا خودی کۆپی بریتییە لە وێنەیەکی ساختە (زائف Simulacrum)، کۆپی کۆپی، کۆپی شتێک لەنێو بازنەی گوومبوونی کۆپیە ڕەسەنەکەدا. نوێنەرایەتیکردن وامامەڵە لەگەڵ شتەکان دەکات کە جیاوازییەکی ڕۆشن هەیە لەنێوان ئامادەبوو/ بزر، لەم دیدەوە شتێک یا بەتەواوی ئامادە، دیارە، یان بەتەواوی بزرە.

لە بواری زماندا نوێنەرایەتیکردن وەک مەسەلەیەکی بەڵگەنەویست باری مەرجەعی ووشەکان، وێنەکان، مانا، سومبول.. وەردەگرێ، لەو دیدەوە کە هەریەک لەمانە پێکهاتوە لە سیستەمێکی نەگۆڕی مانا کە بۆ هەموو کەس و لە گشت کات و شوێنە جیاوازەکاندا یەکە و هەرهەمان مانا دەدات بەدەستەوە. ئەم بۆچوونە ئەو ڕاستییە نکوڵی لێنەکراوەی زمان پشتگوێدەخات کە زمان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەجیهانەوە نییە. زمان ڕەنگدانەوەی جیهان نییە، بەڵکو پەیوەندیی زمان بەجیهانەوە زیاتر سومبولییە. نوێنەرایەتیکردن لەلایەکی دیکەوە پشت بە زمان دەبەستێ و زمان ڕۆڵی میانجیگەری دەبینێ، ئەمەش کارێک دەکات نوێنەرایەتی پەیوەندی بە زمانەوە هەبێت نەک واقیع، بەو شێوەیەش نیشانەکان هاوشانیان نامێنێ لەواقیعدا.

نوێنەرایەتیکردن بەو مانایە دێت کە شتەکان سەربەخۆ بوونیان هەیە لە جیهاندا. هەوڵدانێکە بۆ ناساندنی

واقیع وەک زانین، ڕاستی، گەردوون، کەواتە شارەزای تاکەکەس دەشێت ڕەنگدانەوەی نوێنەرایەتی واقیعی دەرەکی بکات سەربەخۆ لە شوێنی کەس و خودی پرۆسەی تێرامانینەکەی واقیع. بەواتایەکی دی نوێنەرایەتیکردن خودبەخود باوەڕهێنانە بەبابەتی «مەوزوعیەت»، واتە لێتوێژینەوە یا وێنەکێشانی بابەتێک سەربەخۆ لە شت یا کەسی وێنەکێشراو، نوێنەرایەتیکراو، لە هاوکێشەی خود ـ بابەتدا خود وەک لێکۆڵەرەوەیەک هەوڵدەدات نوێنەرایەتی بابەت بکات، بەرەنجامی ئەم پرۆسەیەش جگە لە پروپاگەندەی بابەتی ئەم بەرئەنجامەش لەخۆدەگرێ؛ بەگشتیکردن؛ کە دەبێتە مایەی گرنگیدان بە پێناسنامە و لەیادکردنی هەموو جیاوازییەک.

نوێنەرایەتیکردن، گەر لە ڕامیاری قسەبکەین، بێگومان پەیوەندی بە دیموکراسیەتەوە هەیە. ڕەخنە لە بیرۆکەی نوێنەرایەتیکردن خود ـ بەخود ڕەخنەیە لە دیموکراسیەت. هەڵوێستی پۆست مۆدێرنزمە بەگومانەکان هەڵوێستێکی دژ بە دیموکراسی و سەیرکردنی دیموکراسییە وەک هیچ گرایی و بەدبینی، لەلایەکی دیکەشەوە پۆست مۆدێرنیستە چالاکەکان بە چاوێکی تر سەیری دیموکراسی دەکەن و هەوڵی وێنەکێشانی دیموکراسیەتێک دەکەن کە پشت بە بیرۆکەی نوێنەرایەتی نەبەستێت. بەڕای پۆست مۆدێرنیستەکان ڕامیاری بۆتە کەمەیەکی میدیا و دەرکردنی بڕیارە گرنگەکانیش لەلایەن کۆمیتە تایبەتیەکانەوە شوێنی گفتوگۆ ئازادەکانی گرتۆتەوە. جەماوەر لە قسەکەرەوە بووە بەقسەلەسەرکراو، ئەوەی ماوەتەوە بەلای بۆدریار «زۆربەیەکی بێدەنگە کە لەپەراوێزی کوومبوونی نوێنەرایەتیکردنێکی زیندوودا دەژی» مادامێک دیموکراسی پشت بە ئایدیای نوێنەرایەتیکردن دەبەستێت و نوێنەرایەتیکردنیش وەک پرۆسەیەک مەحاڵە، کەواتە دیموکراسیەت جگە لە خەیاڵپلاوێک زیاتر چیدیکە نییە.

نوێنەرایەتیکردن کە بەردی بناغەی مۆدێرنە، بیرۆکەیەکی بەدە، چونکە لەلایەکەوە چڕی و ئاڵۆزی بابەت وەلاوەدەنێ و شتەکان، مەسەلەکان سادەدەکاتەوە بەنیازی گەیاندنیان بەدوا قۆناغ. هەروەها بیرۆکەیەکە لەسەر خەیاڵپلاو بیناکراوە، چونکە لەڕاستیدا نوێنەرایەتیکردن خۆی نوێنەرایەتیکردنێکی ترە و زنجیرەکەش کۆتایینایەت. گرنگە لێرەدا ئەو خەیاڵپلاوەش بزەوتێنینەوە کە بیرۆکەی نوێنەرایەتیکردن پشتی پێدەبەستێت، ئەویش خەیاڵپلاوی ئەوەی کە ڕاستییەک هەیە لەوێ و ڕەوایە و دەشێ نوێنەرایەتیبکرێ. خودی نوێنەرایەتیکردن ئەو ڕاستییە دروستدەکا کە دەبا نوێنەرایەتیکردبا یا ڕەنگدانەوەبیا. مەترسییەکی تری پرۆسەی نوێنەرایەتیکردن جەغدکردنە لەسەر پێناسنامە و وەلاومانی جیاوازی، ئەمەش دەبێتە تورهەڵدانی جیاوازی بۆ پەراوێز و جەغدکردنە سەر ئایدیای «وەک یەک بوون» (The Sameness)، ئەمەش ڕێگەخۆشکردنە بۆ فاشیزم.

[پێش ئەوەی کۆتایی بەم بەشەی باسەکە بهێنم، دەمەوێت دوو سەرنجی خێرا دەربارەی بیرۆکەی نوێنەرایەتیکردن لە ئەدەب و سیاسەتی کوردیدا دەرببڕم. سەرنجی یەکەم پەیوەندی بەو تەوق و زنجیرەوە هەیە کە کراوەتە ملی ئەدەب و نووسینی کوردی، ئەویش ئایدیای نوێنەرایەتیکردنی ئەدەب بۆ واقیعە. ئەو بۆچوونە باوەی تا ئەمڕۆ ئەدەبی لێوە هەڵدەسەنگێنرێت بریتییە لەوەی ئەدەب دەبێت ڕەنگدانەوەی واقیع بێت. بیرۆکەی نوێنەرایەتیکردن بۆتە مایەی ئیفلیجکردنی ئەدەب و لەلایەکی دیشەوە ئەو خەیاڵپلاوییەی لای نووسەران دروستکردوە کە دواووشە و دوابۆچوون و تاکە بۆچوونێک کە هەقانیەتی هەبێت دەگەڕێتەوە بۆ ئەوان.

لەبواری سیاسیشدا نوێنەرایەتیکردن نەک کێشەی گەورەی بۆ خوڵقاندوین، بەڵکو لەماوەی هەفتا ساڵی ڕابردووەوە ڕۆژانە ڕووبەڕووی تراژیدیامان دەکاتەوە، هەر سەرەک خێڵە و بەناوی هەمووانەوە قسەدەکات، بڕیار دەدات، سازشدەکات، چارەنووسی مرۆڤی کورد دیاریدەکات، هەر سەرەک خێڵە و ئەو هەقە بەخۆی دەدا نوێنەری هەموان بێت لەسەر مێزی دانیشتنەکان، هەر چەک بەدەستە، هەر سەرەک خێڵە، ڕۆژێک دەکەوێتە ڕاوکردنی ئافرەت و لە جیاتی هەموان بەناوی هەموانەوە دەڵێت: «کورد نابێت بێ ئەخلاقی تێدابێت» کاتێک لە کوشتنی ئافرەتان بێزاردەبێت، بەناوی هەموانەوە ئەوە ڕادەگەیەنێ کە کۆمەڵگای کوردی یەکسانی تەواوی بەئافرەت داوە، ڕۆژێکی دی دەکەوێتە ڕاوکردنی قەڵەمە ئازاکان و بەناوی هەموانەوە جەنگ دژی غرب زدگی ڕادەگەیەنێ، هەر سەرەک خێڵەش شاعیرێکی خۆی هەیە کە جوانی یداتە ئەم ڕاوکردنە. هەر سەرەک خێڵە و بەناوی هەموانەوە ڕۆژێک ڕادەگەیەنێ کە سۆشیالیزم تاکە چارەسەری کێشەی کوردە، ڕۆژێکی دی ئیسلام و ڕۆژێکی دی حوکمەتی

فیدراڵ و ڕۆژێکی دی لە تەلەفزیۆنەوە و لە دەنگوباسی سەعات دەی شەودا ڕادەگەیەنێت کە لەمەودوا دەبێت گۆرانی بۆ حوکمەتی هەرێم بچڕین.

ئالەم جەنگە، ئالەم گەمە خوێناوییەدا ئەوەی کە گوومە دەنگی مرۆڤی کوردە، دەنگی ئافرەتی کوردە، ئەوەی لەم گەمە خوێناوییەدا کەرامەتی دەڕوشێنرێت تاکەکەسی کوردە، بزوتنەوەی کوردایەتی لە شێخ مەحمودەوە تا دوا چەکداری ئەمڕۆی کوردستان ڕۆژانە کەرامەتی مرۆڤیمان دەڕوشێنێ.]

* * * *

## مێژوو

بۆچوونی پرۆژەی مۆدێرنتی بۆ مێژوو (مێژوو وەک ئەو زانستەی لە ڕابردوو دەکۆڵێتەوە و مێژوو وەک خودی ئەو ڕابردووە، تۆماری ڕابردوو) پشت بەم چەند بیرۆکەیە دەبەستێت:

**یەکەم**: ڕابردوویەکی ڕاستەقینە و زانراو هەیە کە بریتییە لە تۆماری بیروڕاکانی مرۆڤ و دامودەزگاکان و کردەوە و ڕووداوەکانە. **دووهەم**: لەبەرانبەر ئەم تۆمارەدا مێژوونووس و لێکۆڵەرەوەکان بەناچاری دەبێت بابەتیانە (مەوزوعیانە) سەیری مێژوو بکەن، لەم دیدەوە بۆچوونی بابەتیانە نەک شیاوە، بەڵکو پێویستە. **سێیەم**: یەک مێژوو هەیە ئەویش مێژوویەکی کەردوونییە لەسەر هێڵێکی ڕاست لە ڕابردووەوە بۆ ئێستاو داهاتوو. مۆتۆری ئەم مێژووەش هەوڵدانە بۆ گەیشتن بەئایدیای پێشکەوتن. **چوارەم**: مێژوو ئامانجدارە، واتە ڕووداو کارەسات و ئایدیاکانی مێژوو سەر بەم مەبەستی گەیشتن بە ئامانج کاریانکردووە و ڕوویانداوە. (ئەم بۆچوونەش بریتییە لە Telology ئامانجدارێتی). لای هیگل ئەم ئامانجدارییە لە دیالێکتیکدا خۆی دەردەخا، ئەویش گەیشتنە بە ڕۆحی موتڵەق/ گەیشتنە بە کەماڵ/ گەیشتنی ڕۆحی موتڵەقە بەخۆی. لە شوێنی خۆیدایە ئەوە بڵێین کە بۆچوونی هیگل و مارکس «مارکس وەک قوتابیەکی هیگل هیچی نەکرد جگە لە دووبارەکردنەوەی فەلسەفەی هیگل یا بۆیەکردنی» ترسناکترین بۆچوونن دەربارەی مێژوو. بەرەنجامی فەلسەفەی هیگل (بەمارکسیزمیشەوە) جگە لە تۆتالیتاریزم هیچی دیکە نییە. هیگل و مارکس لێپرسراون لە هاتنەکایەوەی ڕژێمە تۆتالیتارییەکانی سەدەی بیستەم. **پێنجەم**: مێژوو دەتوانێ ڕاڤەی کەلچەر و ژیان بکات.

ئەم وێنەیەی مۆدێرنتی بۆ مێژوو بریتییە لە ناوەندێتی عەقڵ و سەرچاوەی ئایدۆلۆژیاو زوڵم و ئیستبداد. مێژوویەکە پشت بە ناوەندێتی ئەوروپی و خۆرئاواییکردن دەبەستێت. خۆرئاوا پێودانگی ئەم بۆچوونەیە دەربارەی مێژوو، ئەمەش کارێک دەکات وەک بۆچوونێکی سەرکوتکەرانە کاربکات. بۆ نموونە مارکسیزم وەک ئایدۆلۆژیایەک هەوڵدانێک بوو بۆ تووڕهەڵدانی ڕابردووی هەزاران ساڵەی مێژووی گشت دنیا و کەلچەرەکان بۆ نێو چوارچێوەیەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و دابەشکردنی ئەو مێژووە بەسەر پێنج قۆناغدا و داتاشینی ئەم چوارچێوەیەش لەبەردەم هەندێ ڕووداو و گۆڕانکاریی کەمی مێژووی خۆرئاوا و بەگشتیکردنی ئەو ڕووداوانە. شانۆی ئەم کۆمیدیایەی مارکسیزم شانۆیەکی سەرکوتکەرانەی نەک کەلچەری خۆرئاوا بە تەنیا، نەک سەرکوتکردنی کەلچەر و ژیوارەکانی دەرەوەی خۆرئاوابوو، بەڵکو سەرکوتکردنی گشت بوون و ژیان بوو.

پۆست مۆدێرنیستەکان « چ بەگومانەکان و چ چالاکەکان» لەو باوەڕەدان بۆچوونی مۆدێرنتی بۆ مێژوو لەسەر ئەو پێشەکیە لۆژیکیەوە بیناکراوە کە مێژوو «و لێکۆڵینەوەی مێژوویی» تیۆرییەکە دەربارەی تۆماری لۆژیکێکی ئەبستراکتی ڕاستی کۆمەڵ، گەرانێکە بەدووی ستراکچەرە قووڵ و سەریەخۆکان بە مەبەستی هێنانەکایەوەی ڕاڤە (تفسیر)یەکی بەگشتکراو/ بەگەردوونیکراو و بەستنی بەیەک جەوهەرەوە. ئەم بۆچوونەش نەک بەتەنیا شوێنی گومانە، بەڵکو مەحاڵە. مێژوو «وەک بوارێک» گەر بوونیشی هەبێت ئەوا بەپلەی یەکەم لە سەیرکردنیدا بۆ ڕووداوەکان پشت بە «ئێستا» دەبەستێت، ئێستا چوارچێوە دەبەخشێتە ڕووداوەکان لەبەر ئەوەی مرۆڤەکان لە ئێستادا دەژین وەک دەقێک، ڕابردوو ئامادەبوونێک بووە لە ڕابردوودا و داهاتووش ئامادەبوونێکی چاوەڕوانکراوە. تا لێرەوەیە کە پۆست مۆدێنیستەکان «بۆ نموونە ڤاتیمۆ» بانگەوازی کۆتاییهاتنی مێژوو دەچڕن.

دەبێت ئەوە بڵێین کە کۆتاییهاتنی مێژوو تەنیا تێزی، پۆست مۆدێرنستەکان نییە، کۆمەڵێ ڕۆشنبیری لیبرالیش وەک ـ فۆکۆیاما ـ(٢٢) لەو باوەڕەدان کە مێژوو تەواوبووە. بەڵام لای فۆکۆیاما کۆتاییهاتنی مێژوو لەوەدایە کە لیبرالیزمی دیموکراسی سەرکەوتنی هەمیشەیی بەدەستهێنا لە کێبەڕکێیدا دژبە ئایدۆلۆژیاکانی تر و کۆمەڵگای بەرخۆریی دوا قۆناغی مێژووە. بەپێی ئەم بۆچوونەی فۆکۆیاما دەوڵەتی لیبرال دەوڵەتێکی گەردوونی و سیستەمی لیبرالیزم تەبا و گونجاو و یەک ڕەنگ و یەک بۆیە. بۆچوونی فۆکۆیاما هەر هەمان کۆمیدیاکەی هیگڵە تەنیا لەگەڵ جیاوازییەکی کەمدا، ئەویش هیگڵ لەکاتێکدا بانگەوازی کۆتاییهاتنی مێژووی ڕاگەیاند (لەو باوەڕەدابوو فەلسەفەکەی دواقۆناغی دیالێکتیکی ڕۆحی موتڵەقە و دەوڵەتی پروسی وەک دواقۆناغی مێژوو بەرجەستەبووی ڕۆحی موتڵەقە و ئایینی کریستیانیەتی موتڵەقترین و دواقۆناغی ڕۆحانیەتە) کە مۆدێرنتی پڕنەبوو، لیبرالیزم وتەیەکی تازە و تەمەنکورت بوو وە هەموو پۆتانسیۆنەکانی نەکردبوو بەکردار، لەبەر ئەوە بۆچوونەکەی هیگڵ هەقانیەتی نەبوو، بەڵام تەنیا وەک کۆمیدیایەک خۆی نیشان دا. تێزی کۆتاییهاتنی مێژوو لای هیگڵ ئەنجامێکی لۆژیکی پرۆژەی مۆدێرنتی بوو. بەڵام تێزی کۆتاییهاتنی مێژوو لای فۆکۆیاما نوکتەیەکی خوێناوییە، شۆخیەکە تێکەڵ بەخوێن. فۆکۆیاما لەسەردەمێکی جیاواز لەوەی هیگڵ دێت و دوای ڕوودانی سەدان کارەسات «کە هەر هەموو بەرەنجامی پرۆژەی مۆدێرنتی بوون، وەک جەنگە گەورەکان، هۆلەکۆست، کوشتنی ٦ملیۆن جولەکە، بۆمبی ئەتۆم و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی» و دوای بەکوێرەڕێگاگەیشتنی مۆدێرنتی و قەیرانە گەورەکای جیهانی ئەمڕۆ، دوای ئەمانە و سەدان ڕاوداو و کارەساتی ڕۆژانەی دنیا لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، فۆکۆیاما دێت و قسە لەسەر تێزی کۆتاییهاتنی مێژوو دەکا و داکۆکی لە سیستەمی لیبرال دیموکراسی دەکات، سیستەمێک کە پەلی جیهانی گرتووە بەرەو نابودبوونێکی هەمیشەیی دەبات. تێزەکەی فۆکۆیاما کاڵتەجارییەکی خوێناوییە لەسەردەمی نابووتبوونی پرۆژەی لیبرال دیموکراسیدا.

تێزی پۆست مۆدێرنیستەکان دەربارەی مێژوو بریتییە لەچاوپیاخشاندنەوەیەکی جیدی بیرۆکەی مێژوو و بواری مێژوو، نەک بەئامانجی گەڕان بەدووی ڕاستیدا، بەڵکو وەک چالاکییەکی داستانگێڕانەوە، داستانی یەک مێژووی گونجاو و تەبا نا، بەڵکو داستانەکانی مێژووە جیاوازەکان. لە جیاتی گەڕان بەدوای ستراکچەرێکی قووڵ و سەربەخۆدا «وەک مۆدێرنیستەکان دەیانویست) گێڕانەوەی داستانە وردەکان (Micro_ Narratives)، ئەو داستانانەی کە تووڕهەڵدراونەتە پەراوێزەوە، داستانە جیاوازەکان. لەجیاتی گەڕان بەدووی مێژوویەکی گەردوونیدا چاکترە وردە مێژووەکان بخوێنینەوە، بۆ نموونە مێژووی سێکس، مێژووی تاوان «کارەکانی فوکۆ»، مێژووی ئافرەت، مێژووی سۆزانی، مێژووی هۆمۆسێکچواڵەکان، مێژووی ئەبیوسی منداڵ، مێژووی ئەبیوسی ئاژەڵ.. هتد. لەجیاتی جەغدکردنە سەر یەک مێژوو، دەبێت لە مێژووی هەرێم Local ووردببینەوە، لە جیاتی خوێندنەوەی ئایدیا و مەسەلەکانی کە بەردەوامیان پەیداکردوە، پێویستە لەو مەسەلانە وردببینەوە کە بەردەوامنەبوون، زۆڵن. میتۆدی شیاو بۆ ئەمجۆرە خوێندنەوەیە جینالۆژیایە. جینالۆژیا بەدووی ڕاستی و یاساکانی مێژوودا ناگەڕێ و نایەوێ دەلالەتە ماقووڵەکان بخاتەڕوو، باوەڕی بەپێشکەوتن نییە، جینالۆژیا وێڵی بەها گەردوونیەکان و ستراکچەرە گەردوونیەکان نییە، بەڵکو جینالۆژیا مێژووی ئێستایە و خاڵە سەرەکیەکانی خۆی لە کێشەکانی ئێستادا دەبینێتەوە.

* * * *

## ترۆریزمی ڕاستی/ ڕاستییەکی ترۆریستیانە

ڕاستی شوێنێکی گرنگی لە پرۆژەی مۆدێرنتیدا هەیە، دەتوانین ڕاستی لە پرۆژەی مۆدێرنتیدا بەم شێوەیە بنەخشێنین:





ڕەخنەی پۆست مۆدێرنیستەکان لە بیرۆکەی ڕاستی پشت بە فەلسەفەی نیچە دەبەستێت. لێرەدا هێما بۆ دوو سەرنجی نیچە دەکەین لەمەڕ ڕاستییەوە [قسەکردن لەسەر بۆچونی نیچە دەربارەی ڕاستی دەشێ بابەتی کتێبێک بێت، لەبەر ئەوە من ناتوانم لێرەدا بەچەند ڕستەیەک هەق بەبابەتەکە بدەم، تەنیا دوو سەرنج دەخەمەڕوو].

- ڕاستی وەک خەیاڵپڵاو (وەهم):

نیچە دەنووسێ ڕاستییەکان ئەو خەیاڵپڵاوانەن کە ئێمە لە بیرمان چۆتەوە کە خەیاڵپڵاون(٢٣). ئەوەی بەڕاستی لەقەڵەمیدەدەین جگە لە هەڵە یا خەیاڵپڵاو چیدیکەنییە. هۆی ئەمەش بەڕای من و ڕاڤەی من بۆ قسەکەی نیچە، دەگەڕێتەوە بۆ مەسەلەی زمان و پەیوەندی بە کێشەی زمانەوە هەیە. بۆ تێگەیشتن لەم سەرنجەی نیچە دەتوانین بۆچوونێکی سۆسێر بهێنینەوە یادمان لەمەڕ نیشانەکانەوە، ئەویش هەڕەمەکی بوونی نیشانەکانە، بەکارهێنانی دەنگێکی تایبەتی و چەمکێک بۆ دەلالەتکردن لە مانایەک کە دەیەوێت دەلالەتی لێبکات، بەکارهێنانێکی هەڕەمەکییە [Arbitrary]، واتە پەیوەندییەکی لۆژیکی لەنێوان ماناو چەمکدا نییە، هەروەک چۆن پەیوەندییەکی لۆژیکی لەنێوان سەگ وەک ئاژەڵێک و سەگ وەک چەمکدا نییە (گەر وابوایە بۆچی بە زمانی ئینگلیزی بەو ئاژەڵە دەڵێن Dog، و بەعەرەبی کلب و بەزمانی کوردی سەگ)، ئاوهاش پەیوەندییەکی لۆژیکی لەنێوان ڕاستی و واقیعدا نییە. ڕاستیەک نییە لەوێ و سەربەخۆ لە دونیای ئێمە و جودا لە دید و دیدگای ئێمە. بۆچی ڕاستی خەیاڵپڵاوە؟ لەڕێگەی ئەم هێڵکارییەوە بۆچوونەکەی نیچە زیاتر ڕوندەکەینەوە.

### هێلکاری 3



لەم هێلکاریەدا جیهان کە باسێکی «ئاژاوەیەکی» گەورەیە، جەنگە لە نێوان هێزی چالاک (Active force) و هێزی دژەچالاکدا سۆنتۆری ئەو جەنگەش ئیرادەی هێزە(Will to Power). قسەکردن لە ڕاستی بریتییە لە دروستکردنی چوارچێوەیەکی بچووک و هاویشتنی دنیا بۆ نێو ئەو چوارچێوەیە لەبەر ئەوە هەرچەندە هەوڵبدەین ئەو چوارچێوەیەی دەمانبێت و ناویدەنێین ڕاستیی دەربارەی جیهان جگە لە خەیاڵپلاوێک چیدیکە نییە.

نیچە لەشوێنێکی تردا دەڵێت:

> **«تێڕوانینی ئێمە لە هەموو شتەکان لە ڕێگەی کەللەسەری مرۆڤەوە دەبێت. ناتوانین ئەم کەللەیە ببڕین: هەرچەندە ئەوەی دەمێنێتەوە ئەم پرسیارەیە: چی جیهان لەوێ دەمێنێتەوە گەر بهاتایە و ئەو کەللەیە بقرتێنرایە»(٢٤)**

- ڕاستی و ڕاڤە (تفسیر):

نیچە بوونی حەقیقەت ڕەتدەکاتەوە؛

> **«دژیە پۆزەتیڤیزم کە هەڵوێستەدەکا لەبەرانبەر دیاردەکاندا بەوەی؛ تەنیا حەقیقەتەکان بوونیان هەیە، دەڵێم: نە، بەدڵنیاییەوە حەقیقەتەکان ئەو شتانەن کە نین، ئەوەی هەیە تەنیا تەفسیرەکانە (ڕاڤەکانە). ئێمە ناتوانین هیچ حەقیقەتێک لەخودی خۆیدا دابمەزرێنین، لەوانەیە کردنی کارێکی لەو بابەتە گەمژەیی بێت».**
>
> .The Will to Power 481

ئەوەی لێرەدا نیچە دەیەوێ لابردنی ئایدیالی ڕاستییە و جەغدکردنە لەسەر ڕاڤە چونکە بەهای جیهان لە تەفسیری ئێمەدایە بۆی نەک لەخودی خۆیدا.

لەژێر کاریگەریی نیچە وەک درێژکراوەیەکی بۆچوونی نیچە، دریدا پێشنیاری ئەوە دەکا «شتێک نییە بەناوی ڕاستی لەخودی خۆیدا، بەڵکو تەنیا ئیفراتکردن تێیدا زۆرخواردنیەتی»، گەر بێت و هەشبێت، دەربارەی منیش و بۆ منیش بێت؛ ڕاستی فرەلایەنە (دریدا ١٩٦٩). هەروەک چۆن لە زماندا مانایەکی بەدیقەتی ووشە نییە و دوابۆچوون و دوا ڕاڤە نییە بۆ تێکستێکی دیاریکراو، ئاوهاش ڕاستییەکی سادە بوونی نییە. ڕاستی بەرهەمی گەمەی دەستەڵاتە. مەحاڵە جیاکردنەوەی ڕاستی لە دەسەڵات و مەحاڵە بوونی ڕاستییەکی ڕەهای بەدوور لە شێوێنراوی و.. بانگهێشتن بۆ ڕاستییەکی ڕەها شێوەیەک لە شێوەکانی ترۆریزمە بۆ سەرکوتکردنی ئەوانەی هاوڕانین. لەم ڕووەوە لیۆتارد لەو باوەڕەدایە کە ڕاستی لە ڕۆڵی ئەوی دی«The other»، کەمدەکاتەوە و ئەرگیومێنتی «ئەو» پووچدەکاتەوە و لە ئەنجامیشدا دایەلۆگ هیچ مانایەکی نامێنێت (لیونارد ١٩٨٤).

ڕاستی بەرەنجامی گوتەیە (دیسکۆرس) و لە دەرەوەی زمان، لە دەرەوەی گوتە بوونی نییە. ڕاستی ڕێکەوتنێکی زمانەوانیە. بە ڕای ڤاتیمۆ گەر ڕاستییەکیش هەبێت ئەوا پریشکە، ئەو شتەیە کە بەردەوام نەبوە و لەگۆڕاندایە، لە پەراوێزدا.

ڕەتکردنەوەی ڕاستی لەلایەن پۆست مۆدێرنیستەکانەوە تەبایەک لەگەڵ بۆچوونەکانی دیکەیاندا پەیدادەکا، وەک ڕەتکردنەوەی خود، ڕەتکردنەوەی ئەوەی خودێک لەوێ و لە دەرەوەی گوتە بوەستێ و ڕاست بدۆزێتەوە. مادامێک خود خەیاڵپلاوە، ڕاستیش خەیاڵپلاوە، هەروەک چۆن نوێنەرایەتی کردنیش خەیاڵپلاوە. ئەوەی دەمێنێتەوە کۆپی جۆراوجۆری ڕاستییە (خەیاڵپلاوە) مەترسی گەورە لەوەدایە کە گروپێک، دەستە و تاقمێک، کەسێک، بێت و کۆپیەکی تایبەتی ڕاستی، ڕاستی هەرێم «Local» بکات بە ڕاستی گەردوونی و داوا لە هەموومان بکا باوەڕ بەو

ڕاستیە بهێنین، ئەمە کارێکی تیرۆرستییە، ئەمە جەوهەری فاشیزمە، هەربۆیەشە لە دنیای ئەمڕۆدا ڕوو لە هەرلا بکەین و ڕوو بەهەرلایەکدا وەرگێڕین سیمای فاشیزم دەبینینەوە.

**سێپتەمبەری ٩٥- فێبریوەری ٩٦ (ئۆتاوا - کەنەدا)**

## پەراوێزەکان

١- فیلی کشتی ئەم ووتارە بەشی یەکەمی ئەو باسەیە کە لە سیمیناریکدا ڕۆژی ٩٥/١٠/١ لە زانکۆی ئۆتاوا پێشکەشمکرد، لە ژێر ناونیشانی «پۆست مۆدێرنیزم/ پۆست ناسیۆنالیزم - لەودیو کوردایەتیەوە». لێرەدا قسە لەسەر بەشی یەکەمی ئەو سەرنجانە دەکەم. بەشی دووەم «پۆست ناسیۆنالیزم» بریتییە لە کۆمەڵێ سەرنج دەربارەی فەلسەفەی سیاسی و شوێنی گوتنە [Discourse]ی ناسیونالیزم لە گفتوگۆ فیکرییەکانی ئەمڕۆدا. بەشی سێیەم «لەودیو کوردایەتیەوە» کۆمەڵێ سەرنجە لەسەر گوتەی ناسیونالیزمی کوردی، واتە «کوردایەتی». لەبەرئەوەی بەشی سێیەم لێرەدا بڵاونابێتەوە، بەدنییە ئاماژەیەک بۆ پەیامی سەرەکی ئەو بەشە بکەم: پەیامی سەرەکی بەشی سێیەم ئەمەیە کە گوتەی کوردایەتی، گوتەیەکی هیچگرا (ئەهلیستی)یە، مەرگپەرستە و دژ بە ژیان. قوربانیانی ئەم گوتەیە ئافرەتانی کورد و تاک تەکی مرۆڤی کوردە جگە لە دەستە و تاقمێکی دیاریکراو. گوتەی کوردایەتی گەورەترین ڕێگرە لەبەردەم مرۆڤی کوردا بۆ چوونە نێو جیهانەوە و بینینی جیهان. گەر ئەمڕۆ گوتەی کوردایەتی ئەشمردبێت ئەوا پێویستە بەتوندی بەلاوەی بنێین و ڕێگەبدەین نەک ووتەیەک، بەڵکو چەندین گوتەی دیکە لەدایکبێن.

شایانی باسە ئەو سیمینارە بە ئاژاوەیەکی گەورە کۆتاییهات کۆمەڵێ لات و لۆمپەنی کوردستانی عێراق و ئێران فەزای سیمینارەکەیان شێواند و بێ حورمەتیەکی زۆریان بەرانبەر بە بەڕێوەبەری سیمینارەکە و فاروق نواند و دواجار هەڕەشەی مەرگیشیان لەخاوەن باس کرد.

2. Plato:The Republic and other Work,Traans: B.Jowett. 1988
New York

٣- کۆپلەیەک لەشیعرێکی درێژی تەواونەبوو (ئەفسووس من لەخۆرهەلات نامرم)

4. Philosophy Befor Socrates, Rochard D. Mckirahan, JR
1994. U.S.A.

٥- هەمان سەرچاوە لاپەڕە ١٢٠.

6. Aristotle, The complete works of Aristotle:The Revised OXFord Translation, ed. by J.Barnes, Princeton 1984.

7.The Philosophical Writings of Descartes Volume I andII, translated by: John Cottingham, and athers

8. Course in General Linguistics ,Ferdinanad De Saissure.Translated by Wade Baskin ,1977. New York.

9.The Philosphical Discourse of Modernity,Jürgen Habermas,Trans: Frederick G.Lawrence ,MIt press 1987.

10. Wittgen Stein, L.Tractatus Logico- Philosophicus German text with an Englis traslation ,C.K.Ogden 1992

11. Post Modernity, David Iyon,1994. U.S.A.

١٢- لێرەدا سوود لە چەند سەرنجێکی ووتارێکی ترم وەردەگرم کە لەژێر ناونیشانی «بنەڕەتایەتی - فەندەمەنتالیزم - وەک هێزێکی چالاک» ئەم باسە لە سیمینارێکدا لە زانکۆی ئۆتاوا لە ئێوارەی ٩٥/٦/١دا پێشکەشکرا.

١٣- هەمان ووتار.

14-15Kant,I.:The Critique of Pure Reason, trans: N.Kemp Smith.
-The Critique of Practical Reason, trans: L.W.Beck.

16.DIALECTIC OF ENGLIGH TENMENT, Max Horkheimer and Theoror W.Adorno, trans. Jhon Cumming. 1994.

17. Heidegger, Martin:The Questin Concerning,Technology and other Essoays.trans: William Lovitt, New York 1977.

18. Astude of History, Arnold Toynbee, 1947.

١٩ـ وەسفکردنی قۆناغەکان لێرەدا بۆچوونی منە نەک توینبی.

20. Richardd arorty: Objectivity, Relwtivism, and Truth.VI 1941, U.S.A.

21.Language, Counter- Memory, Practice. Michel Foucault,ed:
Dondld F. Bouchard.

22. Francis Fukuyama: The End of History and the Lastman 1992.

23. Nietzsche:(Truth and Lie in tue Extra- Moral Sense) 1873.trans: Daniel Breazeale in Truth and Philosophy1979.

24. Nietzsche, F.: Human, All-Too- Human, trans: R.J.Hollingdale,
1986.

## بیبلۆگرافی لیستی ئەو کتێبانەی ڕاستەوخۆ ئاماژەیان بۆ کراوە

-Althusser, L: Philosophy and the Spontaneons Philosophy of Scientists. trans: Ben Brewster, and other, 1990.

-Baudrillard, J.:

1981 : For acritique if the Political Economy of the Sign.
ST. Louis, Mo.Telos Press.

1983a: In the Shadow of the Silent. Mdjoritios. New York.

1983b: Simulations. New York.

-Deleuz, Gilles, and Felix Guattari. 1983

-Anti- Oedipus: Capitailism and Schizophrenia. Minneapolis: Univirsity of Minnesota press.

-Derrida, J.

* Writing and Difference. trans: Alan Bass. 1978.

* Positions: trans: Alan Bass. 1981.

-Foucault, M. the order of rhengs. New York. 1973.

Power/ Knowledge. Ed. C. Gordon, trans: C.Gordon. and athers 1980.

-Hassan,I.:Postmoden ISM, New Literary History, 3,1 (1971), 5-30.

-Heidegger, M.:

*Being and Time. trans: John Macquarrie, 1962.

*Letter on Humanism. trans: Frank A. Capuzzi. In Basic Witings.1979

-Lacan, J. 1977.: Ecrits. New York: Alan sheridan.

-Lyotard, J. F

1984: The Postmodern Condition,trans: Geoff Bennington.

-Touraine, Alain: Critique of Modernity. 1995 ,trans: David Macey.

-Vatfim o,G:The End of Modernity 1985.

# ڕانان و هەواڵی ڕۆشنبیری

## «ئەفسانە» ی «کۆتایی مێژوو»

**. خوێندنەوە .**

لە دوو سەد ساڵی ڕابرووردووەوە تا ئەم سەردەمە، لە دنیای خۆرئاوادا؛ بڕوایەکی نەگۆڕ و پتەو بەبیری «بەرەو پێشچوون» و «گەشە کردن» ئامادەبووە، لەو بڕوایەشدا «پشکەوتن» و «گەشە کردن» بەپلەی یەکەم، «گەشە و پێشکەوتن»بووە لە بواری کەلوپەل و ماتریالدا.. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا زنجیرەی قەیران و کێشە کۆمەڵایەتیەکان هەمان بڕوایان بەگەشەی تەکنەلۆژی لەقنەکردووە. تەکنەلۆژی واتە گەشە، واتە بەرەو خۆشبەختی چوون. تەنانەت تەکنەلۆژی وەک تاقە چارەسەرێ لەئاست کێشە ئابووری و ژینگەییەکانیشدا تەماشایدەکرێ. ئەگەرچی ڕەوتی تەکنەلۆژی خۆی لەپشت بەشێکی زۆری ئەو کێشانەوە ئامادەیە...

لەودیوو ئەو بڕوابوونەوە بەبیری گەشە و پێشکەوتن، تەقلیدێکی فەیسەفی و فیکری ئامادەیە کە بەسەردەمی «ڕۆشنگەری» بەناوبانگە. لەسەردەمی ڕۆشنگەریدا بوو بیری «مێژووی جیهانی» سەریهەڵدا و فەیلەسوفانی وەک ڕۆسـۆ (١٧١٢ـ ١٧٧٨)، کـانت (١٧٢٤ـ ١٨٠٤)، هیگڵ (١٧٧٠ـ١٨٣١) و پاشـانیش مـارکس (١٨١٨ـ١٨٨٣) بۆ یەکەمجار لە مێژووی مرۆڤایەتییان کۆڵییەوە و، وەکو سەرجەمی بەرهەمی چالاکی مرۆڤایەتی تەماشای مێژوویان کرد. سەرجەمی ئەو فەیلەسووفانە بە شێوەیەکی شێلگیرانە ئاوڕیان لە کێشەی نێوان مرۆڤ و کۆمەڵگا و نایەکسانی نێوان مرۆڤەکان دایەوە. هەموویان بڕوایان بە هۆشمەندی و عەقڵ هەبوو، کە مرۆڤ دەتوانێت بەهۆی ڕۆشنگەرییەوە خۆی لە بێگانەبوون بەرامبەر بە دەوروبەر ڕزگاربکات. پرۆژەی «مێژووی جیهان» ئەو پرۆژەیە بوو کە بۆ یەکەمجار لە مێژووی بیرکردنەوەدا، (مرۆڤایەتی) وەک گشتێکی سەربەخۆی لێکدانەبڕاو دەبینێ و کۆتایی ئەو مێژووەشی بە قۆناغێ لێکدایەوە، کە تیایدا (مرۆڤ و مرۆڤایەتی) ئازاد و خۆشبەختدەبێ.

فەیلەسووفانی سەردەمی ڕۆشنگەری بەجۆرێ لە بیری بەرەوپێشچوون تێدەگەیشتن، کە بەرەوپێشچوون بێ لە هەموو سەردەم و شوێن و گشت بوارەکانی ژیانی مرۆڤدا.. دەبوو مرۆڤ بە هۆی گەشەدان بە عەقڵ و ئاوەزی خۆیەوە خۆی هۆشمەندبکات و لە ڕێگای بەکارهێنانی ژیریشەوە خۆی لەو «بارە هەرزەییە ڕزگاربکات کە گوناهی ئەوەتا لە ئەستۆی خۆدی خۆیدایە»(کانت).

لە سەرەتای ئەوەدەکانیشدا ڕووبەڕووی دوو نووسەر دەبینەوە: ئەمەریکییەک (فرانسیس فۆکۆیاما) و فەیلەسوفێکی فینلندی (جۆرج هێنری فۆنرێت) کە هەریەکەیان لە گۆشەنیگایەکەوە دەڕوانێتە ئەم سەدەیە و چەمکی گەشەی مێژوویی و مەترسیەکانی ئەم گەشەیە. لەلایەکەوە فۆنرێت نایەوێت کوێرانە بڕوا بە چەمکی گەشەی بەردەوامی تەکنەلۆژیا بکات، چونکە لەو بڕوایەدایە کە ئەو گەشەیە هەمووددەم لە خزمەتی خۆشبەختی ی مرۆڤدانییە. لەلایەکی تریشەوە فۆکایاما دروشمی کۆتاییهاتنی مێژووی بەرزکردۆتەوە و بانگاشەی ئەوە دەکات، کە

بڕۆژەی فەیلەسووفانی ڕۆشنگەری بە ئەنجامی خۆی گەیشتووە، چونکە لە مۆدێلی دیموکراسیەتی لیبرالیدا (بەرابەری ئەمەریکا) هەموو ئەو مافە بنەماییانە هاتوونەتەدی کە ڕزگاری و خۆشبەختی مرۆڤ دابیندەکەن. بەزمانێکی دی دەتوانین بڵێین: لەلای (فۆنریت) ڕەشبینییەک لەئاست بیری بەرەوپێشچووندا ئامادەیە کە مرۆڤ بەرەو تێکشکان و داڕمانی بەها مرۆڤایەتیەکان ڕاپێچدەکا. فۆکۆیاماش بە گەشبینیەکی بێئەندازەوە ئەو بەڵگانە دەخاتەڕوو کە دەریدەخەن مرۆڤ لە بەردەمی کۆمەڵێ ئیمکانیەتی گەشەکردنی بەردەوامدایە و ئەمەش مرۆڤ خۆشبەختدەکا. هەروەها فۆکۆیاما بڕوای وایە کە تەکنەلۆژیا لە توانایدایە چارسەر بۆ ئەو کێشانەش بدۆزێتەوە کە گەشەی تەکنەلۆژیا خۆی دروستیکردوون.

## فۆکۆیاما: دوایین مێژوونووسی جیهانی؟!

تێزی سەرەکی فۆکۆیاما ئەوەیە کە دەڵێ: لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا مرۆڤایەتی لە ژێرسایەی سیستەمی لیبرالیدا بە کۆتایی مێژوو گەیشتووە و ئەو سیستەمە تاقە بوارێکە بۆ گەیشتنی مرۆڤ بە خۆشبەختی و ئازادی. لێرەشەوە ئەو بەڵگانە دەخاتەڕوو کە مەرگی بزاڤی مێژوو دەسەلمێنن. چونکە ئەو لای وایە هیچ شتێ نەماوە کە مرۆڤ پێینەگەیشتبێ و هیچ ئامانجێ نییە خەباتکردنی پێویست بێت. کاتێ هەموو ئامانج و خواستەکانیش هاتبنەدی ئەوە مێژوو مانای نییە و مردووە. بۆ ڕەوایەتیدانیش بەم تێزە نووسەر ئاوڕێکی مێژوویی – بە نیازی جیاکردنەوەی بیرەکانی خۆی لە ئەرێتی فیکردا – لە فەیلەسووفەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری و لە سەرو هەموویشیانەوە (هیگڵ) دەداتەوە. ئەوەی لەم ئاوڕدانەوەیەدا جێی سەرنجی فۆکۆیامایە بریتییە لە دەستەچنکردنی ئەو لایەنە فیکریانەی خزمەت بە تێزەکەی خۆی دەکەن و تێهەڵکێشکردنیان بە کۆمەڵێ (دراو) و (ئامار)ی حازربەدەست. لێرەدا خوێنەری زیرەک بۆی دەرەکەوێ کە فۆکۆیاما هەردەم لەو یەقینە ئایدۆلۆژییەوە قسەدەکات کە، (دیموکراسیەتی لیبرالی دوا قۆناغی بزاڤی مێژووە و دوایین مۆدێلە بۆ ڕزگاری و کامەرانیی مرۆڤ)؛ بۆیە هەموو ئەو ئامار و دراوانەش کە دەیانخاتە بەرچاو وەکو سەلمێنەری بنەما ئایدۆلۆژییەکەی دەکەونەوە نەک وەک ئەنجامی تێگەیشتن و توێژینەوەیەکی قووڵ لە قۆناغی ئێستای کۆمەڵگاکان. ئەم خاڵەش وایکردووە کە «فەلسەفەی مێژوو» دابەزێنێتە سەر ئاستی پشتیوانێکی حازربەدەستی تێزە ئایدۆلۆژییەکەی نووسەر.

فۆکۆیاما تێگەیشتنی خۆی بۆ چەمکی مرۆڤ لە پێناسەی (ئەفلاتوون)ەوە بۆ دەروونی مرۆڤ دادەڕێژێت. ئەفلاتوون خودی مرۆڤ دابەشدەکات بەسێ بەشەوە: (غەریزە، عەقڵ و تیومۆس). چەمکی تیومۆس ئەو چەمکەیە کە فۆکۆیاما زیاتر لەسەری دەوەستێ و کاریپێدەکات. تیومۆس ئارەزووی مرۆڤە بۆ بەدەستهێنانی نرخ و بەها بۆ خۆی. ئەو هەوڵدانەیە کە دەیدات بۆ ئەوەی مرۆڤەکانی تر ددان بەبەهاکانیدا بنێن.. ئەمجا فۆکۆیاما دێت بە سوودوەرگرتن لە تێگەیشتنی هیگڵی بۆ پەیوەندی ئاغا و کۆیلە، زاراوەی تیۆمۆس(Thymos) دەکات بە دوو بەشەوە: ئیسۆتیومیا (Isothymia) کە خواست و ئارەزووی مرۆڤە بۆ ئەوەی لە بەرامبەر مرۆڤەکانی تردا بەیەکسانی دانی پیادابنرێت: (یەکسانخوازی) و میگالۆتیومیا (Megalothymia) کە ئارەزوو و خواستی مرۆڤە تا لە ئاست مرۆڤەکانی تردا باشتر هەڵسەنگێنرێ و ددانی پیابنرێت: (باشترخوازی). ئەوەی لەم دابەشکردنەی فۆکۆیامادا جێی سەرنجە ئەوەیە کە (میگالۆتومیا) وەک توانایەکی غەریزەیی لە مرۆڤدا حسابی بۆ دەکرێت و لێرەشەوە بواری گومانکردن لەسەر حەزی باشترخوازی مرۆڤ تەسکدەکرێتەوە. ئەمەش بەمانای ئەوەیە کە فۆکۆیاما هەوڵدەدات بەهۆی چەمکی (تیومۆس)ەوە، ئەو نایەکسانییە ڕوونبکاتەوە و بەرگری لێدبکات کە لە سیستەمی لیبرالیزمی هاوچەرخدا هەیە.. واتە هەوڵدەدات نایەکسانی ناو سیستەمی نێوبراو بگێڕێتەوە بۆ پێکهاتەی خودی مرۆڤەکان و، فەردی لیبرالیش ئەو کەسەیە کە (میگالۆتومیا)یەکی بەهێزی هەیە و هەردەم هەوڵی ئەوە دەدات بەشتر لەوانی دیکە ددانی پیابنرێت.

کەواتە چەمکی تیومۆس لای فۆکۆیاما بە دوو ئاڕاستەدا کاردەکات: لەلایەکەوە چەمکێکە بۆ ڕوونکردنەوەی

مۆدێلێکی فەلسەفی/ مێژوویی بۆ ڕەوایەتیبەخشین بە چەمکی (باشترخوازی) لای مرۆڤی لیبرالی. لەلایەکی تریشەوە ئەم تێڕوانینە دەکرێتە وەرەقەیەک بۆ ڕەوایەتیدان بە سیستەمی ئابووریی لیبرالیزم کە سیستەمێکە بەپێویست باشترە لە هەموو سیستەمە شیاوەکانی دی.. ئەگەر بمانەوێت ئەم بۆچوونە بە شێوەیەکی تر دەرببڕین ئەوە دەڵێین، هەوڵی فۆکۆیاما ئەوەیە لە ڕێگای پێناسەکردنی چەمکی مرۆڤەوە پێناسەی سیستەمی لیبرالیش بکات وەک هەڵگری خەسڵەتەکانی مرۆڤ. جا ئەگەر ئەم سیستەمە شوێنی ڕەخنەبێت ئەوە بەمانای ئەوەنییە کە خەتا لە خۆیەوەیەتی، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە سیستەمی ناوبراو سەخت پابەندی حەز و ئارەزووی مرۆڤە و ڕەنگدانەوەی غەریزەیەتی. فۆکۆیاما لەو بڕوایەدایە، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا مێژوو بە کۆتایی خۆی گەیشتووە، چونکە هەموو (دژایەتی و ناکۆکییەکان) لە سایەی دیموکراسیەتی لیبرالیدا تواونەتەوە. بەو پێیەش دژایەتی نێوان مرۆڤ و کۆمەڵگاش لەئارادانەماوە. ئەمەش مانای ئەوەیە کە پرۆژەی فەیلەسووفانی ڕۆشنگەری هاتۆتەدی و مرۆڤ بەو کامەرانییە گەیشتووە کە ئەو فەیلەسووفانە پێشبینییاندەکرد. کەواتە دەکرێت ئەو ئەنجامگیرییە لە تێزەکەی فۆکۆیاما بکەین، کە لای ئەو بزاڤی مێژووی مرۆڤایەتی، بزاڤێک بووە بەرەو ئامانجی خۆیی و ئەو ئامانجەش لای فۆکۆیاما بریتییە لە دیموکراسیەتی لیبرالی وەک بەرهەمی بەرەوپێشچوون. لەناو گێژاوی ئەم بەشان و باڵ هەڵدانەی لیبرالیزمدایە کە نووسەر خۆی لە زۆر قەیرانی گەورەی جیهان ناگەیەنێ و دەیانکا بەژێر لێوەوە. وەک نموونەش دەتوانین هێمابکەین بۆ ئەو هەڕەشەیەی پیسبوونی ژینگە دروستیکردووە و هەروەها گەورەتربوونی دیواری نێوان وڵاتانی سەر و خوار، و بەرزبوونەوەی جیاوازی لە نێوان هەژار و دەوڵەمەند و دەیان نموونەی دی.. ئەمانەش هەموویان قەیرانگەلێکی هێندە گەورەن کە دەبنە قوربانی چاویلکە ئایدۆلۆژییەکەی دوایین مێژوونووسە جیهانییەکەمان!

## ئەفسانەی بەرەو پێشچوون

یەکێ لەو کەسانەی بەشێوەیەکی ڕەشبینانە دەڕوانێتە سەردەمی ئێستا و دواڕۆژ، فەیلەسووفی فینلەندی (جۆرج هینریک ڤۆنریت)ە. ساڵی ١٩٩٣ ڤۆنریت کتێبێکی بەناوی (ئەفسانەی بەرەوپێشچوون) بڵاوکردەوە کە وەک پاشکۆیەک وابوو بۆ کتێبێکی تری، کە لە ساڵی ١٩٨٩دا بەناوی (زانست و ژیری)یەوە بڵاویکردۆتەوە. تەباری هەردوو ئەم کتێبە دەچێتەوە سەر بیروڕاکانی (قوتابخانەی فرانکفۆرت) و بە بەشداریکردنێکی جیدی دادەنرێن لە بواری گفتوگۆکردن لەبارەی (مۆدێرنیتە)وە.

ڤۆنریت ڕەگی کێشەکانی کۆمەڵگای خۆرئاوا دەباتەوە سەر ئەو دژایەتییەی لەنێوان ڕۆشنبیریی دێرینی یۆنانی و بنەماکانی ئایینی مەسیحیدا هەیە. ئەوەی خۆرئاوا لە ڕۆشنبیریی یۆنانییەوە وەریگرتووە بریتییە لە بڕوابوون بەدەسەڵات و یاساکانی سروشت و مرۆڤ، کە دەتوانێت لە ڕێگەی گەشەدان و بەکارهێنانی عەقڵەوە، بەحەقیقەت بگات. بەڵام ئەوەی لە ئایینی مەسیحی و بنەماکانی کتێبی پیرۆزەوە تێکەڵ بە بیرکردنەوەی خۆرئاوا بووە، بریتییە لە ئەخلاق و توانای جیاکردنەوەی چاکە لەخراپە و ملکەچکردن بۆ دەسەڵاتی ووشە. کەواتە فەرهەنگی خۆرئاوا بەلای ڤۆنریتەوە لە دوو دژایەتی یان پارادۆکس دروستبووە: لەلایەکەوە حەز و ئارەزوومەندییەکی زۆری تێرنەبوو بەدوای زانستدا، لەلایەکی تریشەوە بڕواهێنان بە پرنسیپی گوناهباریی مرۆڤ.

بەلای فەیلەسووفەکەمانەوە، لە بارێکی ئاوا پارادۆکسالیدا زانست و مۆراڵ بوونەتە دوو پانتایی جیاکارە کە یەکگرتنەوەیان مەحاڵە. ئەمەش ئەنجامێکی بەدی هێناوەتەدی: بڕوابوون بە بەها مرۆڤایەتییەکان لە بیری عەقڵانیدا وەدەرنراوە و ئەمەش بەمانای ئەوەیە کە ئەقڵانیەتی هاوچەرخ، عەقڵانیەتێکی (مەبەستدارە) نەک (بەهادار). واتە ئەوەی لە عەقڵانیەتی هاوچەرخدا گرنگیی زۆری پێدەدرێ بریتییە لە هەڵبەکردنی بەرەو مەبەستەکانی داهاتوو؛ نەک سەلماندن و ئاشکراکردنی بەها و نرخی ئەو داهاتووە و پەیوەندی بە ژیانی مرۆڤەوە. بۆیە وەک ڤۆنریت دەڵێ، قەیرانی هاوچەرخ، قەیران و کێشەیە لەنێوان عەقڵانیەتی مەبەستدار و عەقڵانیەتی بەهاداردا. عەقڵانیەتێک کە

مەبەستەکانی خۆی پێش هەمووشتێ دەخات و عەقڵانیەتێک کە بەهاکان دەخاتە پێش هەموو شتێکەوە. ئەم دژایەتیە لە ڕوانگەی ناوبراوەوە تانەی سەرچاوی کۆمەڵگای هاوچەرخی خۆرئاوایە.

یەکێ لەو ڕێگا چارەسەرانەی فەیلەسووف پێشنیاریاندەکات، ئەوەیە کە دەڵێ: نابێ جیتر ڕێگە بدرێ بە پیاوانی زانست و سیاسەتمەدارەکان کە بە ئارازووی خۆیان کاربکەن و ئەمەش بە ناوی «بەرەو پێشچوون»ەوە ڕەوابکەن، بەڵکو پێویستە ئەوانیش بەرپرسیاری ئەخلاقیی خۆیان لە ئەستۆبگرن و وەک بەرپرسیاریش هەستن بە جێبەجێکردنی ئەرکی خۆیان لەئاست کۆمەڵگادا.. ئەو پیاوانی زانست بەوە تاوانباردەکات کە هەمیشە وەکو کەرتێکی سەربەخۆ و دابڕاو لە بەرپرسیاری کۆمەڵایەتی سەرگەرمی کاری خۆیان بوون و ڕەهەندی بەها و ئەخلاقیانەی کارەکانی خۆیانیان لێکنەداوەتەوە. ئەوجا ئاوڕێکی تایبەت لە مێژووی مرۆڤایەتی دەداتەوە و بە مێژوویەک ناویدەبا، کە مرۆڤ تیایدا بەرەو کارەسات هەنگاوینانوە. هەرخۆشی ئەم بۆچوونە بۆ مێژوو ناودەنێ (ڕەشبینییەکی بێتاقەتکەر) بەلام لە هەمان کاتیشدا ئاگایانە پەنجەنوومای ئەوە دەکا، کە دوور نییە ئەم ڕەشبینییە بێتاقەتکەرە بەرەو خۆبەدەستەوەدانمان ڕابپێچکات، خۆبەدەستەوەدانیش شتێکە دەبێ بەتوندی ڕەتبکرێتەوە.

کێشەی خوێنەر لەگەڵ ڕەشبینی بە واقیعیەکەی (فۆنرێت)دا ئەوەیە کە ئەو هیچ مۆدێلێکی چارەساز بۆ قەیرانەکانی هاوچەرخ وەڕووناخات و، هەروەها بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ئەو بنەما و بەڵگانە ناخاتەبەردەست کە دەشێت عەقڵانیەتێکی بەهاداریان لە سەرەوە دروستببێ. بەلام هێندە هەیە کە ڕەشبینییەکەی فۆنرێت بیری بەرەوپێشچوون لە بواری تەکنەلۆژیادا بە (ئەفسانە) ناودەبات و پێی وایە پرۆژەی فەیلەسووفانی ڕۆشنگەری هێشتا جێبەجێ نەبووە و ئامانجەکانی نەهاتۆتەدی. ئەمەش لەبەر ئەو هۆیەی کە لە کۆمەڵگای هاوچەرخدا هێشتاکو باروودۆخێک دروستنەبووە بەرژەوەندی تاک و کۆمەڵگا تیایدا یەکبگرنەوە، ئەمەش تەواو پێچەوانەی ئەو ئەنجامەیە فۆکۆیاما پێیگەیشتووە.

## کورتە بەراوردێک

خاڵی هاوبەشی فۆکۆیاما و فۆنرێت ئەوەیە کە هەردووکیان خۆیان لە قۆناغێکی دابڕانی مێژوویی لە ئاست (حەکایەتە مەزنەکان)دا دەبیننەوە. فۆکۆیاما دیموکراسییەتی لیبرالی وەک ئامانجی مێژوو دەبینێ و پێی وایە خەونی فەیلەسووفانی ڕۆشنگەری لە سیستەمی دیموکراسیەتی لیبرالیدا هاتۆتەدی. بە پێچەوانەیشەوە، فۆنرێت پێی وایە بیری هاوچەرخ لەسەر «بەرەوپێشچوون» بیرێکی ئەفسانەیی و ساختەیە لەسەر گەشەی مێژوو، چونکە لەگەڵ وێنای فەیلەسووفانی ڕۆشنگەری بۆ «بەرەو پێشچوون ڕووەو خۆشبەختی مرۆڤ» یەکناگرێتەوە.

بەلای فۆکۆیاماوە، هەموو دژایەتییەکان لە کۆمەڵگای لیبرالیدا تواونەتەوە و ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە، سیستمی سیاسی و ئابووری لە خزمەت و بەرژەوەندی ئەندامانی کۆمەڵگادایە، لە بەرامبەر ئەمەدا فۆنرێت پێی وایە لە سیستەمی لیبرالیدا دوو جۆر تێکەڵکردن ڕوویداوە: تێکەڵکردنی فیکرەی کەڵەکەکردنی زانین لەگەڵ گەشەی ئابووریدا و گەشەی مرۆڤ و کۆمەڵیش لەگەڵ دیموکراسیەتێکی ساختە و سەرزارەکیدا.. واتە نە دیموکراسیەتی لیبرالی بەلای فۆنرێتەوە دیموکراسیەتێکی ڕاستەقینە و نە ئەو بانگەشەیەش کە دەڵێ «مرۆڤ خۆشبەختە» ڕاستی پێکاوە، چونکە بە ناوی کەڵەکەکردنی زانستەوە گەشە بە بەرژەوەندییە ئابوورییەکان دەدرێ و ئەمەش بەواتای ئەوەیە کە بە پێویست زانست مرۆڤ خۆشبەخت ناکات.

فۆکۆیاما دەڵێ ڕەوایەتیی دیموکراسیەتی لیبرالی لەوەدایە، کە توانای هەیە بەرژەوەندییەکانی تاک بپارێزێ - پارێزگاریکردن لە مافی سەرمایە و ئازادیی ئابووری - وە بەرفراوانکردنی ئەمەی دوایی لە ڕێگەی کردنەوەی بازاڕی بەردەوامەوە بە نیشانەی بەدیهاتنی ئازادیی سیاسی و ئابووری دادەنێت. ئەنجا ئەو ئەنجامە دەداتەدەست و دووپاتیدەکاتەوە کە دیموکراسیەتی لیبرالی تاقە بوارێکە لەبەردەم کۆمەڵگاکانی جیهاندا بۆ گەیشتن بە هاوکارییەکی نێونەتەوەیی بەمەرجێ هەر دەوڵەتەش لەو هاوکارییە نێو نەتەوەییەدا، ئازادیی تایبەتی خۆی پارێزراوبێت.

بەڵام ڤۆنریت بە گومانەوە دەڕوانێتە پەیوەندیی نێوان دیموکراسیەت و ئابووری، چونکە بەلای ئەوەوە گەشەی بازاڕی جیهانی دەبێتە هۆی لاوازکردنی ئەزموون و دەزگا دیموکراسییەکانی وڵاتانی جۆربەجۆر. ئەمەش بەمجۆرەی خوارەوە شیدەکاتەوە:

گەشەی بازاڕی جیهانی بە مانای دووبارەبەرهەمهێنانەوەی ڕۆڵە تەقلیدییەکەی جارانی سیستەمی تەکنەلۆجی کە تێکەڵێکبوو لە هاریکاریکردنی زانست، تەکنەلۆجی و بەرهەمی پیشەسازی. ئەم هاوکاریکردنەش هەمیشە سنووورە سەربەخۆکانی وڵاتان لەپێناوی بەرژەوەندی خۆیدا بەژێر پێوەدەنێ. نمونەش بۆ ئەمە بریتییە لە گواستنەوەی پرۆسەی بەرهەمهێنان بۆ ئەو وڵاتانەی کرێی کار تیایاندا هەرزانە بەبێ ڕێزکرتن و گوێدانە بەرژەوەندیی ناوخۆیی ئەو وڵاتانە. ئەم سنوورشکاندنەی سیستەمی تەکنەلۆجی لە دوائەنجامدا واتە دووبارەکردنەوەی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و تێڕوانینی باوی ئەو پەیوەندییانە بۆ (تواناکانی کار) وەک (کەلوپەل)و هتد... لێرەدا وەک ڤۆنریت دەڵێ، دیموکراسیەت دەخرێتە ژێر چاودێری سیستەمی تەکنەلۆجییەوە و دەکرێتە بەشێ لە دەزگای بیروکراتی و بەو جۆرەش دیموکراسی ناکام و لاواز دەکرێت.

## دوا سەرنج

دەکرێ نیشانەی پرسیار لەسەر ئەو (ئازادی)یە دابنرێ کە فۆکۆیاما دەڵێ لە دیموکراسیەتی لیبرالیدا هەیە، چونکە ئەم ئازادییە وەک مافێکی ڕواڵەتی (شکلی) خۆی دەنوێنێ. بەوەی کە فۆکۆیاما چەمکی (تیومۆس) دەکاتە بەشێکی سرووشتی لە مرۆڤایەتی مرۆڤ و لێرەشەوە ڕەوایەتیدەداتە نایەکسانی؛ ئەوە ڕێک و ڕاست بە پێچەوانەی فەیلەسووفانی ڕۆشنگەرییەوە بەتایبەتیش (ڕۆسۆ و مارکس) بیردەکاتەوە، چونکە بەلای ئەم فەیلەسووفانەوە (هەموو نایەکسانیەک ناڕەوایە) و (نایەکسانی بەرهەمی کۆمەڵگایە) نەک بەشێک بێ لە بوونی مرۆڤ خۆی، هەروەها بانگاشەکردنی بۆ «کۆتاییهاتنی مێژوو» واتە ڕێگرتن لە سەرهەڵدانی شیمانەی (احتمال) سیستەمێکی ئەڵتەرناتیف لەبەردەم لیبرالیەتدا. ئەمەش «جیهانیبوونی» مێژووەکەی فۆکایاما لاوازدەکات، چونکە ئەم بەپێچەوانەی فەیلەسووفانی ڕۆشنگەرییەوە، کە لە ڕێی پێشبینی و مەزندە و تەئویلەوە بیروڕای خۆیان لەسەر داهاتوو دەردەبڕی؛ هاتووە لەو یەقینەوە قسانەکات کە دیموکراسیەتی لیبرالی ئەنجامی مێژووە.

لەبەرامبەر ئەم یەقینە فۆکۆیامییەدا، ڤۆنریت بەمجۆرە دێتە دوان و وەڵام دەداتەوە کە مێژوو کۆتایی پێنەهاتووە چونکە:

«گەلان و نەتەوەی تازە دێنە سەر شانۆ و لەوانەیشە ببنە گەورەترین هێز لە بەخشندەیی و تازەکردنەوەدا. پێدەچێت بونیادی فەرهەنگی ئەوان وەک هی ئێمە دووچاری دژایەتی ناوەکی نەبێت و ئەمەش کاریان ئاسان بکا لە ڕێزگرتنی یاسای سروشت دا، ئەو یاسایەی مرۆڤ نابێت پێشێلی بکات».

ڕێبوار .س

## پەڕاوێز


1-Fukuyama, Francis: (Historiens afslutning og det sidstemenneske.)
Gyldendal 1993; københavn.

ناونیشانی ئەم سەرچاوەیە بەزمانی ئەسلی:

(The End 0f Hastory and the last man.) Penguin Books 1992.

بە عەرەبی:

(نهاية التاريخ والانسان الاخير) مركز الانماء القومى 1993 بيروت ـ لبنان.

2- von wright, Georg Henrik:(Myten om fremskridtet)
Munksgaard Rosinante 1994.

# (فۆكۆ)یەک یان سێ (فۆكۆ)

لە کاتژمێری ٥٤ڕ٢ی دوانیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٩٥/١٢/٧دا، لە هۆڵێکی قەڵەباڵغی زانکۆی (نایمێنخن) لە خوارووی هۆڵەندا، سیمینارێک سەبارەت بە فەلسەفەی ئەخلاقیی فۆکۆ سازدرا. سیمینارەکە بەسەریەکەوە سێ سەعاتی خایاند، تێیدا جگە لە کۆڕگێڕەکان، کە سێ هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرابوون لە فەلسەفەدا، هەموو ئەو کەسانەی دیکەش کە لە هۆڵەکەدا دانیشتبوون، تێکەڵێک لە قوتابی و نووسەر و مامۆستا و خوێندەوارانی فەلسەفە، بە پرسیار و ڕادەربڕین و تەعقیب بەشداری سیمینارەکەیان کرد.

لەڕاستیدا لە دوو ساڵی ڕابووردوودا، (فۆکۆ) جارێکی دیکە دوای چەند ساڵێ لە بێدەنگبوون بە گەرمی هاتۆتەوە ناو باس و لێکۆڵینەوە فەلسەفیەکان. ساڵی پار «ناوەندی فۆکۆی هۆڵەندی و بەلجیکی» بە بارمەتی پلاتفۆڕمی فەلسەفەی کۆمەلایەتی هەردوو وڵات، «ڕۆژی لێکۆڵینەوەی فۆکۆ»یان سازکرد و تێیدا چەندان باسی گرنگ سەبارەت بە فیکری (فۆکۆ) پێشکەشکرد. خودی ئەو باسانە دواتر لە دووتوێی کتێبێکدا بە ناونیشانی «یادکردنەوەی فۆکۆ»وە بڵاوکرایەوە.

ئەمساڵیش تا ئێستا، جگە لە چەندان ووتاری تایبەت لە گۆڤارە فەلسەفیەکاندا، تەنیا لەم دوو مانگەی دواییدا دوو کتێبی نوێ کەوتە بازاڕەوە، یەکێکیان لێکۆڵینەوەیەکی درێژی پرۆفیسۆرێکی فەلسەفە و بایۆلۆژی زانکۆی (نایمێنخن)، (هوب زڤارت Hub Zwaart) بوو کە بابەتی سەرەکیی سیمینارەکەی ڕۆژی ١٩٩٥/١٢/٧ بوو بە ناونیشانی «تەکنۆکراتی و نارەزایی: شوێنی ئەخلاق لە کارەکانی میشێل فۆکۆدا». ئەوی دیکەشیان کۆمەڵێ تێکستی گرنگ و چەند چاوپێکەوتنێکی فۆکۆیە کە لە ڕۆژانی دوایی تەمەنیدا نووسیویە و پێشکەشیکردووە بە ناونیشانی «ئەو ئازادییەی دەشێ دەستمان پێی بگات».

لە کتێبی یەکەمدا، بابەتی سیمینارەکەی ڕۆژی ١٢/٧، نووسەری کتێبەکە (هوب زڤارت) قسەی لەوە کرد کە دەشێ دوو قۆناغی گرنگ لە ژیانی فیکریی فۆکۆدا جیابکەینەوە. قۆناغی یەکەمیان قۆناغی ساڵانی (١٩٥٢-١٩٧٩)، قۆناغی دووەمیش قۆناغی (١٩٧٩- ١٩٨٤).

(هوب زڤارت) پێی وایە، فۆکۆ بەدرێژایی قۆناغی یەکەم یەک پرسیار دەکات و هەموو هەوڵە فیکرییەکانی ئەم قۆناغە عەودالبوونە بەدوای دەرکەوتە جیاجیاکانی ئەو پرسیارەدا. قۆناغی دووەمیش، بەڕای ئەو، جگە لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە شتێکی دیکە نییە. بەمجۆرە (هوب زڤارت) یەکێتیەکی پتەو لە کارەکانی فۆکۆدا لە سەرەتاوە تا کۆتایی دروستدەکات و فیکری فۆکۆ لە چوارچێوەی ئەو یەکێتیەدا دەبینێ.

پرسیاری (فۆکۆ)، بە باوەڕی (هوب زڤارت)، بریتییە لەم پرسیارە: «ئایا ئەگەر هەموو نۆرم و میکانیزمەکانی کۆنترۆڵمان دۆزییەوە و لامانبرد، دەبێ چیبکەین و ئەڵتەرناتیف چی بێت؟».

لێرەوە، بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، فۆکۆ بەدرێژایی قۆناغی یەکەم هەوڵدەدات وەک سەرەتا نۆرم و میکانیزمە جیاجیاکانی کارکردنی دەسەلات، لە ئاست و ناوەندە جیاجیاکاندا، بدۆزێتەوە. (٢٧) ساڵ کارکردن لەم ناوەندەدا، مەبەستم لە ناوەندی کارکردنی دەسەلات و پەیوەندییەکانیەتی بەتایبەت لەگەڵ مەعریفەدا، بووە هۆی لەدایکبوونی دوو (فۆکۆ)، فۆکۆی ئارکیۆلۆژیست، ئەو فەیلەسووفەی خەریکی ئەوە بوو پیشانییدات مەعریفە چۆن لەدایکدەبێ و چۆن کاردەکات و چ فۆڕمێک وەردەگرێ. لەگەڵ فۆکۆی جینالۆجیست، فەیلەسووفێک کە سەرقاڵبێ بە دۆزینەوەی بەیەکداچوونەکانی هەقیقەت و دەسەلات لەلایەک و مەعریفە و دەسەلات لەلایەکی دیکەوە بوو.

لەم قۆناغە درێژەدا، فۆکۆ بە قووڵیی پێکهاتە گووتارییەکانی دەسەلات و مەعریفە دەخوێنێتەوە و ئەوە نیشاندەدات کە مەعریفە و دەسەلات لە پەیوەندییەکی ستراتیژیدان لەگەڵ یەکدیدا، وە یەک ئەوی دی بەرهەمدەهێنێت و بڵاویشیدەکاتەوە. دەرەنجامی کاری ئەم قۆناغە، دۆزینەوەی تیۆرییەکی نوێی دەسەلاتە، کە لە زۆر ڕووەوە جیاوازە لە زۆربەی تیۆرە تەقلیدییەکانی دەسەلات، ئەوانەی دەسەلات وەک دژەدیوەی مەعریفە و

بوویەکی ساختە و بەتەنیا چەپێنەر دەبینن، نەک وەک بوونەوەرێکی بەرهەمهێن. ئەم تیۆرە نوێیەش بەناوی «مایکرۆفیزیای دەسەڵات» یاخود «بایۆدەسەڵات»ەوە ناسراوە.

بەڵام بە باوەڕی (هوب زفارت)، پرسیاری فۆکۆ کە پێشتر هێنامان بۆ کرد، تا کۆتایی ئەم قۆناغە بێ وەڵامە. فیکری فۆکۆ، لە پەیوەندیدا بە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەوە، هەڵگری هیچ پرۆژەیەکی ئەخلاقی نییە. بۆیە هەموو هەوڵ و توانای (فۆکۆ) لە قۆناغی دووەمدا بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە تەرخاندەکرێ و فۆکۆ بەقووڵی بەم وەڵامەوە خەریکدەبێت. هەر خودی ئەم وەڵامەشە ئەوەی پێی دەوترێت (ئەتیک) یاخود (فەلسەفەی ئەخلاق) لە فیکری فۆکۆدا بەرهەمدەهێنێت. وەڵامی فۆکۆ بەو پرسیارە لەوەدایە کە تاک هەوڵدات خۆی یاساکانی خۆی، خۆی نۆرم و هەڵسەنگاندنەکانی خۆی بەرهەمبهێنێت، هەوڵدات لە دەرەوەی شەبەکەکانی دەسەڵات و مەعریفە بەرەو خودی خۆی بگەڕێتەوە، لە دەرەوەی دەزگاکان، لە دەرەوەی پێشنیار و چارەسەری دکتۆرە دەروونی و قەشە و کۆی دەزگاکانی یارمەتی کۆمەڵایەتی بەدوای خودی خۆیدا بگەڕێت و بەم خودەوە خەریکبێت. (فۆکۆ) ئەم پرۆسەیە ناودەنێ کردن یان گۆڕانی خود بە «شاکارێکی هونەری». ڕزگارکردنی ئەخلاق لە هەموو فشار و زۆربۆهێنانێکی دەرەکی، لە فشاری دەسەڵاتەوە بۆ فشاری مەعریفە. خاڵی سەرەکیش لەم بەرنامە ئەخلاقییەدا، گەڕانەوەیە بۆ ئەتیک یان ئەخلاقیەتی یۆنان.

بەکورتی فۆکۆ لەم قۆناغەدا لە ئارکیۆلۆژیست و جینالۆجیستەوە دەبێتە فەیلەسووفێکی ئەخلاقی. ئەمەش خودی فۆکۆی سێیەمە کە (هوب زفارت) باسیدەکات.

بەڵام پرسیاری سەرکی لێرەدا ئەوەیە: ئایا ئەم پرۆژە ئەخلاقییەی فۆکۆ تاچەند دەکرێ بکرێتە بەرنامەیەکی کۆمەڵایەتی و تاچەند دەشێ وەک پرۆگرامێکی گشتی بەگژاچوونەوەی دەسەڵات سوودمەندبێ؟ بەمانایەکی دیکە، ئایا ئەم پرۆژەیە پرۆژەیەکی دەستەبژێرانەیە یان کۆمەڵایەتی؟

لەڕاستیدا تا ئێستاش وەڵامی ئەم پرسیارە بەشێوەیەکی بنەبڕ نەدراوەتەوە؛ بۆ نموونە (هارب زفارت) پێی وایە، پرۆژەی فۆکۆ پرۆژەیەکی دەستەبژێرانەیە و پابەندی کۆمەڵێ کەسانی دەگمەن و ناوەزە. ئەو پێی وایە، لەوێشەوە فۆکۆش هەروەها، کە هەمووکەس ناتوانێ ژیانی خۆی بکاتە «شاکارێکی هونەری» وە خەڵکانێکی زۆر بەتەسلیم بوویی لەناو تۆڕەکانی دەسەڵاتدا دێن و دەچن نەخۆشدەکەون. بەڵام خودی ئەم لێکدانەوەیەی (هوب زفارت) بۆ فەلسەفەی ئەخلاقیی فۆکۆ مایەی نارەزایی و ڕەتکردنەوەبووە لەلایەن پرۆفیسۆر (هێنک مانسخوت Henk Manschot)ەوە کە پرۆفیسۆری فەلسەفەیە و شارەزا و تایبەتمەندە لە فیکری (ئالتوسێر) و فەلسەفەی فەرەنسی لە شەستەکاندا. ئەم باوەڕی وابوو کە فەلسەفەی ئەخلاقیی فۆکۆ دەشێ هەڵگری پرۆژەیەکی کۆمەڵایەتی بەرفراوان بێت نەک پرۆژەیەکی دەستەبژێرانە. لە گەڕاندنەوەی فۆکۆدا بۆ یۆنان، لایەکی گرنگی دەستەبژێرنەبوونی ئەم پرۆژەیە ئاشکرادەبێ. چونکە پرۆژەی ئەخلاق لە فەلسەفەی یۆنانیدا پرۆژەیەکی دەستەبژێرانە نییە. ئەم پیاوە پێی وابوو کە دیالۆگی سەرەکی فۆکۆ لەگەڵ مەسیحیەتدایە، مەسیحیەتێ کە دواجار لەڕێی (کانت) و (فرۆید)ەوە بەسەرلەبەری پانتایی فەلسەفی و ئەخلاقیی ڕۆژئاوادا بڵاوبۆتەوە.

پرۆفیسۆری سێیەم، هەر لەسەرەتاوە خودی پرۆژەکەی (خێرت زفارت)ی وەبەر پرسیاری ڕەخنەیی دا، نەک هەر ئەوە، بەڵکو ئەم نیشانەی پرسیارێکی گەورەی بەرامبەر بە سەرجەمی فیکری فۆکۆ دانا و وەک «پۆست مۆدێرنێک» لەگەڵ بۆچوونەکای فۆکۆدا یەکی نەگرتەوە. ئەم پێی وابوو کە لێکدانەوەکانی فۆکۆ بۆ فیکری ڕۆژئاوایی بەگشتی و بۆ (دیکارت) بەتایبەتی ڕاست نەبوون. لێرەشەوە تیۆرەی دەسەڵات لای فۆکۆ، کە بە باوەڕی ئەو لە لێکدانەوەی تایبەتی فۆکۆ بۆ (دیکارت)ەوە لەدایکبووە، تیۆرێکە ناکرێ باوەڕی خۆمانی بدەینێ. هەربۆیە هەڵوەشاندنەوە ـ تفکیک ی تێگەیشتنی (فۆکۆ) بۆ (دیکارت) مانای لەبەریەکدی هەڵوەشاندنەوەی زۆر دەرەنجامە لە دەرەنجامە فیکرییەکانی (فۆکۆ). لە ڕاستیدا مەسەلەی پەیوەندیی نێوان (فۆکۆ) و (دیکارت) خاڵێک بوو هەر لە سەردەمانی (فۆکۆ) خۆیەوە لەلایەن (جاک دێریدا)وە وروژێنرا، بەڵام (فۆکۆ) بە توندی لە وەڵامی (دێریدا)دا بەرگری لە بۆچوونەکان و لێکدانەوەکانی خۆی بۆ (دیکارت) کرد. بەهەرحاڵ، ئەم پرۆفیسۆرە ڕای وابوو کە ناشێت

فیکری (فۆکۆ) بۆ سووڕاندنەوە بەدەوری یەک پرسیاردا کورتبکرێتەوە، هەروەها قۆناغی دووەم، بەڕای ئەو، نەک وەلامدانەوەی قۆناغی یەکەم نییە، بەلکو (دابڕان)ێکی تەواوە لەگەلیدا. ئەم پێی وابوو کە (هوب زڤارت) یەکێتیەکی وەهمی لە نێوان کارەکانی فۆکۆدا دروستکردووە، کە ئەو کارانە لە بنەڕەتدا هەلگریی نین. وە ئێمە نەک سێ فۆکۆ، کە عەودالی یەک پرسیار و یەک وەلامن، بەلکو بەسەدان فۆکۆمان هەیە کە هەریەکێ لەوانەش وابەستەی ئەوەیە ئێمە چۆن - فۆکۆ - دەخوێنینەوە.

* * * *

بەکورتی، فۆکۆ تائێستاش ئەو فەیلەسووفەیە کە دەشێ بەشێوەی جیاواز و لە دیدی جیاوازەوە بخوێندرێتەوە، نەک هەر ئەمە، بەلکو من ڕام وایە نەک کەسە جیاوازەکان دەکرێ خوێندنەوەی جیاوازیان بۆ فۆکۆ هەبێ، بەلکو کەلتوورە جیاوازەکانیش فۆکۆی جیاواز دروستدەکەن. ئەگەر لە ئێستادا فۆکۆی ئەخلاقی لە ڕۆژئاوادا شوێنی خوێندنەوە و ناسین بێت، بەحوکمی ئەوەی ڕۆژئاوا مەعریفەی خۆی باش دەناسێت، ئەوا لە دنیای ئێمەدا فۆکۆی ئارکیۆلۆژیست و جینالۆجیست، فۆکۆیەک کە لەسەر دەسەلات و مەعریفە کاردەکات، شوێنی سەرنج و سوودلێوەرگرتنە. دیارە گومانم لەوە نییە کە فۆکۆی قۆناغی دووەم گرنگییەکی تایبەتی هەیە، بەلام من پێم وایە کە فۆکۆی دووەمین قۆناغ بەبێ فۆکۆی قۆناغی یەکەم مەحالە خۆی بدات بەدەستەوە. لێرەوەیە ئارکیۆلۆژیست و جینالۆجیست لە واقیعی ئێمەدا دەکەونە پێش فەیلەسووفی ئەخلاقەوە. بۆیە هێشتا ڕووە (کانت)یەکەی (فۆکۆ) بۆ ئێمە گرنگترە تا ڕووە (نیتشە)ییەکەی.

**مەریوان ٠ و**

## دیاردەگەرایی تاراوگە

**ڕێبوار سیوەیلی**

چاپی یەکەم ١٩٩٥/ باران

یەکێ لە مەسەلە گرنگەکانی دەبێت ئەمڕۆ بە قوولی قسە لەسەری بکەین، مەسەلەی «تاراوگەبوونە. «تاراوگەبوون نەوەکو تەنها لە هۆکانیدا یاخود لە دەرەنجامەکانیدا، بەلکو لە خودی دیاردەکانیدا، واتە لەو چرکەساتانەدا کە دەیخولقێنێت.

ئەگەرچی ژمارەیەکی گەورەی کورد سالەهای سالە لە دەرەوەی نیشتمان دەژین، بەلام کەمتر لە ئاستی خوێندنەوەی خودی دیاردەکانی تاراوگەدا وەستاون. ئەم کتێبەی «ڕێبوار سیوەیلی» یەکەمین هەولی جیدییە بۆ چوونە ناو ئەو عەردە تازە و بەرینەوە، هەر لە سەرەتاشەوە خۆی بەسەر دوو تەوەری گرنگدا دابەشدەکات: یەکەمیان تەوەری خوێندنەوەی ئەزموون و ئەوی دیکەیان تەوەری خوێندنەوەی تێکستە (هەلبەت بەجووتە ئاسۆکانی ئەو پانتاییە دەروونی و ڕۆحیە دیاریدەکەن کە ڕۆشنبیرێکی تاراوگە لە نێوانیاندا ئەمبەرەوبەردەکات). هەریەک لەم دوو تەوەرەش لە چاوی تاراوگەکراوێکەوە دەبینرێت کە نە ویستێتی خۆی بدات بەدەست شوناسی خۆیەوە و نە خۆی بدات بەدەست ئەو شوناسەوە کە لای بۆتە میوان، هەتا لەو ڕێگایەوە بتوانێ خۆی و ئەوانی دیش بخوێنێتەوە.

خوێندنەوەیەکی خێرای ئەم کتێبە، ڕاوەستان و گرفتی تاکەکەسی تاراوگەمان بۆ دەردەخات، لەنێوان مانا کۆنەکان و مانا تازەکاندا، لەنێوان شێوەی ڕاستەقینەی خۆی و ئەو شێوەیەی دەبێت وەریبگرێت، لەنێوان خۆدووبارەکردنەوە و خۆگۆڕیندا. کە هەلبەتە بەر لەوەی بەرخوردێکی سەخت دروستبکات لەنێوان «تاراوگەکراوە و «کەلتووری خۆی»دا یان «کەلتووری بێگانە»دا، بەرخوردێکی ناوەکی سەخت دروستدەکات لەنێوان وێنە جیاوازەکانی کەسایەتی خۆیدا، لەنێوان شێوەی کردارەکانیدا و مانای کردارەکانیدا. هەر بۆیە بوونی

«تاراوگەکراو» لەم جیهانەدا، سیوەیلی ووتەنی، خۆڕووتکردنەوەیەکی بەردەوام و خۆداپۆشینێکی بەردەوامیشە، کە دواجار دەرەنجامێکی نەگونجاو دەدەن بەدەستەوە و تیایدا شێوە دەبێتە تێکشکێنەری مانا، بۆ ئەوەی خۆی بتوانێت خۆی دروستبکاتەوە.

ئەم کتێبە سەفەرێکە لەو ناکۆکیە قووڵەی ڕووکار و حەقیقەت لەو ساتانەدا کە ڕووکار حەقیقەت دەشێوێنێت و خۆشی ئەڵتەرناتیفێکی ئاشکرای بۆ نییە، سەفەرێکە لە «قەیرانی بیرەوەرییەوە» بەرەو «قەیرانی مانا»، لە «قەیرانی مانا»شەوە بۆ «قەیرانی شێوە»، لە بابەتێکدا کە زیندووترین مەسەلەی ئەمڕۆ و داهاتووشە، سیوەیلی بەم دەستپێکردنە بایەخدارەی دەرگای خوێندنەوەی بەرفراوانتر و پرسیاری وردترمان لێدەکاتەوە.

## باخچەکانی باوکم

**ئازاد صبحی**

**چاپی یەکەم ١٩٩٥/ هەولێر**

(ئازاد صبحی) یەکێکە لە دەنگە نوێکانی سالانی نەوەد. هەڵبەتە ئاشکرایە ئەم نەوەیە، بەهۆی قەیرانە گەورەکانی ئەم قۆناغەوە، کەمتر لەهەر نەوەیەکی شیعریی دیکە بایەخ بە ئەزموونەکەیان دراوە و دیوارێکیش لە نەوە شیعرییەکانی دیکەی جیاکردوونەتەوە، وە بەهۆی وونبوونی تەواوەتی بزاوتێکی ڕەخنەیی قووڵ و ڕاستەقینەوە کە توانای دیتن و جیاکردنەوەی ئاستە ستاتیکیەکانی هەبێت، ئەم نەوەیە خەسڵەت و سیمای لەناو تێکەیشتنە کۆنەکاندا وونبووە.

خوێندنەوەی ئەم دیوانە هێمنی دەنگێکی خەمگینمان بۆ ئاشکرادەکات کە بەدوای شێوازێکی نوێی دەربڕیندا دەگەڕێت. لەپشت دێڕەکانیەوە ترسێک و بێباکیەکیش هەیە کە کۆمەڵێ بازنەی پێکەوە گرێدراو دەخوڵقێنێت، تیایدا کۆمەڵێ وێنەی شیعری سەربەخۆ و جیاجیا پێکەوە بەرەو ئاستێکی دەلالی بەرزدەبنەوە، بە ئەندازەیەک کە تارمایی وێنەکان و تارمایی ماناکان بە ئاقاری یەکدا دەجووڵێنەوە، بۆ ئەوەی هیچ وێنەیەک نەبێتە تێکشکێنەری مانا و هیچ مانایەک نەبێتە تێکشکێنەری وێنە شیعرییەکان، یاخود شەریعەتی مانا و شەریعەتی جوانی نەبنە دوژمنی یەک. لەپشت هەموو ئەوەشەوە ئیقاعێکی ئارام تاریکی شیعرەکانی داپۆشیووە کە وادەکات هەستبکەین خوێندنەوەی ئەم دیوانە سەفەرێکی هێمنە بەناو شەودا، شەوی پیاوێک کە نە لە باغەکانی باوکیدا و نە لە باغچەکانی خۆیدا ئارامدەگرێت، چونکە ئەو هێمایانەی لە دوێیان کەوتووە سنووری زەمەنەکان دەبڕن.. کۆمەڵێ هێما لە تەمدا، تەمێک ئەگەر تاقە ناوێکی هەبێت ئەوەیە کە تامی پەڕینەوەیە بۆ ئەودیو زەمەن. لە شیعرەکانی ئازاددا پەڕینەوە هەیە، پەڕینەوەیەک تیایدا نیوەی شتەکان نقوومدەبن و نیوەیان بەردەواندەبن.. دیارترین نیشانەی ئەو سەفەرەش، ئەو هاوارە هێمنەیە کە تەنیا بەشێکی دەبیسترێت و بەشێکی لە قووڵاییدا بۆ نادیار دەمێنێتەوە.

## الأيديولوجيا على المحك

**فصول جديدة في تحليل الايديولوجية و نقدها**

**ناصيف نصار**

دار الطليعة ـ بيروت ١٩٩٤

«ناصیف نصار» پێی وایە بیرۆکەی «کۆتایی ئایدیۆلۆژیاکان» هیچ کات بیرۆکەیەکی زانستی نەبووە تا قەبووڵیبکەین، بەڵکو هەر خودی ئەم بیرۆکەیە هەڵقوڵاوی ملمڵانێ ئایدیۆلۆژییەکانە و لە خزمەتی لایەنێک لە

لایەنەکانی ئەو ململانێیەدا هاتۆتەکار، چونکە هەرسی ئایدیۆلۆژیایەک یان چەند ئایدیۆلۆژیایەکی گەورە لە ڕەوتی سەدەیەکدا هەرگیز بەڵگەیەکی پتەونییە بۆ نەمان و لەناوچوونی سەرجەمی ئایدیۆلۆژیاکان و خودی «ئایدیۆلۆژیا»، هەروەکو چۆن بەڵگەی ئەوە نییە کە سبەینی «ئایدیۆلۆژیا»ی گەورە و گۆڕانخواز نایەتەکایەوە و لەئاست و شێوەی دیکەدا دەرناکەوێت.

بەڵام لای (نصار) ئایدیۆلۆژیا هێزێکی ناعەقڵانییە کە بە مەکر و فێڵێکی زۆرەوە مامەڵە لەگەڵ عەقڵدا دەکات و هەموو هێزە دەروونی و فیکری و نافیکرییەکان کۆدەکاتەوە و دەیخاتە ژێر دروشمی خۆیەوە، هەر بۆیە مەبەستی نییە سنووری نێوان خۆی و عەقڵ لەیەکدی جیابکاتەوە، کە هەڵبەت ئەمە بۆ خۆی بارێک دروستدەکات «عەقڵ» لەلایەنی خۆیەوە و بەجیا و زۆرجار دژ بە ئایدیۆلۆژیا ئەو سنوورە دیاریبکات. چونکە ئایدیۆلۆژیا سڵ لەوە ناکاتەوە عەقڵ وەکو ڕێکخەرێک و دەلیلێکی بنەما ناعەقڵانیەکانی خۆی بخاتە گەڕ کە وەکو ئەو دەڵێت زۆرجار لە بنەمای وەکو «ئیمان» یان ساغکردنەوەی ڕەسەنایەتی و دێرینی شوناسی گروپدا دەردەکەوێ... (نصار) ئەو جۆرە عەقڵانیەتەی هاوشانی ئایدۆلۆژیا بە «عەقڵی ئایدیۆلۆژی» ناودەبات. هەڵبەت تەنیا کاری ئەوە نییە «بورهان» و «لۆژیک» بخاتەگەڕ، بەڵکو سوود لە سەفسەتە و دیاریکردن بە زمانیش وەردەگرێت بۆ نزیکبوونەوە لە ئامانجەکان... لە کاتێکدا خودی «عەقڵ» بە پێچەوانەی «عەقڵی ئایدیۆلۆژی»یەوە نە مەسەلەی شوناسی گروپێک دوامەبەستێتی و نە تەنیا لە سنووری تێڕوانینێکدا گیردەخوات، بەڵکو عەقڵی ئازاد ڕووی دەمی لە هەموو مرۆڤایەتیە و بەسەر هەموو ڕاستییەکانیشدا کراوەیە.

لای (نصار) لە ئاستی ئایدیۆلۆژیایەکی وەکو «مارکسیزم»دا بەس نییە باس لە ناکۆکی نێوان «تیۆر» و «پراکتیک» بکەین، بەڵکو ڕاستتر وایە تێبگەین هەموو پراکتیکێک دواجار هەر ئاوێنەی «تیۆر»ە. بۆیە بۆ تێگەیشتن لە هەرسی بلۆکی سۆڤیێتی، دەبێت ئەو مامەڵە ئایدیۆلۆژییە هەڵەیە ببینین کە مارکسیزم بەسەر سەرجەم کارلێکی ئایدیۆلۆژیا لە هەناوی کۆمەڵگادا دەیسەپێنێ. دوا فەسڵی کتێبەکەش تەرخانە بۆ مامەڵەکردنی ئایدیۆلۆژی لەگەڵ وێنەی بەرامبەردا «صورة الاخر» کە هەمیشە مامەڵەیەکە ملکەچی وەهمەکانی ئایدیۆلۆژیا خۆیەتی.

(ناصیف نصار)، کە ئەمڕۆ عەمیدی کۆلیژی ئاداب و زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی لوبنانە، بەم کتێبە گرنگەی ئاسۆیەکی گرنگ دەکاتەوە بۆ باسێک کە بێگومان لە ئێستا و پاشەڕۆژی بەرچاودا بایەخی خۆی لەدەست نادات.

**بەختیار.ع**

# RAHAND

" Dimension "

Theory Culture Analysis


**Editing staff**

Aras Fattah
Baktear Ali
Barzan Faraj
Faruq Rafeq
Rebwar Siwayli
Reben Harde
Marewan Wrea
Halkawt Abdullah

(1)1996

# RAHAND

Theory Culture Analysis



(1)1996